# ڕۆژهەڵاتی کوردستان

## لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیادا

(وەرگێڕاوی کوردیی ١٣٠ بەڵگەنامە)

ئەنوەر سوڵتانی

بنکەی ژین

سلێمانی ٢٠٠٥

زنجیره: ٢٣

کتێب: ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیادا

وەرگێڕی لە ئینگلیزییەوە: ئەنوەر سوڵتانی

مۆنتاج: ڕێنوار

بەرگسازی: قادر میرخان

خەتی بەرگ: ئەحمەد سەعید

تیراژ: ١٠٠٠

ژمارەی سپاردن: ٩٠٥ی ساڵی ٢٠٠٥

شوێنی چاپ: سلێمانی، چاپخانەی شڤان

لە بڵاوکراوەکانی

بنکەی ژین

بۆ بووژاندنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی و ڕۆژنامەوانیی کوردی

هەرێمی کوردستانی عیراق– سلێمانی, گەڕەکی ١٠٤ ئاشتی , کۆڵانی٣٩, خانووی ژمارە ١٠,

(بەرامبەر بە قوتابخانەی سەرەتاییی ئەردەڵان )

تەلەفۆن: ٣١٣٣١٠٥ مۆبایل: ٠٧٧٠١٤٨٤٦٣٣ یان ٠٧٧٠١٥٦٥٨٦٤ ژمارەی سنووقی پۆست: ١٤

E.mail: bnkaizhin@ yahoo.com

# ڕوونکردنەوە

بنكەی ژین، بۆ درێژەپێدانی ئەرك و چالاكیی بەرنامەبۆدانراوی خۆی، پێویستی بینی لەم زنجیرەیەدا كۆمەڵێك بەڵگەنامەی لە ئینگلیزییەوە وەرگێڕدراوی هاوكارمان بەڕێز ئەنوەر سوڵتانی بخاتە كتێبخانەی كوردییەوە. بایەخی ئەم كارە لەوەدایە كە —كەموزۆر— یەكەمین جارە بەڵگەنامەی بیانی، لەوانە هیی ئینگلیزی، سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی كوردستان، بۆیە وەرگێڕەكەی جێی سپاس و دەستخۆشی لێكردنە.

ئێمە هەر لە سەرتاوە كردووكمانە بە نەریت كە بەڵگەنامە بە وەرگێڕان و وێنەی ئەسڵیی خۆیەوە بڵاوبكەینەوە، تا گومان لە ڕاستیی نەكرێ و پشتپێبەستراو بێ. كە ئەم بەرهەمە بە پەسەند زانرا، داوای ێنەی بەڵگەنامەكان كرا، بۆ ئەوەی بخرێنە تەك وەرگێڕانەكە. كاك ئەنوەر، لەبەر ئی بەتەمایە ئەم كۆمەڵە بەڵگەنامەیە، لەپاڵ هەندێكی تردا، هەر بە ئینگلیزی بە كتێبێك بڵاوبكاتەوە، نەیناردن.

هەر چۆنێك بێ، دڵنیاین ئەم بەڵگەنامانە كە زانیاریی گەرماوگەرم و هاوزەمانی ڕووداوەكانی ئەو قۆناغە دەست نیشانكراوەی مێژووی ئەو پارچەیەی نیشتمانەكەمانیان لە خۆ گرتووە، سەربار ی ئەوەی كە لە لایەكەوە بیر و بۆچوونی كاربەدەستانی ئینگلیزیان تێدا ڕەنگ دەداتەوە،

www.zheen.org

زانیاری و ڕاستیی زیاتر و ڕوونتر ئەخەنە بەردەستی لێکۆڵەرەوە و خوێندەواری کورد.

هیوامانە ئەم کتێبە بەڵگەنامەییە شوێنێکی شیارو لە کتێبخانەی کوردیدا بگرێ.

**بنکەی ژین**

بنکەی ژین
www.zheen.org

پێشکەش بە یادی شەهید عەلی بەگی شێرزاد
کە لەسەر حەوزە گەورەی بۆکان لە داری بێداد
درا.

**وەرگێڕ**

بنکەی ژین
www.zheen.org

بنکەی ژین
www.zheen.org

# سەرەتای وەرگێڕ

بنەمای پێکهاتنی ئەم کتێبە، رۆژ ژمێری تەورێز ـ واتە کۆمەڵی ئەو راپۆرتانەن وا کۆنسوولیەتی بریتانیا لە شاری تەورێزی مەرکەزی ئازەربایجانی ئێران بۆ باڵوێزخانەی بریتانیا لە تاران و لەرێگەی ئەوانەوە بۆ وەزارەتی کاروباری دەرەوەی بریتانیا لە لەندەنی ناردوون.

راپۆرتەکان هەمەلایەنەو لەسەر بابەتی جۆربەجۆری ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی نووسراون و ناوچەی ئازەربایجانی رۆژهەڵات و رۆژئاوا ـ تا شاری "بۆکان"یان گرتۆتە بەر. بەهۆی ئەو راستییەوە کە بەشێك لە کوردستانی بندەستی ئێران لە دابەشبوونی جوغرافیاییدا کەوتۆتە بەر ئازەربایجانی رۆژئاوا، کاروباری پێوەندیدار بە ماکۆ، خۆی، سەڵماس، ورمێ، شنۆ، نەغەدە، خانێ، سەردەشت، مەهاباد، میاندواو، ساین قەڵا، تیکابو بۆکان تا گوندی "سەرا"ی نێوان بۆکان و سەقز لەژێر چاودێریی کۆنسوولیەتی تەورێزدا بوون. دەزانین کە هەموو یاخود بەشێك لەو ناوچانەش شوێنی ژیانی کوردن.

ناوچەکانی باشوورتری رۆژهەڵاتی کوردستان ـ واتە سەقز، بانە، دیواندەرە، بیجاڕ، سنە، قوروە، مەریوان، کامیاران، هەورامان، جوانرۆ، کرماشانو شارەکانی دەوروبەری، هەروەها ئیلام، لەژێر چاودێری کۆنسوولیەتی بریتانیا لە کرماشاندا بوون ـ کە گرنگایەتی کۆنسوولیەتی تەورێزی نەبوە و بەشێوەیەك لەلایەن تەورێزەوە چاودێری کراوە. من تاقمێك لە راپۆرتەکانی رۆژ ژمێری تەورێزم تەرجەمە کردووە، کە لێرەدا دەکەونە بەر چاوی خوێنەر. هەروەها

جگە لـە رۆژ ژمێـری تـەورێز، سـەیری رۆژژمێـری کرماشانیـشم کـردووە و لـەناو راپۆرتەکانی ئەوانیشدا هەواڵی پێوەندیدار بە کۆماری کوردستانم هەڵبژاردوون و داومنەتە دەم هەواڵەکانی تەورێز.

بەتەنیـشت ئـەو دوو رۆژ ژمێـرەوە، کـە راپـۆرتی ناوچـەیی و خۆجێییـان ئاراستەی تاران کردووە، باڵوێزخانەی تارانیش لە پێوەندی نزیکـی رووداوەکانـدا بـووە و، جگـە لـەوەی هـەواڵی ناوچـەکانی گەیـشتۆتە دەسـت، بەشـێوەیەکی راستەوخۆ پێوەندی بە کاربەدەستان و بەرپرسانی حکـوومی ئێـران و هـەروەها بە وەزارەتی کاروبـاری دەرەوەی بریتانیـاوە هـەبوە و بـە هـەواڵی گۆڕانکارییـە سیاسی ـ سوپایی ـ ئابوورییەکانی ئێرانی زانیوە. من تاقمێـك لـە بەڵگەنامـەکانی باڵوێزخانەشم وەرگێڕاوە کە لێرەدا دەکەونە بەرچاوی خوێنەر.

بەتەنیـشت ئـەو سـێ سەرچـاوە سـەرەکییەوە، چـەند بەڵگەنامەیـەکی باڵوێزخانەی بریتانیا لە بەغدا، ئەستەمووڵ، شام و مۆسکۆشـم کـە پێوەنـدییان بە باسەکەی منەوە بووبێت، تەرجەمە کردووە.

وەك گـوترا، بابــەتی ســەرەکی بەڵگەنامــەکان کۆمــاری ســاڵی ١٩٤٦ی کوردستانن، هەر بۆیەش سەتا حەفتای بابەتەکان لەپێوەندی کۆمـار دان، بـەڵام لە درێژەی کاری تەرجەمەدا هەستم کرد کـە نـاکرێ راسـتەوخۆ بازبدرێتـە سـەر رۆژی دامەزرانی کۆمـار و هـەڵکردنی ئـاڵای کوردسـتان لـە مـەهاباد، بـە هـەمان شێوەش ناکرێ دەرئەنجام و رەنگدانەوەی تێکشکانی بزووتنەوەکـە و ئیعـدامی پێشەوا و رێبەرەکانی لەسەر گەلی کورد و خەڵکی ناوچەکە نەگیرێتە بەر چاو.

بۆ نموونە، مێژووی کۆماری کوردستان راستەوخۆ پێوەندی بە حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە هەیە کە ئەویش لەسەر بنەماکانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ. کاف) دامەزرا. بەم پێیە، من هیچ چارەیەکم نەبوو جگە لەوەی سەری هەودای کۆمار ببەمەوە سەر ژ. کافی نوێ دامەزراوی ١٩٤٣و تەنانەت ساڵێك پێش ئەویش. بەهەمان شێوە، شکستی کۆمار لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٤٧و ئیعدامی رێبەرەکانی، گەرچی خەباتی گەلی کوردی تووشی نشوستێکی کاتی کرد، بەڵام ژیلەمۆی تێکۆشان زۆری پێ نەچوو لە شوێنەکانی تر سەری هەڵدایەوە و بۆ نمونە، لە ساڵی ١٩٥٠ دا لە جوانڕۆ شاهیدی راپەڕینێك بووین کە کەمتر لە چوار ساڵ دوای کۆماری کوردستان و لەدژی هەمان سیستەمی سیاسی بەڕێوەچوو وا رێبەرانی کۆماری لەقەنارە دابوو و فەزایەکی پڕ لە کوشتوبڕی لە ناوچەکەدا پێکهێنابوو، راست بەو ئامانجەی کە راپەڕینێکی تر لە ناوچەکە روو نەدات و خەڵك چیتر داوای مافی خوراوی خۆیان نەکەن.

من ویستم ئەو رووداوەو هەندێ بابەتی پێوەندیدار بە ژیانی سیاسی - کۆمەڵایەتی گەلی کورد دوابەدوای کۆمار، پشت گوێ نەخرێن و ئەگەر زانیارییەك بەدەستەوەیە، چاوپۆشی لێ نەکرێت.

بەهەمان شێوە، لە ساڵانی دەوروبەری دامەزران و رووخانی کۆماری کوردستان لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا، بەشەکانی دیکەی کوردستانیش دوور لەچالاکی سیاسی نەبوون و من بە هەڵبژاردنی چەند بەڵگەنامەیەکی

www.zheen.org

سەبارەت بە باکوور و باشوور و باشووری بچووك ویستوومە ئەو چالاکیانەش لێرەدا رەنگ بدەنەوە. بۆ نموونەی چالاکییەکانی کورد لە دەرەوەی کوردستان واتە لە ئەوروپاش چەند بەڵگەنامەیەکم لەمەڕ رادیۆی "پەیکی ئێران" لە بولغاریاو هەروەها "وەفدی کورد" لە پاریس کردۆتە ناوئاخنی کارەکەم.

بەکورتی، هەوڵم داوە بەڵگەنامەکان وێنەیەکی هەمەلایەنی ژیانی سیاسی کورد لەماوەی ١٥ ساڵەی نێوان ١٩٤٢و ١٩٥٧دا بخەنە بەرچاو - جا وێنەکە چەندە تەواو یا ناتەواوە، ئیتر بەڵگەنامەکان دەزانن.

ئەوەی لەناو بەڵگەنامەکاندا بەرچاو ناکەوێت، راپۆرتی رووداوەکانی ساڵی ١٩٥٣ی ئێران، کودیتای ٢٨ی گەلاوێژی ئەو ساڵە دژ بە دکتۆر موحەممەدی موسەدیق و راپەرینی وەرزێڕانی ناوچەی فەیزوڵڵابەگی بۆکانە. من هەوڵمدای زانیاری لەسەر ئەو ساڵانە و بەتایبەت سەبارەت بەو راپەرینە شکۆدارەم و هیوادارم ژیان دەرفەتی ئەوەم پێبدات بەڵگەنامەی پێوەندیدار بەو راپەرینەش وەربگێڕمە سەر کوردی و بیخەمە بەرچاوی خوێنەری کورد، بەڵام بەهۆی گرنگایەتی و بەرفراوانی کارەکەوە نەدەکرا بیدەمە دەم ئەم کارەی ئێستاو بەناچار خۆم لێبوارد.

لێرەدا پێویستە دەست نیشانی خاڵێکی گرنگ بکەم: لە نموونەی هاوچەشنی ئەم کارەدا، وەرگێڕان هەوڵ دەدەن هەڵسەنگاندنی خۆیان لەمەڕ بەڵگەنامەکان لە سەرەتای کتێبەکەدا رابگەیێنن. من ئەم کارە ناکەم و بە دەستەقەست خۆی لێدەپارێزم. هۆی مەسەلەکە ئەوەیە بەشێك لەم

بەلگەنامانەم پێشتر لە هەندێ گۆڤار و رۆژنامەی کوردی دەرەوەی ولاتدا بلاوکردۆتەوەو هەرجارە چەشنە سەرەتا و هەلسەنگاندنێکم بۆ نووسیون، بەلام ئێستا کە پێیاندا دەچمەوە دەبینم نەك هەر چین و توێژی جیاوازی کۆمەلایەتی، تەنانەت خۆیشم قسەم لەسەر بۆچوونەکان هەیە و ئەگەر ئێستا هەمان بابەتم بنووسیایە زۆر وا هەبوو شێوازێکی دیکەی پێبدرایە. ئەوەش لە جیهانی پڕ ئاڵ و گۆڕی ئێستادا بۆ مێشکی پەرەئەستێنی مرۆڤ گەلێك ئاساییە کە روانگەی بێتە گۆڕین و هەلسەنگاندنەکانی بەگوێرەی رەوتی زەمان، شێوەی نوێ بەخۆوە بگرن.

من نە کەسێکی سیاسیم، نە پێوەندم بە حزب و رێکخراوەیەکی سیاسی کورد و غەیرە کوردەوە هەیە، تیۆری سیاسەتیشم نەخوێندووە و هەتا بلێی لێی کۆلم. بابایەکی کوردی بازرەبووی دەستی ملهوڕایەتیم، دلم بۆ کوردستان لێدەداتو پێم خۆشە خزمەتی بکەم. جا خزمەتی لاپەرەسەنێکی وەك من چ دەبێت جگە لەوەی ئەو دوو دلۆپە ئەزموون و زانیارییە ناتەواوەم بخەمە بەر دەرگانەی پیرۆزی ؟

ئینگلیزییەکی شل و شەوێق دەزانم و لێرە لە دوورەولاتی، لەجیاتی خۆشی و شادی و رابواردن، دەچمە ناو ئارشیوی تۆزلێنیشتووی ئەم یا ئەو کتێبخانە و ئەوەندەی بۆم کرا بابەتی سەبارەت بە مێژووی کورد دەدۆزمەوە و بلاویان دەکەمەوە.

دەزانم کارەکانم ناتەواو و پڕ لە پەلەن، بەلام نەزانی خۆم پینە ناکەم و دەری دەخەم. ئاگاداری ئەوە هەم کە ئەگەر گەلی کورد وەك گەلانی

پێشکەوتووی ئەمڕۆ پسپۆڕی هەموو بوارەکانی هەبوایە، منیان لەبەر دەرگای ئەم چەشنە توێژینەوە مێژووییانە دەگەڕاندەوە دواوە و ڕێگای ژوورەوەیان نەدەدام، بەڵام خۆم و بەختم، وا کەڵەشێر بۆتە بلقاسم و منیش بوومەتە مێژوونووس و وەرگێڕی بابەتی مێژوویی بۆ کورد!

ئەم قسانە بۆ ئەوە ناکەم رەخنەم لێ نەگیرێت، بەڵکوو بە باوەڕ و خۆناسییەوە دەڵێم هەر ئەوەندەم لەدەست دێت و هیچی تر، با خوێنەریش بە مامۆستا مامۆستا نەکەوێتە شوێنم و چاوەڕوانی بابەتێکم لێ نەکات کە لە وزە و توانامدا نییە. من بابەتەکان وەردەگێڕم دیارە، خوێنەریش بەگوێرەی هەڵوێستی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی خۆیان هەڵیدەسەنگێنن و کەڵکی لێ دەبینن. من لە روانگەی خۆمەوە، وەك قوتابییەکی وانەی مێژوو، کارێکم لە بواری پسپۆڕایەتی خۆمدا کردووە، بێ ئەوەی سیاسەتی پێوە بکەم، بەڵام خوێنەر چی پێ دەکات مافی خۆیەتی.

ئەگەر هەڵسەنگاندنی گشتی پێویست نەبن، لای کەم هەندێ وردە روونکردنەوە پێویست هەر دەبن و منیش هەوڵ دەدەم لە شوێنی خۆیدا وەك پەراوێز بیانخەمە داوێنی بەڵگەنامەکانەوە. لەوانە، روونکردنەوە لەمەڕ کەسایەتی و ڕووداوی تایبەت دەبن، بەڵام زۆر بەکورتی. لەم سەرەتا کورتەشدا بەپێویستی دەزانم هەندێ خاڵ بۆ خوێنەر روون بکەمەوە:

١ـ هەموو بەڵگەنامەکان وەرگێڕاوی خۆمن و من بەرپرسی خاس و خراپیانم.

٢ـ دوو بەڵگەنامە هەن کە کاتی خۆی کاك حەسەنی قازی تەرجەمەی کردوون، یەکیانی لە کتێبی پێداچوونەوەی خوالێخۆشبوو کەریمی حیسامی و ئەوی دیکەیانی لە گۆڤاری "گزینگ"ی چاپی سوێددا بڵاوکردۆتەوە. بەهۆی گرنگایەتی بەڵگەنامەکانەوە ئیجازەم لە کاك حەسەن وەرگرت بیانخەمە توێی کتێبەکەوە و لێرەدا بۆ ئەو ئیجازەدانە سوپاسی زۆری دەکەم.

٣ـ هەر هەموو بەڵگەنامەکان لە ئارشیڤی پۆبلێك ریکۆرد ئۆفیس Public Record Office ی لەندەنو لە بەشی تایبەت بە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا وەرگیراون، جگە لەیەك بەڵگە کە ئەویش هی رۆژی ١٩٤٧/٣/٢٠ و پێوەندیدار بە ئیعدامی پێشەوا قازی محەمەدو نەمران سەدر و سەیفی قازییە. بەڵگەنامەکە، کاك ئەحمەدی شەریفی بۆی ناردمو بریتییە لە راگەیاندنێکی سوپای ئێران لەمەڕ ئەو جینایەتە مەزنە. سوپاسی زۆری کاك ئەحمەد دەکەم بۆ ئەم یارمەتییەی.

٤ـ وەك گوترا، تەرجەمەی بەشێك لە بەڵگەنامەکان لەنێوان ساڵانی ١٩٩٤ و ٢٠٠٢ دا لە هەندێ گۆڤارو رۆژنامەی کوردی دەرەوەی وڵاتدا بڵاو بوونەتەوە.

من لێرەدا سوپاسو پێزانینی خۆم ئاڕاستەی بەرپرسانی گۆڤاری "رابوون" لە سوێد، رۆژنامەی "پەیام" و "هەنگاو" لە لەندەن و بەتایبەت گۆڤاری گزینگ چاپی سوید دەکەمو منەتباری کاك سولەیمان چیرە (هێرش) ــ سەرنووسەری بەڕێزی "گزینگ"م کە زۆرێك لە

www.zheen.org

بەڵگەنامەکانی لە چەندین ژمارەی گۆڤارەکەدا بەبێ هەڵەو بێدەست تێوەردان بڵاوکردۆتەوە.

٥- هەروەها سوپاسو پێزانینی خۆم ئاراستەی مەڵبەندی رۆشنبیری کورد لە لەندەن دەکەم کە چەند بەڵگەنامەیەکم لە ئارشیفی ئەوان وەرگرتوە.

٦- سوپاسی بەرپرسانی Public Record Office دەکەم بۆ ئیجازەی میهرەبانانەیان لەمەڕ چاپو بڵاوکردنەوەی تەرجەمەی بەڵگەنامەکان.

٧- سوپاسی تایبەتم هەیە بۆ دوکتۆر ئەمیری حەسەنپوور، کە هانیدام "رۆژ ژمێری" تەوریز تەرجەمە بکەم.

٨- هەروەها سوپاسی هاوسەرم نەسرین برنا و منداڵەکانم ئالانو جوان دەکەم کە ئیجازەی ئەوەیان پێدام بەشێك لەو کاتو فەراغەتەی وا دەبوایە سەرفی کاروباری ماڵو ژیانی بنەماڵەییمان بکرایە، بووە سەرفی وەرگێڕانی بەڵگەنامەکانو بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە.

٩ــ وەك لە ناوەرۆکی بەڵگەنامەکان دەردەکەوێت، بەشێك لە زانیارییەکانی کاربەدەستانی سیاسی بریتانیا لە ناوچەکە، لەرێگەی هەندێ هەواڵدەر یاخود جاسووسیانەوە بووە، کە زۆربەی زۆریان دەرەبەگ و سەرەك عەشیرەتی کورد بوون. بەپێویستی دەزانم بڵێم ئەو مەسەلانە ئیتر بەشێك لە مێژوونو زۆر وا هەیە نەوەی دواتری ئەو کەسانە ئێستا لە خزمەت خەباتی رزگاریخوازانەی گەلی کورددا بن. هیوادارم دەرکەوتنی هاوکاریی ئەو کەسانە لەگەڵ سیاسەتی وڵاتێکی بێگانە نەبێتە

هۆی دژایەتی لەگەڵ بنەماڵەو کەس‌وکاریان. هەموو وڵاتێکی ناوچەکەو وڵاتانی خاوەن دەسەڵاتی ئەوروپی لە ناوچەکەدا خەڵکی خۆیان هەبوەو راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ زانیارییان لەسەر چالاکی سیاسی رێکخراوەو کەسایەتییە سیاسیە کوردەکان کۆکردۆتەوەو دڵنیام ئێستاش هەر دەیکەن. ئێمە لەعەینی کاتدا کە دیاردەی جاشیەتی‌و جاسووسی مەحکووم دەکەین، نابێ ئیجازە بدەین کێشەی کۆن ببێتە هۆی ئاژاوەی نوێ‌و ناتەبایی کۆمەڵایەتی بنێتەوە، بەتایبەت نابێ کەسانێك تاوانبار بکەین کە هیچ دەورێکیان لە هەڵوێست گرتنی باوو باپیرانی خۆیاندا نەبوە.

١٠- بەڵگەنامەکان لەنێوان ساڵانی ١٩٩٢و ٢٠٠٤ دا تەرجەمەکراون‌و وا هەیە بەم بۆنەیەوە هەندێ جیاوازی لە شێوازی وەرگێڕانەکەیاندا بەرچاو بکەوێت - گەرچی هەوڵی هاوچەشنکردنیانم داوە.

١١- هەموو وشە یا رستەیەکی نێوان دوو تەلبەند [ ] زیادکراوی منن لە بابەتەکە و بۆ روونکردنەوەی زیاتر نووسراون.

**بەهاری ساڵی ٢٠٠٥**

**لەندەن**

بنکەی ژین
www.zheen.org

# بەڵگەنامەکان

بنکەی ژین
www.zheen.org

بنکەی ژین
www.zheen.org

## FO371/31416
## ١٣ی جوونی ١٩٤٢ له بڵاوكراوەكانی كابینەی شەڕ
## [له باڵویزخانەی بریتانیا] لەتارانەوە بۆ
## [باڵویزخانەی بریتانیا له] بەغدا

٢ـ سوپای ئێرانی بەشێوەیەكی بەرچاو ئیشوكاری خۆی بەباشی بەڕێوەبردووە و هیچ هۆیەك بەدەستەوە نییە كە لە هیچ ناوچەیەكدا چاوەڕوانی تەنگوچەڵەمە بكرێت، بەڵام ئێمە زۆرمان پێخۆشە كە حەمەڕەشید [خان] لە عیراق دەست بەسەر كراوە. ئەو هەنگاوێكی گەلێك باشە بۆ زامنكردن لەبەرانبەر تەنگوچەڵەمەی دواتردا، ئەویش لە ناوچەیەك كە دوور لە عەقڵ دەبێت ئەگەر خۆی لەقەرە بدەین.

## FO371/31391/XCD 333
## یادداشتی دیدارێك له مەهاباد

من لە ١٣ی مانگی ئۆكتۆبری ١٩٤٢ لەتەورێزەوە چوومە مەهابادو ١٥ی مانگ گەڕامەوە. لەمێژبوو دەبوو ئەو سەفەرە بكەم، بەڵام تا هاتنەوەی Mr. Ogden ئاغای ئۆگدن هەستم دەكرد ناتوانم لە شوێنی كارم دوور كەومەوە. وام رێكخستبوو كە Major Mclaren مەیجەر مەكلارن لە سەفەری رەزاییەوە لە نێوەراستی سێپتامبر بە مەهابادا بگەڕێتەوە،

بەڵام ئەو سەبەبی خۆی هەبوو هەر بەو ڕێیەدا کە چووبوو، واتە بەلای سەرووی دەریاچەی ڕەزاییەدا بێتەوە.

لەمێژبوو دەبوو ئەو سەفەرە بکەم، چوونکوو چەندین حەوتوو بوو دەنگوباسی ئاڵۆز لە مەهابادەوە دەهاتن. بە لەبەرچاوگرتنی ترسەنۆکیو درۆودەلەسەی ئێرانییەکان، ئاشکرایە کە ئەو شارە کوردییە لەتەنگانەدایەو، لەوانەیە ببێ بە سەرچاوەی ئاڵۆزی بۆ ناوچەکانی دراوسێشی. ئەزموونی لەسەرکاردانانی فەرمانداریکی کورد سەری نەگرتووە، ماوەیەکی دوورودرێژی خایاندووە تا حکوومەت بتوانێ کەسێکی دیکە بنێرێ، ئەو فارسەی ناردوویانە لە دەستنێژ و بووکەپەڕۆیەك زیاتر نییە. عەشیرەتە سەربزێو و دیسپلین هەڵنەگرە کوردەکان خەریکی بەربەرەکانی یەکتری بوون بۆ کۆنترۆڵ و [وەدەستهێنانی] ئەو داهاتو دەستکەوتانەی لەوێ کۆبوەتەوە. تاجران، وەك کارگوزاری AIOC [شیرکەتی نەوتی ئێرانو ئینگلیس] شارەکەیان بەرەو تەورێز بەجێهێشتووە، هەمیشەو بێپسانەوە رووسەکان بەلایەنی خراپ داندراون. دیارە مەسەلەی گەنم [یش] لەگۆڕێدا بووە، کە بەرەو سنوور براوەو ئاودیوی عیراق کراوە.

لەسەر داوای سەرۆکی AIOC لە تەورێز، کارگوزارەکەیان لە مەهاباد لەتەورێزەوە لەگەڵم هاتو، لەوێ لە ماڵی ئەو دابەزیم. ئەو پێشتر لەبەر دۆستایەتی لەگەڵ ئەمیر ئەسعەد، یەك لە سەرۆکەکانی دێبۆکری، کە بۆ ماوەیەك کرابوو بە فەرمانداری مەهاباد، هەروەها لەبەر ڕووداوێکی بچووك

بنکەی ژین
www.zheen.org

لەمەڕ قەند کە بە ئالّوویریەوە خەریك بوو، مەهابادی بەجێهێشتبوو. بەهەڵکەوت قەندەکانی کەوتبوونە دەست سەرۆکێك کە مافی بە ئەوانەوە نەبوو، ئەو کەسەی کە خۆی بە خاوەنی حەقداری ئەوان دەزانی، بە بۆچوونی ساکاری کوردییەوە ویستبووی بزانێ تاقەندەکانی چییان بەسەر هاتووە. ئەو داوای قەندەکانی خۆی کردبوەوە، یان ئەوەی پارەی بۆ ببژێرن‌و، ئەو کەسەی بۆی هاسان بوو پارەیەکی ئەوتۆ بدا، ئاغای شاتری کارگوزاری AIOC بوو.

جا بۆیە ئاغای شاتری کاروبارەکانی دیکەی خۆی بە خزمەکانی ئەسپاردبوو، داراییە بجووڵەکانی خۆی هەڵگرتبوو و بەرەو "تەورێز" تێیقوچاندبوو. من بەراشکاوی داوام لێکرد پێویست ناکا خۆی بەمنەوە ماندوو بکا و لەگەڵم کەوێ، بەڵام ئەو [لە دیدارەکانمدا] بە دەمانچەیەکی زلەوە کە لەگیرفانییەوە شۆڕ ببوەوە، لەگەڵم بوو.

بارودۆخی رێگا تا دەگاتە میاندواو ئاساییە، جگە لەوەی رێگاکە خراپترە لەوەی کە من فکرم لێدەکردەوە‌و، لە نیو دەرزەنێك کرێکار زیادتر نەبێ کاری لەسەر ناکەن. لەمیاندواوە یەکەم جلوبەرگی کوردی دەردەکەون‌و، دەستە دەستە پیاوی پرچەك دەبینرێن کە بە شەقامە سەرەکییەکەی شارەکەدا دێن و دەچن. لەوەتی کۆنترۆڵی رەزا شا نەماوە، ئەو شارە شاهیدی ژمارەیەك تەقەو پێکدادان بووە‌و، لە سەرەتای مانگی سێپتامبردا برای فەرمانداری شارەکە بۆ خۆی لەسەر شەقام کوژرا، کاتێك دەیویست لەنێوان ئەندامانی دوو بنەماڵەی رەقیبدا

ناوبـژی بکـا کـه بـه مەبەسـتی کوشـتن تەقـەیان لەیـەکتر دەکـرد. جێبەجێکردنی ئەو دوژمنایەتییە خوێنییە، ئێستا زیاتر لە هەموو شتێکی دیکە ڕێبـەرانی کـوردی بەخۆیـەوە خـەریك کـردووە. پێشنیار بـۆ دانـی خوێنبایی بەرپەرچ دراوەتەوە. بۆیـە بـە فـەرمانی ئوسـتاندار لـە تـەورێز، هێزێکی ٤٠ سوارەیی بریتی لە مامەش، مەنگور و گەورکان لەمـەهابادەوە ناردرایە ئـەوێ بـۆ پاراسـتنی هێمنـیو هێـوریی. کاتێـك مـن بـەو شـارەدا تێپەڕیم، نـە خەڵکەکـەی بـە بـوونی ئـەو سـوارانە لـەوێ ڕاهـاتبوونو، نـە ئەوانیش وێدەچوو دامـەزرابێتن. ئـەوان هـەر بـەنێو دووکانانـدا دەگـەڕان، کەلوپەلیان هەڵدەگرتو دەردەکەوتن بەبێئەوەی پارە بدەن.

هــەر کــە گەیــشتمە مــەهاباد دەســتبەجێ چــاوم بــە فەرمانــدار، سەریعولقەلەم، کەوت کە نێوبانگی ئەوەی هەبوو خێراترین نووسەر بێ لە ئێــران، بــەڵام ئیــشتیای لــە تریــاك بــوو. ئــەو ســەرۆکی پــۆلیس [شارەبانی]یشی لەگەڵ بوو، کوردێکی سنە، کە بەتایبەتی بۆ ئەو کارە لە مەهاباد داندرا بوو، و عەلی خانی مەنگوڕ.

عەلی خانی مەنگوڕ لەوەتی لـە چـەند حـەوتووی ڕابـوردوودا کاکەسـوار خۆی کێشابوەوە، کرابوو بە ئەفسەری پاراستنی هێمنـی مـەهاباد. دیـارە تا ئەو جێیەی ئەو چ هێزو توانای هەبێ، فەرماندار پشتی عەلی خان و ئەو سوارە مەنگوڕانە دەگرێ کە ئـەو کۆنترۆڵیـان دەکـات. لەبـەر ئـەوەی مـن نەمـدەزانی ئـەم کـابرا زلـە دەبـێ کـێ بـێو چ بـێ، قـسەکردنمان دوای چاکوخۆشی ئاساییو هێندێك باسی شـەڕ بەگشتی بڕێـك زەحمـەت بـوو.

بەڵام هێمایەك لەلایەن کوردەکەوە لەمەڕ تۆفبوونی زستان لە ناوچە بەرزەکانی مەنگوڕایەتی کێشایە لێدوانێکی گەرم سەبارەت بە چلۆنایەتی تێرکردنی ئاژەڵەکانیان لەو ماوە دوورودرێژەیدا کە گیاوگۆڵ نییەو، ئەوە بووە هۆی چەند بزەیەکی دۆستانە لەلایەن ئەوەوەو، پێویستی بە وەرگێڕانی دیلمانجەکە نەدەکرد.

هەرچێکی بێ [ مرۆڤ ] چ کرافترێکی سکۆتلەندی [کرافتر: جووتبەندەی سکۆتلەندی ـ وەرگێڕ ] بێ یان کوردێکی ئێرانی، دەبێ ئەو جۆرە گیروگرفتە یەکلاکاتەوە، ئەگەر بیەوێ حەیوانەکانی نەبەتلێن و بژین. وێدەچێ کوردەکە بەختەوەرتر بێ، چونکوو ئەو گیاوگۆڵە خۆڕستییەی ئەو بۆ ئالیکی زستانێی ئەنبار دەکا تێرەخۆرەیەو، جگە لە مانگایان نەبێ، ئەو پێویستی بە پەیداکردنی شتی زۆر گرانی وەك رووەکی ریشەیی بۆ تفاقدانیان نییە.

دیداری رەسمی تەواو بوو، من دەستم کرد بە گەڕان بە خیابانی سەرەکیدا کە ساڵی ١٩٣٦ دیواری ئاو لە کێوە رووتەنەکانی دووبەرەوە بەسەریدا باریبوو، دوای بارانی بەغورزەم و تەرزە کە بەجووتە، سێڵاوێکی ئەوتۆیان هەستاندبوو هەموو شتێکی بەردەمی راماڵیبوو. ئێستاش زۆربەی ئەو زیانەی وا سێڵاوەکە داویەتی هەر دیارە، و هەنگاوی زۆر چلْ و نیوەچڵ نراوەتەوە بۆ پاراستنی شارەکە لەئاست کارەساتێکی دیکەی ئەوتۆ.

وا وێدەچێ کە فەرماندارە جۆربەجۆرەکانی کە یەکبەدوایەکدا هاتوون هەریەکەی لەفکری ئەوەدا بووە کە بەشێوەی خۆی ئەو گیروگرفتە جێبەجێ بکا، بەبێ ئەوەی کاتی هەبێ یان پارەی بۆ تەرخان کردبێ، جا بۆیە [ کارەکە

www.zheen.org

به نیوەچڵی ماوەتەوە ]. هەڵبەت، بە پرۆژەی ئەوتۆ، ئەوی کاربەدەستە نانی لەرۆن دەکەویٚو، چ فەرمانداریٚك چاوەڕیٚی ئەوەی لیٚناکریٚ هەر جیٚی ئەوە بگریٚتەوە کە پیٚش ئەو کاری کردووەو نانی لەرۆن نەکەویٚو چی پیٚ نەبڕیٚ. بەڵام فەرماندارە ئیٚرانییەکان هەر نەبیٚ شتیٚکیان کردووەو ئەویش راگرتنی پاکوخاویٚنی شارەکەیە، لەکاتیٚکدا ئیٚستاکە کوردەکان کۆنترۆڵیان بەدەستە، لەو بارەیەوە هیچ ناکەن، و لەڕاستیدا مەهاباد وەك شاریٚکی کەمتەرخەمیی لەگەڵ کراو و لەبیرکراو دیٚتە بەرچاو.

گشت دانیشتوان بەوە راهاتوون کە لەکاتی خەودا میٚشو مەگسیان بەسەرەوە بیٚ، من نا و زوو زوو وەخەبەر دەهاتم. یەکەم کەسیٚ کە هاتە دیتنم نزیکەی سەعات ۷ی بەیانی، ژنیٚکی نۆرویٚژی بوو، کە دوای کۆچکردن بۆ دەوڵەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، لەویٚ خویٚندبووی‌و ببوە نەخۆشەوانو، لە بەرایی ساڵانی ۱۹۲۰دا لەویٚوە هاتبوە مەهاباد بۆ خزمەتکردن لە مسییۆنی پزیشکی ئەمریکایی لەویٚ. ئەو، دەستی لە مسیۆنەکە هەڵگرت و میٚردی بە کوردیٚك کرد، ئەگەرچی زۆریشی بەدڵ نەبوە. بەڵام ئەو گلەیی لە بەختی خۆی ناکا و بەوەی کردوویە رازییە و، لە مەهاباد و دەوروبەریدا بووە بە کەسیٚکی گرینگ و وەکوو پەرستار کاردەکا. ئەو ئەندەرروونی ماڵی زۆریٚك لە سەرۆکە کوردەکانی دیوە، لە رەزاییەوە بگرە تا دەگاتە سەردەشت.

ئەو بوەتە کەسی جیٚی بڕوای هیٚندیٚك لە ریٚبەرە ناوچەییەکان و، کاتی هاتنی سەرلیٚدەری بریتانیایی یان ئامریکایی بانگ کراوە بیٚ و قسەکانیان

وەربگێڕێ. جا بۆیە ناسیاوییەکی باشی لەمەڕ کەسایەتییەکانی [ئەوێ ] و هەروەها هەلومەرجو پێشوەچوونەکانی تازەی مەڵبەندی مەهاباد هەیەو، من لەو بڕوایەدام ئەو قسانەی ئەو دەیکا بەتەواوی بەجێو جێی بڕوانو پوختەیان ئەمانەن:—

هەر لە یەکەم رۆژەکانی رزگاربوون لە زۆرداری رەزاشا، پیاوانی وەك قازی محەمەد حەولیان داوە کوردەکان یەکگرتوو کەن. ئەوان تێکۆشاون. [بەلاّم ] سەرنەکەوتوون کێشە و دووبەرەکی لەنێوبەرن وەکوو هەنگاوی یەکەم بەرەو [سازکردنی ] کوردستانێکی تەواو یەکگرتوو بەپشتیوانی هێزێکی لاوەیی، بۆ نموونە، بریتانیا، یان وەکوو کارێکی لانی کەم، [سازکردنی بەلاّم ] رژێمێك بۆ کوردەکانی ئێران وەك ئەوەی کە کوردەکانی عێراق هەیانە.

بەشێوەیەکی تەبیعی، ئەوان لەپێشدا روویان لە بریتانیای مەزن کرد وەکوو [هێزێکی ] کە زیاتر لە هەموو لایەنێکی دی وێدەچوو و لێی دەوەشایەوە کە یارمەتییان بکا. لە ٢٥ی سیپتامبری ساڵی ١٩٤١دا، ئەفسەرێکی بریتانیایی و یەکی ئامریکایی گەیشتنە مەهاباد، قازی محەمەد، لەکاتێکدا ئەو پایە قسەکانی وەردەگێڕا و دیلمانجی بۆ دەکرد، گەلاّلەیەکی لێڵی لەمەڕ کوردستانێکی یەکگرتوو لەگەڵ ئەفسەرە بریتانیاییەکە هێنایە گۆڕێ، داوای لێکرد چۆن دەتوانێ پێوەندی لەگەڵ بنکەی سەرکردایەتی عەسکەری بریتانیا بکا.

بۆچوونی ئەفسەرە بریتانیاییەکە بەتەواوی دروست بوو: ئەو چ بەڵێنێکی بە قازی نەدا، بەلاّم رووسەکان ئەوەیان بیستەوە کە قازی خان لەبیریدا بوو و

ترسیان ڕێنیشت. زانیاریدەرەکەی من لێبڕاوانە [ئەو خاڵە جەخت دەکاتەوەو] دەڵێ تا دوای ئەوکاتەی کە کوردەکان روویان لە بریتانیاییەکان کردو لەلایەن ئەوانەوە بەساردی وەرگیرانو چ بەڵێنییەکیان نەدرایە، چ جۆرە لێدوانێکی سیاسی لەنێوان کوردەکانی مەهاباد و رووسەکاندا لەگۆڕێدا نەبوو. هەڵبەت، تەواو لەوانەشە کە کوردە هیوابڕاوەکان بە زانایی کارێکی ئەوتۆیان کردبێ کە رووسەکان لە نێوەرۆکی قسەکانیان لەگەڵ [بریتانیاییەکان ] ئاگادار بن، بۆ ئەوەی هانیان دەن کە بە رکەبەری [ بریتانیا ] بەدەنگیانەوە بێن.

ئەوە لە مانگی نۆڤامبردا بوو [ساڵی ١٩٤١- وەرگێڕ] کە رووسەکان ٨٠ کوردی هەرێمی مەهابادیان برد بۆ باکۆ، لەگەڕانەوەدا بە باربوو و پیتاکی وەك رادیۆ، زین، دەمانچە و بەتایبەتی قەند ناردییاننەوە. ئەو قەندانەی دایانێ بەمەزەننەی قاچاخ بایی ١٠٠٠٠ ریاڵ دەبوو (تەنێ پیاوێك، دەستی بەسینگی سوودخۆرانەوە ناو، قەندەکەی بە خزمە نەدارو دۆستەکانی بە بایی نزمی رەسمی فرۆشتەوە). قازی محەمەد بە دووجار بایی ٢٠٠,٠٠٠ ریاڵ قەندو هێندێك کەلوپەلی دیکەشی درایە.

زانیاریدەرەکەی من دەڵێ بەپێی قسەی باو بڕیاری پێکهاتنی کۆنفرانسو دیدارێك لەنێوان ئەفسەرە بریتانیاییەکانو ڕێبەرانی کورد لە بۆکان لەئارادا بووەو، ئەوەی کە قازی محەمەدو ئەوانی دیکە مەهابادیان جێهێشتووە بۆ ئامادەبوون لەو دانیشتنەدا، هەر لەوکاتەدا ئەفسەرە رووسەکان دەگەنێ، بەدوای نوێنەرانی مەهاباددا دەچنە بۆکان، ئەوان دەهێننەوەو رۆژی دواتر بە ئۆتۆمبێل ئەوان دەبەن بۆ تەورێز بۆ ئەوەی بەرەو باکۆ بچن.

www.zheen.org

زانیاریدەرەکەی من [یایە نۆرویژییەکە- وەرگێڕ] دەڵی ئەو نازانی کۆنفرانسی بۆکان چی بەسەر هات: ئەو هەر لەجێدا نازانێ داخودا فکری پێکهێنانی کۆنفرانسێکی ئەوتۆ لەلایەن بریتانیاوە کرابووەوە یان نا. (ئەوەتان لەبەرچاو بێ کە ئاغای کووك لە تێلێگرامی ژمارە ٨٩ی ٢٧ی نۆڤامبری ١٩٤١ی خۆیدا باسی راپۆرتێك دەکا کە ئەفسەرانی سیاسی بریتانیایی سەرۆك عەشیرەتە کوردەکانیان بانگهێشتن کردبوو بۆ ئەوەی لە بۆکان چاویان بەیەکتری بکەوێ: من پێی خۆشحاڵ دەبم بزانم داخودا لەڕاستیدا بانگهێشتنێکی ئەوتۆ لەگۆڕێدا بووە، یان بیر لە دیدارێکی ئەوتۆ کراوەتەوە یان نا). هەرچۆنێك بێ زانیاریدەرەکەی من، و هەروەها کۆمەڵانی خەڵك لە مەهاباد، لەو بڕوایەدان کە دیدار و چاوپێکەوتنی نێوان ئەفسەرە بریتانیاییەکان و کوردەکان بوەتە هۆی ورووژانی قووڵترین هەستی ئیرەیی رووسەکانو، رووداوی باکۆ، ئاکامی راستەوخۆی ئەوە بووە. قازی محەمەد و دۆستەکانی زۆر بەشانازییەوە لە باکۆوە هاتنەوە، بەڵام مانگەکانی دوای ئەو سەفەرە بەڕواڵەت بەرەبەرە دڵساردی و نائومێدیی پێوە بوو.

زانیاریدەرەکەی من دەڵێ، ئێرانییەکانیش بێکار دانەنیشتوون، بەڵام سەرکەوتنێکی ئەوتۆشیان نەبوە، ئەمیر ئەسعەد [عەلی ئاغا ]ی دێبۆکری لە مانگی ئاپریلدا چووە تارانو، وەك فەرمانداری مەهاباد گەڕایەوە بە ئۆتومبیلو پارەیەکی ئەوتۆوە کە بتوانی سوارەو دەستوپێوەند لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە: بەڵام ناوبراو، ئەو پلەیەی لێنەدەوەشاوە و نەیتوانی

یارمەتییە حکوومەتییەکان [ڕەوایانە] دابەشێ و لەحاڵی حازردا عەشیرەتە ناڕازییەکان، کە مەنگور لەنێویاندا ئی هەرە زۆریانن، جێگەی ئەویان گرتۆتەوە و ئەویش گەڕایەوە بۆکان بۆ سەر موڵكو ماڵی خۆی.

هەروەها [ کەسێکی دی] حەمەڕەشید خانی بانەیە، کە بۆ ماوەیەك دژی ئێرانییەکان شەڕی کرد، بەڵام سەرنەکەوت (زانیاریدەرەکەی من دەڵێ: زۆربەی پیاوەکانی [پێڕەوەکانی ] حەمەڕەشید خان لەسەر تفەنگی ئێرانییەکان لە شەڕی یەکتریدا کوژران تا ئەوەی کە لە جەبهەدا بکوژرێن) و ئێستا خزمەتکارێکی چاکی مووچەوەرگری دەوڵەتە. ئامادەیی حکوومەتی ئێران بۆ ئەوەی بە دانی پارە گوێڕایەڵیو خزمەتکاریی بۆ خۆی دەستەبەر بکا، بێئەملاوئەولا شتێکی سەرنجڕاکێشە بۆ ڕێبەرە کوردەکان. هیچ لایەکیان ڕاڕایی لە پساندنی پێوەندییەکی ئاوا ناکەن، ئەگەر بێت و شتێکی سەرنجڕاکێشتر بدۆزنەوە. بەڵام لەحاڵی حازردا سباتی نیسبییە کە حیسابی بۆ دەکرێ.

زانیاریدەرەکەم ئاماژەی بە کەیسی سەرنجڕاکێشی ئەوتۆی بنەماڵان کرد کە ئەندامی ئەوتۆیان تێدایە کە بە سەربەڕووسان دادەنرێن، لەکاتێکدا هی واشیان هەیە بە سەر وە ئێران وەحیساب دێن. قازی محەمەد، ڕەنگە کەسی هەرە دەستڕۆیشتوو و بەنفووزی مەهاباد، سەرۆکی شانۆکەی باکۆ بوو، بەڵام براکەی سەدر - ئەل - قازی [سەدری قازی دروستە - وەرگێڕ] لەگەڵ ئێرانییەکان پێوەندی هەیە. ئەمیر ئەسعەد بێئەملاوئەولا سەر بە ئێرانە، بەڵام وەکی باس دەکرێ براکانی لەگەڵ

ئەوەدا نین و، ئاوها من پێم وایە ئەمە هەنگاوی هوشیارانەیە و جێی بەراوردکردنە لەگەل پێشبینی و دووربینییەکانی بنەماڵەکانی قەدیمی سمیرنا لێڤانتاین کە تێیاندا چەندین میلییەت هەبوون. (لێرەدا دەبێ بڵێم بۆم دەرکەوت کە تەفاهومێکی راستی لەمەڕ گەورەبوونەوەی بەرەبەرەی دەستەڵاتی ئێران هەیە.) هیچ کەس وەك سەر بە بریتانیا بە من نەناسێندرا ـ راستییەکی گرینگ بە نۆرەی خۆیو جێی ئیعتیبار بۆ ئێمە.

خاڵەکانی دیکە لە چیرۆکی ئەو بایە نۆروێژییەدا ئەوە بوو کە کوردەکان بەگشتی و خۆشییەوە قانوون و پەسەندکراوەکانی تازەی ئێران بە هێند ناگرنو گوێشی نادەنێ. بۆ نموونە، ئەمساڵ ژمارەیەکی یەکجار زۆر کچی خوارەوەی ١٦ ساڵ بەمێرد دراون. چینەکانی خوارەوە [ی کۆمەڵ ] بەتایبەتی دەیانەوێ هەرچییەکی ئێرانی بێ کۆتایی پێبدەنو بەتەواوی بادەنەوە سەر داب و شوێنی کۆنی عەشیرەتی خۆیان.

زانیاریدەرەکەی من سەبارەت بە پێوەندییەکانی نێوان کوردەکان ـ رووسەکان ئەوەندەی نەدەزانی کە بتوانێ قسەی لێوە بکا، لە وتووێژی دواتردا، ئەوەی کە سەبارەت بە سیاسەتی رووس، یان نەبوونی سیاسەتی رووس بە منی کوت [ئەوە بوو ] کە ئەو پێی وایە رووسەکان سەبارەت بە تەجرەبەی باکۆ پەلە و تاڵووکەیان بوو، وردە وردە لەو بۆچوونەی کە ئەودەمی بوویانە پاشگەز بوونەتەوە، سیاسەتی ئێستایان، بەگشتی، روەو ئەوە بووە کە خۆیان بپارێزن و خۆ بەدوور بگرن و ئەمە بوەتە هۆی نائومێدی کوردەکان.

یایە نۆروێژییەکـە دەڵـێ کاتێـك کـە بـەو زووانـە، کۆلۆنێـل ئـەمیر ئەسـلاتۆف دوای رووتکرانـی تـاجرێکی عیراقـی، سـەری لـە مـەهاباددا، ئەودەمی کاکەسوارێك لە سەرۆکە مەنگوڕکان بەرپرسی پاراستنی هێمنـی لە مەهاباد بوو، کۆلۆنێل دەمانـچەی لـە کاکەسـوار هەڵکێـشاو هەڕەشـەی لێکرد، بێتوو جارێکی دیکە شتی ئەوتۆ روو بدات هەر چاوی پێـی بکـەوێ تەقەی لێدەکا. دوایە سەبارەت بە ئەرکی ئەوانـەی پاسـەوانی رێگاوبـانن، قسەی بۆ کردو پێکێشی کرد ئەو پـارەی دزراوە بدرێتـەوە. ئاکـامی [ئـەو هەڕەشـەو گوڕەشە ]یە ئەوە بوو کە ئەگەرچی گشـت پارەکەش نا، بـەڵام [بەشی زۆری ] درایەوە بە خاوەنی، و کاکەسوار وەك ئەفسەری پاراستنی هێمنی لەسەر کار لاچوو و عەلی خان جێگەی ئەوی گرتەوە.

کەسی دووهەمێ کە هات بۆ چاوپێکەوتنم سەدر ـ ئەل ـ قـازی [سـەدری قازی_ وەرگێـڕ ] بـوو. مـن پێـشتر نـەم دیبـوو، بـەڵام تـاریفی چـاکیم لـە بەڕێوەبەری ئەی ئای ئۆسی (AIOC) و خەڵکی دیکە بیـستبوو، ئـەوم وەك ئینسانێکی بەنیسبەت بەفەرهەنگو بەرواڵەت بـە شـێوە بیرکردنەوەیـەکی نەرمو بەرپرسیارانە هاتە بەرچاو. پێم گـوت کـە پەشـێویی سـەرەکی مـن مەسەلەی گەنمە. من شیم کردەوە بۆچی ئێران دەبێ یارمەتی بەخۆی بکا تا ئەو جێگەی بڕ دەکا بە ڕێگەی پێشگرتن لە ناردنی گـەنم بـۆ دەرەوە و زیادکردنی ڕەنێوهێنانی گەنم.

یەکـەم راگەیانـدنی سیاسـەتی تـازەی حکوومـەت لەمـەڕ گـەنم و دەغڵودان لە رادیۆوە بڵاو کرابوەوە. جا بۆیە من دەمتـوانی بـیروڕای وی

لەوبارەیەوە بپرسم. ئەو گوتی ئەوە سیاسەتێکی باشە، بەلام دەیگوت جێی داخە ئەوە زۆر وەدرەنگی خرا، دەنا دەکرا گەنمێکی زۆر بۆ ئێران، شایەد ٥٠٠٠ تۆن، بپارێزرێ کە تاکوو ئێستا لە سنوورەوە ئاودیوی عێراق کراوە. بایی تۆنێك گەنم لە بۆکان لە ٢٩٠٠ تا ٣٠٠٠ ریاڵە، لە مەهاباد بڕێك لەخوارەوەترە، بەلام لە مەڵبەندی شنۆ و لەسەر سنوور لە ڕۆژئاوای شنۆ بایی گەنم گرانترە. ئەو پێی وایە کە تۆنی گەنمی بە ٣٥٠٠ ریالٚ خزمەت بەو مەبەستە دەکا کە هێشتاش گەنمی زۆر چاك لە هەرێمدا ڕەنێو بێ، جگە لەو مەڵبەندانەی نەبێ کە زۆر لەنزیك سنوور هەڵکەوتوون.

خالی دووهەمی قسەکەی ئەوەبوو کە هیچ کەس بڕوای بە حکوومەت نییە. کۆمیسیۆنێکی ڕەسمی [دەوڵەتی] حەولی داوە لە بۆکان گەنم بکڕێ، بەلام تا ٧ی مانگی ئۆکتۆبر ئەوان تەنیا ئەوەندەیان لەدەست هاتووە کە ٦٠ تۆنی ناچیزە بکڕن، لەکاتێکدا عیراقییەکان هەر بەهەمان قیمەت بەکەیفی خۆیان [گەنم] دەکڕنو، وەکوو کاربەدەستی حکوومەت پێشبینی دەکرد ئەوان ئامادەن پارەی چاك بدەن. سەدری قازی کوتی [ سازکردنی] کۆمیسیۆنان کارێکی بێفایدەیە، حکوومەت دەبێ بەرێگەی تاجرانەوە گەنم بکڕێ.

بنکەی ژین
www.zheen.org

نوختەی سێهەم ئەوەیە، ئەو لێبڕاوانە دەڵێ حکوومەت دەبێ کارگوزارێکی بانکی نیشتمانی لە مەهاباد لەبەر کار بنێتەوە، [تەنانەت] ئەگەر هەر بەمەبەستی دانی پارەی ئەو گەنمەشامیەش بێ کە سیاسەتی تازە هێناویەتە گۆڕێ.

نوختەی چوارەمی کە ئەو سەرنجی منی بۆ راکێشا ئەو راستییەیە کە پژدەرییەکان کە لە سەردەشت دامەزراون و وەکی مەنگورەکان کە لە مەهاباد بۆی دانیشتوون، هەموو بەرهەمی گەنمی سەردەشتیان بردوەتە عیراق، بە شێوەیەکی ئەوتۆ کە دانیشتوانی ئەوێ بۆ دابینکردنی پێداویستی خۆیان دێن لە مەهاباد گەنم دەکڕن. قسەکانمان بە هاتنی فەرماندار بڕا، بەڵام ئەو گەڕایەوە سەر بێباوەڕی و دڕدۆنگی کوردان لەئاست حکوومەتی ئێران.

ئەو گوتی لەکاتێکدا کە رووسەکان لەماوەی ساڵێکدا ٢٠٠٠ ئەسپیان لە مەڵبەندی مەهاباد کڕیوە، ئێرانییەکان هەر لەهەمان ماوەی زەمانیدا نەیانتوانیوە ٥٠٠ یش بکڕن، بێتوو ئاکارو شێوەی جووڵانەوەیان کۆنترۆڵێکی لاوەیی بەسەرەوە نەبێ، دەبێ سەبارەت بە گەنم کڕینیش هەروا بن.

من ئەو دەرفەتەم بەکەڵك زانی بۆ ئەوەی بە یەکدوو وشەی باش باسی لەبەرکارنرانی ئاغای شێریدان (Mr. Sheridan) بکەم‌و. بە سەدری قازیم کوت ئەگەر سەبارەت بەشێوەی ئاکار و جووڵانەوەی ئەوتۆ کە لەمەڕ سیاسەتی تازە [ی گەنم‌و دەغڵ] بڕیاردەر بێ بەڵگەی دەست کەوت، دەبێ من ئاگادار کا یان کۆنسوولگەرییەکانی رووسیا یان ئامریکا، بۆ ئەوەی دڵنیایی هەبێ لەوەی کە ئاغای شێریدان دەبیسێتەوەو حەول دەدا لارییەکان راست کاتەوە. دەبێ لێرەدا جەخت بکرێتەوە کە ئەو دەربڕینە لە ریشە دەرنەهاوێژەرە باوەڕ نەبوون بە ئێرانییەکان لەلایەن کەسایەتییەکی هەڵکەوتووی کوردەوە دەکرا کە بەگشتی وا دادەنرێ سەر

بـه ئێـران بـێ. یـەك لـەوان چـەند کەسـێکی کـەم لـە ناوچـەدا کـە لێـی دەوەشـێتەوەو پێـی دەکـرێ پردێـك لـەنێو کوردەکـانو فارسـەکان [ ئێرانییەکان] دا رایەڵ بکا.

فەرمانـدار گـوتی بـارودۆخ لـە مـەهاباد زۆر تاریکـە، حکوومـەت چ دەسـتەڵاتێکی نییـەو، عەشـیرەتەکان بـە بیـانووی پاراسـتنی هێمنـی بـە هەموو شێوەیەك بـە رووتاندنـەوەو جاڕزکردنی خەڵکـەوە خـەریکن، یـەك لەوانـە زیندووکردنـەوەی داوای کـۆن و تازەکردنـەوەی مامڵـەو حیـسابی کۆنە. مامەشەکان سڵدووز [سـندووس] دەدۆشـن، مـەنگورەکان مـەهاباد، دێبۆکرییەکان بۆکـان، پژدەرییـەکان سەردەشـتو، ئێـستا بـە پێـشنیاری ئوستاندار لە تەورێز، سوارەیەکی تێکەڵاو لـە مـەنگوڕ، گـەورك و مامـەش چـوونە میانـدواو بـۆ ئـەوەی "هێمنـی" ئـەوێ "بپـارێزن". فەرمانـدار زۆر بەتوندی لەدژی ئەو کارەیەو، پێـی وایـە ئـەوە دەبێتـە هـۆی کێشە سـاز بوون لەگەڵ دێبۆکرییەکان (ئەوە راستە کە ئاغـای فـەهیمی، ئوسـتانداری ئازەربایجانی رۆژهەڵات، بەکەیفی خۆی دەست لە کاروباری ئازەربایجـانی رۆژئـاوا و بەتایبـەتی مەسـەلەی کـورد وەردەدا، خۆشەویـستییەکی کـەم لەنێوان ئەو و دوکتۆر مەرزبان، ئوستانداری رەزاییە لەگۆڕێدا ماوە).

www.zheen.org

بۆچوونی من ئەوەیە کە ئەوە بەتـەواوی پـرزەی لێبڕیـونو بێپسانەوە رووی تێدەکەن بۆ ئامۆژگاری، ئەو تازە لە رەزاییە دوای پـرسوڕا لەتـەك ئەستاندار گەڕاوەتەوەو، لەوێ بیریـان لـەوە کردووەتـەوە داخـودا نـاکرێ گەورکو مـەنگوڕان بـۆ دەرپەڕانـدنی پژدەرییـەکان لـە سەردەشـت بـەکار

بهێنن، بەڵام ئەو لەدژی ئەو نەخشەیە بووە. لەکاتێکدا منیش بۆچوونی جیاوازی خۆم دەربڕی، ئامۆژگاریم کرد کارێکی وانەکەن کە کورد بە کورد بەشەڕ بدەن، نە لە سەردەشت و نە لە چ جێی دیکە، هیچ نەبێ لەبەر ئەوەی کە لە جەرەیانێکی ئەوتۆدا خەڵکی نیشتەجێ خەساریان پێدەگا و ئەگەر شەڕێك بقەومێ تۆوی شەڕی دیکە لە داهاتوودا دەچێنێ. ڕێنوێنی من ئەوە بوو تا ئەو جێیەی دەتوانی ئاشتی بپارێزێ، [تەنانەت] ئەگەر ئەوە ڕۆژبەڕۆژیش بێ، چونکوو هەلومەرج وردە وردە دەگەڕێنەوە سەر بارودۆخی ئاسایی. فەرماندار پێشنیاری وابوو کە نوێنەرایەتی خاوەنشکۆ (H. M. Legation) دەتوانێ ئەو جەرەیانە خێراتر بکا و بە بەکارهێنانی نفووزی خۆی کارێکی وا بکا پژدەرییەکان بانگ بکرێنەوە بۆ عیراق.

پاشان فەرماندار نەخشەی خۆی بۆ باشتر پاراستنی هێمنی بەوردی هێنا گۆڕێ. تەجروبەی [ئەسپاردنی] ئەو کارە بە ئەمیر ئەسعەدی دێبۆکری سەرکەوتوو نەبوە، یەك لە هۆیەکانی ئەوە بووە کە ئەو گشت یارمەتی مانگانەی دەوڵەتی بۆ خۆی هەڵدەگرت. مەنگوڕەکان، کە خەڵکێکی نەدار بەڵام کەللەرەق و نەحەواوەن و لە بەرزاییە تەنکەکان [دەژین] ئێرەییان بە ئەمیر ئەسعەد و دێبۆکرییە دەوڵەمەندترەکانی دەبردو، لەڕاستیدا، دەبوو ئەوان بوایەن لەپێناو پاراستنی ئاشتیدا بەشی زیاتری پارەی حکوومەتییان پی ببڕێ و گەورك، مامەش و دێبۆکریش پشکی خۆی تێخەن. ئەو چوار عەشیرەتە بە هەموویانەوە دەبێ یارمەتییەکی ئەوتۆیان پێبکرێ کە بتوانن ٣٠٠ سوارە بەخێوکەن، بۆ هەر سوارێك مانگانە ٥٠٠ ریاڵ (٣٥٠ ریاڵ مووچە،

١٠٠ ریاڵ بۆ خەرجی ئەسپ، و ٥٠ ریاڵ بۆ خەرجی جلوبەرگ) کە بەشێك بۆ سەرۆك عەشیرەتەکانە و مانگانە دەکاتە ١٦٠،٠٠٠ ریاڵ.

فەرماندار کوتی، حکوومەت دڵەراوکێی هەبوو بۆ پەسەندکردنی پێشنیارێکی ئەوتۆ، تارادەیەك لەبەر ئەوەی کە ئەزموونی ئەمیر ئەسعەد سەری نەگرت و، بەشێکیش لەبەر ئەوەی کە ئەو کەسانەی کە بۆ کارێکی ئەوتۆ دەستنیشان کرابوون، خەریکی راوو ڕووت بوونو، ئێستاش بەو کارەوە خەریکن. فەرماندار ئێستاش هەتا بلێی لەبیری ئەوەدایە کە کارێکی ئەوتۆ بکا ئەوانە ببنە مووچەگری حکوومەت، چوونکوو پێی وایە بەو شێوەیە کۆتایی بە بەلەسەبوونیان لە قانوون دەدرێ و، داوای لێکردم تا ئەو جێیەی پێم دەکرێ لەدووی سیاسەتێکی ئەوتۆ بدەم و پشتی بگرم.

تا ئەو جێیەی کە بگەڕێتەوە سەر گەنم، فەرمانداریش، هەر لێبڕاوانە وەك سەدری قازی، کوتی، [ناردنی] کۆمسیۆنی گەنم کڕان بێفایدەیە، و دەبێ تاجران هان بدرێن و بۆ ئەوەی وەك واسیتە ئەو کارە راپەڕێنن. ئەویش دەیویست کارگوزار [نوێنەر] ی بانکی نێوەندی بگەڕێتەوە مەهاباد. ئەو لەو بڕوایەدایە کە تا ٢٠٠٠ تۆن گەنم لە مەڵبەندی مەهاباد دەست دەکەوێ و، لە شاریدا ئەنبار بۆ [پاشەکەوتی] گەنم هەیە.

فەرماندار کوتی ئەو جێیەی بگەڕێتەوە سەر مەهاباد، مامڵە و سەودای رووسەکان لەوێ هەر کڕینی ئەسپی سواریی بووە. ئەوان لەوێ رەشەولاغ (ئاژەڵ) و مەڕیان نەکڕیوە ـ بەڵکوو پێشیان بە ناردن و فرۆشی ئاسایی مەڕ و ئاژەڵ بە عیراق گرتووە.

فەرماندار بەنابەدڵییەوە دەیسەلمێنێ کە رووسەکان هەموو حەوڵی خۆیان دەدەن بۆ قەتیزکردنی کوردەکانو دامەزراندنەوەی نەزم و هێمنی، لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو نەیتوانی حاشای لێبکا، کە کۆلۆنێل ئەمیر ئەسلانۆف لە مەسەلەی رووتکردنی عیراقییەك بەدەستی مەنگوڕەکاندا خۆی تێوەرداوە و پارەکەی ئەستاندووەتەوە، بەڵام ئەو دەڵێ لەڕاستیدا پارەکە هەمووی نەگەیشتووەتەوە بەخاوەنی.

ئاخرەکەی، ئاسۆگی مەهابادی لەم زستانەی داهاتوودا بە تاریك دەدی. زۆر لە تاجر و سەوداکاران مەهابادیان بەجێهێشتووە و بوەتە هۆی داشکانی تیجارەت و ساتوسەودا. خەڵکێکی زۆر بێکار و بێئەنوان و، بە نەبوونی گەنم لە سیلۆی حکوومەتیدا، ئەو پێشبینی برسیەتی و نائارامی دەکا. سیاسەتی نوێی حکوومەت لەمەڕ گەنمی گرانتر و نانی هەرزان، دەبێ تارادەیەك ببێتە هۆی دڵگەرمی ئەو، بەڵام گومانی تێدا نییە بارودۆخی مەهاباد باش نییە.

ئەو کەسەی دیکەی کە هاتە لام قەرەنی ئاغا، سەرۆك عەشیرەتی مامەش بوو و زیاتر وەك رێوییەکی پیر دەهاتە بەرچاو. من نامەیەکم بۆ هێنابوو کە ئاغای فەهیمی بۆی نووسیبوو. کە دوایە بۆم دەرکەوت لە نامەکەدا منی پێناساندبوو و داوای کردبوو بە شێوەیەکی شارستانییانە لەگەڵم ببزوێتەوە. ئەوە گرینگە کە ئاغای فەهیمی دێ و داوایەکی ئەوتۆ لە سەرۆك عەشیرەتێکی کورد دەکا و نەك لە فەرمانداری ئێرانی. زۆربەی قسەکانمان لەمەڕ گەنم بوو.

ئـەو پیـاوە پـیرە مـەیلی زۆر بـەگوڕی سـەبارەت بـە سیاسـەتی نـویٚ دەربڕی‌و، [پێی گوتم] ئەوە خەریکە چەپەر دەنێری بۆ سندووس، لاجان و شنۆ بۆ ئەوەی دەست راگرن لە فرۆشتنی گەنم بە عـیراق. ئـەو پێـی وایـە قیمەتی تازە باشە، بەڵام بیری لەوە دەکردەوە داخودا ئەو قیمەتە سـاڵی داهـاتوو زیـاد نـاکریٚ. ئـەویش پێکێـشی دەکـرد و دایدەگرتـەوە کـەس چ بـاوەڕی بـە حکوومـەتی ئێـران نییـە. دەیەویـست بریتانیاییـەکان یـان رووسەکان ببنە زامنی حکوومەتی ئێران بۆ دانـانی ئـەو قیمەتـەی بـەڵێنی لەسەر دراوە.

دوای باسی گەنم ئێمە هاتینـە سـەر هەلومـەرجی ئـابووری بەگشتی و مەسـەلەی نوێنەرایـەتیکردنی کوردەکـان لـە تـاران. (قـەرەنی) ئاغـا زۆر بەتوندی پشتیوانی لەوە دەکا کە سەدری قازی ببیٚ بە نوێنەری کورد [لـە پارلمانی ئێراندا] .

دوای ئەو قازی محەمەد هاتە لام. ئەو برێك بە ئینگلیـسی قـسە دەکـا، بەڵام زۆر چاکی لیٚ حاڵی دەبیٚ. من بە لەبەرچـاو گرتنـی پێوەندییـەکانی لەگەڵ رووسەکان و ئەوەی سەبارەت بە ئاواتەکانی دەمزانی، دەبوو زۆرم ئاگا [لە قسەکانی خۆم] بیٚ. من بە باسـی گـەنم دەسـتپێکرد و، بـیروڕای ئەویش بەگشتی هەروەك ئەوانی دی وابوو، ئەوەی لیٚ زیادکرد کە ئاسۆی شـار بـۆ بێکـاران زۆر نـاخۆش‌و جێـی داخـەو، بەلێبڕاوییـەوە کـوتی کـە ئەنباری رەسـم [دەوڵـەتی] لـە ٢٠ تـا ٣٠ تـۆن زیـاتری [گـەنم ] تێـدا نییـە. پاشان دەستی کرد بە گلەیی و گازن لە رووسەکان‌و، قسەکانی من لەمـەڕ

بنکەی ژین
www.zheen.org

پەسندان و پێزانینی ئەوەی رووسەکان بۆ بەرگری لە ستالینگراد و "جێی دی" کردوویانە شلی نەکردەوە. ئەو پەسنی بریتانیاییەکانی دا بۆ ئەو ئاکارەی لەگەڵ کوردەکان لە عێراق بوویانەو، کوتی کە کوردەکان تەنێ دەتوانن بەیارمەتی بریتانیا چاوەڕێی ئەوە بن هەلومەرجی خۆیان باشتر کەن و بەئازادی بگەن.

لێرەدا من لێم پرسی داخودا پێی خۆشە بەسەرهاتی بەرزنشینەکانی (Highlanders) سکاتلەندی بۆ بگێڕمەوە، هەڵەکانو رەنجەکانیان بەر لەوەی کە هەڵوێستی خۆیان باشتر بکەن.

هەڵبەت ئەو زۆر بەئەدەبەوە کوتی پێی خۆشە ئەوە ببیستێ. جا بۆیە ئەمن باسی تینوویەتی بەرزنشینەکانی سکاتلەندم بۆ ئازادی بۆ گێڕاوە، باسی گێرەو کێشەی نەپساوەیان، نەبوونی یەکێتی یان دیسپلین، پەلامارەکانیان بۆ ناوچە نزمەکان (Lowlands)، ئامادەییان بۆ خزمەتکردن بە ئامانجەکانی هێزی بێگانە، واتە فەرانسە و بەدژی ئینگلیستان لە ئاخر شکانەکانیاندا. دیارە دوایە ئاشتبوونەوە سەری گرت و ئێستا بۆ چەندین وەچ دەچێ کە بەرزنشینەکان (Highlanders) کە من خۆم یەك لەوانم، ماف و دەرفەت و دەرەتانی یەکسانیان لەگەڵ پاشماوەی تەبەعەکانی پادشادا هەیە.

www.zheen.org

من پێم گوت، ئەوە بە پیاوی وەك ئێوە بەستراوەتەوە کە حەول بدەن هەمان یەکسانی لە دەرفەت و ئیمتیازاتدا بەرێگەی ئاشتییانە بۆ کوردەکان وەدەست بهێنن و خۆ لە کامبرلەند (Cumberland) ێکی

خوێنـاوی کـوردی بپـارێزن. هیـوادارم ئـەوان ئێستا ژیرانـە بجوولێنـەوەو دەست بکەن بە هەڵسوکەوتو پێوەندی لەتەك تاران. پێم وانییە کە ئـەو مەوعیزانـەی مـن شـوێنێکی ئـەوتۆی لەسـەر قـازی دانابـێ، بـەڵام بـەلانی کەمەوە تەئسیری ئەوەی هەبوو کە پێش بە درێژەدانی قسە دژی رووسیە بە مەترسییەکانی لێ بگرێ.

لێرەدا دەبێ باسی ئەوە بکەم کاتێك بۆ لای ئێوارێ مونشییەکەم نارد، کە لەرادیۆی ماڵی قازیڕا گـوێی لـە راگەیانـدنی حکوومـەت سـەبارەت بـە سیاسەتی لەمەڕ گەنم ببێ، قازی و برایەکەی سەرسوڕمانی خۆیان لەسەر ئـەوەی کـە ئـەمن نەمویـستووە هـیچ شـتێك لـەدژی رووسـەکان بیـستم دەربڕیبـوو و سـەبەبی نـاڕازیبوونی خۆیـان لـە سیاسـەتی رووسـەکان هێنابوە گۆڕێ. ئەوان بەشێوەی سەرەکی لە بیرگۆڕینی چاوەڕواننەکراوی رووسەکان دڵمەند بوونو، باسی ٣ رووداویان کردبوو: ـ

١ـ کۆنفرانسی شنۆ. سەید عەبدوڵڵای خەڵکی عیراق لە مـەهاباد چـاوی بـە ئەفسەرێکی رووسی دەکەوێ و کابرای ئەفسەر داوای لێدەکا لە هەموو سەرۆك عەشیرەتە کوردەکـان بگێڕێتـەوە بـۆ [بەشـداری] لـە کۆنفراسـێك لـە شـنۆ بـۆ ئەوەی لەوێ حەولی یەکێتی بدرێ و، سەید ئەو کارە دەکـا. راسـت پـێش ئـەو رۆژەی کە بۆ دانیشتنەکە داندرابوو، رووسەکان پەیام دەنێرن بۆ ئـەو سـەرۆك عەشیرەتانەی وا لەو [دانیشتنە] دا ئامادە بوون. لەوێ سەید عەبـدوڵڵا و قـازی محەمەد قسەیان بۆ دەکەن، تکایان لێدەکەن یەکبگرنو هێمنی بپارێزن، بەڵام وەڵامێکی ئەوتۆیان نادرێتەوەو تووشی نائومێدی دێن.

نائومێدییەکەیان زیادتر دەکا بەوەی کە رووسەکان زۆر بەگەرمی پشتی ئەمەرخانی شکاك دەگرن، ئەو کەسەی کە خۆیان سەروبەندێك درۆنگی ئەوەیان لێی بووە کە سەر بە ئێران بێو، پێشنیار دەکەن ئەو ببێ بە سەرۆکی سەرۆکان. کوردەکانی مەهاباد وایان چاوەڕێ دەکرد کە قەرەنی ئاغا [ی مامەش] لەو پلەیە دابنرێ و پشتیوانیان لەوی دەکرد. (ئێمە لێرەدا بۆمان روون دەبێتەوە کە بۆچی هێندێك لەو گوزاریشتانەی لەو بارەیەوە هاتوون، دەڵێن سەرۆکێك، ئەمەرخان، داندرا و ئەوانی دیکە دەڵێن هەم ئەو و هەم قەرەنی ئاغا دیاری کران. کوردەکانی مەهاباد پشتیوانیان لەوی دواییان دەکردو، من دەڵێم، ئەوان بوون کۆنفرانسەکەیان رێك خست. رووسەکان بڕیاریان دا لەدژیان راوەستن، و هەڵبژاردنی ئەمەرخان لەلایەن ئەوانەوە دەبێ زۆری پەلە لێکرابێ، چونکوو هێندە لەمێژ نییە کە سەرکۆنسوولی سۆڤیەت بەمنی گوت ئەوان لە ئەمەر بەگومانن).

٢ـ لە بۆنەیەکی دیکەدا کاتێك سەدری قازی لە رەزاییە دەبێ، عەلییۆف بەدوویدا دەنێرێ و پێشنیار دەکا لە رۆژی ١٢ی مانگی سێپتامبر بەیەکەوە لە نەغەدەوە بچن و حەول بدەن بۆ ئاشتکردنەوەی ئەندامانی عەشیرەتەکانی فیران [ پیران راستە ـ وەرگێڕ ]و دێبۆکری کە قڕەیان لەنێودا ساز بووە. سەدری قازی کە لەو نێوانەدا گەڕابوەوە مەهاباد، بەزەحمەت ئۆتۆمبیلێك پەیدا دەکا و بەپەلە دەچێ بۆ نەغەدە. لەوێ لە شەمۆوە تا دووشەمۆ چاوەڕێ دەکا، بەڵام نە عەلییۆف پەیدا دەبێ و نە لەودەمیشەوە هیچی راسپاردووە کە بۆچی نەهاتووە.

٣ـ رووسەكان ئەمەرخانی شكاك و سەرتیپ خانی هەركییان هان دا، لەڕاستیدا مەجبووریان كردن كە بە سوارەیەكی ٢٠٠ كەسییەوە لە ٨ی ئۆكتۆبردا بێنە مەهاباد، بە سێ مەبەستان: ـ (ئەوەش ڕەنگە نموونەیەكی دیكە بێ لە شیكردنەوە بە خەتا خستنە سەر رووسەكان):

ئـا ) بـۆ پـرس و راوێـژ لەگـەڵ رێبـەرەكانی دیكـە سـەبارەت بـە شـێوەو چۆنییەتی دەرپەڕاندن و دەركردنی پژدەرییەكان لە سەردەشت، [فكری] بەكارهێنانی زەبروزەنگ وەلانرا، گەرچی مەنگوڕەكان ئامادە بوون شەڕی پژدەرییەكان بكەن و كاكەسوار پەشێوی ئەوەی بوو چۆن كۆنترۆڵی سەردەشت بەدەستەوە بگرێ. لەكۆتاییدا، نامەیەكیان بۆ ناردن و داوایان لێكردن [لە سەردەشت] بكشێنەوەو، هەڵبەت، ئەوە چی لێ شین نەبوو.

بێ ) دەست بەپشتداهێنانی مەنگوڕكان بۆ ئەوەی دەست لە كۆنترۆڵی مەهاباد هەڵگرن، كە ئەوان لەوێ ماڵیات دەستێنن‌و بە كەیفی خۆیان خەرج‌و باج وەردەگرن. لەوەشدا سەرنەكەوتن.

سێ ) نەهێشتنی خوێنخوازی‌و كێشەی نێوان بنەماڵەكانی مەجیدخان‌و مستەفاخان لە ناوچەی میاندواو، ئەو كێشەیەی كە بوەتە هۆی تەقەلێكردنی نەخواستە لە خانمی بوردت (Mrs. Burdett) لە ٢٤ی مانگی ئاپریل‌و، مردنی چەند پیاوێك لەو دەمییەوەو، هەروەها تەقەلێكردنی نەخواستە لە قادری پیرۆتی برای فەرماندداری میاندواو لە سەرەتای سێپتامبریش. دیسان لەوەشدا سەرنەكەوتن.

www.zheen.org

ئەو سەفیرانەی لەرەزاییەوە هاتبوون لە ١٠ی مانگ بەرەو ماڵی خۆیان گەڕانەوە. ئەوان تووڕە بوون، هەم لەبەر ئەوەی لە کارەکەیان سەرنەکەوتن و، هەمیش (بەقسەی دوو قازییەکان) چونکوو رووسەکان بەدزی لە مەنگوڕەکانیان رائەسپاردبوو کە بەپێی ئامۆژگاری وان نەبزوونەوە. ئەوان هەروەها دیسان بەوەش تووڕە بوون (کە لەکاتی گەڕانەوەدا) رووسەکان وەریان نەگرتبوونو لێیان راسپاردبوون کە بەرەو لادێکانی خۆیان بڵاوەی لێبکەن بەبی ئەوەی بێنە نێو رەزاییە، چونکوو ئەگەر بێنە نێو رەزاییە، رووسەکان دەبێ بەپێی ئەو رێکەوتنە تازەیەی لەگەڵ ئێرانییەکان کردوویانە چەکیان کەن.

(ئەوە گرینگە کە ئێمە نابێ ئەو چیرۆکە کوردییانە وەك راستی بێ ئەولاو ئەملا وەربگرین، بەڵام من پێم وایە ئێمە دەتوانین [لەو قسانە] بەو ئاکامە بگەین کە رووسەکان کەوتوونەتە داوی پیلانێکی کوردیو تێیدا چەقیونو، ئەوەی کە کوردەکانی مەهابادیان بەدڵ نییە.)

ئاخرین کەسێك کە هاتە دیتنم عەلی خان، بەردەستی عەولاغا، باب مەزنی مەنگوڕان بوو. قسەکانی وی گرینگ نەبوون. ئەو دیسان باسی ئەو رەنجو چەرمەسەریانەی کرد کە کوردەکان لە سەردەمی رەزا شادا چێشتوویانە، وە هەروەها باسی گیروگرفتی ئابووری ئێستای عەشیرەتەکەی کرد (بەرهەمی سەرەکییان توتنە)و، پێشنیاری کرد ئامادەیە ١٠٠٠ پیاوی شەڕکەری خۆی لەبەر دەست بریتانیا بنێ. من بەرەسمی پێمگوت روو لە تاران بنێو مەنگورەکان نابێ پێیان وابێ نەکەونە بەر کارتێکردنەکانی شەڕ، شەڕێك کە

گشت جیهان رەنجی لێکێشاوە (و زەرەری لێدیوە). لەدوای نیوەڕۆدا چوومەوە لای ئەوانەی هاتبوونە دیدەنیم.

لە گەڕانەوەمدا بۆ تەورێز، لە میاندواو بە رەسمی سەرم لە فەرماندار دا، کابرایەکی شەقاوەی چەپەڵ. دەرزەنێك لە سوارەی گەورك، مامەش و مەنگوڕ کە سەر بە هێزی تێکەڵاو بوون و بەو زووانە بۆ کۆنترۆڵی میاندواو ناردرابوون، لەوێ هاتنە لامان، بەدەورە لەسەر ئەرزی دانیشتن و گوێیان دەدا قسەکانمان.

من وەڵامی موجامەلە و پێهەڵگوتنەکانیانم کە ئامادەن لەپێناو بریتانیادا گیانیان بەخت بکەن بە پەسندانی رووسەکان دایەوەو، هەروەها بە مەوعیزەیەکی زۆر سەبارەت بەو بارودۆخە ناخۆشەی ئێستای جیهان بەمەبەستی ئەوەی کە ئاسۆی تێڕوانینی ئەو پیاوانە تا ڕادەیەك بەرفرەوانتر بێ، ئەوانەی کە وێدەچێ پێیان وایە زەمان دەبێ بۆ ئاسوودەییو هێمنی ئەوان پێك بێ. شکم نییە، [قسەکانم] چ فایدەی نابێ.

لە مەراغە، باسی گەنم، هاتوچۆ و گواستنەوە، رێگەوبان و بێکاریم لەگەڵ فەرماندار هێنا گۆڕی. بنێشتە خۆشکەی سەر زاری وی رۆژی ئەوە بوو: خودا ئاغای شێریدان راوەستاو کا کارێکی وای کرد حکوومەت بایی کڕینی گەنم زیاد کا، ئەو سەرقاڵی ئەوە بوو کۆبوونەوەیەکی گەورە بۆ خاوەن موڵکەکان پێك بێنێ، کە ئەو دڵنیبایە [لەو کۆبوونەوەیەدا]، ئەوان دەبێ لەگەل عەواریز لێبەستنێکی بەرچاو بن لەو قیمەتە تازەیە بە قازانجی "فەقیران" .

**(ئیمزا) ئار. دەبلیو. ئۆرکوارت (R. W. Urquhart)**

**تەورێز، ٢٢ ی ئۆکتۆبری، ١٩٤٢**

**FO371/35092/18953**

**کۆنسوولی گشتی بریتانیا، تەوریز**

**٢١ی دیسەمبری ١٩٤٢**

[تەئریخی ناردنی راپۆرتەکە لەباڵۆیزخانەی تارانەوە بۆ لەندەن] :

**٢٨ی دیسەمبری ١٩٤٢**

جەناب،

شانازیم هەیە لەگەڵ ئەم نامەیەدا راپۆرتێکی سەرنج راکێشتان بۆ بنێرم کە لەلایەن جێگیری کۆنسوول "ئۆگدێن"[1]ـەوە لە چاوپێکەوتنی ئەم دواییەی ورمێدا، ئامادەکراوە.

٢- راپۆرتی جەنابی "ئۆگدێن" بیچمی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەیان بەخۆوە گرتووە، کە من بۆم نووسیبوو، لەم روەوە، ئاماژەکردنی بە عومەرخانی شکاك لە پەرەگرافی ژمارە ٤ دا، بەهۆی پێوەندییەکانی ناوبراو لەگەڵ دەسەڵاتداریەتی سۆڤیەتی لە ئازەربایجانی رۆژئاواوە، چەشنە گرنگایەتیەکی سیاسی هەیە.

من [پێشتر] راپۆرتی ئەوەم پێدابوون کە کاتێ کوردەکان لە سەرەتای مانگی دیسەمبردا، لە شنۆ کۆبوونەوە، دەیانویست قەرەنی ئاغا وەك مەزنی خۆیان هەڵبژێرن، رووسەکان عومەرخانیان هێنایە پێشەوە و بەوە، لادانێکی مەترسیداریان لە ئامانجی کۆنفراسەکە کرد. من لام وایە دەکرێ بگوترێ کە عومەرخان، کەرەسەی دەستی رووسەکانە. وەك ئوستاندار

---

[1]- F. C. Ogden

دەڵێ، هەر سەرۆکێکی کورد کە لەجیاتی خزمەتکردنی پێداویستیە خێراکانو خواستی رەعیەت، ببێ بە خزمەتکاری سیاسەتی دەرەوە، نابێ پشتگیری لێ بکرێت.

٣ـ لە پەرەگرافی ژمارە ٨ دا، جەنابی ئوگدێن دەست بۆ (هەڵاتن) ی هێزەکانی رووس ڕادەدێرێت. دەبێ ئەوەش بزانرێت کە تا گۆڕانکاریی گەورەی هێزەکانی سۆڤیەت لە ئازەربایجان، یەکە قاوقازییەکان لێرەو هەروەها لە ئەرمەنستانی رووسیا، هەستێکی زۆری لایەنگریکردنی تورکیایان هەبوو. بەم بۆنەیەوە، گرنگ نییە کە هەندێ کەسی قاوقازی، وەسوەسەی بڕینی سنووری تورکیا و هەڵاتن لە شەڕیان بووبێت. من لەسەر ئەو بڕوایەم کە هێزەکانی ناو ئازەربایجان ئێستا غەیرە قاوقازین کە بە تورکی نادوێن و بە شێوەیەکی سروشتی، وەسوەسەیەکی کەمتر بۆ رووسە خالیسەکان هەیە کە سنووری تورکیا ببەزێنن.

**ر. و. ئورکهارت**

(من، بەیانی رۆژی ١٥ی دیسەمبر، تەوریزم بەرەو ورمی بەجێهێشت... مستر موللر) لە مسیۆنی ئەمریکیم لەگەڵ بوو، کە سەرنجی زۆری دەدایە سەر رێگاوبانەکان و یادداشتی لەمەڕ فاسیلەی شوێنەکان هەڵدەگرت ـ کە بەڕواڵەت بۆ زانیاریی مسیۆنەکەیان بوو. دوای سەفەرێکی بێرووداو، لە دەوروبەری سەعات ٥ی ئێوارە گەیشتنە ورمێ. لە ماڵی قەشە "فڕانسێن"ی میسیۆنی لازاری مامەوە کە یەکجار میواندار و میهرەبان بوو.

www.zheen.org

٢) بەیانی ڕۆژی دواتر، سەری ئوستاندار ـ "دوکتۆر مەرزبان" و فەرماندار "ئەمیرنیزام" و کۆلۆنیل "مەهین" ـ کە لەودەمەدا لەوێ نەبوو، هەروەها سەری کۆنسۆلی رووس و تورکیام دا، کۆنسوولی رووس لەوێ نەبوو و چووبوە تەورێز. دوکتۆر مەرزبان زۆر دژی رووسی دەنواند. سەربازخانەی ورمێ زۆر بێکەڵکە مەگەر بۆ پارێزگاریی شارەکە خۆی نەبێ.

٣) ئوستاندار گوتی کوردەکان گەنمی زیادیان نەماوە، لەبەر ئەوەی هەرچی هەیانبوو، تۆنی بە ١٧٠ تا ٢٠٠ تمەن دایان بە عیراقیەکان و پێش ئەوەی ئێمە پێشنیاری ٣٥٠ تمەنیان پی بکەین.

٤) ئوستاندار، باسی نامەیەکی کرد ـ بەڵام نیشانی نەدام، کە گوایە نووری بەگ نزیك بە مانگێك پێشتر بۆی نووسیوەو بە زمانێکی سووك بە "ئوستانداری ئێرانی" ناوی بردووە و گوتوویەتی بە چ مافێك جەندرمەت ناردۆتە شوێنێك کە ئێستا ئوستانی سوڤیەتییە". سەبارەت بە عومەر خانی شکاك، ئوستاندار گوتی کەسێکی ئەوتۆ نییە و تەنانەت خەڵکەکەی خۆشی پشتگیری ناکەن.

٦) جێگیری کۆنسوولی تورکیا، ئێستاش هەر باسی چوونی کوردی ئێران بۆ تورکیا و دزینی مەڕ وماڵات دەکات.

١٢) پاشنیوەڕۆی ڕۆژی ١٨ی دیسەمبر [ی١٩٤٢] گەڕامەوە تەورێز.

**ئیمزا / ف. سی. ئۆگدێن**

## FO371/35092
## کۆنسوولیەتی گشتی بریتانیا لە تەوریز
## ٢٢ی دیسەمبری ١٩٤٢

جەناب،

لەبیرتانــە کــە دوای ماوەیــەك بــێ بڕیــاری، رووســەکان نــەك هــەر موافەقەیان کرد تیپی ئازەربایجانی سوپای ئێران دابمەزرێتـەوە، بـەڵکوو هانی دەسەڵاتداریەتی ئێرانیان دا و داوایـان لـێکردن لـە کارەکـەدا پـەلـە بکەن. من مەترسی دەربڕینی ئەم بۆچوونەم گرتە ئەستۆ کە ئەم کارەیان لەبەر ئەوە کردووە کە گەلێك بە مەسەلەی کوردەوە خەریکن، وا دەهاتـە پێش چاوم کە لە بێسەرەوبەرەیی کورد وەڕەز بـووبێتن و هیـواداربن کـە بـوونی سـوپای ئێرانـی لـە ئازەربایجـان کـورد ببەسـتێتەوە، بـێ ئـەوەی شـتێکی ناخۆشـی وەك بەربەسـت بـوونی چـالاکیەکانی خۆیـان بێنێتـە ئەنجام. بەپێچەوانە، وا هەیە وایان حیساب کردبێت کە کوردان بـە بـوونی مەترسی چالاکی سوپای ئێرانی، زیاتر دەستەمۆی خۆیان بن.

٢ـ ئەگـەر رووسـەکان هیـوای ئـەوەیان هـەبێت کـە پارسـەنگی نێـوان سـوپای ئێرانـیو کـوردانی چـەکدار رابگـرن، روونو ئاشـکرایە کـە لەبەرژەوەندییاندا نەبێت کە ئێرانیەکان تا هەر رادەیەك بێت کورد لەگـەڵ خۆیان بخەن. دوو شت روویان داوە کە دەمانخەنـە سـەر ئـەو بـیرەی کـە رووس لەڕاسـتیدا دڵنیگـەرانن کـە تفـەنگی کـوردان بکەوێتـە خزمـەتی حکوومەتی ئێران. چەند رۆژ پێش ئێستا هاوڕێ رووسـەکەم لـێی پرسـیم

ئایا بیستوومه كه ئێرانیەكان هەوڵی ئـەوەیان داوە لـە ناوچـەی مـەهاباد، یەكەی چەكداری كورد پێك بهێنن و دیار بوو خۆی لەو بابەتـەوە نیگـەران بێت. من هیچ زانیارییەكم لە هەوڵی تایبەت [ی ئێرانیەكان] بۆ پێكهێنانی یەكەی ئەوتۆ نییە. دیارە حكوومەتی ئێران هـەوڵی جۆربـەجۆری داوە بـۆ ئەوەی سەرەك هۆزی كـورد و پیاوەكانیـان لـەم كاتـەدا بهێنێتـە خزمـەت دەوڵەت و رێكوپێكییەك لە ناوچەكەدا پێك بهێنێت. ئەمیر ئەسعەد [عـەلی ئاغـای عـەلیار]، بـۆ نموونـە، سـەرەك هـۆزی دێبوكرییـەو پـار بـەهار بـۆ ماوەیـەكی كـەم كراوەتـە حـاكمی مـەهابادو پـارەی پێـدراوە بـۆ ئـەوەی هێزێكی چەكدار لە پیاوانی چیایی پیك بهێنێت. هەروەها، كاتێ كە من لە مانگی ئۆكتۆبری پارەكەدا سەردانی مەهابادم كرد، تێگەیشتم كە حـاكمی ئەویّ هێزێكی بچووكی تێكەڵاوی لە عەشیرەتی مامەشو مەنگوڕو گـەورك پێك هێناوە بۆ ئـەوەی نـەزم لـە میانـدواویان دابمـەزرێنێت. ئـەم كـارە وا هەیە بۆ ئەوە كرابێت كە ئێرانیەكان بیریان لەوە كردۆتـەوە سیـستەمێكی ئەتۆ لە پێوانەیەكی گەورەدا دروست بكەن، بەتایبەت بـۆ ئـەوەی لـەكاتی ئێستادا نیگەرانی ئەو دوو هەزار تۆن قەنـدەن وا لـە كارخانـەی [قەنـدی] میاندواو كەوتۆتەوەو بەهۆی كەمبوونی كەرەسەی گواسـتنەوەوە نـاتوانن بیبەن بـۆ تـەورێز. لـە هەرحاڵەتێكدا، لام وانییـە ئـەو گۆڕانكارییانـە، بـۆ هاوپەیمانی رووسمان جێگەی نیگەرانی زۆر بن.

## FO371/35092/14958
## لەتەوریزەوە بۆ وەزارەتی دەرەوە [ی بریتانیا]
## مستەر ئۆرکهارت ١١ی جانیوەری ١٩٤٣

١ـ بارودۆخ [ی ئازەربایجان]، هێدییە.

٢ــ ئوستانداری تازە، بەڵێنی هەوڵێکی کەم وێنەی داوە دژ بەو کەسانەی وا خواردەمەنی هەمبار دەکەن.

٣– بۆ ئەوەی ئەرکی وەکۆکردنی گەنم خێرایی پێ بدرێ، [ئوستاندار] نیازی وایە ژمارەیەك کاربەدەستی خراپی ئیدارەی ماڵیە لەسەر کار لابەرێت. سەرۆك [ی ئیدارەکە]، پێشتر لەلایەن راوێژکاری ئەمەریکییەوە دەرکراوە.

٤– ٦٠٠ سەربازی ئێرانی نێردراونەتە میاندواو، تا پارێزگاری لە کارخانەی پاڵاوتنی قەند لە مەترسی هێرشی کوردان بکەن.

بنکەی ژین
www.zheen.org

**FO371/350921**
**ئانكارا**
**١٣ی جانیوەری ١٩٤٣**
**قۆماندانی میسیۆنی ئاسایشی بریتانیا**

بابەت: کێشەی کورد

ئەوانــەی خــوارەوە، کــورتکراوەی راپــۆرتی "هـ. ویتــاڵ" *ن لــە قامیشلیەوە.

مەئمورییەتی کاپیتەن ویتاڵ تا ئێستا ئەوە بووە کە حەکیمانە لەگەڵ کورد بجووڵێتەوە و لەژوور هەموو شتێکەوە، لە سیاسەت دووری بکات.

هەرچۆنێك بێت، من هەست دەکەم کاپیتەن ویتاڵ لێزانی و داوەرییـەکی وا بەڕێ وجێی هەیە و شوێنێکی وەها قورس و قایمی لە قامیشلیەوە و ئاڵقەکانی فەرەنسی بۆ خۆی گرتووە، کـە ئەگـەر زانیـاری زیـاتر لەمـەڕ کێـشەی کـورد پێویست بێت، واهەیە بتوانێ پوختەیەکی هەمەلایەنە ئاڕاستە بکات. دەکرێ داواتان لێ بکەم کە ئەگەر راپۆرتەکەتان پێ باش بێت، ئـەوا لـە عـەینی کاتـدا فەرمان یاخود پرسیارنامەیەك بۆ رێنوماییکردنی کاپیتەن ویتاڵ بنێرن.

"من چاوم بە ژمارەیەکی زۆری کورد کەوتووە ـ یا زیاتر ئەوان بۆ پیرۆزبایی جەژن هاتوونەتـە چاوپێکەوتنم، بـەڵام لـە وتوویـژدا، قـسە درێـژ دەکەنـەوە. بەگوێرەی فەرمانەکانی رابوردوو، مـن زۆر سـەبارەت بـە سیاسـەت نـەدواوم و لایەنی باس و خواسەکانم نەرم کردۆتەوە، بەڵام گەیشتوومەتە تێگەیشتنێکی گشتی کە، چرا رێنوێنەکان بەتەواوەتی وا نیشان دەدەن کە هاوپەیمانان شەڕ

دەبەنەوە و ئەوانیش [کوردان] سیاسەتی خۆیان بەگوێرەی ئەو ئاکامە دیاری دەکەن. ئەوان دەبینن کە دوژمنایەتیکردنی تورکیا لەگەڵ بەرنامەی گشتی بابەتەکاندا یەك ناگرێتەوە و، رووناکبیرترین و خوێندەوارترینیان وەك دوکتۆر "ئەحمەد نافیز" لام وایە تێگەیشتبێتن کە کێشەی سەربەخۆیی کورد یەکجار ئاڵۆزە و ئەوان ناتوانن بەتەنیایی لە جیهاندا هەنگاو بنێن.

وا وێدەچێ کە بە چاوێکی تیژ و هوشیارانەوە بڕواننە پێشڕەوتی رووداوەکان و، یەکێ لەوان لای وایە کە رێگای سەربەخۆیییان گەلێك دوورودرێژ بووە و، دەبوایە لەرێگەی ئاڵوگۆڕەوە پێی بگەن نەك بە شێوەی شۆڕشگێڕانە. ئەوان هەروەها پێیان گوتم کە ئەوەی ئێستا بیانەوێ، بریتیە لەوەی کە ناسنامەی جیاوازی رەگەزی خۆیان بە دەستلێنەدراوی بهێڵنەوە و ئیجازەیان پێ بدرێت کە زمانو تایبەتمەندییە نەتەوایەتیەکانی خۆیان پەرە پێبدەن.

من گەلێکم گازندە لەمەڕ جیاوازی عەشیرەیی لێ بیستوون، کە کۆسپی رێگای یەکگرتنە. کوردێك گوتی بە بڕوای ئەو یەکەم کاری پێویست ئەوەیە خۆ لەچنگ ئاغاوات رزگار بکەن کە هۆزەکان بە نەزانی رادەگرن بۆ ئەوەی زیاتریان بچەوسێننەوە. گەرچی گومان لەوەدا نییە کە هەموو کەس بەتایبەت لێرە لە سووریا لە دڵەوە دوژمنی تورکانە و بیستوومە کە دەڵێن کوردی تورکیا کە لە شارەکان دەژین، رێز لە بەرهەمەکانی ئەو خوێندن و یاسا و نەزمە دەگرن کە ئێستا هەیانە(؟).

من خۆم لام وایە تورکەکان هەڵەیەکی یەکجار گەورە دەکەن بەوەی کە بزووتنەوەی کورد ناقۆزنەوە. ئینجا لەجیاتی ئەوەی عونسورێکی بەهێز و سەلامەتیان لەگەڵ بێت، برینێکی هەمیشە خوێناوییان دەبێت کە کوردی سەرسنوورەکانی رۆژهەڵاتیانە - گەرچی زۆریش هۆشمەند نەبن. هەرواش دەقەومێت ئەگەر [کورد] لە چوارچێوەی بیری ئێستادا بهێڵرێتەوە. هەروەها لە روانگەی کوردەوە، هەست دەکەم، تەنیا رێگەی چارەسەری داهاتوویان پێوەندی دۆستانە لەگەڵ تورکیایە و پێکهاتن لەسەر کاری هاوبەش بۆ ئامانجی هاوبەشە یاخود بنیاتنانی کۆمارێکی ئەرمەنی - کوردی لەژێر حیمایەتی رووسیادا. ئەوان لەوە لێکدابڕاوترن کە بتوانن بەبێ پارێزگاریی هێزێکی گەورەتر، لەپشت یەکتر بوەستن، بۆ هێزە ئۆروپییەکانیش ئەستەمە بتوانن ئەو پارێزگارییەیان لێ بکەن.

هەرچۆنێك بێت، ئەوە زۆر دوور دەنوێنێت و بۆ ئێستا، کورد لەوە دەچێ بڕیاری دابێت خۆی بە کالیسکەی بەختی ئێمەوە هەڵواسێت. گەرچی دەبێ عادەتی رۆژهەڵاتیش حیسابی بۆ بکرێت کە هەڵوەدای هێزی سەرکەوتوون. ئەگەر ئاڵمانیەکان بە سەرکەوتوویی تورکیایان تێپەڕ بکردایە، وا هەبوو کورد هەوای قەوانی ئێستای خۆی بگۆڕیایە **!"**

لەگەڵ ئەم نامەیەدا کۆپی راپۆرتێکی پێشوو لەمەڕ کوردتان بۆ دەنێرین. جێگەی داخە کە پێشتر راپۆرتەکەتان بۆ نەنێرراوە [راپۆرتەکەی لەگەڵ نییە، وەرگێڕ]

**قوماندانی میسیۆنی ئاسایشی بریتانیا.**

**1) H. Whittall**

## FO371/35092-18958
## بۆ وەزارەتی دەرەوەی (باڵویزخانەی) بەغدا
## ٥ی فیبرەوەری ١٩٤٣

هەڵبژاردەی نامەی ٢٢ی جانیوەری ١٩٤٣ی هـ. ب. م

کۆنسوولی گشتی، تەورێز

"کۆنسوولی گشتی سۆڤیەت ئەمڕۆ هاتە چاوپێکەوتنی من و گوتی:

محەمەد[١] ئەحمەد ئۆغلۆ و عەلی مستەفا ئۆغلۆ ـ دوو کورد لە هۆزێك کە ئەو بە "شەهربازاڕلو" ناوی برد، لە دووهەمی مانگی نوڤامبردا، لە هەندێ کاربەدەستی حکوومی رووس نزیك بوونەتەوە و خۆیان وا ناساندووە کە هاتبێتن بۆ بەڕێوەبردنی خواستی کۆمیتەیەکی کوردی لە سلێمانی. مەئموورییەتیان بەڕواڵەت بریتی بووە لەوەی کە رایبگەیێنن چەند هەزار شەڕکەری کورد ئامادەن یارمەتی رووسەکان بدەن.

هەواڵ دراوە کە لەماوەی وتووێژەکەدا، کوردەکان گوتوویانە لە سیاسەتی ئینگلیز ناڕازین. مستەر "کۆتزنیتزۆڤ"[٢] دیعایەی ئەوەی کرد کە هەر ئەوەندەی کە نوێنەرانی سۆڤیەت گوێیان لە باسی ناڕەزایی لە ئینگلیز بووە، کۆتاییان بە وتووێژەکە هێناوە و بە کوردەکانیشیان گوتووە سوپای سۆڤیەت

---

[١] محەمەد ئەحمەد و عەلی مستەفای شاربازێڕی کێن؟ تۆ بڵێی پێوەندیان بە حزبی هیواوە نەبووبێت! وەرگێڕ.

[٢] MR. Kutznetzov

تا ئەو رادەیە بەهێزە كە هەموو ئەرك و كاری بەبێ یارمەتی [لاوەكی] بەڕێوە دەبات و بۆیەش پێویستیان بە خزمەتی ئەوان نییە."

بنكەی ژین
www.zheen.org

**FO371/35092/150953**

**١٩ی ئاپریلی ١٩٤٣**

**ئێران ـ نهێنی**

لە "سێر ر. بولارد" [باڵوێزی بریتانیا لە تاران]ـەوە بۆ جەنابی ئیدەن [وەزیری دەرەوەی بریتانیا]

نوێنەری ئـەعلا حـەزرەتی شـا، رێـزی خـۆی پێـشکەش بـە سـکرتێری یەکـەمی دەوڵـەتی ئـەعلا حـەزرەتی شـا لـە کاروبـاری دەرەوە دەکـات و شانازی هەیـە لەگـەڵ نامەکەیدا، نوسـخەی نامـەی کۆنـسوولیەتی گـشتی [بریتانیا] لە تەورێز (ژمارە ٧) تان بـۆ بنێـرێ، کـە بریتییـە لـە راپـۆرتی کۆنسوول "ئوگادێن" لەمەڕ سەردانی ئەم دواییەی شاری ورمێ.

**تاران ـ ٣٠ی مارچی ١٩٤٣**

[راپۆرتەکـە سـەرجەم ٧ لاپەڕەیـە و زۆر لایـەنی سیاسـی و کۆمەڵایـەتی شـاری ورمـێ و ئازەربایجـانی گرتۆتـە بـەر: ئەرتەشـی ئێـران، ئەرتەشـی رووس، کـورد و ئاسایش، بارودۆخی خەلە و خەرمان، پڕوپاگەندەی سیاسی و... مـن لێـرەدا، تـەنیا پـاراگرافی ژمـارە ١، ٢، ٣ تەرجەمـە دەکەمـەوە کـە نزیکـەی دوو لاپـەڕە و نیـوی راپۆرتەکەی گرتۆتەوە و باسی مەسەلەی کورد دەکات. وەرگێڕ]

www.zheen.org

**پاشکۆ**

لە کۆنسوولی گشتی "ئورکیهارت"ـەوە بۆ سێر ر. بولارد لە تاران

تەورێز، ٢٠ی مارچی ١٩٤٣

١ـ شانازیم هەیە بەوەی راپۆرتی جەنابی "ئوگدێن" جێگری کۆنسوول لەمەڕ سەردانی ئەم دواییەی ورمێتان بۆ دەنێرم.

٢ـ جەنابی "ئوگدێن" تووشی ناڕەحەتی هاتووە بۆ سەفەرکردن بە قەتار و پاپۆڕی سەرگۆل [ی ورمێ]، بەتایبەت لەم وەرزەی ساڵدا، بەڵام بەبڕوای من سەفەرەکە، بایەخی ئەو زەحمەتانەی هەبوە و پێشنیار دەکەم ئەو سەفەرە، لەکۆتایی مانگی ئاپریلیشدا دووپات بێتەوە، ئەویش بۆ ئەوەی زانیاریمان لەسەر هێرشکاریی کوردەکان هەبێت، کە دوور نییە دەست پێبکات.

٣ـ راپۆرتی جەنابی "ئۆگدێن" وێنەیەکتان بۆ دەکێشێ کە گەلێك بۆمان ئاشنایە، باخێکی پڕ پیتو بەرەکەت، کە بەدرێژایی بەری رۆژئاوای گۆلی ورمێ کشاوەو ئاواڵەیە بۆ بانگهێشتنی کوردی برسیی چیایی. ئێرانییەکان دەیانەوێ پێگەی جەندرمەی خۆیان سەرلەنوێ دامەزرێننەوە و بەهێزیان بکەن، بەڵام رووسەکان نە لەگەڵ ئەو ژمارە پێگەیەی کە ئێرانییەکان دەیانەوێ، موافەقەت دەکەن، نە لەو بنکانەشدا کە ئیجازەیان دەدەن، دەهێڵن جەندرمەیەکی ئەوتۆیان تێدا بێت. بەم پێیە تاقمێکی وەها لاواز، لەلایەن کوردەکانەوە یا راو دەنرێن یاخود لەناودەچن، ئەو کوردانەی بەئاشکرا ئەمساڵیش وەك پار لێبڕاون و دەڵێن جەندرمە نابێ جارێکی دیکە، لەناویاندا پێگە دابمەزرێنێت.

**ر. و. ئورکیهارت**

[پاراگرافی ٤، ٥، ٦ پێوەندییەکی ئەوتۆیان بەکوردەوە نییەو تەرجەمە نەکران ـ وەرگێڕ]

یادداشت

من لە رۆژی ٢٦ی فەبریوەریدا، تەورێزم بەجێهێشت و بە قەتار چووم بۆ ورمێ. لە سەعات ٥ و نیوی بەیانی [رۆژی ٢٧] دا، گەیشتمەجێ.

٦ـ کوردو ئاسایش

هۆیەکی زۆر بەدەستەوەیە بۆ ئەوەی باوەڕ بێنین بەوەی کورد ئەوەندەی دەتوانن خۆیان چەکدار دەکەن. بە نرخی یەکجار گران و بەو پارەیەی وا لە حاسڵی گەنمی پار کەوتۆتە دەستیان، چەك دەکڕن. وا دەردەکەوێ کە لە هەموو ئازەربایجانی رۆژئاوادا، ترسێك نیشتبێتە سەر دڵی وەرزێڕان، نەکا رووداوەکانی پار دووپات ببنەوە. هیچ شتێك نەکراوە و نەگوتراوە بۆ ئەوەی ترسەکەیان رامالرێ، رووداوەکانی ئەم دواییەش (کە دواتر باسیان دەکرێ)، یارمەتی باشتربوونی بارودۆخەکەیان نەداوە.

وەڵامی مەسەلەکەش، لەلای رووسەکانە. ئێرانییەکان پاڵیان لێداوەتەوە و، هەرچەشنە عەیب و ناتەواوییەك بێتە پێشەوە، دەڵێن "من چبکەم ؟". رووسەکانیش بەو قسە بێبناغەیە وەڵامیان دەدەنەوە کە کاری ئەوانیش نییە. بەڵام ئەو "دەست شۆردنەوە" دوولایەنییە، چارەسەری مەسەلەکە ناکات. من دوای پێوەندی گرتن لەگەڵ کاربەدەستی ئێرانی و رووسی لە ورمێ، هەست بەوە دەکەم رووسەکان بەبێ هیچ چەشنە سیاسەتێك هاتوونە ئەم وڵاتەوە و خۆیان تووشی تەنگوچەڵەمەیەکی دڵتەزێن کردووە.

بیر و بۆچوونی رووسەکان لە سەرەتادا ئەوە بوو ئێرانییەکان هیچ چەشنە یارمەتییەکیان نادەن، بەڵام کورد کە توندوتیژ دژ بە ئێرانییەکان دەوەستن، رەنگە ئەم کارە بکەن، بەم بۆنەوە هەوڵیان دا لەگەڵ کورد ببن بە دۆست و، تەنانەت تا ئەو شوێنە چوونە پێشەوە کە چەکداریشیان کردن. لەبەر ئەوەی کاروبار لە "قەوقاز" بۆ رووسەکان باش چووە پێشەوە، کوردەکان بەشێوەیەکی سروشتی و گەلێکیش توندوتیژ، بوون بە لایەنگریان. بەڵام ئەگەر ئاڵمانییەکان سەرکەوتبایەن و لە قەوقازەوە چووبانە ناو ئێران، دڵنیام رووسەکان چاویان بە چەکی خۆیان دەکەوت کە لەلایەن هەر ئەو کوردانەوە کە دیمەنی تالان و برۆی زۆریان لەبەرچاو دەکرایەوە، دژ بەخۆیان بەکار دەهێنرا.

هەرچۆنێك بێت، رووسەکان کە ئەم سەرەتاییەیان بۆ کورد دامەزراند، وەك کەسێکی شکستخواردوو دێنە پێش چاو کە دۆستێکی ماندووی بەگۆنگەڵیان هەیە. "م. ماکسیمۆڤ" کۆنسوولی رووس لە ورمێ، وێدەچێ رێز لە پێویستییەکانی هێدیکردنەوەی بارودۆخ لە ئازەربایجانی رۆژئاوا و بەرهەمهێنانی رادەیەکی زۆری خواردەمەنی و خەلە بگرێ.

ماکسیمۆڤ لە چەند دەرفەتێکدا، یارمەتی کاربەدەستانی ئێرانی لەپێناو راگرتنی کوردەکان لەسەر نەرم و نەسەق داوە و، گومانێکی کەم لەوەدا هەیە کە ئەم هاوکاریکردنەی ماکسیمۆڤ لەگەڵ ئێرانییەکان شوێنێکی ئەخلاقیی گرینگ لەسەر کورد دابنێت، گەرچی رووسەکان بەئاشکرا نایانەوێ دەستی ئێرانییەکان ئاواڵە بهێڵنەوە (کە دوور نییە

هۆیەکەشی هەر ئەوە بێت وا دەیانەوێ پێشینەیەکی باشیان وەك "پارێزەر"ی کورد هەبێت)، بەڵام من لام وانییە رووسەکان کارێکی لەوە زیاتر بکەن کە داوا لە کورد بکەن ژانەسەر نەخوڵقێنن.

جێگری کۆنسوولی تورکیا لە ورمێ، بە پێچەوانەی ئەم بۆچوونە بیر دەکاتەوە. ناوبراو لە پرۆپێستدا باسی کردەوەی دوو رووسی دەکرد کە بە کوردی قسە دەکەن و، دەیگوت ناویان "یۆسفۆڤ" و "جەعفەرۆڤ" بووە کە بەگوێرەی قسەی ئەو، دایم لەناو کوردانددا هاتوچۆیانە. هەروەها دەیگوت گومانی هەیە کۆنسوولی سۆڤیەت خۆی ئاگاداری کردەوەی ئەو دوو کەسە بێت، لەکاتێکدا ئەو ئیمکانەش کە رووسەکان هێندێ پیلانیان لەژێر سەردا بێت ناتوانرێ بەتەواوی بدرێتە دواوە.

وا دیارە، لانیکەم ئەوەش گونجاو بێت کە ئەو جاسووسانە زیانبەخشتر نەبن لەو ئەفسەرە سیاسییانەی خۆمان لە کوردستانی عێراق و ئیشوکاریان بریتی بێت لە ئاگادارکردنەوەی دەسەڵاتداریەتی رووس لە هەڵسوکەوتی کوردەکان. هەرچۆنێك بێت، رووسەکان گومانێکی کەموزۆریان لە ئێمە هەیە و، ئەوەش بە شتێکدا دەردەکەوێت کە کوردێکی هێدی و هێمنی دانیشتووی ورمێیان بە ناوی "محەمەد سەدیق" گرت و لەو ناوچەیەی کە رووسی تێدا نیشتەجێن، دەریان کرد. ئەو گومانەی کە ئەو کەسە، "جاسووسی بریتانیا" بێت، بەرواڵەت لەو راستییە سەری هەڵداوە کە ناوبراو، کوڕی کوردێکی عێراقییە، گەلێك خوێندەوارە و یەك لە پسپۆڕییەکانی بریتییە لەوەی شارەزاییەکی باشی لە زمانی ئینگلیزیدا هەیە.

جێگـــری کۆنـــسوولی تورکیـــا، ئێـــستاش هـــەر زۆر بـــە مەســـەلەی بەردەوامبوونی هێرشـی کـوردانی چـەکدار لەدرێـژایی سـنووری تورکیـاوە خەریکە و دەڵێ کاربەدەستێکی تورک لە ناوچەی سەرسنوور نووسیویە و گوتوویەتی خەڵك بەتونـدی سـەبر و تاقـەتیان لەدەسـت دەدەن و ئەگـەر هێرشەکان رانەگیرێن، مەترسی ئەوەی هەیە خەڵکەکە لە دەسەڵاتی ئێمـە بچنە دەرەوە و بۆ تۆڵەسەندنەوە، بچنە ناو خـاکی ئێرانـەوە. نـاوبراو نـە خـەمی چارەنووسـی کـورد دەخـوات و نـەبیر لـە شـوێندانـانی هێرشـەکە لەسەر پێوەندیی نێوان تورکیا و ئێران دەکاتەوە.

لەوە دەترسێ ئەگەر تاقمە چەکدارە تورکەکان سنوور ببڕن، وا هەیـە سووك و هاسان بکەونە شەڕی لەشکری سۆڤیەتەوە رووداوێك کە دەبێ بە هەموو قیمەتێك بەری لـێبگیرێ. جێگری کۆنسوول لەکۆتاییدا پێـی گـوتم هێزەکـانی تـورك لەسـەر سـنوور، لـە بـەهاردا تـا رادەیـەکی زۆر بـەهێز دەکرێن. پێویستە ئەو هیوایە هەبێت کە رووسەکان لـەم جموجۆڵانـەوە و هۆگـەلێك کـە کارەکـەیان پێویـست کـردووە، ئاگـادار بکرێنـەوە، دەنـا بێگومان بیر لە ئەنگێزەی نهێنی دیکە دەکەنەوە.

لـە هێرشـی ئـەم دواییانـەی کـورد [ی ئێـران] بـۆ سـەر خـاکی تورکـان، کوردەکـان ١٠٠٠ سـەر مـەڕیان لەگـەڵ خۆیـان هێنـاوە و رووسـەکانیش ٢٠٠ سەریان پێبڕاوە کـە داوایاننەتـەوە بـە جێگـری کۆنسوولی [ی تورکیـا]. نـاوی هێرشکەرەکانیشیان پێداوە، بەڵام دەڵێن ناتوانن بیانگرن. تورك، ئەم روانگەیە بە "نەویستن" واتا دەکاتەوە نەك بە "نەتوانین". هەروەها جێگری کۆنسوول،



بنکەی ژین
www.zheen.org

سەرقاڵی ئەو مەسەلەیە کە هەر کات هەوا دەرفەتی پێبدات، نزیکەی ٥٠ ماڵ تورك کە وا چەند ساڵە لە ئازەربایجان دەژین و لەبەر ترسی کوردان ناوێرن بگەڕێنەوە شوێنەکانیان، بۆ تورکیایان بگێڕێتەوە.

من هەستی ئەوەم کرد جێگری کۆنسوولی تورکیا زیادلەئەندازە جەخت دەکاتە سەر خراپبوونی دۆزی ناوچەکە، بەڵام لام وایە مافی خۆی بێت و پێویستە ئەوە بسەلمێنێت کە هەر کەس بۆ ماوەیەکی زۆر لە ورمێدا بژی، ناچار وای لێدێت کاروباری کەمبایەخی ناوچەیی وەك مەسەلەیەکی گرینگی نێونەتەوەیی ببینێت.

بێگومان نەشات بەگ کەسێکی بە جەربەزەو هەرەکەیەو، بێنەرێکی لاوەکی پێی گوتم کاتی کۆنسوولی پێشووی تورك لە ورمێ بوو، ئەو وەك واگۆن دەچوو و نەشات بەگ وەك لۆکۆمۆتیو. شك لەوەدا نییە وەك خۆم بینیم، دەستی بەسەر حاکم [ی ورمێ]دا دەڕوات. بەڵام لەرێگەی ئەم تاکتیکانەوە کوێ بەهیچ ناگات. ناوبراو، ئێرانییەکان - بەهۆی خراپی و کەمکارییانەوە، بە کەم دەژمێرێ و بە خۆمی گوت پێویستە دوای شەڕ [یاسای] "کاپیتۆلاسیۆن" دامەزرێتەوە.

من لام وایە ئەوە روانگەی خۆی بێت بەتەنیا و، هیوادارم وا بێ پێچوپەنا خۆی بە هاوڕێ سۆڤیەتەکەی خۆی نەناساندبێت. "نەشات بەگ" خۆی داستانێکی بۆ گێڕامەوە کە دەیگوت راستەوخۆ لە ئەفسەرێکی ئێرانی بیستووە. ئەفسەرەکە، قوماندانی هێڵێکی بەرگری بووە لە سەردەمی هێرشی رووسەکاندا بۆ سەر ئازەربایجانی رۆژئاوا.

هێڵەکە، پێکهاتبوو لە دوو خەندەکی هاوتەریبی یەکتر، کە دوهەمیان بە فاسیلەیەکی زۆر، کەوتبوە پشت ئەوی دیکەیانەوە. ئەفسەرەکە، ١٠ ریاڵی لە هەرکام لە پیاوەکانی خۆی سەندبوو، بۆ ئەوەی لە هێڵی دووهەمیان دابنێ. کاتێ رووسەکان گەیشتنێ دیارە لەمێژبوو ئەفسەرەکە بەرەو تاران رێ کەوتبوو. کەسێکی ئەوتۆ، ئاشکرایە هەموو شەرت و مەرجێکی تێدایە ببێ بە جەنەراڵ [ی ئێرانی].

جیا لە مەسەلەی هێرشی کوردان بۆ سەر خاکی تورکیا، لەماوەی مانەوەمدا لە ورمێ، دوو رووداوی گرینگ رووی دا:

لە ٢١ی فەبریوەری [١٩٤٣]دا، جەندرمەو کوردەکانی ئیبراهیم بەگی شکاك پێکیاندا دا، جەندرمەکان لەسەر جادەی سەرەکی سەڵماس ورمێ لە شوێنێکدا کە چیاکان لەنزیك گۆلی ورمێ نزم دەبنەوە، چوونە مەتەرێزەوە. سێ جەندرمەو سێ کورد کوژران. کۆلۆنێل مەهین ئەفسەری فەرماندەی هێزەکانی ئێرانی لە ورمێ و کۆنسوولی رووس پێکەوە چوون بۆ چاوپێکەوتنی ئیبراهیم بەگی شکاك کە خۆی وا نیشان دەدا ئاگای لە رووداوەکە نییە، کارێکی ئەوتۆیان پێنەکرا. بەلام بەشداریکردنی کۆنسوولی رووس لە وتووێژەکاندا بەگشتی وای دەگەیاند کە رەزامەندییەك بووبێت بۆ ئەوەی تەکانێکی توند و ناخۆش بە ئیبراهیم بەگ بدرێت.

مێژووی رووداوەکە، دەگەڕێتەوە بۆ زۆر پێش ئێستا. ماوەیەك لەوەپێش "زێڕۆ"ی ناسراو، کە "هەکاری"یەکی عیراقییە و خاوەنی هیچ گرینگایەتییەك نییە، هاتە ئێران و لە گوندی کووکیای ملکی کۆلۆنێل

ئەفشاردا، نیشتەجێ بوو. ناوبراو ئەفسەرێکی ئێرانییەو دەڵێن ئێستا لە تارانە. زێڕۆ خۆی لەگەڵ رووسەکان رێکخست و ئیجازەی مانەوەی پێدرا. ئینجا هێندێ لە هۆزەکەی خۆی لە عێراقەوە هێنا و نازناوی "بەگ"ی بەخۆیەوە بەست. بنکەی جەندرمەی ئێرانی لە ناوچەکەی ئەودا نەبوو. بەڵام هیچ رێگری و دزییەك لە ملکی ئەودا نەدەبینرا. جا هەر ئەوەندەی ئێرانیەکان ویستیان بنکەیەك و بەهەڵکەوت تاقە مەنزڵێکی نێو رێگا لە خاکی ئەودا دابمەزرێنن ـ چونکە دوو بنکەی دەوروبەری شوێنەکە لەیەکتر دوور بوون، ئیبراهیم تووشی ئیرەیی هات و بڕیاری دا نابێ لە زێڕۆی تازەپێگەیشتوو ناخۆشەویستتر بێت. ئینجا دزیی بچووك لەسەر جادەکە دەستی پێکرد ـ ئەو جادەیەی وا پێش هاتنی جەندرمە، ئاشتی و ئاسایشتی زۆر باڵی بەسەردا کێشابوو، ئەم باروخەش بە پێکدادانی رۆژی ۲۱ی فەبریوەری گەیشتە لوتکەی خۆی.

رووداوی دووهەم لە رۆژی یەکشەمەی شەشی مارچ [ی ۱۹٤۳]دا، رووی دا، کاتێ کە کورد و ئاسۆری گوندی نازلوو [ی ورمێ]، پێکەوە هێرشیان کردە سەر بنکەیەکی تازە دامەزراو، کە تەنیا دوو جەندرمە پارێزگارییان لێدەکرد. ئاغای گوندەکە، حەسەن بەگی هەناره وا ناسراوە کە مرۆڤێکی خراپی بەدناو بێت و رێبەری هێرشکەرەکانیش برازای ئەو بوو. لەو دوو جەندرمەیە یەکێکیان بریندار کرا و ئەوی دیکەیان خۆی بەدەستەوە دا. کوردەکان خەریك بوون برینداره‌کە لەناو بەفردا بەجێبێڵن کە نارەزایی نواند و پێی گوتن ئەرکی سەر شانیانە پارێزگاریی

زیندانییەکـەیان بکـەن، ئـەوانیش نایانـە پـاڵ دیوارێـك و زۆر لەسـەرەخۆ تەقەیان لێکـرد. هێـزی یارمەتیـدەری جەندرمـەش لەلایـەن کوردەکانـەوە پاشەکـشەیان پێکـرا و دوو کەسـیان لەدەسـت دا. رۆژی ١٧ی مـارچ [ی ١٩٤٣]، ئەفسەری فەرماندەری ئەرتەشی ئێران لە ورمـێ، هـاورێ لەگـەڵ سەرۆکی جەندرمەری و کۆنسوول و ژمارەیەك ئەفسەری رووس، چوون بۆ نـازلوو. کـوردێکی زۆر گـیران، بـەڵام بەشـوێنیدا بـەرەڵا کـران. دەگـوترێ کۆنسوولی رووس پێی گوتوون پێویستە بنکەیەکی جەندرمەیان هەبێت، چ پێیان خۆش بێـت، چ نـەبێت. هـەر ئاژاوەیـەکی دیکـەش، بەتونـدی وەڵام دەدرێتەوە. دەگوترێ بارودۆخەکە ئێستا ئاساییە.

لە چیاکانی لای باشـووری رۆژئـاوای ورمـێ، نـووری بـەگ هێـشتا هـەر سـەرۆکە. لـەم دواییـەدا، ئێرانییـەکان ویـستیان بنکەیـەکی جەندرمـە لـە ئوشنۆئاباد دابنێن، بـەڵام نـووری بـەگ هێنـدێ چـەکداری خـۆی نـارد بـۆ ئـەوەی پـێش بـە کارەکـە بگـرن. نـاوبراو بـێ خوێنرشـتن سـەرکەوت و پرۆژەکە وەستێندرا. هەروەها دەگوترێ نووری بەگ سـێ ئەرمـەنی هـەن کە لە مەرکەزەکەی واتە "ئەنبی" کاری بۆ دەکەن و فیشەك و قومبەلەی بۆ دروست دەکەن.

بنکەی ژین
www.zheen.org

رووداوێکی دیکە، چەند حەوتوو لەمەوپێش لـە گونـدی "بەربـەڕوود" رووی دا، کە گرینگایەتیی سیاسی نەبوو و تێیدا ئەرمەنییەکی گەنج ـ کـە پێـشینەی خراپی هەیە، دەستی کرد بە کۆکردنەوەی یارمەتی لەنێوان ئەرمەنییەکاندا بـۆ تانگێکی ئەرتەشی رووس! لە ماڵێکدا، ١٦ تمەنی ماڵەکەی دایـە دواوەو داوای

٢٠ تمەنی کرد. لەکاتێکدا خەریکی هێرشکردنە سەر خاوەن ماڵ بوو، کوڕی کابرا گەیشتێ و ویستی بە شەنەیەك لە ماڵ وەدری بنێ. لەئاکامدا ئەرمەنییەکە دەمانچەیەکی دەرهێنا و تەقەی لە کوڕەکە کرد و کوشتنی، ئینجا هەڵاتە شاخی. دەگوترێ کۆنسوولی رووس دەستووری داوە پیاوکوژەکە بگیرێ و بدرێتە دەست عەدالەت.

ئاکامی قسەکانم: رای گشتی ئەوەیە ئەگەر رووسەکان نیشان بدەن کە لێیان قەبووڵ ناکەن، کوردەکان تاڵان و برۆی پارەکە دووپات ناکەنەوە. وەك رووسەکان، بەتایبەت م. ماکسیمۆڤ لەم دواییەدا، بەرەیەکی قایمتریان بەرانبەر بە کوردەکان گرتووە، ترسێکی کەمتر هەیە لەوەی شەڕ لەنێوان کورد و جەندرمەی ئێرانی بقەومێت. بەڵام ئەگەر چاو لە داهاتوویەکی دوورتر بکەین، کۆمەڵگای مەسیحی ورمێ لەوە دەترسێ ئەگەر پێش ئەوەی ئەرتەشی ئێران بەتەواوەتی بەهێز بکرێن و ئاسایشی گشتی بپارێزن، رووسەکان ناوچەکە بەجێبێڵێن، کورد پشت دەکەنە مێژوو و وەك گورگی سەر ئاغەڵ دێنە خوارەوە.

تاقە پێشنیارێکی بنەڕەتی بۆ هاتنەدەر لەم گێروگرفتەم لە "فەرماندە کەماڵ" سەرەکی جەندرمە ئێرانییەکان ژنەفت. ناوبراو گوتی باشترین چارەسەر ئەوەیە پەیمانی ئێستای ئینگلیس - رووس - ئێران هەڵوەشێتەوە و ئێرانییەکان لەدژی "میحوەر"[1] شەڕ ڕابگەیەنن و بەم

[1] مەبەست بەرەی ئاڵمان و ئیتالیا و ژاپۆن و هەروەها عوسمانییە لەبەرانبەر هێزە هاوپەیمانەکان (ئینگلیس، فەرەنسە، سۆڤیەت، ئەمریکا و... تاد).

شێوەیە، لەجیاتی هاوپەیمانی بیٚکردەوە، ببن بە لایەنێکی هەڵسوڕاوی چالاك. لە حاڵەتێکی ئەوتۆدا، رووسەکان - بە بڕوای ئەو، ناتوانن دژ بە ئامادەیی ئەرتەشی ئێران لە ئازەربایجانی رۆژئاوادا هەڵوێست بگرن، کە بیەوێ خۆی بەهێز بکات بۆ ئەوەی بتوانێ لەبەرانبەر کوردەکاندا بوەستێ.

ناوبراو ئەوەشی لێ زیادکرد و گوتی زۆرێك لە ئەفسەرانی ئەرتەشی ئێران هەمان بۆچوونیان هەیە. رەنگە ئەو بۆچوونە راست بێت، بەڵام ئەگەر وابێت، من گومانم لەوەدا هەیە سەرکەوتنێك بێت بۆ پێشڕەویکردنی رووسەکان و خواستێك بێت لە شوێنی خۆیدا و ئەم گۆڕانکارییەی پێکهێنابێت. وا هەیە رووسەکان چاوەڕوانی ئەوە بن، پێشنیارێکی ئەوتۆیان زۆر لەسەرەخۆتر، ئاڕاستە بکرێت.

بنکەی ژین
www.zheen.org

## Fo371/40173/13978
## نوسخەی یادداشتێکی خانم ئـ . ك. س. لەمبتۆن ـ ئاتاشە (راسپێراوی) چاپەمەنی باڵوێزخانەی بریتانیا لە تاران ١٣ی سێپتەمبەری ١٩٤٤

### پێوەندیی کورد لەگەڵ رووس

ماوەیەك لەمەوپێش، بۆ ئەوەی لەتەورێزەوە بە رێگای میاندواو، مەهاباد، سەقزو سنەدا، بچم بۆ کرماشان، بەناو بەشێك لە ئازەربایجان و کوردستاندا تێپەڕیم. هێڵی جیاکەرەوەی نێوان ناوچەی ئێرانی و ناوچەی رووسی، شوێنێك بوو لەنێوان میاندواو و سەقز[١]. دوابنکەی چاوەدێری ئەرتەشی رووس لە میاندواو بوو، سەرباز و جەندرمە و پۆلیسی ئێرانی لە سەقز دەبیندران. ناوچە رووسییەکان لە دەرەوەی تەورێزەوە تا میاندواو و مەهاباد، بە شار و گوندەوە پڕ بوون لە چەکداری تەیاری کورد. من هیچ جەندرمە یان پۆلیسی ئێرانیم چاو پێنەکەوت.

لەگەڵ ژمارەیەك لە کوردی ناوچەکەدا قسەم کرد، هەموویان لەناخی دڵەوە لە سەربەخۆیی کوردستان دەدوان. یەکیان، بازرگانێك بوو لە میاندوواو کە ئەستەم دەبیندرا سوودێکی راستەوخۆی لە کوردستانێکی سەربەخۆدا وەچنگ بکەوێ، [بەلام] دەیگوت کوردستانی سەربەخۆ، هەرچەندە هەژاریش بێت و قوربانی لەپێناودا درابێت، دیسان لە بارودۆخی ئێستا هەر باشتر

www.zheen.org

---

[١] ئەو هێڵە، لە گوندی سەرا . نیوە رێگەی بۆکان و سەقز، ناوچەی دەسەڵاتداریەتی کورد و ئێرانییەکانی لێك جیادەکردەوە. (وەرگێڕ)

دەبێت. هەر ئەو کەسە دەیگوت کوردستانێکی سەربەخۆی ئەوتۆ، هەڵبەت پێویستی بە راوێژکاریی ماڵی و شتی لەو چەشنە دەبێت.

لە مەهاباد، قازی محەمەد کە کوردێکی خەڵکی ناوچەکە و برای نوێنەری مەڵبەندەکەیە [لە مەجلیسی شۆرای ئێران]، وا دیارە سەرۆکی خاوەن دەسەڵاتی ئەو ناوچەیە بێت. من وام هەست کرد کە لەنزیکەوە پێوەندی لەگەڵ رووسەکاندا هەبێت[٢] و هەرچییەکی لەدەست بێت، بۆ بنەبڕکردنی نفووزی کاربەدەستەکانی ئێرانی دریغی ناکات.

چاوڕاو هەیە کە سەرەك هۆزە کوردەکان لەژێر رێبەرایەتی ئەودا، کۆبوونەوەیەکی نهێنیان کردووە[٣]. ناوبراو، بەراشکاوی باسی سەرکەوتنی خۆی لە راونانی کۆلۆنێل هۆشمەند دەکات کە نێردرابوە مەهاباد بۆ ئەوەی پادگانێکی دەوڵەتیی ئێرانیی لە شارەکەدا بنیات بنێ (هۆشمەند، بەهەڵکەوت، لە سەردەمی رەزا شادا لە مەهاباد بووە و پێشینەیەکی خراپی هەیە ـ گەرچی نازانم ئەوەی لەلایەن دوژمنەکانیەوە دراوەتە پاڵ یان نا!).

رۆژنامەیەکی کوردی کە دەگوترێ بەنهێنی بڵاودەبێتەوە[٤]، قازی محەمەد لەچاپی دەدا و بەشداری تێدا هەیە. رۆژنامەکە بەگوێرەی قسەی

---

[٢] ئەو، واتە قازی محەمەد، یەکێك بوە لەو تاقمە کوردەی وا رووسەکان بانگهێشتنیان کردووە.

[٣] دەبێ ئاماژەیەك بێت بەکۆبوونەوەی کۆمەڵەی ژ. ك. (وەرگێڕ)

[٤] دەبێ گۆڤاری نیشتمان ئۆرگانی کۆمەڵەی ژ. ك. بێت کە ژمارەی یەکەمی لە مانگی پووشپەڕ (جولای) ی ١٩٤٣ (١٣٢٢ ه) دەرچووەو دوا ژمارەی (ژمارە ٩) بە سێ

ئەو، پشتگیری لە سەربەخۆیی کوردستان دەکات و لەوە دەچێ وتاری لەسەر کۆمۆنیزمیشی تێدا بنووسرێ.

"میس داڵ"ی نۆروێجی ـ ئەمریکی، کە مێردی بە کوردێکی مەهابادی کردووە و نزیکەی ٢٣ ساڵ لەوێ ژیاوە، پێی گوتم لەوکاتەوە کاربەدەستە ئێرانییەکان بەتەواوەتی لە مەهاباد چوونەتە دەرەوە، بارودۆخی شار، گەڕاوەتەوە دۆخی بیست ساڵ لەمەوپێش.

ڕێگاوبان ـ بەتایبەت لەنێوان مەهاباد و میاندوواودا، هەلومەرجێکی باشی نییە و نیشانەیەکی کەم بەدەستەوەیە کە هەوڵی چاککردنیان بدرێ. لە سەقز بەدواوە، ئیتر جادەکە وەزعێکی باشتری هەیە و هەندێ کاری لەسەر کراوە.

لەنێوان سەقزو کرماشان، جیا لە سەرباز و جەندرمە، هیچ چەکدارێکم چاو پێنەکەوت.

**ئیمزا: ئـ. ك. س. لەمبتۆن**

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

مانگ پێش سەفەری لەمبتۆن بلاوببوەوە. ڕۆژنامەی کوردستان ـ ئۆرگانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان ـ ساڵێك و سێ مانگ دوای سەفەری لەمبتۆن لە ١٥ی دیسەمبری ١٩٤٥دا، ژمارەی یەکەمی دەرچووە. (وەرگێڕ)

**سێر ر. بوللارد (باڵوێزی بریتانیا له ئێران)**
**لەتارانەوە بۆ وەزارەتی دەرەوە**
**٢٩ی سپتەمبەری ١٩٤٤**

لە ئەنجامی ئاژاوەنانەوەی " حەمەڕەشید"دا، عەمەلیات لە کوردستانی باشووری [واتە باشووری کوردستانی ئێران]، لەلایەن ئەرتەشی ئێرانەوە دەستی پێ کردووە.

گەرچی "حەمەڕەشید" حاکمی رەسمی "بانە" نەبوو، بەڵام بۆ ماوەیەك دەستەڵاتێکی زۆری پێکەوەنابوو و "مەحموودی کانی سانانی" لە مەریوان پلەیەکی وەك ئەوی هەبوو و بەڕواڵەت، عینوانی "میرئاخوڕی"شی پێ درابوو.

لەم دواییەدا، حەمەڕەشید، "مەحموودی کانانی سانان"ی لە مەریوان وەدەرنا و تێلگەرافێکی بێئەدەبانەی بۆ حکوومەتی ئێران نارد و تێیدا لەگەڵ حوکمی ئەوان دژایەتی نواند. [بەم کارەش]، هەموو ئەو تێك گەیشتنەی خستە مەترسییەوە، کە ئاشتی نێوان حکوومەتی ئێران و کوردەکان بۆ ماوەیەك لەسەر بناغەی ئەو داندرابوو.

عەمەلیاتی دژ بە حەمەڕەشید، بەبڕوای من، کارێکی دروستە و بەو مەرجە لەلایەن منەوە پەسند کرا، کە سەرکوتکردنەکە هاورێ لەگەڵ تەرحی راستەقینەی ریفۆرمێکدا بەڕێوە بچێ. ئەرتەشی ئێران هەواڵی ئەوەی بڵاوکردۆتەوە کە مەریوانی لەگەڵ زیان گەیاندنی زۆری لایەنگرانی حەمەڕەشید

ـ بە کوژراو و ئەسیرەوە، وەرگرتۆتەوە و ئەو هەواڵەش کە، هەوڵی وەدەرنانی حەمەرەشـید لەبانـەش دەدەن. دەوڵـەتی ئێـران، داوای لـە دەوڵـەتی عـیراق کردووە ئەگەر هاتو حەمەڕەشید لەوێ پەنای بردنە بەر، بیگرن.

٢ـ ئێمە، نیـشانەمان لەلایـەن "ئەتاشـەی چـاپەمەنی" باڵوێزخانـەی ئـەعلا حەزرەت [شای بریتانیا] وە بەدەسـتەوەیە، کـە کـوردی ناوچـەی رووس* لـە ئێران، بەئاشکرا چەکیان هەڵگرتووە و لە سەربەخۆیی دەدوێن. کاربەدەستانی رەسمـی ناوچـەکە، بـەهۆی ئـەو راسـتییەوە بێدەسـەڵات ماونەتـەوە، کـە کاربەدەسـتانی رووس ئیجـازە نـادەن ژمـارەی پێویـست لـە ئەرتەشـی ئێـران بنێردرێنە ورمـێ. هـەمان شـت، سـەبارەت بـە مـەهابادیش راسـتە و وا دیـارە "قازی محەمەد"، مەرکەزی بزووتنەوەی سەربەخۆیی بێت لە کوردستان.

٣ـ هەندێ نیشانە بەدەستەوەن کە کوردی جاف، کاتێ لەم دواییانـەدا بۆ لەوەڕانـدنی مـەڕوماڵات هاتوونەتـە ئێرانـەوە، ئەفـسەری فەرمانـدە[ی ئێران]، کە دوایی لەلایەن ئەفسەری فەرماندەی کوردانیـشەوە پـشتیوانی کراوە، زۆر خراپیان لەگەڵ جووڵاوەتەوە.

من زۆر جیـدی لەگـەڵ سـەرەك وەزیـر[ی ئێرانـدا] دوام و بەتونـدی داوام لێکرد، بە هەموو ئەفسەرێکی ئێرانی ـ کـە لەپێوەنـدیی کـورددان، رابگـەیێنێ هەرچەشنە هەڵسوکەوتێکی ناحـەزیان، وا هەیـە لـە هـەموو بەشـێکی ئێـرانو کوردستاندا، رەنگدانەوەیەکی زۆر جیدی هەبێت، چۆن ئـەو کەمایەسـییانەی وا دەوڵەتەکـەیان خراپیـان لەگـەڵ دەبزوێتـەوە، بەشـێوەیەکی سروشـتی ئارەزووی ئەوە دەکەن لە لایەنێکی دیکەوە پشتیوانی وەدەست بێنن.

سەرەك وەزیر بەتەواوەتی ئاگاداری حەساسبوونی مەسەلەكەیە، بەلاّم بەرگریكردن لە دلّڕەقی و چاوچنۆكی ئەرتەشی ئێرانیش بە كارێكی هاسان نازانێت. [سەرەك وەزیر] پێشنیاری ئەوە دەكات كە " فەهیمی" ـ وەزیری راوێژكەر، كە پیاوێكی ژیرە و ئەزموونی حكوومەت لە ئازەربایجانی هەیە و هەروەها یەكێكە لە نوێنەرانی [كورد] بنێررێتە شوێنی عەمەلیات.

سەرەك وەزیر، دەڵێ نیازی لە بەڵێندانی ئەو ریفۆرمانە ئەوەیە [لەنێوان كۆتایی لاپەڕە یەكەم و سەرەتای لاپەڕە دووهەمی ئەم بەلگەنامەیەدا، چەشنە شێواویەك دەبیندرێ، كە لە تەرجەمەكەشدا رەنگی داوەتەوە. وەرگێڕ]، گەرچی ئەم مەئموورانە ... (؟) هەروەها دەڵێ بەهۆی ئەو راستییەوە كە خۆی ئەندامێكی كەمایەسی تورك لە ئێرانە، ئەگەر جێگەی گومانلێكران نەبوایە، بەڵێنی ئازادیی خوێندن بە كوردیی لە قوتابخانە سەرەكییەكاندا، دەدا.

ـ هیوادارم پیش ئەوەی فەهیمی بچێ بۆ كوردستان، چاوم پێی بكەوێ و ببینم كە بیروڕای ژیرانە و مرۆڤانە لەگەڵ خۆی دەبات.

**FO371/40173/130978**
**لەتارانەوە بۆ وەزارەتی دەرەوە [ی بریتانیا]**
**سێر ر. بوللارد [باڵوێزی بریتانیا لەتاران]**
**٨ی ئۆكتۆبەری ١٩٤٤**

ئەرتەشی ئێران، بەبێ تەنگوچەڵەمە، (بانە)ی گرت.

٢ـ قازی محەمەد و سەرەك (هۆزان) ی ناوچەی مەهاباد، لەلایەن سەرەك وەزیرەوە، بانگ کراونەتە تاران، بەگوێرەی قسەی کۆنسوولی ئەعلا حەزرەت لە تەورێز، بۆچوونی [کوردەکان] ئەوەیە "حەمەڕەشید" لەسەر ئەو پەیمانە ماوەتەوە، کە لەگەڵ حکوومەتی ئێرانی بەستبوو، بەڵام مشتومڕی ئەوتۆ، زەحمەتە بگاتە ئەنجام. ئەگەر باوەڕ بە پەیامی نهێنیی "حەمەڕەشید" بۆ کۆنسوولی گشتی ئەعلا حەزرەت لە تەورێز بکرێ، حەمەڕەشید داوای یارمەتی لە بریتانیا دەکات و ئەو هەڕەشەیەش دەخاتە پێش چاو کە ئەگەر ئەوە سەرنەگرێ، داوای یارمەتی لە هۆزەکانی تر و هەروەها رووسەکان دەکات. رووسەکان، مەیلێکی زۆر نیشان دەدەن (ناخوێنرێتەوە) و لەوە دەچێ بەو هەنگاوە توند و تیژانەی هەڵێنراوەتەوە، زۆر خۆشحاڵ نەبن، لەکاتێکدا، کە ئەفسەرێکی رووس بە فەرماندەی ناوچەیی ئێران لە سەقزی گوتووە، هیچ پێوەندییەکیان بە عەمەلیاتی ئێستاوە نییە و گەرەکیانە ئەگەر عەمەلیاتەکە، بەرەو باکوور ـ واتە "مەهاباد" و "میاندواو" پەرە پێ بدرێ، ئەوانیش ئاگادار بکرێنەوە و هەروەها پێیان خۆشە چارەسەرێکی ئاشتیخوازانە بۆ مەسەلەی کورد بدۆزنەوە.

٣ـ سەرەك وەزیر دەڵێ بڕیاری داوە، بە "فەهیمی"دا، چای و قەند و قوماش بنێری تا لە ناوچەی عەمەلیاتدا، دابەش بکرێ. ئەوەش کە چۆن (ناخوێنرێتەوە) باذ [ـە] بەڕێوە دەبات (؟) نازانرێ. مەسەلەکە، زیاتر بەستراوەتەوە بەو پرسیارەوە، کە ئایا دەوڵەتی عیراق دەتوانێ "حەمەڕەشید" بگرێ یان نا.

**FO371/40173-130978**

**لەتارانەوە بۆ وەزارەتی دەرەوە**

**٢٠ی نڤامبری ١٩٤٤**

ئاماژە بە تێلگەرافی ژمارە ٣٤/ ٤٢٢ / ٦٨١٠ ئێ **V08**

بنکەی ژین
www.zheen.org

سنووری ئەو ناوچانەی وا بۆ هات و چۆی رووسەکان، بەسەر [جادە ؟] یاخود بـە رێگـای ئاسـندا پێویـست بکـات بـە [ناوچـەی] سـوپایی ئێمـەدا تێپەڕبن، بەشێوەی خوارەوەیە:

خانەقین ـ کرماشان ـ هەمـەدان ـ سـوڵتان ئابـاد [ئـەراك] ـ مەسـجیدی سولەیمان ـ هەفتگیل ـ گەچساران ـ بەندەر دەیلەم.

رووس [لەداهاتوودا] بەربەرەکانی بەربەستبوونی هاتوچۆی خۆیان بۆ شوێنگەلی دەوروبەری ئەو ناوچەیە دەکەن بەناوی ئەوەی کە پێوەندی بە ئاسایـشی رێگـای یارمـەتی گەیانـدن بەرووسـیاوە نییـە و هـەروەها بـێ پێوەندە لەگەڵ ناوچەی حەیاتیی مەیدانی نەوت بۆ بریتانیا.

بنكەی ژین
www.zheen.org

**FO371/40173-130978**

**لە [باڵوێزخانەی] تارانەوە بۆ وەزارەتی دەرەوە**

**٢٢ی نڤامبری ١٩٤٤**

ئاماژە بە تێلگەرافی ژمارە ١٠٠٤ / ئی / ٩٤ی من.

حەمەڕەشـید [خـانی قـادرزادە] لـە رۆژی ١٨ی نڤـامبردا تەسـلیمی کاربەدەستانی عیراقی بوو. ئەوەش، حکوومەتی ئێرانی یەکجار خۆشحاڵ کـردووەو، ئـەمڕۆ شـا سپاسـی خـۆی لـە نفـووزی بریتانیـا لـە بەغـدا بـۆ هاوکاریکردنی عیراق، راگەیاند.

## FO371/45478/25338
## ٣٠ی نڤامبر تا ١٤ی دیسەمبری ١٩٤٤

٣٢٦- ورمێ

کۆبوونەوەیـەکی "بـەرەی ئـازادی" لـە رۆژی ٢٤ی نڤـامبردا لـە ورمـێ بەڕێوەچووە و تێیدا "ئارداشێز هوڤهاناسیان" و "عەلی ئـەمیرخیزی" وتاریـان داوە. جگە لە خەڵکی شار، ژمارەیەکی بەرچاوی گوندییە ئەرمەنی و ئاسـۆری و موسڵمانەکانی تێدا بەشدار بوون.

٣٢٧- کاروباری دیکەی کورد

هێمنایـەتی ناوچـە عەشـیرەییەکانی هـەردوو ئوسـتان [ئازەربایجـانی رۆژهەڵاتو رۆژئاوا]، بەیەك رووداوی بچووك شێوا: دەوروبـەری رۆژی ٥ یا ٦ی دیسەمبر، چەتەی هەرکی، زێرۆ بەگ، لۆرییەکی لەنزیك ورمێ راگرت و ئەوانەی وا تێیدا بوون هەموویانی رووت کرد.

سـەرهەنگ دورەخـشانی، ئوسـتانداری ئازەربایجـانی رۆژئـاوا، جێگـری فەرمانداری کردە مەئموور بۆ ئەوەی بەگوێرەی پێویست هێز بنێرێتە سەری و

www.zheen.org

هەموو هەوڵی خۆی بدات بۆ ئەوەی هەندێك لـە پیـاوانی زێـڕۆ بـەگ بگرێـت یـا بکووژێت. تاقمی زێڕۆ، دەگوترێ، ٨٠ کەسێك بن.

هەواڵدەرێك لە بازاڕی تەورێزەوە رادەگەیەنێت کە کڕیاری کورد لە دەوروبەری هەفتەی رابووردودا، هەرچی کووتاڵی خوری ناوچەیی و کەتانی رووسییە کڕیویانە و ئەو شتومەکانەیان گەیاندۆتە نزیك تەواوکردن و جلوبـەرگیش بـە بـار دەکـڕن. هەواڵدەرەکە، لای وایە رادەی ئەو شتومەکە لە مەسـرەفی ناوچـەکە زیـاترە و وا هەیە بازاڕێکی پڕسوودیان لە تورکیا یا عیراق دۆزیبێتەوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

# رۆژمێری تەورێز

"تەورێز" یا "تەبرێز"، شاری سەرەکی ئازەربایجانی ئێرانە. لە سەردەمی حوکمی ڕەزاخانی پەهلەویدا، ئازەربایجانی ئێران کرا بە دوو بەشی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواوە. تەورێز، ناوەندی بەشی ڕۆژهەڵاتو، ورمێ مەرکەزی بەشی ڕۆژئاوایە، بەشێك لە کوردان کەوتوونەتە ئازەربایجانی ڕۆژئاوا و ئەگەر لە ڕابردوودا، کەمووزۆر، کوردێك لە مەراغە، مەرەند، تەسوج یا شەڕەفخانە بووبێت، ئیتر ئەمڕۆ لەو شارانەی ئازەربایجانی ڕۆژهەڵاتدا، کورد نەماون.

کۆنسوولیەتی بریتانیا لە تەورێز، لەماوەی باسی ئێمەدا، سەرپەرشتی کاروباری هەردوو بەشی ئازەربایجان و هەروەها ئوستان (محافظة)ی کوردستان و کرماشانی کردووە و کۆنسوولیەتی تەورێز لە مەسەلەی بارودۆخی کوردستاندا، گەلێك گرنگە.

بەشێك لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا لە "پۆبلیك ریکۆرد ئۆفیس"ی لەندەن[1]، کە پێوەندییان بەئێرانەوە هەیە، لە فایلی تایبەت بە **Tabriz Diaries** دا تۆمار کراون. لە ماوەیەکی چەندین ساڵەدا، هەموو ١٠ تا ١٥ ڕۆژ جارێك کۆنسوول یا بەرپرسێکی سەرەکی کۆنسوولیەتی بریتانیا لە تەورێز ڕاپۆرتێکی لەسەر بارودۆخی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، نیزامی و ئاسایشی ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئێران (بەکوردستانەوە) ئامادە کردووە و ناردوویەتی بۆ باڵوێزخانەکەیان لە تاران. تارانیش لەگەڵ یادداشتێکی کورت یاخود هەڵسەنگاندنێکی هەواڵەکاندا ئاراستەی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا لە لەندەنی کردووە.

ڕاپۆرتەکان، گەلێك ورد و هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکە لە ڕادەی خۆیدا، قووڵ و متمانەپێکراون. ژمارەیەك ڕووداوی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ڕاپۆرتەکاندا ڕەنگیان

[1] Public Record Office, London.

داوەتەوە کە زۆریان لەبیر چوونەتەوە و لە سەرچاوەکانی دیکەدا، باسیان نەکراوە. هەموو راپۆرتێك ١٠ تا ١٥ لاپەڕە گەورە (A3) دەگرێتەوە و بەگشتی بۆ توێژینەوە لە مێژووی هاوچەرخی ئێران، سەرچاوەیەکی سەرەکین.

ئەو بەشانەی وا ژیانی کورد و بارودۆخی کوردستان دەگرنەوە، بە مەزندە یەك تا دوو لاپەڕەی هەموو راپۆرتێك دەگرنەوە و ئەوەندەی من سەیرم کردبن جێگەی متمانەی زۆرن. هۆی مەسەلەکەش، هەست بە بەرپرسیاریەتیکردنی کاربەدەستانی کۆنسوولیەت لەلایەك و هەبوونی سەرچاوەی گرنگ ـ واتە مەئموور و جاسووسی خاوەن ئەزموون لەلایەکی دیکەیە.

مەئموورانی سیاسی بریتانیا لە پێوەندییەکی نزیکی سەرەك عێل و دەرەبەگی گەورەی کوردستاندا بوون. ئەو کەسانە، هەواڵی هەموو جموجۆڵێکی کوردیان راستەوخۆ داوە بە کۆنسوولیەت و باڵوێزخانەی بریتانیا.

"رۆژمێری تەورێز" بەگشتی لە پێوەندیی بارودۆخی ئازەربایجاندا نووسراون، بەڵام هێندێك بەشیان تەرخانی مەسەلەی کورد کراوە و ئەویش لە دوو بەشی جیاوازدا خۆ دەنوێنێ کە هەموو جاری یەکبەدوایەکدا دێن:

- ورمێ (رەزائیە)
- مەسەلەکانی دیکەی کورد

لەراپۆرتەکاندا ورمێ وەك شارێکی کورد سەیر کراوە و نزیك بە ٨٠٪ی راپۆرتەکانی ورمێ، مەسەلەی کورد دەگرنەوە، پاشماوەی، لە پێوەندیی چالاکیی حیزبی توودەی ئێران لە ورمێ و دەوروبەریدا نووسراون. بەشی دووهەم واتە "مەسەلەکانی دیکەی کورد" بەشێوەیەکی سەرەکی مەهاباد و دەوروبەری دەگرێتەوە. ئەگەر باسێك لە ناوچەکانی دیکە بۆ نموونە: سنە و کرماشانیش دێتە گۆڕێ، زۆرتریان لە پێوەندی هەر ئەو مەسەلە دایە وا مەهاباد مەرکەزیەتی ـ واتە کۆماری کوردستان و چالاکی سیاسی ـ نیزامی کورد لە بواری دامەزراندن و پاراستنی کۆمارەکە.

www.zheen.org

## رۆژژمێری تەورێز
## ژمارە ١ ساڵی ١٩٤٥
## FO371/45478/25338
## لە ٢٨ی دیسەمبری ١٩٤٤ەوە تا ١٢ی جانیوەری ١٩٤٥

٨) رەزائیـە [ورمـێ]. لـە دەوروبـەری رۆژی ٢٦ی دیـسەمبەری ١٩٤٤دا، کۆبوونەوەیەکی "جەبهەی ئازادی" بەستراوە بۆ ئەوەی لقێکی [رێکخراوەکـە] لەو ناوچەیە بکرێتەوە. حیزبی توودە لە رابردووشدا، لێرە بەهێز بووە، بـەڵام جەبهـەی ئـازادی، هـەر بـوونی نـەبوە... راپـۆرتی متمانـەپێکراو دەڵـێ دەسەڵاتداریەتی سۆڤیەت، لە ناوچەی ئازەربایجانی رۆژئاوا، ١٥ سەرەك هۆزی شـکاکی بـۆ "بـاکۆ" بانگهێـشتن کـردووە کـە "تـەها ئاغـا" کـوڕی سمکۆی خوالێخۆشبوو و کوڕی "عەمەرخان" و کوڕی سەرتیپ خان و "قۆیتاس ئاغـا" دەگرێتەوە. لەوانە، حەوت کەیسان گەیشتوونەتە تـەورێز و دەگـوترێ ئـەوانی دیکەش لە مەهابادەوە وەڕێ کەوتوون.

٩) کێشەیەکی دیکەی کورد. وەك لە رۆژژمێری پێشتردا باسکراوە، هێنـدێ رقەبەری لەنێوان سەرەك هۆزانی عەشـیرەتی "دێبـۆکری" لـە ناوچـەی نێـوان میانـدواو و مـەهاباددا هەیـە. "عـەلی ئاغـای ئێلخـانیزادە [ئـەمیر ئەسـعەد]" ئێرەیی بە دوو براگەورەی خۆی، واتە مەحمودئاغا و بایزئاغا، دەبات و پێیـان بەدگومانە. ناوبراو تازە بەو راستیەی زانیوە کە کوڕانی ئەو دوو کەسە ـ قاسـم ئاغا و عەبدوڵڵا ئاغا، لەلایـەن تارانـەوە بـۆ پێکهاێنـانی هێزێکی ١٥ سـوارەیی

دەست نیشان کراون کە چاوەدێری ڕێگای نێوان میاندواو و سەقز بکات. "سەرهەنگ کەمال" ـ فەرماندەی جەندرمری لە ورمێ، فەرمانی ئەم ئەرکەی پێگەیشتووە و چۆتە گوندی ئەمیر ئەسعەد لەنزیك بۆکان[١] بۆ ئەوەی بۆچوونی ئەو سەبارەت بەو دوو کەسە بزانێت.

ئەمیر ئەسعەد گەلێك تووڕە و ناڕەحەت بووە و گوتوویەتی هەموو گوندی ئەمبەر و ئەوبەری جادەکە ملکی منن، هیچ کاتێکیش ئاژاوەیان تێدا بەدی نەکراوە. بەڵام ئەگەر برازاکانم بە سواری خۆیانەوە چاوەدێری شوێنەکە بکەن، ئەوا زۆر زوو [ئاژاوە] بەرچاو دەکەوێت.

هێشتا نازانرێت ئایا قاسم و عەبدوڵڵا دەستیان بەو ئەرکە کردووە کە لەلایەن دەوڵەتەوە پێیان سپێراوە؟ هەردوکیان حاسڵێکی باشیان لە ناوچەی بۆکان هەبوە و وەك تاجر، گەنمیان بە دەوڵەت فرۆشتووە. هەر تۆنێکی گەنمیان لە بۆکان بە ١٥٠٠ [قران / ریال] کڕیوە و لە تەورێز بە ٢٩٠٠ قرانیان فرۆشتووە. دەگوترێت کە کۆنتراتێکیان گەیاندبێتە ئەنجام و تێیدا هەزار تۆنیان بە هەمان نرخ فرۆشتبێت. هەروەها پێیان خۆش بێت کۆنتراکتێکی تازەتر بەرێوە ببەن.

بنکەی ژین
www.zheen.org

[١] دەبێ گوندی "عەمبار" یا "وشتەپە" بێت لە باکووری بۆکان ـ وەرگێر.

بەقسەی ئیبراهیم ئیلخانیزادە کوڕی ئەمیر ئەسعەد[2]، کۆمەڵەی ناسیۆنالیستی ژ. ك ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لە مەهاباد بەهێزتر دەبێت، هەر داواکارییەك بۆ ئەندامەتی ژ. ك دەنێردرێتە لای دەسەڵاتداریەتی رووس لە میاندواو یا ورمێ و ئەوان دەبێ پەسندی بکەن[١]. دەگوترێ کوڕانی مەحموود ئاغا و بایزئاغا لە هۆزی دێبۆکری بە هەمان شێوە چووبێتنە ناو کۆمەڵە. ئیبراهیم ئێلخانیزادە هەروەها گوتی هەموو ژمارەیەکی گۆڤاری کوردی "نیشتمان" دەنێردرێتە کۆنسوولیەتی گشتی سۆڤیەت لە تەورێز و دوای تەرجەمە و ڕێکوپێك کردن، دەبرێتە چاپەمەنی پێشەوای روحانی ئەرمەنیەکان بۆ ئەوەی لەوێ چاپ بکرێت. لە مەسەلەی هەڵسەنگاندنی ڕاستی و ناڕاستی ئەم مەعلووماتە، پێویستە ئیرەیی ئیبراهیم بە ئامۆزاکانی لەبەرچاو بگیرێت.

ڕاپۆرتێکمان لەلایەن ئەمیر ئەسعەدەوە پێگەیشتووە کە دەڵێ لە دەوروبەری ڕۆژانی ٢٨ یا ٢٩ی مانگی دیسەمبری ١٩٤٤دا، ئەفسەری

---

[2] ئەم بەشەی هۆزی دێبۆکری هەموویان بە ئێلخانیزادە ناسراون. بەڵام دواتر، بەرەی عەلی ئاغا ناسناوی "عەلیار"و بەرەی حاجی بایزئاغا ناسناوی "موهتەدی"یان هەڵبژارد، لەکاتێکدا بەرەی مەحموودئاغا بە هەمان ناوی "ئێلخانی زادە" مانەوە. ئەو ئیبراهیم ئاغایەی وا لێرەدا بە ئێلخانیزادە ناو دەبرێت، لەڕاستیدا برایم ئاغای عەلیار کوڕی عەلیاغای سەردار ئەسعەدە و جیاوازە لە برایم ئاغای ئێلخانیزادە کوڕی مەحموودئاغا - وەرگێڕ.

[١] ئەم تاوانەی دەدرێتە پاڵ کۆمەڵەی ژ. ك، لەوە ناچێت هیچ ڕاستییەکی تێدابێت. ئەم قسانە لەلایەن برایم ئاغای عەلیار و لە پێوەندی نێوان ناخۆشی لەگەڵ ئامۆزاکانیدا کراوە کە دەزانین چەشنە پێوەندییەکیان لەگەڵ کۆمەڵەدا هەبوە، گەرچی ئەوانیش هاتوچۆی کۆنسولیەتی تەورێزیان کردووە و هەواڵی کۆماری کوردستانیان پێڕاگەیاندوون!- وەرگێڕ.

www.zheen.org

قۆماندانی هێزەکانی رووس لە میاندواو، سەردانی گوندی ئەرمەنی بلاغی لە بەشی رۆژهەلاتی جادەی نێوان بۆکان و میاندواو کردووە و لە گەورە [کوێخا؟]ی ئاواییەکەی پرسیوە ئایا هەواڵی ئەوەی هەیە چەند رۆژ پێشتر ئۆتۆمبیلێکی سپی بە سێ ئەفسەری بریتانییەوە گەیشتبنە گوندەکە؟ کوێخا هیچ زانیارییەکی لەم بارەیەوە پێنەداوە، بەلام بە قسەی کوڕی ئەمیر ئەسعەد، لە کۆتاییدا دەری خستووە کە سێ ئەفسەرە بریتانیاییەکە سەردانی گوندی ئۆچکوتە (رەنگە چیچەکەوتە بێ) یان کردووە[١].

کوێخا گوتوویەتی بۆیە درۆم کردووە و گوتوومە ئاگام لێ نییە، تا پێشی پرس‌وجۆی بەژانەسەریان بگرم، چونکوو وای بۆ دەرکەوتووە کە ناوبراو، گەلێك لە هەڵس‌وکەوتی ئەفسەرەکانی کۆڵیوەتەوە و بەقسەی ئەو، راپۆرتی ئەوەیان پێگەیشتووە کە ئەفسەرە بریتانیاییەکان سەبارەت بە "نەقشە و پلانی رووس لە ناوچەکەدا" پرس‌وجۆیان کردبێت. دوو هەزار کەس لە هێزی سەرتیپ هۆشمەند[ئەفسەری فەرماندەی ئەرتەشی ئێران] لەژێر قۆماندانیی سەرگورد "کۆششی"دان لە بانەوە چوون بۆ سەردەشت کە ماوەی زستان لەوێ بمێننەوە.

J. H. Wall, January **12, 1945**

[١] ناوی راستەقینەی ئەم گوندە دەبێ ئەشکەوتان بێت کە بەدەست بنەماڵەی "عەبباسی"یەوە بووە و، عەبباسییەکان بەتایبەت حەمەد ئاغای عەبباسی هەڵوێستی دژ بە کۆماری کوردستان و رووسەکانیان هەبوو. حەمەد ئاغا، دوای رووخانی کۆماری کوردستان کرایە نوێنەری سەقز و بانە لە مەجلیسی شۆرای میللی ئێران و درەنگتر بوو بە "سناتور انتصابی شاه" لە ئوستانی کوردستان.

بنکەی ژین www.zheen.org

# رۆژژمێری تەوریز
# FO371/45478
# ١٦ تا ٢٨ی مانگی فەبریوەری ١٩٤٥

**٤٩– ورمێ**

رۆژی ١٤ی فـــەبریوەری، پێکـــدادانێك لـــەنێوان تـــاقمێکی بـــچووکی هێزەکانی ئێران و ژمارەیەك لە پیـاوانی رەشـید بـەگی هـەرکی ـ سـەرەك هۆزی کورد لە دۆڵی رەوزەچای کە چەند مایلێك کەوتۆتە بـەری بـاکووری ورمـێ، رووی داوە و بۆتـە هـۆی کـوژرانی سـەروان [مێجـەر] مـەعافی ئەفسەری تاقمە ئێرانییەکە.

حیزبی توودە دەیەوێ ئـەو رووداوە وەك هێرشـکردنە سـەر ئەنـدامانی خۆی لەقەڵەم بدات، لەکاتێکدا وا هەیە راستییەکەی بریتی بێت لە ئاکامی بەناچـاری رووبەڕووبوونـــەوەی دوو لایـــەنی چـــەکدار کـــە بەشـــێوەیەکی ناپێویست [لە چەك بەکارهێناندا] هەڵەشەییان کردووە.

شێوەی راگەیاندنی رەسمی [دەوڵەت]، لەگـەڵ ئـەوە[ی سـەرەوە]دا، گـــەلێك هاوچەشـــنە: وا دەردەکـــەوێ کـــە هێزەکـــانی ئێـــران بەشـــداریی مەشقێکی حەوتووانەیان کردووە، کاتـێ کـە چـاویان بـە چـەند سـوارەی کـورد لـەنزیك گونـدی گـەجین دەکـەوێت. مێجـەر مـەعافی دەمانـچەکەی دەکێـشێ و بـە سـواری لێیـان دەچـێتە پێـشەوە بـۆ ئـەوەی فـەرمانی پاشەکشەیان پێبـدات. سەرچـاوە رەسمییـە رووس و ئێرانییـەکان لـەوەدا

هـاودەنگن کـە ئـەوە نـاوبراو بـوو یەکـەمجار تەقـەی لـە کوردەکـان کـرد، ئەوانیش وەڵامی تەقەیان دایەوەو خۆیو ئەسپەکەیان کوشتو ئینجا بۆی دەربازبوون. رووداوەکە دەنگدانەوەیـەکی زۆری هـەبوو، ئـەویش وا هەیـە بـەهۆی ئـەوەوە بوویێـت کـە مێجـەر مـەعافی لەبـەر ئازایـەتی خـۆی، ئەفـسەرێکی ناسـراو و خۆشەویـست بـوو، بـەڵام کارەکـەی بەشـێوەیەکی سەرسورهێنەر، دوور لە لێکدانەوە دێتە پێش چاو.

ئوستاندار لە تەورێز بەراشکاوی گوتی ناوبراو بێعەقڵیی کـرد بـە تاقەکـەس هێرشی بردە سەر کوردەکان. چاپەمەنی [حیزبی] توودە، هەموویان روانگەی رەسمی [دەوڵەت] گەورە دەکەنەوە. لە شوێنێکدا دیعایەی ئەوە دەکـەن کـە گـەڕانی هێـزی ئێرانـی بـە دۆڵـی گەجینـدا، بۆتـە هـۆی هانـدانو هەڵخڵانـدن، چونکوو ئەو شوێنە پێشتر بۆ مەشقی سوپایی بەکار نەهێنرابوو.

[رۆژنامەی] خاوەری نەو دەنووسێت: دوو کـوردی خـەڵکی گـەجین و دوو جاندرمە، تەقەیـەکی سـووکیان لەیـەکتر کـرد و ئینجا مێجـەر مـەعافی خـۆی تێکەڵاوی مەسەلەکە کرد. کاتێکیش ناوبراو پێکرا، هێزەکـانی ورمـێ بەربوونـە بۆمباردمـانی گوندەکـە، بـە بیـانووی ئـەوەی ئـەو کوردانـەی وا [مـەعافییان] کوشتبوو، خۆیان لەوێ شاردۆتەوە، پاشان بۆ ماوەی ٧ رۆژ دەستیان بەسـەر گوندەکەدا گرت و ژمارەیەك لە دانیشتوانیان دەستبەسەر کرد.

گـەجین لەڕاسـتیدا گونـدێکی تێکـەڵاوە، زۆربـەیان تـورك و بەشـێکیان کوردن. حیزبی توودە لەوێ لقێکی هەیە و بەگشتی ئەوە سەلماوە کە ئەو کوردانەی وا مێجەر مەعافییان کوشت، پیاوی رەشید بەگ بـوون سـەرەك

هۆزێك كە لە سەردەمی كۆنفرانسی حیزبەوە، بەڵێنی پشتگیر بە حیزبی توودە داوە (رۆژ ژمێری ژمارە ٢، پاراگرافی ژمارە ١٨).

راپۆرتێك لەمەڕ بەرنامەی سزادانی كوردی رەوزەچای كە هێشتا نەسەلماوە، دەڵێ هێزەكانی ئێران لەنزیك گوندی گەجین رووبەڕوی هێزێكی ٣٠٠ كەسی كورد بوونەتەوەو دوو تانك لەورمێوە چوون بۆ یاریدەی هێزی دەوڵەت. دەنگوباسی ئەوەش هەیە گوایە تەرگەوەڕی ناوەندی رەشید بەگ داگیر كرابێت. بە لەبەرچاو گرتنی تووڕەیی حیزبی توودە لە سوپا [ی ئێرانی] و سەرچاوەی زانیاریی باوەڕپێكراو، زەحمەت نییە بزانین ناشتنی مێجەر مەعافیی بووە هۆی ئەوەی دەرفەتێكی خۆپیشاندانی گەورەی هاودەردیی بۆ خەڵكی ورمێ برەخسێت ـ كە یەكپارچە هەموویان توودەیین. بازاڕ داخراو نزیكەی ١٠ هەزار كەس كەوتنە شوێن تەرمەكەی.

مێجەر جەنەراڵ (سمیرنۆڤ) قوماندنی هێزەكانی سۆڤیەت لە ورمێ، هاوڕێ لەگەڵ جێگری كۆنسوولی سۆڤیەتو جێگری كۆنسوولی توركیاو هەروەها رێبەرانی حیزبی توودە هەموویان بەشداریی ناشتنی تەرمەكەیان كردو قوماندانی سۆڤیەت گرووپی [موزیكی] سوپایی ناردبوو. شتێكی گونجاوە كە چاپەمەنی لە تەورێز وتار بڵاوبكەنەوە بێ ئەوەی زەحمەت بە خۆیان بدەن بۆ ئەوەی لە هەستی خەڵكی ورمێو دوژمنایەتی نێوان ئەوانو دراوسێ كوردەكانیان تێبگەن وا بەشێوەیەك رەگی داكوتاوە كە داسەپاندنی رێبازێكی نوێی حیزبی بە ئامانجی هاوكاری لەنێوان ئەوان و كوردەكاندا، نەتوانێ كۆتایی پێبهێنێت. چاوڕاو هەیە كە زێرۆ بەگی هەركی ـ چەتەی بەناوبانگی

www.zheen.org

دۆڵی باراندوزی نزیك ورمێ، بەهۆی چڵككردنی گەرووییەوە مردبێ. دوكتۆرێكی رووس سەردانی كردووەو گوتوویەتی هیچی بۆ ناكرێت.

### ٥٠ـ كاروباری دیكەی كورد

لە ١٥ی فەبریوەریدا، لەپڕ تەنگوچەڵەمەیەك لە مەهاباد سەری هەڵدا. لێرەش هێندێ جیاوازیی بیروڕا لەمەڕ چۆنایەتی رووداوەكە، بەرچاو دەكەوێت، بەڵام پێكهاتنی گشتی لەسەر راستیی سەرەكی مەسەلەكە هەیە و ئەویش بریتییە لەوەی كۆمەڵێكی كورد ـ كە هەموویان خەڵكی شار بوون، بە رێبەرایەتی عەزیزی فەیزولا بەگی ـ خەڵكی گوندێكی نزیك بۆكان [عەزیزخان، ئاغای گوندی یاسیكەند بوو لە رۆژهەلاتی بۆكان، وەرگێڕ]، هێرشیان كردۆتە سەر ئیدارەی پۆلیس، پێنج پۆلیسیان كوشتووەو شەشی دیكەیان بریندار كردوون كە دەگوترێ دوانیان دواتر مردوون.

راپۆرتە سەرەتاییەكان دەڵێن كۆمەڵی خەڵكەكە هەروەها ئیدارەی "دارایی"یان تالان كردووە یا ویستوویانە تالانی بكەن، بەڵام كاربەدەستێكی ئیدارەی "غەللە" لە تەورێز گوتوویەتی ئەو هەواڵە راست نییە. وا دەردەكەوێت كە خەڵكەكە لە مەسەلەی تالانكردنی ئیدارەی پۆلیس و لەناوبردنی فایلەكاندا، سەركەوتبێتن.

ریوایەتێكی مەسەلەكە، كە سەرهەنگ دورەخشانی دەیدا بەدەستەوە، گرینگایەتی بە وتارێكی نەتەوەپەروەرانەو ئاژاوەچییانە دەدات كە عەزیزی فەیزوڵلا بەگی داویەتی و رووداوەكە، وەك هێرشبردنێكی بەئامانج بۆ سەر هێزەكانی ئێرانی و خاوەن نیازی سیاسی دەناسێنێت. بەگوێرەی

قسەی دورەخشانی، عەزیز ڕێزی لە مارشاڵ ستالین و حیزبی کومونیست گرتووەو ڕایگەیاندووە کە دەیەوێ نوێنەرایەتی و دەسەڵاتداریەتی ئێران [لە ناوچەکەدا] پاك بکاتەوە.

بە تێگەیشتنی کۆنسوولی گشتیی سۆڤیەت [لە تەورێز]، تەنگوچەڵەمەی ناوبراو دەگەڕێتەوە بۆ سەر ناڕەزایی [خەڵك] لە دابەشکردنی ناعادلانەی کەرەسەی "انحصاری" (وەك قەندو چایی‌و کووتاڵ). بەگوێرەی قسەی ناوبراو، کۆمەڵێك کورد خەریك بوون بچن بۆ ئیدارەی دارایی بەو ئامانجەی کە ناڕەزایی خۆیان لەمەڕ شێوەی دابەشکردنی کەرەسە، دەربڕن. کاتێ بە بەردەمی دائیرەی پۆلیسدا تێپەڕ دەبن، پۆلیسێك تەقەیان لێدەکات، خەڵکەکەش دەستبەجێ وەڵامی تەقە دەدەنەوەو زیانێکی زیاتریان لێدەدەن. دەگوترێ کوردێك کوژرابێت.

بەڕواڵەت هەموو ئەو ریوایەتانە ڕاست بەڵام ناتەواون. دەزانرێت کە لەوکاتەدا، کەرەسەی "انحصاری" دابەش کراوە، هەروەها لەمێژەوە دەزانرێت بەرپرسی ئەم دابەشکردنانە لە مەهاباد کە خۆی کوردەو ناوی "سەعید زادە"یە، کەسێکی فێڵبازە و تەڵەکە لەگەڵ خەڵك و دەوڵەت ـ هەردوکیان دەکات و بە بێشەرمیی ئاشکراوە، پەتە/ حەواڵەش دەدزێت.

تا کاتێ قازی محەمەد لە شاریدا بوو، چاوێکی لە مەسەلەی گرینگیی ئەو دابەشکردنە دەکرد و دەیتوانی لەلایەکەوە نادادگەریی گەورە چارەسەر بکات، لەلایەکی دیکەشەوە تووڕەیی خەڵکی شار بێنێتە بەر کۆنترۆڵی خۆی، بەڵام وا ماوەیەکی زۆرە قازی محەمەد لە تاران

دەستبەسەر کراوەو لە ١٥ی فەبریوەری (ڕۆژی ڕووداوەکە)دا، هێشتا نەگەڕابوەوە بۆ مەهاباد. کاتێ هەموو ئەوانە دەگرینە بەرچاو و گرنگایەتی مەزنی دابەشکردنی دادپەروەرانەی قەند و چایی لەنێو کورداندا دەزانین، دوور نییە کێشەکە لە ئیدارەی داراییەوە سەری هەڵدابێت و پێکدادانیان لەگەڵ پۆلیسدا بووبێت کە دواتر پۆلیس ویستبێتی ئەرکی نەگونجاوی خۆی لەپێناو بڵاوەپێکردنی خەڵك بەڕێوەبەرێت ـ ئەو خەڵکەی وا لەوان چەکدارترن. دیارە قسەی توندوتیژو وتاری دژ بە دەوڵەتیش، دەبێ بووبێتە یارمەتیدەری ناگوزیری شەڕەکە.

هەروەها، شیکردنەوەیەکی دیکەی ڕووداوەکە، مەهدی دادوەر ـ فەرمانداری تەورێز دەیدا بەدەستەوە. بەگوێرەی قسەی ئەو، ئەسکەندەرخان ـ سەرۆکی ئیدارەی پۆلیسی مەهاباد، ویستوویەتی بەزۆر چوار هەزار تمەن لە کوردێك بستێنێ و دەوسیەکەی لەناو ببات. کوردەکە بیری لەڕێگەیەکی هەرزانتر کردۆتەوە و تکای لە عەزیزی فەیزوڵڵابەگی کردووە کە ئاژاوەچییەکی حیرفەییە. ئەویش قەبووڵی کردووە خەڵکی شار کۆبکاتەوە و دائیرەی پۆلیس بسووتێنێت. دیارە هیچ هەواڵێکی ئەوتۆ لەبەردەستدا نییە کە بیسەلمێنی ئەوەش بەشێك نەبووبێت لە ڕاستیی ڕووداوەکە.

هەموو ڕاپۆرتێك وا دەگەیێنێ کە تەنیا بەشێکی کەم لە کوردەکان بەشداریی هێرشەکەیان کردبێت. چەند سەرەك هۆزی بچووکی مەنگوڕ کە لە شارەکەدا بوون، هەوڵیان داوە شەڕەکە بوەستێنن و پاسەوانەکانی

قازی محەمەدیش کەوتوونەتە نێوانەوە، بەڵام سەرکەوتنێکی ئەوتۆیان وەدەست نەهێناوە. هەرچۆنێك بێت، هەواڵدەرێکی کورد دەڵێ سەرەك خێڵە مەنگوڕەکان توانیویانە پێشیان بگرن و نەهێڵن بەرەو فەرمانداری بڕۆن و حاکم [فەرماندار] بکوژن کە سوێندیان خواردبوو ئەمکارە بکەن. هەر ئەو هەواڵدەرە، رادەگەیێنێت کە رۆژی دواتر، [ئەو سەرەك خێڵانە] بە گژی عەزیزی فەیزوڵڵابەگیدا چوون و گوتوویانە ئاکاری چەوتی تۆ دەبێتە هۆی ئەوەی دەوڵەت تۆڵەی کارەکە لە خزم و کەسوکارەکەت بکاتەوە وا ئێستا لە تاران گیراون.

عەزیز پێی گووتون خەمی مەسەلەکە مەخۆن، چونکە کارەکەم لەژێر پارێزگاریی هێزێکی گەورەتردا کردووەو سبەینێش چاوتان پێی دەکەوێت. رۆژی دواتر، ئەفسەرێکی رووس هاوڕێ لەگەڵ وەرگێرێك هاتۆتە میاندوواو و لەماوەی وتاردانێکی دیکەی عەزیزدا، لەوێ وەستاوە. عەزیز لە وتارەکەیدا گوتوویەتی هەر کارێکی کردبێت، پەسندی دەسەڵاتداریەتی رووسی لەسەر بووە و بۆ جەختکردن لەسەر مەسەلەکە، دەستی بەرەو ئەفسەرە رووسەکە راداشتووە. ئەفسەرەکە پرسیویەتی چ دەڵێت ؟ کاتێك قسەکەیان بۆ تەرجەمە کردۆتەوە، گرتوویەتی راستە. پاشان، وەك دەگوترێت، هەر ئەو ئەفسەرەی رووس، عەزیزی سواری ماشێنەکەی خۆی کردووە و بردویەتەوە بۆ گوندەکەی لە دەوروبەری بۆکان ـ کە ئەمکارە هەرچۆنێك بێت، هەنگاوێکی بە کردەوە بووە لەپێناو دابینکردنەوەی نەزم لە مەهاباددا.

هەواڵـدەرە کوردەکـە، هـەموو موشـکیلەیەکی داوەتـە پـاڵ چـالاکیی کۆمەڵـەی ژ. ک. نـاوبراو دەڵـێ عـەزیز و هـەموو ئەوانـەی وا بەشـداریی تەقەکـەیان کـرد، ئەنـدامی کۆمەڵـەن. سـەرەڕای ئـەوەش، لقـی بۆکـانی کۆمەڵە، پێشنیاریان کردووە چاو لە برایانی مـەهابادییان بکـەن و هێـرش بەرنە سەر ئیدارەی جاندرمەی شارەکە. بەڵام یەکێك لە ئێلیخانیزادەکان، واتە سەرۆکی دیبۆکری (عەلی ئاغای عەلیار [ئەمیر ئەسعەد])، بـەرگریی ئەمکارەی لێکردوون.

چەند رۆژێك پێش رووداوەکە، سـەرهەنگ دورەخـشانی سـەردانی مـەهابادی کردووە و دەگوترێ چەند ئەندامێکی کۆمەڵەی ژ. ک ویستوویانە بیکـوژن، بـەڵام قوماندانە دڵنیگەرانەکە ئاگای لە خۆی بووە و ئـەمیر ئەسـعەدی سـەرەك هـۆزی دێبۆکری و رێبەری تاقمێکی بەهێزی لەگەڵ خۆیدا گێڕاوە و لـە ماوەیەکـەدا کـە لە شار ماوەتەوە، ئەمیر ئەسعەد یا هێنـدێك لـە خزمـەکانی ئـەوی لەگـەڵ خـۆی راگرتـووە و هـەر بـەم بۆنەیـەوە ئـەوەی وا ویـستوویەتی بیکـوژێ، دەرفـەتی تەقەکردنی بۆ هەڵنەکەوتووە. لەم رووداوەی مەهاباد، نەقڵێك دروست کراوە، کە ئەگەر راست بێت، رایدەگەیێنێ حکوومەتی ئێران بۆ دامەزراندنەوەی دەسەڵاتی خۆی، بڕیاری هەنگاوێکی توندی داوە.

کوڕێکی ئەمیر ئەسعەد لە [هۆزی] دێبۆکری دەڵێ بـە ماوەیـەکی کـەم دوای رووداوەکـە، بـاوکم لەلایـەن سـەرتیپ هۆشمەنـدی ئەفـشار و تێکـشکێنەری حەمەڕەشـید [خـانی بانـە]وە کـە ئێـستا سەردەشـتی بەدەسـتەوەیە، داوای لێکراوە بچێت لـە سـەقز چـاوی پێـی بکـەوێت. ئـەمیر ئەسـعەد کـوڕێکی خـۆی

ناردووه و ئەویش دوای ئەوەی دەگاتـە سـەقز، تێـدەگات کـە هۆشمەنـد چـۆتە سنه. کوڕەکەی به تەلەفۆن قسەی لەگەڵ دەکات و [ناوبراو] فەرمانی پێـدەدات به بـاوکی رابگـەیێنێت کـە هۆشمەنـد دەیـەوێ لـەم کـارەدا ئـەمیر ئەسعەدیش هاوکاریی بکات. هەر بۆیە ئەمیر ئەسعەد دەستبەجێ پیـاوانی شـەڕکەری خـۆی وەکۆکردووەو چووە بۆ مەهاباد، لەوێ چاوەڕوانیی هاتنی هۆشمەند بکات.

ئەمیر ئەسعەد کە بەباشی هۆشمەند دەناسێ و دەزانێ چەندە ڕقی لە کـورد دەبێتەوە، هـەروەها ئاگـاداری دژایـەتی هـەموو کوردەکـان لەگـەڵ هۆشمەنـدە، ئێستا دوودڵە فەرمانەکـەی بـەڕێوە ببـات. گومـان لـەوەدا نییـە کـە بـە چـوونی هۆشمەند و هێزی چەکداری بـۆ ناوچـەی قـازی محەمـەد، بارودۆخەکـە دەگاتـە ئەوپەڕی ناسکی و لەئەنجامدا روون نییە ئایا کردەوەی رووسەکان بەرانبەر بـەم لەشکرکێشانە چ دەبێت ؟

کوڕی قـازی محەمـەد گوتوویـەتی ئیجـازەی بـاوکی دراوە بـۆ مـاوەی چـەند مانگێك بەتەنیایی بچێت بۆ تەورێز، لەکاتێکدا ئـەو سـەرەك هۆزانـەی وا پارەکـە چووبوونە تاران، هێشتا لەوێ بە دەستبەسـەری راگیراون. هەرچۆنێك بێـت، وا دەردەکەوێ کە حکوومەت مانـەوەی ئـەوی لـە مـەهاباددا بـە شـتێکی بەسـوود زانیوه. ناوبراو، یەکدوو رۆژ زیاتر لە تەورێز نەمایەوە و بەپەلە چوو بۆ مەهاباد.

لەوێ بەگوێرەی هەموو راپۆرتـەکان، لۆمـەی بەشـدارانی راپەڕینەکـەی کـردووە و تـاوانی داونەتـە پـاڵ کـە دەیانـەوێ هـەموو کـارێکی هێـدی و لەسەرخۆی ئەو بۆ دامەزراندنی چەشنە کۆمەڵگایـەکی کـوردیی یاسـامەند لـە ناوچـەکە، هەڵوەشـێننەوە. هـەروەها هـەواڵی ئـەوە گەیـشتووە کـە

فەرمانداری مەهاباد کاتێ دەنگوباسی گەڕانەوەی قازی محەمەدی بە تێلگراف ناردووە بۆ تاران، داوای ئەوەشی لێکردوون کە سەرەك هۆزەکانی دیکە[ی کورد] وا لەوێ دەستبەسەرن، بگەڕێنرێنەوەو [لە ناوچەکەدا] نەزم دابین بکرێت.

بنکەی ژین
www.zheen.org

## ڕۆژژمێری تەورێز
## Fo371/45478
## ١٦ی مانگی ئاپریلی ١٩٤٥
## ڕاپۆرتی شەش مانگە

**ڕوونکردنەوەی وەرگێڕ:**

ئەم ڕاپۆرتە بەبێ ئەوەی ژمارەی بۆ دانرابێت، لەدوای ڕاپۆرتی ژمارە ٤ و پێش ڕاپۆرتی ژمارە ٥ تۆمارکراوە. نموونەی ڕاپۆرتی شەش مانگە لەڕۆژژمێرەکانی تەورێزدا زۆرن و ئێمە لەداهاتووشدا چاومان بەم چەشنە شیکردنەوانە دەکەوێت. شێوازی نووسینی ڕاپۆرتی شەش مانگە، هەر شێوازی ڕاپۆرتە ئاساییەکانە، زۆربەی بابەتەکانیشی هەر دووپاتکراوەی ئەوانی دیکەن، بەڵام شیکردنەوەو بۆچوونەکان، قووڵترن.

**١٥ـ کاروباری کورد**

لەماوەی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا، هەواڵێکی کەم سەبارەت بە بزووتنەوەی خودموختاریی کورد گەیشتووە. قازی محەمەد ـ کە بەگشتی وەك قارەمانێکی ئەم بزووتنەوەیە دەناسرێت، لە بەشی زۆری ئەم ماوەیەدا لە تاران بووە و نەبینراوە. هەرچۆنێك بێت، هێندی چاوڕاو لەمەڕ زیادبوونی ژمارەی ئەندامانی کۆمەڵەی ژ.ك (کوردە گەنجەکان)و زیادبوونی مەیلی ڕووسەکان پێیان، بڵاوبۆتەوە.

عەمەلیاتی سەرتیپ هۆشمەندی ئەفشار دژ بە حەمەڕەشید[خان] لە مانگی سپتەمبەر و ئۆکتۆبردا لە بانە، ڕەنگدانەوەیەکی کەمی لەم ناوچە

کۆنسوولایەتییە[ی ئازەربایجان]دا هەبوە، گەرچی ئاکامـەکانی سـەفەری خەلیل فەهیمی ـ وەزیـری راوێـژکار[ی ئێرانـی] دەرفـەتێکی بـۆ کۆمەڵـەی ژ.ك و یـەك یـەکی سـەرەك هۆزەکـان رەخـساند، روانگـەی خۆیـان بـۆ حکوومـەتی ئێـران روونبکەنـەوەو وەفادارییـان بـە شـا رابگـەیێنن. ئـەم وەفاداری دەربڕینـە بـۆی هەیـە بەراسـتی بێـت، چـونکە هـیچ نیـشانەیەك بەدەستەوە نییە کوردی ئازەربایجان ئامادەی هاوکاریی ـ تەنانەت لەگەڵ یەکتر بن، چ بگا بە کوردی عیراق. هەرچـەند هـەواڵی ئـەوە هەیـە یەکـدوو جار هەواڵبەری کورد لە دیوی عیراقـەوە سـەردانی ناوچـەکەیان کردبێـت، بەڵام وا دەرناکەوێ ئاکـامێکی ئـەوتۆیان گرتبێـت. لەکاتێکـدا کـورد ئـیتر جـەخت لەسـەر روانگـەی خۆیـان ناکـەن و لـەباری کاراکتـەرەوە، لـە رەگەزەکانی دیکەی دانیشتووی ئازەربایجان یەکگرتووتر نـین. بەگـشتی، ئەوەی داوای دەکەن، سەربەخۆیی سیاسی نییە.

سـەرەك هۆزەکـان ـ کـە خـاوەن زەوی گەورەشـن، لـە حکوومـەتێکی خاوەن ئاسایشدا هەموو شتێك وەچنگ دێنن و ئـەوەش توانایـان دەداتـێ کە زیاترین سوود لە حاسڵی گەنم و توتن و میوە وەدەست بێـنن. بـەڵام نـەریتی کـۆن و ئـەزموونی تـاڵ وایـان لێـدەکات لـە هـەر هـەنگاوێکی [دەوڵەتی] ئێران کە ئەم ئاسایشەیان بەزەبری سەرنێزە بۆ دابین دەکات، بەگومان بن. سیاسەتێك کە دەرەتانی لەشساغی و نووسین و خوێندن بۆ هـەموو ناوچـە کوردییـەکان پێـك بێنێـت، دابەشـکردنی کەرەسـەی "انحصاری" زامن بکات، یارمەتی ئاوەدانکردنەوەی گوند و شاریش بدات،

بنکەی ژین
www.zhen.org

ئەگـەر لەلایـەن کاربەدەسـتانی دڵـسۆز و بـێ فێڵـەوە بەڕێوەبـچێت و بەرپرسیاریەتی گشتی بداتە دەست کوردەکان، واتە بەکورتی: جەندرمەی کەمتر و قەنـدی زیـاتر، وا هەیـە بەشـێکی زۆر لـەو دڵئێـشییەی وا ئێـستا کورد هەیەتی لەناو بەرێت.

١٦ـ لە بەشـی زۆری ئـەم ماوەیـەدا، بـەهۆی زستانەوە، ئاسایـشی ناوچـە کوردنـشینەکان تـەنیا بـەهۆی هێنـدێك رووداوی دزی و شـەڕەوە نـەبێت تێکنەچوە. بەڵام لە مـانگی فەبریوەریـدا، رووبەڕووبوونەوەیـەکی بەهەڵکـەوت لەنێوان لقێکی بچووکی هێزەکانی ئێران و چەند کوردی هەرکی لە رەوەزچـای نزیك ورمێ، بووە هۆی کوژرانی ئەفسەرێکی ئێرانی و لەماوەی لەشکرکێـشانی [ئێرانییەکان]دا بۆ سزادانی کـوردی ناوچـەکە، نزیکـەی پێـنج کـورد کـوژران. لەبەر ئەوەی ئەو کوردانە سەر بە رەشید بەگی هـەرکی بـوون کـە دەگوترێـت چووبێتە نێو حیزبی توودە، ئەم رووداوە سەرەتا وەك پەردەهەڵدانەوە لەسەر هێرشکاری زیاتر بۆ سەر دەسەڵاتداریەتی ئێران خۆی دەنواند، بەڵام ئێـستا وا دەردەکەوێ دوژمنایەتییەکی سوننەتی نێوان کورد و عەسکەری ئێرانی نەبێ، هیچی تر نەبوە.

لە دەوروبەری هەمان کاتدا، لە مەهاباد کورد هێرشێکیان کردە سەر بنکەی پۆلیسی شارەکە. پێـنج پـۆلیس کوژران‌و بنکەکـە تـاڵان کـرا. لـەم رووداوەدا تەنانەت نیشانەیەکی کەمتری سیاسی بەدیدەکرێت. وێچووترین هەڵسەنگاندنی مەسـەلەکە ئەوەیـە نـاڕەزایی لـە شـێوەی دابەشـکردنی کەرەسـەی "انحـصاری"[دەوڵـەتی] بووبێتـە هـۆی رووداوەکـە. هەرچـۆنێك بێـت، وا

دەردەکـەویٚ کـە ئـەوەی وا پـاڵی بـە حکوومـەتی ئێرانـەوە نابێـت، نوانـدنی دەسەڵاتی خۆیان بەسەر ناوچەکەو متمانەدان بە دەسـەڵاتداریەتی سـۆڤیەتە، کە خۆنواندنێکی ئەوتۆ پێویستە. ئێستا کـاری دامەزرانـدنی سـەربازخانەیەکی ئێرانـی لـە مـەهاباد بەدەسـتەوەیە، راپـۆرتی متمانـەپێکراومان هەیـە کـە رووسەکان پەسندی خۆیان [لەم بارەیەوە] داوە بە ئێران.

١٧ـ پازدە سەرەك هۆزی شکاکو هـەرکیو لەناویانـدا، کـوڕی بـچووکی سمایل ئاغا (سمکۆ)، بۆ بەشداریکردنی کۆنفرانسی حیزبی تـوودە، هاتنـە تـەورێزو حیـزب دیعایـەی ئـەوەی کـرد کـە ئـەوان پـشتیوانی خۆیـان [لـە حیزبی توودە] راگەیاندووە. هەرچۆنێك بێت، وێدەچیٚ تەنیا یەکیان واتـە رەشید بەگی هەرکی تەرگەوەڕی، بەراستی چووبێتە حیزبەوە. هەردوولاـ واتە کاربەدەستانی خاوەن ئەزموونی ئێران لـە ئازەربایجـانو هەواڵدەرە کوردەکان، وەك یەك پەسندی ئەوە دەکەن کورد هیچ کاتیٚ لەگەڵ حیزبی توودەدا، راپەڕینێکی هاوبـەش ناکـات. بـەڵام لـە عـەینی کاتـدا، راپـۆرتی تەواو متمانـەپێکراو لـە ئازەربایجـانی رۆژئـاوا بەدەستەوەیە کـە سـەرەك هـۆزە کوردەکـان، گوندییـە ئێرانییـەکان چاوترسـێن دەکـەن بـەوەی هێرشیان دەکرێتە سەرو بەم شێوەیە پاڵیان پێوە دەنێن بچنە ناو حیزبی توودە. روونکردنەوەی مەسەلەکە وا هەیە بەم شێوەیە بێـت، کـە یـەك یـا دوو سـەرەك هـۆز، لـە مەسـەلەی جموجـۆڵی حیزبـی تـوودەدا، روانگـەی ئاژاوەو لاوازی لە دەسەڵاتداریەتی ئێراندا بەدی دەکـەن، کـە وا هەیـە بـۆ سوودی خۆیان کەڵکی لێوەربگرن.

بەدڵنیاییـەوە دەتـوانین بڵـێین هـیچ بەشـێکی پرۆگرامـی ئـابووری یـا کۆمەڵایـەتی حیزبـی تـوودە لەگـەڵ ئـەم فیۆداڵـە چیانـشینانەدا یـەك ناگرێتەوە. سەردانی ئەم سەرەك هۆزانە لە تەورێز، کلکەسووتەی حیزبی تـوودە لەبـەریانو زیـادبوونی بەرچـاوی چـالاکیی حیزبـی تـوودە لـە ئازەربایجانی رۆژئاوا، هێندێ کاربەدەستی رەسمیی ئێرانیشی وەك چینی بازرگان ـ کە زووتر وریا بوەوە، هێناوەتە سەر باوەڕی ئەوەی کە حیزبی تـوودە، بـە هاوبـاوەڕیی لەگـەڵ کـورددا، پلانـی چەشـنە کودەتایـەکی داڕشتووەو بەهاری ئەمساڵ ئازەربایجـانی رۆژئـاوا هێرشـێکی جیـددی بـۆ سەر دەوڵـەتی ئێـران بەخۆیـەوە دەبینـێ. هـیچ شـتێك رووی نـەداوە کـە پەسندی ئـەم ترسـە بکـاتو وا دەردەکـەوێ ئـەوان تارادەیـەکی زۆرو بـە دوودڵییەوە، لەم حەساسییەتەی خۆیان کەم کردبێتەوە.

**J. W. Wall**

بنکەی ژین
www.zheen.org

## Fo371/31416/30551
## له باڵیۆزخانەی بریتانیا له تارانەوه
## بۆ لەندەن
## ١٧ی فەبریوەری ١٩٤٥

جەناب،

شانازیم هەیه لەمەڕ خەڵاتکردنی سەرەك هۆزان‌و کەسانی دیکە- له شێوەی دیارییەکی بچووکدا، بۆ وەڵامدانەوەی میوانداری‌و یارمەتیدانی کاربەدەستانی کۆنسوولیەتی ئەعلا حەزرەتی شا، له ناوچه عەشیرەتییەکان، پێشنیارێکتان بخەمه بەرچاو.

٢- پێشنیارێکی ئەوتۆ، سەرەتا له مانگی جووندا لەلایەن کۆنسوولی ئەعلا حەزرەتی شاوه له ئیسفەهان پێشکەش کراوه، که گوتبووی دیاری بچووك بچووك بۆ هەردوو زەمینەی پڕوپاگەندەی سیاسی‌و هەروەها گەڕاندنەوەی لانیکەم بەشێکی ئەو مەسرەف‌و زەحمەتەی وا ڕێبەرانی هۆزەکان لەپێناوی پارمەتیدانی کاربەدەستانی ئینگلیسی له ئیش‌وکاریاندا تووشی هاتوون، شتێکی بەکەڵکه.

www.zheen.org

**تێبینی وەرگێڕ:**

[بەڵگەنامەکە، بەدرێژی باسی چۆنیەتی دیارییەکان‌و چلۆنایەتی پێشکەشکردنیان دەکات‌و دەڵێ هێندێ شتی وەك سەعاتی سەفەری، قوتوه جگەرەی زێو، قوتووی دەرمانی سەفەری له زێو یا چەرم (به شەرتێك چەرمی بەراز

نـەبێت)، چـرای سـەفەری، خێـوەتو تفـەنگی قوڵـە بـۆ ئـەم نیـازە بەکـەڵکن. مـن بەپێویستم نەزانی تەفسیلاتەکەی تەرجەمە بکەمەوە. پاشان لیستەی ئەو ناوانەی وا پێی وایە دەبێ خەڵات بکرێن لەپاشکۆی نامەکەدا دەنووسێت]

**پاشکۆ**

کۆنسوولی ئەعلا حەزرەتی شا، لە شیراز:

١ـ فەتحوڵلاخانی کەشکۆڵی، کە مەئمووریيەتێکی ئەستەمو پڕمەترسی بەڕێوەبرد بۆ گەمارۆدانی ئەو ئاڵمانییانەی "بۆیر ئەحمەد" کە بـە بۆمبـاو چەکی ئۆتۆماتێك تەیار کرابوون، نـاوبراو ئاڵمانییـەکانی بـەرەو "کۆشـکی زار" کـشاندەوە دواوە، چـەکی کـردنو [چـەکەکانی]دا بــە ئەرتەشــی بریتانیا. ئەگەر ئاڵمانییەکان لەو شوێنە چەك نەکرانایە. بێگومان زیانێکی گەورە لە بەرەی بریتانیا دەکەوت.

٢ـ فەرەجوڵلا ئاسـەف، خـاوەن مـوڵکی گـەورەی کوردسـتان، حـاکمی پێشووی کوردستانو نوێنەری ئێستای کوردستان (لە مەجلیس).

٣ـ سـالار سـەعیدی سـەنەندەجی، خـاوەنملّکی گـەورەی کوردسـتانو نوێنەری ئێستای کوردستان (لە مەجلیس).

٤ـ وەکیل ئەلسولّتان، خاونملّکی گەورەی کوردستان.

هـەموو ئـەو سـی کەسـە، میواندارییـەکی گـەلێك گـەرمی نوێنـەرانی بریتانیایان کردووەو لەماوەی ئەم شەڕەو شەڕی پێشوو، لـەپێناو خێـرو قازانجی بریتانیادا، هاوکارییان کردووین.

کۆنسوولی ئەعلا حەزرەتی شا، لە ئیسفەهان:

بنکەی ژین
www.zheen.org

٥ـ مورتـەزا قـولّی خـان، حـاکمی بـەختیاری کـە میوانـداریی خـۆی لـە ژمارەیەك کاربەدەستانی بریتانیا لە ناوچەی بەختیاری نیشان داوە.

٦ـ جەهانشاهخان، کوڕی دووهەمی ژمارە ٥ (مورتەزا قولّی خان)، کە چـەندین جـار سـەفەری بـۆ کۆنـسوولان ڕێکخـستووەو خـواردنو شـوێنی مانەوەی بۆ دابین کردوونو پیاوی لەگەڵ خستوون. ناوبراو لـە مەسـەلەی هەواڵناردنیشدا، بەشێوەیەکی هەمیشەیی هاوکاری کردووین.

٧ـ ئەمیر بەهمەن خان، کوڕی سێهەمی ژمارە ٥، کە ئەویش هاوکـاریی کاربەدەستانی بریتانی بۆ ڕێکخستنی سەفەری پڕوپاگەندەیی کردووە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

**FO371/45446 /131005**
**١٨ی فیبریوەری ١٩٤٥**
**نوسخەی تیلیگرافی کۆنسوولی گشتی**
**ئەعلا حەزرەتی شاھ (لە تەوریز)**
**بۆ باڵوێزخانەی تاران. ژمارە ٢٠ .**

**راپۆرتی بارودۆخ**

لە رۆژی ١٥ی فیبرەوەریدا، تاقمێکی کورد کە لەلایەن "وردەمالیك"ێك بەناوی عەزیز لە هۆزی "فەیزوڵڵا بەگی"[١]یەوە دنەدرابوون، هێرشیان بردە سەر ئیدارەی پۆلیس لە مەهابادو وازانراوە کە گەرەکیان بووە ئیدارەی داراییش تاڵان بکەن. پێنج پۆلیس کوژراون. فەرماندەی ئەرتەشی ئێران لێرە [لە تەورێز] پێی راگەیاندم کە عەزیز لە قسەکانیدا، داوای وەدەرنانی کاربەدەستانی ئێرانی کردووەو گوتراوە کە وەك ناسیۆنالیستێکی لایەنگری رووس و کۆمۆنیسم قسەی کردووە.

یەکێك لە پیاوانی جەمی (؟) محەمەد سەرەك [عێلی] مامەش لە ناوچەکە، لایەنگری پۆلیسی کردووەو قۆمانداری ئێرانی (لە مەهاباد) بەدێبۆکری [عەلی ئاغای سەردار ئەسعەد (عەلیار) ]ی گوتووە سوارەی خۆی [بێنێتە نێو شار] و ئاسایش دابین بکات.

---

[١] عەزیزخانی کرمانج، یاسیکەند (وەرگێڕ).

٢ــ ورمــێ: لــە رۆژی ١٤ی فیــبرەوەری، لقێکــی بــچووکی پیــادەی [ئەرتەشی] ئێرانی لەکاتی تەمرینی حەوتووانەی خۆیان بە چەند مایلێک لە باکووری شاری ورمێ رووبەڕووی تاقمێک کوردی هەرکی بوونەتەوە. کوردەکان لە وەڵامی داواکاریی ئەرتەش بۆ دوورکەوتنەوە [لە شوێنەکە]، تەقەیان لێکردوون‌و مێجەر [سەروان]ی قۆماندانی ئێرانییان کوشتووە. ئەم رووداوە، خۆی‌لەخۆیدا، رەنگە گرینگایەتی سیاسی نەبێت، بەڵام کوردەکان رەعیەتی رەشید بەگ بوون کە دەگوترێ چووەتە نێو حیزبی توودە.

٣ـ چاپەمەنی: دوای راسپاردنی حاکم (ی تەورێز) بۆ سەر رۆژنامەکان، کە دوور نییە بە داوخوازیی قۆنسوولی گشتی رووس بووبێت، چیدی وتاری دژ بە ئینگلیس لە رۆژنامەکانی ناوچەدا نابیندرێ. هێرش بۆ سەر سید ضیاء (طباطبائی) درێژەی هەیە، بەڵام ئامارە بە بریتانیای مەزن ناکرێ.

**جێگری کۆنسوولی گشتی**

بنکەی ژین
www.zheen.org

FO317/45440/131005

**٢٠ی فیبرەوەری ١٩٤٥**

کۆپی تێلیگراف لەتەورێزەوە بۆ باڵوێزخانەی (بریتانیا لە) تاران، ژمارە ٢٩، رووی لە تێلیگرافی ژمارە ٢٠ ـ ٢١ی فیبرەوەری تارانە.

بۆچوونی کۆنسوولی گشتی سۆڤیەت لەسەر رووداوی مەهاباد ئەوەیە کە ئاژاوە لەسەر دابەشکرانی قەند پەیدا بووەو کاتێ کۆمەڵێکی کورد بۆ ناڕەزایی دەربڕین روویان کردۆتە ئیدارەی "غەللە (تەسبیت) "، لەکاتی تێپەڕبوون بە بەردەمی پێگەی جەندرمەریدا، جەندرمەیەك تەقەی لێکردوون و کوردێکی کوشتووە.

لەبەرانبەردا، کوردەکانیش تەقەیان کردووەو پێنج جندرمەیان کوشتوەو شەشیان بریندار کردووە کە دوو کەسیان دواتر مردوون.

لە سەرچاوەیەکی دیکەوە دەزانم کە لەکاتی رووداوەکەدا، دابەشکردنی کەلوپەلی دەوڵەتی بەڕێوەچووەو، لام وایە هەنگاونانی جەندرمە بۆ بڵاوە پێکردنی کۆبوونەوەکە، بووبێتە هۆی رووداني کارەساتەکە.

**جێگری کۆنسووڵی گشتی**

www.zheen.org

## FO371/45478
## (راپۆرتی ژمارە ٥ی ساڵی ١٩٤٥)،
## ١ تا ٢٢ی مانگی مارسی ساڵی ١٩٤٥ )

**٦٤ ـ ورمێ**

لەمەڕ هەنگاونان دژ بەکوردەکانی ڕەشید بەگی هەرکی لەنزیك [گوندی] گەجین، دوابەدوای مردنی مێجەر مەعافی (ڕۆژژمێری پێشوو، پاراگرافی ژمارە ٤٩)، باشترین بۆچوون، هی فەرماندەی هێزەکانی ئێران لەتەورێزە: دوای ئاژاوەی ڕۆژی ١٤ی فەبریوەری، بەشێك لە هێزەکان [ی ئێران] ، مەئموور کران بچن گوندی گەجین بگرن، ئەو کارەشیان بێ هیچ ڕووداوێك بۆ چووەسەر . چەند ڕۆژێك دواتر، هێزەکە جێگەی خۆی دا بە٤٠٠ سەربازی پیادە و دوو تانك. ئەو هێزانەی وا جێگەی خۆیان دابوو بە تاقمە تازەکە، هاوڕێ لەگەڵ تانکدا، لەکاتی گەڕانەوە بۆ ورمێ، چاویان بە تاقمێکی نزیك لە ٣٥٠ کەسی کوردەکان دەکەوێت، کە لە گوندێك بەناوی جهوودلەرداغی کۆببوونەوە، بەنزینی تانکەکانی هێزەکە گەیشتبوە ڕادەیەکی کەم، هەر بۆیەش درێژەیان بە ڕێگا دا، بۆ ئەوەی لە ورمێ بەنزین بکەنە تانکەکانەوە.

کوردەکان لایان وابوو پاشەکشەیان کردووەو لەگەڵ سەربازەکاندا کەوتنە شەڕەتفەنگ. سەربازەکان لەشوێنی خۆیان مانەوە تا کاتێ تانکەکان گەڕانەوە شوێنەکە، لە کێوەکە چوونە سەرێو لەوێوە بە

www.zheen.org

ڕەشاش گولله بارانیان کردن. کوردەکان چوونە پشت دیوارێکی بەردین‌و لەوێ تانکەکان ئەو دیوارەیان بە گوللە شکاند. کوردەکان وا بە پەشۆکاوی هەڵاتن کە نەیانتوانی هەموو کوژراوەکانیان لەگەڵ خۆیاندا بەرن. هێزەکانی ئێران چوونە پێشەوەو سێ کوژراوی کوردیان لە مەیدانەکەدا دۆزیەوە، دواتر، زانرا کە دوو کەسی دیکەشیان لێ‌کوژرا بوو، بەڵام ئێرانییەکان کوژراو و برینداریان نەبوو.

یەك لە کوژراوەکان، پیاوی تاهیر، کوڕی [سمایل ئاغای] سمکۆ بوو و دەگوترێ کە تاهیر و سەرەك هۆزی دیکەی شکاك بەناوی شێرۆ و عەبباس فەننانی لەگەڵ ڕەشید بەگ کەوتوون. ڕەشید بەگ هەروەها داوای یارمەتی لە عەمەرخانی شکاك کردووە، بەڵام ئەو داویەتە دواوە. لەکاتێکدا هەواڵی هیچ ڕووداوێکی دیکە نەگەیشتوە، بارودۆخەکە دەرەتانی هێرشی زیاتر پێك دەهێنێت. پیاوانی ڕەشید بەگ بەگشتی پەڕیونەتە دەوروبەری گوندی ئوشنەوە [شنۆ؟] ، بەڵام وا دەردەکەوێت لە دەوروبەری ورمێ جووڵانەوەیەکی زۆریان هەبێت‌و لەوێ تفاق‌و خەڵەی گوندنشینەکانی دۆڵی ڕەوەزچای زەوت دەکەن.

حیزبی توودەی ورمێ ناڕەزایینامەی توندی دەرکردووە کە دژ بەڕەشید بەگ نییە بەڵکوو دژ بە حکوومەت [ی ئێران]ـە و وەك جاران هەموو تاوانی تەنگوچەڵەمەکە دەخاتە گەردنی پاشکەتنخوازەکان بەڵام چۆن ؟ ڕوونی ناکاتەوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

### ٦٥ـ کاروباری دیکەی کورد

راپۆرتی نێو رۆژژمێری پێشوو، کە تێیدا گوترابوو هێزی سوپای ئێرانی بە فەرماندەیی سەرتیپ هۆشمەند ئەفشار دەبێ لەسەقزەوە بچێتە ناوچەی مەهاباد ئێستا تەئیید دەکرێت. گەرچی دەست بەسەرداگرتنی راستەقینەی مەهاباد بەستراوەتەوە بە ئیجازەی دەسەلاتداریەتی سۆڤیەتەوە.

بەشێك لەو هێزە، کە پێکهاتووە لە ٦٠٠ سەرباز و تانکێك و دە خومپارەهاوێژ، لە ١٣ی مانگی مارسدا گەیشتۆتە گوندی "سەرا" ـ کە نزیکەی هەشت مایل لەبۆکانەوە دوورە. بەفری سەر رێگەی نێوان سەقز و بۆکان، پاشماوەی [هێزەکەی] راگرتووە. وا دەردەکەوێت کە سەرتیپ هۆشمەند ئەفشار، هێشتا خۆی لەگەڵ هێزەکە نەکەوتبێ.

هەواڵی پێشرەویی [هێزەکە] ، ئاژاوەیەکی لە مەهاباد ناوەتەوەو هیچ گومانێك نییە کە ئامانج (ی سوپا)، گرتنی شارەکەیە. فەرماندەری مەهابادو قازی محەمەد چوون بۆ میاندواو و لەوێ بە فەرماندەی هێزەکانی ئێرانیان گوتووە کە کوردی مەهاباد، بەربەرەکانی [سوپاکە] دەکەن. بازاڕی مەهاباد داخراوە و کوردە گەنجەکان (ژ. ك)، دەستی کردووە بە بانگکردنی ئەندامەکانی خۆی لە هۆزەکانی دەوروبەر [ی شار]، لەکاتێکدا کە خەڵکی شار بەگشتی دەستیان کردووە بەوەی خۆیان بخەنە دۆخی داکۆکی کردنەوە.

لەعەینی وەختدا، وا دەردەکەوێت کە سەرهەنگ کەماڵ، فەرماندەی جەندرمەری ورمێ چووە بۆ مەهابادو دەقی تێلگەرافێکی لەگەڵ خۆیدا

بردووه که خەڵکی مەهاباد بینێرن بۆ تاران‌و داوای ناردنی هێزی جاندرمە بۆ دامەزراندنەوەی نەزم‌و ئاسایش لەشارەکەدا بکەن. ئەو نوێنەرە کوردانەی وا ئەو، پێشنیارەکەی ئاڕاستە کردوون، مەسەلەکەیان داوەتە دواوە. کەماڵ، دەست بەجێ لەرێگەی میاندواوەوە چووە بۆ تەورێزو لەرێگا، هەواڵی چوونە پێش‌و گەیشتنی سوپای بۆ نێو شاری بۆکان پێگەیشتووە.

لە تەورێز کەماڵ‌و فەرماندەی جاندرمەی ئازەربایجان ـ سەرهەنگ هومایون، چوونەتەو لای کۆنسوولی گشتی سۆڤیەتی، وا دەردەکەوێت پێی گوتبێتین کە دەسەڵاتداریەتی سۆڤیەت ئیجازەی گرتنەوەی مەهابادی بەهێزەکانی سەرتیپ هۆشمەند نەداوە، بەڵام ئەگەر بیانەوێ بیگرنەوە، دەبێ هێزێك کە لەورمێوە دێت بیگرێتەوە. فەرماندەی هێزەکانی ئێران لە تەورێز، کە وا هەیە بەرپرسی هەموو عەمەلیاتێکی مەهاباد بێت، پێشتر ئاگادار نەکراوە کە دەسەڵاتداریەتی رووس دژ بە گیرانەوەی مەهاباد نین.

دەبێ ئەوەش بگوترێ کە ئەوان هێشتا بەتەواوەتی (گیرانەوەی مەهابادیان) یاساخ نەکردووە، بەڵام ئەو مەرجەی کە هێزەکە پێویستە لەورمێوە بێت بەرێوەبردنی بەکردەوەی مەسەلەکە دەکاتە شتێکی نەگونجاو. ئەوەش بەهۆی ئەو راستییەوە کە سەربازخانەی ورمێ لەوە بچووکترە ژمارەی پێویستی هێزی سوپایی تێدا بێت بەتایبەت کە رەشید بەگ لە دەوروبەری شاردا، خەرێکی هاتوچۆیە.

راپۆرتێکی تەئید نەکراو، باسی بەرگریکردنی کوردەکان لە هاتوچۆی کاربەدەستانی ئێرانی دەکات کە دەیانەوێ لەورمێوە بچن بۆ میاندواو

دەگوترێ "تەها" ناوێکی هەرکی، لۆرییەکی پڕ جاندرمەی لە"دزە" ـ ٢٠ مایلی باشووری ورمێوە گێڕاوەتە دواوە.

گومان هەیە هیچ سەرەك هۆزێکی کورد هاوکاریی هێزەکانی سەرتیپ هۆشمەند بکات. راپۆرتێکی دیکە دەڵێ هەندێ لە سەرۆکەکانی هۆزی مەنگوڕو گەورك کە لە شەڕی ساڵی پاری "هۆشمەند" دژ بە حەمەڕەشید خاندا لە بانە یارمەتییان دابوو، ئێستا لە مەهابادن و چاوەڕوانی هاتنی دەکەن، بەڵام لەلایەکی دیکەوە، ئەمیر ئەسعەدی دێبۆکری لەم هاوکاریکردنە دوودڵە. سەرەتا جێگیری فەرماندەی سۆڤیەت پێی گوتبوو هاوکاریی هۆشمەند بکات بەڵام درەنگتر پێی گوترا کە ئیجازە بە هۆشمەند نادرێت مەهاباد بگرێتەوە.

چاوەڕاو هەیە شێخ عەبدوڵڵای کوڕی شێخ سەعید ـ سەرۆکێکی کوردی عیراق کە دوو ساڵێکە لە شنۆ نیشتەجێ بووە، ماڵێکی لە مەهاباد گرتووە و لەگەڵ قازی محەمەددا راوێژی کردووە، سەرێکی تەورێزیشی داوەو بەتەمای ئەوەیە هەڵوێستی دژ بە هۆشمەند بگرێت، لیژنەی لێکۆڵینەوەی ئاژاوەی مەهاباد (رۆژژمێری ژمارە ٤، پاراگرافی ٥)، هەر لە تەورێز ماوەتەوەو پێیان گوتراوە پێش ئەوەی هۆشمەند بگاتە مەهاباد، نەچنە ئەوێ پێشنیاری فەرماندەی جاندرمەی ورمێ لەمەڕ ئەسپاردنی کاری چاودێری مەهاباد بەهێزێکی هاوبەشی کورد و جاندرمە کە ئوستاندار و بەڕواڵەت دەوڵەتی ناوەندیش پەسەندی کردبوو، توشی تەنگوچەڵەمە هاتووە. دەگوترێ ئەو سەرەك هۆزە مەنگوڕانەی وا ساڵی پار لەگەڵ

www.zheen.org

قازی محەمەددا چووبوونە تاران، لەگەڕانەوەیاندا بۆ مەهاباد، باسی ئەم پێشنیارەیان بۆ کوردەکان کردووەو گوتوویانە ئیدارەی دارایی لە تەورێز ٥٠ هەزار تمەنی پێگەیشتووە تا بیدات بەو هێزە [کورد و جاندرمەیە] ، بەڵام کوردی مەهاباد کاتێ تێگەیشتن کە کوردەکانی ناو هێزەکە ناکەونە ژێر ڕێبەرایەتی سەرۆکایەتی خۆیانەوە موافەقەیان لەگەڵدا نەکردووە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

**FO371/45478**
**تێلگەرافی ژمارە ٢٨**
**(لە کۆنسوولیەتی تەورێزەوە**
**بۆ باڵوێزخانەی بریتانیا لە تاران)**
**٨ی مارسی ١٩٤٥**

**راپۆرتی بارودۆخ**

٣) ناردنی سوپا بۆ سزادانی ئەو کوردانەی "مێجەر مەعافی" یان لەنزیك ورمێ کوشت، بەرێگەوەیە. راپۆرتی ئەوە گەیشتووە کە یەکێك لەپیاوانی تاهیر ئاغا کوژراوە. ئێستا دەگوترێ "تاهیر" لەگەڵ "رەشید بەگ" [ی هەرکی] کەوتبێ کە لەرێگەی ژنخوازییەوە خزمیەتی. هیچ هەواڵێك لەمەڕ شەڕو پێکدادانی دیکە، نییە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

## FO371/45478
## (راپۆرتی ژمارە ٦ی ساڵی ١٩٤٥)،
## ٢٢ی مارس تا ٣ی ئاپریلی ١٩٤٥

### ٧٧) کاروباری کوردان

ڕۆژی ٢٤ی مارس، سەرۆکی "لیژنەی لێکۆڵینەوە لە ئاژاوەی ڕۆژی ١٥ی فەبریوەری مەهاباد" ڕایگەیاند کە بەهۆی گەیشتنی هێزی ئێران بە ڕێبەرایەتی سەرتیپ هۆشمەند ئەفشارەوە کە نێررابووە بۆکان (ڕۆژژمێری پێشوو، پاراگراف ٦٥) و وا گەیشتۆتە مەهاباد، ئەوەیش خۆی چاوەڕوان دەکرێت بەم زوانە تەورێز [بەرەو مەهاباد] بەجێبهێڵێت.

ڕاپۆرتەکە لە شوێنی خۆیدا نەبوو، لەبەر ئەوەی ئۆستانداری تازەی ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات دوو ڕۆژ دواتر ڕایگەیاند کە بەبێ هیچ گومانێک ڕووسەکان ئیجازەیان بە هێزی ئێران نەداوە بچنە مەهاباد و ئێستاش گەڕاونەتەوە سەقز ـ ئەو شوێنەی وا لێوەی وەڕێ کەوتبوون. ئۆستاندار نەیدەتوانی تەئییدی ئەو هەواڵە بکات کە لەنێوان هێزەکەو سەربازخانەی ڕووسدا لە میاندواو، موشکیلەیەك هەبووبێت. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، هێزی ئێرانی لە [گوندی] سەرای نێوان بۆکان و میاندواو [سەرنج: سەرا لەنێوان بۆکان و سەقزدایە ـ وەرگێڕ] چۆتە دەرەوە. بەڵام ڕووبەڕووی ئەفسەری فەرماندەی سەربازخانەی ڕووس لە میاندواو بۆنەتەوە کە بە ئەفسەری فەرماندەی ئێرانی گوتووە پێش ئەوەی دەستوور لە جەنەڕاڵی سۆڤیەتی لە تەورێز وەربگرێت ناتوانێ ئیجازەی جموجۆڵ بە هێزی ئێرانی بدات.

ئەفسەرە ئێرانییەکە لە وەڵامدا گوتوویەتی دەبێ دەستوورەکانی خۆی بەڕێوەبەرێت کە بریتین لە گرتنەوەی مەهاباد و درێژەی کاری لەشکرکێشانەکە. ئینجا فەرماندە رووسەکە هێزێکی لە میاندواوەوە خستۆتە ڕێ کە بریتی بوە لە شەش تۆپ و ١٥٠ سوارەو بەم شێوەیە، دژ بە ئێرانییەکان وەستاوە و نەیهێشتووە بەرەوپێش بچن.

راپۆرتێکی تەئیدنەکراو دەڵێ سوارەی رووس بەشمشێری رووت هەڕەشەیان لە ئێرانییەکان کردووە، بەڵام هەرچۆنێك بێت وادەردەکەوێ کە خوێنێك نەڕژابێت، ئەفسەری فەرماندەی ئێرانی، ملی بۆ «فۆرس مـاژۆر»ی [رووسەکان] دانەواندووەو پیاوەکانی خۆی کێشاوەتەوە بۆکان ـ شوێنێك کە دەگوترێ سەرەك هۆزێکی کورد لەوێ دەوری نێوبژیکەری لەنێوان ئەفسەرانی ئێرانی و رووسی بینیوەو رووسەکانی دڵنیا کردووە کە هێزەکانی ئێران دوای حەسانەوەیەك، لە بەیانی رۆژی دواییدا دەکشێنەوە بۆ سەقز.

وادەردەکەوێ کە دەسەڵاتداریەتی ئێران لێرە، ئەو پاشەکشەیەی بە دوائاکام وەرگرتووە، چونکە لیژنەی لێکۆڵینەوە رێگای خۆی گۆڕیوەو سەفەری دووری ئەردەبیل، بوستاناباد، سەراب و مشکین [شەهر]ی هەڵبژاردووە بۆ تۆژینەوە لە مەسەلەی کۆکردنەوەی گەنمی ئیداراتی "غەللە".

وا هەیە فەرماندەی هێزەکانی ئێران لە تەورێز ـ سەرهەنگ دورەخشانی، ئەم هێرشە پێشنیارکراوەی هێزەکانی "هۆشمەند" بۆ مەهابادی بە هێمنی هەڵنەسەنگاندبێت. کاتێ مەسەلەکە بۆ یەکەمجار پێشنیارکرا، ئەو بۆچوونی خۆی وا دەردەبڕێ کە هێزەکە دەبێ لەژێر

قوماندانی ئەوا بێتو ئێستا وا دەزانرێت کە پشتگیری لەروانگەی رووسەکان دەکات، کە دامەزراندنی هێز لەمەهاباد، دەبێ «تیپ»ی سێهەم بە قوماندانیی ئەو بەڕێوەی بەرێت.

راپۆرتێکی دواتر، کە تەئیید نەکراوە، دەڵێ هێزی [سوپایی] ئێستا لەتەورێزەوە دەنێردرێتە مەهابادو ئەویش لەژێر قوماندانیی سەرهەنگ جەلیلیدا.

بنکەی ژین
www.zheen.org

## FO371/ 45478
## (راپۆرتی ژماره ٧ی ساڵی ١٩٤٥)،
## ٣ تا ١٩ی مانگی ئاوریلی ١٩٤٥

### ٨٧ـ کاروباری کورد

لەکاتێکدا سەرچاوە کوردییەکانی پێوەندیدار بە بۆکان لە تەوریز، تەئییدی ئەو راپۆرتە دەکەن وا سەربازخانەی رووس لە میاندواو هێزەکانی [سەرتیپ] هۆشمەندیان لە مەهاباد گێڕابێتە دواوە (رۆژ ژمێری پێشوو، پاراگرافی ژمارە٧٧)، دانیشتوویەکی کوردی مەهاباد کە لەم دواییەدا گەیشتووەتە ئێرە ئاگاداری هیچ بەربەرەکانییەکی سوپایی [نێوان ئەو دوو هێزە] نییە.

بەگوێرەی قسەی ئەو، بەماوەیەکی کەم پێش وەرێکەوتنی هێزەکانی ئێران بە قوماندانیی سەرتیپ هوشمەند لە سەقز و گەیشتنە بۆکانیان، ئەفسەری سیاسی رووس لە ورمێ ـ مێجەر جەعفەرۆف، سەردانی مەهابادی کردووە و شەوێك لای قازی محەمەد بووە. قازی محەمەد رۆژێك دوای گەیشتنی جەعفەرۆڤ، لەقوتابخانەیەکی شاردا وتارێکی داوە و گوتوویەتی ئەگەر هێزی نێردراو، جاندرمە بن، ئێمە بەرهەڵستیان دەبینەوە. بەڵام ئەگەر هێزی ئاسایی بن، بایەخی ئەوەی نییە رووبەڕوویان ببینەوە.

ئینجا قازی محەمەد چوو بۆ میاندواو بۆ ئەوەی سەر لە مەسەلەکە دەربهێنێ و هەواڵی ئەوەی لەگەڵ خۆیدا هێنا، کە هێزەکان ئاساین و

راگەیەندرا کە بەرەو مەهاباد کەوتوونە ڕێ. پاشان جەعفەرۆڤ خۆی، چـوو بۆ میاندواو و وادەزانـرێ کـە لەگـەڵ ئەفـسەری رووسـی سـەربازخانەکەدا بڕیاری ئەوەیان داوە ئێرانییەکان بگێڕنەوە دواوە.

یەك لە کوڕانی ئێلخانی زادە ـ سـەرەك [هـۆز] ی دێبـۆکری پێـشوازیی هێزەکانی ئێرانی لە نزیك بۆکان کردووە. (ڕۆژ ژمێـری پێـشوو، پـاراگرافی ژمارە ٧٧).

بارودۆخی دێبۆکرییەکان لەم کێشەیەدا، هەندێ ناسکە، ئەوان لەهەموو دەرەتانێك کەڵك وەردەگرن بۆ ئەوەی خۆیان وانیشان بدەن کە ئامـادەی [هاوکـاریی] دەوڵـەتی ئێـرانن بـەڵام داواکـاریی سـەرتیپ هوشمەنـد بـۆ هاوکاریکردنی ڕاستەوخۆ لایان گرانە.

قاسم ئیلخانی زادە کوڕی بایزید، یەك لەسێ سـەرۆکی ئەسـڵی [دێبـۆکری] دەڵێ بە دەستووری فەرمانـدەی جاندرمـەری لـە تـەورێز ئامـادەی ئـەوە بـوو یارمەتی ئێرانییەکان لە سەقز بدات (گەرچی دەیزانی هوشمەند خـۆی، لەگـەڵ ئەو شتەدا نییە). سوارەکانی خۆشی ناردە مەهاباد تا لەوێ چاوەڕوانی هاتنی [ئێرانییەکان] بن. ١٢ ڕۆژ لەوێ مانەوەو پاشان گەڕانـەوە مـاڵێ. بـەڵام قاسـم سوێند دەخـوات کـە هیـچکاتێ هاوکـاریی هوشمەنـد [وەك شـەخس] ناکـات، بەگوێرەی قسەی ئەو ئەگەر هێزەکانی ئێران لەلایەن هەر ئەفسەرێکی دیکـەی جگـە لـە هۆشمەنـدەوە ڕێبەرایـەتی بکرایـەن، کـوردی مـەهاباد داوایـان لـە رووسـەکان نـەدەکرد پـشتیان بگـرن. هۆزەکـەی ئـەویش بـە هـیچ شـیوەیەك بەرهەڵستی لەسەر ڕێگای ئەفسەرێکی نەجیبی ئێرانی دانەدەنا.

**FO371/45340/126035**
**٢٢ی مارچی١٩٤٥**
**لە "سێر ك. كۆرنوالليس"ـەوە لە بەغدا**
**[بۆ وەزارەتی دەرەوە].**

مەلامستەفا و هەلومەرجی كوردستان

ئاماژە بە نامەی ژمارە ١٧ی ڕۆژی ١٩ی مارچ (E ٢١٧٧/١٩٥/٩٣).

هاوڕێ لەگەڵ ئەم نامەیەدا، نامەی خواحافیزیو نەسیحەتتان بۆ دەنێرم، كە باڵوێز [ی بریتانیا لەبەغدا] ناردوویە بۆ مەلامستەفا.

**FO371/45340/126035**
**دەقی ئەسڵی ئینگلیزی ئەو نامەیەی وا بە عەرەبی نێررا**
**لەلایەن باڵوێزەوە بۆ مەلامستەفا**
**تەئریخ ٢٠ی مارچی ١٩٤٥**

وامن عیراق بەجێدەهێڵم و بەداخەوەم كە ناتوانم بەشەخسی خواحافیزیت لێ بكەم، بەڵام لەجیاتییان ئەم نامەیەت بۆ دەنێرم.

٢) وەك دەزانی، من بۆ ماوەیەكی زۆر بەكاروباری تۆوە خەریك بووم. تۆ ئێستاش هەر موشكیلەت هەیە، بەڵام ئەوە ڕێبازی هەموو مرۆڤێكەو تۆ

دەتوانی خۆشحاڵ بی کە پرسیارەکانت ئێستا لە جاران زیاتر نزیک بە وەڵامدانەوەیە. وەك ئاگاداری، حکوومەتی عێراق خەریکە یاسایەك دەخاتە بەردەمی پەرلەمان کە لێبووردنت پێ بدرێ. ئەوەش دەرەتانت پێدەدات ژیانێکی نوێ دەست پێ بکەیت و لە داهاتوودا وەك هاووڵاتیەکی ئاشتیخواز بژیت. لەلایەکی ترەوە، دەزانم کە دەتەوێ کارێکی زیاتر بۆ خەڵکەکەت بکرێت. ئەو مەسەلەیە لە بەغدا بە باشی ناسراوە و دۆستانی بەریتانی و عیراقیت هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدان یارمەتیت بدەن. بەڵام تۆ دەبێ ئەوە بزانی کە یەکەم هەنگاو پێویستە لەلای تۆوە هەڵێنرێتەوە، ئەوەش نابێ لە شێوازی هەڕەشەکردن بۆ ئاژاوەنانەوە بێت. ئەو چەشنە هەنگاوە هیچکەس خۆشحاڵ ناکات، نە بریتانیایی و نە عیراقیەکان و، دەیانگەێنێتە ئەنجامی ئەوەی لایان وابێت کە تۆ کەسێکی کە دەیەوێ ئاشتی بشێوێنێت و کاتی ئەوان بە فیڕۆ بدات. تۆ باشترە بیر لە داهاتوو بکەیەوە نەك لە رابوردوو، ئەوەش بزانیت کە تۆ و خەڵکەکەت ئێستا لە چوارچێوەی سنوورەکانی عیراقدا وەك وەرزێری چالاك و هاووڵاتی باش دەژین.

بنکەی ژین
www.zheen.org

٣) گەلێك چاوەوڕاو و هەواڵ گەیشتوونەتە دەستم کە تۆ ترسی ئەو تەدریبەت هەیە وا سوپای عیراقی لە مانگی دادێ بەڕێوەی دەبات. ئەوە دوور لە عەقڵە. سوپای عیراق لە چەند مانگی رابوردوودا تەدریباتی کردووە و دوو تەمرینیش لە مانگی ئاپریلدا دەکەن کە بەرنامەکەی زۆر پێش ئێستا داڕژاوە. یەکەمیان لەنێوان ٨ تا ١٤ی ئاپریلە و لە شوێنێکی نزیك خاکی ئێوە نابێت.

دووهەمیان لە ١٨ی ئاپریل دەست پێ دەکات و ئەویش لە عەقرە زیاتر لێتـان نزیك نابێتەوە لەماوەی تەمرینەکاندا، سوپا رێـژە (دەفیلـە) دەڕۆن. لـەماوەی هـەموو ئـەم تەدریباتـەدا، هێزەکـانی بریتانیـا لەگـەڵ سـوپای عێراقیـدا ئـیش دەکەن. هاوکاریی هێزەکانی بریتانیا و هیندسـتان نیـشاندەری ئـەو پێوەنـدە برادەرانەیە کە هەر ئێستا لەنێوان ئێمە و هاوپەیمانـە عێراقیەکانمانـدا هەیـە و هیچ چەشنە گرنگایەتیکی سیاسی نییە. لەگەڵ ئەوەشدا، وەك گوتم، هێزەکان نایەنە شوێنێکی نزیك ئێوە.

٤) من هەمیشە تۆو خەڵکەکەتم لەبیر دەبێت و هیـوادارم هـەواڵی بـاش لەئێوە ببیستم.

دوا نەسیحەتم بۆ تۆ ئەوەیە کە دەبێ ئەوەبزانی کـە رۆژانـی موشـکیلە کۆتاییان پێ هاتووە. تۆ و خەڵکەکـەت دۆسـتانێکی زۆریـان هەیـە، بـەڵام تەنیا لە رێگەی ئاشتیخوازانەوە، کاتێـك یارمـەتیان دەدەن کـە خوازیـاری ئاشتی بن، دەبێ ئەوە بزانی کە ئێستا گەلێك تەنگ و چەڵەمە لە جیهانـدا هەیە. ئێمە ئێستاش شەڕی دوو دژمنی بەدکار و خاوەن بڕیـار دەکـەین و هـەموو توانامـان بـۆ ئـەم کـارە تـەرخان کـراوە. ئەوانـەی وا لـەم کـارەدا یارمــەتیمان بــدەن دۆســتی ئێمــەن و ئەوانــەی وا بــەرگریمان دەکــەن دوژمنمانن. هیوادارم تـۆ هەمیـشە وای ببینـی کـە لەگـەڵ دۆسـتانی ئێمـە حیسابت بۆ دەکرێت.

**<u>ژماره ١٢١٩</u>**

**٢٧٢/٤٤/٤٥**

**باڵۆیزخانەی بریتانیا**

**بەغدا**

**٢٢ی مارچی ١٩٤٥**

جەناب،

لە پەرەگرافی ژمارە ٨ی نامەی ژمارە ١١٧، هی ١٩ی مارچ، کە تییّدا ئاماژە بە هەلومەرجی کوردستان کرابوو، دەست نیشانی ئەوەم کردبوو کە دەمەوێت نامەیەکی خوداحافیزی و نەسیحەت ئاراستەی مەلامستەفا بکەم. وا ئێستا شانازی ئەوەم هەیە کۆپیەکی نوسخەی ئەسڵی ئینگلیزی نامەکە بنێرم بۆتان. نامە ئینگلیزییەکە بەعەرەبی ئەندامێکی لیژنەی کارمەندانی راوێژکاری سیسی گەیاندی[یە دەستی مەلامستەفا]. ئەفسەری گشتی قۆماندانی هێزەکانو جەنەڕاڵ "رێنتن" پەسندی ناوەڕۆکی نامەکەیان کردبوو.

من هەروەها نامەکەم نیشانی سەرەك وەزیری عیراق دا، کە رەزامەندی خۆی دەربڕی.

بنکەی ژین
www.zheen.org

**FO371/52401/ 125690**

[ئەم بەڵگەنامەیە، بەشێکە لەراپۆرتێکی دوورودرێژ لەمەڕ بارودۆخی ئێران و ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تەنیا سێ پاراگرافی لە پێوەندیی کوردستاندایە. راپۆرتەکە، پاشکۆی نامەیەکە و بەو بۆنەیەوە، راستەوخۆ تەئریخی نووسرانی بەسەرەوە نییە. بە حیسابی بارودۆخێك کە راپۆرتەکە باسی لێوە دەکات، دەبێ لە سەرەتا یاخود ناوەڕاستەکانی ساڵی ١٣٢٥ [١٩٤٦] دا نووسرابێت. وەرگێڕ]

## [هەواڵی] عەشیرەتی و ناوچەیی کوردستانی ئێران

٣٥) راپۆرتەکان وا دەگەیێنین کە عاقیبەت "کۆمەڵەی کورد"[١] سەری هەڵداوە و میاندواو (ZH5345، J–38-W)[٢] و بۆکان (Z6546،J – 38-W) یان گرتووە و بەرەو سەقز (ZH 6194،J- 38-W)، تا "سەرا" (J- 38- ZH6429،W) رۆیشتوون. ئەرتەشی ئێران، شوێنی خۆی لە "صالح ئاوا". (ZH6917، J- 38- W) ـ چەند مایلێك لای باکووری سەقز قایم کردووە.

وا دیارە ئێرانیەکان سەرەڕای نەسحەتی رووسەکان کە گوتوویانە پێش ئەوەی خوێن برژێ پادگانی بانە و سەردەشت و سەقز چۆڵ بکرێن، دەیانەوێ لە "صالح ئاوا" بمێننەوە (پاراگرافی ٤٨ـ کورتە باسی ژمارە ٢٥١).

---

[١] Komal-e Kurd – نیاز لە کۆمەڵە، دەبێ حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بێت، بڕوانە پەرەگرافی ١٣ لە بەڵگەنامەی ١ تا ١٥ی ئۆگوستی ١٩٤٥.

[٢] درێژایی و پانایی جوغرافیایی.

هەرچۆنێك بێت، دەگوترێ سەربازخانەی بانەو سەردەشت وا هەیە بۆ بەهێزکردنی شاری زۆر ستراتیجیکی سەقز چۆڵ بکرێن، پادگانەکەی سەقز، پێشتر بەهۆی هێزی ناوچەکانی باشماخ (E -38 -1، J Y 9511)و هەورامانو مەریوانەوە بەهێز کراوە.

٣٦) مەلامستەفا دوا جار لە [گوندی] "مەرخوز" (W -38 -J، ZH5718) بینراوە (پاراگرافی ٤٨ ـ کورتە باسی٢٥١). ئێستا هەواڵ دەگات کە لەلایەن جەنەراڵێکی رووسەوە داوای لێ کرابێت بچێ بۆ بۆکان.

٣٧) دەوروبەری ٢٠خێزان ـ کە زیاتریان پیاوی بێچەكو ژنو منداڵی لایەنگری مەلا مستەفان، گەڕاونەتەوە بۆ عیراق.

بنکەی ژین
www.zheen.org

## FO371/45478-25338
## راپۆرتی شەش مانگەی تەوریز

ئەم راپۆرتە، ساغکەرەوەی راپۆرتی پێشوو (٤ی مارچی ١٩٤٥)ەو ماوەی نێوان یەکەمی مارچ تا ١٥ی ئۆگوستی ١٩٤٥ دەگرێتەبەر.

### ١٣) کاروباری کوردان

لەماوەی شەش مانگی رابوردوودا، سەرنج بەرەو "کۆمەڵە" کشاوە کە رێکخراوەیەکی سەربەخۆی کوردە و وا دەردەکەوێ کە کۆمەڵی پێشووتر واتە "ژ. ک"ی لەخۆیدا تواندبێتەوە.

کەسایەتیەکانی کۆمەڵە، هەمان کەسایەتی ژێکافنو ناوەندەکەش، هەمان ناوەندی ئەوی پێشووتر واتە مەهابادە، گومان لەوەدا نییە کە لەماوەی چەند مانگی رابوردوودا لایەنگرانی بزووتنەوەی سەربەخۆیی کورد روو لەزیاد بوون بووەو لەلایەن رووسەکانەوە زیاتر هان دراون.

باشترین یارمەتییەك کە رووسەکان پێیان کردبێتن، بەرگریکردنیان بووە لە پلانی گرتنی مەهاباد لەلایەن هێزەکانی ئێرانەوە لە مانگی مارچدا. ئەگەر "سەرتیپ هۆشمەند ئەفشار" بچوایەتە ناو مەهابادەوەو بنکەی چاودێرییەکی ئێرانی لەوێ دامەزراندایەو قازی محەمەدی وەدەرنایە یاخود بیگرتایە، ئەوا بزووتنەوەکە تووشی نشوستی جیددی دەهات.

ئێستا قازی محەمەد لە دۆخێکی قایمدایە کە هەرگیز پێش ئێستا ــ وەك حاکمی راستەقینەی مەهاباد، خاوەنی بارودۆخی وا نەبوە. ئەو زانیاریە کەمو زۆر باوەڕپێکراوەی وا لەنێو هەوری چاوڕاوێك دێتە دەرێ کە باڵی بەسەر کوردستاندا کشاوە، باسی لایەنگرییەکی پەرەئەستێنێ مەسەلەکە لەناو دێبۆکرییەکان - رەقیبی کۆنی قازی محەمەد و پێکهاتنی سوپایەکی ئاسایی و هەروەها پێوەندی گەلێك نزیك لەگەڵ کوردانی عیراق دەکەن.

لەوەش زیاتر وا دەردەکەوێ کە لە چەند مانگی رابوردوودا پێکهاتنێك لەنێوان کوردی مەهابادو کوردی هەرکیو شکاکی ناوچەی ورمێدا هاتبێتە کایەوە کە ئەم دوانەی دوایی، خاوەن ئازارو ژانەسەری زیاترنو چەتەی بەکردەوە - زێرۆ ئاغا، و بەهەمان رادە سەرۆکی جەسووری هەرکی - رەشید بەگ، بوون بە پڕوپاگەندەچییەکی توندوتیژی مەسەلەی سەربەخۆیی.

١٤) دیاری کردنی رادە بۆ هەڵخلاندنو هاندانی رووسەکان هاسان نییە. رووسەکان زەحمەتی شاردنەوەی ئەو راستیە بەخۆیان نادەن کە کەسانی وەك قازی محەمەدو زێرۆ ئاغا لەژێر حیمایەی ئەواندانو هیچ گومانێك لەوەدا نییە کە هەندێ سەرەك هۆز ئەم بەرگریکردنەی ئەوان لەجموجۆڵی هێزەکانی ئێران لە ئازەربایجانی رۆژئاوا، وەك ئیجازە نامەی هێرشکاری خۆیان وەرگرتووە.

www.zheen.org

ئەفسەری سیاسی رووس لە ورمێ، کە پسپۆڕی مەسەلەی کوردیشە، درێژە بە وتووێژکردن لەگەڵ سەرەك هۆزی جۆربەجۆری کورد لە ئازەربایجانی رۆژئاوا دەداتو گەلێك گونجاوە کە لەپێوەندی عیراقیشدا

هــەبێت. جێگــری کونــسوولی رووس لــەورمێ بــەگوێرەی پرۆگرامێکــی رێكوپێك سەردانی مەهاباد دەکاتو لە مانگی ئاپریلدا بۆ کردنـەوەی لقـی ئەنجومەنی فەرهەنگی ئێرانو سۆڤیەت لەوێ بووە.

ئاڵای سوور و وێنەی ستالین لەزۆر خۆپیـشاندانی کـورددا بەدەسـتەوە دەگیرێنو پێشتر لە مانگی ئاپریلدا، لـە مـەهاباد شـانۆیەك بـەڕێوە بـراوە [دایکی نیشتمان؟ وەرگێڕ] کە تێیدا بەئاشکرا کەسایەتی بـە گریمـانی رووس دەوری رزگارکردنی کوردستان لە زنجیر دەگێرێت.

پشتگیریکردنی رووس لە"سەربەخۆیی" مەهاباد، سـەرنج راکێـشە. ئـەوان بەهـەمان شـێوە بـەرگرییان لـە دامـەزرانی پادگـانی سـوپای ئێرانـی لـە مـاکۆ کـردووە - ئـەو شـوێنەی کـە کـوردە "جـەلالی"یـەکان لـە کۆمەڵـە پـشتیوانی دەکەن، هیچ نیشانەیەکی پتەو بەدەستەوە نییە کـە فرۆشـتنی چـەك لەلایـەن رووســەکانەوە بــە کــورد دەربخــات، بــەڵام لــەماوەی ئــەم لێکۆڵینەوەیــەدا چاووڕاوێکی زۆر هەبوو کە جەختیان لەسەر مەسەلەکە دەکرد.

لەلایــەکی دیکــەوە، گــەلێك رووداوی تــر هاتوونەتــە کایــەوە کــە نیــشاندەری کرکردنــی دەستەقەســتی هەســتی کوردایــەتی [لەلایــەن رووسەکانەوە] بووە. بابەتی وەك بانگهێشتنی قازی محەمـەد بـۆ جـەژنی ساڵانەی [دامەزرانی کۆماری] ئازەربایجانی سۆڤیەت لە باکۆ، دوور نییـە رووسەکان گەیشتبنە ئەو ئەنجامەی کە پێویست بێت مەسەلەی کـورد لـە جۆشوکوڵـدا بهێڵنــەوە، بــەڵام بۆیــان شــتێکی نــاخۆش دەبێــت ئەگــەر کترییەکەیان لـێ بێتە کوڵ.

١٥) کۆتاییهاتنی شەڕ[ی دووهەمی جیهانی] و ئیحتیمالی کشانەوەی هێزەکانی رووس، بۆتە هۆی ئەوەی کە بەڕێوەبردنی سیاسەتێکی روونی بۆ هەردوو لایەنی کوردو ئێرانی کردبێتە گرنگایەتیەکی دەستبەجێ. کوردی ئازەربایجان وێدەچێ بڕیاری خۆیان دابێت، بەڵام هیچ نیشانەیەك بەدەستەوە نییە بۆ ئەوەی بزانرێ ئێرانیەکان بڕیاریان دابێت. وا دەردەکەوێ تەنیا بیر و فیکرێك کە لێرە ئەفسەرانی پلەی سەرەوەی سوپای ئێرانی بەخۆیەوە خەریك کردبێت، لێدانی کوردانە ئەویش لە رێگەی فێڵبازیو بەرتیلدانەوە، بۆ ئەوەی دووبەرەکی بخەنە ناو هۆزەکانو لەو شوێنانەدا کە ناتوانرێ متمانە بە سەرکەوتنی چەکی ئێرانی بکرێت. دیارە چەککردن[ی کورد] یەکەمین داخوازیی هەمەلایەنی [لەنێو ئێرانیەکاندا] یەو چەکێکی زۆر لە ناوچەکەدا هەیە کە بتوانێ هەموولایەك رازی بکات.

بەڵام پرۆسەی چەککردن - کە کوردەکان تووشی رقو تۆڵەسەندنەوە دەکاتو لە باری ئابووریشەوە زەحتیان دەخاتە سەر، چارەسەری مەسەلەکە ناکاتو، تا کاتێ کە هەمەلایەنیتر لەوەی وا ئێستا چاوەڕوان دەکرێ بەڕێوەنەبرێت، تەنیا دەبێتە هۆی زیادبوونی هەستی بێئاسایشی کە بەرگری لە هەموو چەشنە پێشکەوتنێکی ئابووریو کۆمەڵایەتی لەنێوان وەرزێرانی غەیرە کوردی ئازەربایجانی رۆژئاوا دەکات.

J. W. Wall

[هێڵی ژێر دێڕەکان من کێشاومن. وەرگێڕ]

## F0341/45478
## راپۆرتی ژماره ۸
## ۱۹ی مانگی ئاپریل تا ۱٦ی مەی ۱۹٤٥

۹۷) **ورمێ**: لەم پاراگرافەدا باسێکی ئەوتۆ لە مەسەلەی کورد نەکراوە جگە لەوەی دەنووسێت: «بەگوێرەی هەواڵی هەواڵدەرێکمان لەبۆکانەوە، نزیکەی ۱۰۰۰ کەس لە کوردی دێبۆکری، حەیدەری‌و شێخ ئاغایی‌و هەروەها مەلایەکی خاوەن نفووز بەناوی "سیف القضاة" [میرزا ئەبولحەسەنی سەیفی قازی] ، چوونەتە ناو حیزبی توودە».

۹۸) **کاروباری کورد**: لە سێ حەوتووی رابوردوودا، لافاوێکی چاوڕاو لەمەهابادەوە هەستاوەو باسی پێکهاتنی «سوپای سەربەخۆیی» لەنێو شار دەکەن. هەندێك راپۆرت گەیشتوونەتە ئەم کۆنسوولخانە گشتییەو جێگەی متمانەشن، چ ئەوانەی وا لەلایەن کوردەکانەوە هاتوون‌و هی ئەو سەرەك هۆزانەن وا دوژمنایەتیان لەگەڵ قازی محەمەددا هەیە، چ ئەوانەی والەلایەن سەرچاوە رەسمییە ئێرانییەکانەوە گەیشتوون. هیچکام لەوانیش، تەواو روون نین، بەلام وشیارکەرەوەن.

هەرچۆنێك بێت، راپۆتەکان لەوەدا هاودەنگن کە "ئەنجومەنی ژ. ك" یا بەو شێوەیەی وا کورد خۆیان ناوی دەبەن "کۆمەڵە"، توانایی‌یەکی لەرادەبەدەری هەیە. هەواڵدەرێکمان، بنەمای ئەو توانایە دەگەڕێنێتەوە بۆ مەسەلەی کرانەوەی "ئەنجومەنی فەرهەنگیی ئێران‌و سۆڤیەت لە

نۆهەمی ئاپریل[ی ١٩٤٥، لە مەهاباد]. نامەیەکی بانگهێشتن "بە فارسی و کوردی" چاپ کراوە و بۆ سەرەك هۆزە دوور و نزیکەکان نێردراوە. جێگری کۆنسوولی رووس لە ورمێ میوانی فەخریی بانگهێشتنەکە بووە.

ئەمیر ئەسعەد [عەلی ئاغای ئێلخانی، پاشان "عەلیار"]یش، نامەی ئەو بانگهێشتنەی پێگەیشتووە، بەڵام بەرواڵەت بەشداری نەکردووە. یەك لە هەواڵدەرەکان دەڵێ جێگری کۆنسوولی رووس بەهۆی تاقمی "گارد" ێکەوە پێشوازی لێکراوە، کە بەشێك بووە لە "سوپای سەربەخۆیی" تازە پێکهاتوو.

بە ماوەیەکی کەم پێش ئەو رووداوە، (لە رۆژێکدا، کە روون نییە کەی بووە)، کۆمەڵەی ژ. ك، خۆپیشاندانێکی بەرێوەبردووە، کە روخساری سەرەکیی ئەو خۆپیشاندانە بریتی بووە لە شانۆیەك. شانۆکە، کوردستان لە بیچمی ژنێکدا نیشاندەدات ["دایکی نیشتمان"- وەرگێڕ] ، کە دەستی لە کەلەپچەدایە و بە نیشانەی ملهوڕیی [دەوڵەتانی] ئێران، عیراق و تورکیا، دوو منداڵی گرتۆتە باوەش، ئینجا دەستێك کە چەکوش و داسی پێیە، لە کۆت و زنجیر ئازادی دەکات. کاتێکیش کە رزگار بوو، چارشێوەکەی لەسەر لادەچێتو ئاڵایەکی سوور لەسەر سینگی دەردەکەوێت کە لێی نووسراوە:

"بژی ستالین، رزگارکەری گەلانی بچووك"

بنکەی ژین
www.zheen.org

هیچ گومانێك لەوەدا نییە کە دەسەڵاتدارێتی سۆڤیەت، لایەنی کۆمەڵەی ژ. ك دەگرن. بەرێز "هاشمۆف" - جێگری کۆنسوولی رووس لە ورمێ، مانگی رابوردوو، جارێك زیاتر سەردانی مەهابادی کردووەو میوانی

قازی محەمەد بووە. ئەستەمە ژمارەی بێکەمو زۆری ئەندامانی کۆمەڵەی ژ. ك، یاخود قەوارەی "سوپا"کەی بزانرێ، سەرچاوەی داراییەکەشی هەر روون نییە لەکوێوەیە.

قوماندانی سوپای ئێرانی لە تەورێز لای وایە هێزی سوپاکە لە٢٠٠ کەس تێپەڕ ناکات، بەڵام هەواڵدەرێکی کورد ئەم ژمارەیە دەگەیێنێتە هەزار کەس. راپۆرتەکانی پێشوو رایاندەگەیاند کە ئەندامانی هێزەکە، جلوبەرگی هاوچەشن [یونیفۆرم] یان لەبەردایە، بەڵام هەواڵدەرێکی کورد، کە لەم دواییەدا لەبۆکانەوە هاتووە، دەڵێ ئەو یونیفورمە ئێستا ئیتر نەماوە. هۆیەکەشی، بە بەشێك لەو نهێنیکارییە لێکدەردرێتەوە کە پێوەندی بە داخوازیی "سەرهەنگ وەرەهرام" ـ فەرماندەی تیپی تەورێز [ی سوپای ئێرانی] لەکاتی سەردانی بۆ مەهاباد هەیە: ئەندامانی «سوپا» بێیونیفۆرمەکەیان، لە خەڵکی ئاشتیخوازی شاری مەهاباد جیاناکرێتەوە، کە شێوەیان ئەوەیە بە چەکو فیشەکدان بەنێو شاردا بگەڕێن، بەچەشنێك کە هیچ ریسواییەك بۆ دەستوپێوەندی هێنری مۆرگان یا کاپیتان کید نەخولقێ. [نیاز، هێزی زۆرداری تالانکەرە. وەرگێڕ]

رادەی پشتیوانیکرانو هاندرانی کوردی مەهاباد لەلایەن عیراقەوە روون نییە. بەگوێرەی راپۆرتێك، گەنمو تووتنی زۆر لە ناوچەی مەهابادەوە بۆ فرۆشتن ناردراوەتە عیراق، کە دەگوترێ نرخ لەوێ لەئێران بەرزترە. هەروەها دەگوترێ کە ئەو پارە زیادییەی نێوان نرخی ئێرانو عیراق، پێشکەش بە کۆمەڵەی ژ. ك دەکرێت. ئاشکرایە پێوەندییەکی زۆر

لەسەر سنوور هەیەو چاپەمەنی کوردیی چاپی عیراق لە مەهاباد بینـراون، ئەوەی لەم دواییەدا بینرابێت، نـاوی «یـەکێتی تێکۆشـان» ــە کـە لەلایـەن حیزبی شیوعی عیراق (کورد)ەوە بڵاوبۆتەوە.

قـسە لـە حیکایـەتێك دەکـرێ کـە گوایـە ئـەو کوردانـەی وا لـە تورکیـا هـەڵاتوون‌و گەیـشتوونەتە ناوچـەی «سـۆماو برادۆسـت» لـە ئازەربایجـانی رۆژئـاوا، گوتوویانـە بزووتنەوەیـەکی هاوچەشـن لـە شـارەکانی تورکیـا: دیاربەکرو «گیاوار» (گاوار، گەڤار) لەنزیك سنووری ئێران‌و رۆژئـاوای ورمـێ سەری هەڵداوەو لەلایەن عەسـکەری تورکـەوە سـەرکوت کـراوە، نزیکـەی ۱۲۰کـەس سـەرەك هۆزیـان گرتـووەو لـەداریان داون. ئـەم نەقڵـە، هـیچ سەرچاوەیەکی دیکە تەئییدی نەکردووە.

هەواڵـدەرێکی زۆر هـەواڵیان داوە کـە کـوردی ناوچـەی ورمـێ بـەڵێنی پشتیوانیکردنی کۆمەڵەی ژ.ك ی مەهابادیان داوە. دەگوترێ زێڕۆبەگی هەرکی لە مەهاباد سەردانی قازی محەمەدی کردووە. سەرەك هـۆزانی دیکـەی باکوور [ی کوردستانی ئێران] کە دەگـوترێ لایـەنگریی [ژ. ك] دەکـەن، بـریتین لـە: تاهیری کوڕی سمکۆ لە شکاکان‌و رەشیدبەگی هـەرکی‌و سـەعید بـەگی بـرای، سەبارەت بە عومەرخانی شکاك، جێگری سمکۆ، راپـۆرتی تێکـەڵ‌و پێکـەڵمان پێگەیـشتووە. هەواڵـدەرێکی کـورد لـە بۆکـان، دەڵـێ زۆربـەی هۆزەکـانی دێبۆکری، مەنگوڕ و مامەش بوونەتە ئەندامی کۆمەڵەی ژ.ك.

ئاشکرایە بۆ مەسەلەی راکێشانی پشتگیریی کوردەکان، کۆمەڵەی ژ. ك و حیزبـی تـوودە، کێبـەرکێیان لەنێوانـدا هەیـەو دەگـوترێ کۆمیتـەی

کۆمەڵـەی ژ. ك لـە مـەهاباد نامـەی بـۆ لقـی حیـزی تـوودە لـە میانـدواو نووسیوە و داوای لێکردوون ناوی هیچ کوردێك لە حیزبەکەیاندا نەنووسن، چـونکە ئـەرکی هـەموو کوردێکـە ببێتـە ئەنـدامی کۆمەڵـەی ژ.ك (رەنگـە هـەرزانتریش بـێ، چـونکە وەك زانـراوە، کۆمەڵـەی ژ. ك داوای بـاجی ئەندامەتی ناکات بەڵام حیزبـی تـوودە، مانگانـە بـاجێکی یـەك تمـەنی لـە ئەندامانی وەردەگرێت).

جیا لە پشتگیریی کاتیی و بە هەڵکەوت، وەك لـە پـاراگرافی ژمـارە ٩٧ دا گوتراوە، وێناچێ حیزبی توودە لەناو کورددا دەستکەوتێکی هـەبێت. زۆربـەی سەرەك هۆزەکـان، دژایـەتی دەکـەن. دەگـوترێ زێرۆبـەگی هـەرکی ـ سـەرەك هۆزی رێگری خەڵکی «کووکیا» لەنزیك ورمێ، لە ناوچـەکەی خۆیـدا هـەنگاوێکی راستەوخۆی دژ بە حیزبی توودە هەڵێناوەتـەوە بـەوەی کـە ١٢ هـەزار کـارتی ئەندامـەتی عەشـیرەتو ئێرانییـەکانی کۆکردووەتـەوەو داوای لـە کۆمیتـەی حیزبی توودە لە ورمێ کردووە هـەموو ئـەو پـارە ئەندامەتییـەی کـە لـە سـێ مانگی رابوردوودا وەریـانگرتووە، بیدەنـەوە بـە خەڵکەکـە. هەرچـۆنێك بێـت، دیارە ئەم مەسەلەیە هەستی دژ بـە حیزبـی تـوودەی «زێـرۆ» نیـشاندەدات کـە دەستی داوەتە کارێکی گرینگ و بەجەربەزە.

هەڵخلاندنی روو لەزیاد بـۆ مەسـەلەی سـەربەخۆیی کـورد، بۆتـە هـۆی دەرکەوتنی بابەتی توندو تیژو هوشیارکەرەوە لـە رۆژنامـەی "کـەیوان"ی رۆژی ٢٦ی ئاپریل [ی ١٩٤٥]ی چـاپی ورمێـدا. رۆژنامەکـە رایدەگـەیێنێت کـە سـەربەخۆیی کـورد، سـەربەخۆیی لـوڕ و پارچەپارچـەبوونی وڵاتـی

www.zheen.org

بەشوێندا دێت. سەرنووسەر [ی ڕۆژنامەکە] کە پێشتر وەك گوێلەمستێکی ملکەچی ڕووسەکان سەیر دەکرا، بەڵێنی وتارێکی دیکەی داوە لە ژمارەی دادێی ڕۆژنامەکەدا، بەڵام پێش دەرچوونی ئەو ژمارەیە، نفووزێکی دیکە [واهەیە نیازی لەروسەکان بێت - وەرگێڕ]، دەوری خۆی بینیوە لەوکاتە بەدواوە، ئیتر هیچ وشەیەکی سەبارەت بە مەترسیی کوردان نەنووسیوە.

**جی. و. واڵ**

بنکەی ژین
www.zheen.org

**F0371/ 45478**
**راپۆرتی ژماره ٩**
**١٦ی مەی تا ٨ی جوونی ١٩٤٥**

١١٠) **ورمێ:** لەماوەی ئـەم راپۆرتـەدا سـەرتیپ هومـایونی فەرمانـدەی تیپـی سـێهەم [ی سـوپای ئێرانـی] ، سـەردانێکی دە رۆژەی ورمـێی کردووە. ناوبراو لە گەڕانەوەدا [بۆ تـەورێز] ، گرتوویـەتی هـەموو شـتێك لەوێ هێدیو هێمنە، بەڵام هەرچۆنێك بێـت تەئییـدی ئـەوەی کـردووە کـە زێڕۆبەگی هەرکی ـ چەتەی کورد، لایەنی کۆمەڵەی ژ. ك دەگرێتو سەرەك هۆزەکـانی دیکـەی هـەرکیش لـە ناوچـەی "مەرگـەوڕ" [ی ورمـێ] ، کۆبونەوەیەکیان کردووەو، برای مەلامستەفای بارزانی ـ سـەرەك هـۆزێکی کـوردی عـیراق، سـەری شـنۆی داوەو رووسـەکان گرتوویانـە، پاشـان "قەرەنی ئاغای زەرزا" کەوتۆتە نێوانەوە و ئازادی کردووە، ئیجازەشیان پێداوە درێـژە بـدات بـە مەئموورییەتەکـەی لەمـەڕ پێوەنـدیگرتن لەگـەڵ کۆمەڵـەدا. فەرماندە[سـەرتیپ هومـایونی]، لای وابـوو، براکـەی [مـەلا مستەفا] ناوی قادرە.

لە سەرچاوەیەکی دیکەوە بیستراوە زێڕۆ خۆی بۆ شەڕ ئامادەکردووەو لـە دەوروبـەری ٢٠ی مەیـدا هێرشـی کردۆتەسـەر وەرزێـری زەوییـەکانی گوندی "تازەلوو" و "جەیرانلار" و گارانەکانی رامـاڵیون. گوندنشینەکان بە یارمەتی جەندرمە، دژی وەستاون و کاتێ زێڕۆ زانیویە تووشـی شـکان

بنکەی ژین
www.zheen.org

هاتووه، داوای یارمەتی لە"کەریم خانی هەرکی" دراوسێی کردووە گەرچی کەریم خان دژمنایەتی زێرۆ دەکات بەڵام بۆ رزگارکردنی کەوتۆتەڕێ.

هەرچۆنێك بێت لەڕێگا لایەنێکی دیکەی مەسەلەکەی بەرگوێ کەوتووە کە زێرۆ کوژرابێتو وەرزێرێکی ئاسۆریش بریندار بووبێت و پاشان مردبێت. زێرۆ هێرشی کردۆتە سەر ئەوان، ئینجا عەدالەتخوایی شوێنی لەسەر داناوە و لەپڕ بڕیاری گەڕانەوەی داوە. دەگوترێ ئامۆزایەکی زێرۆ رایگەیاندوە تۆڵەی ئامۆزاکەی دەستێنێتەوە. ئەو هێرشە لەکاتێکدا روویداوە، کە سەرتیپ دورەخشانی لە ورمێ بوە و گوندنشینەکان داوای یارمەتیان لێکردووە، بەڵام گوتوویەتی ئیجازەی ئەوەی نییە هێزی سوپا بەرێتە ناوچەکە.

١١١) **کاروباری دیکەی کورد:** قازی محەمەدی مەهابادی ئێستا لە تەورێزەو، دەگوترێ گازندەی لەدەست حکومەتی ناوەندی هەیە بەهۆی ناردنی جەنەڕاڵ "هوشمەندی ئەفشار"ەوە بۆ سەقز، سەرەڕای ئەوەی بەڵێنی لابردنیان پێدابوو. هەواڵدەرێك لە هۆزی دێبۆکری نزیك بۆکان دەڵێ ژمارەیەك "موهاجیر" (واتە ئەو بە ڕەگەز ئێرانییانەی وا لە ئازەربایجانی سۆڤێتەوە گەڕاونەتەوە [ئێران] و لایەنگری رووسەکان دەکەن)، ئێستا لەگەڵ "شێخ ئاغایی"یەکان، کە لقێکی دێبۆکرینو بەکردەوە هانیان دەدەن بۆ هێرشکاری.

شێخ ئاغاییەکان پشتیان بە فەرماندەی رووس لەمیاندواو ئەستوورە - ئەو فەرماندەیە ناوی سەروان "نەماز عەلییێف"ـە و دەگوترێ پشتگیریی

ئاژاوەچییەکانی حیزبی توودە دەکات کەبەناوی کڕینی تفاقەوە دەچن بۆ گوندەکان‌و چوار رووسیشیان لەگەڵ دەنێرێت. لەکاتێکدا رووسەکانی قاوقاز بەگشتی لایەنی سیاسەتی ئازەربایجانییەکان [ی ئێران] دەگرن، ئەم تاوانبارکردنانە وا هەیە هیچ نەبن جگە لە باس‌وخواسی لایەنگرانەی هەنگاوێك [ی رووسەکان] بۆ ئەوەی خەڵکی ناوچەکە گەرووی یەکتری هەڵنەبڕن.

هەمان هەواڵدەر گوتی، لە وتووێژێکدا بە سەرۆکی جەندرمەی تەورێز سەرهەنگ دورەخشانیم گوتووە ئاگاداری ئەوە بێت جەندرمەکان، کورد ناڕەحەت نەکەن، چون ئاکامەکەی ئەوە دەبێت کوردێکی زیاتر بچنە ناو حیزبی توودە. سەرۆکی جەندرمە لە وەڵامدا گوتوویەتی: بۆچی دەبێ نەچن ؟ حیزبی توودە حیزبێکی باشە و منیش یەکێك لە ئەندامەکانیم.

بنکەی ژین
www.zheen.org

**F0371/45478**
**راپۆرتی ژماره ١٠**
**٩ تا ١٩ی جوونی ١٩٤٥**

١٢١) **ورمـێ:** راپۆرتەکـە باسـی هێنـدێ ڕووداو و مەسـەلەی ناوچـەی کردووە:

ـ توفانێك کـە هـەزاران تـۆن حاسـڵی وەرزێرانـی ناوچـەی ـ بەتایبـەت "رەوزەچای" لەناوبردووە.

ــ چـالاکییەکانی ئەنجومـەنی ئێـرانو سـۆڤێت لـە ورمـێو پێـشانگای رەسمی سەبارەت بە جەنەڕاڵە ڕووسەکان لە ئاسیای ناوەندیی،

ـ نەبوونی هەواڵ لەمەڕ هەڵسوکەوتی حیزبی توودە لە ناوچەکەدا،

ـ دەستبەسەرکرانی ١٥ تا ٢٠ لایەنگری "سید ضـیاالدین طباطبـایی"* لەلایەن ڕووسەکانەوە،

ــ چـــوونی ســـەرەك هـــۆزانی ناوچـــەکە بـــەرەو کۆمەڵـــەی ژ. ك و پەرەسەندنی مەسەلەکە.

راپۆرتەکە، هەروەها دەڵێ:

زێـرۆ بـەگی بارانـدوز [هـەرکی] ڕووی کردۆتـە کۆمەڵـەی ژ. ك و ئـەو مەسەلەیە بە لایەنگریی ڕووسەکان لە کۆمەڵە لێکدەداتەوە.

---

* سەرەك وەزیری پێشووی ئێرانو ناسـراو بـە لایـەنگریی لـە سیاسـەتی ئینگلیـز ـ وەرگێڕ

چوونی "هاشمۆف" ـ یاریدەدەری کۆنسوولی رووس لە ورمێو چەند قوماندانێکی سۆڤێتی بۆ تەرگەوەڕ و دۆڵی قاسملوو و چاوپێکەوتنی سەرەك هۆزانی کورد.

هەروەها ئەو وردە هەواڵانەش لە راپۆرتەکەدا هاتوون:

ـ ٦٠٠ (یا ٦٠) کوردی شکاك لە ١٨ی مانگی جووندا چوونەتە ناو شاری سەڵماس.

ـ کوردەکان هێرشیان کردۆتە سەر گوندی "قاچی جاه" لە تەسووج،

ـ لە ناوەڕاستی مانگی جووندا، شەڕێك لەنێوان تیرەی "شێخ کانلوو" و "دیلمی" لەنزیك «قەرەزیائەددین»ی نێوان خۆی و ماکۆ روویداوە،

ـ شێخ عەبدولقادری ماکۆیی لەگەڵ سەرەك "عەلی میهوگی"دا کەوتۆتە شەڕەوەو، گوتراوە لە گوندی "چغرلووکەندی"، ٥٠٠ سەر مەڕو گارانی بردووەو شەش گوندنشینیشی کوشتووە.

١٢٢) *کوردی مەهاباد: قازی محەمەد، وەك حاکمی راستەقینەی مەهاباد سەرهەڵدەدات. چاودێرێکی شارەزا کە لەم دواییەدا چاوی پێی کەوتووە، دەڵێ زمانە رووسییەکەی زۆر باشە.

ترومبیلی سینەمای "پێوەندییە گشتییەکانی بریتانیا" لە ٢٥ی مانگی جووندا سەردانی مەهابادی کردووەو لە گۆڕەپانی شارەکەدا، فیلمی هەواڵو دۆکیۆمنتو گاڵتەجاڕی نیشانی خەڵك داوە. فلیم نیشاندانەکە، بە پشتگیریی قازی محەمەد بەڕێوەچووەو خەڵکێکی زۆر بەشداریی

---

* لەدەقی ئەسڵیدا ئەم ژمارەیە بە هەڵە ١٢١ نووسراوە ـ وەرگێڕ.

نومایشەکەیان کردووە، بەڵام کەسانی ناحەز لەو کاتەدا خۆپیشاندانێکیان بەڕێوەبردووە و سەرەوخوار، بەنزیك سینەماکەدا تێپەڕبوون و تەپڵیان کوتاوە و وێنەی مارشاڵ ستالینیان بەرز کردۆتەوە. لەماوەی فلیمەکەدا دووجار وایەری پرۆژێکتۆرەکە هەڵبڕاوە و کەسێکیش خشتێکی بە ئامپلی فایرەکەدا داوە.

سەرەڕای ئەم دەمارگیری نواندنە، نیشاندانی فیلم بەوپەڕی رەزامەندیی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی شارەکەوە کۆتایی پێهاتووە. قازی محەمەد، کە بەڵێنی پاراستن و پشتگیری دابوو و هێندێك لە پاسەوانەکانی خۆشی ناردبوە شوێنەکە، بەو سابۆتاژە دڵگیر بووە و ناڕەزایی خۆی دربڕیوە. پێشتر هیچ هەستێکی تایبەتی دژ بە بریتانیا لە مەهاباد نەبینراوە، بەڵام ئەنجومەنی سەربەخۆیی کورد ـ کۆمەڵە، بە گەرموگوڕی لایەنی سۆڤیەت دەگرێت و ئەم رووداوە، وا هەیە لەزیهنی چوارچێوەداری کەسانی توندڕەو لەمەهاباددا، بەدژایەتیکردنی بریتانیا واتا بکرێتەوە.

لەرۆژی V. E **، ئاڵایەکی سوور لەشەقامی سەرەکی مەهاباددا، دەشەکایەوەو بۆ ماوەی سێ حەوتوو لە شوێنەکەدا مایەوە، هەتا ئەوەی بەشێوەیەك کە دەگوترێ کاربەدەستێکی رەسمی کۆنسوولیەتی رووس لە تەورێز، سەردانی شارەکەی کردووەو پێیگوتوون لەوێی لابەرن. لقی

** رۆژی سەرکەوتنی ئۆروپا بەسەر ئاڵمانو کۆتاییهاتن بە شەڕی دووهەمی جیهانی لە١٩٤٥/٥/٨دا ـ وەرگێڕ.

ئەنجومەنی فەرهەنگی ئێران ـ سۆڤێت کە لە مانگی ئاپریلدا لە مەهاباد کرایەوە (بڕوانە راپۆرتی ژمارە ٨، پاراگرافی ٩٨)، وا دیارە رووی لەکزی نابێت. ئێستا هیچ بەڕێوەبەرێکی رووسیی رێکخراوەکە، لەشاردا نەماون.

هاتوچۆیەکی زۆر لەنێوان کوردی مەهابادو براکانیان لەوپەڕی سنووردا هەیە. کڕینو فرۆشتنی ئەسپو گەنمە شامی لەسەر سنوور، پەرەی سەندووە. لەم وەرزەدا، هاتوچۆی نێوان مەهابادو عیراق بە ئەسپ هاسانە، کوردێکی عیراقی کە لەپێوەندییەکی زۆری کوردی مەهاباد دایە، سەید حوسێنی رەواندزی [حوزنی موکریانی] یە. دەگوترێ لە بەغدا رۆژنامەیەکی کوردی دەردەچێت، کە ناوی «دەنگی گێتی» [تازە]یەو لە مەهاباد لایەنگری زۆرە.

چاوەدێری دائیرەی "تەداروکات"ی حکوومەتی ئێران، ماوەیەك لەمەوپێش چوون بۆ مەهاباد بۆ ئەوەی چاوەدێریی دابەشکردنی قەند بکەن، بەڵام هیچیان بۆ نەکراوەو گەڕاونەتەوە دواوە. گازندەی ئەو کەسانە ئەوە بووە کە سەرەك هۆزەکان داوای بەشێکی زۆر بۆ هۆزی خۆیان دەکەن، کە گەلێك لەڕادەی گونجاو زیاترەو، بێگومان رووداوەکانی مانگی فەبریوەری رابوردوو (رۆژ ژمێری ژمارە٤، پاراگرافی ٥٠) یان گرتۆتە بەرچاو و ڕێگای سلامەت واتە گەڕانەوە بۆ تەورێزیان هەڵبژاردووەو لەوێوە تێلگرافێکیان بۆ وەزارەتی دارایی ناردووە.

کەسێك، کە خۆی بە "کوڕی کوردان" ناساندووە، وەڵامی وتارێکی داوەتە کە لە ژمارەی رۆژی ٢٦ی ئاپریل (ی ١٩٤٥)ی رۆژنامەی"کەیوان" چاپی ورمێدا بڵاو ببووەو هێرشی کردبووە سەر بزووتنەوەی سەربەخۆیی کورد (رۆژژمێری ژمارە ٨، پاراگرافی ٩٨).

نووسەری وەڵامنامەکە بەتوندی لایەنگری لە مەسەلەی سەربەخۆیی کورد دەکات، بەڵام دەست دەنێتە سەر ئەو خاڵەی کە خۆی ئێرانییە "چونکە لە ئێراندا دەژی". کورد دەیانەوێ لەگەڵ ئێرانییەکاندا وەك براو دراوسێ، بە هێمنی بژین، بەڵام دەستێوەردانی ئێرانییەکان لە ئیشوکاری ناوخۆیاندا قەبوڵ ناکەن. لەعەینی کاتدا، باسی ئەو سووکایەتییە دەکات کە رۆژنامەی "کەیوان" بە گەلی کوردی کردووە.

ئەم وەڵامنامەیە، لە بیچمی هەواڵنامەو بە ژمارەیەکی کەم لە تەوریز چاپ کراوەو نوسخەیەکی بۆ کۆنسوولیەتی تورکیا نارداوە، بەڵام نوسخەی نەگەیشتۆتە دەست کۆنسوولەکانی دیکە.

**جی. و. واڵ**

بنکەی ژین
www.zheen.org

## F0371/45478
## دووهەمی مانگی مەی ١٩٤٥
## لەتارانەوە بۆ وەزارەتی دەرەوە [ی بریتانیا]

دوابەدوای گەیشتنی تێلگەرافی ژمارە ٤١ لە٣٠ی ئاپریل[ی ١٩٤٥] تەورێز، راپۆرتی بارودۆخ بەم شێوەیەیە:

**٢) مەهاباد**

هەواڵی زیاترو زیاتر سەبارەت بە پێکهاتنی هێزی بێخەوشی سوپایی کوردی دەگات، کە پێوەندییان بە پروپاگەندەی توندوتیژی سەربەخۆیی کوردەوە هەیە.

نومایشێك بەرێوەچووەو روخساری سەرەکی بریتی بووە لە دروشمێك کە تێیدا کوردستان بە دەستی رووس لە کۆیلەتی رزگاری دەبێت.

راپۆرتێك لەلایەن کوردێکی نەناسراوەوە گەیشتووەو باسی ئەوە دەکات کە کوردەکان هێز [ی سوپایی] خۆیان بەهۆی سوودێکی ٠٠٠، ٨٠٠، ٢ ریاڵییەوە بەهێز دەکەن، کە ئەو سوودەیان لە فرۆشتنی تووتنو گەنم لە عیراق دەست کەوتووەو، هەواڵدەرە کوردەکان دەڵێن لەوێ خەریکی وتووێژن لەسەر کۆنترات [ی فرۆشتنی تووتنو گەنم].

## رۆژ ژمێری تەورێز
## F0371/45478
## راپۆرتی ژمارە ۱۱،
## ۳۰ی مانگی جوون تا ۱۳ی جولای ۱۹٤٥

### ۱۳۲) کاروباری کورد

سەبارەت بە کوردی ورمێ، شتێکی ئەوتۆ نییە بینوسین. بەقسەی فەرماندەی ئێرانی شاری تەورێز، شێخ عەبدولقادر - سەرەك هۆزی گەورەی کوردی جەلالی دەوروبەری ماکۆ لەلایەن دەسەڵاتداریەتی سوپایی رووسەوە گیراوە.

سەرتیپ دورەخشانی [فەرماندەی هێزەکانی ئێران لەتەورێز] لە "جەنەراڵ گلینسکی"ی رووسی داوای کردووە ناوبراو بدەن بەدەست سوپایی ئێرانییەوەو، دەڵێ ئەگەر دەستی پێی بگات لەماوەی سێ رۆژدا ئیعدامی دەکات.

وا دەردەکەوێ کە تاوانێکی زۆر درابێتە پاڵ شێخ عەبدولقادر و لەوانە، سووتاندنی پێگەیەکی جەندرمە بە دوو جەندرمەوە لە ساڵی رابوردوودا. سەرۆکێکی دیکەی هۆزی جەلالی - "مستۆ پرۆ" پارەکە لەلایەن سوپای ئێرانییەوە گیراو ئیعدام کرا. هەرچۆنێك بێت، دەگوترێ شێخ عەبدولقادر لایەنگری کۆمەڵەیەو رووسەکانیش پشتگیری دەکەن. جێگەی بڕوا نییە رووسەکان بیدەن بەدەستەوەو ئەگەر هەواڵی گیرانەکەی راست بێت،

وێدەچێ زیاتر بۆ ئەوە بێت چەرمەسەرێی بۆ رووسەکان خۆشیان دروست کردبێت‌و دوای چاوەترسێ کردن، ئازادی دەکەن.

**١٣٣) مەهاباد**

رووداویترومبیلی سینەمای بریتانیا کە لە رۆژ ژمێری پێشوو (پاراگرافی ٢١)دا باسی لێوە کرا، راپۆرتەکەی بە هیچکام لە دەسەلاتدارییەکانی رووس‌و ئێرانی نەدراوە. بەقسە، رووسەکان هیچ دەسەلاتێکیان لەوێ [لە مەهاباد] نییەو ئێرانییەکانیش نیانە. هەرچۆنێك بێت هەردوولا گەلێك زوو بە هەواڵی مەسەلەکەیان زانیوەو فەرماندەی ئێرانی دەستبەجێ ناخۆشحاڵی خۆی دەربڕیوە. راپۆرتی گومانلێ‌نەکراو هەیە کە رووسەکان هەندێك لە خۆپیشاندەرانیان تەمێ کردووە. جێگری کۆنسوولی رووس لەورمێ، رۆژێك دوای رووداوەکە، سەردانی ورمێی کردووەو کاتێ بە هەواڵی رووداوەکەی زانیوە، نارەزایی خۆی راگەیاندووە.

ئەرمەنییەك کە ژنی رووسی هەیەو وێدەچێ رێبەری خۆپیشاندانەکە بووبێت، نێرراوەتە ورمێ‌و شەش کەسیش بۆ ماوەی چەند رۆژ زیندانی کراون، هەمان راپۆرت دەڵێ جێگری کۆنسوولی رووس، وێنەیەکی گەورەی ستالینی لە خاوەن گاراجێك سەندۆتەوە کە ترومبێلی سینەما، شەوێك لەو گاراجە مابووەوەو لەوێ زیانی پێ گەیشتبوو.

قازی محەمەدیش کەوتۆتە رەخنەگرتن لە هەندێ پیاوماقووڵی شار، کە بۆچی هێمنایەتییان نەپاراستووە.

سەرنووسەری رۆژنامەی «کەیوان»ی ورمێش بە هەواڵی رووداوەکەی زانیوەو شادمانی خۆی دەربڕیوە.

رۆژنامەکـە، لـە ژمـارەی رۆژی یەکـەمی جوولایـدا وتـارێکی کـورتی لـە وەڵامی ئەو وتارە دژ بەکوردەدا کـە چـەند ژمـارە پێـشتر چـاپی کردبـوو، بڵاوکردۆتەوەو تێیدا باسی نەجیبیو خانەدانیی کوردانی کـردووە (بڕوانـە رۆژ ژمێری پێشوو، پاراگرافی ١٢١).

لە وتارەکەی پێشوودا، کورد بـە سـەگێك دانرابـوو کـە گـاز لەدەسـتی RPB دەگرێت [واتای ئەو سێ پیتەم بۆ روون نەبوەوە. وەرگێڕ].

**جی. و. واڵ**

بنکەی ژین
www.zheen.org

## F0371/45478
## راپۆرتی ژمارە١٢، ١٣
## تا ٢٨ی مانگی جولای ١٩٤٥

**١٤٨) ورمێ**

...وا دەردەکەوێ کە کوردی ئازەربایجانی رۆژئاوا، بەگشتی هێور بن...

١٤٩) کاروباری کورد

هیچ هەواڵێکی تازەی بڕواپێکراو لەمەڕ چالاکیی ئەنجومەنی نەتەوایەتی کورد «کۆمەڵە» بەدەستەوە نییە. سەرچاوەیەکی عیراقی ئەم زانیارییانەی سەبارەت بە ئەنجومەنەکە پێداوین:

هێزی کۆمەڵە ئێستا دەگاتە دووهەزار کەس، کە چەک و کەرەسەیان لەلایەن رووسەکانەوە پێ دراوە. ئەندامانی هێزەکە، بەرگێک دەپۆشن کە بریتییە لە چاکەتێکی رەنگ خۆڵەمێشیی و شەڵواری* رەش و پێچ و کڵاوی کوردی.

ئەنجومەن، ئاڵای نەتەوایەتی تایبەت بە خۆی هەیە کە هاوڕێ لەگەڵ ئاڵای سۆڤیەتدا هەڵدەدرێت. دەسەڵاتداریەتی سۆڤیەتی کابرایەکی قاوقازییان بەناوی سیامەندۆڤ ناردۆتە مەهاباد بۆ ئەوەی چالاکیی راستەوخۆی ئەنجومەن پەرە پێبدەن.

بنکەی ژین www.zheen.org

---

* لە باشووری کوردستان بەپانتۆڵی کوردی دەڵێن شەڵوارو بە دوو لینگانەی عەجەمیش دەڵێن پانتۆڵ. ئەوەی ئێرە، پانتۆڵی کوردییەو من بە شێوەی باشوورم نووسیوە. وەرگێڕ.

پێوەنـدێکی هەمیـشەیی لـەنێوان مـەهابادو ناوچـە کوردنـشینەکانی عیراقـدا هەیـەو چـاپکراوی کـوردی لەمـەهابادەوە دەنێررێتـە عـیراق، کەسانێکیش بۆ پروپاگەنـدەکردن دەنێرێنـە تورکیـا، کـە کـوردی ئـەوێش بخەنە جووڵانەوە.

تاقە بەشێکی ئـەو قـسانەی سـەرەوە کـە کۆنـسوولی گـشتی لـەماوەی سەردانی ئەم دواییەی مەهاباددا پەسندی بۆ هەبوو، پێوەندی ئـەو دیـوی سنووری عیراقە.

**جی. و. واڵ**

بنکەی ژین
www.zheen.org

## F0371/45478
## ژمارەی ١٣،
## ٢٨ی جولای تا ١٥ی ئۆگۆستی ١٩٤٥

**١١٢) ورمێ**

لە ئازەربایجانی رۆژئاوا، سەرنج بەرەو چالاکییەکانی کۆمەڵە یا ئەنجومەنی سەربەخۆیی کورد رادەکشێت کە پڕوپاگەندەیەکی بەهێز دەکاتو لەمەڕ ئەو چاوڕاوێکی لەبنەهاتوو بەڵام دوور لە متمانە بەرگوێ دەکەوێت.

مەهاباد سەرچاوەی بزوتنەوەیەکە لە ئێران، بەڵام هەواڵی ئەوەش دراوە هۆزەکانی ورمێ ـ هەرکیو شکاکیش، لەگەڵی بکەون. زێرۆ بەگی هەرکیو رەشید بەگی خەڵکی موانە، وا هەیە دوو سەرەك هۆزی نێو بزوتنەوەکە لە ناوچەی ورمێ بن، هاوکاریکردنی عومەرخانی شکاك، جێگەی دڵنیایی نییە.

چالاکییەکانی ئەنجومەن تائێستا هەر لە قۆناغی رێکخستنو بەرنامە دارشتندایە، بێگومان لەنێوان رێبەرانی رێکخراوەکەو پسپۆرانی سۆڤیەتی لە کاروباری کورددا، پێوەندیێکی زۆر هەیە، وەك عەلی ئەکبەرۆڤ ـ سکرتێری کۆنسوولی رووسو مێجەر جەعفەرۆڤ ئەفسەری سیاسی رووس لە ورمێ. بەڵام هەستی من دوای سەردانی ئەم دواییەم لە ورمێ ئەوەیە کوردو رووس هیچکامیان لایەنگری ئەوە نین کە هەنگاوێکی بەپەلە بۆ دامەزراندنی کوردستانی سەربەخۆ هەڵێننەوە.

ڕێبەرانی کۆمەڵە، لەعەینی کاتدا توانیویانە سیاسەت تێکەڵاو بە مەسەلەکە بکەن. لە ٤ی ئۆگۆستدا، پیاوانی زێڕۆبەگ کە هەوڵیان لەپێناو کۆکردنەوەی باجی حاسڵی گوندی بالانیجدا تووشی بەربەرکانی هاتبوو، هێرشیان کردە سەر پێگەی جەندرمەری کە لایەنگریی وەرزێرەکانی دەکرد. کورد، پاشەکشەی پێ کراو لەلایەن هێزی یارمەتیدەر[ی جەندرمە]وە، گەڕێنرانەوە شوێنی سەرەکی زێڕۆ لەکووکیا.

زەمینە بۆ ئەو باوەڕە هەیە کە جێگری کۆنسوولی رووس لە ورمێ ناوبژیچیەتی کردووەو ئاشتی دامەزراوەتەوە، لەکاتێکدا جگە لەو هێرشکارییە سوننەتییە، هیچ پەسندێك بۆ تێکشکانی جیددی ئاسایش لە ئازەربایجانی رۆژئاوا نییەو لای کەم لە مەڵبەندی ورمێدا بزووتنەوەیەك بۆ لایەنگری لە دابەشکردنی زەوی نییە.

دەسەڵاتدارتی سۆڤیەت، پروپاگەندەیەکی زۆر سەبارەت بە مەسەلەی ئاژاوەو نەبوونی ئاسایشو رێگری لەسەر رێگەی شاری خۆی بەرەو رۆژئاوا دەکەن. ئەو شتە، وا هەیە بەشێك لە وێنەیەکی تاریکی گشتی لە ئاژاوەو شەڕو هەرا بێت کە ئەوان هەوڵ دەدەن گەورەی بکەنەوەو بە ئاکامی کشانەوەی هێزی هاوپەیمانانی دابنێن.

بنکەی ژین
www.zheen.org

### ١٦٣) کاروباری دیکەی کورد

رۆژی پێنجەمی ئۆگوست، پێنج رێبەری کۆمەڵەو خەڵکی مەهاباد، لە ورمێ گیرانو نێررانە تەورێز. دەگوترێ ئەوان کەسانێك بوون کە لە بەغدا دەرسیان خوێندووەو جگە لە کوردیو تورکیو فارسی، ئینگلیزیو عەرەبیشیان زانیوە.

راپۆرتی سەبارەت بە گیرانی عەبدولقادر لە هۆزی جەلالی ماکۆ (رۆژی ژمێری ژمارە ١١، پاراگرافی ١٣٢)، راست نەبوە. لەڕاستیدا، چوارکەس لە پیاوەکانی بەتاوانی رووتاندنەوەی چەند بازرگان، گیراون و ئێستا لە دەستی جەندرمەی ئێرانیدان.

بنکەی ژین
www.zheen.org

## F0371/45478
## پاشكۆی راپۆرتی رۆژی ١٩٤٥/٨/٢٥ی
## باڵوێزی بریتانیا له‌ تاران
## بۆ وه‌زاره‌تی ده‌ره‌وه‌ له‌ له‌نده‌ن
## سه‌فه‌ری جێگری كۆنسوولی بریتانیا له‌ ته‌ورێز
## بۆ ئازه‌ربایجانی رۆژئاوا
## ٤ تا ٨ی ئۆگۆستی ١٩٤٥

[فایلی رۆژ ژمێره‌كانی ته‌رێز، جگه‌ له‌ راپۆرتی ئاسایی رووداوه‌كان كه‌ ماوه‌ی هه‌موو دوو حه‌وتوو جارێك ئاماده‌كراوه‌، هه‌ندێ هه‌واڵو راپۆرتی سه‌ربه‌خۆشی تێدا به‌رچاو ده‌كه‌وێت. له‌ رۆژانی ٤ تا ٨ی مانگی ئۆگۆستدا، كه‌ بابه‌تی راپۆرتی ژماره‌١٤ بووه‌ (پێشتر)، مستر ج. و. واڵ جێگری كۆنسوول ویستوویه‌تی سه‌فه‌رێك بۆ شاری ماكۆ بكاتو به‌هۆی ئه‌و راستییه‌وه‌ كه‌ ماكۆ له‌وكاته‌دا له‌لایه‌ن ده‌سه‌ڵاتی سۆڤیه‌ته‌وه‌ به‌ڕێوه‌چووه‌، پێویست بووه‌ ئیجازه‌ له‌وان وه‌ربگرێت و بۆ ئه‌م مه‌به‌سته‌ چۆته‌ سه‌ردانی ورمێو به‌ شاری "خۆی" یشدا تێپه‌ڕ بووه‌. به‌رهه‌می ئه‌م سه‌فه‌ره‌ ١٠ لاپه‌ره‌ راپۆرته‌، كه‌ زۆر لایه‌نی سیاسی ـ ئابووریو ئاسایشی ناوچه‌كه‌ ده‌گرێته‌وه‌.

ئه‌وه‌ی من ته‌رجه‌مه‌م كردبێت، هه‌ڵبژارده‌یه‌كی راپۆرته‌كه‌یه‌، كه‌ مه‌سه‌له‌ی كورد ده‌گرێته‌وه‌ و به‌داخه‌وه‌ زۆرتر چۆته‌ سه‌ر باسی رووداوی بچووكو كه‌متر په‌رژاوه‌ته‌ سه‌ر لایه‌نی سیاسیو رووداوه‌ سه‌ره‌كییه‌كانی ئه‌وده‌م. ئه‌وه‌ش یادداشتی سه‌فه‌ری جێگری كۆنسووله‌ له‌مه‌ڕ كورد. وه‌رگێڕ].

٣) شاری ته‌ورێزم له‌ به‌یانی رۆژی چواره‌می ئۆگوستدا به‌جێهێشت.

٦) فه‌رمانده‌ی سه‌ربازخانه‌ [ی رووسه‌كان له‌ شاری خۆی] ـ مێجه‌ر جبرائیلۆڤ، فه‌رمانی دابوو كه‌ ده‌بێ له‌رێگه‌ی چوونم بۆ ورمێ، ئه‌فسه‌رێكی

رووس‌و ژماره‌یه‌ك سه‌ربازم له‌گه‌ڵدابێت، چونكو رێگاكه‌ ئاسایشی نییه‌.
پرسیم ئه‌و كه‌سانه‌ی واپێش به‌ ئاسایشی رێگا ده‌گرن، كێن ؟

فه‌رمانده‌ گوتی: كوردو پاشكه‌وتنخوازان‌و خه‌ڵكی خراپی دیكه‌...

٧) كاپیته‌نی رووس سواری «جیپ»ـه‌كه‌ی خۆی ببوو و، لای كه‌م دوو میل له‌دوای ئێمه‌وه‌ ده‌هات. من وام بۆ ده‌ركه‌وت كه‌ كوردێك ده‌توانێ له‌ماوه‌ی ٥ ده‌قیقه‌دا [واته‌ پێش گه‌یشتنی جیپه‌كه‌ی ئه‌وان]، گه‌رووی كه‌سێك هه‌ڵبڕێ !

٨) سه‌عات ٨ی ئێواره‌، به‌بێ هیچ رووداوێك گه‌یشتمه‌ ورمێ‌و چاوم به‌ سه‌رهه‌نگ زه‌نگه‌نه‌ ـ جێگری ئوستاندار كه‌وت.

٩) پێشتر، له‌ راپۆرتێكی"قه‌شه‌ فرانسێن" [سه‌ر به‌ كلێسه‌ی مژده‌ده‌رانی لازاریست] دا هه‌واڵی ئاژاوه‌ی كوردان له‌ ناوچه‌كه‌م بیستبوو و ئێستا ده‌توانین بڵێین له‌ شاری خۆی و له‌و به‌شه‌دا بووه‌ كه‌ كه‌وتۆته‌ ژێر حوكمی سه‌ربازخانه‌ی سۆڤیه‌ته‌وه‌.

وا ده‌رده‌كه‌وێ شه‌ڕو هه‌رایه‌ك له‌ هه‌مان رۆژدا سه‌ری هه‌ڵدابێت كه‌ من گه‌یشتبوومه‌ ورمێ، خه‌ڵكی ورمێش كۆتاییان نه‌كرد له‌وه‌یدا كه‌ بڵێن«جاری پێشوو شه‌ڕوهه‌را [ی كوردان] ، دوای هاتنی كۆنسوولی بریتانیا بۆ ورمێ ده‌ستی پێكرد، به‌ڵام ئه‌م جاره‌ كۆنسوول پێش ئه‌وه‌ی بگاته‌ نێو شار، به‌زم و هه‌رای ساز كرد»! كه‌ یه‌كه‌میان، ئاماژه‌یه‌ به‌ پێكدادانی نێوان پیاوه‌كانی ره‌شید به‌گی هه‌ركی‌و جه‌ندرمه‌ی ئێرانی، یه‌كدوو رۆژ دوای سه‌ردانی من له‌ ورمێ له‌ مانگی فه‌بریوه‌ریدا بوو. (رۆژژمێری ته‌ورێز، ژماره‌٤، پاراگرافی ٤٩)، كاره‌كه‌ش به‌ حیسابی هه‌ڵخلاندنی من دانرا.

سەرۆکی کلێسەی "سەنت ڤینسنت" کە ئێوارەی رۆژی گەیشتنە ورمێم هاتە چاوپێکەوتنم، شەرحی راستتری رووداوەکەی داو گوتی: "ئێستا کاتی خەلەو خەرمانە".

لە سەرهەنگ زەنگەنەم بیست، گوتی زێرۆ بەگی هەرکی خەڵکی [گوندی] کووکیا لە باراندووز، لەکاتی خەرماندا بەگوێرەی رەسمی خۆی داوای باجی لە وەرزێرانی گوندی "بالانیج" کردووە، ئەوانیش پەنایان بردۆتە بەر پێگەی جەندرمەری لە گوندەکە. زێرۆ گوتوویە دەبێ پێگەی جەندرمە لە گوندەکە هەڵبگیرێت، کە بە قسەیان نەکردووە. ئینجا ئەویش بەرواڵەت لەدوای نیوەڕۆی رۆژی چوارەمی ئۆگۆستدا، هێزێکی سی کەسی کوردی ناردۆتە سەر پێگەی ناوبراو. چەند سەعاتێك شەڕەتفەنگ کراوە، کوردان شکاون لە دەوروبەری سەعات ٦دا کشانەتەوە بۆ لای "کووکیا"و جەندرمە کەوتوونەتە شوێنیان. درەنگتر یارمەتی گەیشتۆتە جەندرمەو بۆ هەموو ماوەی شەو، شەڕەکە درێژەی هەبوە، زەنگەنە دەیگوت ئێستاش هەر درێژەی هەیە.

ناوبراو هیچ هەواڵێکی کوژراو برینداری دەوڵەتی نەبوو، بەڵام من زانیم کە دوو گوندنشینی خەڵکی «گوڵدانە» هەر لەسەرەتای شەڕەکەدا لەلایەن پیاوانی زێرۆوە کوژراون.

www.zheen.org

جگە لە مەسەلەی باجسەندنی زێرۆ لەگوندنشینەکان، وا هەیە تۆڵەسەندنەوەش لەم کارەدا دەوری بینیبێ، دوو مانگێك پێش ئەوە، خاڵ/ مام (یاخود ئامۆزا) ی زێرۆ، لەلایەن ئەو گوندییانەوە کوژراون.

١٠) سەرهەنگ زەنگەنە، لەمەڕ چالاکییەکانی کۆمەڵە (حیزبی سەربەخۆیی کورد) لە دەوروبەری ورمێ، هەواڵێکی ئەوتۆی نەبوو. مەهاباد ناوەندی بزووتنەوەکەیە و رۆحی رێنومای بزووتنەوەکەش قازی محەمەد ـ حاکمی خاوەن دەسەڵاتی مەهابادە بەڵام هەولێکی زۆر دراوە کوردی ورمێ — "هەرکیو شکاک"یش بێنە نێو بزووتنەوەکە. قارەمانی ئەم جووڵانەوەیە [لە ناوچەی ورمێ] ، زێڕۆیە و کەسی دووهەمی دوای ئەویش، رەشید بەگی هەرکییە، کە لە"مەوانە"ی رەوزەچای دەژی و ئەویش گوندێکە، پێشتر هی مەسیحیەکانی کەلدانی بووەو چەند ساڵێك پێش ئێستا رەشیدبەگ بەزۆر لێی سەندوون. ئەم دوو کەسە، بە سەربەستی بۆ سەروخواری چیاکانی رۆژئاوای ورمێ دەچنو پروپاگەندەکەرێکی بەهێزو هەواڵبەری نێوان کوردانی ئێرانو عیراقن.

پێوەندێکی زۆر لەنێوان هەردوو بەری سنووردا هەیە: بە ماوەیەکی کەم پێش سەردانەکەی من سەید خان بەگ لە هەرکییەکانی سیلان لە عیراق و برا یاخود ئامۆزای رەشیدبەگ، هاتۆتە مەوانە و رەشید بەگیش بۆ وەڵامی سەردانەکەی ئەو، لەگەڵیدا چووە بۆ عیراق. پێیان گوتم کە سەیدخان بەگ لە دالانپەڕی نزیك سنووری ئێران دەژی و خزمی فەتاح بەگ ـ سەرۆکی هەرکییانی عیراقە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

بە ماوەیەکی کەم پێش ئەوەی من بچمە ورمێ قازی محەمەد خۆی، سەردانێکی سێ رۆژەی شارەکەی کردووە. پێوەندی نێوان ئەوو مێجەر جەعفەرۆڤ ـ ئەفسەری سیاسی رووس، شێوازێکی ئاسایی هەیە، پێیان گوتم کە مەلا مستەفای بارزانیش پێوەندی لەگەڵ جەعفەرۆڤدا هەیە.

لــه ســـەرهەنگ زەنگەنـــەم پرســـی کۆمەڵــه لــه ورمـــێ چ چەشـــنه پـــشتگیرییەکی لـــێ دەکـــرێ ؟ گـــوتی بێگومـــان بەشـــێك لــه کـــوردانی دانیشتووی ورمێ سەر بە کۆمەڵەن بەڵام چالاکییەکانیان گـەلێك نهێنییـە. ناوبراو خۆی چاوی بە ئاڵای نەتەوایەتی سەربەخۆیی کوردستان کە قسەی زۆری لـێ دەکرێت نەکەوتبوو، بەڵام تەرحێکی لـێ دەکێشایەوە .

ئاڵاکە لە ئاڵای ئێران دەچوو: سێ نەواری سەوزو سپیو سوور، بـەڵام هەتاوێك لە ناوەڕاستی بەشە سپییەکەدایە. ئەوانە، تەواو جیاوازن لـەوەی پێشتر لە سەرچاوەیەکی عیراقی بیستبووم کە دەیگوت ئاڵایـەکی سـوورە بەوێنەی "کەرەسە"یەکەوە.

لام وایە ئەوەی زەنگەنـە باسـی دەکـرد، زیـاتر جێگـەی متمانـە بێـتو واهەیە هەواڵدەرە عیراقییەکە، ئەوی لەگەڵ ئاڵای سۆڤیەتدا لـێ شـێوابێت کە کوردی مەهاباد زۆرجار لەجیاتی ئاڵای کوردان هەڵیدەکەن.

زەنگەنە لای وایە کوردی ناوچەی مەهاباد، سەرجەم پشتیوانی کۆمەڵە بن، بە هەموو ئێلخانیزادەکانەوە، کە سەرۆکی هۆزی بـەهێزی دێبـۆکرین. تاقــه ســـەرەك هـــۆزێکی خـــاوەن نـــاو، کـــه لـــه دەرەوەی [کۆمەڵــه]دا وەستابێت، قەرەنی ئاغایە کە بە امیر العشائر ناسراوەو لە لاهیجانی نزیك خانێ دەژی.

www.zheen.org

عومـــەر خـــانی شـــکاك، هـــاوڕێی کـــۆنی سمایـــل ئاغـــا [ی سمکـــۆ]ش بـەگوێرەی قـسەی جێگـری ئوسـتاندار، ئەنـدامی کۆمەڵەیـە. مـن پێـشتر بیستبووم کە عومەر خان خۆی نەکردۆتە ئەندام.

١١) جێگری ئوستاندار گوتی: "کۆپی" چەتەیەکی کوردو پێشتر، باری ٨ لۆری لەسەر ڕێگای مەراغە بۆ میاندواو دزیوە. ئێستا کۆپی لە سولدووز گیراوە هێناویانەتە ورمێ، دواتر دەنێررێتە تەورێز بۆ ئەوەی دادگایی بکرێت.

١٢) سەرهەنگ زەنگەنە، بەیانی ئەو ڕۆژەی وادەمویست ورمێ بەجێبێڵم هاتە دیتنم بۆ ئەوەی وەڵامی چاوپێکەوتنی من بداتەوە... زیاتر باسی دەست تێوەردانی ڕووسەکان [لە کاروباری ناوچە]ی دەکردو گوتی: ڕووسەکان بەبێ هیچ گومانێك یارمەتی چالاکانەی بزووتنەوەی سەربەخۆیی کورد دەدەن. لەم پێوەندییەدا گوتی دوو ڕۆژ پێشتر چەند کوردێك هاتوونەتە ورمێ و هەوڵی ئەوەیان داوە ٣٠٠ کەس هێزی یارمەتیدەر کۆبکەنەوەو بیاننێرنە ناوچەی مەریوان. ئەو کوردانە، لەلایەن ڕووسەکانەوە ڕاگیراون بەڵام نەیدەزانی ئایا ئەو هێزە بەڕێ کراوە یان نا.

لەلایەکی دیکەوە، پێنج مەئموری کۆمەڵە، کە لەم دواییەدا لە مەهابادەوە هاتوونەتە نێو شار [ی ورمێ] ، لەلایەن دەسەڵاتداریەتی ئێرانەوە گیراون و بەگەمی [لەڕێگەی گۆلی ورمێوە] نێرراونەتە تەورێز. سێ کەسیان گەنج بوون و لەبەغدا دەرسیان خوێندوە، جگە لە کوردی، فارسی و تورکی، بە ئینگلیزی و عەرەبیش قسە دەکەن، دوانەکەی دیکەیان عەشیرەت بوون و دەوری پاسەوانی ئەوانیان بینیوە.

وا دەردەکەوێ کە ڕەشید بەگی هەرکی لە سەردانی عیراق گەڕابێتەوەو سەرهەنگ زەنگەنە، هەر ئێستا هەواڵی پێ گەیشتووە کە ناوبراو لە گوندەکەی خۆی لە موانە، چاوی بە مێجەر جەعفەرۆڤ کەوتووە.

١٣) چوومە چاوپێکەوتنی (تەلعەت بەگ ئاچارەر)– کۆنسوولی تورکیا لە ورمێ.

ناوچەی ئیداری تەلعەت بەگ تا کرماشان و هەمەدان دەگرێتە بەر و وا دەردەکەوت کە دوو بابەتی سەرەکی سەرنجی ئەو رابکێشن: مەسەلەی کورد و پێوەندی رووس و تورك.

ناوبراو، زانیارییەکی زۆری لەسەر کەسایەتییە کوردەکانو هەڵسو کەوتیان هەبوو، بەڵام دڵنیانیم زۆربەیان راست بن. تەلعەت پاشا بەگشتی پەسەندی بۆچوونی منی دەکرد کە چالاکی کۆمەڵە، روولەزیاد بوونەو ئەوەی کە هەوڵی ئەندامانی ئێرانیو عیراقی رێکخراوەکە، یەکی گرتووە رووسەکانیش هانیان دەدەنو یارمەتییان پی دەگەێنن.

مەئمووری ئەسڵی رووس لە مەسەلەی کورددا، مێجەر جەعفەرۆڤە، کە خۆی کوردە.

تەلعەت پاشا دڵنیای کردم کە دەسەڵاتداریەتی سۆڤیەت دەستی لە مەسەلەی بالانیجدا هەبوە (پاراگرافی ٩)و جێگری کۆنسوول خۆی سەردانی گوندی کووکیای کردووەو مەسەلەکەی داکووژاندووە. دواتریش چوار کورد گیراونو هێناویاننەتە ورمێ کە ئەم مەسەلەیە، جێگری ئوستاندار پێی نەگوتم.

لە تەلعەت پاشام پرسی ئایا چالاکییەکانی کۆمەڵە لەنێو کوردی تورکیاشدا پەرەی سەندووە ؟

ناوبراو لای وانەبوو ئەو مەسەلەیە تارادەیەکی جیددی راست بێت، بەڵام واهەیە جاروبارە پروپاگەندەچی سنوور ببەزێنن. هەروەها گوتی رێکخراوەی عەشیرەیی کوردان لە تورکیا تووشی هەرەسێکی ئەوتۆ

www.zheen.org

هاتووەو گۆڕانکارییەکانی [تورکیا] لە خاوەنیەتی ملّکدا ئەوەندە پێش کەوتووە، کە دلّنیایە پڕوپاگەندەی نەتەوایەتی لەناویاندا شانسی سەرکەوتنی کەمە. دیارە هەندێ جار ئاژاوە لەسەر سنوورەکان دەنرێتەوە بەلاّم ئەم کارە، شێوازێکی سوننەتی هەیە. بۆ نموونە، رەشید بەگی هەرکی ماوەیەك پێش ئێستا هێرشی کردۆتە نێو خاکی تورکیاو هەندێ مەڕو مالاّتی ئاودیو کردووە.

ماوەیەك درەنگتر، هەمان رۆژ تەلعەت پاشا هاتەدیتنی منو سەبارەت بە عومەر خانی شکاك قسەی کرد کە لەم دواییەدا لەلایەن دەسەلاّتداریەتی سۆڤیەتەوە بانگ کراوەتە ورمێو پێی سپێرراوە بچێتە ورمێو لەوێ ئاشتی لەنێوان دوو هۆزی پیرانو گەورکدا بسەپێنێ کە کەوتبوونە کێشەوە.

مێجەر جەعفەرۆڤ، بەم مەئموورییەتەی‌وا داویە بە عومەر خان، نیازی ئەوە بووە کە لە هەڵسوکەوتی رازی نییەو تەنانەت لێی بەگومانە کە بە سوودی بریتانیا دەجوولێتەوە. عومەر خان بەتوندی ئیدانەی مەسەلەکەی کردووەو گوتوویەتی ئەم ناتۆرەیە، یەك لە دوژمنانی واتە سەیید ئەحمەدی مەرگەوەڕ بۆی هەلّبەستووە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

١٥) درەنگتر، چوومە چاوپێکەوتنی جەنابی هاشمۆڤ - جێگری کۆنسوولی سۆڤیەت لە ورمێو ئەویش لەرێگەی وەرگێڕێکەوە، بەتورکی قسەی لەگەلّدا کردم. من ئاماژەم بەو رووداوە کرد کە لە مەهاباد لەکاتی سەردانی ترومبیلی (شۆرای پێوەندە گشتییەکانی بریتانیا) لەرۆژی ٢٤ی

جووندا رووی دابوو (بڕوانە نامەی ژمارە ٨ی مـن، ٢٧ی جـوونی ١٩٤٥ ).
جـەنابی هـاشمۆڤ گـوتی هـەواڵی ڕووداوەکـەی بـەرگوێ کـەوتووەو پێـی ناخۆش بووە. هەروەها ١٥ ڕۆژێك دوای ڕووداوەکەش سەردانی مـەهابادی کـــردووەو بەتونـــدی لۆمـــەی قـــازی محەمـــەدی کـــردووەو [گوتوویەتی]:"ئێوەی کـورد داوای سـەربەخۆیی دەکـەنو دەڵـێن توانـای ئەوەتان هەیە خۆتان نەتەوەی خۆتان بەڕێوەبەرن، بەڵام ئـەوەتا نـاتوانن بۆ تاقە شەوێك نەزمو نیزامی گوندێك بپارێزن".
مـن گـوتم، دوور لـە ئینـسافی دەبیـنم ئەگـەر [بـۆ ئـەم مەسـەلەیە]، سەرکۆنەی قـازی محەمـەد بکـەین: نـاوبراو هـەموو هـەوڵێکی خـۆی داوەو لەدڵـەوە ناڕەحـەتی خـۆی بـە مـستەر لانـگ دەربڕیـوە (لەڕاستیـشدا، بـە مستەر لانگی گوتبوو، رووسەکان خۆیـان ڕووداوەکـەیان ڕێـك خـستووە). من خۆم وەك کارێکی ئاسایی تێکدەرانە سەیری مەسەلەکە دەکـەمو هـیچ سەرنجێکی ڕەسمی پێنادەم.

لە هـاشمۆڤم پرسـی بەگشتی بـارودۆخی کـوردان چۆنە ؟ بـەڵام وەك شـتێکی چـاوەڕواننەکراو خـۆی لـە باسـەکە پاراسـتو، گـوتی واهەیـە کۆنسوولی گشتی سۆڤیەت لەتەورێز، زۆر زیاتر بەهەواڵی کـوردان بزانێـت، چون جاری واهەیە سەبارەت بە ڕووداوی واپرسـیارم لـێ دەکـات کـە مـن هـــەر بـــەرگوێم نەکـــەوتووە. نـــاوبراو باســـی ڕووداوەکـــەی "بـــالانیج"ی بەشێوەیەك کرد کە جیاوازی ئەوتۆی لەگەڵ قسەی جێگری ئوسـتاندارد نەبوو، گەرچی کورتتری بڕیەوە.

پاشان باسەکەی گۆڕیو گوتی بیستوومە لەنێوان کوردو هێزی ئێرانی لە ناوچەی مەریوان (واتە «ناوچەی ئینگلیز»)، پێکداهەڵپرژانێك هەبوەو، هەواڵدەرێکی کورد پێی گوتووە کە (جەنەراڵ سمیث) ناوێکی ئینگلیزی سەردانی ناوچەی عەمەلیاتەکەی کردووە، ئینجا لێی پرسیم ئایا هیچم لەو بارەیەوە بیستووە؟ ئەوەشی لێ زیاد کرد کە فەرماندەی گشتی رووسەکان لە ئازەربایجانی رۆژئاوا ـ مێجەر ئەسلانۆڤ ویستوویەتی بچێتە شوێنەکە، بەڵام بەهۆی نەخۆشییەوە نەیتوانیوە. من راستو رەوان پێم گوت لەبەر ئەوەی مەریوان لە دەرەوەی ناوچەی (ژێر چاوەدێریی) مندایە، هیچم لەمەڕ سەردانی جەنەراڵێکی ئینگلیزی نەبیستووە.

١٧) هەرچۆنێك بێت، کوردان کۆنترۆڵی بەشی زیاتری زەویو زارو کشتوکاڵی ناوچەکە [واتە ئازەربایجانی رۆژئاوا]یان بەدەستەوەیە...

١٩) ئێستا دوای ئەزموونی یەك ساڵ ئیشکردن لەگەڵ کاربەدەستانی سۆڤیەتی لە ئازەربایجاندا، بیر لەولایە دەکەمەوە کە ئەوان بەراستی باوەڕ بەو هەواڵە خەیاڵاوییانە دەکەن کە سەبارەت بە هاندانی کوردو کۆنەپەرستانو عەناسوری "دژی سۆڤیەتی" دەماودەم دەگەڕێت ـ خۆ ئەگەر هەر خۆیان ئەم هەواڵانەیان دروست نەکردبێت.

٢٠) بەیانی رۆژی ٧ی ئۆگوست، ورمێم بەجێهێشت.

٢٢) سەعات چواری دوای نیوەڕۆ گەیشتمە ماکۆ. فەرمانداری نوێ، صدیق شەهبازی و سەرۆکی جەندرمەری سەرمەدی چاوەڕێیان دەکردم. شوێنی مانەوەم لە ماڵی ئانالی خانم بێوەژنی سەرداری ماکۆ، لە باغچە

www.zheen.org

جیق بوو، کە سێ مایلێك کەوتۆتە بەری رۆژئاوای شارەوە. بەڵام کاپیتەن ئاخوندۆڤ ـ فەرماندەی رووسی شاری ماکۆ، پێی راگەیاندم کە ئیجازەی مانەوەم تەنیا بۆ نێو شاری ماکۆ پێدراوەو نەیهێشت شەو لەوێ بمێنمەوە، جانتاکانیشم بێ سەروشوێن کران.

٢٤)…. لە سەرچاوەیەکی دیکە[ی غەیرە رەسمییەوە] دەزانم کە باری ئاسایش لە ناوچەی ماکۆ باش نییە. کوردی جەلالی تەواو چەکدارن‌و بە چاوی بچووك سەیری جەندرمەی ئێرانی دەکەن، رێبەری گەلێك ناسراویان شێخ عبدالقادر، ئەندامی کۆمەڵەیەو ئێرانییەکان بە لیستەیەکی دوورودرێژی جەریمەو گوناهەوە بەشوێنیدا دەگەڕێن. ناتوانین بڵێین دەسەڵاتداریەتی سۆڤیەت هاوکاریی (دەوڵەتی ئێران) ناکات.

لەم دواییەدا چوار کەس لە پیاوانی عەبدولقادریان گرتووەو داویاننەتە دەست ئێران. ئەو کەسانە، چەند بازرگانێکیان گرتبووو رووتیان کردبوون، بەڵام ئەو هەواڵەی لە تەورێز بیستبووم گوایە عەبدولقادر گیرابێت، بەڕاست دەرنەچوو.

٢٨) نیوەڕۆی رۆژی ٨ی ئۆگۆست ماکۆم بەجێهێشت.

بنکەی ژین
www.zheen.org

٣٠)……. من نەك هەر بەهۆی کاروباری رۆژانەوە، بەڵکوو لەرێگەی نیشانەی ئەوتۆوە کە ناتوانن ساختە بن، بۆم دەرکەوت کە دەسەڵاتداریەتی سۆڤیەت بەبێ هیچ گومانێك هانی بزووتنەوەی کوردانی جیاوازیخواز دەدات کە ئەنجومەنی کۆمەڵەی نۆباو رێبەرایەتی دەکات. من واتێدەگەم کە رووسەکان نیگەرانی راپەرینی کوردان [دژ بەخۆیان] نین

و ئەگەر شتێکی ئەوتۆ لە داهاتووی نزیکدا رووبدات، بە توانای ئێستای هێزەکانیانەوە بەهاسانی تێکی دەشکێنن.

بەڵام ناسیۆنالیستە کوردەکان لەسەر ئەو باوەڕەن کە رووسەکان تاسەر پشتگیری داواکارییەکانیان دەکەنو بەم بۆنەیەوە، زۆر کەم بەلای پێك هاتنێکی ئاشتیخوازانەی مەسەلەکانیان لەچوارچێوەی دەوڵەتی ئێراندا دەچن.

دوای دووجار سەردانی ناوچەی دەوڵەمەندی ورمێ ـ بە دانیشتوانی هەمەچەشنەی کوردو عەجەمو موسوڵمانو مەسیحییەوە کە هەر هەموویان لە فەزایەکی دڕدۆنگیو ترسی دراوسێکانیاندا دەژین، هەروەها دوای ئەوەی لەنێوان دووشتی دژ بە یەکتردا گیریان خواردووە کە یەکیان دەرەتانو توانای بەرهەمهێنانی ناوچەکەو ئەوی دیکەیان بارودۆخی بێمتمانەو جێگەی بەزەیی ژیانی ئێستای دانیشتوانیەتی، هەست بەوە دەکەم کە عەدالەتی بزووتنەوەی کورد هەرچییەك هەبێت، ئەو زیادەخوازییە سیاسییەی کە وەدیهاتنی، پێویست بە خەیاڵی خاوی پیاوانی عەشیرەت بکات، وائەغلەب جەریمەیەکە دژ بە وەرزێرانی تورکو مەسیحی مەڵبەندەکە بەڕێوە دەچێت.

**ج. و. واڵ**

بنکەی ژین
www.zheen.org

**FO371/45340/126035**
**لەبەغداوە بۆ وەزارەتی دەرەوە**
**١٦ی ئۆگوستی ١٩٤٥**

ئاماژەم بە تێلەگرافی ژمارە ٦٣٦ی خۆم

دوای بۆمباردمانی دووهەمی "بلە" [١] لە رۆژی رابوردوودا، ماوەی ٤٨ سەعاتێك دەبێت كە گۆڕانكارییەكی گەورە لە بارودۆخی بارزان رووی نەداوە.

٢) كاتێ كە سەرەك وەزیری بەكردەوەی عیراق ئەم بەیانییە هاتە سەردان[ی باڵوێزخانەی بریتانیا لە بەغدا] بۆ پیرۆزباییكردنی تێكشكانی ژاپۆن، بەگشتی وێدەچوو گەشبینتربێت، بەتایبەت لەوە خۆشحاڵ بوو كە راپەڕیوەكان [یاغیەكان] ئەو پشتگیرییەیان لەلایەن هۆزەكانەوە لێنەكراوە كە چاوەڕوان دەكرا.

٣) من دەرفەتم قۆزتەوە كە جەنابیان ئاگادار بكەمەوە لەوەی كەموزۆر هیچ دیاردەیەكی بریتانی نابێ تێكەڵاو بە مەسەلەكە بكرێت، هەروەها ئەوەی كە لەم دواییەدا فەرمان بە كاربەدەستانی راوێژكاری سیاسیو A.L.O.S. دراوە كە هاتوچۆو شتی تریان كەم بكەنەوەو لەنزیك دائیرەی سەرەكی بمێننەوە.

وەزیر وەڵامی دایەوە كە بە بیستنی ئەوە خۆشحاڵە، لەبەر ئەوەی لەباری سیاسەتی ناوخۆییەوە گرنگە كە ئەم كارە دەبێ بەدەست

---

[١]) Bille.

www.zheen.org

عیراقیەکانەوە بمێنێتەوە. ئەوەش لەگەڵ سیاسەتی دەسەڵاتداریەتی خزمەتگوزاریی بریتانیادا یەك دەگرێتەوە کە خۆ لە هەرچەشنە دەست تێوەردانو ئەرك وەئەستۆگرتنێك بپارێزن.

٤) من هەروەها سەبارەت بە ئاسۆرییەکان لەگەڵ وەزیردا قسەم کرد. ئەو زامنی تەواوی کرد، کە هەموو چەشنە پارێزگارییەکی گونجاویان ئاڕاستە دەکرێتو، بەڵێنی دا فەرمانێکی تایبەتو خێرا بۆ بەڕێوەبەرانی ئەم کارە دەربکات. ناوبراو گوتی ئەوە ئەرکی بێگومانی حکوومەتەو لە درێژەدا، بە هەندێ درێژدادڕییەوە رووداوی خوێناویی پارەکەی وەبیرهێنایەوەو تاوانەکەی بە تاقەکەس خستە ئەستۆی دەستپێشخەرییە پیاوکوژانەکەی بەکر سدیق [بەکر صدقی، وەرگێڕ]و، لە ئەنجامدا جەختی لەسەر ئەوە کرد کە بارودۆخی ئەودەم ئیتر ئەمڕۆکە [ناخوێنرێتەوە].

٥- سەرەك وەزیری بەکردەوە، رەزامەندی شەخسیو زۆری خۆی لەمەڕ کۆتاییهاتن بە لەیەکتر تێنەگەیشتنی جەنەڕاڵ رێنتن[1] و کابینەی (عیراق) دەربڕیو، لەم بارەیەوە قسەکانی دوێنێی ئەمیر زەیدی دووپات کردەوە. وابزانم بەرنامەی دارژاوی سەرەتایی واهەیە تووشی گۆڕانکاری بێت.

بنکەی ژین
www.zheen.org

1) Renton

**FO371/45340/126035**
**١٨ی ئۆگوستی ١٩٤٥**
**لەلایەن GOC ناوەندیی ئێران‌و عیراقەوە**
**بۆ هۆدەی شەڕ [لەندەن]**

گرنگ

رەمزی PO82548، رۆژی ١٥ی ئۆگوست

سێ [ فڕۆکەی] گلادیاتۆری هەوایی سەڵتەنەتی [گوندی] بلەیان لە رۆژی ١٣ی ئۆگوستدا بۆمباردمان کردو بۆمبای ٢٠ پۆندییان بەکارهێنا.

هیچ زانیاریەك لەسەر کارەکەو زیانەکان نەگەیشتووە. رۆژی ١٥ی ئۆگوست ئەوراق [لەفڕۆکەوە] دەخرێتە خوارەوەو چاوەترسێنی گوندییەکان دەکرێت کە هاوکاری مەلا مستەفا نەکەن.

بنکەی ژین
www.zheen.org

**FO371/45340/126035**
**١٨ی ئۆگوستی ١٩٤٥**
**لەGOCی ناوەندی ئێرانو عیراقەوە**
**بۆ C لە Cی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست**
**ڕەمزی GO82201، 13ی ئۆگوست**

گرنگ

... دوای ئەو ئاژاوەیەی کەنراوەتەوە، بارودۆخ لەبارزان خراپتر بووە.

کاربەدەستو پۆلیسی عیراقی لە گوندی بارزان و بلە[١]، مێرگەسووری ژووروو[٢] و بیرەکەپرە[٣] و بالفستیان[٤] [بافستیان] چوونەتە دەرەوە. ئاژاوە لەلای ڕۆژئاواوە تا دهۆکی تەنیوەتەوە.

[درێژەی ڕاپۆرتەکە، باسی عەمەلیاتی سوپای عیراقو بریتانیا دەکات لە "بافستیان"[٤]ی نزیك ڕەواندزو چۆنیەتی دامەزرانی هێزی هەوایی بریتانیا لە مووسڵ، ڕەواندز و دیوانیەو دەڵێ سوپای عیراقی لە کۆتایی مانگی ئۆگوست یا سەرەتای سپتەمبردا دەچێتە ناو "بارزان"].

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

1) Belle
٢) Merga Sori- Zhori
٣) Bira- Kapra
٤) Bal Fistian

**FO371/45478**
**ژماره١٤،**

## ١٦ی ئۆگۆست تا ٦ی سپتەمبری ١٩٤٥

**١٧٨) کاروباری کورد**

له حەوتووی کۆتایی مانگی ئۆگۆستدا، پێکدادانێك لەنێوان پیاوانی زێرۆ بەگو جەندرمەکان لەسەر پردی "بالانیج"ی نزیك ورمێ قەوماوە. دوو جاندرمە کوژراونو تاقمێکی نزیك بە ٧٠ کەسی جاندرمە نێرراونەتەوە سەر کوردەکان، بەڵام لەرێگا رووسەکان وەستاندوویانو دوای چەککردن، ناردوویاننەتەوە لای فەرماندەکەیان.

لە وەڵامی نارەزایی دەربڕینی فەرماندەکەدا، قۆماندانی رووس گوتوویەتی عەسکەرەکەی نیازی خراپیان نەبوەو تەنیا لایان وابووە جەندرمەکان، چەتەن.

کاتێ وەفدە سێ کەسییەکەی کۆمەڵە لە ورمێ (لە پێنجەمی مانگی ئۆگوستدا) گیران (رۆژژمێری ١٣، پاراگرافی ١٦٣)، کۆمەڵە لە مەهاباد دەستبەجێ فەرماندارى پیرو ژمارەیەکی زۆر کە ئێرانییانی دیکەیان گرتو داوایان لە قازی محەمەد کرد ئیجازەی کوشتنیان بدات.

قازی محەمەد بەرگری کارەکەی لێکردنو کاتێ هەواڵ گەیشت کە سێ کەسیان لێ ئازاد کراون، ئەوانیش بارمتەکانی خۆیان بەرەڵلا کرد. فەرماندار، کە توانای هەڵسەنگاندنی مەسەلەکەی کەم بوو، دەستبەجێ بە سەفەرێکی بێهەستوخوست چوو بۆ مەراغە.

www.zheen.org

دوو هەواڵدەر لە مەهابادەوە هەواڵی دووبەرەکی نێوان ریزەکانی کۆمەڵە دەدەن.

وادەردەکەوێ کە کوردێك بەناوی میرزا "غەفووری مەحموودی"، لەگەڵ ئەرمەنییەکدا بەناوی "ئارام" کە خەڵکی میاندواوە، بناغەی لقی حیزبی توردە لە میاندواویان داناوەو ژمارەیەکی زۆری ئەندامانی کۆمەڵە بەرەو ئەوان کشاون. دەگوترێ هەڵخلاندنی خەڵك دژ بەنفووزی سەرەك هۆزو خاوەن ملکەکان، دەستی پێ کردەوەو واهەیە بزووتنەوەکە ئەگەر هیچیش نەکات، نوێنەرایەتی ناڕەزایی لەمەڕ گریمانی دەسەڵاتی زۆری قازی محەمەد دەکات.

هەواڵدەرێك لای وایە دۆستایەتی رووس لەگەڵ کۆمەڵە، تووشی ساردیی هاتووە (و ئەوەش کە کاربەدەستە رووسەکان باسی بێیاسایی کوردان دەکەن، هەندێ راستی بەو بۆچوونە دەبەخشێت). وادەردەکەوێت کە جێگری کۆنسوولی رووس لە ورمێ داواکاریی قازی محەمەدی بۆ نێوبژیکردن لەمەسەلەی سێ نوێنەری کۆمەڵە داوەتە دواوە. دەگوترێ هۆی ساردیی رووسەکان ئەوەیە کە گومان دەکەن ئینگلیس پشتگیری کۆمەڵە بکات!

جگە لە جێگری کۆنسوولی سۆڤیەت لە ورمێ، ئەو رووسانەی وا لەچەند حەوتووی دواییدا چوونەتە مەهاباد، ژمارەیان کەم نییە: نەمازۆڤ فەرماندەی شاری میاندواو، "سەلیم ئەستیخین" کە دەگوترێ ئەفسەرێکی بەرزە لە قەزوێنو "سەمەدۆڤ" ئەفسەری سیاسی نەغەدە. هەروەها دەگوترێ جەنابی یاکۆبۆڤ ـ کۆنسوولی بالۆێزخانەی سۆڤیەتیش لەماوەی سەفەریدا بۆ ئازەربایجانی رۆژئاوا، سەردانی مەهابادی کردبێت.

لەکاتی نووسین [ی ئەم راپۆرتە] دا، قازی محەمەد لە تەوریزە. هۆیەك بۆ هاتنەکەی ئەوەیە چەند کاربەدەستی کۆمەڵەو یەك لەوان "عەلی پیرۆتی"مامەش، بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو،چەند هەفتەیەك پێش ئێستا هاتوونەتە مەهابادو داوای پێراگەیشتن بە حیساباتی کۆمەڵەیان کردووە.

ناوبراو سەد کەس لە دەستوپێوەندەکانی خۆی لەگەڵ بووەو قازی محەمەد بێگومان بە باشی تێگەیشتووە کە دەبێ [ئەو هاتنەو بەو شێوەیە] ، بۆ مەسەلەیەکی زیاتر لە چاوپێکەوتنی دەفتەر و حیسابات بێت.

**ج. و. واڵ**

بنکەی ژین
www.zheen.org

**رۆژژمێری تەورێز**
**FO317/45478-25338**
**راپۆرتی ژمارە ١٥**
**لە ٧ تا ٢١ی سیپتەمبەری ١٩٤٥**

**١٩١) کاروباری کوردان**

لەماوەی چەند حەوتووی رابردوودا هەواڵێکی کەمان لەمەڕ چالاکییەکانی کۆمەڵە بەرگوێ کەوتووە.

هەندێ هۆ بەدەستەوەن کە گومانی ئەوە بکرێت رووسەکان خەریك بن پشتگیری خۆیان لە سیاسەتی پێشووی کۆمەڵە لەمەڕ سەربەخۆیی کورد وەربگرنەوەو، بەرەو ئەوە برۆن کە هاندانی کوردان پێویستە لەگەڵ هەوڵێکی بەرفراوانتر بۆ سەربەخۆیی ئازەربایجاندا یەك بگرێتەوە.

بۆچوونەکە، بەهۆی ئەو هەواڵانەوە قایمتر دەچەسپێ کە سەرچاوەیەکی رەسمی ئێرانی داویەتی‌و گوتوویەتی قازی محەمەد لەم دواییەدا لە تەورێز بووەو، ماوەیەك پێشتریش هاوڕێ لەگەڵ برای قەرەنی ئاغای ئەمیر العشائری مامەشدا لەلایەن دەسەڵاتداریەتی سۆڤیەتەوە بانگ کراونەتە باکۆ. بۆچوونی سەرچاوەی هەواڵەکە وابوو کە لەوێ حوکمی ئەوەیان لێ کردوون دوای گەڕانەوە بۆ کوردستان، خەبات بۆ ئازەربایجانێکی سەربەخۆ دەست پێ بکەن.

راپۆرتێك لە ئازەربایجانی رۆژئاواوە وادەگەیێنێ کە کاربەدەستانی سۆڤیەتی لە ناوچەکە هەوڵی ئەوەیان دابێت پاڵ بە سەرەك هۆزانی

شکاکو هەرکییەوە بنێن بۆ ئـەوەی پیـاوانی خۆیـان بنێرنـە یارمەتیـدانی بارزانییەکان. دەگوترێ دوو سەرەك هۆزی هەرکی ـ رەشید بـەگو نـووری بەگ بانگ کرابێتنە تەورێزو لەوێ هەمان پێشنیاریان پێ کرابێت. رەشـید بـەگ پێـشنیارەکەی داوەتـە دواوەو گەڕاوەتـەوە گونـدی خـۆی، بـەڵام نازانرێ نووری بەگ ئێستا لەکوێیە. سەبارەت بە چۆنییەتی حیزبی توودە لە مەهاباد هەڵسەنگاندنی جیاواز هەیـە. راپۆرتێـك دەڵـێ حیزبەکـە لـەوێ تووشـی شـکان هـاتووە، بـەڵام بـەو مانایـەی کـە بـەم زوانـە وەك حیزبـی دیموکرات دەست بەکار دەکاتەوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

## رۆژژمێری تەورێز
## FO371/45478-25338
## ژمارە ١٦
## ٢٢ی سیپتەمبر تا ٣ی ئۆکتۆبری ١٩٤٥

**١٩٩) کاروباری ئەرمەنیان**

قوتابخانەی پێشووی ئەرمەنیەکانی تەورێز ئێستا لەلایەن دائیرەی فەرهەنگەوە بەڕێوە دەبرێتو منداڵی ئەرمەنیو موسوڵمان دەرسی تێدا دەخوێنن. لەم دواییەدا گەنجە ئەرمەنییەکان هێرشیان کردۆتە سەر بەرپرسی قەتابخانەکەو، گوتوویانە کاتی ئەوە هاتووە کە بگەڕێنەوە سەر نەزمی پێشوو. قەشەی ئەرمەنیەکان لە وەڵامی ناڕەزایی دەربڕینی جێگری ئوستانداردا، بەرپرسیاریەتی ئەم رووداوەی نەگرتۆتە ئەستۆ....

٢٠٢) مەئمورانی بریتانیایی

میستر بیدوێل (Bidwell) نوێنەری کۆنسوولی بەکردەوەی بریتانیا لەئێران لە ماوەی ٣٠ی سپتەمبر و ٢ی ئوکتۆبردا، سەردانی تەورێزی کردووەو لەوێوە چووە بۆ هەمەدانو کرماشان.

**٢٠٣) کاروباری کوردان**

ئێستا زانیارییەکی زیاتر سەبارەت بەگەشتەکەی "سەرلەشکر ئاتاکیشێف" (ئەلیاس سەلیم ئاستیکین، لە رۆژژمێری ژمارە ١٤، پەرەگرافی ١٧٨ و ١٧٩دا) بەدەستەوەیە کە لەماوەی مانگی ئۆگوستدا سەردانی ناوچەکانی کوردستانی ئێرانی کردووە. ستوان نەماز عەلیۆف ـ

فەرماندە[ی رووسی] لە میاندواو و ئەفسەرێكو رووسێكی غەیرە سوپایی هاوڕێیی سەرلەشكریان كردووە. هەر ئاتاكیشێف بوو كە لەسەرەتای داگیركردنەكە [ی ئازەربایجان لەلایەن رووسەوە] ، هاوڕێ لەگەڵ قازی محەمەدو ئەمیر ئەسعەدی دێبۆكریو سەرەك هۆزەكانی دیكە، چوو بۆ باكۆ.

لە گەڕانەوەدا، جەنەڕاڵی ناوبراو چۆتە سەردانی ماڵی ئەمیر ئەسعەد لەسەر رێگای بۆكانو لێی پرسیوە بۆچی لەم دواییانەدا سەری رووسەكان نادات و تەنانەت ناچێتە ناو كۆمەڵە.

ئەمیر ئەسعەد [عەلی ئاغای عەلیار] پێی گوتووە ئەركی نێو گوندەكەی لەوە زیاترە بتوانێ بپەرژێتە كاروباری سیاسی ئەوتۆ.

پاشان ئاتاكیشیف، لێی پرسیوە ئایا دەتوانێ هیچی سەبارەت بە دوو ئەفسەری عیراقی پێ بلێت كە ئێستا لە مەهاباد دەژینو ئەوەی ئایا لە "لایەن عیراقەوە" سەرنجی زۆر دەدرێتە كۆمەڵە یان نا ؟ ئەمیر ئەسعەد خۆی لەقەرەی پرسیارەكان نەداوە.

وادەردەكەوێ ئەو دوو ئەفسەرە عیراقیە ناویان میرحاجو مستەفا خۆشناو بێت كە كوردی عیراقنو لە سوپادا خزمەتیان كردووە، لە دەوروبەری مانگی جوونیشدا هاتوونەتە مەهاباد. دەگوترێ چەندین مەئموورییەتیان لە ورمێو تەنانەت تەورێزیش بۆ كۆمەڵە بەڕێوە بردبێت.

سمایل ئاغای كوڕی مەحموود ئاغا [ئێلیخانی زادە] و رەحمان ئاغای كوڕی حاجی بایز ئاغا [موهتەدی] سەردانی عیراقیان كردووە كە دەڵێن لەسەر رێگای چوونیان بۆ مەككەدا بووە، بەڵام لەبەر ئەوەی هیچ

پاسپۆرتێکیان نەبوە، چاوڕاوی ئەوە هەیە کە سەفەرەکەیان لە پێوەندی شەڕی بارزاندا بووبێت.

قازی محەمەد لە باکۆ گەڕاوەتەوەو رایگەیاندووە کە لە کۆنفەرانسی فیرقەی دیموکراتدا لە تەورێز، بەشداری دەکات. وازانراوە کە قاسم ئاغای کوڕی بایز ئاغای دێبۆکریو زۆر سەرەك هۆزی ناوچەی مەهابادیش لە کۆنفەرانسەکەدا ئامادەبن. هۆکارێکی دیکە بۆ ئامادەبوونی سەرەك هۆزە کوردەکان لە تەورێز ئەوەیە کە هەموویان چاوەڕوانی "ئاق ئێولی" بەرپرسی دائیرەی "انحصارات" دەکەن کە رێگاو رەسمی پێویست بەڕێوە بباتو قەندی مەسرەفی هۆزەکەی خۆیان بداتێ.

راپۆرتێك کە لەم دواییەدا گەیشتووەو تا رادەیەکیش جێگەی بڕوایە، نیشانەیەکی گەلێك بەرچاو لە شێوەی پیلانێك دەردەخات کە رووسەکان بۆ هەڵسوکەوت لەگەڵ کوردان بەکاری دەهێنن. تاقمێکی حەوت کەسی لەو کوردانە وا لەم دواییانەدا چوون بۆ باکۆ. لەنێو شار رانەگیراونو براونەتە گوندێك. لەماوەی چوار رۆژ مانەوەیاندا لەوێ، تەنیا جارێك براونەتە شاری بۆ ئەوەی چاویان بە باقرۆف سەرەك کۆماری سۆڤیەتی ئازەربایجان بکەوێت، کە ئەویش هەندێ بابەتی گشتیو نادیاری سەبارەت بە پشتگیریکردنی فیرقەی دیموکرات لە هەموو رێگەیەکی گونجاوەوە پێگوتوونو لە یەکیەتی ئازەربایجان دواوە.

سەرەك هۆزەکان ئینجا بە قەتار گەڕاونەتەوە بۆ تەورێزو، لەوێ پێیان گوتراوە پێویست ناکات بچنە نێوشارو هەر لە ئێزگەی قەتارەوە کە نزیکەی پێنج مایل لە تەورێز دوورە، دەبێ بگەڕێنەوە بۆ کوردستان.

پاشان ماوەی ٢٤ سەعات لەنێو واگۆنێكی قەتاری وەستاو رایانگرتوون تا ئەوەی وانێتێكی داخراو بدۆزنەوەو بیاننێرنەوە ماڵی خۆیان.

هەمان سەرچاوە باسی ئەوە دەكات كە لە شەوی ٢٨ی سپتەمبردا، ستوان نەماز عەلییۆف، فەرماندەی رووسی لە میاندواو، كوتوپڕ گەیشتۆتە مەهابادو دەستووری داوە كارەبای شار لەجیاتی سەعات ١١ و نیو ، لە سەعات ٩/٥دا بكوژێتەوە. لە سەعات ١٠دا چوار لۆری رووسی هاتوونەتە ناو شارە تاریكستانەكەو بۆ هەموو ماوەی شەو چەندین ئەفسەر لە بینایەی ئەنجومەنی فەرهەنگی ئێران لقی مەهاباددا ماونەتەوەو بەیانی پێش ئەوەی خەڵك لەخەو هەستن لۆرییەكان رۆیشتوونو هەورێكی گومانیان لەدوای خۆیان بەجێ هێشتووە، كە لە هەموان نەرمو نیانتریان ئەوەیە گوایە لۆرییەكان پڕبوون لە چەكو بۆ مەلا مستەفای بارزانیان هێناوە.

**٢٠٤) ورمێ**

سێ ئەفسەر لە تارانەوە چوونەتە ورمێ بۆ ئەوەی چاوەدێریی سەربازخانەكە بكەن. ئەفسەرەكان بریتی بوون لە كۆلۆنێل [سەرهەنگ] ئەسلانی، كۆلۆنێل ریفاهییەتو كۆلۆنێل سوڵتانی. پاشان هەموویان گەڕاونەتەوە [بۆ تاران].

www.zheen.org

**رۆژژمێری تەورێز**
**FO371/45478-25338**
**ژمارە ١٧**
**٤ تا ٢٥ی ئۆکتۆبری ١٩٤٥**

**٢١٢) کوردی ورمێ**

فەرماندەی [سوپایی] ئێران لە ئازەربایجان هەواڵی ئەوەی پێگەیشتووە کە مەلا مستەفای بارزانی لەگەڵ ژمارەیەکی بەرچاوی لایەنگرەکانیدا، رۆژی ١٦ی ئوکتۆبر گەیشتۆتە ئازەربایجانو لەلایەن دەسەڵاتداریەتی رووسەوە ئیجازەیان پێدراوە لەگوندێکی ئازەربایجانی رۆژئاوا کە کەوتۆتە ١٥ کیلۆمەتری باشووری ورمێ، نیشتەجێ بن.

فەرماندە ئێرانیەکە، ژمارەی لایەنگرانی مەلا مستەفای بە ٢ هەزار کەس قەبڵاند،کە لەوانە، ٥٠٠ کەسیان پڕ چەکنو پڕ بە حەوشێك چەکیان هەیە.

هەواڵدەرێکی کورد دواتر گوتی کە لایەنگرانی مەلا، نزیکەی هەزار خێزانێك دەبنو بەگوێرەی قسەی ئەو، لە ناوچەی دەشتەبێڵ [ی ورمێ] چادریان هەڵداوە.

زانیاری دواتر نیشان دەدەن کە جەماعەتەکە بەرەو دەوروبەری نەغەدە داکشابنە خوارەوە.

سەرتیپ دورەخشانی گوتی فەرمانی بە قوماندانی ئێرانی سەربازخانەی ئێران لە ئازەربایجانی رۆژئاوا داوە کە دەبێ وەك

بنکەی ژین
www.zheen.org

هەڵاتوویەکی جینایەتکار بڕواننە مەلا مستەفا، هەروەها پێویستە چەك بکرێتو مل بۆ فەرمانی قوماندانی سوپایی لە ناوچەکە دابنەوێنێت.

هیوای سەرهەنگ [پێشتر گوتی سەرتیپ] دورەخشانی لەمەڕ بەڕێوەبردنی ئەم دەستووورە لە ورمێ، گەشبینی زۆری تێدا نییە.

هەواڵدەرە کوردەکان کە بەشێوەی سروشتی متمانەی زۆریان پێ ناکرێت، بەرپەرچی ئەوە دەدەنەوە کە [هەرکی] ئێران چووبێتنە یاریدەی مەلا مستەفا، ئەوان هۆی ئەم شکستەی بارزانی دەبەنەوە سەر دوژمنایەتی ئینگلیز لەگەڵ داخوازی سەربەخۆیی کوردستانو وێدەچێ بە شەوقو زەوقێکی زۆرترەوە رووبکەنە رووسەکانو پشتگیری لەوان بخوازن.

## ٢١٣) کاروباری دیکەی کورد

زانیاری سەبارەت بە سەردانی هەشت سەرەك هۆزی کورد لە اکۆ لە رۆژی ١٧ی سیپتەمبردا (رۆژژمێری ژمارە ١٥، پەرەگرافی ١٩١)، کەم بەدەستەوەیە.

بەگوێرەی قسەی یەکێ لە سەرەك هۆزەکان خۆی، سەردانەکە تەنیا چوار رۆژی خایاندووەو تاقەیەك رۆژیش باسی مەسەلەکە کراوە. بەڵام چاوڕاوی هەمەچەشنە هەیەو هەندێکیان ئەوەندە دەچنە پێشەوە کە دەڵێن وەفدەکە سەردانی مۆسکۆشی کردووە.

هەرچۆنێك بێت، کەمو زۆر روونە کە پلانێکی ئاشکرا بۆ خەباتیان پێ پێشنیار کراوەو پەسندیش وەرگیراوە.

ئـالّوگۆڕی سـەرەکی بارودۆخەکـە، بریتییـە لـەوەی کـە ڕێبـەرانی بزووتنەوەی سەربەخۆیی کورد لە مەهەباد پەسندی ئەوەیان کـردووە کـە لەگەڵ حیزبی توودەی نوێکراوەدا هاوکاری بکەن. لـە رابـردوودا، کۆسـپی سەرەکی بریتی بوو لە لایەنگری کردنـی زۆری حیزبـی تـوودە لـە بنـەمای شۆڕشگێڕانە، لەکاتێکدا ئاغاواتی کورد خەڵکانێکی دەوڵەمەندو سـوننەتی کۆنی ئەشرافیەتو شانازیکردن بە بنەماڵـەی خۆیـان لەناودایـە، هـەروەها زەویوزارو مەڕوماڵاتیان لا بەنرخە.

دابەشـــکردنی زەوی لەلایـــەن فیرقـــەی دیمـــوکراتی تـــازە (ی ئازەربایجان)ـەوە کەم هێز بۆتەوەو، خۆپیشاندانێك بۆ ئاشتیو عەدالەتی نێـوان هـەردوولا بەڕێوەچـووە. لەعـەینی کاتـدا داواکـاریی لەمـەڕ زەوی حکـوومی بـۆ وەرزێـران هـەر بەردەوامـەو، هـەواڵێکی کـەمتر لەمـەڕ داگیرکردنی زەوی خاوەن ملکە گەورەکان بەرگوێ دەکەوێ.

حیزبی دیموکرات لەسـەر ئوسـوولی خودموختـاری پـێ دادەگـرێو بـە ڕاشکاوی پشتگیری لە مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستان دەکات.

لەبەرانبەردا خەڵکەکەش هەموویان بوونەتە دیموکراتی.

یەکەم بەرهەمی دیارییەکانی رووس بۆ قـازی محەمـەد کـە سـەرجەم دەبـێ چاپخانەیەكو دوو تـەن (٢٠٠٠ کیلـۆ) کاغـەز بێـت، بریتـی بـووە لـە مەرامنامـەی حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتان بەڵگەنامەکـە ـ کـە هاوتـەریب لـە دوو سـتوونی فارسـیو کوردیـدا چـاپ کـراوە، دوای چاوخـشاندنێکی سـەرەتایی بـەو زوڵـمو زۆرانـەدا کـە لـە رابـوردوو دیکتاتۆرەکـانی ئێـران کردوویانـە، ئـەم داخوازییانـە ئاڕاستە کراون:

١. کوردستانێکی خودموختار لەنێو سنوورەکانی دەوڵەتی ئێراندا.

٢. کەڵك وەرگرتن لە زمانی کوردی لە قوتابخانەو ئیداراتی کوردستاندا.

٣. هەڵبژاردنی دەستبەجێی شۆرای ئەیالەتی کوردستان بۆ ئەوەی چاوەدێری هەموو کاروبارێکی کۆمەڵایەتیو حکوومی بکات.

٤. هەڵبژاردنی کاربەدەستانی دەوڵەتی تەنیا لە کوردان بن.

٥. دانانی یاسا بۆ بەڕێوەبردنی پێوەندیەکانی نێوان وەرزێرو خاوەن زەوییەکان.

٦. هاوکاری لەگەڵ رەگەزەکانی دیکەی ئازەربایجان، وەك ئەرمەنیو ئاسۆریوهتد... بۆ ئەوەی یەکیەتی و برایەتی باڵ بەسەر وڵاتدا بکێشێ.

٧. دەرهێنانی کانو سەرچاوە سروشتیەکانی کوردستان بە سوودی خەڵکەکە خۆی.

مەرامنامەکە، بە ئاواتەخوازی بۆ سەرکەوتوویی هەموو نەتەوەکانی ئێران کۆتایی پێدێت.

هەواڵ گەیشتووە کە ئێستا ئیتر لە مەهاباد ئامادەیی بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەن [شۆرا]ی ناوچەکە پێك هاتووە، وەك لە تەورێزیش هەروەهایە. بەڵام کورد چاوەڕوانی گەیشتنی ژمارەیەك سەرەك هۆزی خاوەن دەسەڵاتن کە لە شوێنە دوورەکانەوە بێن. ئەگەر بێتو زەمانێك کاروبار بگاتە ئەوەی کە کێشەی ئاشکرا لەگەڵ دەسەڵاتداریەتی ئێران بێتە پێشەوە، ئەستەمە رادەی هاوکاری نێوان دیموکراتەکانی کوردو تەورێز پێشبینی بکرێت.

ژیکەی ژین
www.zheen.org

بێگومان کوردەکان پیاوی شەڕکەری باشترن، بەڵام توانای هاوکارییان زۆر نییە تەنانەت لەنێو خۆشیاندا.

لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا، ئاشکرایە هەموو شت دەکەوێتە دەستی ئەوانەی واکارەکە بەڕێوە دەبەن.

چاووڕاو درێژەی هەیەو باسی ئەوە دەکرێت کە رووسەکان لەنێو کوردی مەهابادا چەکیان بڵاوکردبێتەوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

**رۆژژمێری تەوریێز**
**FO371/45478-25338**
**راپۆرتی ژمارە ١٨**
**٢٥ی ئۆکتۆبر تا ٢١ی نوامبری ١٩٤٥**

**٢٢٥) کاروباری کوردان**

کردەوەکانی حیزبی دیموکرات مەسەلەی کوردی بەشێوەیەك بردۆتەوە سەر زەمینەکانی خۆی. ئەوان، کاری هەواڵگرتن لە ناوچە کوردنشینەکانیان بەتەواوەتی ئەستەم کردۆتەوە. هەرچۆنێك بێت وادیارە ورمێ هێمن بێت.

زیاد لەو هوشیاکردنەوانەیوا لەمیاندواوەوە دێنو رادەگەیێنن کە کوردی مەهاباد خۆیان بۆ هاوکاریکردنی هاوڕێ ئازەربایجانیەکانیان ئامادە دەکەن، هیچی تر بەرگوێ ناکەوێ.

هەرچۆنێك بێت، ئەو دەرئەنجامە جێگەی گومان نییە کە لە ئازەربایجاندا خودموختاری دامەزراوەو لە ناوچە کوردنشینەکانی ئازەربایجانیشدا دادەمەزرێت.

سەرچاوە کوردییەکان درکاندوویانە کە لە رۆژی ٢٧ی ئۆکتۆبردا کۆنفەرانسێکی گەورە لە رێبەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە مەهاباد بەستراوە.

ئەم کۆنفرانسە پێشتر بانگەوازی بۆ درابوو، بەڵام بەهۆی سەردانی رۆژی ٢٣ی ئۆکتۆبەری ئەتاشەی سەربازی بریتانیا لە مەهاباد، تووشی ئاڵۆزکاوی هاتبوو.

www.zheen.org

کۆنفەرانس، دوای ڕۆیشتنی ناوبراو بەڕێوەچوو و پێکهاتەیەکی دەرکرد کە گرنگایەتیەکەی تائێستا نازانرێ.

سەرەك هۆزانی خاوەن ئیعتیبار کە لە کۆنفەرانسەکەدا بەشداربووبێتن، بریتی بوون لە: عەبدوڵڵا ئاغای شنۆ، عەمەر خانی شکاك (ستوانی پێشووی سمکۆ)، نووری بەگ (هەرکی) و حاجی - بابەشێخ لە ناوچەی بانە. دەگوترێ مەلا مستەفای بارزانیو براکەی واتە شێخی بارزانیش بەشداریی کۆنفەرانسەکەیان کردبێ، بەڵام وادەزانرێت کە زیاتر بۆ ئەوەبووبێت کە یارمەتی وەربگرن تا ئەوەی یارمەتی بدەن. هەمان سەرچاوەی کورد، باسی ئامادەبوونی ئەفسەرە رووسەکان لە مەهاباد دەکەن لەماوەی کۆنفەرانسەکەدا.

لەماوەی نیوەی یەکەمی مانگی نوامبردا، نزیکەی هەزار کەس لە سەرەك هۆزانی کوردو لایەنگرانیان هاتونەتە تەورێزو چاوەڕوانن یا هیوای ئەوەیان هەیە بەشی قەندی خۆیان وەربگرن، کە وا دەردەکەوێت نیوەی دووهەمی ئەو بەشە بێت وا لە زستاندا وەریان گرت. یەکێ لە سەرەك هۆزەکان گوتی رادەی ئەو قەندەی وا دائیرەی قەندو شەکر بە کوردان قەرزدارە، دەگاتە ٦٠٠ تەن. ئەو خۆی چاوەڕوان بوو ٨ تەن بۆ هۆزەکەی خۆی (دێبۆکری) وەربگرێت.

ئەوان بۆ ئەوەی چاوی چنۆکی کارمەندانی دائیرەی قەندو شەکر تێر بکەن - کە بەشێوەی سروشتی بەشەکانیان پێ نادەن تا رازی نەکرێن، تووشی تەنگوچەڵەمەو دواکەوتنی زۆر دێن.

www.zheen.org

سیستەمەکە بەوشێوەیەیە کە هەر سەرەك هۆزێك لەسەر بنەمای لیستەی ئەو ناوانەی واپێشتر لە ساڵی ١٩٤١دا تۆمار کراون، بەشی هۆزەکەی خۆی وەردەگرێت. ئینجا نرخی بەشی قەند و شەکرەکە لەلایەن سەرەك هۆزەوە دەدرێت بە بانکی نەتەوایەتیو رەسید [وەسڵ]ی بانکەکە دەدرێتە بەڕێوەبەری دائیرەی قەندو شەکر کە حوکمی وەرگرتنی قەند لە کارخانەی میاندواویان دەداتێ. پاشان، سەرەك هۆز قەندەکە دەباتو بە قازانجێکی باش بەشێوەیەك بە ئەندامانی هۆزی خۆی دەفرۆشێ کە بتوانن پارەکەی بدەنەوە، یاخود دەیاندا بە بازرگانانی میاندواو و تەورێز.

سیستەمەکە بەئاشکرا بۆ ئەوە دانراوە کە سوودی زۆر بە دەڵاڵان بگەیەنێت، بەڵام کارەکە دەکەوێتە دۆخێکەوە کە هەندێ لەو دەڵاڵانە بەئینسافەوە نەبزوێنەوە.

دیارە سیستەمەکە بۆ ئەوە دانراوە کە قەند بدات بە پیاڵە چاییەکی خەڵکی هۆزەکە.

### ٢٢٦) مەلا مستەفای بارزانی

(رۆژمێری پێشوو، پەرەگرافی ٢١٢). گەلێك هەواڵدەری کورد لەوباوەڕەدان کە ژمارەی دەستوپێوەندی پەنابەری مەلا مستەفا نزیکەی دووهەزار خێزانن.

وادەردەکەوێ کە ئەو خەڵکە سەرئەنجام لە ناوچەی شنۆ و نەغەدە دامەزرابن، بەڵام دەگوترێ کە دەسەڵاتداریەتی رووس بڕیاریان دابێت

بنکەی ژین
www.zheen.org

ئیجازە بە ١٥٠ خێزانیان بدەن هەندێك دوورتر، لە دەوروبەری بۆکان نیشتەجێ بن کە گوندێکی ئاغاواتی دێبۆکرییەو وادەردەکەوێ کە ئەوان بە هاتنی ئەو میوانانە زۆر رازی نەبن.

پشتگیری کوردان بەهۆی ٥٠ هەزار تمەنەوە دەردەکەوێت کە شکاکان بۆ یارمەتی هۆزەکەی مەلا مستەفا کۆیان کردۆتەوە.

دەگوترێ شێخ عەبدوڵڵای شنۆ گوتبێتی کە خەریکی پێکهێنانی کۆمیتەیەکی خۆجێیە لە شنۆو نەغەدەو مەهاباد بۆ ئەوەی یارمەتیان بدات. لەعەینی کاتدا زۆرێك لە ئەندامانی هۆزی بارزانی لە بارودۆخێکی هەژارانەدا دەژینو دەگوترێ ئەگەر بیانتوانیایە لە چۆنیەتی هەڵسوکەوت [ی عیراقیەکان] دڵنیابن، دەیانەویست بگەڕێنەوە ئەوێو هەروەها دەگوترێ ئیعتباری مەلا مستەفا وەك رێبەرێك تەواو نزم بۆتەوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

## رۆژژمێری تەوریز
## FO371/52740-25338
## ژمارە ١٩
## ٢١ی نوامبر تا٢٠ی دیسەمبری ١٩٤٥

٢٣٩).... [باسی شەڕوپێکدادانی جەندرمەی ئێران و هێزەکانی فیرقەی دیموکراتە لە شاری ورمێ کە گەیشتە ئەنجامی ئەوەی شار بکەوێتە دەست هێزی فیرقەی دیموکرات و فەرماندە ئێرانیەکان خۆ بدەن بەدەستەوە. بەشی یەکەمی ئەم بابەتە باسێکی لە کورد تێدا نییە تا ئەوەی دەگاتە ئەم شوێنە. وەرگێر]:

... کوردێکی کەمی ژێر حوکمی نووری بەگو رەشید بەگی هەرکی هاتنە یارمەتی دیموکراتەکان بەڵام رووسەکان ناردیاننە دواوە. هەر ئەوەندی شار گیرا، رووسەکان رێورەسمێکی توندیان دانا بۆ ئەوەی ئاژاوە نەنرێتەوەو توندتیژی بەرپوە نەبرێت. بەڕێوەبەرایەتیەکی راستەوخۆی دیموکرات رێك خراو تا رۆژی٢٠ی دیسەمبر لەژێر ئەو بەڕێوبەرایەتیەدا شار بەتەواوەتی هێور بوو و ژیان شێوازێکی ئاسایی بەخۆیەوە گرت.

لێرە، ژمارەی کوژراو و بریندارى جەندرمە نازانرێ، ئەوانەی گیرابوون دوای چەککران بەرەڵلا بوون. تەنانەت زێرۆ بەگی هەرکی– چەتەی خەڵکی کووکیا (kukia)، بە داوێن پاکییەوە شەست جەواڵی [لای] خۆی هێنایەوە ورمێ و دایە دەسەڵاتداریەتی دیموکرات. ناوبراو ئەو شەست جەواڵەی لە بنکەی [جەندرمەی] بالانیج هەلگرتبوو، کە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بەرگرییان لە شێوەی چەتەیی ئەو دەکرد.

سەرباز، هەر ئەو حوكمەیان پێ درابوو كە لە تەورێز پێیان درا، زۆربەیان ئیجازە درابوون بگەڕێنەوە بۆ ماڵی خۆیان. سەرهەنگ [زەنگەنە] و [ نووربەخش]ی فەرماندەی جەندرمری چەند رۆژێك دوای خۆبەدەستەوەدان، لە ورمێ رۆیشتوون و لە چەندلاوە هەواڵی ئەوە دەگات كە لە تاران بن یاخود لە تەورێز گیرابن.

لەبەرانبەر ئەم كردەوانەی جەندرمری لە ورمێدا، پێویستە باسی ئەو كوشتارانە بكرێت كە دیموكراتەكان لە ئازەربایجانی رۆژهەڵات كردوویانە:

ئەفسەرێكی جەندرمە لە "میانە"، سێ یا چوار جەندرمە لە "مەرەند" و دەوروبەری، حاكم [ فەرماندار]ی مەراغە لەگەڵ سەرهەنگێكی ئێرانی، ئەفسەرێكی جەندرمەو زۆر كەسی خەڵكی سەراب، واهەیە پێنج ئەفسەری جەندرمەی شاری مشكین شەهر، سەرهەنگێك لە "ئاستارا" و دوو ئەفسەری پۆلیس لە تەورێز هاوڕێ لەگەڵ كوشتنی خاوەن ملّكانی "كۆنەپەرست" كە واهەیە ژمارەیان بگاتە ٣٠ كەس.

(یۆسف عظیما) وەزیری دادپەروەری لە حكوومەتی نوێ [ی ئێران]، رۆژی ١٦ی دیسەمبر چووە بۆ ورمێ و پەیمانی كاپیتۆلاسیۆن [خۆبەدەستەوەدان]ی لەگەڵ سەرهەنگ زەنگەنە ئیمزا كردووە. كابرایەك بەناوی ئەحمەدی سەعیدی پلەی سەرۆكایەتی شار [ی ورمێ]ی پێ دراوەو وادەردەكەوێ كە بووبێت بە ئوستاندار.

**٢٤٠) كاروباری كوردان**

لەم چەند مانگەی دواییدا هەواڵێكی كەم لە ناوچە كورد نشینەكانەوە گەیشتووەو زۆریش جێگەی متمانە نین. بەڵام هیچ گومانێك لەوەدا نییە

که کوردان لێره، ئیلهام له بزووتنه‌وه‌ی خودموختاریخوازانه وه‌رده‌گرن‌و به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی خۆیان له‌کاردا درێژه پێده‌ده‌ن. دوو نوێنه‌ری مه‌هابادی ده‌گوترێ له کۆنگره‌ی گه‌ل [ی ئازه‌ربایجان] له‌١٩ی نوامبردا به‌شدارییان کردبێ که یه‌کێکیان ناوی "داودی"یه. ئه‌وان به‌ڵێنی ئه‌وه‌یان داوه ئه‌گه‌ر پێویست بکات، کوردان پشتگیری دیموکراته‌کان [ی ئازه‌ربایجان] بکه‌ن.

به‌ڵام وه‌ك له په‌ره‌گرافی پێشوودا ئاماژه‌ی پێکرا، رووسه‌کان دوو بزووتنه‌وه‌ی ناوبراویان له‌یه‌کتر جیاواز راگرتوون.

له په‌ره‌گرافی کرانه‌وی په‌رله‌مانی نه‌ته‌وایه‌تی [ئازه‌ربایجان]دا، شوێن بۆ پێنج ئه‌ندامی وه‌فدی کورد پارێزرابوو که "له‌لایه‌ن هه‌موو خه‌ڵکی کوردستان، به‌تایبه‌ت له‌لایه‌ن حیزبی دیموکراتی کوردستان‌و رێبه‌ره‌که‌ی - قازی محه‌مه‌ده‌وه" هاتبوون بۆ ئه‌وه‌ی پیرۆزباییان پێ بڵێن‌و به‌ڵێنی هه‌موو چه‌شنه هاوکارییه‌کی فه‌رهه‌نگی‌و ئابوورییان پێ بده‌ن.

له په‌یامیاندا بۆ حکوومه‌تی میللی، وه‌فده‌که ئاماژه به "گه‌لی کوردستانی خودموختاری ئێران" ده‌کات‌و ده‌ڵێ له‌ماوه‌ی چه‌ند رۆژی داهاتوو(ی دوای ٢٥ی دیسه‌مبر)دا، مه‌جلیسی میللی کوردستان له مه‌هاباد ده‌کرێته‌وه.

بنکه‌ی ژین
www.zheen.org

قازی محه‌مه‌د دوای پێکهاتنی حکوومه‌تی میللی، وه‌ك میوانی پیشه‌وه‌ری سه‌ردانی ته‌ورێزی کردووه. به‌گوێره‌ی قسه‌ی جێگری کۆنسوولی ئه‌مریکا [له ته‌ورێز]، پیشه‌وه‌ری له‌و وتووێژه‌ی وا له په‌ره‌گرافی ٢٣٦یشدا ئاماژه‌ی پێکراوه، گوتوویه‌تی ئه‌و دوای هه‌موو

ئەوانــە، هــانی قــازی محەمــەد نــادات بــۆ ئــەوەی حکوومــەتێکی تــەواو سـەربەخۆی میللـی کـورد پێـك بهێنـێ، لەبـەر ئـەوەی پێـی وانییـە کـورد گەیشتبنە ئەو ڕادەیەی کە حکوومەتی نەتەوایەتی خۆیـان هـەبێت. قـازی محەمــەد کــە ئــەزموونی چــوار ســاڵ ســەربەخۆیی تــەواوی هەیــە- کــە ئازەربایجان هەرگیز ئـەوەی نـەبوە، دوور نییـە تەفـسیری باشـی بـۆ ئـەم قسانە هەبێت.

لەعەینی کاتدا، چاوەڕاو هەیە کە سـەرەك هـۆزانی هـەرکیو شـکاك لـە بەری ڕۆژئاوا، خەریکی جۆرێك خۆڕێکخستن بن. قسە لە هێرشکردنە سـەر شـاری سەردەشـت لەئارادایـەو دەگـوترێ پێـشنیاری فەرمانداریـەتی ئـەو شوێنە بە مەلا مستەفای بارزانی کراوە کە زۆروکەم، سەرەك هۆزانی شـنۆ تا مەهاباد بەو ڕازیکردنەی ئەو خۆشحاڵ بن.

بەڵام زانیاری لە سەرچاوەکانی دیکەوە وادەگەیێنێ کە قازی محەمەدو شێخ عەبدوڵڵاو ڕێبەرانی دیکە پێیان خۆش نەبێ مـەلا مـستەفا دەورێکـی گرنگ لە جووڵانەوەکەدا ببینێ.

ئـەو مەسـەلەیەی کـە کـوردی ئازەربایجـان لـەژێر حـوکمی ئـەو ڕژێمـە نوێیەدا چ ڕادەیەك سەربەستی دەخوازن، بەتـەواوەتی بەسـتراوەتەوە بـە رووسەکانەوە. هیچ هێزێکی ئێرانی لە مەهاباد یاخود بەشەکانی ڕۆژئـاوای شارەکە نییە کە دژایەتی ئەوان بکات.

**FO371/52673/131844**

**١٨ى ئاپرلى ١٩٤٦**

**ئێران**

**لە جەنابی فەرگوهەرەوە بۆمیستەر بێوین**

**(لە١٨ی ئاپرلدا گەیشتۆتە دەست)**

**تاران ٦ی ئاپریلی ١٩٤٦ (ژمارە١٠٣)**

[ئەم بەڵگەنامەیە لە رۆژی ١٨/٤/١٩٤٦دا نووسراوە، بەڵام بەهۆی ئەو راستییەوە کە پێداچوونەوەیەکی رووداوەکانی ساڵی١٩٤٥ی رۆژهەڵاتی کوردستان [ئێران ]ـە، بەباشترم زانی هەر لە کۆتایی بەڵگەنامەکانی ساڵی ١٩٤٥دا بیگونجێنم.

نیاز لە کوردستانی باکوورو باشوور، باکووری هێڵی سەرا واتە بۆکان بەرەو میاندواو مەهاباد تا ماکۆیەو کوردستانی باشووریش لەسەقزەوەیە تا سنەو کرماشان. وەرگێڕ]

جەناب،

دەگەڕێمەوە بۆ نامەی ژمارە ٧٣ی نۆهەمی مارچی١٩٤٥ی سێر ریدر بوللارد و شانازیم هەیە لەگەڵ ئەم نامەیەدا، پێداچوونەوەیەکی روداوەکانی ئێران لە ساڵی ١٩٤٥تان بۆ بنێرم.

١) پێش رۆیشتنەکەی. سیر ریدر بوللارد.

٢) سێر ریدر بوللارد، پێش ئەوەی بڕوات، داوای لێکردم پێتان بڵێم نامەی ژمارە٦٥ی سێهەمی مارچ سەبارەت بە"رووسەکان لە باکووری

ئێران"و نامەی ژمارە ٧٦ی یازدەهەمی مارچ لەسەر سیاسەتی گشتی رووسەکان لەم بەشەی جیهاندا دەتوانرێ وەك سەرەتایەك بۆ ئەم پێداچوونەوەیە سەیر بکرێ.

٣) مـن قـەرزداری کۆلـۆنیلی دەریـایی کاسـتریك، کاپیتـەن هۆلـت فەرماندەی هەوایی رانسیمان، کۆلۆنیـۆل "پیپـووس"، جـەنابی" ن. س. رۆبێرتس"و"جـەنابی گێلاس"م بۆ هاوکاریکردنیـان لـە پێکهێنـانی ئـەم پێداچوونەوەیە.

٤) کۆپییـەکی ئـەم نامەیـە بـۆ بەرێوەبـەرانی کۆنـسولیەتی ئـەعلا حەزرەتی شا [ی ئینگلستان] لە ئێران، نوێنەرایەتی ئەعلا حـەزرەتی شـا لە مۆسکۆو واشەنگتن، حکوومەتی هیند، دەفتەری رۆژهەلاتی ناوەراستو ناوەندی موخابەراتی سیاسی رۆژهەلاتی ناوەراست دەنێرم.

**پێداچونەوەی روداوە سەرەکییەکانی ئێران ١٩٤٥**

[روونکردنەوەی وەرگێر: سەرجەمی ئەم پاشکۆیە، ١٠ لاپەرەی قەوارە گەورەیەو من، تەنیا ئەو بەشانەم تەرجەمە کردووە کە پێوەندییان بـە کـورد یـا کوردسـتانەوە هەبێت]:

پـاراگرافی١٠ (بەشـی چـالاکییەکانی رووس [لـە ئێـران] و پـاراگرافی A.C.F.G. (لە بەشی «کاروباری عەشیرەتی»):

**دەسەلاتداریەتی سۆڤیەت لە ئێران**

١٠) هاوکـــات لەگـــەڵ هانــــدانو پاراســـتنی "دیمـــوکرات"ــــــە ئازەربایجانییـــەکان حکوومـــەتی ســـۆڤیەتی لـــە ئێـــران ناسیۆنالیـــستە

کوردەکانیش بەهەمان شێوە، هەڵدەخلێنێ. ئەم مەسـەلەیە خـوارەوەتر، لە بەشی کاروباری عەشیرەتیدا باسی لێوە کراوە.

بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی ئێستا لەدەستدان، بەهاسـانی دەتـوانرێ گریمانێکی واهـەبێت کـە پلانـی سـۆڤیەت بـۆ بـەکارهێنانی ناسـیۆنالیزمی کوردی بۆ ئامانجەکانی روسیا زیاتر بەهەمان شێوە بەڕێوە دەچێت کە لە پارێزگا باکوورییـەکانی [ی ئێـران]دا، کـەڵك لـە هەسـتی رەگەزپەرسـتیو ئاواتە رەگەزپەرستیەکانی تورك وەردەگرن.

**کاروباری عەشیرەتی**

سـاڵی ١٩٤٥ لەپێوەنـدی کاروبـاری هۆزەکانـدا جیـا لـە کوردسـتان، ساڵێکی هێمن بوو. حکوومەتی ئێستا [ی ئێران]، کە هێشتا دەسـتی لـە خەنەی باکووردا ماوەتەوەو بۆ بەگژداچـوونی پیـاوانی عەشـیرەتەکان کـە هەموویان چەکدارن ئامادەیی نییـە، گـەلێك خۆشـحاڵە، کـە دەسـتیان لـە یەخە کردۆتەوە. دەرەبەگەکانیش بەشبەحاڵی خۆیان خۆشحاڵ بوون، کە بێدەسـت تێـوەردان [ی حکوومـەت]، ژیـانو چـەکەکانیان بەدەسـتەوە ماوەو دارایی غەیرە قانونی خۆیان بە فرۆشتنی چایو شـەکرو قوماشـێك زیـاد کـردووە، کـە دەوڵـەت دابوویـە دەسـتیان بـۆ ئـەوەی لـەنێوان هۆزەکانیاندا دابەشی بکەن.

**C ) کوردستان**

بـۆ ئامانجـەکانی ئـەم راپۆرتـە، واهاسـانترە، ناوچـەکە بکرێ بـە دوو بەشەوە، بۆ نموونە، کوردستانی باکوور و باشوور، ئەویش نەك لەبەر هیچ

www.zheen.org

هۆیـەکی ڕەگەزناسـانە، بـەڵکو بـۆ ئـەوەی بەشـی یەکـەمیان دەکەوێتـە ناوچەی داگیرکراوی هێزی رووسەوە یا لەژێر دەسـەڵاتداریەتی چـەکدارانی دیموکراتدایـەو بـەم هۆیـەوە، موشـکیلەی تایبـەت بـە خـۆی هەیـە. سنوورەکەشیان دەکرێ لە بۆکان لێك بگەڕێتەوە کە ٨٠ مایلێك کەوتۆتـە باشووری گۆلی ورمێوە.

F ) **کوردستانی باکوور**

هەڵسوکـەوتی هۆزەکـان لـەم ناوچـەیەدا، زیـاترین نیگـەرانیی بـۆ حکوومـەتی ئێـران پێـك هێنـاوە. بـۆ ماوەیـەکی دورو درێـژی رابـوردوو، دەسـەڵاتداریەتی سـۆڤیەت بـەرگری دەوڵـەتی ئێرانیـان کـردووە لـەوەی دەسەڵاتی خۆی بەسەر مەڵبەندەکەدا بسەپێنێ. وەك ئاکامێکی ئەم کارە هۆزەکان لەماکۆوە تا بۆکان، یاسایان بەدەست خۆیانەوە گرتـووە، ئـەوە نەبێت کە لایەن مەئموورانی رووسەوە هەندێ بەرگرییان لێ دەکرێت.

روسەکان بۆ ماوەیەك هەوڵی ئەوەیان دا، هانی کوردەکان بـدەن بـچنە نـاو حیزبـی دیمـوکرات [ی ئازەربایجـان]ــەوە بـەڵام ئەسـڵو ئوسـووڵی ریفـۆرمی سـەنعەتو زەویوزار بوونـە هـۆی ئـەوەی لایەنگرییـەکی کـەمی سەرەك هۆزە کوردەکان بەرەو خۆی رابکێشێ.

ئینجا رووسەکان پشتگیری بزووتنەوەی سەربەخۆیی کوردیان کرد، کە بە "کۆمەڵە" ناوی دەرکردووە.

تاقمێك لە سـەرەك هـۆزە کوردەکـان، بـران بـۆ چـاوپێکەوتنی بـاکۆ و لەوێ سەرەك کۆماری جمهووری سـۆڤیەتی ئازەربایجـان تێـی گەیانـدوون

کـە ئەگـەر کـورد پـشتگیری لـە بزووتنـەوەی دیموکراتیانـە لـەپێناوی بـەدیهێنانی ئازەربایجـانی خودموختـار[ی ئێـران] بکـەن، لەبەرانبـەردا، پشتیوانی رووسیان بۆ کوردستانی خودموختار لەگەڵ دەبێت.

لەڕاستیدا کورد دەورێکی کەمی لە بزووتنەوەی [دیموکراتـدا] بینیـوە، داوای ئەوەشیان لـێ دەکرا، دژ بە ئەرتەش یا جەندرمـەو پۆلیـسی ئێـران بجـەنگن، هــەر بۆیــەش، تارادەیــەکی زۆر چــەكو تەقەمــەنییان لەلایــەن رووســەکانەوە پــێدراوە. ئەوەنـدەی زانرابێـت، ئـەوان [کوردەکـان] لـە سوپای گەلی ئازەربایجاندا، ناونووسین نەکراونو لـە کابینـەی حکوومـەتی میللی ئازەربایجانیشدا، شوێنیکیان پێ نـەدراوە، ئـەوەش نیـشانەی ئـەو راستییەیە، رووسەکان، هەردوو بزووتنەوەکە جیا لەیەکتر رادەگرن.

ئالۆزییەکی زیاتر لە ناوچەکەدا، بەهۆی هاتنی مـەلا مـستەفای بارزانییـەوە خولڤاوە کە لەگەڵ ژمارەیـەکی زۆری خەڵکەکـەی، پـەنایان بـردە بـەر ئێـران، ئەویش دوای ئـەوە بـوو کـە لـە دەسـتی حکوومـەتی عیراقـی شـکان. ئینجـا، بارزانییەکان لەلایەن حکوومـەتی رووسـەوە ئیجازەیـان پـێدراوە لـەناو هـۆزە کوردەکانو گوندی دەوروبەری باشووری گۆلی ورمێ نیشتەجێ بن.

بنکەی ژین
www.zheen.org

دەگوترێ، مەلا مستەفا لەگەڵ رێبەری کوردی مەهاباد- قازی محەمـەد هـەزیری(؟)[1] خـەریکی کـارو هەڵـسووڕانو تۆڵەسـەندنەوە لـە عـیراق یـا شـەڕکردن دژ بـە ئێرانـە. تەنانـەت ئەگـەر رووسـەکانیش لـە ئازەربایجـان بکشێنەوە، حکوومـەتی ئێـران بـۆ دامەزراندنـەوەی دەسـەڵاتی خـۆی لـە ناوچەکەدا، تووشی ئەرکێکی دژوار دەبێتەوە.

G) **کوردستانی باشوور** [واتە لەسەقزەوە بەرەو باشوور]:

لـە مـانگی ئاگۆسـت [گەلاوێـژ]دا، "محەمـەد خـانی کـانی سـانانی" هێرشێکی کردە سەر یەکەم بنکـەی سـەر سـنوور لـە مـەریوانو پـاڵی بـە هێزەکانی ئێرانەوە نا بۆ ئەوەی عەمەلیاتێکی تەمێکردن، دژ بەخۆی بەرن بەڕێوە. ئالاّهەڵکردن [ی ئێرانییـەکان]، لـە ناوچـەیەك کـە ئەرتـەش دوای هاتنی هێزی بریتانیاو سۆڤیەت بۆ ئێران، کەمتر سەری لێدابوو، هـەروەها کۆکردنـەوەی چـەك، دوو ئامـانجی لاوەکـی ئـەم شـەڕو هەرایـە بـوون. عەمـەلیات، لـەژێر قومانـدانی جەنـەراڵ "هۆشمەنـدی ئەفـشار"دا بـەبێ سەرکەوتن، یاخود بە دەستکەوتێکی کەمەوە، چەند مانگ درێژەی کێشا، کـە خـۆی فەرماندەیـەکی بـەتواناو ئـازای مەیـدانی شـەڕە، روانگەیـەکی سیاسی نییە، گرێیەکی رۆحیو لەوەش زیاتر، کینەو ڕقی لە کورد هەیە.

ئـەویش وەکـوو هـەموو ئەفـسەرانی پایەبـەرزی رەزاشـا، دوور لـەو تێگەیشتنەن کە عەشیرەتەکان ـ چ کورد بن. چ قەشقایی، وەك هەموو خەڵکی دیکەی ئێران، خاوەنی هەندێ مافی دیاریکراونو هەروەها ئەو تێگەیشتنە کـە سیاسەتی عەمەلیاتی توندتیژ، لەوەناچێ پاڵیان پێوەنێ مل بۆ یاسا دانەوێنن.

جەنەڕاڵ (هـەمایۆنی) خۆزسـتانی کـە روانگەیـەکی ژیرانـەتری لـەخۆی نیـشان داوە، بـوو بـە جێگـری ئـەو لـە عەمەلیاتەکـە، بـەهۆی هـەلاّتنی مەحموود خانی کانی سانانییەوە بـۆ عـیراقو هـەروەها مردنـی مـەحموود خانی دزلی و تەسـلیم بـوونی حەسـەن خـانی رێـژابی بـە عـیراق، گەیشتە ئەنجامی سەرکەوتنێکی کاتی.

بەهۆی هاتنی زستانەوە کە هێزەکانی ئێرانی ناچار دەکرد دەست لە عەمەلیات بکێشنەوەو بگەڕێنەوە شوێنە هەمیشەییەکانیان، ئەوە بەختەوەریی بوو کە کاروبارەکە بەم بارەدا کەوتن، هێزەکانی ئێران توانییان بگەڕێنەوە بنکەکانیان لە مەریوان، بانە، سەردەشت، سەقز و سنە. دەوروبەری ١٥٠٠ تفەنگ لە چەشنی زۆر کۆن لە هۆزە نیشتەجێکان وەکۆکرایەوە.

دەبێ لەبیر نەچێتەوە حەمەڕەشید دوای راونرانی لە بانە (نوامبری ١٩٤٤)، هەڵاتە عیراقو خۆی دا بەدەست دەسەڵاتداریەتی عیراقەوە. وتووێژ لەسەر تەحویلدرانەوەی بە ئێران گەیشتە ئەنجامو حکومەتی عیراق تەنیا بەڵێنی ئەوەی دا، بە دەستبەسەری لە کەرکووک رایبگرێ.

لەنزیك ساڵ [ی تازەدا]، بەهۆی دەستەوەستانی عیراقەوە، حەمەڕەشید، هەڵاتو لەنزیك پێنجوێن، سنووری ئێرانی بڕی.

دەگوترێ ئێستا لە مەهابادەو لەگەڵ سەدری قازیو سەرەك هۆزەکانی دیکەدا، یەکی گرتووە. واهەیە، هەواڵی زیاتری لێ بیسترێ.

[ (١) روونکردنەوەی وەرگێر: ئەم وشەیە لە "خزری" دەچێت. قازی محەمەدی خزری خەڵکی شنۆ بوو و راپۆرتەکە، بە رواڵەت قازی محەمەدی پێشەوای لەجیاتی ئەو داناوە.]

www.zheen.org

## رۆژژمێری تەورێز
## FO371/52740-25338
## ژمارە١ی ساڵی ١٩٤٦
## جانیوەری ١٩٤٦

١٤) هەواڵێکی کەم سەبارەت بە باشبوونی دۆخی دیموکراتیەت لەکوردستانەوە دێت. دەبوایە کۆبوونەوەیەکی کوردان لە سەرەتای مانگدا لە مەهاباد پێك بهاتایە، بەڵام هیچ راپۆرتێك لەم بارەیەوە نەگەیشتووە. قازی محەمەد لە تەورێز بووەو دەزانرێ کە بارودۆخی هەمەلایەنەی بەشی کوردنشینی ئازەربایجان هێشتا لەنێوان ئەو و پیشەوەریدا بڕیاری لەسەر نەدراوە.

راپۆرتێك لە شاری رەزائیەوە- [اورمیە * ، ورمێ]، لە ٢٣ی جانیوەریدا گەیشتووە، رایدەگەیەنێ کە تاقمێ کوردی جەلالی بە ماکۆدا تێپەڕبوون بۆ

---

* ناوی ئورمیە یا ورمێ لای کەم بۆ ماوەی ئەم چەند سەدەیەی دوایی بەسەر شارەکەوە بووە، هەتاکوو سەردەمی حوکماتی رەزاشای پەهلەوی (٤١ ـ ١٩٢٠) کە ئەم ناوە ئاسۆرییە کۆنەش وەك ناوی گەلێك شار و گوندی کوردستانو ئازەربایجان گوڕاو بەناوی رەزاشاوە کرایە رەزائییە. لە سەردەمی دیموکراتە کورد و ئازەرییەکاندا (٤٦- ١٩٤٥) ناوی شار جارێکی دیکە کرایەوە بە (ورمێ)، بەڵام دوای تێکشکانی بزووتنەوەی نەتەوایەتیو هاتنەوەی هێزی ئێران، ناوی رەزائییەی سەرلەنوێ بەسەردا سەپێنرایەوە. دوای شۆڕشی ساڵی١٩٧٩ی گەلانی ئێران هەمیسان ناوی کۆنی (ورمێ) یا (ئورمییە) دراوەتەوە بە شارەکە. وەرگێڕ.

ئەوەی بچن بۆ مەهابادو، وا دەزانرێ بە ئامانجی ئەوەی لە مەجلیسدا بەشدار بن. هەواڵدەرێك گوتی ژمارەیان دەگەیشتە هەزاران کەس.

ئاسۆرییەکی خەڵکی ورمێ راپۆرتیدا، کە ئەو جەلالییانە لەسەر رێگای چوونیان [بۆمەهاباد] لەگوندە موسوڵمانەکانی ناوچەکەدا کۆکراونەتەوە، هەموویان کارتی ئەندامیەتی فیرقەی دیموکراتی (ئازەربایجان)یان فرێ داوەو گوتوویانە پێویستە کارتی حیزبی دیموکرات [ی کوردستان] یان بدرێتێ وەك چۆن لەورمێ، ماکۆ، خۆی، سوڵدووز، مەهابادو میاندواویش هەروابوە. هەموو ئەو شارانە ئێستا لەخاکی کوردستانی خود موختاردان. ئەوان بەهەمان شێوە، بەمەزنی گوندە ئاسۆرییەکانیشیان گوتوە کارتی حیزبی خەڵکەکەی خۆیان بگۆڕن.

کورد، وادەردەکەوێ کە سەرکەوتوانە داوای شاری میاندواو بکاتو، دەگوترێ لەم دواییەدا کاتێ دائیرەی قەندوشەکری حکومەتی ئازەربایجان لۆرییەکی باری قەند لەکارخانەی قەندی دەوڵەتی میاندواو بێنێ، کۆمیتەی خۆجێیی کورد داویەتە دواوەو بەڕواڵەت ئێستا ئالآی کورد لەسەر کارخانەکە دەشەکێتەوە.

چاوڕاوی دواتر ئەوەیە دەستی کورد گەیشتبێتە "ئارەزشەهر"یش کە ٤٠ مایل لە باشووری رۆژئاوای تەورێزو لەسەر رێگای میاندواوە. لەوێ وەرزێران بۆ هێزی سوپایی کورد ئامادە دەکرێنو مانگی ١٠٠ تمەنیان دەدەنێ.

## رۆژژمێری تەورێز
## FO371/52740-25338
## ژمارە ٢ی ساڵی ١٩٤٦
## فیبریوەری ١٩٤٦

**٢٩) کاروباری کوردان**

قـازی محەمـەدی سـەرۆکی کـوردان زۆربـەی ئـەم مانگـە لـە تـەورێز ماوەتەوەو لەگەڵ پیشەوەریدا سەبارەت بە سنووری نێوان هەردوولا [حکوومـەتی کوردسـتانو ئازەربایجـان] قـسەی کـردووە. وەك زانـراوە، نـاوبراو، بـەبێ ئـەوەی بگاتـە ئـەنجامێك. هەرچـۆنێك بێـت، ژمارەیـەك ئەفسەری کـورد هێشتا لـە شـار [ی تـەورێز] دا ماونەتـەوەو بـەردەرگای گراند هوتێلیان گرتووە. هەموویان جلوبەرگی رێكوپێکیان لەبەردایـە کـە رەنگــی خاکییــە[١] وکــڵاوی ســوپایی شــێوە رووســیان لەســەرە کــە نەوارێکی[٢] سووری بەدەورەوەیەو وادەگەیێنێ کـە سـوپای کـورد زیـاتر لـە جەنــەراڵ پێــك هــاتووەو ئــەوەش واهەیــە راســت بێــت. نیــشانی[٣] سەرکڵاوەکەیان بریتییە لە خۆرێك کە تازە هەڵدێتو تیشك بڵاودەکاتەوە. لەخوار رۆژەکەوە نارنجۆکێکە[٤] و چەند گوڵەگەنم لەهەردوولاوە روویان تـێ

---

[١]) Khaki = رەنگی خۆڵەمێش کرێم ـ سەوز

[٢]) band

[٣]) badge

[٤]) grenade

www.zheen.org

کردووه. ئەم میدالیانەو زۆری دیکەی وەك ئەوان، زێوکفتن‌و لەسەر ئاڵای نەتەوایەتی کوردی (رەنگی زەردوسپی‌و سەوز) میناکاری کراون‌و لە دووکانێکی شاری تەورێزیش دەفرۆشرێن. قازی محەمەدیش لەسەر "جیپ"ـەکەی خۆی هەمان ئاڵای هەڵکردووه.

بەدرێژایی مانگ چاوەڕوانییەکی زۆر لەمەڕ رووداوەکانی ئەو ناچانەی‌وا بەدەست کوردەوەن هەبوو، بەڵام هەواڵی توندتیژی کەم بووە. هەرچۆنێك بێت، وادەردەکەوێ کە شاری ورمێ ـ لەژێر کۆنترۆڵی شوێن‌دانەری کورددا بێت‌و، وا وێدەچێ کە کورد لەماوەی ئەم مانگەدا بەشێوەیەکی بەردەوام هاتوونەتە ناوشارو بەبێ ئەوەی لەگەڵ دیموکراتەکان [ی ئازەربایجان] پێکدا بدەن، دەستیان بەسەردا گرتووە، گەرچی روون نییە ئایا دیموکراتەکانی ورمێ بەم دەست بەسەرداگرتنە رازی بن.

دەوروبەری کۆتاییەکانی مانگ بوو کە دەگوترا زێڕۆ ئاغا لەناو شاردایەو خەریکی زیادکردنی ژمارەی پێشمەرگەیە.

مانگی ۱۰۰ تمەن دەداتە سەربازی پیادەو ۱۵۰ تمەنیش بە سوارە. دیموکراتە خۆجێیەکان گازندەی ئەوەیان کردووە کە ناوبراو خەریکی رێکخستنی ئەو کۆنەپەرستانەیە وا ناویان لە لیستەی رەشی ئەواندایە، ئەویش وەڵامی داوەتەوە کە هیچ گوێ ناداتە ئەو شتانەو هەرکەس ببێتە هاورەنگی ئەو، ناوی دەنووسێت.

زێڕۆ ـ کە وادەردەکەوێ بەدرێژایی تەمەنی رقی لە جەندرمە بووبێتەوە، بۆتە قوماندانی هێزی جەندرمەی کوردستان‌و بەگوێرەی

قسەی هەواڵدەرێك، عومەر خانی شكاك (هاودەستی كۆنی سمكۆ)، وەزیری جەنگو رەشیدبەگی هەركیش فەرماندەیەكی گشتیە.

بەدرێژایی مانگ هەواڵی تەنگوچەڵەمەی ناوچەی میاندواومان پێ گەیشتووەو هێشتا روون نییە كێ بەكردەوە كۆنترۆڵی شارەكەی بەدەستەوەیە، بەڵام واهەیە شار بەدەست كوردەوە بێتو دیموكراتەكان [ی ئازەربایجان]یش بەسەر كارخانەی قەنددا زاڵ بن.

دەگوترێ كوردان داوای ئەوە دەكەن كە سنووری باكووریان لە بەری رۆژهەڵاتی گۆلی ورمێ ـ لە نیوەرێی نێوان مەراغەو تەورێز بگەڕێتەوەو مەراغەش بدرێتە ئەوان.

مەترسی هەنگاو هەڵێنانەوەی كوردان بۆ بەڕێوەبردنی كارەكە بە زەبری چەك، بۆتە هۆی ئەوەی كە "حكومەتی گەل" [ی ئازەربایجان] مەراغە بكاتە ناوەندێك بۆ راهێنانی (سوپای گەل). گەرچی "حكومەتی گەل" كەمتر دەتوانێ گەشبین بێت بەوەی كە هێزە رانەهاتووە ناونووسكراوەكە بتوانێ بەرگەی هێرشی كوردان بگرێت.

هەندێ هەنگاو لەبواری پێكهێنانی كۆماری كوردستاندا هەڵێنراوەتەوە. راپۆرتی ئەوە گەیشتووە كە لە سەرەتای مانگدا دوو كورد لە مەهاباد بە تاوانی خەیانەت كوژراونو سێهەم كەس ـ (شافیعی)[٥]، كە بازرگانێكی سەركەوتوو بووە، تەنیا بەهۆی تكاكاریی ژمارەیەك لە خەڵكانی خاوەن نفووزی شارەوە لە مردن رزگار بووە.

---

[٥]) میرزا [پاشان حاجی] سالحی شافیعی.

دەگوترێ قەرەنی ئاغای مامەش– کە بە (امیر العشائر) دەناسرێ، هەروەها عەلی ئاغای دێبوکری (ئەمیر ئەسعەد)[6] و سێ سەرەك هۆزی دیکە، بەتاوانی خەیانەت بەکۆمار، هەڕەشەی کوشتنیان لێ کراوە. عەلی ئاغا لەتارانە. قەرەنی ئاغا– کە سەرەك هۆزێکی خاوەن دەسەلاتەو خەڵکێکی زۆری بەشوێنەوەیە، زۆر گوێی لەو حوکمە نییە وانەیارەکانی بۆیان دەرکردووە.

ئەستەمە رادەی تەنگوچەڵەمەی نێوان کوردو ئازەربایجانی مەزندە بکرێت.

چاووڕاوی زۆر، تووشی سەرلێشێوانمان دەکات. هەندێك دەڵێن کە رێکخراوەی سەرەك هۆزان لە ناوچەی مەهاباد پێوەندی لەگەڵ حکومەتی تاراندا بەستبێ و گوتبێتیان ئامادەن لەبەرانبەر حوکمی خودموختاری بۆ کوردان، رژێمی دیموکرات [ی ئازەربایجان] لەناوببەن. گەرچی کوردان دژ بەو مەسەلەیە وەستاون کە بەرپرسی ئازەربایجانی لەسەر شاری ورمێ دابنرێن و بەرگرییان لە راهێنانی سوپای گەلی ئازەربایجان لە شاری "خۆی" کردووە، بەڵام هێشتا پێکدادانێکیان لەنێواندا نەبوە.

هەڵبەت هەردوولا بە یارمەتی رووسەکان پشت ئەستوورن و تا ئەو شوێنەی کە شەڕێکی ناوخۆییتر لەناو ئەواندا لە ئازەربایجان[7]، بە سوودی رووس نەبێت، ئەو دوولایەنە ناتەقێنەوە.

---

٦) عەلی ئاغای عەلیار.

٧) راپۆرتەکە، تێکگیرانی کوردو ئازەربایجانی لەگەڵ ئێرانیەکانی بە شەڕی ناوخۆ (Givilwar) پێکداهەڵپڕژانی کوردو ئازەربایجانیشی بە Sub- Civil war واتە شەڕی فەرعی ناوخۆیی داناوە.

واهەیە خاڵێکی گرنگتر بۆ ئێرانیەکان ئەوە بێت کە ئایا هێـزی کـوردان بەرەو باشوور دەکشێنو روودەکەنە سەردەشتو سەقزو سـنە. لێرەشـدا، هەمدیسان، چاوڕاوی کۆکردنەوەی هێز بـۆ ئـەم ئامانجـە دەگاتـە گـوێو ئەگەر کوردیش ئەوە بێت کە هەیە، هیچ شتێك لـەوە گونجـاوتر نییـە کـە هەندێ هێرشکاری بۆ سەر ئـەو لایەنانـە بکـەن، بـەڵام ئاشـکرایە خـەباتی راستەقینە بۆ ئەوەی ئەو بەشەی کوردستانیش بێننە ناو کۆمار، دەبێ بە سیاسەتی رووسەوە بەسترابێت کە ئێستا دەسەڵاتی خۆی لە ناوچـەیەکی بەرفراوانتر لە کوردستانو ئازەربایجان پەرەپێ دەدات.

وادەردەکەوێ کە ئۆرگانی رەسمـی کۆمـاری کوردسـتان رۆژنامەیـەکی کـوردی بـەناوی کوردسـتان بێـت کـە یەکـەم ژمـارەی لـە سـەرەتای ئـەم مانگەدا لە تەورێز بینراوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

**FO371/52702 ،PP. 17-20**

**لەکرماشانەوە بۆ تاران**

**ناردن لەئێرانەوە: ٤ی فیبرەوەری ١٩٤٦**

**گەیشتنە لەندەن: ٥ی فیبرەوەری ١٩٤٦**

فەوری

ئاماژە بە تێلەگرافی ژمارە ٢٥ی من بۆ تاران.

دوێنێ لە سنە گەڕامەوە. زانیاریی دەسکەوتووی ئەوێ بریتی بوو لەوانەی خوارەوە:

٢) لە مەهاباد، قازی محەمەد کراوەتە سەرۆکی "کۆماری کوردی" و حاجی بابەشێخی ئیزیۆلۆ[١] بۆتە سەرەك وەزیر، ئالایەکی خۆشیان هەڵداوە. قازی محەمەد بانگ کراوەتە تەورێزو پێی گوتراوە حکومەتێکی ناوچەیی لەژێر چاوەدێری دیموکراتەکان [ی ئازەربایجان] دا پێك بهێنێت. ناوبراو ڕەفزی ئەوەی کردۆتەوە کە بڵێ لەگەڵ رووسەکاندا تێگەیشتنی راستەوخۆی لەمەڕ ئەوە هەبوە کە کوردستان سەربەخۆ بێت نەك ژێردەستەی دیموکراتەکانی تەورێز. دیموکراتەکان لەوەدا دوودڵ بوون، بەڵام لەکۆتاییدا دەبوایە موافەقەت بکەن. ناوچەی کورد لەمیاندواوەوەیە تا سەردەشت.

٣) ئەو راستیەی کە دەسەڵاتداریەتی عیراق ئیجازەی بە حەمەڕەشید [خان] داوە لە عیراق هەڵێت، حکومەتی ئێرانی لە کوردستان بەتەواوەتی تووشی نیگەرانی کردووە.

---

[١] [واهەیە سەیادەت یا زەنبیل بێت]

ناوبرا، یەکەم جار هەوڵیدا بچێت بۆ مەهابادو لەگەڵ قازی محەمەد بکەوێت، بەڵام رووسەکان گومانیان لێی هەبوو و، تەنانەت ئیجازەیان پێ نەدا نوێنەرێکی خۆی بنێرێتە مەهاباد. دوای لێکۆڵینەوە، رووسەکان ئەویان بەبێ فێڵو خەوش زانیو شمشێرێکی شانازیو میداڵیایەکیان خەڵات کردو کرایە قوماندانی هێزەکانی کورد لە مەهاباد.

دەستوپێوەندەکەی بە١٨٠ پیاوی چیایی مەزندە دەکرێن. یەك لە بەگزادەکانی ئەو گەڕاوەتەوە پێنجوێنو لەگەڵ حکوومەتی عیراقدا ئاشت بۆتەوە. ژنی حەمەڕەشید لە دارۆخان لەژێر چاوەدێری عیراقیەکاندایە.

٤) مەلا مستەفای بارزانی ئێستاش رووسەکان بەتەواوەتی بڕوای پێ ناکەن. ناوبراو لەگەڵ براکەی لە مەهاباد دەرکەوتوونو ئێستا لە ناوچەی نەغەدەن.

دەستوپێوەندەکەی لە ژمارەی بچووك بچووك لە گوندەکانی ئەو ناوچەیەدا بڵاوبوونەتەوەو لە هەلومەرجێکی زۆر خراپدا دەژین.

وادەزانرێ کە زوربەیان وا لەژێر حوکمی ئیعدامدا نین، لە بەهاردا هەوڵی گەڕانەوەی عیراق دەدەن.

بنکەی ژین
www.zheen.org

٥) فەرماندارانی سوپایی لە سەقزو بانەو سەردەشت[٢] دانراون ـ ئەو شوێنانەی کە سەرجەم ٢٥٠٠ سوپاییان لێیەو تۆپخانەو تانگیش لە سەقزن. لەنێوان سنەو ئەو شوێنانەدا رێگای پێوەند نییە، ئەویش بەهۆی

---

[٢]) لە دەقی ئینگلیزیدا نووسراوە "براسەشت"و لە پەراوێزدا بەدەستخەت نووسراوە سەردەشت کە دیارە هەر دەبێ سەردەشتیش بێت.

بەفرەوە، بەڵام مەیدانە [ناخوێنرێتەوە] بێسیمەکان بەشێوەی عادەتی ئیشدەکەن، هێزی سوپایی خواردەمەنیو چەکەمەنی ئەوەندەیان هەیە کە بەشی تا کۆتایی مانگی ئاپریل بکات. جەنەڕاڵ هومایوونی پێشنیاری ئەوە دەکات کە هێزی یارمەتیدەر لەماوەی چەند رۆژی دیکەدا بنێررێتە دیواندەرە.

راپۆرتی سەبارەت بە عەمەلیاتی دیموکراتەکان [ی ئازەربایجان] لە باشوورو رۆژهەڵاتی سەقزو لە دیواندەرە (بڕوانە CICI بەغدا لەمەڕ [ناخوێنرێتەوە.............. ژمارە ٢٥] پەرەگرافی ٢٩و ٣٠)، تەواو ناڕاستن.

نە دیموکراتەکانو نە کوردی مەهاباد هێزیان نەناردۆتە باشووری هێڵی سەردەشت ـ بانە ـ سنە ـ تیکاب، دیموکراتەکان[ی ئازەربایجان] لە شاهین دژ زۆر لەنزیکەوە لەلایەن ئەفشاری وەفادار [بە حکوومەت] هەڕەشەیان لێکراوەو ئەگەر هەوا ئیجازەی دەست پێکردنەوەی عەمەلیات بدات، چاوەڕوان دەکرێت کە [شارەکە] بکەوێتە دەست ئەفشارەکانەوە. لە زەنجان پێشتر پێکدادان لەنێوان دیموکراتو زولفەقارییەکان هەبوە کە تێیدا شەش دیموکرات کوژراون، سێ رێبەریان زیندانی کراونو ١٥ تفەنگ و ٢ رەشاشی سووکو ژمارەیەك نارنجەکی دەستیان لێ گیراوە. لە تیکابو بیجاڕەوە یارمەتی ئاراستەی زولفەقاریو ئەفشارەکان کراوە.

٦) چوار ئەفسەری گەنجی ئێرانی لە سنە گیراون و بۆ موحاکەمە نێرراونەتە تاران. ئەوان لەرێگەی بەخشداری سەقزەوە، کە برای وەزیری پۆستو تێلگەرافە لە حکوومەتی دیموکراتەکانی تەورێز، پێوەندیان لەگەڵ دیموکراتەکان

www.zheen.org

هەبوە. بەخشدارو ١٨ کەسی هاوپەیمانی لە سنە گیراون. یەك کەسی تریش کە گومانی ئەوەی لێ دەکرێت جاسووسی رووسەکان بێت لە سنە گیراوە.

ئەو کەسە، رەمزو نەقشەو زانیاری بە وردە ریشاڵی سەبارەت بەشوێنایەتی هێزەکانی ئێران لە کوردستانی لەماڵدا بووە.

٧) جەنەڕاڵ هومایوونی واوێ دەچوو لەباری توانای بەربەرەکانی لەگەڵ بارودۆخی مەوجوودەوە باوەڕی بەخۆی هەبێت، مەگەر هێزی یەکگرتووی قازی موحەممەدو مەلا مستەفاو حەمەڕەشید [خان] بەرەو باشوور بجووڵێنەوە، کە لەوحاڵەتەدا موشکیلەیەکی جیددی دروست دەبێت.

جەنەڕاڵ هومایوونی، بەهۆی بەفری زۆری سەرجادەوە ناتوانێ پێش ٣١ی مارچ هێزی یاریدەدەر لەسنەوە بنێرێتە سەقز و بانە یا سەردەشت، لەکاتێکدا رێگای ئازەربایجان بۆ ئەو شوێنانە ئاواڵەیە.

٨) سەبارەت بەناوچەی هەورامان، محەممەد خانی کانی سانانی بەهۆی چڵك کردنی سیپەلاکەوە لە خەستەخانەیەکی تاران مردووە. کوڕەکەی ـ موحەممەد حەیدەری لە سنەیەو داوای روتبەی سەرهەنگی [کۆلۆنیلی] باوکی لە جەندرمری ئێراندا دەکات. پێی گوتراوە کە لەژێر ئەزموونداو ئەگەر بەشێوەیەکی رەزامەندانە خزمەتی حکوومەتی ئێران بکات، واهەیە پلەی باوکی پێ بدرێت. کانی سانانیەکان ١٥٠ تفەنگیان تەحویل داوەتەوە، بەڵام هێشتا هەر ماویانە.

٩) حەسەن خانی رێژاوی تائێستا نەهاتۆتە سنە، بەڵام موزەففەری کوڕی لێیە. خۆی لە گوندێکی نزیك رێژاوە. لە رێژاو کۆلۆنێلێکی ئێرانی بە

چـەند کەسـێکەوە لێیـە. بەگـشتی، جەنـەڕاڵ هومـایوونی تارادەیـەك لـە بارودۆخی ناوچەی مـەریوان رازی بـوو، گەرچـی ئـەو ئیحتیمالـەش ناداتـە دواوە کە وا هەیە لە بەهاردا لەوێ تەنگوچەڵەمەیەك بخوڵقێت.

بنکەی ژین
www.zheen.org

**FO371/52702**

**جێگری کۆنسوولی گشتی بریتانیا [لە تەوریز]**

**٨ی فیبریوەری ١٩٤٦**

**دووپات کراوە بۆ وەزارەتی دەرەوە**

**٢١ی فیبریوەری ١٩٤٦**

[ئاماژە بە] تێلگرافی ژمارە٢٦ی کرماشان بۆ ئێوە.

نیشانەی وادەرکەوتووە کە پیشەوەری هەموو هیوایەکی خۆی بۆ ئەوەی حکوومەتی خودموختاری کورد بکاتە بندەستی حکوومەتی میللی ئازەربایجان، لەدەست نەداوە، بەڵام ئەو زانیارییانەی وا مانگی رابوردوو لەلایەن مستەر دەیڤیسەوە پێم گەیشتوون، تەئییدی داخوازییەکانی قازی محەمەد بۆ سەربەخۆیی تەواو دەکەن. ئەویش وێچوو نییە داخوازییەکی ئەوتۆ بەبێ پشتگیری رووسەکان بکات.

٢) کورد نەک هەر داوای میاندواو و سەردەشت، بەڵکوو هەموو ئازەربایجانی رۆژئاوا دەکەن، واتە ئوستانی چوارەم کە ورمێ، ماکۆ و "خۆی" دەگرێتەوە. لە ناوچەی "خۆی" کوردی زۆر هەن، بەتایبەت هۆزی قوتوور.

هەواڵی ئەوە گەیشتووە کە پەمبەیی، وا لەم دواییەدا لەلایەن حکوومەتی نەتەوایەتی ئازەربایجانەوە کراوەتە فەرمانداری ورمێ، کوردان فەرمانداریەتی ئەویان داوەتە دواوە بەو حیسابەی کە بە مافی حکوومەتی ئازەربایجانی نازانن مەئموور لەوێ دابمەزرێنێت.

www.zheen.org

لەوحوکمەدا کە رۆژی ٨ی فیبریوەری سەبارەت بە خزمەتی سەربازی دەرچووە، ورمێ لە لیستەی ناوچەکان هەلاوێردراوە، بەڵام "خۆی" و ماکۆی تێدا هەن.

لیژنەی کورد لە میاندواو داوای لە نوێنەری A.I.O.C کردووە باج و ماڵیاتی شەهرداری لەجیاتی ئیدارەی ماڵیە بدەن بە فەرماندەی سوپای کورد.

٣) هەواڵدەرێك لەمیاندواوەوە دەڵێ ئاڵای کورد بریتیە لە سوور و سپی و سەوز وەك ئاڵای ئێران، بەڵام سوورەکەی لەلای سەرەوەیە. واهەیە ئەم کارە بۆیە کرابێت کە دەست نیشانی پێوەندی لەگەڵ ئێران یاخود تەنیا لەبەر هۆی ئابووری بێت.

بنکەی ژین
www.zheen.org

**FO371/52667/131800**
**لەتەوریزەوە بۆ تاران**
**جێگری کۆنسوولی گشتی بریتانیا لە تەوریز**
**٢٣ی فەبریوەری ١٩٤٦**

**راپۆرتی هەلومەرج**

١) دوو سەرچاوەی جیاواز کە پێوەندییان لەگەڵ دیموکراتەکان [ی ئازەربایجان] هەیە، هەواڵیان داوە کە حکوومەتی میللی[ی ئازەربایجان] بەنیازی ئەوەیە مانگرتنێکی گشتی بخاتە ڕێ بۆ ئەوەی بەرانبەر بە خۆکشانەوەی رووسەکان لە دووهەمی مانگی مارچدا ناڕەزایی دەربڕدرێ.

نامەیەکی گازندە بە دەوڵەتی سۆڤیەت دراوەو ئارەزووی خەڵکی ئازەربایجان بۆ مانەوەی ئەرتەشی سووری تێدا راگەیێندراوە.

هەرچۆنێك بێت، وادیارە[ئەندامانی] حکوومەتی میللی [ئازەربایجان] لەسەر ئەو مەسەلەیە، یەکدەنگ نەبن.

٢) **کوردستان:**

هیچ هەواڵێکی متمانەپێکراومان لە ورمێو میاندواوەوە پێ نەگەیشتووە.

قازی محەمەد بۆ ماوەی نزیك بە دە رۆژی رابوردوو، لە تەوریز بووەو وادیارە تائێستا لەسەر مەسەلەی سنووردانانی خاکی کوردو دیموکراتی [ئازەربایجان]، لەگەڵ جەعفەری پیشەوەریدا پێك نەهاتبن.

بنکەی ژین
www.zheen.org

قازی محەمەد "جیپ"ێکی پێ دراوە، کە ئالآی کوردستانی لەسەر دەشەکێتەوەو ژمارەیەك ئەفسەری کوردی لەگەڵە، کە جلوبەرگی عەسکەرییان لەبەردایە.

٣) سەرچاوەیەك هەواڵمان دەداتێ، دەڵێ: کوردەکان بنکەیەکیان بۆ کۆنترۆڵی هاتوچۆ لە ورمێ داناوە، بەلآم هەڵبژاردنی حاکمی شار، بۆ خەڵکی ئازەربایجانیی شارەکە، بەجێدێڵن.

موسافیرێکی دیکە دەڵێ خەڵکی شاری ورمێ هەموو رۆژێ چاوەڕوانی ئەوە دەکەن کوردو دیموکراتەکان بەیەکدا هەڵپڕژێن.

هەموو گوندەکانی دەوروبەری ورمێ وادیارە لەژێر کۆنترۆڵی کوردەکاندا بن. عومەر خانی شکاك لە حکوومەتی کوردیدا، کراوە بە وەزیری بەرگری و رەشید بەگی هەرکی وەك سەرفەرماندە و زێرۆ ئاغا [بەگ] وەك فەرماندەی جەندرمە ناوبراوە.

دەگوترێ، هەندێ جەندرمە، کە پێشتر لە خزمەتی ئێراندا بوون، خراونەتە ژێر فەرمانی زێرۆوەو مانگی ١٢٠ تمەنیان پێ دەدرێ. پاسەوانە کوردەکانی ورمێ، قۆڵبەندیان لە قۆڵدایە، کە لێی نووسراوە "جمهووری کوردستان".

دەڵێن حکوومەتی کورد، عەلی ئاغای ئێلخانی زادەی ئەمیر ئەسعەد [عەلیار] و سێ سەرەك هۆزی دیکەی بە کوشتنی قەرەنی ئاغا تاوانبار کردووە. ئەمیر ئەسعەد لە تارانە.

"مەحموودیان"ی ناسراو ـ کوردێکی مەهابادی، کە هەمیشە وەك جاسووسی رووس چاوی لێ کراوە، ئێستا دەگوترێ لەلایەن دادگایەکی عەسکەریی کوردەوە، محاکەمەو ئیعدام کراوە.

### ٤) ئەرتەشی گەل

خزمەتی ئیجباریی سەربازی، بۆتە هۆی ئاژاوەنانەوەیەکی زۆر لە تەورێز. تەنیا ژمارەیەکی کەم لەوانەی بانگ کراون، ئامادەیی خۆیان پیشان داوەو "فیدایی"یەکان، گەنجی سەرشەقامەکان، راگەیاندنێکیان بڵاوکردۆتەوە، کە ئەوانەی بانگ کراون و تا ٢٦ ی فەبریوەری بەدەنگەوە نەچوون، لێیان دەپرسرێتەوەو وەك هەڵاتوو، تەمێیانەیان بۆ دادەنرێ. زۆربەی ئەوانەی بە سەربازی گیراون نێردراونەتە مەراغە و، گومانی تیدا نییە دەیانەوێ پادگانێگ دژ بە چوونەپێشی ئیحتمالیی کوردەکان دروست بکەن. کورد دەڵێن هێڵی سنووریان دەبێ لە باکووری مەراغەوە بکێشرێو شارەکە هەروەها میاندواو، بدرێ بە کۆماری کورد. دوو لۆری کەلوپەلی سەربازانی ئەرتەشی گەلی [ئازەربایجان] کە ئەندامی پادگانی ئێران بوونو لەم دواییانەدا لێرەوە نێردراونەتە ساین قەلا، دەگوترێ لەگەڵ هێزە ئێرانییەکانی باشووردا یەکیان گرتۆتەوە.

### ٥) کاروباری رووسەکان

چاوەڕاو سەبارەت بە ئیحتمالی کشانەوەی ئەرتەشی سوور، زیاتر دەبێت. راپۆرتی تارادەیەك باوەڕپێکراومان پێدەگات کە بەرپرسانی ئەرتەشی سۆڤیەت، بە هەندێ خاوەن مڵکیان راگەیاندووە کە ئامادەی وەرگرتنەوەی مڵکەکانیان بن و بەشێك لە [بینا زەوتکراوەکانیان] چاك کردۆتەوە.

دەگوترێ، رووسەکان ئامادە نەبوون هێڵی ئاسن بدەنە دەست دیموکراتەکان، ئەویش بەوناوەی کە چۆن لە دەست حکوومەتی ئێرانیان

وەرگرتووە، پێویستە بخرێتە بەردەمی مۆسکۆ، تا ئەوان بڕیار بدەن بدرێت بە دیموکراتەکان، یان نا.

٦) حکوومەتی میللی ئازەربایجان، یاسای دابەشکردنی زەوی‌وزاری بەسەر وەرزێراندا، چاپو بڵاوکردۆتەوە.

زەوییەکان بریتین لە زەوی دەوڵەتی‌و هی ئەو خاوەن ملکانەی وا لە ئازەربایجان هەڵاتوونو وا دەزانرێ بەنیسبەت رژێمی ئێستای ئێرەوە، درێژە بە دوژمنایەتی دەدەن.

بنکەی ژین
www.zheen.org

**FO371/52702**

**لە [باڵوێزخانەی بریتانیا لە] مۆسکۆوە**

**بۆ وەزارەتی دەرەوە[ی بریتانیا]**

**٢ی مارچی ١٩٤٦**

ئەمڕۆ، نوێنەرێکی ئەمریکی کە زانیاریی باشی هەیە، لێرە پێی گوتم، کە لە سەرچاوەیەکی تەواو دڵنیای بیستووە کاربەدەستانی سۆڤیەتی لەم دواییانەدا چوونەتە لای ڕێبەرانی کوردو ئەو بەڵێنەیان پێ داون کە حکوومەتی سۆڤیەتی پشتگیری لە دامەزرانی کۆمارێکی خودموختاری کورد لەسەر بنەمایەکی هاوچەشنی ئازەربایجانی خودموختاری تازە دامەزراو دەکات. ئەوەش، کوردی تورکیاو عیراق، هەروەها ئێران دەگرێتەوە.

تکایە وەزارەتی دەرەوە ئەم تێلگەرافەش وەك تێلگەرافی ژمارە ٦، ١٧، ٦٣ی من، بنێرێت بۆ [باڵوێزخانەی بریتانیا لە] بەغدا، ئانقەرەو تاران.

بنکەی ژین
www.zheen.org

**١١ی مارچی ١٩٤٦**
**دووپاتكراو، بۆ وەزارەتی دەرەوە**
**ژمارە ٦،**
**تاران**

دۆستێكی سنەیی كە هەمیشە هەواڵی راستی هەیە، بەلێبڕاوییەوە ئەو راپۆرتەی سەلماند كە لە پاراگرافی ١٤ی رۆژژمێری جانیوەری ئێوەدا هاتووەو گوتراوە كە میاندواو لەدەست كوردی مەهاباددایە.

٢) ئەو و هەروەها ئەفسەرێكی قوماندانی ئەرتەش لێرە، پێیان گوتم كە عومەر بەگی شكاك، "ورمێ"ی گرتووەو هەموو نوێنەرایەتی دیموكراتەكانی تەورێزی لە شارو ناوچە دەركردووە. هەرچۆنێك بێت، ئەمان دەڵێن سەرەڕای ئەو راستییەی كە عومەر بۆ لێكحاڵی بوون، لەم دواییەدا سەری مەهابادی داوە، پێوەندی لەگەڵ قازی محەمەد لە مەهاباددا باش نییە.

بنكەی ژین
www.zheen.org

**FO371/52668/131804**

## بڵاوکراوەی کابینە

## لەتارانەوە بۆ وەزارەتی دەرەوە [بریتانیا]

## ١٦ی مارچی ١٩٤٦

هەواڵدەرێکی جێگەی متمانە، کە تازە لەمیاندواوەوە گەڕاوەتەوە، پێم دەڵێ کە دەسەڵاتداریەتی دیموکرات [ی ئازەربایجان] ئێستاش دیعایەی ئەوە دەکەن کە لەوێ ئیشوکاریان بەدەستە.

هەفتەی رابردوو خەڵکی شار دژ بەوان خۆپیشاندانیان کردووەو داوای حوکمی کوردیان کردووە.

قازی محەمەد سەردانی شوێنەکەی کردووەو بە پینەوپەڕۆ چەشنە ئاشتیەکی دامەزراندووە.

٢) لام وانییە دیموکراتەکان [ی ئازەربایجان] بەتەواوەتی دەستیان لە شاری ورمێش بەردابێت.

هەردوولا داوای شارەکە دەکەنو هەردوولاشیان لەوێ کاربەدەستیان هەیە، ئەوە رووسەکانن کە بەرگری لە پێکدادانی دوولایەنەکە دەکەنو دیارە خۆشیان لەوێ، وەك هەموو شوێنێکی دیکە [ی ناوچەکە] ، دەسەڵاتداری سەرەکین.

٣) تاران، تکایە تێلگرافی ژمارە ٢٤ جارێکی تر بنێرنەوە بۆ وەزارەتی کاروباری دەرەوە [ی بریتانیا].*

---

* [راپۆرتەکە لە بنەڕەتدا، کۆنسوولیەتی تەورێز ناردوویە بۆ باڵوێزخانەی بریتانیا لە تاران - وەرگێڕ] .

www.zheen.org

**رۆژژمێری تەورێز**
**FO371/52740-25338**
**ژمارە٣ی ساڵی ١٩٤٦**
**مانگی مارچی ١٩٤٦**

**٤٢) کاروباری کوردان**

قازی محەمەدی مەهابادی مانگی رابردوو سەرلەنوێ هاتۆتە تەورێز، بەڵام وادەرناکەوێ کە پێشکەوتنێك لە کاری چارەسەری مەسەلەی داواکاریی خاك لەلایەن کۆماری کوردستانو ئازەربایجانی خودموختارەوە هاتبێتەدی.

لە دەوروبەری ناوەڕاستی مانگدا، راپۆرتی تارادەیەك بەمتمانەمان پێگەیشت کە دیموکراتەکانی ئازەربایجان هێشتا کۆنترۆڵی شاری ورمێیان بەدەستەوەیە، بەڵام وادیارە لە گوندەکانی دەوروبەری شارو لەو شوێنانەی وا زێڕۆ بەگیان لێیە، فەرمان دەرچووبێت کە راگەیاندنو بانگەوازەکانی دیموکراتەکان [ی ئازەربایجان] یان لە دیوار کردبێتەوە.

ئێستا وادەردەکەوێ کە رەتکرانەوەی فەرمانداری ورمێ ــ کە لەتەورێزەوە دایاننابوو، شتێکی پڕ واتاترە لەوەی کە بەرچاو دەکەوت.

بە ماوەیەکی کەم دوای داخرانی سەربازخانەی ورمێ لە مانگی دیسەمبری رابردوودا، کەسێك بەناوی"پەمبەیی[١]" کرایە فەرمانداری

[١]) Pambei

ورمێ. سەرەتا وادەزانرا کە ئەوە کورد بن کە ئەویان پەسەند نەکردبێ، بەڵام ئێستا دەردەکەوێ کە ئەم کارە لەناو هەندێ لە ئەندامانی کۆمیتەی دیموکراتی ورمێ بووبێتە هۆی ئاژاوەو لەژوور هەموانەوە سەعیدی ناوێك کە خۆی بەتەمای فەرمانداری بووە. سەعیدی لەبەردەمی ئەنجومەنی نەتەوایەتیدا هەندێ تاوانی داوەتە پاڵ پەمبەیی و، لەئەنجامدا پەمبەیی تا کاتی لێکۆڵینەوەی ئەو تاوانانەی وا دراوەتە پاڵی، لەسەر ئیش وەلانراوەو لەجیاتی ئەو، کەسێك بەناوی شاهین کراوەتە فەرماندار.

وەزیری دارایی دەسەڵاتداریەتی دیموکراتی لە ورمێ ئاگادار کردۆتەوە کە دەبێ لەرێگەی باج وەرگرتنی ناوخۆی خۆیانەوە مەسرەفەکانیان دابین بکەنو تەورێز هیچیان بۆ مەسرەفی شارەکان ناداتێ.

بەدرێژایی مانگ چاوڕاوی ئەوە هەبوو کە هێزی کۆماری کورد بەرەو باشوور و لای سەردەشت، بانەو سەقز هاتوون. لێرەوە ناتوانرێ بگوترێ چی لەوێ رادەبرێ، بەڵام سەرچاوەکانی تر، تەئییدی جووڵانەوە بەرەو سەردەشتیان کردووە.

دوایین چاوڕاو لە تەورێز ئەوەیە کە کوردان وەستێنراونو سوپای ئێرانی توانیویەتی یارمەتیو هێزی نوێ بنێرێتە سەربازخانەی سەردەشت. نەگوتراوە کە هێزی چەکداری رووس ـ کە دەزانرێ لەنزیك میاندواون، بەشداریی شەڕو هەراکەیان کردبێت، بەڵام قازی محەمەد بێگومان دەبێ بە بوونی ئەوان، ئاسایشێکی زۆری بۆ دابین بووبێت. هەندێ راپۆرتی بێبناغە گوتوویانە تانکی رووسەکان بەرێگەی "خانێ"ی

سەر سنووری عیراقەوە بوون، بەڵام ئەم هەوڵانە پێویست بەوە دەکەن کە لێیــان بکۆڵرێتــەوە. لەلایــەکی دیکــەوە مــەلا مــستەفاش دەکــرێ بڵــێین بەدڵنیاییەکی زۆرەوە بەشداریی ئەم کارەی کردووە.

دەگوترێ دەسەڵاتداریەتی کۆمارخوازی کورد لە نەغەدە بنکەیەکی باج وەرگرتنیــان دانابێــت بــۆ ئــەوەی چــاوەدێری ئــەو کەلوپەلــە بکــەن وا لەعیراقەوە دێن.

بنکەی ژین
www.zheen.org

**FO371/52702**

**لەکرماشانەوە بۆ تاران**

**٣ی ئاپریلی ١٩٤٦**

ئامـاژەم بـە تێلگـەرافی ژمـارە ١٠٩ی ٢٥ی مارچـی تـەوریز بـۆ تـاران، پەرەگرافی ژمارە٢

٢) من لەو ئەفسەرەی وا فەرمانـدەی هێزەکـانی ئێرانـە لـە کوردسـتان گوێبیس بووم کە رۆژی ٢٨ی مارچ هێزی دیمـوکرات [ی ئازەربایجـان]لـە شــاهین دژ [= ســاین قــەڵا] ، هێرشــێکی شــەوانەیان کردۆتــە ســەر ئەفشارییەکانی لایەنگر [ی حکوومەتی ئێران] لە ماین بلاغ، ئەو شـوێنەی واکەوتۆتە ١٥ مایلی باکووری تیکاب، بـەڵام بەهاسـانی پاشەکشەیان پـێ کراوەو کوژراویان لـێ بەجێماوە کە زۆربەیان ئەرمەنیو ئاسۆری بوون.

٣) لە ناوچەی زەنجان، سەیدئابادی شوێنی زولفەقارییەکان، هـەروەها ئەنگووران و یەنیکەند هێـزی دیمـوکرات دوای گەیـشتنی هێـزی یارمـەتی لەزەنجانەوە گیراون. ئێستا زولفەقارییەکان لـە حەسـەنئابـادی بـاکووری بیجار سەنگەریان گرتووە.

٤) ئەفشاو زولفەقاری بەئاشکرا لەلایـەن فەرمانـدەی هێـزی ئێـران لـە بیجارِ، واتە سەرهەنگ بایەندورەوە یارمەتی دەدرێن.

ئەو ئەفسەرە، پێشتر فەرماندەی هێزی کرماشان بوو.

بنکەی ژین
www.zheen.org

## FO371/52702
## له كرماشانه‌وه بۆ تاران
## نێرراو له ٣ی ئاپریلی ١٩٤٦
## گه‌یشتوو له ٤ی ئاپریلی ١٩٤٦

[ئاماژه‌م به] تێلگه‌رافی ژماره ٤٢ی خۆم بۆ تاران.

ئه‌مڕۆ به‌یانی سه‌رتیپ هومایوونی له‌سنه‌وه به‌رێگه‌ی هه‌وابیدا هاته كرماشان‌و دوای وتووێژێكی دوورودرێژ له‌گه‌ڵ من، پاشنیوه‌ڕۆ گه‌ڕایه‌وه بۆ سنه.

ناوبراو گوتی له رۆژی ٢ی مارچ به‌دواوه سه‌رده‌شت له‌لایه‌ن كوردانه‌وه ئابڵۆقه دراوه‌و تائێستاش درێژه‌ی هه‌یه. ناوچه گوندنشینه‌كانی ده‌وروبه‌ر هه‌مووی به‌ده‌ست كورده‌وه‌یه‌و، ئه‌و پێی وانییه بتوانن بۆ هه‌میشه رایبگرن. رێگه‌ی سنه بۆ سه‌قز له‌به‌فر پاك كراوه‌ته‌و واهه‌یه سبه‌ینێ بۆ هاتوچۆی لۆری سوپایی بكرێته‌وه.

ئینجا ناوبراو هێزی یاریده‌ده‌رو پێداویستی ده‌نێرێته سه‌قزو له‌وێ ستوونێك دروست ده‌كه‌ن بۆ رۆیشتن به‌ره‌و بانه‌و سه‌رده‌شت.

www.zheen.org

گه‌رچی ئه‌م عه‌مه‌لیاته له ناوچه‌ی شاخاوی دارستانی به‌ڕێوه ده‌برێت، كه به‌ده‌ست عه‌شیره‌ته‌كانه‌وه‌یه وا به ره‌شاشی سووك‌و قورس، نارنجه‌ك‌و تفه‌نگ چه‌كدارن‌و هه‌مووشی هه‌ر رووسه‌كان پێیان داون‌و، له‌به‌ر ئه‌و هۆیه‌ش كارێكی مه‌ترسیداره.

ئەگەر سەردەشت بکەوێتە دەستی کورد، مەترسییەکی گەورە هەیە بۆ ئەوەی کوردستانی عیراق تووشی تەنگوچەڵەمە بێن [لەبەر ئەوەی] کۆماری کورد پێوەندێکی نزیکی لەگەڵیان هەیە.

بە بۆچوونی ئەو، لە بەرژەوەندی حکوومەتی عیراقدایە کە سەربازخانەیەکی بەهێز لە قەڵادزێ، رووبەڕووی سەردەشتو هەروەها لە شلێر، رووبەڕووی بانە دابنێتو فەرماندەی هەردوو شوێنەکە فەرمانیان پێ بدرێت کە لە پێوەندێکی نزیکو زانیاری گۆڕینەوەدا بن لەگەڵ دەسەڵاتداریەتی سوپای ئێران لە سەردەشتو بانە. بەگوێرەی ناوبراو، حکوومەتی عیراق گەلێك باش دەبێت ئەگەر داوا لە حەمەڕەشید بکات بگەڕێتەوە بۆ عیراق و لە دارۆخان نیشتەجێ بێتو بەڵێنی ئاسایشی پێبدرێت.

هەروەها، ئەگەر گونجاو بێت، پێشنیارێکی ئەوتۆ بە مەلا مستەفای بارزانیش بکرێت کە ئەگەر بێتو حوکمی ئیعدامەکەی ئێستای هەڵبوەشێتەوە، وا هەیە بکەوێتە بیری گەڕانەوە [بۆ عیراق]. هەردوو ئەوکەسانە، گەرچی وەك لە دەرەوە دەڕوانی، لایەنگریی قازی محەمەدی مەهابادی دەکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەشێوەیەکی بێگەڕانەوە خۆیان نەخستۆتە دوژمنایەتی هەمیشەیی لەگەڵ حکوومەتی ئێرانەوە.

www.zheen.org

**FO371/52673/131844**
**چوارەمی ئاپریلی ١٩٤٦**

وەرگێڕاوی ئەو یاداشتانەی لەنێوان سەرەك وەزیری ئێرانو بالۆێزی رووس لە تاران، سەبارەت بە چۆڵکردنی خاکی ئێران ئاڵوگۆڕ کراوە.

جەنابی سەرەك وەزیر،

بەشانازییەوە بە جەنابتان رادەگەیێنم بەگوێرەی فەرمانێك کە پێم گەیشتووە، ئەفسەری فەرماندەی هێزەکانی سۆڤیەت لە ئێران هەمو هەنگاوێکی سەرەکی پێویستی بۆ زامنکردنی دوا قۆناغی چۆڵکردنی خاکی ئێران لەلایەن تاقمەکانی سوپای سوورەوە لەماوەی مانگو نیوێك دوای ٢٤ی مارچی ١٩٤٦ هەڵناوەتەوە.

بە هەلی دەزانم رێزی خۆمتان پێڕابگەیێنم

**ئیمزا**

**ئیڤان سادچیکۆف**

بنکەی ژین
www.zheen.org

**FO371/52673/131844**
**چوارەمی ئاپریلی ١٩٤٦**

جەنابی باڵوێز،

شانازیم هەیە جەنابتان ئاگادار بکەمەوە ناوەڕۆکی ئەو یادداشتەی جەنابت خوێندرایەوە کە بەگوێرەی فەرمانێك واپێتان گەیشتووە ئەفسەری فەرماندەی هێزەکانی سۆڤیەت لە ئێران هەموو هەنگاوێکی سەرەکی پێویستی بۆ زامنکردنی دوا قۆناغی چۆڵکردنی خاکی ئێران لەلایەن تاقمەکانی سوپای سوورەوە، لە مانگو نیوێك دوای ٢٤ی مارچی ١٩٤٦ هەڵێناوەتەوە.

بە هەلی دەزانم ڕێزی خۆمتان پێ ڕابگەیێنم

**ئیمزا**
**قوام السلطنه**

وەرگێڕاوی یادداشتێك کە باڵوێزی ڕووس لە تاران لە چوارەمی مانگی ئاپریلی ١٩٤٦دا بۆ سەرەك وەزیری ئێرانی ناردبوو.

[دەقەکە، لە ڕۆژنامەی "ئێران" ـ حەوتەمی مانگی ئاپریل وەرگێڕاوە]

شانازیم هەیە، گەیشتنی یادداشتی چوارەمی ئاپڕیلی جەنابتان ڕاگەیێنمو، بڵێم بەگوێرەی ئەو زامنانەی جەنابتان بەناوی حکوومەتی پادشاهی ئێرانەوە داوتانە، حکوومەتی ڕووس موافەقەی خۆی بۆ پێکهاتنی کۆمپانیایەکی

هاوبەشی ئێرانی- رووسی بە ئامانجی دۆزینەوەو دەرهێنانی مەڵبەندە خاوەن نەوتەکانی باکووری ئێران، بەو مەرجانەی خوارەوە راگەیێنێ:

لەماوەی ٢٥ ساڵی یەکەمی چالاکیدا ٥١٪ی هی رووسیا بێت. لە ٢٥ ساڵی دووهەمدا ٥٠٪ی بەش، هی ئێرانو ٥٠٪ ی هی رووس دەبێت.

سوودی دەستکەوتووی کۆمپانیا، دەبێ بەگوێرەی ژمارەی بەشی هەردوولا، دابەش بکرێ.

سنووری ئەو ناوچە سەرەکییانەی واپێویستە [نەوتیان] تێدا بدۆزرێتەوە، دەبێ هەر ئەوانە بێ کە لەو نەخشەیەدا دەبینرا، کە جەنابتان لەماوەی وتووێژی رۆژی ٢٤ی مارچدا پێتان دام ـ جگە لەو بەشەی ئازەربایجانی رۆژئاوا بەرەو رۆژئاوای هێڵێک کە لە نوقتەی سنووری رووس ـ تورك ـ ئێرانەوە دەست پێدەکاتو بە لێواری رۆژهەڵاتی گۆلی ورمێدا دەکشێ تا دەگاتە شاری میاندواو، وەك چۆن لە رۆژی ٢٤ی ئاپریلی ١٩٤٦دا، دەست نیشان کراوە.

لەهەمان کاتدا، حکومەتی ئێران بەڵێن دەدات هیچ ئیمتیازێك لە ناوچەکە بەرەو رۆژئاوای ئەو هێڵە، بە هیچ کۆمپانیایەکی لاوەکی یائێرانی نەدات کە بەشداریی بێگانەی تێدا بێت یا سەرمایەی بێگانە بەکاربهێنن.

سەرمایەی ئێران [لە کۆمپانیادا]، پێویستە بریتی بێت لەو مەڵبەندە خاوەن ـ نەوتانەی وا لە بەشی ٣ دا ئاماژەیان پێکراوەو دوای تەواوبوونی چالاکییە تەکنیکییەکانیش دەبێ بریتی بێت لەو چاڵە نەوتانەی وا بەرهەمیان لەلایەن کۆمپانیاوە دێتە دەرهێنان. سەرمایەی رووس، دەبێ بریتی بێت لە مەسرەفو کەرەسەو مەکینەو پارەی پسپۆڕ و ئەو کرێکارانەی وا بۆ هەڵگوێزرانو پاڵاوتنی نەوت، پێویستە.

کۆمپانیاکە، بۆ ماوەی دەورەیەکی ٥٠ ساڵە خەریکی ئیشوکار دەبێت.

لە کۆتایی دەورەی ناوبراودا، حکوومەتی ئێران دەبێ مافی هەبێ ئەو بەشەی وا بەدەست رووسەوەیە، بکڕێت یا ماوەی چالاکییەکانی کۆمپانیا، درێژکاتەوە.

٧) پارێزرانی ناوچەگەلێك کە دەبێ نەوتیان تیدا بدۆزرێتەوە، هەروەها پاراستنی هەموو کەرەسەو کەلوپەلی کۆمپانیا، پێویستە بەتەواوەتی لەژێر بەرپرسیی هێزی ئاسایشی ئێراندا بێت.

پەیماننامەی دامەزراندنی ئەو کۆمپانیا هاوبەشە ئێرانی ـ رووسییەی لەسەرەوە ناوبرا، پێویستە هاوکات لەگەڵ دەقی ئەم یادداشتانەدا ئیمزا بکرێ.

[پەیماننامەکە]، پێویستە دوای هەڵبژاردنو کاتێك کە مەجلیسی شۆرای ئێران دەستی بەکار کرد، تەسلیمی مەجلیس بکرێو ئەم کارە، لە هیچ حاڵەتێکدا، درەنگتر لە ٧ مانگ دوای ٢٤ی مارچی ١٩٤٦ نەبێت.

ئەم هەلە بۆ رێزگرتنتان دەقۆزمەوە

**ئیمزا**

**ئیڤان سادچیکۆف**

بنکەی ژین
www.zheen.org

**FO371/52702**

**١١ى ئاپريلى ١٩٤٦**

**بۆ J.I.C لە J.I.C لەندەنەوە**

ئاماژە بە J.I.C/٩٩٨٠١ رۆژی ٢٩ی مارچ، ئێمە دەمانەوێ وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە لەپێوەند لەگەڵ چالاکییەکانی کورد لە ئێرانمان دەست بکەوێت. وا هەیە ئێوە لەپێوەندی دووهەم نامە کە لە تێلگەرافەکەتاندا ئاماژەی پێ کرابوو، زانیاریتان هەبێت.

ئەگەر نیتانە، تکایە هەرچی خێراتر بۆمان وەچنگ بخەن.

پرسیارەکان بەم شێوەیەن:

ئـ) بارودۆخ لە باشووری هێڵی سەردەشت ـ سنە ـ بیجاڕ چۆنە، بەتایبەت لە ناوچەی مەریوان ؟

ب) لە ئوستانی ئەردەڵان، هێڵی کۆتایی دەسەڵاتی حکوومەتی ئێران لەلای باکوور کامەیە ؟ ئایا هیچ دەیانەوێ پەرەی پێبدەن ؟ ئایا ئەو پێشنیارەی لەمەڕ ئازەربایجان کە حکوومەت لە تاران رایگەیاند، ناوچەی کوردیش دەگرێتە بەر ؟

پ) هۆزە کوردەکان: ئایا لەنێوان [لایەنگرایی] دیموکراتەکانی مەهاباد یا حکوومەتی ئێران یا خود بێلایەن مانەوە لە هەردوولا، چۆن دابەش بوون ؟

ت) ئایا هیچ نیشانەیەك لە گەڕانەوەی بەرەبەرەی لایەنگرانی مەلا مستەفا بۆ عیراق بەدەستەوەیە ؟ مەلا مستەفا خۆی لەکوێیەو، پێوەندی لەگەڵ قازی مەهاباد چۆنە ؟

ج) قازی محەمەد تا چ رادەیەك بایەخ بە کاروباری کوردان لە دەرەوەی ئێران دەدات ؟

**مستەر م. ی. واتسون**

**سکرتێری J.I.C**

www.zheen.org

## FO371/52702
## لەكرماشانەوە بۆ تاران
## ١٦ی ئاپریلی ١٩٤٦

ئاماژە بە پەرەگرافی ژمارە٦ لە تێلگەرافی ژمارە ٤٩ی خۆم دەكەم بۆ تاران (كە بۆ وەزارەتی دەرەوەو [كۆنسوولیەتی] تەورێز نەنێرراوە).

٢) من لە رۆژی ١٢تا١٤ی ئاپریل سەردانی سنەم كرد.

سەرتیپ هومایوونی لە سەقز بوو و، منیش بەهۆی بارودۆخی رێگاوە نەمدەتوانی بچمە ئەوێ.

گەرچی رێگایان لە بەفر پاك كردۆتەوە، بەڵام لە بەشی دوای دیواندەرە بەهۆی قورو چڵپاوی دوای بارانی زۆرەوە هاتوچۆ نییەو زیاد لە٤٠ لۆری سوپایی ئێران لە هەرگ چەقیون‌و دەرنایەن.

٣) وتووێژێكی دوورودرێژم لەگەڵ جەنەڕاڵ جەهانبانی كرد، كە لە سنە بوو. ناوبراو گوتی ئابڵووقەی سەربازخانەی سەردەشت لەڕاستیدا هەڵنەگیراوە، بەڵام كوردان هەرچەشنە هێرشێكیان بۆ سەر سەربازخانە ئێرانیەكە وەستاندووە، گەرچی تائێستاش ناوچەكانی دەوروبەریان بەهێزێكی زۆرەوە لەدەست خۆیاندا راگرتووە. تاران لەڕاستیدا حوكمی چۆڵكردنی سەردەشتی دەركردووە، بەڵام ئەو، بەهۆی سروشتی مەترسیداری عەمەلیاتەكەوە، دژایەتی مەسەلەكەی كردووەو لەجیاتی ئەوە پێشنیاری ناردنی سەرتیپ هومایوونی‌و ستونێكی پێكهاتوو لە زوربەی تیپی سنەی كردووە بۆ لای بانەو سەردەشت، بۆ ئەوەی خۆنیشان بدەن.

هومایوونی، ئەگەر بکرێت، وتووێژ [ناخوێنرێتەوە] دەکاتو لای وایە ئەنجامی باش لەم کارە وەردەگیرێت.

٤) هێزەکانی کۆماری کورد لەولای بانەو سنەوەش، هەروەها بەکردەوە دژ بە ئێرانییەکان هیچ عەمەلیاتێك ناکەن، گەرچی لە شوێنی خۆیان جێگیر ماون. حەمەڕەشیدو پیاوەکانی کە ئێستاش لەگەڵ دێبوکریو فەیزوڵلا بەگییەکان لە سەرایە، دەگوترێ لەژێر فەرمانی ئەفسەرێکی رووسیدایە کە جلوبەرگی کوردی لەبەرکردووەو ناوی خۆی ناوە کاکاغا. حەمەڕەشید پێشنیاری کردبوو ئەگەر ئێرانییەکان شاری بانەی لەگەڵ مانگانەیەکی ١٧١ هەزار ریاڵی بدەنێ، بێتە لای ئەوان.

بەڵام ئەم مەرجانە بۆ وەرگرتن نەدەبوون، لەبەر ئەوەی دەست بەسەرداگرتنی بانە لەلایەن حەمەڕەشیدەوە لەم کاتەدا مەترسییەکی جیددی پێك دێنێ، ئەگەر وەفادارییەکەی [ناخوێنرێتەوە] جێگەی متمانە نەبێت.

٥) جەنەراڵ جەهانبانی زۆر جەختی لەسەر ئەوە دەکرد کە حکوومەتی عیراق دەبێ:

ئـ ) هاوکاریی [ئێران] بکات بەوەی زۆر بهێنیت بۆ حەمەڕەشید بۆ گەڕانەوەی عیراقو هەڕەشەی لێ بکات کە ئەگەر بەرپەرچی حوکمەکە بداتەوە، موڵکەکانی لە عیراق لێ داگیر دەکرێت.

ب) بنکەی سوپایی عیراق لە قەڵادزێو شلێر دابمەزرێت. بگەڕێنەوە بۆ تێلگەرافی ژمارە٤٦ی من بۆ تاران.

ئەگەر ئەم کارە نەکەن، سەردەشتو واهەیە سنەو بانەش بدرێن بەدەستەوە کە ئەنجامێکی جێگەی داخو بەرفراوانی بۆ کوردی عیراق دەبێت.

گەڕانەوەی دەستبەجێی مەلا مستەفای بارزانی بە گروپە کەموزۆر ئاشکرا رووسەکانەوە، تەنیا یەکەمین ئەنجام دەبێت.

من بە جەهانبانیم گوت کە ئەو بۆچوونە بە تاران و بەغدا رادەگەیێنم.

٦) تکایە ئەوەی سەرەوە بە [باڵوێزخانەی] بەغدا رابگەیێنن.

بنکەی ژین
www.zheen.org

**FO371/52702**

**لەکرماشانەوە بۆ تاران**

**٢١ی ئاپریلی ١٩٤٦**

نیشانە بە تێلگەرافی ژمارە ٤٦ی من بۆ تاران.

هێزەکانی کۆماری کورد ڕۆژی ٢ی مارچ کە بەهۆی نەڕۆیشتنی سوپای سۆڤیەتەوە هان درابوون، هێرشیان کردە سەر سەقز، بانەو سەردەشت کە ئەوان دیعایە دەکەن بەشێکی جیانەکراوە لە کۆماری کوردن.

٢) هەرسێ ئەو ناوەندانە لەژێر دەسەڵاتی سوپای دەوڵەتی ئێرانداو سەرتیپ هومایوونی، فەرماندەی هێزەکانی ئێران لە کوردستان، لای وایە سەقز لە مەترسییەکی گەورەدا نییە، بەڵام هەموو گوندەکانی دەوروبەری بانەو سەردەشت بەدەست هێزەکانی کۆمارەوەیە، سەربازخانە ئێرانییەکانی ناو ئەو شارانەش بەبێ یارمەتی ناتوانرێ بۆ هەمیشە رابگیرێن. مەترسی لە سەردەشت زیاترە کە لەنزیکەوە ئابلۆوقە دراوە، گەرچی هێزەکانی ئێران، سەرەڕای هێرشی بەردەوام، هێشتا پردی گرنگی سەر چۆمی زابی سەرەوە [کەلوێ] یان پاراستووەو چەند جار بە یارمەتی تۆپخانەو تەیارە لەناوەوە هێرشیان هێناوەو لە ئەنجامدا ٦٠ کەسیان لێ کوژراوە. ئێرانییەکان تائێستا چوار کوژراوو ٢٥ بریندارایان بووە. کوردەکان بە تفەنگی سەحراییو نارنجەکی دەستی چەکدارن، کە هەموویان رووس بۆی دابین کردوونو راوێژکاری رووس یا قاوقازیشیان هەن، کە لە هەموان گرنگتر نەمازعەلی ئۆفە لە مەهاباد.

٣) قـازی محەمـەدی مـەهابادی ویـستوویەتی کـوردی شـکاكو هـەركی هێرش بەرنـە سـەر سەردەشـتو ڕێبـەرەكانیان براونەتـە مـەهاباد، بـەڵام لەبەرانبـەردا، ئـەوان داوای شـاهێن دژو میانـدواو دەكـەن وەك نرخـی هاوكاریكردنەكـەیان. قـازی محەمـەد موافەقـەی ئـەم كـارەی نـەكردووەو هەربۆیەش، شكاكو هەركی بەشداریی هێرشەكەیان نەكردووە.

٤) مەلا مستەفای بارزانی لەگەڵ براكەی واتـە مـەلا ئەحمـەدو نزیكـەی ٢٠٠ تا٣٠٠ كەس لە دەستوپێوەندەكانی لە ئەو نزیكەی ٦٠٠ خێزانـەی وا لـە گونـدەكانی دەوروبـەری نەغـەدەو سـوڵدووز بڵاوبوونەتـەوە، لـەژێر قۆمانـدانی سـەرهەنگی دیمـوكرات بـەناوی دڵـشاد ڕەسـووڵیدا بەشـداری هێرشی سەر سەردەشتیان كردووەو بەڵێنی ئەوەیان پـێدراوە كـە بەشـی خۆیان لە تالآن پێ بدرێت. هەرچـۆنێك بێـت، بەشـێك لـە لایـەنگرانی مـەلا مستەفا لە تاقمی بچووك بچووكدا گەڕاونەتەوە بۆ عیراق.

٥) حەمەڕەشید، كە دوای هەڵاتنی لە عیراق لەگەڵ نزیكەی ١٤٠ كەسی لایـەنگری خۆیـدا، لـە توركمانكەنـدی نزیـك بۆكـان دەژیو سـەرەتا رووسەكانو قازی محەمەدیش بەگومانەوە سـەیریان دەكـرد، ئێـستا وەك هاوكارێـك لەلایـەن ئەوانـەوە وەرگـیراوەو نزیكـەی مانگێـك پـێش ئێـستا هاتۆتـە «سـەرا»ی نێـوان سـەقزو بۆكـانو ١٢٠ كەسـێك لـە دەسـتو پێوەنـدەكانی خـۆی لەگـەڵن (٢٠ تـا ٣٠ كەسـی تریـان گەڕاونەتـەوە بـۆ عیراق). [ئەوان بۆیە نێرراونەتە سەرا]، كە بەشداریی هێرش بكەن. بـەڵام تائێستا خۆیـان لـەوە پاراستووە كـە بەشـێوەیەكی بێگەڕانـەوە خۆیـان

تێکەڵاوی کارەکە بکەن. گەرچی رووسەکان بەڵێنی چەکو پارەیان پێ داون، بەڵام بەکردەوە تائێستا هیچیان پێ نەگەیشتووە. حەمەڕەشید لەعەینی کاتدا، پێشنیاری بە دەسەڵاتداریەتی سوپایی ئێران کردووەو خوازیاری ئەوە بووە کە بانە بدرێتەوە بەو، بەڵام پێی گوتراوە کە متمانەی پێ ناکەن مەگەر وەفادارییەکەی خۆی بەوە بسەلمێنێت کە شەڕی کۆماریخوازان بکات. ئەو ئێستاش هەر لە دوودڵیدایە.

٦) رێگەی سنە بۆ سەقز لە هەموو ماوەی زستاندا بەستراوە، بەڵام کاری پاککردنەوەی بەفر ئێستا بەدەستەوەیەو سەرتیپ هومایوونی هیوادارە کە رۆژی ٤ی ئاپریل بۆ لۆری سوپایی بکرێتەوە. ئینجا ناوبراو، هێزی یاریدەدەر دەنێرێتە سەقز، کە بەشێك لەو هێزە بریتی لەوانەن وا لەم دواییەدا لەتارانەوە نێرراونو ئێستا لە دیواندەرە دامەزراون. پاشان لەسەقزەوە ستوونێك بۆ سووککردنی باری [سەربازخانەی] بانەو سەردەشت، دەنێرێتە ئەو دوو شوێنە، گەرچی شوێنێکی چیاییو دارستانینو عەشایری تەواو چەکدار پارێزگاری ناوچەکە دەکەن.(بڕوانە پەڕەگرافی ژمارە ٢ لەسەرەوە).

٧) ئەگەر سەقز، بانەو سەردەشت لەدەست ئێرانیەکان بچن، کە ئەوەش بەهۆی تەنگوچەڵەمەی جوغرافیاییەوە گەلێك گونجاوە (شوێنەکە بریتیە لە باریکەیەکی زۆر شاخاوی کە لایەکی سنووری عیراقەو لایەکەی دیکەی هۆزە دژکارە کوردەکانن). لەو حاڵەتەدا، مەترسییەکی گەورە دەخولقێت، لەبەر ئەوەی رووسەکان بەبێ هیچ

گومانێك دەست بە ئاژاوەنانەوە لە عیراق‌و تورکیا دەکەن. سەرتیپ هومایوونی، بەم هۆیەوە لای وابوو حکوومەتی عیراق (کە تائێستا پالّی لێ داوەتەوەو بەروالّەت تەواو بێ‌ئاگایە لە مەترسییەکانی بنگوێی خۆی) باش وایە سەربازخانەی بەهێز لە قەلاّدزێی نزیك سەردەشت‌و شلێری نزیك بانە دابمەزرێنێت بۆ ئەوەی چاودێری کوردان بکات لە..

**ناتەواو**

بنکەی ژین
www.zheen.org

**F0371/52702**

**٢٦ی ئاپریلی ١٩٤٦**

ئاماژە بە PEMIDی ١١ی ئاپریلی ١٩٤٦ی ئێوە لەخوارەوە بە تەرتیب وەڵامی پرسیارەکانتان دەنووسمەوە. زۆربەی سەرچاوەی زانیارییە حکوومەتیەکان، کەموزۆر لە سەرچاوە عەشیرەییەکانەوە سەرهەڵدەدەن کە ئەغڵەب جێگەی بڕوا نین.

ناوچەی باشووری سەردەشت - سەقز - بیجاڕ وا دەزانرێ لەژێر کۆنترۆڵی حکوومەتی ئێراندا بێت. دوا راپۆرت وا دەگەیێنێت کە کورد ئێستا لە سەردەشت پاشەکشێ دەکەن‌و قازی محەمەد، حەمەڕەشیدو مەلامستەفای لە سەقز بانگ کردۆتەوە، ئەوەش بەگوێرەی قسە لەبەر کەمبوونی کەرەسەو تۆپخانە.

هەموو ئوستانی ئەردەڵان وا دەزانێ لەژێر کۆنترۆڵی حکوومەتی ئێراندا بێت. بەگوێرەی قسەی جەنەراڵ هومایوونی، فەرماندەی سوپایی سنە، حکوومەتی ئێران بە تەواوەتی دەیەوێ ناوچەی دەسەڵاتی خۆی پەرە پێبدات. وا دەزانرێ کە راگەیاندنەکەی تاران ناوچە کوردییەکان ناگرێتەوە (دووپاتی دەکەمەوە. ناگرێتەوە). بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی وا لەبەردەستدان، حکوومەتی ئێران تەنانەت ئیحتمالی سەربەخۆیی یا خودموختاری کوردیشی قەبووڵ نەکردووە.

پ) لەناو ئەو هۆزانەدا کە لایەنی دیموکراتەکان دەگرن، جەلالی، شکاك، مەنگوڕ، مامەش، هەرکی، سوێسنی‌و دێبوکری هەن. لەناو ئەو هۆزانەشدا کە

لایــەنی حکوومــەتیان گرتــووە، تیلــەکۆو زۆربــەی هۆزەکــانی باشــووری کوردستانن. بەگزادەکانی بانە دابەش بوون، پـشدەرییەکان دوودڵـن. سـەرەك هۆزەکانیش بە تاکەکەسی [یاخود: سەرەك هۆزە تاکەکەسەکانیش]، ئەغڵەب بەگوێرەی هەڵوێستی زۆرایەتی عەشیرەکە دەگۆڕێن.

ت) تەنیا ژمارەیەکی کەم لە هەژارانی بارزانی گەڕاونەتەوە. وا دەزانرێ کە مەلامستەفا گەڕابێتـەوە نزیك سنوور، وا هەیـە بـۆ شـنۆ و بەرواڵـەت فەرماندەیەکە لەژێر حوکمی قـازی محەمـەددا (بڕوانـە سـەرەوە). نـاوبراو بەبێ هیچ گومانێك لە کوردستانی ئێران پلەیەکی زۆر بەرزی نییە.

ج) قازی محەمەد وا دەردەکەوێ کە تا ئەودەمەی کـە بـارودۆخ [ی] لـە ئێـران قـایم بێـت دژ بـە ئـاژاوە و هـەرای ئـەو دیـوی سـنوورە، بـەڵام دەگـوترێ کـە بـە لایـەنگرانی خـۆی گوتـووە کـە دواتـر لـە عـیراق دەبـێ پـشتگیری مـەلا مـستەفا بکرێـت. دەگـوترێ قـازی لەپێوەنـدی کـوردی تورکیاو سووریادایە بە رێبەرانی "خۆیبوون"ـەوە.

[نوسخەی ئـەم نامەیـە بـۆ ١٧ دائـیرەو شـوێنو کەسـایەتی بریتـانی لـە نـاوخۆو دەرەوەی وڵات نێرراوە. وەرگێڕ]

بنکەی ژین
www.zheen.org

**F0371/52702**
**٢٩ی ئاپریلی ١٩٤٦**

ئەم تێلگەرافەی خوارەوە لەتەورێزەوە هاتووە،

ژمارە ١٦٣ی ٤/٢٧.

تێلگەرافەکە دەستبەجێ دەنێرم.

لە وتووێژێکدا لەگەڵ جێگری کۆنسوولی وڵاتەیەکگرتوەکان [ی ئەمەریکا]، قازی* محەمەد گوتوویەتی داواکاری کورد لەرادەی خودموختارییەکی ناو دەوڵەتی ئێراندا بەربەست دەکرێت. ناوبراو دیعایەی ئەوەی کردووە کە لەسەر هەموو ئەو خاڵانەی وا بابەتی وتووێژ بوون، لەگەڵ تەورێزدا گەیشتوونەتە موافەقەت. قازی* سەبارەت بە ئیحتمالی یارمەتی پیشەسازیو خوێندن بە کوردستانی خودموختار پرسیاری لە جێگری کۆنسوولی وڵاتە یەکگرتوەکان کردووەو رەفتاری بەشێوەیەکی بەرچاو، میهرەبانانە بووە.

٢)مێجەر ئاتاکیشی یۆف، ئەفسەری سیاسی پایەبەرزی سۆڤیەت، بەگوێرەی راپۆرت، بە کوردانی ناسیۆنالیستی راگەیاندووە کە لەماوەی پاشەکشێی رووسەکاندا دەبێ ناتەبایی لەنێوان ئەوانو دیموکراتەکانی ئازەربایجان [دا هەبێت. ناوبراو نەسیحەتی کوردانی] کردووە کە بەڕێوەبەرایەتیەکی هاوبەشی کوردی ـ دیموکراتی [ئازەربایجانی] لە شاری "خۆی"، ورمێو میاندواو پێك بهێنن.

---

* لەدەقی ئینگلیزیدا. Ghaza نووسراوە– وەرگێڕ.

**رۆژ ژمێری تەورێز**
**F0371/52740-25338**
**ژمارە ٤ی ساڵی١٩٤٦**
**ئاپریلی ١٩٤٦**

**٥٩) کاروباری کوردان**

لەمەڕ شەڕی نێوان هێزی کۆمارخوازی کوردو هێزەکانی ئێران لە سەردەشت، هەواڵێکی کەم لە سەرچاوە کوردەکانەوە گەیشتۆتە تەورێز، بەڵام بەگشتی زانراوە کە لەماوەی ئەم مانگەدا کوردان تووشی زیاترین موشکیلە هاتوونو تەنانەت چاوڕاوی ئەوەش هەبوە کە نوێنەری سەرەك هۆزە کوردەکان چۆتە سەقز بۆ ئەوەی لەگەڵ ئێرانیەکاندا وتووێژ بکات.

قازی محەمەد بۆ ماوەیەکی زۆر لە تەورێز ماوەتەوەو شار پڕ بووە لە کوردو لەناویاندا شکاك ـ کە زۆر کەم دێنە سەردانی تەورێز و ئێستا، گەلێك بەرچاون. کوردان کەڵك لە ئازادی نوێی خۆیان وەردەگرن بۆ ئەوەی هەموو رازاوەیی نەتەوەیی خۆیان لەسەر شەقامەکانی شاری تەورێز بخەنە بەرچاو (کە ئەو شتە، چەکدار بوونی هەست بزوێنیشیان دەگرێتەوە)و پێچوکڵاو، خەنجێر، پشتێنو جلوبەرگی رەسمییان ـ بە ورشەورشی رەنگی سوورو زێڕینەوە لەبەرانبەر جلوبەرگی یەکشێوەو کۆنی دیموکراتەکانی ئازەربایجاندا، چاوی خەڵکی گرتووە.

نازانرێ کە داواکاریی خاك لەلایەن کوردانەوە چەندە پەرەی سەندبێت. قازی محەمەد وتاری ماستاوکەرانە دەداتو دەڵێ پشتگیری

پێشەوەری دەكات، بەڵام لایەنگرەكانی ئەو هەستە ناشارنەوە كە ئازەربایجانیەكان هەموو ناوچە بەكەڵكەكانیان بەدەستەوە گرتووە. لەلایەكی ترەوە، دیموكراتەكانی ئازەربایجانیش خۆیان لە كورد بەگەورەتر دادەنێن و لەوە ناڕازین كە چەند پیاوی عەشیرەیی دواكەوتوو، هاوشان لەگەڵ عەجەمی رۆشنبیر، كەڵك لە خودموختاری ببینن.

ئاشكرایە لەو وتووێژانەدا كە هەر ئێستا لەنێوان حكوومەتی ئازەربایجان و سەرەك وەزیری ئێراندا بەڕێوەدەبرێت، دەبێ داواكارییەكانی كوردیش حیسابیان بۆ بكرێت.

هەواڵی نوێ لەمەڕ بارودۆخی ورمێ نەگەیشتووەو وا دەردەكەوێ كە هەردوولایەن گەیشتبنە ئەو ئەنجامەی كە مەسەلەی چارەسەرنەكراوی نێوانیان وەك خۆی بهێڵنەوە، تا ئەوەی رووسەكان دوا بۆ چوونیان لەمەڕ پێكهاتنە چاوەڕوانكراوەكەی تاران رابگەیێنن.

رادیۆی تەورێز لە رۆژی ٢٧ی مانگی ئاپریلدا كرایەوەو قازی محەمەد لە وتارێكی كورتدا رایگەیاند كە هەموو رۆژ، كاتێك [ی رادیۆكە] تایبەت بە كورد دەكرێت و داوای پشتگیریكردنی كورد لە دیموكراتەكانی ئازەربایجانی كرد. قسەكەرێكی دیكەی كورد لە بەرنامەی رادیۆكەدا باسی كۆماری كوردی كردو گوتی ئێمە تائێستا خەڵكێكی وەرزێر بووین، بەڵام ئێستا دەمانەوێ [وڵاتی] خۆمان بكەینە پیشەسازی و تا دوایین دڵۆپی خوێن لە خودموختارییەكەمان داكۆكی بكەین.

**رۆژ ژمێری تەورێز**
**F0371/52740-25338**
**ژمارە ٥ی ساڵی ١٩٤٦**
**مانگی مەی ١٩٤٦**

**٧٤) ورمێ**

بارودۆخ لە ورمێ باش نییە. بەڕێوبەرایەتییەك لەلایەن دیموكراتەكانی ئازەربایجانەوە، شار بەڕێوە دەبات. زۆربەی خەڵكی شار "عەجەم" واتە موسوڵمانی ئازەربایجانین كە بە توركی قسە دەكەن. بەقسەی هەواڵدەرێكی بڕواپێكراوی ئینگلیسی كە لەمانگی مەیدا سەردانی شارەكەی كردووە، بەڕێوەبەرایەتی دیموكرات تاڕادەیەك بەباشی كار دەكەن، بەڵام كورد هیچ پشتگیرییەكیان ناكەن. شتێكی گونجاوە كە دەسەڵاتی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە بۆ ناوچەكانی دەوروبەر زۆر بڕناكات.

لەوەش زیاتر، نیشانەی وا بەدەستەوەن كە دژایەتی خۆجێیی لەگەڵ حوكمی دیموكراتدا هەندێك لە تەورێز رێكوپێكترە. لە كۆتاییەكانی مانگدا، ژمارەیەك كوڕانی قوتابخانەو خەڵكانی گەنج بەناوی ئەوەی كە راگەیاندنی "دژی نەتەوەیی"یان لە دیوار داوە گیراونو یەك لە بەشدارانی ئەم كارەش گوتوویەتی كە دژایەتی نواندنەكە خەریكە بیچمی حیزبێكی نهێنی بەخۆیەوە بگرێت، شانەكانی ئەم حیزبەش بەشێوەیەك رێك خراون كە هەر ئەندامێك تەنیا لەگەڵ یەك كەسدا پێوەندیی دەبێت.

ئـەو پیـاوە گەنجـە– کـە ئەفـسەری پێـشووی پۆلیـسی ئێرانـە، دەڵـێ حیزبەکە دەتوانێ حیساب لەسەر ٤ هەزار چەکدار بکات بۆ ئەوەی لەکاتی خۆیدا دژبە دیموکراتەکان راپەڕن. هێزەکـانی ئـەو حیزبـە وا دەردەکـەوێ کە لە گوندەکانی دەوروبەری ورمێ پێك هاتبن، بەڵام گومان لـەوەدا نییـە کە قـسەکان گـەلێك زۆر گـەورە کراونەتـەوە. هەرچـۆنێك بێـت، ورمـێ بـە نەریتی کۆنی کێشەی گشتی ناو خەڵك‌و پێکداهەڵپڕژانی بچووکەوە بە هیچ شێوەیەك ناتوانێ بۆ هیچ لایەنێکی دەسەڵاتدار شوێنێکی هـێمن بێـت. لـە کۆتـایی مانگـدا، "پادگـان"ــ جێگـری سـەرۆکی حیزبـی دیمـوکرات [ی ئازەربایجان]، نێرراوەتە ورمێ بۆ ئەوەی بارودۆخەکە هەڵسەنگێنێ.

**٧٥) کاروباری کوردان**

جێگەی سەرنجە کە لە دەقـی چـاپکراوی وتوویـژەکانی ئازەربایجـان ـ تاراندا، کە نوێنەرێکی کوردیشی تێدا بەشدار بـوو، ئامـاژە بـە کوردسـتان وەك " کوردستانی ئازەربایجان" کرابوو، وا هەیە ئەوە نیشانەیەك بێت بۆ ئـەوەی کـە ئازەربایجانییـەکان نایانـەوێ پەسـندی جیـاوازیی تـەواو [ی نێوان ئازەربایجان‌و کوردستان] بکەن.

لەهـەمان کاتـدا، بـەگوێرەی پێکهـاتنی رۆژی ٢٣ی ئاپریـل [ی ١٩٤٥] لەنێوان کـوردو حکوومـەتی نەتەوایـەتی ئازەربایجانـدا، کـە لـە رۆژی ٥ی مـانگی مەیـدا چـاپ‌و بڵاوکرایـەوە، وا دیـارە کـورد وەك حکوومـەتێکی سـەربەخۆ ناسـرابێت. لـەو پێکهاتننامەیـەدا، حکوومـەتی کـوردی وەك "حکوومەتی نەتەوایەتی کوردستان" ئاماژەی بۆ کراوە. وەفـدی کـوردی

کـه ئـەم وتووێژانـەی بـەڕێوەبردو پێکهاتننامەکـەی مـۆرکرد، بریتـی بـوو لەم کەسانە:

قازی محەمەد، سید عەبدوڵڵا گەیلانی، عومەر خانی شەریفی (سـەرەك هۆزی شکاك)، محەمەد حسێن سەیف قازی (وەزیری سوپای گەلی کـورد ـ کە نوێنەرایەتی کوردستانی لە وتووێژەکانی تارانیش کرد)، رەشید بـەگی جەهانگیری هەرکی، زێڕۆ بەگی بـەهادوری کـە ئـەویش لەهەرکییەکانـە (و چەتەی بـەدناوی دۆڵـی باراندووزە) و قـازی محەمـەدی خـزری ـ کـە وەك نوێنەری کوردی شنۆ ناوی براوە.

پێکهاتنەکـە دەڵـێ: ئەگـەر پێویـست بێـت، نوێنـەرانێك لـە هـەردوولا ئاڵوگۆڕ دەکرێن‌و لەو ناوچانەی کە دانیشتوانی کوردن ئازەربایجانیـەکان بەشێك لە بەڕێوەبەرایەتی ئیدارییان پێ‌دەسپێرن. بەهەمان شێوە دەبێت بۆ ئەو ناوچانەی کوردسـتان کـە ئازەربایجـانیی تێدا دەژیـن، لیژنەیـەکی هاوبەشی ئابووری پێك بێت. هێـزی سـوپایی هـەردوو حکوومـەت لـەکاتی پێویـستدا هاوکـاری یـەکتر دەکـەن، هـەموو وتووێـژێك لەگـەڵ تارانـدا بەیەکـەوە بەڕێوەدەبـەن. هـەردوو حکوومـەت دەرەتـانی گەشـەکردنی کولتـووری نەتەوایـەتی هاونیـشتمانیانی لایەنەکـەی دیکـە پێـك دێـنن‌و، هەردوو حکوومەت دژ بەوانەی وابیانـەوێ هـاودەنگی‌و دۆسـتایەتی نێـوان دوولایەنەکە بشێوێنن، هەنگاوی هاوبەش هەڵدەهێننەوە.

لە پێکهاتننامەکـەدا، هـیچ هـەنگاوێك بـۆ دیـاریکردنی سـنووری نێـوان «کوردستان»و «ئازەربایجان» هەڵنەهێنراوەتـەوە، بـەڵام وادەردەکـەوێ کـە

بەندی دووهەمی هەنگاوێك بێت بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو موشكیلەیەدا و، وا هەیە واتای ئەوە بداتەوە كە هەندێ شاری وەك ورمێو میاندواو وتەنانەت «خۆی»ش بكەونە ژێر دەسەڵاتی ئازەربایجانەوە، بەڵام دەسەڵاتی ئیداری هاوبەشی ئازەربایجانیو كوردییان تێدا دابمەزرێت.

یەكیەتی كوردی ئازەربایجان لەنێو خۆیاندا جێگەی گومانە. چاوەڕوانی ئەوە هەیە كە بنەماڵەی خاوەن نفووزی ئێلخانیزادە لە هۆزی دێبۆكری ناوچەی بۆكان، دژ بە قازی محەمەدو حكوومەتی نەتەوایەتی كورد دەستیان دابێتە چەك. تەنانەت ئەگەر ئەو هەواڵە راستیش نەبێت، دوژمنایەتی نێوان ئێلخانیزادەو قازی محەمەد شتێكی وانییە بشاردرێتەوە.

لەعەینی كاتدا دەگوترێ كە كوردی ورمێو «خۆی» دژایەتی توندی خۆیان بەرانبەر بەوە دەربڕیبێ كە لەمەهابادەوە حوكم بكرێن. راپۆرتی ئەوە گەیشتووە كە عومەرخان سوێندی خواردبێ حوكمی سوڵدووز و شاپوور [سەڵماس] بەدەستەوە بگرێت و هەر كاربەدەستێكی مەهابادی لە چۆمی گادەر بپەڕێتەوە تووشی مەترسی بێت. ئەگەر بێتو روانگەی بەرچاو بۆ هەنگاوهەڵێنانەوەی دژ بە ئێرانیەكان سوودی تێدا بێت، ئەوا رادەیەكی هاوكاری لەنێوان سەرەك هۆزەكاندا چاوەڕوان دەكرێت. لەماوەی ئەم مانگەدا، ژمارەیەكی بەرچاوی تاقمە كوردەكان لەورمێوە بەرەو باشوور رۆیشتوونو دەنگۆی نوێبوونەوەی هێرش بۆ سەر سەردەشت بڵاوبۆتەوە. ئەگەر راستی لەو حیكایەتانەدا هەبێت وا لە تەورێز بڵاوبوونەتەوە، ئەوا دەبێ هێرشەكە دەستی پێ كردبێتو تووشی شكانیش هاتبێ.

بەگوێرەی هەر ئەم حیکایەتانە، قازی محەمەد لەپێوەندیدا بووە لەگەڵ ئەفسەرێکی کوردی نێو سوپا [ی ئێران]و ئەفسەرەکەش یاریدەدەری جەنەراڵ «شاە بەختی» بووە. ناوبراو نامەی بۆ ئەفسەرەکە نووسیوەو لەسەر بارودۆخی سپای ئێرانی زانیاری لێ خواستووە. شاە بەختی نامەکەی پێش ئەوەی بگاتە ئەفسەرەکە، کەوتۆتە دەستو داوای لە ئەفسەرەکە کردووە وەڵامی بداتەوەو مەسەلەکەی بۆ روون بکاتەوەو پلانو رێگای هێرشی کوردانیشی پێ رابگەیێنێ. ئینجا هێزەکانی ئێران لەو شوێنە بۆسەیان ناوەتەوەو کوردان فریویان خواردووە. لەئەنجامدا، شەوی ١٨ی مانگی مەی کەوتوونەتە بۆسەوە.

حیکایەتەکە دەڵێ ١٤ هەزار کەس بوونو شکانێکی گەورەیان تووش هاتووەو ٨ هەزار پیاویان کوژراون.

ئەو مەسەلەیە، دیموکراتەکانی [ئازەربایجانی] هوشیار کردۆتەوە کە لە پێگەی دوورە شاری «باخچەمێشە» [ی تەورێز] دامەزراونو فەرماندەکەیان ترسی ئەوەی لێ نیشتووە کە ئەمجارە نۆرەی ئەو بێتو ئەو راپۆرتەی ناردووە کە لە پەراگرافی ژمارە ٦٩ دا باسی لێوەکراوە، هەر ئەوەش بۆتە هۆی بەرێوەچوونی بەرگریکردن لە جووڵانەوە [حکوومەت نیزامی].

ئەوانەی وا ئەو حیکایەتە دەگێرنەوە، بەمتمانەوە دەڵێن چوار لۆری پڕ لە برینداری کورد هێنراونەتە تەورێز.

تاقمێـك كـورد كـه ئه‌فـسه‌رێكی زۆریـشیان تێـدا بـووه‌و هـه‌موو جلوبه‌رگیان به‌ نه‌واری زێڕین رازاوه‌ته‌وه‌، له‌ سه‌ره‌تای مانگدا هاتوونه‌تـه‌ ته‌ورێز بۆ ئه‌وه‌ی چاویان به‌ رووسه‌كان بكه‌وێت. قـازی محه‌مـه‌د ئه‌وه‌نـده‌ له‌ ته‌ورێز رانه‌وه‌ستاوه‌ كه‌ به‌خێرهاتنی پیشه‌وه‌ری بكات كه‌ لـه‌ سـه‌فه‌ری تاران ده‌گه‌ڕایـه‌وه‌، بـه‌ڵام نوێنه‌ره‌كـه‌ی ـ واتـه‌ سـه‌یفی قـازی لـه‌ كۆتـایی مانگدا هه‌ر لێره‌ مابوه‌وه‌.

«م. ناپۆلیئۆن ژاكیه‌ل» به‌ڕێوه‌به‌ری بنكه‌ی هـه‌واڵی «فـرانس پـرێس» لـه‌ تاران ـ كه‌ زیاتر له‌ مانگێك له‌ ته‌ورێز مایه‌وه‌، وا كه‌وتبوه‌ به‌ر دڵی كوردان كه‌ بانگهێشتنی مه‌هابادیان كردو ئه‌ویش چـوو. وادیـاره‌ ده‌سـه‌ڵاتداریه‌تی دیموكراته‌كانی ئازه‌ربایجانیش به‌رگرییان لـێ نـه‌كردبێ، لـه‌ گه‌ڕانـه‌وه‌دا، هه‌ندێ ئامارو ره‌قه‌می له‌مه‌ڕ دانیشتوانی (Flea؟) مـه‌هاباد پێـك هێنـابوو، كـه‌ زۆر جێگـه‌ی متمانـه‌ نـه‌بوون. بـه‌ڵام ده‌یگـوت لـه‌ماوه‌ی مانـه‌وه‌ی مه‌هابادیدا، ناسـیاویی له‌گـه‌ڵ هـه‌موویان په‌یـدا كـردووه‌ ـ گه‌رچـی باسـی پێوه‌ندییه‌كانی خۆی نه‌ده‌كرد.

حكومه‌تی كورد پڕۆژه‌یه‌كی بۆ سازكردنه‌وه‌ی خه‌سته‌خانه‌ی مـه‌هاباد به‌ده‌سته‌وه‌یه‌، به‌ڵام وێناچێ كاروباره‌كـه‌ی به‌باشـی بـه‌ڕێوه‌ بـچێت. دوو به‌ننای ئه‌رمه‌نیو موسوڵمان كه‌ ماوه‌یه‌ك له‌مه‌وپێش بۆ ئه‌م كـاره‌ ده‌سـت نیشان كرابوون، وا گه‌ڕاونه‌ته‌وه‌ [ته‌ورێز؟ ] و گوتوویانه‌ كه‌ نـه‌یانتوانیوه‌ له‌سه‌ر چۆنیه‌تی كاره‌كه‌ له‌گه‌ڵ ده‌سه‌ڵاتداریه‌تی كورددا پێك بێن.

١) [ده‌قه‌ ئینگلیزییه‌كه‌ وه‌ك "خه‌نده‌ری" نووسیوه‌. ]

**F0371/52702**
**تەرجەمەی [هەواڵێک]ی رۆژنامەی "ئازەربایجان"،**
**رۆژی ٥ی مەی ساڵی ١٩٤٦**

ئەم پەیمانە لە رۆژی سێهەمی ئوردی بەهیشتی ١٣٢٥ [ی هەتاوی] - ٢٣ی ئاپریلی ١٩٤٦، لە سەعات ٥ی دوای نیوەڕۆ، لە بینایەی ئەنجومەنی میللی ئازەربایجان لە تەورێز لەبەردەمی سەرۆکانی حکوومەتی میللی کوردستان:

- قازی محەمەد، سەرۆکی حکوومەتی میللی کوردیی،

- سەید عەبدوڵڵا گەیلانی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان،

- عومەرخانی شەریفی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانو سەرۆکی هۆزی شکاک،

- محمد حسین سەیفی قازی، وەزیری سوپای میللی حکوومەتی میللی کوردستان،

- رەشید بەگی جەهانگیری، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانو نوێنەری هۆزی هەرکی،

- زێرۆ بەگی بەهادوری، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانو نوێنەری هۆزی هەرکی،

- قازی محەمەد خزری، نوێنەری کوردی شنۆ،

هەروەها لەبەردەمی ڕێبەرانی حکوومەتی میللی ئازەربایجان:

ــ حــاجی مــیرزا عــەلی شەبــستەری، ســەرۆکی مەجلیــسی میللــی ئازەربایجان،

ــ مـیر جەعفـەری پیـشەوەری، سـەرەك وەزیـری حکوومـەتی میللـی ئازەربایجان،

ـ صادق پادگان، جێگری سەرۆکی حیزبی دیموکراتی ئازەربایجان،

ـ دوکتۆر سلام الله جاوید، وەزیری ناوخۆی ئازەربایجان،

ـ محەمەد بیٚڕیا، وەزیری فێرکردنی ئازەربایجان،

بەسترا.

پەیمانەکـە، بـە ئامـانجی بـەهێزکردنی دۆسـتایەتیو پێوەنـدی زۆری ئێستا لەنێوان دوو نەتـەوەی براـ ئازەربایجـانو کوردسـتانو دوو حیزبـی هاوپەیمان بەستراوەو لەوە بەدواوە، پەیڕەو دەکرێت:

١) نوێنەرانی هـەردوو حکوومـەتی میللـی لـە هـەر شـوێنێکدا پێویـست هەبێت، ئاڵوگۆڕ دەکرێن.

٢) لـەو شـوێنە تایبەتانـەی ئازەربایجـان وا کـوردی تێـدا نیـشتەجێن، کورد لە کاروباری ئیداریی دەوڵەتدا بەشدار دەبن، لەو شوێنە تایبەتانـەی کوردسـتانیش کـە دانیـشتوانی ئازەربایجـانی بـن، ئازەربایجانییـەکان لـە کاروباری ئیداری دەوڵەتدا، بەشداری دەکەن.

٣) بە ئامانجی چارەسەرکردنی موشکیلاتی ئابووری هـەردوو نەتـەوە، کۆمیسیۆنێکی هاوبەشی ئابووری پێك دێتو سەرۆکانی هەردوو حکوومەتی میللی، هەوڵ دەدەن بڕیارەکانی ئەو کومیسیۆنە پەیڕەو بکەن.

٤) هاوکاریی لەنێوان هێزە عەسکەرییەکانی حکوومەتی میللی ئازەربایجانو حکوومەتی میللی کوردستان، دادەمەزرێتو لەکاتی پێویستدا، هێزە عەسکەرییەکانی هەردوولا، بەشێوەیەکی دوولایەنی، یارمەتی پێویستی یەکتر دەدەن.

٥) هەر چەشنە وتووێژێك لەگەڵ حکوومەتی تاراندا پێویست بێت، دەبێ دوای پێکهاتن لەسەر بۆچوونەکانی هەردوو حکوومەتی میللی ئازەربایجانو کوردستان بەڕێوەبچێت.

٦) حکوومەتی میللی ئازەربایجان، ئەوەندەی بۆی بگونجێت، هەلومەرجی پێویست بۆ پێشکەوتنی زمانو کولتووری نەتەوایەتی ئەو کوردانەیوا لە ئازەربایجاندا دەژین، دەخولقێنێو حکوومەتی میللی کوردستان بەهەمان شێوە، ئەوەندەی بتوانێ هەلومەرجی پێویست بۆ پێشکەوتنی زمانو کولتووری نەتەوایەتی ئەو ئازەربایجانییانەی لە کوردستان دەژین، پێك دێنێت.

٧) هەردوولایەنی هاوپەیمان، هەنگاوی هاوبەش بۆ تەمێکردنی هەموو ئەو کەسانە هەڵدەگرن کە دۆستایەتی مێژوویىو برایەتی میللی - دیموکراتی خەڵکانی ئازەربایجانو کوردستان تێك بدەن یا خەوشی پێ بێنن.

پیشەوەری، پادگان، دوکتۆر جاوید، بێریا، قازی محەمەد، محەمەد سەیفی قازی، سەید عەبدوڵڵا گەیلانی، عومەرخانی شەریفی، رەشید بەگی جەهانگیری، زێرۆ بەگی بەهادوری.

www.zheen.org

## F0371/52702
## لەتارانەوە بۆ وەزارەتی کاروباری دەرەوە
## ١٦ی مەی ١٩٤٦

ئەوانەی خوارەوەمان لە"تەوریز"ەوە پێ گەیشتووە.

بۆ تاران، هەروەها دووپات بکرێتەوە بۆ وەزارەتی دەرەوەو بەغدا، تێلگەرافی ١٨٠ی من. پەیمانی ئازەربایجان ـ کورد:

١ ـ لەکاتی پێویستدا، [لەنێوان هەردوولا]، نوێنەر بگۆڕدرێتەوە.

٢ـ لە بەشی کوردیی ئازەربایجانو بەشی ئازەربایجانی کوردستان، حکوومەتی ناوچەیی دەبێ نوێنەرانی کوردو ئازەربایجانیی تێدا بێت.

٣ـ کۆمیسیۆنێکی هاوبەشی ئابووری پێك بێت.

٤ـ هێزە عەسکەرییەکانی هەردوو حکوومەت، لەکاتی پێویستدا، هاوکاریی یەکتر بکەن.

٥ـ هەر چەشنە وتووێژێك لەگەڵ تاران، دەبێ بە هاوبەشیی هەردوو لایەن بکرێت.

٦ـ هەرکام لە حکوومەتەکان، دەرەتانی [گەشەسەندنی] زمانو کولتووری نەتەوەکەی تر بدات.

٧ـ بۆ تەمێکردنی ئەوانەی زیان بە دیموکراتیەتی دۆستانەو برایەتی ئازەربایجانو کوردستان دەگەیێنن، هەنگاوی هاوبەش هەڵێنرێتەوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

## F0371/52702
## ٢٢ی مانگی مەی ساڵی١٩٤٦
## لە تارانەوە بۆ وەزارەتی دەرەوە

فەوری

ئەم زانیارییانەی خوارەوە ئەم دوای نیوەڕۆیە لەلایەن وەزیری جەنگ [ی ئێرانەوە] دراوەتە ئەتاشەی سوپایی [بریتانیا]، کە سەبارەت بە پێکدادانی کوردستانە، وا رادیۆ تەورێز بە هێرشێکی بێهوودەی سوپای ئێرانی بۆ سەر سوپای ئازەربایجانی راگەیاندووە.

٢. رۆژی ١٨ی مەی، دیموکراتەکان [ی ئازەربایجان] بە رەشاش و خومپارە هێرشیان کردۆتە سەر سەربازخانەی ئێران لە" ماین بلاغ"، کە ٥٠ مایلێك کەوتۆتە باکووری رۆژهەلاتی سەقز. سەربازخانەکە بەهۆی هەندێك پارتیزانی حکوومەتەوە بەهێز کراوە، پاشەکشەی بە هێرشی دیموکراتەکان کردووە و شەشی لێ کوشتوون. ئێرانیەکان کوژراویان نەبوە.

دووهەم پێکدادان رۆژی ٢٠ی مەی بووە لە سەقز، ئەو شوێنەی وا سەربازخانەکەی کەوتۆتە بەر هێرشی کوردان و لەناو ئەواندا، پیاوانی مەلامستەفای بارزانی بەرچاوترین بوون. ئێرانیەکان تۆپی ٦ ئینچییان بەکارهێناوە و کوردەکان دوای ئەوەی ٦ کوژراو و ٩ برینداریان بەجێهێشتووە، هەلاتوون. ئێرانیەکان ئەفسەرێك و چوار سەربازیان کوژراوە و چواریان لێ بریندار بووە.

٣. وەزیری جەنگ لەسەر فەرمانی سەرەك وەزیری ئێران، تێلگەرافێکی بۆ فەرماندەی [نیاز سوپای ئێرانە لە کوردستان؟] سوپای کوردستان ناردووەو تێیدا ئەو فەرمانەی پێشوو دووپات کراوەتەوە کە هێزی سوپایی ئێران لە هیچ بارودۆخێکدا هەڵوێستی هێرشکارانە ناگرن‌و چالاکی خۆیان لەرادەی دیفاعدا بەربەست دەکەن. وەزیری جەنگ پێشنیاری کردووە هەر کومیسیۆنێکی دەست نیشانکراوی کابینە قەبووڵ بکات کە بچێتە سەردانی شوێنی پێکدادان‌و راستی ئەو مەسەلەیە دەربخات کە کێ بووە سەرەتا شەڕی هەڵگیرساندووە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

## F0371/52702
## لەتارانەوە بۆ وەزارەتی دەرەوە
## ٢ی جوونی ١٩٤٦

ئەو [تێلگەراف]ـەی خوارەوە لەکرماشانەوە هاتووە:
نێراوە بۆ وەزارەتی دەرەوە، تێلگەرافی ژمارە [ناخوێنرێتەوە]
٣١ی مەی،
دووپات کراوە بۆ تەورێز.

ئـەو هەواڵانـەی هـەر ئێستا لەکوردسـتانەوە گەیشتوون، نیشاندەری بـارودۆخێکی نائـارام لەسـەر «سـنوور»ی ناوچـەکەن. لەکاتێکدا کـە هێـزە ئێرانیـەکانی ژێـر قۆمانـدانی "جەنـەڕاڵ رەزم ئـارا" فـەرمانی جیـددییان لەسەرە کە تەنیا داکۆکی بکەن‌و لە شەڕکردن خۆ بگرن مەگـەر هێرشـیان بکرێتە سەر، کوردان ئەو بەربەستیە بۆ چالاکیەکانی خۆیـان بـەرەسمی ناناسـن. سـەرەڕای ئـەو راسـتیەی کـە ئـەوان گوایـە لەسـەر مەرجـەکانی پێکهاتن لەگەڵ حکوومەتی ئێران وتووێژ بکەن، وا لەم دواییەدا ژمارەیـەك هێرشیان کردۆتە سەر بنکە ئێرانیەکان کە لە هەموویاندا دوای ئـەوەی بـە گوللـــەی رەشـــاش کـــەموزۆر خەســاری بەرچــاویان تـــووش هـــاتووە، پاشەکشەیان کـردووە. هەرچـۆنێك بێـت، بـارودۆخ لـە دەوروبـەری سـەقز جێگەی رەزامەندی نییـە، ئـەوەیش بـەهۆی ئـەو راسـتییەوە کـە کـوردان

جاروبـاره كـۆنترۆڵی جـادەی گرنگـی سەقزـ دیوانـدەرە دەگرنـە دەسـتی خۆیان.

٢) رەزم ئـارا بـە هەواڵدەرەكـەی منـی گوتـووە كـە زانیـاری ئـەوەی كەوتۆتـە دەسـت كـە سـولەیمان جـاف بـە ٣ تـا چـوارهەزار سـوارەوە لەعیراقەوە هاتۆتە ناو ئێران‌و ئێستا لە مەریوانە، ئەو شوێنەی وا لـەوێوە خـەریكی پێوەندیگرتنـە لەگـەڵ هۆزەكـانی كـانی سـانان‌و هـەورامان‌و هەروەها لەگەڵ كوردەكانی مەهاباد. رەزم ئارا لەوە دەترسـێ كـە ئەوانـە لە ناوچەی پشتەسەری خۆیەوە موشـكیلەی بـۆ بنێنـەوەو بـەرەو تیكـاب برۆن بۆ ئـەوەی لـەوێ لەگـەڵ كـوردو دیموكراتـەكانی ئازەربایجانـدا یـەك بگـرن، ئینجـا حیـسابی كـۆنی خۆیـان لەگـەڵ هـۆزی گـەڵباخی ـ كـە دوژمنایەتی خوێنییان لەگەڵیان هەیە پاك بكەن. كارێكی ئەوتۆ، پێوەندی سەربازخانەی ئێران لە ناوچەی سەقز ـ بانە ـ سەردەشت بـە نزیكـەی ٧٥ هەزار كەسەوە لەگەڵ پاشماوەی ئێران دابڕن. رەزم ئاراو وەفدێك بۆ لای هۆزەكانی هەورامانی لهۆن‌و جـوانڕۆو روانـسەر دەنێرێـت لـەلای باشـوورو باشووری رۆژهـەڵاتی مـەریوان‌و پێیـان دەڵـێ كـە ئەگـەر ئـەو هەڕەشـەیە جیددی بووەوە بۆ حكوومەت شەڕ بكەن.

بنكەی ژین
www.zheen.org

**F0371/52669-131836**
**کۆپی راستکراوەو بلاوەی راستکراوە**
**٢١ی جوونی ١٩٤٦**

بەشوێن [راپۆرتی] ژمارە م. ئـ. /٢١٣ی ئەتاشەی عەسکەری... و ئاماژە بە تێلگەرافی ژمارە ٣٥٠ی ١٥ی مارچ بۆ وەزارتی دەرەوە... ئەمانەی خوارەوە زانیاری نوێ و زیادکراون:

سوارەی رووس لە شاری «خۆی» بە هەزار سواری لای مەراغەو یەك یا دوو تۆپی توپخانەی سەحرایی باشووری ئازەربایجان، بەهێزکراون. بەهێزکردنی دیکە لە ناوچەی مياندواو، [مەھ]ـابادو شنۆ، پێك هاتووە لە ژمارەیەك تانگ، بەتالیۆن [گوردان] ی پیادە بە لۆری‌و هەندێ چەکەوە. هەواڵدەری برواپێکراو لە دوو سەربازی ئەم هێزەی بیستووە کە واحیدەکەیان تازە لەیوگوسلاڤیاوە هاتووە. هێرشی ئەم دواییە کوردانی مەنگوڕ بۆ سەر بەتالیۆنی سوپای ئێرانی لە سەردەشت‌و هەواڵی بەسترانی رێگەی میاندواو بۆ ساین قەلا، نیشان دەدات کە ئارمانجی هێزەکە، دیموکرات [ی ئازەربایجان] ـە و هێرشی رووسەکان بۆ سەر پارتیزانی «ئەفشار» لە ناوچەکە، هەروەها دوورنییە ئامانجی دووهەمیشیان سەربازخانەی سەرەکی سوپای ئێرانی بێت لە سەقز.

تەورێز: تانگ‌و تفەنگ‌و لۆری بەردەوام بەهۆی رێگا ئاسنی پێشووی رووسیاوە دەگەنێ و لەنێوان ١٣ تا ١٧ی مارچ ئەم [لیستەیەی] خوارەوە ژمارەکراوە: ٢٧ تانگ، ٥٢ تۆپ‌و ٦٠ لۆری.

هەواڵی زیاتر لەمەڕ بەهێزکرانی ناوچەی زەنجان بەدەستەوە نییەو، بەهەمان شێوە لەمەڕ زیادبوونی هێرشی ئەو دیموکراتانەی وا رووسەکان یارمەتییان دەدەن بۆ سەر پارتیزانە دەوڵەتیەکانی دراوسێیان.

کەرەج: مەزندەی بەمتمانە لەمەڕ ژمارەی سوپا لە سەربازخانەی رووسەکان، ٢٥٠٠ کەسەو ١٦ تانگو ١٢ تۆپ، گەرچی راپۆرتی جەندەرمری ئەو ژمارانەی سەرەوە بە سێ قات نیشان دەدات...

بنکەی ژین
www.zheen.org

**رۆژ ژمێری تەورێز**
**FO371/52740-25338**
**ژمارە ٦ی ساڵی ١٩٤٦**
**مانگی جوونی ١٩٤٦**

**٩١) ورمێ**

جەعفەری پیشەوەری لە سەرەتای مانگدا سەردانی ورمێی کردووە. سەفەرەکە، شاری "خۆی"و مەرەندیشی گرتۆتەبەر. دەگوترێ فەرمانی چاککردنی رێگای ورمێی دابێت کە بارودۆخێکی خراپی هەیە، هەروەها فەرمانی چاککردنی شەقامەکانی ورمێو ئامادەکردنی چرای کارەبا لە شاری «خۆی»و بڵێندگۆ بۆ کاری پڕوپاگەندەی نێو شاری ورمێ. پیشەوەری چاوی بە قەشەو خەڵکانی بەساڵاچووی ئاسۆری لە ورمێ کەوتووەو بەڵێنی پارێزگاریکردنی خۆیانو ئازادیی کولتووریان لە حکوومەتی ئازەربایجانی پێ داون.

**٩٢) کاروباری کوردان**

کورد بەئاشکرا رقیان لە روانگەی دیموکراتەکانی ئازەربایجان دەبێتەوە کە سووکو سانا کورد بە کەمایەسییەکی نێو ئازەربایجان دادەنێن، وەك ئاسۆریو ئەرمەنی. هیچ نوێنەرێکی کورد لە وتووێژ لەگەڵ شازادە [مظفر] فیروزدا بەشداری نەکرد، ئەوەش سەرەڕای بەندێك لە بەندەکانی پێکهاتنی نێوان ئازەربایجانیو کوردە (رۆژ ژمێری [ژمارە ٥]

مانگی مەی، پەراگرافی ٧٥)، کە دەڵێ هەموو چەشنە وتووێژێك لەگەڵ تاران پێویستە بە هاوبەشیی هەردوولا بکرێت. تاقە ئاماژەیەکیش و بەوان کرابێت (ئەویش مادەی ١٣یە)، زۆر روون نییە.

لەماوەی ئەم مانگەدا، هەواڵێکی گرنگ سەبارەت بە بەرەی کوردو ئێرانی نەهاتووە، بەڵام وەزعەکە، بەوشێوەیەی وا لێرە چاوڕاوی هەیە، دەبێ وابێت کە هێزەکانی کورد ئێستا گەمارۆی شاری سەردەشت و سەقز و بانە و سنەیان داوە و کورد لە دەوروبەری ١٥ی مانگی جووندا سەرکەوتنێکی خۆیان لەنزیك شاری سەقز راگەیاند کە لەوێ فڕۆکەیەکی ئێرانییان خستۆتە خوارەوە.

قازی محەمەدی سەرۆکی حکوومەتی نەتەوایەتی کورد بەئاشکرا ئەوەی داوەتە دواوە کە دەستی لە عەمەلیاتەکەدا بووبێتو تاوانەکەی خستە ئەستۆی مەلامستەفاو حەمەڕەشید [خانی قادرزادە] کە گوێ نادەنە فەرمانی ئەو. لە کۆتاییەکانی مانگدا، قازی محەمەد هاوڕێ لەگەڵ کەسێك ـ کە دەگوترێ سەیفی قازی نوێنەری ئەو لە وتووێژەکانی تاران بووبێت، بە تەیارە چوو بۆ تاران‌و لەوێ بێگومان هەوڵ دەدات پەیمانێکی جیاواز لەگەڵ حکوومەتی ناوەندیدا ئیمزا بکات.

www.zheen.org

راپۆرت گەیشتووە کە پیشەوەری لە دەوروبەری ٢٠ی مانگی جووندا تێلگەرافی بۆ قەوام السلطنە ناردوەو داوای لێ کردووە شەڕ لە کوردستان بوەستێنێ‌و، قەوامیش لە وەڵامدا گوتوویەتی تاوانبارە کوردەکان بەڕواڵەت هاونیشتمانی عیراق‌و تورکیان‌و ئەو خۆی بەتەنیا

ناتوانێ لەم بارەیەوە هیچ بکات. ئەوە یەکەم جارە باسی کوردی تورکیا دەکرێت کە دەستیان تێکەڵ بە کاروباری باشوور کردبێت، گەرچی کۆنسوولی تورک [لە ورمێ] حیکایەتێك دەگێڕێتەوە کە بەگوێرەی ئەو، لەسەر سنووری نزیك «ماکۆ» پێکدادانێکی سووك لەنێوان کوردو سوپای تورکدا، قەوماوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

## پاشکۆی رۆژ ژمێری ژماره ٦،
## مانگی جوونی ١٩٤٦

پـــەیمانێك لـــەنێوان نوێنـــەرانی دەوڵـــەت [ی ئێـــران]و نوێنـــەرانی ئازەربایجاندا

(لە [رۆژنامەی] ئازەربایجان، ١٦ی جوونی ١٩٤٦دا چاپ کراوە)

دوابـەدوای ئـەو وتووێژانـەی لـەنێوان نوێنـەرانی حکوومـەتی ناوەنـدی [ئێران]و ئازەربایجاندا بەڕێوەچوو و وەك ئەنجامی گۆڕینـەوەی بۆچـوون کە تێیدا، لە رۆژی ٢ی مـانگی ئـوردی بەهیـشتی ١٣٢٥ [= ٢٢ی ئـاپریلی ١٩٤٦]، حکوومـەتی ناوەنـدی راگەیاندنـە ٧ مادەییەکـەی راگەیانـدبوو و لەلایەن نوێنـەرانی ئازەربایجانـەوە قـەبووڵ کرابـوو، بڕیـاردراو موافەقـەی لەســەر کــرا ئــەم مــادە روونکــەرەوەو تەواوکەرانــە ئامــادەبکرێن‌و بەڕێوەببرێن.

مادەی ١: موافەقەکرا کە ئـەم رستەیە لـە مـادەی ١ی راگەیاندنەکـەی دەوڵەت زیاد بکرێت: «مودیری داراییش هـەروەها دەبـێ لەلایـەن شـۆڕای ئوســتانەوە دەســت نیــشان بکرێــت‌و دەوڵــەتیش تەئییــدی بکــات.» (یادداشتی وەرگێڕ: مـادەی یـەکی راگەیانـدنی ٧ مـادەیی دەوڵـەت دەڵـێ سـەرۆکانی دائیرەی کشت‌و کاڵ، بازرگانی، پیـشەسازی، گواسـتنەوەی ناوچەیی، فێرکردن، ساغیەتی گشتی، پۆلیس، دادپەروەری، دادسـتانی و

پـشکێنەری دارایـی لـە ئازەربایجـان، دەبـێ لەلایـەن شـۆڕای ئوسـتانو شارستانەوە دەست نیشان بکرێنو دەسـت نیـشانکردنیان دەبـێ لەلایـەن حکوومەتی ناوەندییەوە لە تاران تەئیید بکرێت).

مادەی ٢: وەك لە مادەی ٢ی ڕاگەیاندنی دەوڵەتدا دەسـت نیـشان کـراوە کە ئوستاندار دوای ئەوەی ڕوانگەی شۆڕای ئوستان ڕاگـەیێنرا، دەبـێ لەلایـەن دەوڵەتەوە دابنرێتو بۆ ئەوەی ئەو ئەسڵە بەباشی بەڕێوەببرێت، موافەقە کـرا کە وەزارەتی ناوخۆ دەبێ ئوستاندار لەنێو چەند کەسێك هەڵبژێرێ کە شوڕای ئوستان ناودێری کردوونو تەئییدی دەبێ لەلایەن دەوڵەتەوە بکرێت.

مــادەی٣: بــە لەبەرچــاوگرتنی گۆڕانکارییــەکانی ئــەم دواییــەی ئازەربایجان، دەوڵـەت «ئەنجومـەنی نەتەوایـەتی» ئێـستا لـەجیاتی شـۆڕای ئوستان قەبووڵ دەکات.

دوای مەجلیـسی پازدەهــەمو پەسـەندکرانی یاسـای نـوێی شـۆڕای ئوسـتانو شارسـتان کـە دەبـێ دەوڵـەت پێـشنیاری بکـات، دەسـتبەجێ هەڵبــژاردنی شــۆڕای ئوســتانی ئازەربایجــان، لەســەر ئەساســی یاســا پەسندکراوەکە، بەڕێوە دەبرێت.

مادەی ٤: بە ئیمـزا کردنـی ئـەم ڕێککەوتننامەیـە سـوپای نەتەوایـەتی ئازەربایجـانی کـە وەك ئـەنجامی ڕیفـۆرمو ڕاپـەڕینی ئازەربایجـان سـەری هەڵداوە، دەبێتە بەشێك لە سوپای ئێرانیو موافەقەکرا کە بۆ دیاریکردنی ئەرکەکانی ئـەم سـوپا (ئازەربایجـانی)یـە و فەرمانـدەکانی، لیژنەیـەك لـە نوێنــەرانی دەوڵــەتی قــوام الــسلطنە و نوێنــەرانی شــۆڕای ئەیالــەتی

ئازەربایجان پێك بێت و ئەو لیژنەیە پێشنیاری خۆی بۆ چارەسەرکردنی خێرای مەسەلەکە، ئاڕاستە دەکات.

مـادەی ٥: موافەقـە کـرا کـە ٧٥٪ی بـاجی ئازەربایجـان سـەرفی مەخاریجی ناوچەکە بکرێتو ٢٥٪ یش وەك یارمەتی مـەخاریجی دەوڵـەتی پادشاهی، بدرێتە دەوڵەتی مەرکەزی.

یاداشتی ژمارە ١:

داهـاتو مەسـرەفی پۆسـتەو تێلگـەرافو گـومرگ، رێگـای ئاسـنو خزمەتگوزارییەکانی گەمی لـێخوڕینی گۆلی ورمێ بەتەواوەتی لە ئەستۆی دەوڵـەتی ناوەندییـەو دەوڵـەت بەتـەنیایی دەسـتی بەسـەریاندا دەگرێـت، بـەڵام شـۆڕا ئەیالـەتیو ویلایـەتیو دەزگـا حکوومەتیـەکانی ئازەربایجـان مافی ئەوەیان هەیە تێلگەراف بە بەلاش بنێرن.

یاداشتی ژمارە ٢:

دەوڵـەت بەرپرسـی دروسـتکردنو چـاککردنی رێگاوبـانی سـەرەکییەو شۆڕای ئەیالەتی بەرپرسی نوێکردنەوە چاککردنی رێگاوبانی دەرەجە دوو و رێگا خۆجێییەکانە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

یاداشتی ژمارە ٣:

وەك پێزانـی بـۆ ئـەو خزمەتـە مەزنانـەی وا گـەلی ئازەربایجـان بـە مەشـرووتیەتی ئێرانیـان کـردووەو بـۆ رێزگرتنـی ئـەو فیداکارییانـەی وا خەڵکی بەغیرەتی ئازەربایجان لـەپێناو دامـەزرانی ئـازادیو دیموکراسـیدا

کردوویانــه، دەوڵــەت موافەقــەتی هەیــە کــە ٢٥٪ی داهــاتی بــاج لــە ئازەربایجان دەبێ تەرخانی مەسرەفی زانستگەی ئازەربایجان بکرێت.

مـادەی ٦: دەوڵـەت موافەقـە دەکـات کـە رێگـای ئاسـنی لـەنێوان میانـەو تـەورێزدا، بـەزوویی درێـژە بـدرێتو بەخێراییـەکی تـەواو کۆتـایی پـێ بێـتو، قەبووڵ کـرا کـە لـەم کـارەدا کرێکـارو لێزانـی ئازەربایجـانی پـێش خـەڵکانیتر دابمەزرێن.

مادەی ٧: هێزی خۆبەش (ڤۆلەنتەر)ـ جگە لە سوپای ئاسایی کە بـە «فیدائیان» دەناسرێ، دەبێ ببێ بە جاندرمـەریو لەسـەر ئـەوە رێککـەوتن هەبوو کە بۆ دیاریکردنی ئەرکو کاری ئەو هێـزە ئاسـاییانەو هـەروەها بـە ئامانجی دیاریکردنی فەرماندەکانیان، دەبێ لیژنەیەك لە ئازەربایجان پێك بێت کە نوێنەرانی دەوڵەتی قوام السلطنە و نوێنـەرانی شـۆڕای ئەیالـەتی ئازەربایجـان تێیـدا بەشـدار بـنو ئـەو لیژنەیـە بـۆ جێبـەجێکردنی خێـرای مەسەلەکە، پێشنیارەکانی خۆی ئاڕاستە بکات.

یادداشتی ژمارە١:

لەبەر ئەوەی لەم ساڵانی دواییەدا، بەهۆی هەندێ کردەوەی نابەجێوە، ناوی «ئەمنیە» یا جاندرمـەری لـە ئێـرانو بەتایبـەت ئازەربایجـان بێـزاریو نـەفرەتی خوڵقانـدووەو بـەهۆی ئـەوەوەی کـە سـەرۆکی دەوڵـەت خـۆی، کۆنترۆڵی جاندرمەری بەدەستەوە گرتـووەو چـاوەڕوانی دەکـرێ کـە لـەو دائیرەیەدا کاری ریفۆرمو پاککردنـەوەی خـەڵکانی ناڕاسـت بـەڕێوەببرێت، موافەقەکرا کە هەستی گشتی خەڵك سەبارەت بـە جەنـدرمریو بەتایبـەت هەستی خـەڵکی ئازەربایجـان بکەوێتـە بـەر سـەرنجی سـەرۆکی دەوڵـەت،

بنکەی ژین
www.zheen.org

بەشێوەیەك كە ناوی ئەو هێزە وا هەیە بگۆڕدرێ‌و بڕیاری پێویست بدرێت كە ناوێكی بەرێ‌وجێی بۆ هەڵببژێررێت.

مادەی ٨: سەبارەت بەو زەوییانەی وا لە ئەنجامی ڕاپەرینی دیموكراتیك لە ئازەربایجان، بەسەر وەرزێراندا دابەش كراوەو بەهۆی ئەوەوە كە دەوڵەت ئەسڵی دابەشكردنی زەوی دەوڵەتی بەسەر وەرزێراندا لە هەموو ئێران قەبووڵ دەكات، هیچ دژایەتیەكی بەڕێوەبردنی كارەكە لەمەڕ زەوییە دەوڵەتیەكان لە ئازەربایجان ناكات‌و لە یەكەمین دەرەتاندا یاسایەك پێشكەشی مەجلیسی نەتەوایەتی دەكات كە تەرتیباتی كارەكە پەسەند بكەن. سەبارەت بە زەوییەكانی تر كە وەك ئاكامی گۆڕانكاییەكانی ئەم دواییەی ئازەربایجان لەنێوان وەرزێراندا دابەش كراون، موافەقەكرا كە بۆ چاككردنەوەی زەرەروزیانی خاوەن زەوییەكان‌و قەرەبووكردنەوەی زیانی ملكەكانیان، لیژنەیەك لە نوێنەرانی دەوڵەتی قوام السلطنە و نوێنەرانی شۆڕای ئەیالەتی ئازەربایجان پێك بێت بۆ ئەوەی پێشنیارەكانیان لەمەڕ چارەسەركردنی مەسەلەكە ئاڕاستە بكەن.

مادەی ٩: دەوڵەت‌و موافەقە دەكات كە هەر ئەوەندەی مەجلیسی پازدەهەم كرایەوە، یاسایەك لەمەڕ بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن لەسەر بنەمایەكی ئازادو دیموكراتیك پێشكەش بە مەجلیس بكات، كە یاسایەكی گشتی، نهێنی، ڕاستەوخۆ، بەرێ‌وجێ‌و بەرانبەر بێت‌و ژنانیش بگرێتەوەو دەوڵەت خوازیاری پەسندی دەستبەجێی ئەو یاسایە دەبێت. دەوڵەت هەروەها موافەقە دەكات كە لە ڕۆژی كرانەوەی مەجلیسی پازدەهەمدا،

یاسایەك پێشكەش بە مەجلیس بكات كە بەگوێرەی ئەو، ژمارەی نوێنەرانی ئازەربایجان‌و شوێنەكانی تری ئێران بەشێوەیەك زیاد بكرێت كە ژمارەی نوێنەران لەگەڵ ژمارەی دانیشتواندا یەك بگرێتەوەو داوا دەكات كە یاساكە بە دوو فەورییەتەوە پەسند بكرێت بۆ ئەوەی كە دوابەدوای پەسندبوونی یاساكە، پاشماوەی نوێنەرانیش بتوانرێ هەڵبژێررێن‌و بنێررێنە مەجلیس.

مادەی ١٠: ئەیالەتی ئازەربایجان دەبێ لە ئوستانی سێهەم‌و چوارەم پێك بێت.

مادەی ١١: دەوڵەت موافەقە دەكات كە بۆ باشتر بەڕێوەچوونی كاروبار لە ئازەربایجان، پێویستە «شۆڕایەكی ئیداری» پێك بێت كە ئوستاندار، سەرۆكانی ئیداراتی كولل‌و رەئیسی كۆمیتەی شۆڕای ئەیالەتی دروست دەبێت‌و « ئەم شۆڕا ئیداری» یە دەبێ لەژێر چاوەدێری شۆڕای ئەیالەتیدا ئیش بكات.

مادەی١٢: لەبەر ئەوەی كە واتای مادەی ٣ لە راگەیاندنی ٢ی ئوردیبەهیشتی ١٣٢٥ی دەوڵەت [٢٢ی ئاپریلی ١٩٤٦] سەبارەت بە رێكخستنی قوتابخانەی ناوەندی و دەبیرستان روون نییە، ئەم رستەیەی لێ زیاد دەكرێت: «لە قوتابخانەی ناوەندی‌و دەبیرستاندا، لەسەر بنەمای ریفۆرمەكانی وەزارەتی فەرهەنگ لەمەڕ بارودۆخی هاوچەرخ‌و ناوچەیی‌و ئوسووڵی دیموكراتیك‌و هەروەها لەسەر ئەساسی بەرنامەیەك كە بەشێوەیەكی بەڕێوجێ دادەنرێ، خوێندن بە هەردوو زمانی فارسی‌و ئازەربایجانی دەبێت».

www.zheen.org

(یادداشتی وەرگێڕ [ی ئینگلیزی]: مادەی ٣ی ڕاگەیاندنی قوام السلطنە دەڵێ: «زمانی ڕەسمی ئازەربایجان وەك بەشەکانی دیکەی ئێران، فارسییە. ئیشی ئیداری لە دائیرە خۆجێییەکانو دائیرەی داد پەروەری وا هەیە بە فارسی یا ئازەربایجانی (تورکی) بێت. بەڵام دەرسی مەدرەسە تا پێنجی سەرەتایی بە زمانی ئازەربایجانی دەبێت»).

مادە١٣: دەوڵەت موافەقە دەکات کە ئەو کوردانەی وا لە ئازەربایجان دەژین، دەبێ کەڵك لەو مافانە وەربگرن کە لێرەدا دەست نیشان کراونو بەگوێرەی مادەی ٣ی ڕاگەیاندنی دەوڵەت، خوێندن تا پۆلی پێنجەمی سەرەتایی لە قوتابخانەکانیاندا دەبێ بە زمانی خۆیان بێت.

یاداشتی ژمارە ١

ئەو کەمایەسییانەی وا لە ئازەربایجان دەژین، وەك ئاسۆریو ئەرمەنی، دەبێ مافی ئەوەیان هەبێت کە بۆ خوێندنی تا پۆلی پێنجی سەرەتایی کەڵك لە زمانی زگماکی خۆیان ببینن.

مادەی ١٤: دەوڵەت دەیگرێتە ئەستۆی خۆی کە یاسایەکی نوێی شۆڕای ویلایەتی لەسەر بنەمایەکی دیموکراتیك بۆ هەموو ئێران پێشکەش بە مەجلیسی پازدەهەم بکات. بۆ نموونە، هەڵبژاردن لەسەر ئەساسێکی گشتی، نهێنی، ڕاستەوخۆو مافی بەرانبەر بێتو هەر ئەوەندەی کە ئەو یاسایە پەسندکرا، هەڵبژاردنی شۆڕای ویلایەتی لە ئازەربایجانو پاشماوەی ئێراندا بەڕێوە دەچێت، شۆڕای ویلایەتی مەوجوود لە ئازەربایجان درێژ بە ئەرکو کاری خۆی دەدات.

www.zheen.org

مادەی ١٥: ئەم ڕێککەوتننامەیە لـە دوو نوسـخەدا نووسـراو ئـاڵو گـۆڕکراو دوای پەسندی کابینەو شۆڕای ئەیالەتی ئازەربایجان بەڕێوە دەبرێت.

تەورێز، تەئریخی **23/3/1325** (١٣ی مانگی جوونی ١٩٤٦)

**پیشەوەری**

**مظفر فیروز**

بنکەی ژین
www.zheen.org

**F0371/52702**
**لەتارانەوە بۆ وەزارەتی دەرەوە**
**١ی جولای ١٩٤٦**

جەنەڕاڵ رەزم ئارا لەماوەی مانەوەی خۆیدا لە کوردستان، توانی پێوەندی بە زۆربەی سەرەك عەشیرە کوردەکانەوە ببەستێتو قازی محەمەدی مەهابادی هان بدات بۆ راوێژکردن بێت بۆ تاران. رەزم ئارا هەروەها بە ئەتاشەی عەسکەری [بریتانیای] گوت کە لە وتوویژکردن لەگەڵ حەمەڕەشیدو مەلامستەفای بارزانی واتێگەیشتووە کە هەڵوێستێکی [ناخوێنرێتەوە] لەلایەن حکوومەتی عیراقەوە وا هەیە بگاتە ئەنجامی ئەوەی کە هەردوو ئەو کەسانەو دەستوپێوەندیان بگەڕێنەوە بۆ عیراق، گەرچی ئەوە دەبێتە هۆی دابڕانیان لە سوپای کورد کە ئێستا دژ بە هێزەکانی ئێران لە ناوچەی سەقزو سەردەشت وەستاون.

بنکەی ژین
www.zheen.org

**رۆژ ژمێری تەورێز**
**F0371/52740-52338**
**ژمارە ٧ی ساڵی ١٩٤٦**
**مانگی جولای ١٩٤٦**

**١٠٨) کاروباری کوردان**

قازی محەمەد ـ ڕێبەری حکوومەتی میللی کورد، لە ڕۆژی ٩ی جولایدا، بە تەیارە گەڕایەوە [تەورێز]. ناوبراو سەبارەت بە ووویـژەکانی تارانی هیچ بەیانێکی دەرنەکرد، بەڵام ئاکام وەرگرتنی گشتی ئەوەیە کە بە هیچ ئەنجامێك نەگەیشتبن.

لە دەوروبەری ناوەڕاستەکانی مانگدا ڕاپۆرتی ئەوە گەیشت کە کوردی چەکداری ناوچەی سەڵماس‌و زیاتر شکاك، بۆ لایەنگریکردنی عومەرخان ـ کە لە دیموکراتەکان [ی ئازەربایجان] تووڕەیە، گوێیان نەداوەتە داواکارییەکانی کورد لەمەڕ خاك‌و بەرەو ڕۆژهەڵات کشاون، شاری "خۆی"یان گرتووەو وەك بەشێك لە ئیدارەی ناوچەکە، دەستیان بەسەر دائیرەی دارایی‌و پۆلیسدا گرتووە.

سەردانەکەی ڕۆژی ٢١ی جولای [من] بۆ شاری "خۆی" دەریخست کە هیچ نیشانەیەك لەوە نابینرێ کە کوردان دەستیان بەسەر شارەکەدا گرتبێ.

دەسەڵاتداریەتی ناوچەیی ئازەربایجانیش بەرپەرچی ئەو چاوڕاوانە دەداتەوە کە گوایە کوردان بەشداریی کاروباری ئیداری شارەکە بکەن. بەڵام لە سەرچاوەیەکی غەیرە ڕەسمیەوە وا دەردەکەوت کە ژمارەیەکی بەرچاوی کورد چووبێتنە ناو شار و وەك هەنگاوێکی دژ بەو کارە، هێزی

www.zheen.org

پاریدەدەری «فیدایی» لەتەورێزەوە نێررابێتنە ئـەوێو کـوردان رازی کـرابن بەوەی بکشێنە دواوەو هیچ پێکدادانێکیش رووی نەداوە.

حیکایەتی لە هەموان گونجاوتر ئەوەیە کە ئەم رازیکردنە لەلایەن سـێ ئەفسەری رووسەوە ئەنجام درابێت کە بەپەلە نێرراونەتە ئەوێ بۆ ئـەوەی چارەسەری مەسەلەکە بکەن.

رۆژی ۲۱و ۲۲ی جوولای، لە ناوچەی نێوان خـۆیو مـاکۆدا ـ کـە کـورد داوای ئـەویش دەکـەن، وا دەرکـەوت کـە دەسـەڵاتداریەتی ئازەربایجـان کۆنترۆڵی تەواوی ناوچەکەی بەدەست بێت.

لـە ناوەڕاسـتی مانگـدا، عومـەرخان ماوەیـەك لـە تـەورێز ماوەتـەوەو راپۆرتی جێگەی بڕوامان پێ گەیشتووە کە ناوبراو لەلایەن ئوسـتاندارەوە بانگ کرابێ بۆ ئەوەی سەبارەت بە مەسـەلەی بـارودۆخی «خـۆی» راوێـژی لەگەڵدا بکرێت.

رۆژی ١٦ی جــوولای، راوێــژکاری باڵوێزخانــەی وڵاتەیــەکگرتوەکانی ئـەمریکا لـە تـاران ـ مستەر "وارد"، هـاوڕێ لەگـەڵ جێگـری کۆنـسوولی وڵاتەکە لە تەورێز، سەردانی مەهابادیان کردووە.

ئەوان بەگوێرەی بانگهێشتنی قـازی محەمـەد، لەکاتێکدا کـە کۆلۆنێـل سـدیق حەیـدەری پارێزگـاری لــێ دەکـردن، گەیـشتوونەتە مـەهاباد. حەیدەری بەڕێوەبەری [کاروباری] کولتوورییە لە حکوومەتی نەتەوایـەتی کورددا (کورد خۆی وشەی "وەزیر"ی بۆ بەکاردەهێنن).

قـازی محەمــەد، ئـەو چـاوپێکەوتنەی بەهــەل زانیــوە بـۆ راکێـشانی لایەنگریی ئەمریکاییەکان بەرەو مەسەلەی کـوردو دەسـەلاتداریەتی کـورد لە ەهاباد هەولێکی زۆری داوە بۆ ئەوەی شوێن دابنێتە سـەر میوانـەکانو هیچ نەبێ عەتفی جێگری کۆنسوول رابکێشێ.

بـەگوێرەی بۆچـوونی ئـەو [واتـە جێگـری کۆنـسوولی ئـەمریکا]، ئـەو کوردانەی وا چـاوی پێیـان کـەوتووە بـە حـاجی بابـا [شـێخ]ی سـەرۆکی ئەنجومــەن [ی نەتەوایــەتی]و ســەیـف القاضــی بەڕێوەبــەری ســوپاوە، بەراشـکاویو بەشـێوەیەکی "مـستدل"، سـووکایەتی خۆیـان بەنیـسبەت دیموکراتەکانی ئازەربایجان ناشارنەوە.

تێگەیـشتوویی ولێهـاتوویی‌و ئـازایی رژێمەکـەیان، هــەورووەها توانــای سـوپاییو بەتایبــەت بێخــەوشبــوونی بزووتنــەوەی نەتەوایــەتییان، ئـەو شتانە بوون کە شوێنیان لەسەر میوانەکان دانـا بـوو. نـاوبراو گـوتی هـیچ نیـشانەیەکی بەرچـاو نەکــەوتووە کــە رووســەکان ئیلــهامیان بــدەنو بــەڕێوەیان ببــەن (مــستەر Dooher تــەنیا لــە مــانگی مارچــەوە هاتۆتــە ئازەربایجانو نزیکەی سالێکیش لە رۆژهەلاتـی نزیك بووە). ئـەو دەیگـوت کە [کوردان] پێیان گوتووم ئامادەن ئەم کەمترین داخوازییانەی خوارەوە لە حکوومەتی تاران وەربگرن:

- ئوستانداریێکی کورد،
- شۆڕایەکی ناوچەیی،
- زامنکردنی مافی کولتوورییان،
- سوپایەك ـ کە ئەفسەرەکانی زیاتر کورد بن.

www.zheen.org

ناوبراو هەندێ قسەو باسی لەمەڕ کوردستانی یەکگرتوو کەوتبوە بەرگوێ ـ کە ناوچە کوردییەکانی عیراقو تورکیاش دەگرێتەبەر، بەڵام مەهابادییەکان ـ کە ئەو بڕوای پێدەکردن، ئەو مەسەلەیان خستۆتە پشت گوێ. ناوبراو بەڕواڵەت بە دوو باوەڕەوە گەڕابوەوە ئێرە:

یەکەم ئەوەی کە رووسەکان هیچ دەورێکیان لە بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورددا نییەو دووهەم ئەوەی کە کورد بۆ ئەو داواکارییانەی واهەیانە، دەجەنگن.

ئاکامێکیش کە لەو راپۆرتە وەردەگیرێت ئەوەیە کە کورد هیچ نەبێ لە ئازەربایجانییەکان زیاتر پڕوپاگەندەیەکی باشتر دەکەنو رێبازی خۆیان بۆ راکێشانی لایەنگریی ئەمریکییەکان بەرنەداوە. کەوابوو، لەکاتێکدا کورد بەئاشکرا پشتیان بە هاندانو یارمەتیو کەرەسەی رووس گەرمە، زۆریش لە کۆمۆنیزم دڵخۆش نین. ئازەربایجانیەکان ـ کە کەوتوونەتە ئەوپەڕی رەنجو ئازارەوە، هیچ رێگەیەکی دیکەیان لەبەرنییە جگە لەوەی زیاتر رووس بن تا سۆڤیەتی، لەکاتێکدا کورد ـ کە ئیشوکاریان تێکەڵ بە رووسیو ئازەربایجانی بووەو هیچ کامیشیان خۆش ناوێن، وا هەیە بڕوایان وابێت کە لایەنگریی ئەمریکییەکان، تەمەن [ی حکوومەتەکە] یان درێژ دەکاتەوە.

www.zheen.org

### ١٠٩) ورمێ

هەواڵەکانی ئازەربایجانی رۆژئاوا لەماوەی ئەم مانگەدا زۆر روون نەبوون، بەڵام وا دەردەکەوێ کە دەسەڵاتداریەتی دیموکرات [ی ئازەربایجان] لە دوا حەوتووی مانگی جوولایدا تووشی گێروگرفت هاتبێ.

حزووری هێزی خاوەن دەسەڵاتی کورد لە هەموو ناوچەکانی دەوروبەر، بەئاشکرا ئەو بیرۆکەیە دەخولقێنێ کە بۆ خەڵکی ورمێ بە موسڵمان‌و ئاسۆری‌و ئەرمەنییەوە هیچ دەرەتانێك نەبێت - ئەو خەڵکەی کە بەشێوەیەکی بێچارەسەر تووشی لێکدابڕاوی هاتوون.

هەروەها، هەمیشە رۆحێکی سەربەخۆ لەناو حیزبی دیموکراتی ورمێدا هەبوە کە مل دانەواندن بۆ دەسەڵاتی بەهێزی کۆمیتەی ناوەندی تەورێزییەکانیان پێ خۆش نەبێت. لە ناوەڕاستەکانی مانگدا راپۆرتی ئەوەمان پێ‌گەیشت کە کۆمیتەی ورمێ تێلگەرافی بۆ جەعفەری پیشەوەری لێدابێت‌و داوای کردبێ کە ئیعتباری نوێنەرانی ورمێ لە شۆڕای ئوستان وەربگیرێتەوەو هەڵبژاردنێکی نوێ بەڕێوە ببرێت. چاوەڕاو هەیە کە پیشەوەری داواکارییەکەی قبوول کردبێت بەڵام "صادق پادگان"و هەندێ لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی نێرراون بۆ ئەوەی لەمەسەلەکە بکۆڵنەوە.

بەبێ هیچ گومانێك کورد بوونەتە هۆی پەرەسەندنی دووبەرەکی لەنێوان تەورێزو ورمێدا. راپۆرتی زۆر سەبارەت بەکاری بەرێ‌وجێ‌و دادپەروەرانەی کوردان دەگاتە دەستمان، بەتایبەت کردەوەی راست‌و بەجێی کەسێك بەناوی «کامل بەگ» لە هۆزی بەگزادە [ی دەوروبەری ورمێ؟ - وەرگێڕ] کە وا دەردەکەوێ بەرپرسێکی کورد لە بەشی ئازوقەی ورمێ بێت. ناوبراو پروپاگەندەیەکی باشی بۆ خۆی دروست کردووە بەوەی کە کوردی مەجبوور کردووە پارەی مەسرەفی هێزەکانی خۆیان بدەن. ئەم مەسەلەیە، بەڕادەیەك بۆ خەڵکی ورمێ گرنگە کە تەنانەت گوتراوە

بازرگانە عەجەمەکانی ناو شار گوتوویانە کە حکوومەتی کوردییان دەوێ.
هەروەها خاوەن ملّکی ورمیش وا خۆنیشان دەدەن لایەنگری کوردان بن.

ئاشکرایە ئەگەر ورمێ لە[نێو حوکمی] کوردستاندا بوایە، یاسای دابەشکردنی حاسڵ نەیدەتوانی شمووڵی بکات.

راپۆرتێك، ژمارەی ئەو شەڕکەرانەی وا لە ناوچەی ورمێوە بۆ بەرەی سەردەشت ـ سەقز نێرراون، دەگەیێنێتە ٨ هەزار سوارەو پیادە.

دەگوترێ زوربەی ئەوانە لە کۆتایی مانگدا گەڕابێتنەوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

**رۆژ ژمێری تەورێز**
**F0371/52740-25338**
**ژمارە ٨ی ساڵی ١٩٤٦**
**٣١ی ئۆگۆستی ١٩٤٦**

**١٢٦) ناوچە کوردییەکان**

لە حەوتووی یەکەمی مانگی ئۆگۆستدا، قازی محەمەد ـ رێبەری حکوومەتی نەتەوەیی کورد، سەردانی ورمێ و سەڵماسی کردووە. باسی چۆنیەتی سەردانەکەی گەیشتۆتە دەرەوە (ی ناوچەکە)، بەڵام شوێندانانی گشتی مەسەلەکە ئەوەیە کە پەسەندی ئەوە دەکات کە کوردی ئەو ناوچانە لە داواکاری خۆیان لەمەڕ بەدەستەوەگرتنی ئازەربایجانی رۆژئاوا دەست هەڵناگرن. ناوبراو، لەگەڵ قەشەی کلێسەی کەلدانی ورمێدا قسەی کردووەو بەڵێنی ئەوەی داوەتێ کە کوردان لە مەسەلەی لایەنگریکردنی ئاسۆری دژ بە ئازەربایجانیەکان، پشتگیری کۆمەڵگاکەیان بکەن.

بنکەی ژین
www.zheen.org

قەشەی ناوبراو کە لە زۆر هەلومەرجی نالەبار رزگاری هاتووەو کوردی لە بارودۆخدا بینیوە، خۆی هیچی رانەگەیاند، بەڵام بەراشکاوی بە قازی محەمەدی گوت کە سیاسەتەکانی ئاسۆریان لە ترسی ئەوان هەڵدەقوڵێ، قازیش بەمەندییەوە گوتی"سەردەمی ترس بەسەر چووە".

پیشەوەری  کە دوابەدوای قـازی چـۆتە ئازەربایجـانی رۆژئـاوا، هـەوڵی ئـــەوەی داوە کـــە لەگـــەڵ قازیـــدا پێکهـــاتنێکی هـــەبێت، بـــەڵام دواتـــر ســـەلماندوویەتی کـــە ســـەرنەکەوتووە. لەعـــەینی کاتـــدا، گەرچـــی بەڕێوەبەرایـــەتی دیمـــوکراتی ئازەربایجـــان بەروالـــەت دەســـەڵاتی بەدەستەوەیە، بەڵام ئەوانیش وێدەچێ وەك دەسەڵاتداریەتی پێشووی ئێرانیـەکان، کـە لـە مـانگی دیسامبری سـاڵی پـار لەسـەرکار وەلانـران، بێدەسەڵات بن.

دەسەڵاتەکە، تەنانەت لەنێو عەجەمی دانیشتووی ورمێشدا پـشتگیرییەکی کـەمی لـێدەکرێ، بـۆ نموونـە، دەگـوترێ ئێـستا لـەوێ پێـنج حیـزب هـەن. فیـدائیانی ئازەربایجـان ئێشکـچیەتی شـاریان بەدەسـتەوەیە، بـەڵام تـاقمی چەکداری کوردیش هەمان ئەرك بەڕێوە دەبەن، ئەوەش لەکاتێکدا کە کـوردان کۆنترۆڵی هەموو ناوچەکانی دەروپشتی شاریان بەدەستە.

بەرەو کۆتاییەکانی مانگ، هەواڵی دووبەرەکی نێـو کوردانمـان پێگەیـشت. دەگوترا رەشـید بـەگی هـەرکیو نـووری بـەگی بـەگزادە لەسـەر دابەشـکردنی حاسڵ لێیان بۆتە شەڕو دەڵێن یەك لە پیاوانی نووری بەگ کوژراوە.

کـوردی ناوچـەی ورمـێ دژ بـەوە وەسـتاون کـە یاسـای دابەشـکردنی حاسڵی ئازەربایجان بەڕێوەببەنو لەم کارەیاندا، بەئاشکرا، خاوەن مڵکـی عەجـەم پـشتگیرییان دەکـەن. زیـاد لـەوە، ئـەوان گوتوویانـە کـە یاسـای ئازەربایجان بۆ دابەشـکردنی مڵکـی بـاش بەسـەر وەرزێرانـدا، بـەگوێرەی قورئان بێئیعتبارەو پێیان گوتراوە کە زەوییـە دابەشـکراوەکان بدەنـەوە

خاوەنەکانیانو بەگوێرەی "شەرع"، سێیەکی بەرهەمەکەشی بدەن بە زەکات (خێرات).

لە دەوروبەری ناوەڕاستی مانگدا، راپۆرتێك گەیشت کە هێزێکی کورد لە "تەقی ئاباد" [ی باشووری رۆژهەڵاتی میاندواو]ەوە چۆتە ناو شاری میاندواو و گوترا کە هێزەکە، هی حکوومەتی نەتەوایەتی کورد بووبێت.

هەندێ هێزی یارمەتیدەری سوپای گەل لەتەورێزەوە نێرراونو دوای ئاژاوەیەکی بچووك، کارەکە بەولایەدا کەوتووە کە کوردو ئازەربایجانی پێکەوە شوێنەکە هەڵسووڕێنن.

بنکەی ژین
www.zheen.org

**F0371/52740**

**تێلگەرافی ژمارە٢٦٩**

**٢٨ی ئۆگۆستی ١٩٤٦**

## لە کۆنسولیەتی تەورێزەوە

## بۆ باڵوێزخانەی [بریتانیا] لە تاران

**راپۆرتی بارودۆخ**

پێکهاتنی دەوڵەتی [ی ئێران]و ئازەربایجان لە١٦ی جوونی ١٩٤٦

پاشکۆی راپۆرتی مانگی ئۆگۆست

پیشەوەری تەئییدی ئەوەی کردووە کە لەگەڵ کوردانددا نەیتوانیوە بگاتە ئەنجامێك لەسەر مەسەلەی ورمێ.

دیموکراتەکان بەرواڵەت کۆنترۆڵی شارەکەیان بەدەستە، بەڵام ژمارەی هێزی ئێشکچی کورد دووقات بووەو کورد هەموو گوندێکی دەوروبەریان لەژێر کۆنترۆڵدایە. راپۆرتی ئەو دەگات کە لەسەر مەسەلەی دابەشکردنی حاسڵ، شەڕێك لەنێوان هەرکیو بەگزادەدا قەومابێت.

بنکەی ژین
www.zheen.org

**FO95/2596 XC 0333**

**لەلایەنی جێی. دەبلیو. واڵ**

**کۆنسوولی گشتی بریتانیا، لە تەورێز**

**بۆ: سر جان ئێچ. لۆ رۆژتێل، کەی. سی. ئێم. جی. ئێم. سی.**

**باڵوێزی ئەعلا حەزرەت (باڵوێزی بریتانیا) لە تاران**

**١١ی سێپتامبری ١٩٤٦**

گەورەم،

بەشانازی دەزانم قسەکانی زۆر سەرنجڕاکێشی قاسم ئاغای ئیلخانی زادەی عەشیرەتی دێبوکریتان سەبارەت بە وەزعی کوردستان پێ‌رابگەیەنم. ئەو دوێنێ چاوی بە من کەوتو لەسەر ئەو دیدارە بە تێلیگرامی ژمارە ٢٨٥ ئاگادارم کردن.

٢ـ قاسم ئاغا کوڕی بایزید ئاغایە، کە لەگەڵ براکانی واتە مەحموود ئاغاو عەلی ئاغا (ئەمیر ئەسعەد)دا عەشیرەتی دێبۆکری کۆنترۆڵ دەکەن‌و لە ناوچەی بۆکان کە کەوتوتە خوارووی میاندواو زەوی‌و زارێکی زۆریان هەیە. بایزیدو مەحموود لەکۆنەوە لەگەڵ عەلی ئاغا کێشەو قڕەیان هەبوە، ئەو بنەماڵەیە بەگشتی لەوەتا قازی محەمەد سەری هەڵێناوەو رووسان پشتیان گرتووە لەگەڵی لەکێشەدان.

قاسم یەك لەو سەرۆك عەشیرەتە کوردانە بوو کە پارەکە لەلایەن دەسەڵاتدارانی شووڕەوییەوە بۆ "زانیاری‌پێدان" بانگهێشتی باکۆ کران.

ئەگەرچی قاسم ئاغا دوای گەڕانەوە لەو سەفەرە باسی وتووێژکانی خۆیانی بۆ گێڕامەوە، بەڵام من لەو بڕوایەدانیم ئەو لەسەر یەك لایەنگری بریتانیا بێ کە خۆی دەیەوێ وا نیشان بدا. ساختر ئەوەیە ئەو وەکوو هەموو سەرۆك عەشیرەتێکی دیکە وەك دەستنێژ، هەلپەرستو جێی بڕوا نەبوون دابندرێ. من لەدوای شۆڕشی ئازەربایجان لە دیسامبری رابردوودا چاوم بە قاسم ئاغا نەکەوتبوو.

٣ـ قاسم ئاغا، بەگشتی گوتی، کاروبارەکانی حکوومەتی نیشتمانیی کوردستان، لە قوڕ چەقیوەو چ پارەیەکی [بۆ راپەڕاندنی کاروبار] بەدەستەوە نییە. [ئەو گوتی] قازی محەمەد کە بەڕواڵەت سەرۆکی حکوومەتو حیزبی دیموکراتی کوردستانە، دەسەڵاتێکی زۆر کەمی بەسەر عەشیرەتەکاندا هەیەو ناتوانێ پشت بە وەفاداری هیچ کامێك لە سەرۆك عەشیرەتەکان ببەستێ.

کوردەکان لەبەر ئەوە قازی محەمەدیان وەك سەرۆکی رواڵەتی قەبووڵ کردووە، چونکوو لەحاڵی حازردا، کلیلی ئەنباری چەكو پارەی رووسانی بەدەستەوەیە. وتووێژەکانی قازی لەگەڵ قەواموسەڵتەنە لە سەرەتای مانگی ژوویيەدا نەگەیشتە هیچ کوێ: قەواموسەڵتەنە پێکیشی دەکرد کوردەکان لە ئازەربایجان وەك بەشێك لە دانیشتوانی ئازەربایجان رەوتاریان لەگەڵ دەکرێو ئەو تەگبیرو هەنگاوانەی کە لە ١٤ی جوون لەنێوان تاران و تەورێزدا رێککەوتنی لەسەر کراوە ئەوانیش دەگرێتەوە. قازی محەمەد ئەوەی قەبوول نەکردووە.

٤ـ مەلامستەفای بارزانی ئارەزووی ئەوەی لەسەردایە قازی محەمەد لە سەرۆکایەتی بزووتنەوەی نیشتمانیی کورد وەلابەرێ.

مەلامستەفاو پیاوەکانی لە سەرەتای ئەمساڵدا باری قورسی شەڕ بەدژی هێزە ئێرانییەکان لە ناوچەی سەردەشت ـ سەقزیان بەسەر شانەوە بوو بە پشتیوانییەکی زۆرکەم لەلایەن کوردەکانی ئێرانەوە. مەلامستەفا نزیکەی هەزار چەکداری هەیە: چەکەکانیان رووسەکان داویانێو مەلامستەفا بۆ خۆی ئەوپەڕی هەوڵی خۆی دەدا بۆ ئەوەی رووسەکان والێ بکا لەجیاتی قازی محەمەد پشتیوانی لەوی بکەن. قاسم لەو بڕوایەدا بوو، حەمەڕەشید، چووەتەوە عیراق.

٥ـ سیاسەتی کوردەکانی رەزاییە بەتەواوی هەلپەرستانەیە. ئەمەرخانی شکاک، سەرۆك عەشیرەتی هەرە گرینگی ئەو ناوچەیە، ئامادەیە هەر کەسێکی پارەی بداتێ لێی وەربگرێ، بەبێ ئەوەی بەڵێنی خۆی بەجێبێنێو خاوەنی قسەی خۆی بێ. بەهاری رابوردوو ئەو ٢٠,٠٠٠ تمەنی لە رووسەکان وەرگرت بۆ ئەوەی هێزێك بنێرێ بۆ جەبهەی سەردەشت ـ سەقز. ئەو چووە ئەوێو لە مەهاباد ٥,٠٠٠ تمەنی دیکەشی لە قازی محەمەد وەرگرت، بەڵام پیاوەکانی چ شەڕیان نەکرد و زوو پاشەکشەیان کرد. بەو زووانە ئەو سەری لە تەورێز داوە (بڕوانە یادداشتەکەی مانگی جوولای من) و لەلایەن حکوومەتی ئازەربایجانەوە دوو ئۆتۆمۆبیل، پارە و چەکی بە دیاری دراوەتێ.

٦ـ پێوەندی رووسەکان لەگەڵ کوردەکان بەهۆی سەردانی تاوناتاوی کاربەدەستانی کۆنسوولیی شوورەوی دانیشتوانی تەورێزو رەزاییە لە

مەهاباد درێژەی هەیە، بەڵام [ئەو پێوەندییانە] بە دەرەجەی یەکەم بەرێگەی نوێنەرێکی دەزگای بازرگانی رووسی دانیشتووی مەهاباد کە گەنمو تووتنی کوردی دەکڕیٚو قەندو شەکرو کووتاڵی رووسی دەفرۆشێ هەڵدەسووڕیٚ. ئەو هەروەها رێبەکیشە بۆ دابینکردنی چەکو وەکوو نوێنەری سیاسی دەبزوێتەوە. ئەو موسڵمانێکی خەڵکی باکۆیە.

٧ـ لەکاتێکدا کوردەکان بۆ خۆیان ناهومێدانە بڵاوو بێسەرەن، گشتیان لەدژی بیری توانەوە لە ئازەربایجاندان. ئەوان سکاڵایانە پەیمانی ئازەربایجان/ کوردستان کە لە٢٣ی ئاپریل ئیمزا کراوە (راپۆرتی ژمارە١٩ی من لە١٠ی مای ١٩٤٦) تا ئەو جێگەیەی کە دەگەڕێتەوە سەر شوێنە تێکەڵاوەکانی رەزاییەو میاندواو جێبەجێ نەکراوە. بەپێچەوانە، حکوومەتی ئازەربایجان دەسەڵاتی بەسەر مەڵبەندی بەتەواوی کوردیدا داگرتووەو لەم دواییەدا محەمەد حوسێنی سەیفی قازی ["وەزیری شەڕ" لە حکوومەتی نیشتمانیی کوردستان] ی داناوە کە ببێتە فەرمانداری مەهاباد.

[حکوومەتی ئازەربایجان] هەر بەهەمان شێوە مافی بەخۆی داوە غوڵام یەحیای دانیشیان بکاتە فەرماندەی ژاندارمەری لە مەهاباد (تێلگرامی ژمارە ٢٧٠ی من). قازی محەمەد زۆر بەتوندی بەدژی ئەو لەبەرکارنانە ئیعترازی کردو رایگەیاند کوردەکان رێگە بە چ [دەزگایەکی] ژاندارمەری جگە لە ئی خۆیان نەبێ نادەن. لەگەڵ ئەوەشدا، دانیشیان سەری لە مەهاباد دا، بەرواڵەت دوای ئەوەی قازی محەمەد بوو بە دەستەبەری هاتنو چوونی بە سلامەتی.

٨ــ کوردەکانی ماکۆو خۆیەش هەر ئاوا بێزوقێزیان لە دەسەڵات بەدەستەوەگرتنی حکوومەتی ئازەربایجان دەبێتەوەو، ئێستا نوێنەرانی ئەو شوێنانە لە تەورێزن بۆ ئەوەی ڕاوێژ بە قازی محەمەد بکەن. شێخ عەبدولقادر، سەرۆك عەشیرەتی کۆنەساڵی کوردە جەلالییەکانی ماکۆ سەری ناوەتەوەو ئێستا کوڕەکەی، حەسەن ئاغا جێی ئەوی گرتووەتەوە. ئەو قسانەی وا قاسم ئاغا سەبارەت بە هەوڵی کوردەکان بۆ داگیرکردنی خۆیە لە بەرایی مانگی جوولایدا، بۆی گێڕامەوە تا رادەیەکی زۆر هەر ئەوانەن کە من لە راپۆرتی ژمارە ٢٤ی خۆم پاراگرافی ٨،٩ لە٢٣ی جوولایدا پێم راگەیاندن. ئەو لێی زیاد کردو گوتی هێزی کوردان لە ئەندامانی عەشیرەتی ملی (یان میلان) پێك هاتبوون و لەژێر سەرۆکایەتی سەعید ئاغادا بوون.

ئەو هەر وەها رایگەیاند کە کوردەکان هێشتاش کۆمیتەیەکی لەمەڕ حیزبی خۆیان لە خۆیەدا هەیە. فەرمانداری ئێستای ئازەربایجان لە خۆیە، جەبباری زاریع، بەتوندی دژی کوردە.

٩ـ لە ڕەزاییە کوردەکان چیتر لە حکوومەتی ناوچەییدا بەشدار نین. خاوەن موڵکە کوردەکانی ناوچە حاسڵاتو خەڵەو خەرمان بەپێی سیستمی کوردی دابەش دەکەن، بەڵام خاوەن موڵکە عەجەمەکان [تورکی ــ ئاخێوەرەکان] دەبێ قانوونی دابەشینەوەی حاسڵاتی ئازەربایجان رەچاو کەن.

١٠ـ تا ئەو جێگەیەی بگەڕێتەوە سەر سیاسەتی کوردی بەگشتی، قاسم ئاغا لەو بڕوایەدا بوو کە ئیدیعای حیزبی دیمۆکراتی کوردستان کە دەڵێ

www.zheen.org

هـەر داوای خودموختـاری لـە چوارچـێوەی دەوڵـەتی ئێرانـدا دەکـا لـە بیانوویەك نەبێ زیاتر نییەو، پێشنیاری قازی محەمەد بۆ هاوکاری لەگـەڵ بەرەیەکی یـەکگرتووی پارتییـە ئازادیخوازەکـانی ئێـران، دڵپاکانـە نییـە. ئامــانجی راســتەقینە وەك جــاران کۆمــارێکی بەتــەواوی ســەربەخۆی کوردستانە کە کوردەکانی ئێران، عیراق، تورکیاو سووریا بگرێتەوە. قاسم ئاغا گوتی گشت بزووتنەوەکە، لەلایەن رووسەکانەوە دنە دراوەو بـەڕێوە دەچێ. ئەو رایگەیاند کە قازی محەمەد زۆرجار پێی گوتووە کـە ئـەو بـۆ خۆی ناتوانێ بەپێی ئیرادەی خۆی هـیچ بکـاو، رێـكو راسـت دەبـێ سـەر وەبەر فەرمانی رووسەکان بهێنێ.

١١ـ قازی محەمەد، بـەپێی ئامۆژگـاری رووسـەکان، ئـەوەی لەدەسـتی هاتووە کردوویە بۆ ئەوەی عەشیرەتی دێبۆکری ناچار بکا لەگـەڵ حیزبـی دیمۆکراتی کوردستاندا هاوکاری بکـەن. پـاش ئـەوەی کـە ئـەو بـە زمـانی خۆش رێبەرانی دیبۆکری پـێ پێمـل نـەکرا، ئـەم هاوینـە خـەڵکی بـەدوودا ناردن کە بیانهێنێ بۆ مەهاباد. ئەوان بەقسەیان نەکردو ملیان نـەدا بـچن. دوای ئەوەی قازی محەمەد هێزێکی ١٠٠٠ کەس چەکداری ناردە بۆکان. لە ئاقار ئەم مەترسییەدا قاسم ئاغا ئەندامی بنەماڵەکەی خۆیـانی دنـە دا بـۆ ئەوەی کێشەو دووبەرەکی ناوکۆیی خۆیان بەلادا بخەنو ئـەمیر ئەسـعەدو براکانی بەیەکەوە ئاشت بوونەوە. کاتێك هێزی ناردراوی مەهاباد گەیـشتە بۆکان، ئیلخانی زادەکان بەرەو یەکێك لە دێیەکانی خۆیان کە چەند میلێك لەشارەوە دوور بوو پاشەکشەیان کردو، بە چەك شەتەکدان لـە خـەڵکانی

لایەنگریان، خۆیان لەئاست سەربازانی کورد ئامادەکرد. لەهەمان کاتدا، وەڵامیان نارد بۆ گشت ئەندامانی عەشیرەتەکەیان کە وەچیاکەونو لە بەرزاییەکانی قایمی یەکێك لە دێیەکانیان خۆیان داکوتاو ئامادەی دەستکردنەوە بوون. قازی ئەو جار رووی لە سەرۆك عەشیرەتەکانی لای رۆژئاوا ناو هێزێکی تێکەڵاوی لە عەشیرەتەکانی شکاكو هەرکی کە ئەندامانی دەگەیشتە "هەزاران کەس" کۆکردەوەو ئەوانە شوێنی دیبۆکرییەکانیان گەمارۆ دا. ئینجا قازی محەمەد لە ئێلخانی زادەکانی رائەسپارد بێنە رەدایەو، ئەوان کە هەستیان پێ کرد [ئەو هێزەی گەمارۆی داون] زۆر لە خۆیان زیاترە، هەلومەرجەکانی قازی محەمەیان قەبووڵ کرد.

١٢ـ سەرەڕای ئەوەش، قاسم ئاغا، لەو بڕوایەدایە کە بنەماڵەکەی لەژێر مەترسییەکی زۆردایە، چونکوو رووسەکان ئەوان بە دوژمن دەزانن‌و درەنگ یان زوو بەتەواوی لەنێویان دەبەن. ئەو رایگەیاند کە ئیلخانی زادەکان خۆراگری دەکەن، بەڵام چ هیوای بە سەرکەوتن نییە، مەگەر ئەوەی بریتانیای مەزن یارمەتییان پێ بکا. ئەو گوتی داوای یارمەتی لە سەرتیپ هومایوونی، فەرماندەی ئێرانی لە سەقز کردووە، بەڵام سەرتیپ بەساردی وەڵامی داوەتەوەو گوتوویە کە فەرمانەکانی چی لێ شین نابێ. ئێلخانیزادەکان هیچ هیوایەکیان بە پشتیوانی حکوومەتی ئێران نییە.

قاسم ئاغا لەوە دەگەیشت کە چ یارمەتییەکی بریتانیا ناکرێ بە رێگەی تەورێزدا بە عەشیرەتەکەی بگا، بەڵام لەبەر ئەوەی کە خەتی پێوەندی

ئەوان لەگەڵ عیراقدا جاریٚ هەر ئاواڵەیە، داخوازی ئەوەبوو داخودا ناکریٚ هێندێك مەئمووری حکوومەتی بریتانیا لەوێوە بێنو سەر لە بۆکان بدەنو ئامۆژگاریو یارمەتییان پێبکەن.

ئەو رایگەیاند، ئەگەر دێبۆکرییەکان لەلایەن بریتانیاڕا بڕێکیان یارمەتی پیٚکرابایە، دەیانتوانی حیزبی دیموکراتی کوردستانو گشت بزووتنەوەی نیشتمانیی ئەو دواییانە تەنانەت بەر لەوەش کە دەستپێبکا تێك بڕووخێنن.

١٣ـ من لە قسەکانمدا هەوڵم دا خاوی کەمەوەو بۆم روون کردەوە قاسم ئاغا بەو پێشنیارەی هەمان شت دەکا کە بەپێی ئەو سەرزەنشتی قازی محەمەد دەکا. باشترین شت بۆ ئەو ئەمەیە لەگەڵ قازی محەمەد لە ئاشتیدا بیٚو بەراشکاوی تێیبگەیەنیٚ کە تەنیٚ تا ئەوکاتە وەك دۆستێکی وی دەمێنێتەوە کە قازی محەمەد دڵپاکانە بۆ وەدی هێنانی ئاواتە رەواکانی کورد کار بکاو رێگەچارەیەکی هێمنانە لەگەڵ حکوومەتی نێوەندیی ئێراندا ببینێتەوە. ئالێرەدا بوو کە قاسم ئاغا بەدممدا هاتەوەو گوتی قسەکردن لەگەڵ قازی محەمەد چ فایدەی نییە، چونکوو لەڕاستیدا ئەو گشت فەرمانەکانی لە رووسەکان وەردەگریٚ.

١٤ـ من لەکاتێکدا بۆم دەرکەوت چ کەڵکێکی ئەوتۆی نییە قسەکانم سەبارەت بە پرێنسیپە بەرز، بەڵام تارادەیەك لێڵی یەکێتییو نیشتمانپەروەری لەگەڵ پیاوێك درێژە پێبدەم کە مەیلی سەرەکی ئەوەیە کە چلۆن رەقیبێکی لەمێژینەی تێك بشکێنیٚو دەوڵەتو سامانی مادی

خۆی لەئاست هەڕەشەی کۆمۆنیزم بپارێزێ، هەولْم دا قاسم ئاغا ئەوە تێبگا کە باشترین متمانەو دلْنیایی بۆ عەشیرەتو بنەماڵەکەی ئارامبوونەوەی گشتی کوردستانەو باشترین داکۆکی لەئاست خۆتێکوتانو نفووزی رووسان بەرهەڵستکارییەکی بەڕاستیی یەکگرتووی خەڵکی ئێرانە. لەگەڵ ئەوەشدا من هەستم کرد، کە قاسم ئاغا بە بیرکردنەوەی قووڵ لە بزربوونی تەواوی حکوومەتی ئێران لەم ئوستانەدا و دەستەڵاتی راڕای لە شوێنەکانی دیکەی ئەم پادشاییەدا، دەکرێ لەبەر دڵراوکێو بەگومانبوونی مرۆڤ لێی خۆش بێ.

**ئیمزا جێی. دەبلیو. والْ**
**j. w. wall**

بنکەی ژین
www.zheen.org

**F0371/52668**
**میستر لی روجیتێل**
**١٤ی سێپتەمبەری ١٩٤٦**

دووپاتکراو بۆ حکوومەتی هیند
بەهۆی تێلگرافی ژمارە٢٥٨ی ١١ی سپێەمبەری تەورێزەوە گەیشتووە
[سەرەتا]

"قاسم ئێلخانیزادە"، یەکێ لە سەرەك هۆزانی کوردی دێبوکری، دوێشەو هاتەلام. زانیارییەکی تازەی کەمی پێبوو، بەڵام بەتوندی باسی دژایەتی هۆزەکەی خۆیانی کرد لەگەڵ حیزبی کوردەکانو داواکاری یارمەتی بریتانیا بوو، بۆ بەکارهێنانی نفووزیانو پێشنیاری ئەوەی خستە بەردەم کە هاوکاری لەنێوان بنەماڵەی ئەو و کاربەدەستانی بریتانیا (روون نییە؟ عیراق) [واهەیە "لەرێگەی عێراقەوە" بێت. وەرگێری کوردی] دابمەزرێ ئەویش بەهۆی ئەو راستییەوە کە کۆنترۆڵی دیموکراتەکان پێوەندیی ئەوی لەگەڵ من بە تەواوەتی ئەستەم کردووە.

من ئەو پێشنیارەم رەت کردەوەو داوام لێکرد نفووزی خۆیو عەشیرەتەکەی بۆ وەدیهاتنی موافەقەی کوردی- ئێرانی بخاتە کارو بەهۆی هارکاریی لە مەسەلەی یەکپارچەیی ئێراندا، یارمەتییەکی زیاتر بۆ بەرگری نفووزی بێگانە بکات.

ئەو، بەشێوەیەکی سروشتی ئەم داواکارییەی منی دوور لە واقیعبینیو بێواتا هاتە پێش چاو.

٢) ژمارەیەك سەرەك هۆزی کورد، ئێستا لە تەورێز کۆبوونەوەو قاسم ئاماژەی بە هێندێ هەنگاوی بەهێزتری حکوومەتی کورد کرد لەپێناوی کۆتاییهێنان بەو حاڵەتە وەستانەی وا لەپێوەندیی ئازەربایجانییەکاندا تووشی هاتوون.

بنکەی ژین
www.zheen.org

**رۆژ ژمێری تەورێز**
**F0371/52740-25338**
**ژمارە ٩ی ساڵی ١٩٤٦**
**٣٠ی سپتەمبری ١٩٤٦**

**١٣٧) کوردان**

چالاکی کوردان لە ناوچەی ورمێو لەماوەی ئەم مانگەدا، بۆتە هۆی دڵنیگەرانی حکوومەتی ناوچەیی. وا دەردەکەوێ کە لەماوەی چەند حەوتووی رابووردوودا، نزیکەی ٥٠٠ سەربازی کورد لە ورمێو دەوروپشتیدا بووبێتن، بەڵام هیچ راپۆرتێك لەمەڕ شەڕێکی راستەقینە نەگەیشتووە - گەرچی حکوومەتی ناوچەیی لای وایە باشتربێت هێزی یاریدەدەری فیدایی بنێرێتە سەڵماسو خۆی، بۆ ئەوەی نیشان بدات کە دەیەوێ ئەو شوێنانە بپارێزێت. جەنەڕاڵ کاویان لەگەڵ هێزەکەدا بووە.

راپۆرتی ئەم دواییانە نیشان دەدەن کە کوردان شوێنی ستراتیجیکی رێگای نێوان ورمێو سەڵماسیان گرتووەو باجی رێگاو بان لەهەموو هاتوچۆکەرێك وەردەگرن.

بنکەی ژین
www.zheen.org

١٣٨) مەسەلەیەکی جێگەی پەسەندی هەموولایەکە کە بزووتنەوەی ئێستای کورد لەژێر کۆنترۆڵی راستەوخۆی قازی محەمەددایە - گەرچی ناوبراو دەیەوێ وا نیشان بدات کە لەگەڵ سوسیال دیموکراتەکان [ی ئازەربایجان]دا پێوەندێکی دۆستانەی هەیە. جەنەڕاڵ دانیشیان —

فەرماندەی گشتی فیدائیان، لە ناوەڕاستەکانی مانگدا تەورێزی بەجێهێشتو چوو بۆ مەهاباد بۆ ئەوەی لەوێ بنکەی جاندەرمری دابمەزرێنێت، بەڵام کوردەکان گوێی زۆریان نەدایەو گوتیان ئەگەر بارودۆخەکە جێگەی دڵنیایی بێت، خۆیان کارەکە بەڕێوەدەبەن. بەهۆی دڵنیگەرانی دانشیان لەمەڕ بارودۆخی ورمێ، پیشەوەری داوای لە قازی محەمەد کرد بچێتە ئەوێو دۆخەکە هەڵسەنگێنێ.

١٣٩) کورد داوای ئەوە دەکەن کە ورمێ، سەڵماس، خۆیو میاندواو بە شاری کورد بناسرێنو تائێستا، نفوزی رووس بۆ بەرگریکردن لە ئاژاوە، سەرکەوتوو بووە. راپۆرتێك کە بەرواڵەت جێگەی متمانەیە، دەڵێ لە دەوروبەری ٢٥ی ئەم مانگەدا کۆنسوولی گشتی رووس لە تەورێز سەردانی ناوچەی ورمێی کردووەو وا دەزانرێ کە دژ بە هاندانی کوردان هەڵوێستی گرتبێ بۆ هێرشکردنی راستەوخۆیان بۆ سەر حکوومەتی ئەیالەتی ئازەربایجان.

راپۆرتی ئەوەش هاتووە کە کوردان لە کۆتایی مانگدا، شاری ورمێیان چۆڵ کردبێت. چاوڕاوی گشتی هەیە کە وەك رێزلێنانی زەحمەتەکانی، لەکاتی گەڕانەوەیدا لەو سەفەرە، دوو گەورەپیاوی کورد ـ کە گوێیان نەدابوە پلەوپایەی دیپلۆماتە رووسیەکە، دەمانچەو کیفی ناوباخەڵیان لێ رفاندووە.

١٤١) ... [پاراگرافی ٣]: کارخانەی قەندی میاندواو ـ کە عاید بە حکوومەتی ناوەندییەو دەسەڵاتداریەتی ئازەربایجان دەستی بەسەردا

گرتووه، شانۆی تەنگوچەڵەمەی ئەوان و ئەو کەسانە بووە کە چەوەندەر دەچێنن. ئەو کەسانە، کوردنو دەیانەوێ کارخانەکەش خۆیان بەڕێوی ببەنو دەڵێن شارەکە شاری کوردانە. هەڕەشەی ئەوەش دەکەن کە ساڵی دادێ هیچ چەوەندەرێك ناچێنن ئەگەر داواکارییەکەیان جێبەجێ نەکرێت. بەڵام پێشنیاری مەسڵەتکردنێکیش کراوە کە بەگوێرەی ئەو، دەبێ نیوەی بەرهەمی کارخانەکە بدرێتە کوردو نیوەکەی دیکەی بە حکوومەتی ناوچەیی ئازەربایجان...

**W. Mitchell Cares**

**کۆنسوولی گشتی بریتانیا**

**٣٠ سپتەمبری ١٩٤٦**

بنکەی ژین
www.zheen.org

F0371/52008

**میستر رۆجێتیل**

**٧ی ئۆکتۆبەری ١٩٤٦**

## بەهۆی تێلگەرافی ژمارە ٣٠٥ی تەوریزەوە

## لە٧ی ئوکتۆبردا گەیشتووە

[ سەرەتا]

تێلگەرافی ٣٠٥ی من.

زانیارییەکی ئامالّ بێهەلّەم پێگەیشتووە کە دەلّێ حکوومەتی ناوچەیی ئازەربایجان لەگەلّ «قازی محەمەد»دا گەیشتۆتە ئەو پێکهاتنە کە داهاتی خۆی، [روون نییە] پیر [؟ ناروونە] شاهپوور، ورمێو میاندواو بە شێوەیەکی بەرانبەر [ ناروونە؟ چ شتێك] لەنێوانیاندا دابەشبکرێت بۆ سەرفی ئەو خەرجو مەخاریجە زۆرەی وا هەیانە. هیچ راگەیاندنێکی رەسمی سەبارەت بەو مەسەلەیە، تائێستا بڵاونەبووتەوە.

٢) بەگوێرەی هەر ئەم پێکهاتنە، دەگوترێ یەکێ لە کوردەکان لە دەفتەری دەولّەت [ی ئازەربایجان] دانراوە.

٣) کوردەکان خەریکی ناونووسکردنی سەربازن کە [ناروونە] مانگانە ٨٠ تا ١٢٠ تمەنیان پێدەدرێ کە ئەوە گەلێك زیاترە لەو مەواجبەی وا لەلایەن حکوومەتی ئازەربایجانەوە بە سەربازی دەدەن|، بۆیە فیداییەکان بەتفەنگەوە هەلّدێنو رەگەلّ کوردەکان دەکەون.

[ تەواو]

**رۆژ ژمێری تەورێز**
**F0371/52740-25338**
**راپۆرتی ژمارە ١٠ی ساڵی ١٩٤٦**
**٣١ی ئوکتۆبری ١٩٤٦**

**151) کوردان**

ئاژاوەی نێو هۆزەکان بووە هۆی ئەوەی کە حکوومەتی ئەیالەتی ئازەربایجان لە کۆتایی ئەم مانگەدا لەگەڵ قازی محەمەد لەسەر ئەوە پێك بێت کە هەر باجێك لە شاری «خۆی»، سەلْماس، ورمێو مياندواو کۆدەکرێتەوە، نیوە بە نیوە لەنێوانیاندا دابەش بکرێتو لەبەرانبەردا، ئاشتیو هێمنایەتی لە ناوچەکە دابین بکرێت. لە ئەنجامی رێککەوتنەکەدا، ژمارەیەك کورد لە دائیرە دەوڵەتییەکان [ی ئەو شارانەدا] دامەزراون.

عومەرخان ـ کە سەرۆکی بزووتنەوەیەکی هەندێك بەدەسەڵاتی کوردی بووە کە ئەو دەسەڵاتە، تەواو لە قازی محەمەد جیاوازە، لە ١١ی ئوکتۆبردا پێشنیارێکی دیکەی ئاراستە کردو بەگوێرەی پێشنیارەکانی ئەو:

ئـ ـ حکوومەتی ئازەربایجان دەبێ ساڵانە سێ ملیۆن ریاڵ بداتە کوردان بۆ ئەوەی ئاسایشی ئازەربایجانی رۆژئاوا دابین بکەن،

ب ـ دەسەڵاتی شارەکانی ئازەربایجانی رۆژئاوا بەدەست حکوومەتی ئازەربایجانەوە دەمێنێتەوە، بەڵام نوێنەرانی کورد دەبێ لە ئیدارە دەوڵەتییەکاندا ئیشیان لەگەڵ بکەن.

ئـەم پێکهاتنـە، پێـشتر لەلایـەن زێـڕۆ بـەگ (کـوردی کومۆنیـست)و جەنەڕاڵ دانشیان لەلایەن حکوومەتی ئازەربایجانەوە، مۆرکراوە.

عومەرخان ـ کە هۆزی شکاکو مەنگوڕی بەتەواوەتی لەپشتەو دەیەوێ کـۆنترۆڵی تـەواوی بـەری ڕۆژئـاوای ورمـێ بەدەسـت خۆیـەوە بێـت، ئـەم پێکهاتنـەی داوەتـە دواوەو هەڕەشـەی کـردووە کـە بـەرەو باکوورـ واتـە ماکۆو هەروەها ڕۆژهەڵات ـ واتە "مەرەند" دەکشێ.

لـە ئەنجامـدا، عومـەرخان بەشـداریی ڕێککـەوتنێکی کـرد کـە حکوومـەتی ئەیالەتی ئازەربایجان لەگەڵ کوردانی ورمێدا بەستیو بەگوێرەی ئەو، شەش یا حەوت سەرەك هۆز، هەر کام بە پارەیەکی مانگانە ٢٥ هەزار تمەن کڕران.

هەروەها سەرەك هۆزانی کوردی ناوچـەی ورمـێ، پێـنج یـەکی حاسـڵی ناوچەکانی خۆیان بەزۆر لە خەڵك ئەستاند.

١٥٢) لـە ١٦ی ئوکتـۆبردا، ڕاپـۆرتی شـەڕ لـەنێوان کـوردی جـەلالیو فیدائیان [ی ئازەربایجان] لـەماکۆ، گەیشت، بـەڵام گـوترا کـە چـەند ڕۆژ دواتر کۆتایی پێهاتبێ.

بایەخی گوتنی هەیە کە لە هەموو ئـەو چالاکیانەی کوردانـدا، جێگـری کۆنـسوولی ڕووس لـە ورمـێ بەشـداریی وتووێـژیانی لەگـەڵ حکوومـەتی ئەیالـــەتیی ئازەربایجـــان کـــردووەو دەوری نێوبژیکـــەرو ڕاوێـــژکاری هەردوولایەنی هەبوە.

وا زانراوە کە هۆزەکانی دێبۆکری، مەنگوڕو مامەشی ناوچەی مەهاباد، هاوڕێ لەگەڵ عومەرخانو شکاکەکان ـ کـە قینـی ئایینیـان لـە کۆمـۆنیزم

هەیـە، بـەوە رازیـن کـە دژ بـە دیموکراتــەکانی ئازەربایجـان هاوکـاریی حکوومەتی ناوەندی بکەن.

ئەوان خـەریکن عـەمباری گـەنمی خۆیـان پـڕ بکـەنو عومـەرخان ـ کـە لەبەرانبـەر چـەكو تەقەمەنیـدا، گـەنم بـە رووسـەکان قـەرزدارە، داوای لێکردوون بێن چەکەکانیان ببەنەوە لەبەر ئەوەی گەنمی نییە بیانداتێ (وا دەردەکەوێ کە عەمبارێکی باشی لە چەكو تەقەمەنی هەبێت).

١٥٣) ... کارخانەی قەندی میاندواو، مەکینەی نـوێی لەرووسـیاوە بـۆ هاتووەو چاوەڕوان دەکرێ بەرهەمی ساڵی دادێی گەلێك زیـاتر بێـت. ئـەم بەرهەمە بە یەك رادە لەنێوان کـوردو حکوومـەتی ئەیالـەتی ئازەربایجانـدا دابەش دەکرێت.

محەمەد حـسین سـەیفی قـازی، "وەزیـری جـەنگ" لـە"حکوومـەت"ی کورددان ، بۆ چارەسەری نەخۆشی، چووە بۆ رووسیا...

بنکەی ژین
www.zheen.org

## F0371/52702
## کۆنسوولی گشتی شای بریتانیا
## تەوریز
## ٣١ی ئوکتۆبری ١٩٤٦

[ ئەم وتووێژە، لە فایلی ساڵی ١٩٤٦دا تۆمار کراوەو بریتیە لە پرسیارو وەڵامی کاربەدەستێکی ئینگلیزی لە عیراق، لەگەڵ سێ سەرەك هۆزی کوردی ئێران– وەرگێڕ]

**٢) ئازەربایجان**

چاوپێکەوتنێکی بەهەڵکەوتم هەبوو لەسەر سنووری عیراقو ئێران لە"زینوێ شێخ" لەگەڵ سێ کەسی ناوە بەدەرەوەی کوردی کوردستانی ئێران. محەمەد ئەمین ئاغای شیناوێ، سەرەك هۆزی پیران لە ئێران، قەرەنی ئاغای "کەلات رەش"ی پیران، و شێخ موسلیح، خزمی شێخ عوبەیدیلای زینوێ.

وتووێژەکە هەندێ زانیاری هەمەچەشنەو سەیرو لەگەڵ وەشدا سەرنج راکێشی لەمەڕ رووداوەکانی ئازەربایجان بەرهەم هێنا. لەگەڵ ئەوەدا کە رووداوی گرنگ لە ئێران روو دەدات، رووداوی وا کە بۆیان ئەستەم بوو بتوانن شەرحی بکەن [ رستە ئینگلیزییەکە هەندێ بەشی دووپات بۆتەوەو ناتەواوە - وەرگێڕ]، ئەوان هاتبوونە خوازبێنی کچی سوار ئاغای پیران لە رانیە.

بەپێچەوانەی کێشو هەوای چەند مانگ لەمەوپێش، کە نەتدەتوانی کوردی ئێران ببینی بەئازادییەوە سەبارەت بە هەلومەرجی سیاسی ئەودیوی سنوور قسە بکەن، بەش بەحاڵی ئەم سێ کەسە، هیچ ترسێکیان لە وەڵامدانەوەی پرسیاکان نەبوو. بەڵکو زۆریشیان پێخۆش بوو زانیاری زیاتر پێشکەش بکەن، دەتگوت پێیان سپێرراوە کە پروپاگەندە بڵاوبکەنەوە. من لەخوارەوە بەشێك لەو وتووێژە دەنووسم کە دوای سەرەتا دەمەزراندنی عادەتی لەنێوانماندا بەرێوەچووە.

هـ. م. جی [کاربەدەستی ئینگلیزی]: گوندەکەتان لە ئێران لەکوێیە، ئاغا ؟

قەرەنی ئاغا: گوندی من "قەلات رەش"ـە، بەڵام ببوورە، لە ئێران نییە، لە ئازەربایجانە.

هـ. م. جی: چۆن ؟ من لام وابوو ئازەربایجان بەشێك لە ئێران بێتو ئوستانی باکووری ولات بێت.

قەرەنی ئاغا: ئای، بۆ نەتبیستووە ؟ ئێمە ئێستا دەوڵەتی خۆمان هەیە.

هـ. م. جی: بەڵێ، شتێکم لێ بیستووە، ئایا شەڕێکی قورسیش لەوێ کراوە ؟

قەرەنی ئاغا: نەخێر، سەرکەوتنێکی هاسان بوو، لە زۆر شوێن هەر شەڕیش نەکرا.

هـ. م. جی: بەم پێیە، دەبێ چەکو تەقەمەنی زۆر چاکتان بووبێت. ئەو چەکانەتان لەکوێ وەرگرت ؟ ئایا دزیتان ؟

هـ. م. جی: قەرەنی ئاغا (بەراستگۆییەکی تەواوە): نەخێر، بێگومان نا، لەلایەن دۆستەکانمان واتە رووسەکانەوە پێمان درا.

www.zheen.org

: بەراست ؟ من پێم وا بوو رووسەکان لە رووداوەکانی ئازەربایجاندا لایەن ناگرن، خۆیان هەمیشە وایان گوتووە.

قەرەنی ئاغا: راستە. ئەوان لە رۆژنامەکانی تەورێزو ورمێدا وادەڵێن. بەڵام ئەوە تەنیا قسەی بەتاڵە. ئەوان زۆرمان لە مەسەلەی Q.T. [؟] دا یارمەتیمان دەدەن. بۆ نموونە، ٥٠٠تفەنگو ٩ لۆرییان داوە بە ناوچەکەی ئێمە (مەهاباد). تفەنگو ترومبیلیان بە هەموو شوێنێك داوە. زۆرمان بۆ باشن.

هـ. م. جی: سەرەتا، تەنگوچەڵەمەکە لەکوێوە دەستی پێکرد ؟

قەرەنی ئاغا: وەڵڵا لەمەهابادەوە، ئێمە یەکەم شوێن بووین کە کاربەدەستانی ئێرانیو سەربازمان دەرکردن، دواتر، شوێنەکانی دیکەش رەچاوی کاری ئێمەیان کرد.

هـ. م. جی: کەوا بوو، ئێوە ئێستا دەوڵەتی خۆتان هەیە ؟ لام وایە پێشتر وات گوت.

محەممەد ئەمین ئاغا: هێشتا نا، بەڵام بەم زوانە دەمان بێت. رووسەکان وا دەڵێن. ئێستا تەنگوچەڵەمەیەکی کەم لەنێوان تورك [= ئازەربایجانی]و کورددا هەیە. یەکەمیان [واتە ئازەربایجانی] دەیەوێ ئەوان یەك حکوومەتیان لە تەورێز هەبێو کوردیش حکوومەتێکی لە مەهاباد هەبێت. بەڵام کورد کە ئێمەین دەڵێین لەبەر ئەوەی ئێمە زۆرترین، پێویستە یەك حکوومەت هەبێتو ئەویش لە تەورێز. [؟]

هـ. م. جی: ئەم کێشەیە چۆن چارەسەر دەکرێت؟

قەرەنی ئاغا: قازی محەمەدی رێبەرمان چووە بۆ مۆسکۆ بۆ راوێژکردن لەگەڵ ستالینو دەشزانین. چ وەڵامێك دێنێتەوە. رووس هەمیشە پێشتگیری ئێمەی کورد دەکات.

هـ. م. جی: ئەو قازی محەمەدە دەبێ پیاوێکی مەزن بێت. ئایا هەر ئەو ڕێبەری کۆمەڵەنییە لە مەهاباد ؟

محەمەد ئەمین ئاغا: نا، کۆمەڵە تەواو بووە. ئێمە ئێستا هەموومان دیموکراتین، بەڵام قازی محەمەد ئێستا هەر ئێستاش ڕێبەرمانە. ئەو پیاوێکی گەورەیە. ئینگلیزی، فەڕەنسی، ڕووسیو زۆر زمانی تر دەزانێت.

هـ. م. جی: ئێوە لە مەهاباد ڕۆژنامە خۆتان هەیە ؟

قەرەنی ئاغا: بەڵێ، تازە دەستی پێ کردووە. ڕووسەکان دەزگای چاپو کاغەزیان پێداوین.

هـ. م. جی: ئایا پیاوی گەورەی دیکە وەك قازیتان هەیە ؟

قەرەنی ئاغا: بەڵێ جەنەڕاڵ مەلامستەفا بە ئیشوکاری عەسکەری ڕادەگات. ڕووسەکان زۆریان خۆش دەوێت. قازی زەویوزاری زۆری لە دەوروبەری شنۆ پێداوەو نزیکەی ٩ هەزار پارەی ئێرانی [تمەن] ی بۆ خۆیو خەڵکەکەی وەکۆکردووە.

هـ. م. جی: ئایا ئێوە سەردەشتیش بە ناوچەی خۆتان دەزانن ؟

قەرەنی ئاغا: بەڵێ، شاری سنەش.

هـ. م. جی: کەی وا دەقەومێت ؟

قەرەنی ئاغا (بەفیزی زۆرەوە): بەڵێ، زۆری پێ ناچێت.

هـ. م. جی: ئایا لە ناوچەکەدا کەستان هەیە ئیشتان بۆ بکات ؟

قەرەنی ئاغا: حەمەڕەشیدخان هی خۆمانە.

هـ. م. جی: ئایا ناوبراو ئێستا لە ئێرانە ؟

بنکەی ژین
www.zheen.org

قــەرەنی ئاغـا: لـەم دواییانـەدا لـە عـێراق هـەڵاتووە. رووسـەکان لـە رۆژنامەدا نووسیویانە کە ئینگلیزەکان یارمەتی هەڵاتنیان داوە بۆ ئـەوەی ناوچەکەی [؟] دژ بە ئێرانیەکان راپەڕێنێ.

هـ. م. جی: بەڵام ئەگەر زەمانێك حکوومـەتی خۆتـان پێك بێـت، ئایـا خـەڵکانی پـسپۆڕی واتـان هەیـە کـە ئیشوکـاری بەڕێوەبەرایـەتییان بـۆ هەڵسووڕێنن ؟

محەمەد ئەمین ئاغا: زۆرمان هەیە، بەڵام رووسەکان دەڵێن ئەوەنـدەی پێویـست بکـات یارمـەتیمان دەدەن. هــەروەها ئێمــە ئیجــازە بــە کاربەدەستانی ئازەربایجانیش دەدەین لەنێوماندا بمێننەوە.

هـ. م. جی: ئـەی مەسـەلەی پـارە ؟ ئایا پارەیـەکی زۆرتـان لـە تـاران نەوەستێنراوە ؟

قەرەنی ئاغا: بەڵام رووسەکان دەڵێن هەر ئەوەندەی بریتانیاو ئەمریکا بەشـێوەی رەسمـی حکوومەتەکـەمان بناسـن، ئـەوان پارەمـان بـۆ چـاپ دەکەن.

هـ. م. جی: ئەی ئەگەر هاتو ئەوان بە رەسمییان نەناسین ؟

قـەرەنی ئاغـا: دەبـێ بمانناسـن. بـۆ مەگـەر ئـەو هـەموو باسـی مـافی گەلانی بچووك ناکەن ؟

www.zheen.org

هـ. م. جی: ئەی تووتنەکەتان ئەمساڵ تووشی موشکیلە نەهاتووە ؟

قـەرەنی ئاغـا: بـەڵێ، تـاران ئێستاش ٢ ملیـۆن ریـاڵ پـارەی حاسـڵی پارەکـەمان پـێ قـەرزدارەو وا حاسـڵی ئەمساڵیـشمان لـێ نـاکڕن. بـەڵام

رووسەکان دەڵێن ئەگەر تاران نەیکرێت، ئەوان لێمان دەکڕنو دوو ملیۆن ریاڵی ساڵی پاریشمان پێ دەدەن.

هـ. م. جی: وا دیارە رووسیا دەیەوێ وڵاتەکەتان بۆ هەڵسووڕێنێت.

قەرەنی ئاغا: بەڵێ، زۆر چاکن، باشترین دۆستی کورد ئەوانن. هەرچی بخوازین پێمان دەدەن.

هـ. م. جی: ئەی لەبەرانبەر ئەو هەموو چاکەیەدا ئێوە چیتان بەوان داوە؟

قەرەنی ئاغا: ئەوان ئیمتیازی نەوتیان پێدراوە.

هـ. م. جی: ئایا بەکاری دەهێنن ؟

قەرەنی ئاغا: بەڵێ، تازە موهەندیسی زۆریان لەرووسیاوە هێناوە.

هـ. م. جی: ئەی خەڵکی هەژار لەم گۆڕانکارییانە چییان پێ دەگات ؟

قەرەنی ئاغا: زەوییان لە خاوەن زەوی دەوڵەمەندی تاران چنگ دەکەوێتو، جگە لەوە، قوتابخانەو خەستەخانەو رێگاوبانو رێگای ئاسن بنیات دەنێین.

هـ. م. جی: ئەی ئەگەر ئاغای دەوڵەمەندی تاران نەبوو، چی ؟ لام وایە ئاغاواتی وەك خۆتان زەوی بە خەڵك دەدەن.

محەمەد ئاغا (بەتوندی): نەخێر، نا، ئێمە کۆمۆنیست نین، دیموکراتین.

www.zheen.org

هـ.م. جی: وابزانم سەربەخۆییەکی تەواوتان نابێت. رووسەکان هەر ئێستاش حکوومەتەکەتان بۆ بەڕێوە دەبەنو لەوەش زیاتر، هەموو پێداویستیەکتان دەبێ لەرووسیاوە بۆ بێت.

قـەرەنی ئاغـا: بـەڵێ، تاکاتێـك کـە لەسـەر پێـی خۆمـان دەوەسـتین. رووسەکان بەڵێنیان پێداوین.

هـ. م. جـی: بـەم پێیـە، وا دیـارە ئێـوە لـەنێوان دوو ئـاگردا گیرتـان خواردبێت، لەبەر ئـەوەی رووسـەکان بـەڵێنیان داوە تـا ١ی مـانگی مـارچ وڵات بەجێبهێڵن.

قەرەنی ئاغا: بەقسە وەهایـە. ئـەوان تـا کاتـێ کـە پێویـستمان پێیـان بێت، دەمێننەوە.

هـ. م. جی: لە ئازەربایجان کێی دیکەتان هەیە ؟

قەرەنی ئاغا: ئاسۆری‌و ئەرمەنییەکان.

هـ. م. جـی: ئایـا ئەرمەنییـەکان ناچـن لـە ئەرمەنـستانی سـۆڤیەتی دابمەزرێن؟

قەرەنی ئاغا: ئێمە بە رووسەکانمان گوتووە کە باش نییە دانیـشتوانی ئازەربایجان کەم بکەنەوەو، ئەوانیش دەستووریان داوە ئەرمەنی لە هـەر کـوێ نیـشتەجێن، لـەوێ بمێننـەوەو لـەوەش زیـاتر، بـەڵنیان داوە سـێ ناوچەی تورکیاش بەزوویی بکەونە سەر ئازەربایجان.

لــەم وتووێــژە بــەروونی دەردەکــەوێت کــە پڕوپاگەنــدەی رووس لــە ئازەربایجـان بەتـەواوەتی لەگـەڵ مێـشکی عەشـیرەییدا یـەك دەگرێتـەوە. بێگوومان سیاسەتی بریتانیا لە عیراق، راستو دروستو عەینیـە، بـەڵام ئـەو سیاســەتە، درێژخایــەنو دوورەدەســتەو هــەر بۆیــەش، مێـشکی سـاکاری عەشـیرەیی پەسـەندی ناکـات، ئـەو مێـشکەی کـە هـەرگیز بـیر لـە سـبەینێ ناکاتەوە.

لەلایەکی ترەوە، رووسەکان بەڵێنی هەر ئێستایان پێ دەدەن، جا بیانەوێ بیکەن یان نا، بەڵام هەرچۆنێك بێت، بە باشی لە کوردستان نفووزی بۆ پێکەوەناون.

لە کۆتاییدا، کاتێ بەراوردی هیواو شەوقو زەوقی بەربڵاوی ئەم کوردانەی ئێران لەگەڵ فەزای ماتو خەمباری رەواندزدا دەکەی، وا دەردەکەوێ کە هەندێ کاردانەوەی لەم بەری سنوورەکان دەبێ چاوەڕوان بکرێت.

بنکەی ژین
www.zheen.org

## رۆژ ژمێری تەورێز
## FO371/61978
## راپۆرتی ژمارە ١١ی ساڵی ١٩٤٦
## نۆڤامبری ساڵی ١٩٤٦

[راپۆرتی ژمارە ١١، گەرچی سەبارەت بە مانگی ١١ی ساڵی ١٩٤٦ نووسراوە، بەڵام لە فایلی ساڵی ١٩٤٧دا تۆمارکراوە. ئەم راپۆرتە، سەرجەم لە ٦ پاراگراف پێك هاتووە (ژمارە ١٥٤ تا ١٥٩) و لەلایەن کۆنسوولی بریتانیا لە تەورێز ـ واتە Mitchell carse ـەوە ئیمزا کراوە، بەڵام بابەتێکی بەرچاوی لەپێوەندی مەسەلەی کورددا تێدا نییە.

دەزانین کە لەم مانگەدا، هێرشی حکوومەتی ناوەندیی ئێران بۆ سەر ئازەربایجان دەستی پێ کردو وا هەیە هۆیەکی ئەم بێدەنگبوونە، چاوەڕوان بوونی کۆنسوولیەتە بۆ ئاکامی رووداوەکان ـ گەرچی چاوەڕوان دەکرێت سەبارەت بەو رووداوە گرنگانە ـ واتە شەڕو پێکدادانی هێزی سوپایی ئێران لەگەڵ فیدائیان لە ناوچەی زەنجانو گیرانی شاری تەورێزو کوشتو کوشتاری خەڵك لەلایەن سوپای ئێرانو هەڵاتنی رێبەرانی دیموکراتی ئازەربایجان بۆ سۆڤیەتو هەروەها بارودۆخی کورد لەو مانگەدا، راپۆرتێکی زۆر گەشتبێتە کۆنسوولیەت. دوور نییە وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا ئەو بەشانەی راپۆرتەکەی لەبەر هۆی ئاسایش نەخستبێتە بەردەستی خوێنەری ئاسایی. وەرگێڕ]

www.zheen.org

## رۆژ ژمێری تەورێز
## F0371/61978
## راپۆرتی ژمارە ١٢ی ساڵی ١٩٤٦
## دیسەمبری ١٩٤٦

[ئەم راپۆرتەش ـ گە لەمەڕ ڕووداوەکانی مانگی ١٢ی ساڵی ١٩٤٦ نووسراوە، بەهەمان شێوەی راپۆرتی ژمارە ١١، لەگەڵ فایلی ساڵی ١٩٤٦دا تۆمار کراوەو بەم بۆنەیەوە ریفرەنسی جیاواز لەوانی ساڵی ١٩٤٦ی هەیە.

راپۆرتی ژمارە١٢ش (پاراگرافی ١٦٠– تا١٧٠)، بابەتێکی بەرچاوی لەمەڕ کورد تێدا نییە، بەڵام پاشکۆیەکی گەلێك بەنرخی لەمەڕ چارەنووسی رێبەرانی حکوومەتی میللی ئازەربایجان لەگەڵە، کە من لێرەدا دەیهێنمەوە. ئەودەم هێشتا کۆماری کوردستان هەڵنەوەشابوەوە. وەرگێڕ]

پاشکۆی راپۆرتی ژمارە ١٢، دیسەمبری ١٩٤٦

لیستەی رێبەرانی سەرەکی دیموکرات [ی ئازەربایجان]و چارەنووسیان:

- دوکتۆر سلام الله جاوید ـ ئوستاندار، لە تاران گیراوە،
- دوکتۆر مەهتاش ـ جێگری ئوستاندارو فەرمانداری تەورێز، گیراوە،
- عەلی شەبستەری ـ سەرۆکی شورای ئەیالەتی، لە تاران گیراوە،
- صدیق پادگان ـ جێگری سەرۆکی شورای ئەیالەتی، لە رووسیایە،
- غلامڕەضا ئیلهامی ـ بەڕێوەبەری ئیدارەی دارایی، لە رووسیایە،
- یوسف عەزیما ـ بەڕێوەبەری ئیدارەی دادپەروەری، ون بووە،

ـــ ئاتــەش خــان بــەیات مــاکو  ـ جێگــری بەڕێوەبــەری ئیــدارەی دادپەروەری، ون بووە،

ـ دیبایان ـ بەڕێوەبەری ئیدارەی فێرکردن، ون بووە،

ـ حەسەن جەودەت ـ بەڕێوەبەری ئیدارەی پیشەسازی، ون بووە،

ـ رەزا رەسووڵی ـ بەڕێوەبەری ئیدارەی ئابووری، ون بووە،

ـ ئیسماعیل بازرگانی ـ بەڕێوەبەری ئیدارەی کشتوکاڵ، گیراوە،

ـ دوکتۆر ئەورەنگی ـ بەڕێوەبەری ئیدارەی ساغیەتی، ئازاد کراوە،

ـ جەنەڕاڵ جەعفەری کاویان ـ سەرۆکی پۆلیسی ئازەربایجان، لە رووسیایە،

ـ پەناهی ـ سەرۆکی پۆلیسی سیاسی، ون بووە،

ـ جەنەڕاڵ غولام یەحیا دانشیان ـ فەرماندەی جەندرمری، لە رووسیایە،

ـ جەنـەڕاڵ رەبیعـی کـەبیری ـ سـەرۆکی فیـدائیان، گـیراوەو حـوکمی ئیعدامی دەرچووە،

ـ قەهرەمانی ـ مامۆستای سوارەی فیدائی، کوژراوە،

ـ عەبدوڵڵا رەحیمی ـ سەرۆکی شەهرداری تەورێز، ئازاد کراوە،

ـ دوکتۆر جهانشاهلوو ـ سەرۆکی زانستگەی ئازەربایجان، لە رووسیایە،

ـ حەسەن فروغ ـ بەڕێوەبەری بانکی نەتەوایەتی ئازەربایجان، ئازاد کراوە،.

ـ ئازەر ـ سەرۆکی ئیدارەی هێڵی ئاسن، لە رووسیایە،

ـ ئیعتیماد ـ سەرۆکی ئیدارەی سەبت، ون بووە،

فەرماندارانی شارەکان (Governers ):

ـ محەمەد تەقی رەفیعی ـ فەرماندری ورمێ، هەواڵی نازانرێ،

- کۆلنێل ئازەری - مامۆستای هێزەکان لە ورمێ هەواڵی نازانرێ،
- نوراللە یەقینی - سەرۆکی پۆلیسی ورمێ، کوژراوە،
- ئازەر ئابادەگان - فەرمانداری ئەردەبیل، هەواڵی نازانرێ،
- جەبا راژری - فەرمانداری "خۆی"، هەواڵی نازانرێ،
- غلامڕەضا جاویدان - فەرمانداری مەراغە، هەواڵی نازانرێ،
- جەنەڕاڵ میلانیان - مامۆستای هێزەکان لەمەراغە، وەن بووە.

شەهرداری شارەکان (Mayors ):
- عباسعەلی پەمبەئی - شەهرداری سەلْماس، گیراوە،
- هیلال ئازاد - شەهرداری خەلْخاڵ، هەواڵی نازانرێ.

بەرپرسانی حیزبی دیموکراتی ئازەربایجان:
- جەعفەر پیشەوەری - سەرۆکی کۆمیتەی ناوەندی، لە رووسیایە
- صادق پادگان - جێگری سەرۆکی کۆمیتەی ناوەندی، لە رووسیایە،
دیهگانی - سەرۆکی لقی رێکخراوەیی، ون بووە،
- قیامی - سەرۆکی بەشی تەبلیغات، لەرووسیایە،
- بادکوبەچی - سەرۆکی کۆمیتەی شاری تەورێز، ئازاد کراوە،.
- میر رەحیم ولائی - جێگری سەرۆکی کۆمیتەی تەورێز، گیراوە.

www.zheen.org

## F0371/82325/132938
## هەڵبژاردەی پەیمانی دۆستایەتی نێوان ئێران‌و رووسیا ـ ٢٦ی فیبرەوەری ١٩٢١

[ ئەم بەڵگەنامەیە لەفایلی ساڵی ١٩٤٦دا پارێزراوەو هی سەرهەڵدانەوەی دوای بیست‌و پێنج ساڵ واهەیە ئەوە بووبێت کە ئینگلیزەکان ویستبێتیان دیراسەی پێوەندەکانی نێوان رووسیاو ئێران بکەن دوای خۆگرتنی سۆڤیەت لە کشانەوە لە ئێران لە کۆتایی شەڕی دووهەمی جیهانیدا. هەڵبژاردەکە خۆی، لە ماددەی چوارەوە دەست پێدەکات ـ وەرگێڕ]

٤ـ بە لەبەرچاوگرتنی ئەو راستییەی کە هەر نەتەوەیەك مافی دیاریکردنی سەربەخۆی چارەنووسی سیاسی خۆی هەیە، هەرکام لە دوولایەنی پەیمانەکە خواستی خۆیان بەم شێوە رەسمییە دەردەبڕن کە خۆ لە هەر دەست تێوەردانێکی کاروباری سیاسی لایەنەکەی تر بگرن.

٥ـ دوولایەنی بەرزی پەیمانەکە، وە ئەستۆی دەگرن کە: ـ

١ـ بەرگری لە پێکهاتن یا بوونی هەر رێکخراوە یا تاقمێکی خەڵك لەناو خاکی خۆیاندا بکەن، بێ ئەوەی گوێ بدرێتە ناوێك کە لەسەریان دانراوە، ئەگەر بێتو ئەو رێکخراوەو تاقمە، ئامانجی دوژمنایەتیکردنی رووسیا یا ئێرانیان بێت یاخود دژ بە هاوپەیمانانی رووسیا بێت.

بەهەمان شێوە، بەرگری لە پێکهاتنی هێزی چەکدار یا سوپایەك لە چوارچێوەی خاکی خۆیاندا دەکەن کە ئامانجی ئەو شتانە بێت کە لەسەرەوە باس کرا.

٢ـ ئیجازە بە لایەنێکی سێهەم یاخود هیچ رێکخراوەیەك لەژێر هەرناوێکدا نەدات، کە دوژمنی لایەنەکەی دیکەی پەیمانە، بۆ ئەوەی کەرەسەیەك ئیستیراد بکات یا بەناو خاکی ئەودا بیبات کە ئەو کەرەسەیە دژ بە لایەنەکەی تر بەکاربهێنرێت.

٣ـ بە هەموو تواناوە بەرگری بوونی هەموو سوپا یا هێزی لایەنێکی سێهەم لە خاکی هاوپەیمانەکانیدا بکات، ئەگەر ئەو هێزانە وەك هەڕەشەیەك بۆ سەر سنوور، بەرژەوەندی یا ئاسایش لایەنەکەی دیکەی پەیمان سەیر بکرێت.

٦ـ ئەگەر هێزێکی سێهەم هەوڵی بەڕێوەبردنی سیاسەتێکی داگیرکەرانەی چەکدارانە بۆ دەست تێوەردان لە ئێران بدات، یا ئەگەر ئەو هێزە بیەوێت خاکی ئێران وەك بنکەیەك بۆ عەمەلیاتی دژ بە رووسیا بەکاربهێنێت، یا ئەگەر هێزێکی لاوەکی هەڕەشە لە سنوورەکانی رووسیای فیدراڵو هاوپەیمانەکانی بکات، هەروەها ئەگەر حکوومەتی ئێران دوای ئەوەی جارێك لەلایەن رووسیاوە داوای لێکرا، توانای بەرگرییکردنی ئەو هەڕەشەیەی نەبوو، ئەوا رووسیا مافی ئەوەی دەبێت کە هێزەکانی بهێنێتە ناو ئێران بۆ ئەوەی عەمەلیاتی سوپایی پێویست بۆ داکۆکیکردن لە خۆی بەڕێوە ببات.

رووسیا وە ئەستۆی دەگرێت کە، هەرچۆنێك بێت، هەر ئەوەندەی کە مەترسییەکە لەسەر ئێران هەڵگیرا، سوپای خۆی لە ئێران بکێشێتەوە.

www.zheen.org

[ڕۆژژمێری تەورێز، دوای ساڵی ١٩٤٦یش هەر بەردەوام دەمێنێتەوە، بەڵام بایەخی گەلێك كەم بە مەسەلەی كورد دەداتو زۆرجاران هەر باسی لێوە ناكاتو ئەم حاڵەتە لە هەموو ساڵی ١٩٤٧دا بەردەوامە.

ژمارەی فایلی ساڵی ١٩٤٧ بریتیە:

**F0371/61978**

فایلی ساڵی ١٩٤٨ی ڕۆژمێری تەورێزیش بە هەمان شێوە، باسێكی ئەوتۆی كوردی تێدا تۆمار نەكراوە. لە ڕاپۆرتی ژمارە ١٢ی (مانگی دیسەمبری ١٩٤٨)دا باسی ساڵوەگەڕی گیرانی ئازەربایجان لەلایەن سوپای ئێرانەوە دەكات. ژمارەی فایلەكە بریتیە لە: **F0371/ 68734** وەرگێڕی كوردی]

بنکەی ژین
www.zheen.org

**F0371/52702**
**ئاسایشی ستادی ئەرتەش**
**دائیرەی ناوەندی**
**هێزی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست**
**٢٧ی جانیوەری ١٩٤٧** [1]
**بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی سوپایی (M.13)**
**هۆدەی شەڕ، لەندەن S.W.1**

لەم دواییەدا، چاوەدێرێك نێرراوەتە سووریاو باكووری عیراق بۆ هەڵسەنگاندنی بارودۆخی كوردو راگەیاندنی بیرو بۆچوونی پێویست بۆ قەرەبووی پڕوپاگەندەی رووسی. راپۆرتی ناوبراو لەگەڵ ئەم نامەیەدایە.

من نامەوێ بۆچوونم لەسەر راپۆرتەكە بنووسم كە راپۆرتێكی تەواو سیاسییە، ئەوە نەبێت كە وەك بنەمای باسوخواسەكە لەگەڵ دێڕی یەكەمدا نیمو هەروەها لەگەڵ ئەوەشدا نیم كە ئێستا كاتی ئەوە بێت ئێمە پەرەگرافی یەكەمی بەشی «ئەو كارانەی وا باش وایە بكرێت» بەڕێوەببرێت.

هەرچۆنێك بێت، ئەگەر رووسیا بیەوێت كەڵك لەو بارودۆخە وەربگرێت كە لە ئازەربایجان هەیەتیو كوردی عیراق بخاتە بەر چەوسانەوە، مەسەلەی كورد بۆ ئێمە دەبێتە هۆی ناڕەحەتیەكی جیددی.

رووسەكان پێشتر هەندێ سەرۆك [هۆز] ی [كورد]ی ئێرانیان بانگ كردۆتە رووسیاو پارەو چەكیان وەك دیاری داوە بە چەندەها عەشیرەو

راپۆرتێکی زۆر نیشاندەری ئەوەن کە هۆزەکانی ناو عیراق بە عەشقی بەهەشتی سۆڤیەتی لە ئازەربایجان ـ لە دراوسێیەتی خۆیاندا چالاك کراون، ئەوەش بەرەبەرە رەنگدانەوەی خۆی دەبێت لەنێو کوردی وڵاتانی دیکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

ئێستا زەحمەتە پێشبینی ئەوە بکرێت کە ئایا رووسەکان بە دەستەقەسد، کوردی عیراق هەڵدەخلێنن یان نا، بەڵام ئەگەر ئەو دەرەتانەی کە بۆ ئەم کارە ئامادەیە بگیرێتە بەرچاو، من هەست دەکەم کە کارێکی گەلێك پێویست بێت ئێمە هانی حکوومەتی وڵاتانی پێوەندیدار بە کێشەکە بدەین کە باش وایە سەرنج بدەنە کێشەکە [= کێشەی کورد] و هەر هۆیەك کە بگاتە ئەنجامی ناڕەزاییو نائارامی کورد لە خاکی خۆیاندا بفەوتێنن.

ئێوە خۆتان بەبێ هیچ گومانێك ئاگاداری ئەم مەسەلەیە هەن.

٤) من لەم دواییەدا لەگەڵ .P.A.1.c G.5.2

سەبارەت بە مەسەلەکە قسەم کردووەو ئەوان پێیان گوتم کە باڵوێزی ئەعلا حەزرەتی پادشا لە بەغدا بەشێوەیەکی بەردەوام هانی دەسەڵاتداریەتی عیراق دەداتو گرنگایەتی مەسەلەکەیان پێ رادەگەیێنێت.

گەرچی ئەوە کێشەیەکی تەواو سیاسییە، گرنگایەتیەکی زۆر سوپاییشی هەیە، ومن هەست بە خەتا دەکەم ئەگەر بێتو جەخت لەسەر فاکتەکە نەکەمو پێداویستی لەناوبردنی هەموو ئەو زەمینەو هۆیانە دەست نیشان نەکەم کە بیانوو دەدەنە دەست بەرپرسانی پروپاگەندەی رووس بۆ خولقاندنی هۆی ناڕەحەتی ئێمە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

**رووسیا و کوردان**

ئێستاکە بەتەواوەتی روون بۆتەوە کە رووسیا دەیەوێ بە ملهوڕی بەرەو دەسەڵاتی سیاسی بڕوات، [پێویستە بزانین] دەیانەوێ چ بکەن‌و وەڵامی ئێمە لەبەرابەریاندا دەبێ چ بێت ؟ لەم کاتەدا، رووسەکان کەڵك لە کێشەی ئەرمەنییەکان وەردەگرن‌و کورد دەکەوێتە قۆناغی دواترەوە.

رووسیا لە ئەرمەنیانی ئاوارەی[1] خواستووە داوای قارس‌و ئەردەهان بکەنەوەو هەرا ساز بکەن. لە ئێستا بەدواوەش هەموو دەم دەبێ چاوەڕوان بین کوردی ئاوارەش هەست بەوە بکەن کە بارودۆخی ئێستای ناو تورکیا، ئێران‌و عیراق[2] لەرادەی ئەوان چۆتە دەرەوە.

ئەوەی دەگوترێ کە «دەوڵەتێکی کوردی سۆڤیەتی» لەلایەن رێبەرانی کوردەوە دژایەتی تەواوی دەکرێت، ناڕاستە. ئەوان چۆن دەوێرن وابن ؟

کورد لە هەر کوێیەك هەیە بەبێ سێ‌ودووکردن، یەکدەنگ داوای خەستەخانە، قوتابخانە، دەسەڵاتی خودموختاری ناوچەیی‌و لەژوور هەموانەوە پەرەسەندنی خوێندەواریی‌و ئازادی زمانەکەیان دەکەن. ئەگەر ئەو چوار وڵاتەی[3] وا کەمایەسی کوردی هەمیشە جێی نیگەرانییان لەناودایە وەڵامی ئەو داواکارییە راستەقینە نەدەنەوە، رووسیا هەر کاتێ

---

[1] Diaspora

[2] لە راپۆرتەکەدا ئێران جارێك بەشێوەی Iran و جارێك لە بیچمی persia دا نووسراوە کە دیارە هەڵەیەو دەبوایە عیراق بێت.

[3] ئەگەر لەسەرەوە ناوی سێ وڵات هاتبوو، لێرەدا قسە لە چوار دەوڵەت دەکرێت.

www.zheen.org

هەست بكات كە زەمان بۆ وەرگرتنی وەڵامی فەوری [لەلایەن كوردانـەوە] موناسیبە، دەتوانێ [مەسەلەی] دەوڵەتی كوردی بێنێتە گۆڕێ.

ئەو كارانەی باش وایە بكرێن

ئێمە دەستبەجێو هاوكات دەبێ ئەم كارانە بكەین:

١ـ ئاگاداری رووسەكان بكەینـەوە كـە ئێمـە ئـەو چـوار وڵاتـە توركیـاو ئێرانو عـێراقو سـووریا[١] بەشـوێنی «حـەیاتی» دەزانـین كـە شـوێن لەسـەر بەرژەوەندی پادشاهیەكەمان دادەنێن، هەر بۆیەش دەمانەوێ خۆمان لـەو كەمایەسییانەی كە لە ناوچەكەدان ئازاد بكەین.

٢ـ شوێنی كارەكە بگرین تا بەڕێوەی دەبەین. ئێمە لە یەكێ لەو چـوار دەوڵەتەدا مەسەلەی كوردمان چارەسەر كردووە، هەموو كەس دەزانێ كە ویستی ئێمە كـەموزۆر خێرخوازانەیـەو هیـچكام لـەو وڵاتانـە ئەگـەر لـەژێر زەحمەتی زۆری ئێمەدا نەبێ سەبارەت بەو مەسەلەیە هیچ كارێك ناكەن.

ئێمە دەبێ دەستبەجێ هانی ئەو دەوڵەتانە بدەین بـۆ ئـەوەی هەنـدێ هەنگاو بۆ خودموختاری ناوچـەیی كـوردانی خۆیـان هەڵبهێنـەوە. نـووری سەعید پاشا هـەر سبەینێ ئامادەیـە بـۆ خودموختـاری كـورد. توركـان، ئەگـەر رووبـەڕووی جێگرێكـی زۆر راسـتەقینەو خێـرا بـۆ لەدەسـتچوونی ئەیالەتە رۆژهەڵاتیەكانیان ببنەوە، یاخود بیانـەوێت لەگـەڵ كوردەكانیـان مەعقوول بن، ئیعتیمال هەیە ئـەوە بكـەن.. سـووریا بێگومـان گـوێ [بـۆ

[١] لـەم شـوێنەدا هەڵـەی سـەرەوەوە راسـت كـراوەو باسـی هـەر چـوار دەوڵەتەكـە دەكرێت.

پێشنیارەکە] رادەگرێت، وتەنانەت ئێرانیش وا هەیە هەوڵ بدات ئەوەی لە وڵاتەکە ماوەتەوە بپارێزێت.

ئەو کارانەی وا دەبێ بکرێن، وا هەیە لە رستەیەکدا کورت بکرێنەوە...

دەست پێشخەری، پێش ئەوەی ئیتر درەنگ بووبێت، تەنیا ئەو خودموختارییەی وا رووسەکان سەرکەوتوانە بۆ کەمایەسییە قاوقازییەکانی خۆیان بەڕێوەبرد.

ئەو هەنگاوانە، تەنانەت ئەرمەنییە کەللەڕەقەکانیان گۆڕیو کردیاننە کەمایەسییەکی وەفادارو لەکەیسی کورددا دەبینرێ کە شوێنی گەلێك زیاتر دابنێت.

هەرچۆنێك بێت، هیچ کات بۆ بیرلێکردنەوە لە مەسەلەکە نەماوە. یا دەبێ ئەوە بکەین، یاخود ئیجازە بە رووسیا بدەین رێگەی خۆی هەڵبژێرێت

**١٠ی جانیوەری ١٩٤٦** [١]

[ئەم بەڵگەنامەیە بەشێك لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا نییەو تەنیا بەهۆی گرنگایەتیو پێوەندداریی بە چارەنووسی رێبەرانی کۆماری کوردستانەوە لێرەمدا گونجاندووە. راگەیاندنەکە، کاك ئەحمەدی شەریفی بۆی ناردم لەگەڵ تەرجەمەی کوردیو کلێشەی ئەسڵە فارسییەکەیدا ناردم بۆ رۆژنامەی «پەیام»

[١] تەئریخی نامەی ستادی ئەرتەش ٢٧ی جانیوەری ١٩٤٧ـە، بەڵام راپۆرتەکە خۆی لە ١٠ی جانیوەری ١٩٤٦دا نووسراوە. ئەگەر هەڵەیەك لە نووسینی تەئریخەکاندا نەبێت، پێویستە ستادی ئەرتەش ساڵێك دوای نووسران، راپۆرتەکەی ناردبێت بۆ ئاسایشی سوپای بریتانیا واتە M.1.3 .

چاپی لەندەن، ئەوانیش لە ژمارە ٦ی نەورۆزی ١٩٨٨دا بڵاویان کردەوە. سپاسی کاک ئەحمەدو پەیام دەکەم.]

ئەوەی لێرەدا دەکەوێتە بەرچاوی خوێنەر، وەرگێڕاوی راگەیاندنێکی سوپای ئێرانییە لەمەڕ ئیعدامی پێشەوا قازی محەمەدو هاوڕێیانی. راگەیاندنەکە، لە سەعات ٨ی بەیانی رۆژی ١٩٤٧/٣/٣٠ واتە چەند سەعاتێك دوای بەڕێوەچوونی حوکمی ئیعدامی پێشەواو سەیفو سەدری قازی لەلایەن «ستادی هێزی [دەوڵەتی ئێران] لە کوردستان»ـەوە لە شاری ورمێ دەرچووە.

بۆچوونو هەوڵوێستی پیاوکوژانی سوپای ئێرانی لەمەڕ ئەو سێ قارەمانەو، سووکایەتیکردنیان بە داخوازیو مافی رەوای گەلەکەمان، شتێکی چاوەڕوانکراوە. ئەوانەی کە حوکمی ئیعدامی گەورە پیاوانی کورد بەڕێوەدەبەن، ئاشکرایە هەوڵی کوشتنی کەسایەتیەکەشیان دەدەنو گاڵتە بەداخوازییەکانی گەلیش دەکەن.

یادی هەرسێ شەهیدی گەلی کورد بەخێر بێت! وەرگێڕ]

بنکەی ژین
www.zheen.org

## ستادی هێز [ی دەوڵەتی ئێران] لە ورمێ
**٢٦/١/١٠ [١٩٤٧/٣/٣٠]**
**سەعات ٨ [ی بەیانی]**
## راگەیاندن

لە کۆتاییەکانی ساڵی١٣٢٠دا [١٩٤١ز]دا، محەمەدی قازی، ابو القاسم سەدری قازی [و] محەمەد حسین سەیفی قازی لە مەهاباد، دەستیان دایە زنجیرەیەك هەڵخلاندنو چالاکی دژ بە ئاسایشو هێمنایەتی ناوچەو بەرەبەرە، کاری پیاوکوژانەی خۆیان پەرە پێدا، کە بووە هۆی هەندێ رووداوی جێگەی داخ ــ وەك هێرشکردنە سەر شارەوانی مەهابادو کوشتنی پێنج پاسەوان، تالانکردنی شارەوانیو لەناوبردنی بەڵگەو دەستاوێژی پیاوکوژییەکانی خۆیان، کوشتنی "محموودیان" تاجری مەهابادیو "قازیزادە"ی [سەرۆکی دائیرەی] ئامار، کە هەموویان بوونە قوربانی خواستو زێدەخوازیی ئەوان، هەروەها تالانی گوندەکانو رووداوی دیکەی ناوچەکە.

محەمەدی قازی بە هاوکاری برای خۆی، سەدری قازی کە بەرواڵەت نوێنەری [خەڵکی] مەهاباد [ لە مەجلیسی شورای ئێران]، بەڵام لەئەسڵدا، ماکو بەڕێوەبەری سەرەکی نەقشەی گڵاوی دابەشکردنی بەشێك لە ئێران بوو. هەروەها سەیفی قازی بۆ بەڕێوەبردنی ئامانجی ناپیرۆزو گڵاوی خۆیان، هەموو سەرۆکانی ئیداراتی دەوڵەتییان لە مەهاباد وەدەرناو لە [رۆژی] ٢٤ی "ئازەر"ی[ساڵی] ١٣٢٤ [١٥ی دیسەمبری

١٩٤٥]دا، ئـالآی سـێ ڕەنگـی شـێرو هـەتاوی ئێرانیـان لەسـەر بینـا دەوڵەتییەکان هێنانە خوارەو ئالآیەکیان بەناوی ئالآی کوردستان هەڵکرد.

محەمـەد قـازی لـە ڕۆژی دووهـەمی [مـانگی] بەهمـەنی ١٣٢٤ [٢٢ی جانیوەری ١٩٤٦]دا، خۆی بە سەرەك کۆماری کوردستان ناساندو تاقمێك خـەڵکی خیانـەتکارو پێـشینە خراپـی بـەناوی وەزیـری دەوڵـەتی خودموختاری کوردستان لەسەر ئیشوکـار دانـا، کـە هـەموویان هاوکـاری خـۆی بـوون. ئینجـا بـۆ بەربـەرەکانیکردنی هێـزی دەوڵـەت، تـاقمێکی چەکداری لە کۆمەڵانی خەڵکی مـەهابادو بـارزانی پێـك هێنـاو ژمارەیـەکی بەرچاوی چەكو تەقەمەنی بەنێو دانیشتوانو عەشیرەتەکاندا دابەش کردو ڕەوانەی سەقزو سەردەشـتی کـردن. [ئـەوەش] بـووە هـۆی زۆر ڕووداوی خوێناوی هەرچەندە هێزی [ دەوڵـەت لـە] کوردسـتان، چـەند جـار داوای ئیتاعـەتی لـێکردن هـیچ سـوودێکی نەبەخـشیو هـەروەها بەڕێوەبـەرانی بەڕێزی دەوڵەت لە تاران گەلێك هـەوڵیان دا لـەو بـیرە نابەجێیـە دووریـان بخەنـەوە، بـەڵام کـەڵکی نـەبووو هـەمان ڕێبـازی خۆیـان درێـژە پـێداو دانیـشتوان [ی شـار]و خـەڵکی عەشـیرەتیان هـان دەدا بـۆ ئـەوەی بەربـەرەکان هێزەکـانی [ی دەوڵـەت] بکـەنو بـە نووسـینیش، فـەرمانی هێرشـبردنە سـەر تـاقمی سـەربازی [دەوڵـەت] یـان دەرکـرد. بـەڵام بەختەوەرانـە پێیـان زانـیو گوێیـان نـەدانێ. ئینجـا تـاقمی هێـزە سـەربازییەکان درێـژەیان بەچـوونە پـێش دا، بـەڵام هـەموو پیلانـی خەیانەتکارانەیان دەستبەجێ بێسوود مایەوە. لەئاکامدا ئـەم عونـسوورە

خەیانەتکارانە دەستبەسەر کرانو کەوتنە بەر پەنجەی دادگەری، [ئینجا] دەوسییەیان نێررایە "دادگای عەسکەریی سەردەمی شەڕ" و هەرسێ کەسیان بە ئیعدام مەحکوم کران. دادگای پێداچوونەوە (تجدید نظر)و، هەروەها ئەعلا حەزرەتی هومایونی شاهنشا، [حوکمەکەیان] پەسندکردو لە سەعات ٦ [ی بەیانی] رۆژی دەهەمی [مانگی] فەروەردین [٣٠ مارچی ١٩٤٦]دا، حوکمەکە، بەڕێوەچوو.

فەرماندەی لەشکری چوارەمو هێزی [دەوڵەتی ئێران لە] کوردستان سەرلەشکر هومایونی

**چاپخانەی شێرۆ خورشیدی رەزائییە**

**[ورمێ]**

بنکەی ژین
www.zheen.org

**F0371/823264/132948**
**لەتارانەوە بۆ وەزارەتی دەرەوە [بریتانیا]**
**١٢ی مارچی ١٩٥٠**

تکایە ئەوەی خوارەوە، وەك تێلگەرافی ژمارە ٤ی ١١ی مارچ بدەن بە "هۆدەی شەڕ" لە ئەتاشەی سوپاییەوە لە تاران بۆ (a) M12

دەنگۆی ئەوەی کە کوردی بارزانی [ناخوێنرێتەوە]، کە لەئازەربایجانەوە هەڵاتبوونە یەکیەتی سۆڤیەتی، لەم دواییەدا نفووزیان کردبێتە ناوشاری "گورگان"و "خۆراسان"، وێدەچێ راست نەبێت.

٢) [ئەم بەشەو پەرەگرافی دواتر پێوەندیان بەکوردەوە نییەو باسی گیرانی ٥٠ تورکمانی ناوچەی تورکمەن سەحرا دەکاتو ئیعدامی دوو کەسیان بە تاوانی پێوەند لەگەڵ یەکیەتی سۆڤیەتی. وەرگێڕ]

بنکەی ژین
www.zheen.org

**F0371/82325/132938**
**لە وەزارەتی دەرەوە [ی بریتانیا] وە**
**بۆ [باڵویزخانەی بریتانیا لە] مۆسکۆ**
**٢٩ی جووڵای ١٩٥٠**
**تێلگەرافی ژمارە ٦٩٢ی ٢٨ی جووڵای نێرراو بۆ مۆسکۆ**

بەشی چاوەدێریکردنی بی بی سی راپۆرتی وتارێك دەدات کە لە٢٦ی جووڵایدا لە رادیۆی دیموکراتی ئازەربایجانەوە بڵاوبۆتەوە بەشێوەی خوارەوەیە:

"گەرچی حکوومەتی سۆڤیەت بەشێوەی رەسمی ناڕەزایی خۆی بە حکوومەتی ئێران راگەیاندووەو سەبارەت بە رەفتاری دژمنانە بەنیسبەت یەکیەتی سۆڤیەت چاونزێری کردو، ئێستا حکوومەتی ئێران هەر ئەو کارانە دەکات کە ئاغا ئەمریکاییەکانی دەیانەوێ بیکات. ژمارەی سیخوڕی ئەمریکی لە ئێران لەرادەیەکی زۆردا رووی لەزیادی ناوە، حکوومەتی ئێران پێشتریش بەرپرسایەتی خۆی لە پەیمانی ساڵی ١٩٢١ لەگەڵ یەکیەتی سۆڤیەتی ناوەتە ژێرپێ. ئەمریکانەکان کە کەللەیان پڕە لە فیکری داگیرکردنی جیهان، هەوڵی ئەوە دەدەن کە ئازەربایجانو نیشتمانی ئێمەی کورد بکەن بە پێگەی نیزامی، کۆنەپەرستانی ئێرانیش هیچ بایەخێك بەوە نادەن ئەگەر هەرکاتێ ئەرتەشی سۆڤیەت بێتە ئێرانەوە، خەڵکی کوردستان دژ بە حکوومەتی خەیانەتکارو چەند جاشە کوردی ئەوان ـ وەك ئاغا ئیمپریالیستەکانیان رادەپەڕن." کۆتایی

**F0371/82616/132957**

**تاران**

**له باڵویزخانەی بریتانیاوە بۆ وەزارەتی دەرەوە، لەندەن**

**٤ی ئۆگۆستی ١٩٥٠**

ئیدارەی خۆشەویست،

ئێمە بەهۆی پاراگرافی ژمارە ٩ لە نامەی ژمارە (1822/54/50) 173 ـ یازدەهەمی مانگی جوولای "تەل ئەڤیو"ەوە خەفەتبار بووین کە باسی لێقەوماویی ئەو جوولەکە کوردانەی دەکرد وا لە تاران چاوەڕێی بەڕێکرانن بۆ ئیسرائیل. زانیارییە کانی ئێمە ئەو بۆچوونە ناسەلمێنن و ـ لام وایەکە ناڕەحەتیی جوولەکە کوردەکان گەورە کراوەتەوە. تکایە سەبارەت بەوەش کە گوتراوە هەزاران جوولەکەی کورد لە کۆچکردنن بۆ ئیسرائیل بڕوانە نامەی ژمارە 157/1/15/50ی ٢٠ی... ئێمە بۆ بەغدا کە تێیدا گوتراوە بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی لەلایەن نوێنەری تەعاونی " هێڵی هەوایی دەرەوەی بریتانیا"وە لە کۆمیتەی جوولەکە ئێرانییەکان وەرگیراوە، تەنیا دەوروبەری سێ هەزار جوولەکەی ئێرانی بەلێبڕاوییەوە پێیان خۆشە بچن بۆ فەلەستین.

ئێمە نوسخەیەکی ئەم نامەیە بۆ تەل ئەڤیویش دەنێرین.

دۆستدارتان

www.zheen.org

# ڕاپەرینی جوانڕۆ

[هاوینی ساڵی ١٩٥٠، ناوچەی جوانڕۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕاپەڕینێکی چەکدارانەی بەخۆیەوە دی  کە دەستوبرد کەوتە بەر پەلاماری دڕندانەی ئەرتەشی حەمە رەزاشای پەهلەویو تێکشکێندرا.

لەکاتێکدا دۆستانی گەلی کورد ڕووداوەکە بە ئەڵقەیەك لە زنجیرەی یەکگرتووی ڕاپەڕینەکانی گەلی کورد لەقەڵەم دەدەن، دوژمنان، بە فیتی بێگانە یاخود ڕووداوێکی خۆڕستی دادەنێن کە خاوەنی بنچینەیەکی سیاسیو کۆمەڵایەتی نەبوە.

ڕەنگدانەوەی مەسەلەکە لە میدیای جیهانیدا، ئامادەیی بەرفراوانی ئەرتەشی شاو هەروەها خەباتی کامەران عالی بەدرخانو "وەفدی کورد" لە پاریس بۆ وەستاندنی هێرشی ئەرتەش، نیشاندەری گرنگایەتی ئەم ڕاپەڕینەن. من ژمارەیەك لەو بەڵگەنامانەم وەرگێڕاوەتە سەر کوردی کە پێوەندیان بەو ڕاپەڕینەوە هەیە.

بەشی یەکەمیان بۆچوونی ئێرانییەکانو تەفسیری باڵوێزخانەو کۆنسوڵیەتی بریتانیا لە تارانو کرماشان دەردەخاتو، بەشی دووهەم تەرخانی ژمارەیەك نامە دەکرێ کە کامەران عالی بەدرخانو "وەفدی کورد" لە پاریس ئاڕاستەی ڕێکخراوەی نەتەوەیەکگرتوەکان ، دەوڵەتی بریتانیاو ئەندامانی دایمی شۆڕای ئاسایشیان کردووە. تەنانەت، دەقی توندوتیژی بەیاننامەکانی ئەرتەشی ئێرانو تەفسیری یەك لایەنەی ئینگلیزییەکان ئەو ڕاستیە زەقە ناشارێتەوە کە ڕاپەیوەکان، چەتەو ڕێگرنەبوونو سەرەڕای خدەو خەسڵەتی عەشیرەییو بێ بەرنامەییو ڕوون نەبوونی ئامانجەکانیان، دژ بە ملهووڕیی ڕژێمی شاو زوڵمو زۆرداری کاربەدەستانو ئەرتەشی زۆرکاری ئێران وەستاونو تەنانەت چاوەڕوانی پشتیوانیکردنی هەندێ لایەنی ئەرتەشو هەروەها عەناسووری پێشکەوتنخوازی تاران بوون کە ڕاگەیاندنەکان بە خراپەکار دەیان ناسێنێ.

لەبیرمان نەچێت راپەڕینەکە تەنیا چوار ساڵ دوای رووخانی "کۆماری کوردستان"و ئیعدامی رۆڵەکانی گەلی کورد، روویداوە.

بەیاننامەی ئەرتەش، هەموو هۆزی جوانڕۆ منەتباری ئەوە دەکات کە رژێمی شا، دووکەس لە بەگزادەکانی کردۆتە ئەفسەرو وەکیل! کاک محەمەد عەلی سوڵتانی لە تاریخ مفصل کرمانشاهان دا دەنووسێ: ئەرتەش، پلەی" کۆلۆنێلی افتخاری" بە حوسەین بەگی وەکیلی "- نوێنەری عەشایری جوانڕۆ بەخشی، حوسەین بەگ لەژێر حوکمەکەدا نووسی:

سەرم لەعەقڵی ئێوە سوڕماوە، من شای وڵاتەکەی خۆمم، ئێستا دەتانەوێ بە کۆلۆنێلی هەڵمفریوێنن ! وەرگێر]

(بڕوانە: محەمەد عەلی سوڵتانی، جغرافیای تاریخیو تاریخ مفصل کرمانشاهان، ج ۲/۱ ایلاتو طوایف کرمانشاهان، صص ۱۹۷تا ۲۲۷)

بنکەی ژین
www.zheen.org

**F0371/82000/XC/132947**

**تەرجەمەی بڵاوەی کۆلۆنێل "فولادوەند" بۆ جوانڕۆ [ییەکان]**

**چوارەمی ئۆگۆستی ١٩٥٠**

**وەزارەتی جەنگ**

**تیپی سەربەخۆی کرماشان**

ڕاگەیاندنێك بۆ هەموو بەگزادەو دانیشتوانی جوانڕۆ:

بەهۆی ئەو ڕاستیەوە کە ژمارەیەك بەگزادەی جوانڕۆیی هەندێ هەڵەیان کردووەو دژ بە ئاسایشی ناوچەکە جووڵاونەتەوە، سەریان لە ئیتاعەت باداوەتەوەو دژ بە هێزەکانی حکوومەت وەستاون، بەم تیپە مەئمووریيەت دراوە لەبەر خاتری هێمنایەتی ناوچەو ئاسایشی گشتی، بکەوێتە شوێن تاقمی تاوانبارو بیانگرێ. بەم هۆیەوە، بە هەموو کەس ڕادەگەیێنرێت کە هەر وەرزێر یا بەگزادەیەك بە هەر چەشنە هاوکارییەکی ئەو تاوانبارانە بکات، بەشداری چارەنووسی ئەوان دەبێت. ئەو کەسانە، پێویستە دەست لە هەوڵی دەلایەنەیان هەڵبگرنو بچنە "ڕوانسەر"و دەوروبەرەکەی، لەوێ گەیشتنی خۆیان بە شەهادەتی خاوەن ملکەکان، بە بڕیگادی ئێمە ڕابگەیێنن.

چەکەکانیان لەبەرانبەر "ڕەسید"دا بدەن بە نزیکترین بنکەی عەسکەری. بێگومان ئەگەر تیپەکەمان بزانێ ئەوان بۆ پاراستنی مەڕو ماڵ پێویستیان بە چەك هەیە، تفەنگ بە ئیجازەی ڕەسمییەوە بە کەسانی وەفادار دەدات .

**(ئیمزا) کۆلۆنێل فولادوەند**

**ئەفسەری فەرماندەی بریکادی کرماشان.**

## F0371/82000/XC/132947
## تەرجەمەی نامەیەك بۆ حوسەین بەگی وەكیلی
## لەلایەن كۆلنیل جەوانشیرەوە
## حەوتەمی ئاگۆستی١٩٥٠

**فەوری**

بۆ حوسەین بەگی وەكیلی

بەگوێرەی ڕاپۆرتی بریگادی خۆم، تۆ لەم دواییانەدا تەحریكاتی زۆرت دژ بە ئاسایشی ناوچەكە كردووەو سەرت لەو فەرمانانەی وا پێت دراون، وەرگێڕاوە، ئێستاش ژمارەیەك چەكدارت بۆ رووبادانەوە لە فەرمانی حكوومەت گردوكۆ كردووە. ئەوا پێت راگەێندرێ هەموو چەككانتان لەماوەی حەوتوویەكدا بدەن بە بنكەی ئەرتەش لە"سەریاس"، دوای ئەو تاریخە هەموو مەزارا [و گوندەكان]ت بەبێ سێودوو بۆمباردمان دەكرێت، ئەوەش دوابڕیارە.

**(ئیمزا) كۆلۆنێل جەوانشیر**
**فەرماندەی هێزەكانی "سەریاس"**

بنكەی ژین
www.zheen.org

**FO371/823264/132948**
**لەتەوریزەوە بۆ تاران**
**١٤ی ئۆگوستی ١٩٥٠**

١) تاقە عونسوورێکی شەڕانخێوی لایەنگری سۆڤیەت لە ئازەربایجانی ئێران، حزبی دیموکراتی غەیرە قانوونییە. حزبە کوردییەکەی کە لە کوردستان ئیش دەکات وا دیارە وەها لەناوچووبێت کە ئێستا فاکتەرێك نییە حیسابی لەسەر بکرێت ......... وێناچێ لە مەهاباد لەناو کورداندا لایەنگرییەکیان لێ بکرێت......

٢) لێرە، هیچ بزووتنەوەیەکی جیاوازیخوازانەی رێکخراو نییە. هیچ نیشانەیەکیش بەدەستەوە نییە کە دەریبخات کوردان لەم کاتەدا چالاکانە خوازیاری یەکیەتیو سەربەخۆیی بن، گەرچی بەبێ ئامانج، ئەویندای هەردوکیان هەن. ئەوان هیچ باوەڕێکیان بە بەڵێنی سەربەخۆیی لەلایەن رووسەکانەوە نییە......

٣) لە ناوچە عەشیرەتیەکان، کە هەستی ئایینی بەهێزە، ئیسلام بەربەستێکە دژ بە کۆمۆنیسم. لە شارەکاندا وانییە.

www.zheen.org

**کۆنسوولی گشتی**

**F0371/823264/132948**

**۱۸/۸/[۱۹۵۰]**

**بەشی چاوەدێری "بی بی سی"**

«**کورد بە لایەنگریی سۆڤیەت دەچنە شەڕەوە ئەگەر**......»

بەگوێرەی FBIS کە گوێی لە رادیۆی یاساخکراوی ئیزگەی دیموکراتی ئازەربایجان گرتووە، رادیۆکە، دوێنێ (پێنج شەممە) وتارێکی بە کوردی سەبارەت بە پێنجەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی حزبی دیموکراتی کوردستان بڵاوکردەوە. رادیۆکە دوای پێداچوونەوەی مێژووی حزبەکەو خەباتی دژ بە "تریاك کێشەکانی ئێران"، گوتی:

گەرچی هێرشکارانی ئێرانی لە هاتنە ناو کوردستاندا سەرکەوتوو بوون، بەڵام ئەوان بە فێڵو بە جینایەتکاری هاتن. گەرچی ئەوان پێشڕەوانی ئێمەیان کوشتو [حکوومەتەکەیان] هەڵوەشاندەوە، بەڵام نەیانتوانی ورەیان پێ‌بەردەن و خەباتی حزبی دیموکراتی کوردستان ناتوانن بوەستێنن. حزبی دیموکرات حزبێك نییە کە بەگوێرەی فەرمان دامەزرابێت، بەهاسانیش هەڵناوەشێتەوە. حزبێکە کە خەڵکی کوردستان بیناتیان ناو هەر دەمێنێت. کاتێ کە کورد خۆی ئامادە بکاتو رێك بکەون، هیچ چەشنە چەکێکی ئەمریکی ناتوانێ بیانوەستێنێت.

## F0371/823264/132948
## راپۆرتی بەشی چاوەدێریی بی بی سی
## ١٨ی ئۆگۆستی [١٩٥٠]

[راپۆرتەکە، رۆژی ٢٢/٨/[١٩٥٠] گەیشتۆتە وەزارەتی دەرەوەو تۆمار کراوە]

[ئـەم هەڵـساندنەی خـوارەوە، وەزارەتـی کاروبـاری دەرەوە لەسـەر راپـۆرتی رادیۆکان ئامادەی کردووەو لەلای سەرەوەی نووسراوە]:

"ئیزگـەی دیمـوکراتی ئازەربایجـان بەبۆنـەی پێنجـەمین سـاڵوەگەڕی دامـــەزرانی حزبـــی دیمـــوکراتی کوردســـتان، بـــە کـــوردی [وتـــاری بڵاوکردۆتەوە].

یادداشت

١ـ ئەگەر ئەم بەرنامە رادیۆییانە جگە لەوەی چەکی شەڕی سارد بن، گرنگایەتیەکی تریان هەبێت، دەتوانن واتای یەك یا هـەموو ئـەم خاڵانـەی خوارەوەیان هەبێت:

أــ رووسـیا دەیـەوێ ناسـیۆنالیزمی کـوردی بـەکاربهێنێت بـۆ ئـەوەی دەوڵەتێکی کوردی پێك بهێنێت کـە بـۆ پارێزگـاریکردنی خـۆی چـاوی لـە یەکیـەتی سـۆڤیەتی بێـتو لەعـەینی کاتیـشدا ئێـرانو عـیراقو تورکیـا ناڕەحەت بکات.

ب ـ رووسیا، بەهۆی نەبوونی حکوومەتێکی دەستنێژو جێگـەی بـڕوای خۆیـەوە لـە رۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت، دەیـەوێ هێزێکـی فێرکـراوی کـورد

بخولقێنێ که بێ ئەوەی هێزەکانی خۆی دەستیان تێیدا هەبێت، هێرش بکاته سەر ئێران.

پ - بەهۆی کەمبوونەوەی ئەم دواییەی نفووزی حزبی توودەوە، رووسەکان هیوادارن کورد لەجیاتی حزبی توودە بەکاربهێنن کە ببنە کەرەسەی سەرەکی بۆ بێ ئیعتبارکردنی رژێمی ئێران.

٢) من لام وایە دەتوانین داوا لە تاران بکەین پەسندی گرنگایەتیو نرخی ئەم بلاوکردنەوە رادیۆییانەو تەئسیریان لەسەر کورد بکەن. دەکرێ لەگەڵ [باڵوێزخانەی] بەغدا و ئانکاراشدا راوێژ بکەین.

**ل. بارنێت***
**L. Barnett**

بنکەی ژین
www.zheen.org

**F0371/82000/XC/132947**
**حەوتەمی سپتەمبری ١٩٥٠**

لە وەزارەتی دەرەوە [ی بریتانیاوە] بۆ [باڵوێزخانەی بریتانیا لە] تاران

ڕۆژنامەکانی ئێرە، شەوقو عەلاقەیەکی زۆر بەنیسبەت کاروباری کوردستانی ئێرانەوە لە خۆیان نیشان دەدەن، تکایە هەواڵی هەلومەرجەکەم بە تێلگەڕاف بۆ بنێرەو لە زانیاریدا رام بگرە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

**FO371/ 82000/XC/132947**
**باڵوێزخانەی بریتانیا- تاران**
**نۆهەمی سپتەمبەری ١٩٥٠**

ئیدارەی بەڕێز،

تکایە بگەڕێنەوە سەر تێلگەرافی ژمارە٣٨٠ی حەوتەمی سپەمبەری خۆتان سەبارەت بە شەڕ لە کوردستان.

لەکاتێکدا چاوەڕوانی راپۆرتێکی هەمەلایەنی لەلایەن کۆنسوولی ئەعلا- حەزرەت [شای بریتانیا] لەکرماشانەوەین، لەگەڵ ئەم نامەیەدا دەقی دوو راگەیاندنی رەسمی ستادی ئەرتەشی ئێرانتان سەبارەت بەو عەمەلیاتەی وا دژ بە جوانرۆییەکان بەڕێوە چووە، بۆ دەنێرین، ئەوان [جوانرۆییەکان]، نیشتەجێی خاکی کوردستان لە ناوچەی نێوان کرماشانو سنووری عیراقن.

سەرەڕای هەندێ راپۆرتی ناو رۆژنامەکان لەحاڵی حازردا، وادەرناکەوێ رووداوەکان گرینگایەتی سیاسییان هەبێت.

ئێمە کۆپی ئەم نامەیە بۆ بەغدا، واشەنگتون، مۆسکۆو دەفتەری رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی بریتانیا دەنێرین.

دۆستداری هەمیشەییتان ئیدارەی سیاسی

بۆ ئیدارەی رۆژهەڵات

لە وەزارەتی دەرەوە، لەندەن.

## FO371/82000/XC/132947
## لەتارانەوە بۆ وەزارەتی کاروباری دەرەوە [ی بریتانیا]
## سێر ف شپێرد
## ١١ی سپتەمبەری ١٩٥٠

[سەبارەت بە] بە تێلگەرافی ژمارە ٣٨١ی ئێوە لەمەڕ کوردستان، میدیای رەسمی ئێرە دەڵێن هێزی جوانڕۆ، داواکاری ئەرتەشی ناوچەکە بۆ بەدەستەوەدانی تفەنگەکانیان داوەتە دواوەو لە رۆژی دووهەمی سپتەمبەردا، هێرشیان بردۆتە سەر بنکەیەکی ئەرتەش لە ٦٠ مایلی باکووری رۆژئاوای کرماشان. ئینجا تیپی کرماشان کە فڕۆکەی هۆریکان پشتوانیان بووە، بەگژ جوانڕۆییەکاندا چووە، مەتەرێزەکانیان لێ گرتوون و بەرەو چیا کشاندوویاندنەتەوە. ئەرتەش لەلایەن ئەو هۆزە دراوسێیانەوە کە دوژمنی جوانڕۆییەکانن، یارمەتی دەدرێن.

ئەتاشەی عەسکەری [بەریانیا] ئاگادار کراوە کە بەتالیۆنێکی یارمەتیدەر لە تارانەوە نێردراوە، بەڵام هێشتا نەگەیشتوونەتە جێ. دەقی هەموو نامە و راسپێرییەکان لە جانتایەکدایە. پێکدادان درێژەی هەیە.

٢ـ جوانڕۆییەکان ماوەیەکی درێژە سەرچاوەی ژانەسەرن و ئەم عەمەلیاتەش کارێکی ئاساییە بۆ پۆلیس. ئەم راپەڕینە (کە لەلایەن رۆژنامەکانەوە گەورە کراوەتەوە) وێناچێ لە پەرەسەندندا بێت. هیچ نیشانەیەکی ئیلهام وەرگرتن لە سۆڤیەتیشی پێوە دیار نییە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

**FO371/82000/XC/132947**

**پاریس، ١٣ی سپتەمبەری ١٩٥٠**

- کۆپی -

وە ڤدی کورد

3 rue Debrousse
Paris 16

بۆ سەرۆكو ئەندامانی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان

پایەبەرزان

مـن — بـەناوی وەفـدی کـوردەوە، شـانازیم هەیـە ئـەو یاداشـتەتان وەبیربێنمـەوە وا لـە ٢٩ی نواڤبـەری ١٩٤٨ دا لەمـەڕ گـەلی کـورد بۆتـان نێردرا و ئەم راستیانەشتان پێرا بگەیێنم.

دەفتەری ناوەندیی سوپای ئێرانـی لـە چـوارەمی سـپتەمبری ١٩٥٠ دا بـەیانێکی دەرکـرد و، تێیـدا رایگەیانـد کـە کـوردی جـوانرۆ سـەریان لـە چەکدانان باداوەتەوە و هێرشیان کردۆتە سەر پێگەیەکی سوپای ئێرانـی. ئەوە، شتێکی دژی راستیە.

راستەقینە ئەوەیە کە کوردی ناوچەکە، وەك دانیشاوانی ناوچەی شـاه ئابـاد، بـەگوێرەی فـەرمانێکی رەزاشـای کۆچـکردوو، کـە تائێـستاش لـە شوێنی خۆیدا ماوەتەوە، سەرباری باجی حکوومەت، ناچـار کـران ٢٠٪ ی حاسڵیان بدەنە شای ئێران. فەرمانەکە بە شێوەیەکی ملهوڕانە دەڵـێ کـە

زەوی کوردەکان مڵکی تایبەتی شای ئێران بووە، لەکاتێکدا قسەکە بە هیچ شێوەیەك لە شوێنی خۆیدا نییە. لەبەر ئەوەی کاتێ کە هەردوو باجەکە دەخرێتە سەریەك، دەبن بە نیوەی داهاتی خەڵکەکە ـ داهاتێك کە خۆیلەخۆیدا، بەهۆی شێوازی دواکەوتووی کشتوکاڵەوە، کەم و ناتەواوە.

راست دوابەدوای ئەوەی کوردی جوانرۆ ملیان بۆ ئەو بەشە ناعادڵانەیە دانەنەواند کە لەلایەن کاربەدەستانی شاوە داوای دەکرا، سوپای ئێرانی دەستیان کرد بە گرتنو کوشتوبڕی خەڵك. کورد– کە هیچ دەرەتانێکیان بۆ پارێزگاریکردنی خۆیان لەو کردەوە نامرۆڤانەیە نەمابوو، ناچار بە ئامانجی پاراستنی خۆیانو ماڵیان، دەستیان دایە تفەنگ.

لە رۆژانی ٤و ٥ و٦ی سپتەمبەردا، تۆپێ ئێرانیەکان لەگەڵ فڕۆکەی هوریکان، ناوچەکەیانی بۆمباران کرد،. کورد بە تفەنگی ئاسایی وەڵامی دانەوەو دوو هوریکانیان خستە خوارەوە. بەڵام بۆمبارانی گوندەکان درێژەی کێشا. لە سێ رۆژی یەکەمدا، چوار گوند بەتەواوەتی سووتێندران و سێزدەی دیکەیان بەشێوەیەکی جیددی تووشی زیان هاتن. ئەگەر ژمارەی دوازدە کوژراو لە شەڕکەران بێتە حیساب، ژمارەی کوژراو و بریندار لەناو ژن و منداڵو پیر، دەکاتە دوو هەزار کەس.

دوای ساڵانی ٤٧–١٩٤٦ ئەوە جاری دووەمە چەکدارانی ئێرانی هێرش دەبەنە سەر خاکی کورد. گوندەکان وێران دەکەنو دەیانسووتێنن، منداڵ و پیر دەکوژنو، سەرباری هەموو ئەوانە، هەڵکەوتوانی نەتەوەکە لەدار دەدەن.

بەناوی خەڵکەکەمەوە، بەتوندی دژ بەو کارە نامرۆڤانەیە دەوەستم‌و نارەزایی خۆم بە حکوومەتی ئێران ڕادەگەیەنم. مخابن بارودۆخی کورد لە تورکیاو عێراقیش زەحمەتە لەوە چاکتر بێت.

شانازیم هەیە سەرەنجی ئێوەی بەڕێز بەرەو ئەو ئەو راستییە رابکێشم پەیمانی ساڵی ۱۹۲۰ی سیڤەر کە لەلایەن زلهێزەکانەوە مۆر کرا — مادەی ٦۲و ٦۳و ٦٤ لە بەشی ۳ مافی گەلی کورد لەپێناو یەکێتی‌و خودموختاری‌و تەنانەت لە هەلومەرجێکی دیاریکراودا بۆ سەربەخۆییش بە رەسمی دەناسێ.

ئیجازە دەخوازم تکاتان لێبکەم نفووزی یەکجار زۆری حکوومەتی خۆتان بۆ راگرتنی کوشتاری دانیشتوان و بوردومان و وێرانکردنی ناوچە کوردنشینەکان بخەنەگەڕ. هەروەها، لێتان دەپاڕێمەوە مەسەلەی کوردستان بخەنە بەردەمی زووترین کۆبوونەوەی مەنشووری نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ ئەوەی بەگوێرەی رۆحی مادەی ۷۳ی مەنشووری نەتەوە یەکگرتوەکان لە باسی وڵاتە خودموختارەکاندا، پەیمانێك بۆ گەلی کورد زامن بکرێت و ئوسووڵی مەنشوورەکە باڵ بکێشێتە سەر ئەوانیش.

پێ ڕابگەیەنم:

**دۆستی راستەقینەتان**

**ئیمزا / ئەمیر دکتۆر کامەران عالی بەدرخان**

**بۆ جەنابی Sir Gladwyn Jebb و...**

**FO371/81922/132929**
**٢١ ی سپتەمبەری ١٩٥٠**

[ئەوە یادداشتی کۆبوونەوەیەکی باسو خواسە لە تەورێز. ئەندامانی کۆبوونەوەکە کاربەدەسانی باڵوێزخانەی بریتانیاو ئەمریکان لە شاری تەورێزو لەسەر هەندێ بابەت راوێژ دەکەن. من بەشی پێوەندیدار بە کوردم وەرگێڕاوە– وەرگێڕ.]

**کوردان**

ئامادەبوان:

**بریتانیا:**

جەنابی رایت[١]

جەنابی فرلۆنگۆ[٢]

جەنابی فرای[٣]

جەنابی بارنێت[٤]

بنکەی ژین
www.zheen.org

**وڵاتە یەکگرتووەکان**

جەنابی مەك گی [٥]

جەنابی کووپر[٦]

جەنابی سەندز[٧]

جـــەنابی کـــووپر گـــوتی گەرچـــی بـــارودۆخی ئێـــستا نیـــشانەی هوشـیاربوونەوە نـادات، پێویـستە چـاودەێری بکـەین، نـەکا رووسـەکان بیانـەوێ سـوود لـە کـورد وەربگـرن بـۆ ئـەوەی رۆژ هـەڵاتی ناوەراسـت بـشێوێنن کـاری ئیحتیمـالی ئـەوروپا و ئینگلـیس بـۆی هەیـە شـکڵی ئـەوە بگرێت کە رێکخستنی باشترمان زانیاری سیاسیوسوپایی یـەکتر هـەبێتو دڵنیابن کە هاوکارییەکی زیـاتر سـەبارەت بـەزانیاریی بەدەسـتمان لەگـەڵ یەکتر دەکەین ولەژوور هەمووشتەوە، هەوڵ بدەین دامـەزراویو ئاسایـشی گشتی ناوچەکە باشتر بکەین.

جەنابی فرلنگۆ گوتی هیچ هەواڵێکمان لە سـووریاوە پـێ نەگەیـشتوە (کـە کەمایەسییەکی بچوکی کـورد دانیـشتووی ناوچـەیەکی بـچووکن) هـەروەها لـە تورکیاوە، زانیاریمان لەمەڕ عیراقو ئێران، جێگەی نیگەرانییەکی تایبەت نـین. لەو شوێنانە هەرگیز مەترسیەکی گەورە نـەبوە. کـورد خـەڵکێکی دواکـەوتوو، دەمـدەمین و متمانـەیان پـێ ناکرێـت. دایـم گـیرۆدەی کێـشەی نـاوخۆین لـە بەرئەوەی لە شوێنی دوورەدەست دەژین، موشکیلەیەکی زۆر ناتوانن بنێنەوە. کەمایەسییەکن کە دەکرێ بەکار بهێنرێن، هەمیـشە دژ بـە حوکمـەتنو ئەگـەر رووسـەکان بێنـە نـاو وڵات، ئـەوان دەتـوانن موشـکیلەکە زیـاتر بکـەن، بـەڵام حکوومەتی عیراقو ئێران ئێـستا دەتـوانن کۆنترۆڵیـان بکـەن. هـیچ هـەنگاێکی تایبەت پێویست نییە هەڵبگیرێت.

جەنابی کـووپر گـوتی دەسـەڵاتدارێتی ئـەمریکا راپـۆرتی ناخۆشـی لـە سلێمانییەوە بۆ هاتووە.

جەنابی رایت: وەڵامی دایەوە کە نابێ حکوومەتی عراق وێناچێت لەمەڕ بارودۆخەکە نیگەران بێت و لایان وایە کە جادەکێشانو کاری ئابووری تر، یارمەتی مەسەلەکە دەدەن. ئێمە دەبێ کارێك بکەین کە حکوومەتەکان خۆیان چارەسەری کێشەکە بکەن. لەسەر کێشەکە پێویست ناکات داوا لە حکوومەتی بریتانیا یا ئەمریکا بکەین لەگەڵ یەکدا وتوووێژ بکەن،بەلام پێویستە زانیاری لەگەڵ یەکتر بگۆڕینەوە، بارودۆخەکەش بگرینە بەر چاوەدێری خۆمان .

جەنابی کووپر: لەگەڵ ئەوقسەیەدا هاودەنگ بوو.

هەروەها لەسەر ئەوەش پێکهاتن هەبوو کە نابێ ئەو هەستە لەناو عەشایەردا دروست بکەین کە لەلایەن هێزە لاوەکیەکانەوە بەشێوەیەکی تایبەت دەپارێزرێن-ئەم کارە، مەترسییەك دەخولقێنێ کە ئێمە دەمانەوێ خۆی لێ بپارێزین.

جەنابی رایت گوتی کە باڵوێزی تورکیا لەم دواییانەدا گوتوویەتی نازانێت ئایا دەزگای پڕوپاگەندەی ئەمریکا، کە زۆریش بە باشی ئیش دەکەن، دەکرێ ئەوخاڵە تایبەتە بڵاو نەکەنەوە.

جەنابی مەك گی گوتی ئەمریکا لە بیری ئەوەدایە کە کۆنسوولیەتی زیاتر لە کوردستان بکاتەوە.

www.zheen.org

FO371/81922/132929
I.P.C  A.I.O.C
**٢١ی سپتەمبەری ١٩٥٠ [؟]**

**کـوردان**

موافەقـە کراکـە زانیـاری لـە نێـوان لایەنـەکان [سـەبارەت بـە کـورد] بگۆڕرێتەوەو هەلومەرج بگیرێتە بەر چاودیری، گەرچی لـەکاتی ئێستادا، هۆیەك بۆ هوشیاربوونەوە یا نیازێك بۆ وتووێژی تایبەت نییە.

موافەقە کرا، کە دەوڵەتانی پێوەندیدار [بەمەسـەلەی کوردەوە]، هـان بدرێن بۆ ئەوەی خۆیان کاروباری عەشیرەتەکان بگرنە دەستو هۆزەکـان ئەو هەستەیان تێدا دروست نەکرێ کە هێـزە لاوەکیـەکان پارێزگارییـان لێ دەکەن.

بنکەی ژین
www.zheen.org

## FO371/98737/124822
## نەخشەی عیراق بۆ ڕاگواستنی کورد

[لە کۆتایی بەڵگەکەدا، ڕەقەمی ١٩٥٠ دەبینرێ، بەڵام وایە ١٩٥٠بێت — وەرگێڕ]

بنکەی چاودێری بی بی سی بۆ رادیۆ بێگانەکان

هەواڵی وەکالەتی هەواڵدەریی عەرەب — قاهیرە، لە بەغداوە:

عومەر نەزمی — وەزیری ناوخۆی عیراق، شەرحی پرۆژەیەکی کرد کە لەلایەن حکوومەتەوە بۆ ڕاگواستنی هۆزە کوردەکانی البارزانی لە ناوچەی مەخموور — پارێزگای هەولێر بەڕێوە دەبرێت.

نەزمی گوتی داوای لە شۆرای وەزیران کردبوو ٦٥ هەزار دینار بۆ ئەم پرۆژە کشتوکاڵییە دابین بکات بە ئامانجی ئەوەی زەوی حکوومی بدرێتە ئەو هۆزانە. پێویستە لەبیر نەچێتەوە کە زیاد لە چوار هەزار ئەندامی ئەو هۆزانە ساڵی ١٩٤٥و دوای کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەت لە ئازەربایجان، هاتنە باکووری عیراقو ڕێبەریەکەیان مستەفا البارزانی، هەڵات بۆ رووسیا. ئامانجی پرۆژەکەی حکوومەت بریتیە لە بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی بارزانی لە یەکێ لە ناوچەکاندا.

**باڵوێزخانەی بریتانیا،تاران**
**٢٢ی سپتەمبەری ١٩٥٠**
**نهێنی**
**ژمارە ٢٧٢**

جەناب،

بە گەرانەوە بۆ تێلگەرامی ژمارە ٤٣٥ی ١١ی سپتەمبەر.

شانازیم هەیەلێرەدا نوسخەیەك لەو راپۆرتەتان بۆ بنێرم کە لەلایەن جەنابی جێگری کۆنسوول Roper-Carzon لە کرماشانەوە سەبارەت بەعەمەلیاتی دەسەڵاتداریێتی عەسکەریی ئێران، دژ بە هۆزی جوانرۆ نووسراوە. کارێکی بەجێیە ئەگەر لەم کاتەدا، چاوێك بە بارودۆخی عەشیرەتی کوردستاندا بخشێندرێتەوە تا بزانرێ مەترسی جیدی بۆ ئاسایشی دەوڵەت ئێران لە ناوچەکە، تا چ رادەیەکە.

١ــ راستەقینەی بناغەیی سەبارەت بە هۆزە کوردەکان ئەوەیە تفەنگیان بەدەستەوەیەو هەروەها بەهۆی دوژمنایەتی عەشیرەیی بنەماڵەییەوە، گەلێك دابەشکراو و لێکدابراون، بۆ دەست تێوەردانی حکومەتی مەرکەزی لە شێوەی ژیانی خۆیان بێزاری دەنوێنن، هیچ شێك سەبارەت بە شێوەگەلی رێکخراوەیی — جیا لە شێوازی عەشیرەتی، نازانن. وادیارە حکوومەتی ئێران دان بەوەدا بنێ لەم کاتەدا، شتێکی نەگونجاوە هەموو هۆزەکان چەك بکات، بەڵام خەیاڵی وایە بەهۆی دانانی

بنکەی عەسکەریی لە شوێنە کلیلیەکانو چاوەدێریکردنی ئەو تفەنگانەی وا بەدەستیانەوەیە، پشتی کوردان بگرێو نەهێڵێ خەریکی چەتەیی و رووتاندنەوە بنو هەروەها سەربەستیان لە شەڕو کێشەی ناوخۆییدا یاساخ بکات. هەر هۆزێك پیشەی چەتەیی رەچاو بکات، یا لەگەڵ دراوسێکانیدا بکەوێتە شەڕەوە، مەترسی ئەوەی دەبێت داوای لێبکری تفەنگ دابنێ یا رووبەڕووی عەمەلیاتی عەسکەری ببێتەوە. ئەوەش لەڕاستیدا، هەر ئەوشتە بوو بۆ جوانڕۆییەکان هاتە پێشێ.

٢- ئەوە رەسمی رادیۆی ئازادی ئازەربایجانی کۆمۆنیستە، کە نوێنەرایەتی کوردان بۆ یەکگرتنیان لەپێناو خەباتی دژ بە حوکمی مەرکەزیو دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ بکات. بەکورتی، شەڕ ئەمجارە، کاتێ هەڵگیرساوە کە هۆزە دراوسێکانی جوانڕۆ یارمەتی ئەرتەشی ئێران دژ بە جوانڕۆییەکان دەدەن، تا بتوانن تۆڵەی کۆنی خۆیان لێ بکەنەوە. لەڕاستیدا ئەو راپۆرتانەی وا گەیشتوونەتە دەستم، دەریدەخەن پڕوپاگەندەی رادیۆیی شوێنێکی کەمی داناوەو هیچ بزووتنەوەیەکی یەکگرتوو لەپێناو سەربەخۆیی کوردستان لە ناوچەکەدا نابیندرێ. بێگومان ئەگەر هێرشێکی رووس بۆ سەر ئێران لەگۆڕ بوایە، هەندێ رێبەری هۆزەکان بەخێرایی لەگەڵ ئەرتەشی سوور دەکەوتن، ئەویش بەو هیوایەی شوێنو جێگەی خۆیان لە ناوچەکەدا بچەسپێنن.بەڵام ئەم رووداوە شتێکی تەواو جیاواز لە بزووتنەوەیەکی راستەقینەی سەربەخۆیی دەنوێنێ. دوورنییە، خەباتی دژ بە حکوومەتی

ئێران هەنگاوێکی هاوکات لەلایەن حکوومەتەوە بێت بۆ ئەوەی هەموویان پێکەوە چەك بکات، ئەویش لەگەڵ ئەو سیاسەتەی ئێران وا لە سەرەوەدا باسم کرد یەك ناگرێتەوەو، من هیچ ئاسۆیەکی ئەوتۆ بەدی ناکەم حکوومەتی ئێران دەست بداتە عەمەلیاتێکی مەترسیدار لەو شێوەیە.

٤- حکوومەتی ئێران خۆی لەم دواییەدا فاکتەرێکی دیکەی بۆ ئاڵۆزکردنی پێوەندییەکانی خۆیو ناوچە هۆزنشینەکان پێك هێناوە، ئەویش بەو ناوەی کە ئەگەر هاتو رووسەکان هێرشیان کردە [سەر ئێران] لە هێزی چەکداری چریکی عەشیرەتەکان کەڵك وەربگرێ. ئەم ئیمکانە، بۆ سەرۆکی ستادی ئەرتەش زۆر سەرەنج راکێش دەنوێنێ، کە چەندین جار و لە چەندەها شوێن چەکی بەو هۆزانە داوە وا جێگەی متمانەی بوون. هیچ لەوە ناچێ سیاسەتێکی گشتی [چەککردن] بۆ هەموو وڵات هەبێت، لەکاتێکدا چەك لە هۆزێكو لە ناوچەیەك وەردەگیرێتەوەو دەدرێتە دەستی هۆزێکی دیکە، ئەویش هەندێ جار لە ناوچەیەکدا دەبێتە هۆی سەرلێشێواوی. هەرچۆنێك بێت وا دەردەکەوێ تائێستا لە کوردستان چەك بە هیچ هۆزێك بۆ عەمەلیاتی چریکی نەدرابێت.

٥- هەر بەم بۆنەیەوە، من دەگەمە ئەو ئاکامەی کە حکوومەتی ئێران زۆر واهەیە سیاسەتی ئێستای خۆی لەمەڕ هاوسەنگ راگرتنی پێویستیەکانی ئاسایشی گشتیو مەترسی دەستدرێژی بەربڵاوی هۆزەکان بەڕێوەبەرێ. وەك ئاکامێك تا ئەوکاتەی سنوورەکانی ئێران دەستیان لێ نەدرێت [نەکەونە بەر هێرشی رووس]، ئیمکانێکی کەم بۆ پێکهاتنی بزووتنەوەیەکی بەهێز بۆ کوردستانی سەربەخۆ بەرچاو دەکەوێت.

٦-مــن نوســخەی ئــەم نامەیــەم بــۆ نوێنــەرانی ئــەعلا حــەزرەت لــە واشنگتۆن، مۆسکۆ، بەغداد، ئانکاراو کاربەدەستانی کۆنسوولێەتی ئـەعلا حەزرەت لە کرماشانو تەورێز، هەروەها بۆ سەرۆکی دەفتەری بریتانیـایی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست لە قاهیرە، دەنێرم.

بەشانازییەوە.

لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزمدا

**خزمەتکاری زۆر بەئیتاعەی ئێوە**

**بۆ جەنابی پایەبەرز وەزارەتی دەرەوە**

**Clement R. Attlee**

بنکەی ژین
www.zheen.org

**پاشكۆی یەكەم**

تەرجەمەی [ئینگلیزی] بەیانی كۆلۆنیل فوولادوەند بۆ رۆژنامـەكان، لـە دەهەمی سپتەمبەری ١٩٥٠دا:

نزیكەی ١٠ بەگزادەی جوانرۆ، بـەناوی سەرپێـچی و سـەربزێوییەوە تـا مـانگی سـپتەمبەر ١٩٤١ دەستبەسـەر كرابـوون. ناوچـەی جـوانرۆ ـ وەك ناوچە هۆزنشینەكان دیكە لە ئاشتیو ئاسایشدا دەژیان. كێشرانی جادە لەنێوان كرماشانو نەوسوود، بوو بەهۆی ئەوەی وەزیرانی ناوچەكە زیـاتر ئاگاداری ژیانی ژیواری بن. نازانرێ لەبەر چ هۆیەكی خەیانەتكارانە بوو كە تاقمێكی چینایەتكارو دز، بەناوی زیندانیی سیاسـییەوە لـە زینـدان ئـازاد كران و چۆن ئـەم بـەگزادە سـەربزێوانە گەڕانـەوە جـوانڕۆو نزیكـەی ٢٠٠٠ خێزانی هەژاریان خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوەو سەرلەنوێ بەربوونـەوە رێگریو تاڵانو هێرشـكاری. بـەگزادەی جـوانڕۆ لـە سـاڵانی نێـوان ١٩١٤و ١٩٤٨دا، نەك هەر خوێنی وەرزێرانی هەژاری ناوچەكەیان دەمژی، بـەڵكوو بەشێوەیەكی هەمیشەیی لەسـەر رێگـای نێـوان عـیراقو كرماشـانو دۆڵـی پڵێنگانەدا ترومبێلیان دەوەستاندو باجی ئەو كەلوپەلەیان وەردەگرت كە لە وڵات دەچوونە دەرەوە یـا دەهاتنـە ژوور، لـەوەش زیـاتر، تـاڵانی ئـەو گوندانەیان دەكرد، وا كەوتبوونە دراوسێیە تیانەوە.

شـەڕی جیهـانیو حـزووری هێـزی بێگانـە [لـە ئێـران] هەلومـەرجی هەڵخڵێنەرو رووداوەكانی ئەمدواییەی ئازەربایجانو كوردستان بوونە هۆی ئەوەی حكوومەتی[ی ئێران] بـەهێمنی لەگەڵیانـدا ببزوێتـەوەو نەسـیحەتی

ئەم تاقمە بکات، بەڵام دوای هەموو ئەوانە چارەیەك جگە لەوە نەماوە هێزو دەسەڵات بەو تالانکەر و خائینانە نیشان بدرێت.

لە ساڵی ١٩٤٨دا، بەگزادەی جوانرۆ رێگای پلێنگانەیان بەستو بۆ ماوەیەکی زۆر، پێوەندی نێوان ئیداراتی ناوەندیو بەشێکی ناوچەی سەر سنووریان هەڵبڕی، بێ ئەوەی گوێبدەنە نەسیحەتی دەوڵەت. بریگادی کرماشان بڕیاری دا تەمێیان بکات، بەڵام حکوومەت لەبەر هەندێ هۆی خێرخوازانە، خۆی لە بنەبڕکردنی بەگزادەکان پاراستو گەرەکی بوو تەنیا بەشێك لە تفەنگی بەگزادەکان وەربگرێتەوە. لەوەبەدواوە، کاربەدەستانی ئەرتەشی یارمەتیدەری هەمیشەیی جوانرۆیەکان بوون، بۆ نموونە دوو بەگزادە پلەی شانازییانەی ئەفسەرانی ئەرتەشیان پێدراوە، چواریان وەك ئەفسەری وەکیلو گروهبان وەگیراونو مانگانەیان پێدەدرێت. دوومانگ لەمەوپێش بریگای کرماشان ١٥ تەن گەنمی لە ئیدارەی غەللە بۆ وەرگرتن تا ناتەواویی خواردەمەنییان بۆ قەرەبوو بکاتەوە. هەنگاو بۆ باشترکردنی هەلومەرجی ساغیەتی گشتیو خوێندنو پەروەردە هەڵگیراوە. شانازیی ئەوەیان پێدرا لە مەراسیمی ناشتنی تەرمی شای پێشوودا، بەشداری بکەن. بۆ ئەوەی رێز لە شارستانیەتی وڵاتەکەو هێزو توانای دەوڵەت بگرن، بانگهێشتنی تاران کرانو ئیجازەیان پێدرا چاویان بە ئەعلا حەزرەتی شا بکەوێت و ئەویش میهرەبانیی لەگەڵ کردنو رێگای نیشان دان. بەداخەوە، بەگزادەکان نەیانتوانی دەست لە زاتی خراپەکارو سەربزێوی خۆیان هەڵبگرن، دیسانەکە لە چەند مانگی

رابردوودا، درێژەیان بە دزینی مەڕوماڵاتی مەزرای هۆزی ئـەڵاهیاری داوەو لە روانسەر قەندی قاچاخیان بەزۆر لە کاربەدەسـتانی کـومرگ سـەندووەو هەروەها هێرشیان بردۆتە سـەر ملّکی محەمـەد تـاهیر بـەگی باوەجـانی و حاسڵی وەرزێرەکانیان رفاندووە.

تیپی کرماشان، لەماوەی دوومانگی رابردوودا، دەست بـەکار بـووە تـا ملّکو ماڵی محەمەد تاهیر بەگ وەربگرێتەوە. هەموو هۆزەکـانی دراوسـێ، چەك کرانو تفەنگێکی کەمیان بۆ بەجێهێشترا. داوا لـە جوانڕۆییـەکانیش کرا، بەشێك لە تفەنکەکانیان ڕابگرن (و وادیارە هـەر ئـەوە بووبێتـە هـۆی کـاری ناژیرانـەیان)، بـەڵام ئـەوان سـەریان دانەنەوانـد و هێمنـی تیپـی رینۆێنیکردنیان بە لاوازبوونی حکوومەت داناو لە نیوەڕۆی ڕۆژی دووهەمی سـپتەمبەردا، لـەناکاو هێرشـیان هێنایـە سـەر هێزەکـانی کۆلۆنێـل "جەوانشیر" لە بەرزاییەکانی "پلّینگانە"و، لـەو کاتـەدا تاقمەکـە لـەحاڵی حەسانەوەدا بوو، گروهبانێك کوژرا، نۆ سەربازو ئەفسەرێك برینـدار بـوون کە ئەمەیان داوای چەند ڕۆژێك لە نەخۆشخانەی کرماشان مرد. لە دووهەم تـا چـوارەمی سـپتەمبەردا، جوانڕۆییـەکان دژ بـە ئەرتـەش جـەنگینو شەڕێکی قورس لە سەنگەرەکانیاندا بەڕێوە چوو. بنکەکان [ی ئەرتەش]ـ بەتایبەت لـە تاریکـایی شـەودا، جێگـای شـەڕی دەستبەیەخـەیان زۆرە. هێرشـی هـەوایی تایبـەت بـە ناوچـە دارسـتانیو شـاخاوییەکان کـراوە. جوانرۆییـەکان کـە وایـان دەزانـی دەتـوانن بـۆ ماوەیـەکی دوورودرێـژ، خۆڕابگرن، لە ڕۆژی سێهەمی سپتەمبەردا، کەوتنە بەر بۆمباردمانێکی قورسو

زەختیان خرایە سەر، تا شوێنەکانیان لەبەر "شاهکۆه"بەجێبهێڵن و بەرەو لوتکەی چیاکان هەڵێن، بەڵام لەکاتی شەودا گەڕانەوە شوێنەکانی پێشووی خۆیان و شەڕێکی قورسیان درێژە پێدا.

لە بەرەبەیانی ڕۆژی چوارەمی سپتەمبەردا، هۆزەکانی هەورامی (لهۆنی)ـ بە ڕێبەرایەتی کاپیتەن "موعاوەنی"و کاپیتەن "محەمەدئەمین بەکر لهۆنی"کە لەلای پاوەوە بەرەو"پلێنگانە"چووبوون، گەیشتنە "شاهکۆه". جوانڕۆییەکان کە زانییان لەدوولاوە هێرشیان کراوەتە سەر، بەرەو ڕۆژئاوا هەڵاتن. مەیجەر"کامیاب" بە عەشیرەتی ژێر فەرمانی خۆیەوە گوندەکانی بەری ڕۆژئاوای قەڵای جوانڕۆو کۆلۆنێل "کەبیری" قەڵاکەیان گرت ـ شوێنێك کە بۆ ماوەی دە ساڵی ڕابوردوو، سەرچاوەی سەربادانەوەو هەڵخلاندن بووە.

بەگزادەکانی جوانڕۆ ـ کە ئاکامی هەڵەو خەتای خۆیان چاوپێکەوتووە، ئێستا لە هەوڵی ئەوەدان گوندی هەورامییەکان تاڵان بکەن، ئەو هەژارانەی وا کەوتوونەتە شوێنیان و فریوی بەگزادەکانیان خواردووە، چاوەڕوانی هێمنبوونەوەی بارودۆخەکەن بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە ناو گوندەکانیان. لە هەموو لایەکەوە، عەشیرەت کەوتونەتە ڕێ تاوەکوو پاشماوەی جوانڕۆییەکان بگرن، هەموو لایەنگرانی ئەو ١٠ بەگزادەیەی [وا هەڵاتوونەتە سەر سنوور]، لە "وەڵەد بەگی قوبادی"، کە لە هەمان چین و هەمان زمانی جوانڕۆییەکانن، هاوکاریکردنی خالیسانەیان لەگەڵ هێزی عەسکەری، نیشانەی ئەو ڕاستیەیە کە هەموو هۆزەکان لە کردەوەی

وەحشیانەی جوانڕۆییەکان وەرزبوون، ئەم هۆزانە، ئیتاعەی حکوومەت دەکەن، ڕێزی دەگرنو دەزانن خزمەتکردنیان بە حکوومەت، لە بەرژەوەندی خۆیاندایە.

---

* بەداخەوە هەموو ئەفسەرانی ئەرتەشی شا، کە لەو شەڕەدا دژ بە جوانڕۆییەکان جەنگیون، هەروەها فەرماندەی سەرەکی شەڕەکە(سەرهنگ چەمەن زیبایی)، کوردو تەنانەت خەڵکی هەمان ناوچە بوون! من ئەم زانیارییەم لە کاك ئەسعەدی سراج الدینی وەرگرت، هیوادارم کاك ئەسعەدو ئەو کەسانەی وا لەنزیکەوە ئاگاداری کارەساتەکەی جوانڕۆ بوون، بیرو بۆچوونو بیرەوەری خۆیان بێننە سەر کاغەز، مەیدان بە کەسانی وەك "سەرهەنگ عیسا پژمان" نەدەن مێژووی گەلەکەمان بگۆڕنو نەوەکانی داهاتوو چەواشە بکەن."سەرهەنگ"، بەناو کوردێکی ساواکی ئێرانە، پێش ساڵی ١٩٧٥و هەرەسهێنانی شۆڕشی کورد، بۆ ماوەیەك مەئمووری ساواکی ئێران لە بارەگای خوالێخۆشبوو مەلا مستەفای بارزانی بووەو ئێستا لە دەرەوەی وڵات خەریکی نووسینی کتێب لەسەر ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەیەو بە هەموو تواناوە هەوڵی بە ئاوەژوو نیشاندانی ڕووداوەکان دەدات. دوا کتێبی پژمان، ناوی "جوانمردی ارتشیان و ناوجوانمردی جوانرودیان"ـە و تێیدا پاکانەی بۆ پیاوکوژانی ئەرتەشی حەمە ڕەزاشا کردووە، وەرگێڕ.

بنکەی ژین
www.zheen.org

**FO371/82000/C/132947**
**دەستەی نوێنەرایەتی بریتانیا**
**لە نەتەوە یەکگرتوەکان- نیویۆرك**
**٣٠ی سپتەمبەری ١٩٥٠**
**نهێنی** (264/11/50P)

ئیدارەی بەڕێز،

ئێمە کۆپییەك لە نامەی ١٣ی سپتەمبەرتان بۆ دەنێرین وا لەلایەن "وەفدی کورد" لە پاریسەوە پێمان گەیشتووە. تاوانی ـ وەك دەڵێن بێڕەحمی، داوەتە پاڵ ئەرتەشی ئێران لە جوانڕۆ.

١) ئێمە هیچ هەنگاوێك سەبارەت بەو نامەیە هەڵناهێنینەوە مەگەر داوامان لێبکەن.

٢) نوسخەیەك لەو نامەیە بۆ بەشی سیاسی لە باڵوێزخانەی تاران، پاریس، بەغداو ئانکارا دەنێرین.

**دۆستداری هەمیشەییتان**

**دەستەی بەڕێوەبەرایەتی (ئیمزا)**

**بۆ ئیدارەی ڕۆژهەڵاتو، وەزارەتی دەرەوە**

بنکەی ژین
www.zheen.org

**FO371/82000/XC/132947**
**دەستەی نوێنەرایەتی بریتانیا**
**لە نەتەوە یەکگرتووەکان- نیویۆرك**
**شەشەمی ئۆکتۆبەری ١٩٥٠**
**نهێنی**(P ٢٦٤/١١/٥٠)

ئیدارەی بەڕێز،

تکایە بگەڕێنەوە سەر نامەی ٢٦٤/٦/٥٠ی ئێمە لە٣٠ی سپتەمبەر، کە نوسخەیەکی نامەی "وەفدی کورد"ی پاریسی لەگەڵدابوو. ئێمە نوسخەی نامەیەکی دیکەی ئەوانتان بە سێ پاشکۆوە بۆ دەنێرین و ئەویش هەر ناگرینە بەرچاو، مەگەر داوامان لێبکرێ. نوسخەی ئەم نامەیەو پاشکۆکانی بۆ بەشی سیاسی لە تاران، ئانکارا، بەغداو، پاریس دەنێرین.

**هەمیشە هی ئێوەین**
**دەستەی نوێنەرایەتی (ئیمزا)**

بنکەی ژین
www.zheen.org

**بۆ ئیدارەی ڕۆژهەڵات، وەزارتی دەرەوە،**
**لەندەن SWI**

[* لەجیاتی دەقی نامەی"وەفدی کورد"و سێ پاشکۆ، دەقی دوو نامەی ڕۆژانی ١٢و ٢٦ی "وەفدی کورد" بە زمانی فەڕەنسیی کراوەتە پاشکۆی، کە بۆ من ڕوون نییە بۆ کێ نووسراوە. وەرگێڕ]

**FO371/82000/XC/132947**
**باڵویزخانەی بریتانیا لەتاران**
**١٦ی ئۆکتوبری١٩٥٠**

بنکەی ژین
www.zheen.org

جەناب،

لەگەڵ گەڕانەوەم بۆ نامەی ژمارە ٣٧٢ی٢٢ی سپتەمبەر، شانایم هەیە پێتانی ڕابگەیێنم کە شەڕی ئەرتەشی ئێران دژ بە هۆزی جوانڕۆی کوردستان، ئێستا گەیشتۆتە کۆتایی.

١) بەگوێرەی ڕاپۆرتێک کە جێگری کۆنسوولی ئەعلا حەزرەت لە کرماشان بۆی ناردووین، سەرەک هۆزەکانی جوانڕۆ، دوای هەوڵی بێسوودیان لەپێناوی ڕاکیشانی پشتیوانی ئەفسەرانی ئێران دژ بە کۆلۆنێل "فوولادوەند"ی فەرماندەی پێگەی نیزامیی کرماشانو هەروەها عەناسوری خراپەکار لە تاران، دەستیان کرد بە وتوویێژ لەسەر بارودۆخ

لەگەڵ کۆلۆنێل فوولادەوەنددا و، ناوبراو درێژەی دا بە جەختکردن لەسەر تەحویلدانەوەی تفەنگ وەك شەرتی کۆتاییهێنان بە شەڕ، هۆزەکانیش لە ڕۆژی یەکەمی ئۆکتۆبەرەوە دەستیان کرد بە تەحویلدانەوەی تفەنگەکانیان، لای کەم ٨٠ تفەنگ تا ڕۆژی ١١ی ئۆکتۆبەر وەکۆکراون، هێزەکان [ی دەوڵەت] و عەشیرەت کە دەستبەیەخەی ئەم شەڕەبوون، ئێستا گەڕاونەتەوە سەربازخانەکانی خۆیان.

٢)من کۆپی ئەم نامەیە بۆ باڵۆیزی ئەعلا حەزرەت لە واشەنتون، مۆسکۆ، بەغداو هەروەها بۆ دەفتەری بریتانیایی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دەنێرم.

شانازی ئەوەم هەیە ئەوپەری ڕێزم بۆتان هەبێت

**خزمەتکاری یەکجار گوێڕایەڵتان (ئیمزا).**

**بۆ بەڕێز Ernest Beven**

**سکرتێری کاروباری دەرەوە لەندن.**

بنکەی ژین
www.zheen.org

## FO371/82000
## کۆنسوولی گشتی بریتانیا له تەوریز
## ١٨ی ئۆکتۆبری ١٩٥٠ له تەرویز بۆ تاران
## ٢٣ی ئۆکتۆبری ١٩٥٠ له تاران بۆ وەزارەتی دەرەوە له لەندەن

جەناب،

له ڕۆژژمێری ژماره ٩دا بەڵێنم دابوو ڕاپۆرتێکتان سەبارەت به کوردستانی ئازەربایجانو بارودۆخەکەی بۆبنێرم، وائێستا شانازیم هەیه له یادداشتی بەستراو بەم نامەیەدا ئەو ڕاپۆرتەم ئاڕاسته بکەم.

٢- من ئەم ڕاپۆرتەم بەئیحتیاتەوه پێشکەشتان دەکەم، لەبەرئەوەی دەزانم که زانیارییەکانمان لەسەر کوردستان ناتەواونو جێگەی گومانن، لەبەرئەوەی له هەندێ سەرچاوەوە دەگەنه دەستمان که بەشێوەیەکی سوننەتی مەیلی ناردنی هەواڵیان بۆ ئێمه هەیه، یاخود له سەرچاوه ڕەسمییەکانەوە دەگەنە دەستمان کە بەگوێرەی سیاسەتی ڕۆژی حکوومەت زانیاریمان دەدەنێ.

زۆربەی زۆری زانیاری ناو ئەم ڕاپۆرته لەلایەن مستر هـ . ج. فەربوودیەوه گردوکۆ کراون که ئەویش کاتبی کۆنسوولیەتی گشتیە لێرەو یادداشتەکانی خۆی لەسەر ئەساسی ئەوهێڵانه ئامادە کردووە که من بۆم دیاری کردبوو.

هەموو هەوڵێك دراوه که ڕاستەقینەو ژمارەکان، تازه بنو ئەو بابەتانەی واجێگەی بڕوا نەبووبێتن، وەلابنرێن.

**ر. ج . دونداس**

**FO371/82000/XC/132947**
**١٨ی ئۆکتۆبەری ساڵی١٩٥٠**

**یادداشت سەبارەت به کوردستانی ئازەربایجان**

## پێکهاتەی هۆزایەتی کوردستانی ئازەربایجان

کوردستانی ئازەربایجان، خۆی بەسەر سێ ناوچەی سەرەکیدا دابەش دەبێت: لەوپەڕی باکوورەوە، دەوروبەری ماکۆ، هۆزی"جەلالی"دەبینین کە هۆزێکی گەورەی سەربزێوەو لە خەڵکانێك پێك هاتووە کە ژیانی وەحشیانەیان هەیە، لەسەڵماسەوە تا سەر هێڵی خانێ- حەیدەر ئاباد (لەسەر گۆلی ورمێ)، ناوچەکە "هەرکی" دایگرتووە، کە لەلای باکوورەوە شکاك (ی دەوروبەری سەلماس)، بەگزادە (ی ڕوژئاوای ورمێ)و"سەییدلەر"(ی باشووری ورمێ) دەگرێتە بەر، هەرکی لە هەموو ئەو ناوچەیەدا دەبینرێن. عەشایری ئێرە، دەوڵەمەند، بەلام هەندێ گەردنکێشن.

سنووری ناوچەی سێهەم لەلای باکوور بەهۆی هێڵی خانێ - شنۆ- مەهاباد میاندواو دیاری دەکرێت، لەلای ڕۆژهەلاتیشەوە، کەمورزۆر، بەهۆی هێڵێکەوە تا سەقز لە باشوور دەکشێ. هەروەها لەلای باشووریشەوە بەهۆی هێڵێکی تر، بەرەو ڕۆژئاوا دەچێو لەوێوە تا سنووری عیراق لە ڕۆژهەلاتی بانە دەڕوات. ئەم کەمورزۆر چوارپالووە، لە بەری ڕۆژئاوادا سنووری عیراق دەگرێتەوە. گەرچی، هەڵبەت، هەندێ هۆز هەن کە

ئەمدیوو ئەودیو دەکەن، بەڵام هۆزی ناوچەکە زیاتر نیشتەجێن. مەهاباد ناوەندێکی گەورەی عەشیرەتیە، کە هۆزی مامەش، دێبوکری، پیران و گەورك تێیدا یەك دەگرنەوە. گەورك و مەنگوڕ لە سەقز بەیەك دەگەنەوە و گەورك جارێکی تر دەگاتەوە بانەو، دەوروبەری بانەو سەردەشت دەگرێتەوە.

دەمێنێتەوە، هۆزێکی سەیری دیکە، کە فەیزو"ڵڵابەگی" لای سەقزن و دواتر دەگەڕێینەوە سەریان، پێك گەیشتنەوەی هۆزی زۆر لە مەهاباد، کاراکتەرێکی تایبەت بە شارەکە دەدات وەك مەکۆی گۆڕینەوەی بڕواوباوەڕو هەر لەم شارەدایەکە چاوەڕوان دەکرێت بیری دەرەوەیی زیاتر بلاوببێتەوەو لایەنگر بدۆزێتەوە.

## هێڵە پانەکانی رەنگی سیاسی

دەکرێ بگوترێ کە هەر هەموو ئەو هۆزانە لە هەڵسوکەوتی حکوومەتی ناوەندی لەگەڵ خۆیان ناڕازین. هەروەها دەشتوانرێ بگوترێ کە پڕوپاگەندەی ئەم دواییانەی سۆڤیەتی، شوێنی لەسەر هیچ لایەکیان دانەناوە، گەرچی هەرکییەکان بەتایبەت، دەگوترێ، پێوەندیی جاروبارەیان لەگەڵ مەلا مستەفادا هەبێت. فەیزوڵڵابەگییەکان تاقە هۆزێکن بە حەساسیەتی کۆمەنیستییەوەو لەناویاندا، وشەی"کومۆنیست"واتایەکی قووڵی لێ وەردەگیرێت. لە سەردەمی ڕژێمی دیموکراتدا، سەرەك هۆزەکان [ی فەیزوڵلا بەگی] زەوی‌وزاری خۆیان بەسەر وەرزێراندا دابەش کردبوو. وێدەچێ کە ئەم هۆزە بارودۆخێکی

تایبەتی بۆ وەرگرتنی باوەڕی کومۆنیستی هەبێتو بۆ ئەم کارە باوەشی ئاواڵە بێت.

جیا لەو هۆزە، هۆزەکانی تر ئامانجی ڕوونیان نییەو چاوەڕوانی ئەوەن کە ڕێبەرایەتی بکرێن، ئەو ڕێبەرایەتیەش بە وشەو قسە یاخود بە بەڵێنی ئێرانیەکانو رووسەکان وەدینایەت، کردەوەی پێویستە. ئەوە دەمانگەێنێتە هەڵسەنگاندنێکی توێژێنەرانەی ڕەنگدانەوەی هۆزەکان لەکاتی هێرشکردنی ڕووسەکان بۆ سەر ئێران. لێرەدا، ئیجازە بدەن بڵێین کە، ئەگەر مەلا مستەفا بەبێ پشتگیری ڕووسەکان بهاتبایەتەوە، سوپای لە باکوور مۆڵخوارووی ئێران بۆ تێکشکاندنی تووشی زەحمەتی زۆر نەدەهاتو هۆزە کوردەکانیش واهەبوو بێلایەن بمێننەوە یا تەنانەت لەگەڵ هێزی دەوڵەت بکەون (ڕاست وەك "لهۆنی"یەکان کە لە راپەڕینی ئەم دواییەی جوانرۆدا وەهایان کرد. ئەم رووداوە وەبیرمان دێنێتەوە کە کورد بۆ شەڕی یەکتری کردن تووشی هیچ پەشیمانییەك نایەت).

هەرچۆنێك بێت، ئەگەر ڕووسەکان بەزۆر [لەئێران] بێنە ژوورەوە، وێدەچێت کە جەلالییەکان بەبێ سێبەری هیچ گومانێك لەگەڵیان دەکەون. جەلالییەکان لەلایەن ڕەزاشاوە بە باکوور[ی ئێران] دا بلاوەیان پێ کراوەو ئێستاش هەر ڕقیان لە ئێرانیەکان دەبێتەوە. ترسی ئەوە هەیە کە هەڵوێستی ئەوان [بەرامبەر بە ڕووسەکان]، لەناو هۆزە کوردەکانی دیکەشدا تەشەنە بکاتو هۆزەکانی تاقمی دووهەمیش، کە لەسەرەوە ناوبردەمان کردن [هەرکی، شکاك، بەگزادەو سەییدلەر]،

بەشبەحاڵی خۆیان لەگەڵ ڕووسە هێرشکارەکان بکەون. لەکاتێکدا زۆرێك لەو سەرۆك هۆزانەی وا بەهۆی کردەوەی پێشووی خۆیانـەوە بـۆی هەیـە لەلایـەن ڕووسـەوە چاوپۆشـیان لێبکرێـتو لەگەڵیانـدا پێـك بـێن، خۆیـان هەڵێنو بچن بـۆ تورکیـا یـان عـیراق. ئـەم هۆزانـە، هەرچـۆنێك بێـت، لێـك هەڵدەبڕێن تەنیا لەبەرئـەوەی کـە دەیانـەوێ لێـك هــەڵبڕێن، ئنجـا دەسـت دەکەن بە کوشتوبڕو تالانی مەسیحیەکانی ناوچەی خۆیان.

ئەو هۆزانەی وا هەیە ئەم ئازارە کەمتر تێیانـدا تەشـەنە بکـات، تـاقمی سێهەمن [شـنۆ تـا سـەقز]. دەبێـت لـەبیرمان بێـت کـە ئـەمان لـە نیزامـی دیموکراتەکانــدا لــەباری وەفاداربوونــەوە جیــاواز بــوون. لــە کۆتاییــدا، هەرچــۆنێك بێــت، دەبــێ چــاوەڕوانی ئــەوەش بکرێــت کــە ئــەوانیش بەشبەحاڵی خۆیـان لەگـەڵ ڕووسـەکان بکـەونو سـەرەك هـۆزی وەفـادار [بەئێران] یشیان بەرەو عیراق هـەڵبێن. هیـچکام لـە هۆزەکـان چاوەڕوانی ئەوە ناکەن کە سوپای ئێـران بـۆ چرکەیەکیش[بەرانبـەر بـە ڕووسـەکان ]بوەستێت، چاوەڕوانی ئـەوە دەکـەن کـە هـەر ئەوەنـدەی سـەربازەکان چـەکی خۆیـان بەجێهێـشت، بـچنو کـۆی بکەنـەوە. گونجاویـشە کـە هێزەکانی ئێرانی بەرەنگارییەکی توندوتیژ بکەنو ئەگەریش بکرێ بـیر لـە شتێکی ئـەوتۆ بکرێتـەوە، هەنـدێ لـە هۆزەکـانی تـاقمی سـێهەم لەگـەڵ [ئێرانییەکان] بکەون. مـن لام وانییـە حکوومـەتی ئێـران لـە داهاتوویـەکی نزیکـدا بتوانــێ ئــەو هــەموو ناتەواوییانــەی هۆزەکـان چارەسـەر بکـات. هەرچۆنێك بێت، زیاترین کارێك کە [ئێرانییـەکان] ئێـستا دەتـوانن بیکـەن،

دابینکردنی خوێندنو دەرەتانی داوودەرمان لە کوردستان، هەروەها ناردنی کاربەدەستی باشە. لای کەم جیلێکی پێویستە بۆ ئەوەی ئاڵوگۆڕێکی شوێندانەر لە هەستو بیری کورداندا بێتەدی.

وەك پرۆگرامێکی درێژخایەنیش، ئێرانییەکان دەبێ باروذۆخی هۆزەکان باشتر بکەن، بەڵام پێویست ناکات چاوەڕوانی ئەوەبن کە گەلێك زوو بەرهەمی جائیزەی وەفاداریو وەڵامی باشتربوونی بارودۆخ وەربگرن. لەماوەی نزیکدا، بەڵێنی داهاتووی باشتر تەنیا تەنگوچەڵەمە دەخوڵقێنێ.

## چەکدارکردنی هۆزەکان

من زیاتر دەمەوێ لەگەڵ ئوستانداری ئازربایجان هاودەنگ بم کە چەکدارکردنی هۆزەکان بەشێوەیەکی چەکداری نارێكوپێك، بۆ دژایەتیکردنی رووسەکان تەواو شتێکی بێکەڵکە، تەنانەت ئەگەر وەفاداریشیان جێگەی گومان نەبێت.

ژمارەی کەمی تاقمی نیوەڕاهاتوو، لە ڕووبەڕووبوونەوەی هێرشی سوپایەکی زۆرو پڕچەكو بەباشی ڕاهاتوودا، بێکەڵك دەبێت. ئەگەر مەیلی زۆری کوردان بۆ کەرەسە[ی شەڕ]و راهێنان بگیرێتە بەرچاو، من ئەو پێشنیارەم دووپات دەکەمەوە کە بەقسە بە باڵوێزی ئەعلا حەزرەتم گوت کە پێکهێنانی یەکەیەکی پاسەوان (بۆدی گارد)ی کورد لە تاران، لەبارەی رۆحییەوە شوێنێکی زۆر لەسەر کوردستان دادەنێت، بێ ئەوەی مەترسییەك بۆ ئاسایشی ناوخۆیی ناوچەکە بخوڵقێنێت. هەروەها واهەیە یەکەی ناوبراو ناوکی تاقمێك پێك بهێنێ کە.......؟

## هێزی ئینسانی هۆزەکان

ژمارەی کەسانی هۆز، لە باشترین حاڵەتدا دەتوانێ بەمەزەندە بێت.[لە جەدوەلی خوارەوەدا]، ستوونی سێهەم ئاماژە بە پیاوانێك دەکات کە بە پیاوی شەڕکەر دەناسرێن، بەڵام لەبەر ئەو راستیەی کە پیاوانی عەشیرە هەموویان چەکدارن، ستوونی چوارەمیش[لە ەدوەلەکە] زیادکراوە، کە ژمارەی بەمەزندە[ی چەك] جیا لە پیاوانی شەڕکەر- کە خۆیان چەکدارن، بدات بەدەستەوە. ئەم ژمارانە، تەنیا بۆ دەستەی سێهەمی عەشیرەتەکان [واتە لەشنۆوە تا سەقز]پێك هاتووە، لەبەر ئەوەی بۆ هۆزەکانی تر هیچ مەزەندەیەکی متمانەپێکراومان بەدەستەوە نییە.

| هۆز | ژمارەی ئەندامانی هۆز | ژمارەی پیاوان | تفەنگی زیادی |
|---|---|---|---|
| دێبوکری | ٤٠,٠٠٠ | ٣,٠٠٠ | ٧,٠٠٠ |
| مامەش | ٣٠,٠٠٠ | ١,٥٠٠ | ٢,٠٠٠ |
| پیران | ٥,٢٠٠ | ٢٠٠ | ٦٠٠ |
| گەورك | ٢٠,٠٠٠ | ١,٠٠٠ | ٢,٠٠٠ |
| مەنگوڕ | ٢٥,٠٠٠ | ١,٥٠٠ | ٢,٠٠٠ |
| بانە | ٢٠,٠٠٠ | ٤,٠٠٠ | ١,٠٠٠ |
| فەیزوڵلا بەگی | ٢٠,٠٠٠ | ٥٠٠ | ٤,٠٠٠ |

ژمارەی کەمی پیاوانی شەڕکەری هۆزەکان لەبەرئەو ڕاستیەیە، کە هۆزەکە بەهۆی نەبوونی سەرۆکێکی گەورەوە، ڕێكوپێك نییەو بەسەر تاقمی ئەوتۆدا دابەش کراوە، کە لەئاڵوگۆڕدان.

**ر. ج. دونداس***

R.G. Dundas *

بنکەی ژین www.zheen.org

## FO371/82000
## ١٤ی نۆڤامبری١٩٥٠

له وه‌زاره‌تی كاروباری ده‌ره‌وه‌ی بریتانیاوه بۆ شازاده فاتمه حه‌یده‌ر له‌م ئه‌دره‌سه‌ی خواره‌وه:

**Princess Fatmo Haider**
**103 Lord Kitchener Road**
**Rushdi Pasha**
**Alexandria**

**یادداشتی وه‌رگێڕ:**

[ئه‌م نامه‌یه له وه‌زاره‌تی كاروباری ده‌ره‌وه‌ی بریتانیاوه بۆ"شازاده فاتمه حه‌یده‌ر"له شاری ئه‌سكه‌نده‌رییه‌ی میسر نێرراوه‌و به‌ڕواڵه‌ت وه‌ڵامی نامه‌یه‌كی ئه‌و شه‌خسه‌یه بۆ وه‌زاره‌تی ده‌ره‌وه كه تێیدا داوای سه‌ربه‌خۆیی‌و مافی بۆ كوردان كردووه.

به‌داخه‌وه، من نازانم شازاده فاتمه حه‌یده‌ر كێیه، به‌ڵام به‌دووری نازانم ئه‌ندامێكی بنه‌ماڵه‌ی به‌درخانیه‌كان بووبێت، ده‌قی نامه‌كه‌ی ئه‌ویش له فایله‌كه‌دا نییه. له وه‌ڵامی نامه‌كه‌دا، وه‌زاره‌تی ده‌ره‌وه بریتانیا ده‌ڵێ:"پروپاگه‌نده‌ی كومونیستی له‌ناو كوردانـدا ئه‌و بایه‌خه‌ی نییه كه تۆ پێت داوه‌و، مه‌سه‌له‌ی داهاتووی كوردیش گه‌لێك گه‌وره‌یه[١] و به‌ستراوه‌ته‌وه به زۆر فاكته‌ری مێژوویی و سیاسییه‌وه". نامه‌كه، ج. و. فرلانگ[٢] ئیمزای كردووه.]

---

١) "is a big one"

٢) G. w. Furlonge.

**FO371/91252/132969**

**نهێنی**

**کێشەی کورد لە ساڵانی ١٩٤٦ تا ١٩٥٠**

**ئێران**

**١٩٤٦**

لـەماوەی نیـوەی دووهــەمی سـاڵی ١٩٤٦دا، شانـسی کـوردی ئێـران لەنزیکەوە بـە چارەنووسـی"کۆمـاری خودموختـاری ئازەربایجـان"ی ژێـر حـــوکمی "پیـــشەوەری"یـــەوە بەســـترابوو. گەرچـــی پێکهاتنـــە ڕاگەیێندراوەکـەی نێـوان پیـشەوەریو قـازی محەمـەد ڕێبـەری کـوردانی مەهاباد (بڕوانە پـاراگرافی ژمـارە٢١ لـە [نامـەی] نهێنـی ژمـارە ١٧٠٨١دا، لەوەناچێ هیچ کاتێك گەیشتبنە قۆنـاغی بەڕێوەچـوونو پێوەنـدی نێـوان دوو حکوومەتەکەش هەرگیز هاسان نەبوە.

خراپیی بارودۆخی ناوخۆ لـە ئازەربایجـان، داواکـاریی قورسـی کـوردو زەختی حکوومـەتی ئێـران لەسـەر هـەردوولا، ڕەنگـە ئـەو هۆیانـە بـن کـە پێکهاتنەکەیان کـردە کاغـەزێکی سات‌وسـەوداکردن لەگـەڵ یـەکتر. قـازی محەمەد لە مانگی جووندا چوو بۆ تارانو، دواتر لەوێ ڕاگەیێندرا کە لەوێ هــەوڵی داوە پـاڵ بـە حکوومــەتی ئێرانــەوە بنــێ بــۆ ئــەوەی ڕازییــان بکـات"خـاکی کـورد"هـەتا شـاهپوور [سـەڵماس] پـەرە بـدرێ، لەکاتێکدا سـەرۆك وەزیـر جـەختی ئـەوەی دەکـرد کـە کـورد وەك دانیـشتووی

بنکەی ژین
www.zheen.org

ئازەربایجـان سـەیر بکـرێن و پێکهـاتنی ١٤ی مـانگی جـوون [لەگـەڵ ئازەربایجانییـەکان]، کـوردیش بگرێتـە بـەر. هەرچۆنێك بێـت، هێزەکـانی کورد بە حیسابی ئازربایجانییـەکان کـە دەگـوترا کـۆنترۆڵی سەردەشـتو بانـەو تیکـاب یـان لەلایـەن حکوومـەتی ئێرانـەوە پـێ درابـوو، دەسـتیان بەسـەر ورمێـدا گـرت، بـەڵام وەك دواتـر دەبینـرێ هیـچکام لـەو قەرارانـە شوێنێکی درێژخایەنیان لەسەر هەلومەرجی کورد دانەناوە.

٢) لـە بـەهاری سـاڵی ١٩٤٦دا، شـەڕی پچڕپـچڕ لـەنێوان کـوردو حکوومەتی ئێران ڕووی داو، وادیاربوو کە بارزانییەکانی ژێر حوکمی مـەلا مستەفا بەشی زۆری هێرشکارییەکانیان لەئەستۆ بووبێت. بـەرەو کۆتـایی هاوین، چەکدارەکانی بارزانی کەوتبوونە بـارودۆخێکی نالـەبارو دەسـتیان کرد بە سەرەتا دامەزراندن بۆ گەڕانەوەی ناو عیراق.

٣) تا مانگی سپتەمبەری ١٩٤٦ نیشانەی ئەوە دەرکەوت کە "کۆماری کوردستان" بەهۆی نەبوونی پارەو ئاڵۆزیی گشتییەوە تووشی موشکیلەی جیددی هاتوە. ڕێبەرانی کورد، بەلای کەمەوە، بوون بە سێ بەشەوە:

ئەوانەی کەوتبونە شـوێن قـازی محەمـەد، ئەوانـەی دژ بـە ئـەو بـوون و پەنابەرانی بارزانیی ژێر حوکمی مەلا مستەفا کە زۆروکەم لە هـەردوولایان جیـاواز بـوون. نیـشانەکانی پێوەنـدیی نـزیکتری مـەلا مـستەفا لەگـەڵ دەسـەڵاتداریەتی سـۆڤیەت زیـاتر دەردەکـەوت، ئاغـاوەتی سـەربەخۆش، گەرچـی پاڵنـەری نـە هێنـدە بـەرز ئیلـهامی پێـدابوون، خۆیـان وەك دژی کۆمۆنیسم نیشان دەدا: قازی محەمەدو مەلا مستەفاش لەسـەر زەمینـەی

ناتـەبابوونی [کۆمۆنیـسم] لەگـەڵ ئیـسلام ڕەنگـی هـەمان شـتیان پێـوە دەبیندرا. بەڵام هیچکام لـەو دوودڵـیو وەسواسـە ئەخلاقییانـە پێشی بـە قبووڵکردنی ئەو چەکو پارەیە نەدەگرت کە لـەلای ڕووسـەکانەوە دەهـات یان بەو پشتیوانییە سنوردارەی وا لە سەردەمی خۆشەویست بوونی قازی محەمەد لای ڕووسەکان دەکرا.

٤) بارودۆخی ئازەربایجـان بەشـێوەیەکی سروشـتی کـاری کـردە سـەر هەلومەرجی کورد. وتووێژی درێژخایەن لـەنێوان دێمۆکراتـەکانی تـەورێزو حکوومەتی ئێران، گەیشتە ئەنجامی ئەوەی کە هەندێ مـافی سـنووورداری خودموختـاری بـە ئوسـتانی ئازەربایجـان درا، بـەڵام دژایـەتی نوانـدنی "حکوومەتی" تەورێز لەگەڵ مەسەلەی کۆنترۆڵکرانیـان لەتارانـەوە، بـووە هۆی ئەوەی [دەوڵەتی ئێران] ناچار بە دەستتێوەردانی عەسـکەری بێـت. چاوترسـێنیی ڕووسـەکان لـەو مەترسـییەی کـە لەوانەیـە کـارێکی ئـەوتۆ، ئاکامێکی جیدی بەشوێندا بێت، لەلایەن حکوومەتی ئێرانەوە خرایە پشت گوێو تەورێز لە ١٢ی دیسەمبەردا گیرا. پەیامی لایەنگریکردنو وەفـاداری ئازربایجانییەکان بۆ شاه و سەرۆك وەزیر نێردراو پیشەوەری ڕووی کـردە ڕووسیاو هەڵات.

٥) تا ئەوکاتە، یارمەتییەکانی دەسەڵاتداریەتی سۆڤیەت کە بۆ بەڕێوبردنی هەڕەشەکانی خۆیان هیچ کارێکیان نەکردبوو، بەتـەواوەتی لـە قـازی محەمـەد دڕێغی کراو ئەو لە شاری میاندواو خـۆی تەسـلیمی ئەرتـەش [ی ئێـران] کـرد، "حکوومەت"ـەکەشی پێشتر کەوتبوە سەرەولێژیو بـەرەو ڕووخـان چووبوو.

بنکەی ژین
www.zheen.org

قازی، له مەهاباد درایه دادگاو لەگەڵ ژمارەیەك له گەورەپیاوانی هاوڕێیدا لـه سەرەتاکانی مانگی فەبریوەری ١٩٤٧ ئیعدام کرا[١].

٦) ئیحتیمالی سـەرکەوتنی دەوڵـەتی ئێـران لـه تێکۆشـانی دژ بـه کـورددا، هەستێکی پڕ له نیگەرانی له بەغدا هێنایـەدی. مـەلا مـستەفا هـیچ کاتێـك لـه مێشکی دەوڵەتی عێراق نەچۆته دەرێو دووریش نەبوو کاتێ لەئێرانەوه بەرەو عێراق دەبوەوه، سەرلەنوێ ببێته هەڕەشەیەك بۆ ئاشتی ناو هۆزه کوردەکان. بەم بۆنەیەوه زەختیان خسته سەر حکوومەتی ئێران بۆ ئەوەی مەلا مستەفاو هەلاتوەکانی ئەرتەشی عێراق که لەگەڵی کەوتبوون، بگرنو بیاندەنەوه دەست ئـەوان. مـەلا مـستەفا، لـه سـەرەتای جـانیوەری ١٩٤٧دا خـۆی تەسـلیمی دەسەلاتداریەتی ئێران کردو برایـه تـارانو، لەکاتێکدا زۆربـەی هاورێکـانی لـه نەغەده مابوونەوه، بـۆ ماوەیـەك لـەوێ لـەژێر چـاودێری مایـەوه. حکوومـەتی ئێران هیچ مەیلێکی بەوه نیشان نەدا که بیداتەوه به عێراق، بـەلام پێـشنیاری ئـەوەی پێکـرد کـه خـۆیو هـەموو بارزانییـەکان یـا ئەگـەر هەمووشـیان نـا، سەدکەس له گەورەپیاوانی هاوڕێی شانسی ئەوەیان هەبێ ك ببن به هـاوولاتی ئێرانـیو لـه زەوییـەکانی شـاه، لـەنزیك ٣٠مـایلی باشـووری ڕۆژهـەلاتی تـاران نیـشتەجێ بـن. بـۆ مـاوەی شـەش مـانگی یەکـەمیش لەلایـەن دەوڵەتـەوه پـشتیوانییان لێ بکـرێ. ئەگـەریش ئـەم پێـشنیاره بدەنـه دواوه، لـه ئێـران دەردەکرێن، بـەلام چـەکیان لەدەسـت ناسـەندرێتەوەو تەسـلیمی حکوومـەتی عێراقیش ناکرێنەوه.

---

[١] .پێشەوا قازی له٣١ی مانگی مارچی١٩٤٧دا شەهید کرا.

مەلا مستەفا پێشنیازی نیشتەجێبوونەکەی دایە دواوەو لە کۆتایی مانگی فەبریوەریدا، پێش چوونەوەی بەفر، خۆیو هاوڕێکانی بە هێمنی بەرەو باشوورو سنووری عیراق کشانەوە، لەکاتێکدا ئەرتەشی ئێرانیان بەشوێنەوە بوو. تا هەشتەمی مارچ گەیشتنە دەشتی مەرگەوەڕ، وادەردەکەوت کە هەر بەو ڕێگایەی تورکیا کە لە ئۆکتۆبەری ١٩٤٥پێیدا هاتبوون، بگەڕێنەوە عیراق. بەڵام حەوتوویەك دواتر، ڕاپۆرت گەیشت کە گەڕاونەتە دواوەو لەگەڵ ئەرتەشی ئێراندا کەوتوونەتە شەڕەوە. هەرچۆنێك بێت لێیاندراو بەرەو عیراق بران‌و مەلا مستەفا، خۆیو ژمارەیەك لە هاوڕێکانی هەڵاتنە خاکی سۆڤیەت (مایسی١٩٤٧).

٧) بارودۆخی باکووری ڕۆژئاوای ئێران لە کۆتایی ساڵی١٩٤٦دا، لەوپەڕی گێژوگومیدا بوو. ئەرتەشی ئێران کە سەردەشتو بانەو سەقزی بەدەستەوە بوو، سەرەتای چەککردنی هۆزە کوردەکانی دامەزراند. تەنانەت پێش ئەوەش کە قازی محەمەد خۆی بەدەستەوە بدات، بەردەوامبوونی دەسەڵاتدارییەکەی بەسەر هۆزە کوردەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتدا، جێگای گومان بوو. زوربەی سەرۆك هۆزەکانی مامەشو مەنگوڕو دێبوکری بڕیاریان دابوو ڕووبکەنە حکوومەتی ئێران، بەڵام وادیار بوو کە هۆزە کوردەکان لەناو خۆشیاندا هەڵوێستی جیاوازیان هەبووبێت.

www.zheen.org

**١٩٤٧**

٨) بەرەو کۆتایی مانگی جوون، ئیتر مەلا مستەفا دەستی لەوە هەڵگرتبوو کە بۆ حکوومەتی ئێران ژانەسەر دروست بکات، زۆربەی هۆزەکەی لە مانگی مایسدا، خاکی ئێرانیان بەجێهێشتبوو، مەلاش خۆی

لەگەڵ کۆمەڵێکی کەم، کە شەش ئەفسەری هەڵاتووی ئەرتەشی عیراقیـان لەناودا بوو، رێگای ئازەربایجانی سۆڤیەتی گرتەبەر. پێش کۆتایی مـانگی مایس، یاسای سەربازی[٢] لەسەر کوردستان هەڵگیراو راپـۆرت گەیـشت کـە کاری چەککردن بەباشـی چـووەتە پێـشێ. شـاه، لێبـوردنێکی گـشتی بـۆ هـەموو ئـەو هۆزانـە راگەیانـد کـە تێکـەڵی دوژمنایەتییەکـە بووبـوون. بـۆ پاشماوەی ساڵ، بارودۆخێکی پڕ لە ئاشتی باڵی بەسەر ناوچەکەدا کێشا.

٩)چاوەڕاوی ئەوە کە مەلا مستەفا نیازی هەیە لەگـەڵ هێزێکـدا بگەرێتـەوە عیراق هەتا سـاڵی ١٩٤٨ جاروبـارە دەکەوتـە سـەر زمـانی خـەڵك. هەرچـۆنێك بێت، هەلومەرجی ناو کوردستانی ئێران بەهێمنی مایەوە- ئەو عەمەلیاتە نەبێت کە دژ بە جوانرۆییەکان بـەرێوە چووە- ئـەوەش بـەهۆی ئـەو ڕاسـتییەوە کـە ماوەیەکی دواتر هیچ باسو هەواڵێکیان نەما، خاوەنی گرینگایەتی ئەوتۆ نییە.

### ١٩٤٩

١٠) لـە سـەرەتاکانی سـاڵی ١٩٤٩دا، بـەهۆی بلاوبوونـەوەی هەنـدێ ماتریـالی پڕوپاگەنـدەی کـوردە دیموکراتەکانـەوە (واهەیـە لەلایەن"ڕزگاری"یەوە بووبێت)، هـەنگاوێك بـۆ ژیاندنـەوەی بزووتنـەوەی ناسیۆنالیستی کـوردی هەڵێنرایـەوە. دەسـەڵاتداریەتی ئێـران، لـە مـانگی فەبریوەری، مارچ وئاپریلدا، دەستی کرد بـە گرتنـی خـەڵك ـ کارێـك کـە پێوەندی بە هەواڵی ئەو هـەنگاوەوە دەدرا کـە لـە مـانگی فـەبریوەری بـۆ کوشتنی شاه هەڵێنرایـەوە. گەرچـی هۆزەکـانی جـەلالیو شـکاك دژایـەتی

---

[٢] Martial Law.

خۆیان نیسبەت بە حکوومەتی ئێران نەدەشاردەوە، هیچ نیشانەیەك بەدەستەوە نەبوو کە کورد ئەم کارە خەتایەی کردبێت. هەرچۆنێك بێت لەوەدەچێ ژمارەیەك لە ئەندامانی عەشیرەتە کوردەکان کەڵکیان لەو هەلە وەرگرتبێتو بۆ تۆڵەسەندنەوەی تایبەتی خۆیان، لەلای دەسەڵاتداریەتی ئێران خراپە [ی عەشیرەتەکانی تر] یان گوتبێت.

**١٩٥٠**

١١) لە زستانی ساڵی١٩٤٩ـ١٩٥٠دا، هێمنایەتی [ناوچەکە] پارێزراو ئەو چاوەڕاوە وەرزییەی لە مانگەکانی سەرەتای ساڵی ١٩٤٩دا لەمەڕ ئاژاوەو ئاڵۆزیی پەرەی پەیداکردبوو، پێش گەیشتنی هاوین بێرەنگ بووەوە. تەنانەت"کۆمەڵە"ش هیچ نیشانەیەکی چالاکیی لە خۆی نیشان نەدا. زستان، بۆ هۆزەکان زۆر سەخڵەت نەبوو و خەڵکەکە چاوەڕوانی حاسڵێکی باشیان دەکرد.

١٢) "حیزبی کوردی موسڵمان" لە تاران کەوتە بەر سەرنج. ئەم حیزبە، هەندێ سەرۆك هۆزی ناسراو دایانمەزراند کە لە مانگی مایسدا بۆ بەشداری لە ئاهەنگی هێنانەوەی تەرمی ڕەزاشا بۆ ئێران هاتبوونە تاران. بەڵام دواتر، هیچ هەواڵێکیان لسەرچاوەیەکی دیکەوە لێنەبیسرا.

١٣) ڕاپۆرتێکی سەرنجڕاکێش لەسەر بناغەی بۆچوونی دوو جاسووسی بەئەزموونی ئینگلیزی کە لە مانگی ئاگۆستی ساڵی١٩٥٠دا بەشێوەیەکی سەربەخۆیانە بەناو کوردستانی ئێراندا گەڕابوون، هەستی ئەوانی لەمەڕ هەڵوێستی کورد، لەم چەند وشەیەی خوارەوەدا تۆمارکردووە:

أ) "هەموو هەواڵنێرەکانمان لە ناوچەکانی کوردنشینی باکووری سەقز، بەشێوەیەکی بنەڕەتی، هەواڵی لایەنگریکردن [ی خەڵکمان] لە سەربەخۆیی کوردستان پێرادەگەیێننو وەك هۆی شتەکە، ناو لە جیاوازی نەژاد، فەسادو زوڵموزۆری حکوومەتی ئێرانو ئەفسەرانی ئەرتەش دەبەن کە بەگوێرەی ئەوان، لایەنگری بەڕێوەچوونی بەرنامەی پێشکەوت لە ناوچە کوردنشینەکان نینو بەدەستی زۆر پێشی بەرنامەی ئەوتۆ دەگرن،

ب) "سەرەڕای تووڕەییەکی بێگومان، کە لەو ئاکارە وەشاوەتەوە، هیچ نیشانەیەك نابیندرێ کە بەرنامەیەکی داڕژاو یا ڕێکخراوەیەکی گرینگ بە ئامانجی دابینکردنی سەربەخۆیی لە ناوچەکەدا پێکهاتبێ. ڕوانگەی دەسەلاتداریەتی ئەرتەش لە مەهابادیش هەروابوو. لەوەش زیاتر، هیچ نیشانەیەکی لایەنگریکردن لە کوردستانی گەورەو باسوخواسی موشکیلەی کورد لتورکیا، سووریاو عیراق، لەناو هاوزمانە کوردە ئێرانییەکاندا نەبیندرا،

ج) لە ناوچەکانی باشووری سەقزیشدا، ناڕەزایی خەڵك لە کاربەدەستانی ئێرانی، وەك ناڕەزایی زۆربەی ناوچە باکوورییەکان بوو، بەلام لێرەدا لەجیاتی پێداویستی سەربەخۆیی، لەسەر ئەو مەسەلەیە جەخت دەکرا کە کاربەدەستانی ئێرانی لە مەترسییەکان ئاگادار بکرێن. سەردانی ئەم دواییەی شاه، لە ناوچەکە، ئاکامێکی باشی بووە بەلام ئەوەی زۆر گرینگە ئەوەیە کە ئەو بەڵێنانەی داونی بێنە ئەنجام." [1]

---

[1] شاه. لە ئاگوستی ١٩٥٠دا چاوپێکەوتنێکی هەمەدانو کرماشانو کوردستانی باشووری کرد کە وادیارە سەرکەوتوو بووبێت.

١٤) له مانگی مایسدا، هەندێ بنکەی عەسکەری لە ناوچەی جوانڕۆ دامەزران. لەوکاتەدا وادەزانرا کارەکە بەشێك بووبێت لە سیاسەتی گشتی بۆ بەهێزکردنی ئامادەیی نیزامی [دەوڵەت] لەناو هۆزە کوردەکاندا. هەرچۆنێك بێت بەڕواڵەت، دوای پێکداهەڵپرژانێکی بچووکی نێوان هۆزەکانی جوانڕۆییو ئیمامی، فەرماندەی ناوچەیی ئەرتەش بڕیاری چەککردنی هەردوولای دابێت. هۆزەکان ئەو ئەندازە تفەنگیان نەداوە بەدەستەوە [کە داوایان لێ کرابوو]و لە دووهەمی سپتەمبەردا هێرشیان بردۆتە سەر بنکەیەکی ئەرتەشی لە"پلێنگانە". ئەرتەش لەلایەن چەند عەشیرەتی دوژمنی جوانڕۆییەکانەوە هاوکاری کراوەو عەمەلیاتەکە، لە سەرەتاکانی ئوکتۆبەردا هاتۆتە کۆتاییو لە ئەنجامدا، هۆزەکان سەدان تفەنگیان تەحویل داوەتەوە. ئەم رووداوە لەلایەن ڕادێوی ڕووسو هەندێ ڕۆژنامەی دەرەوەییەوە زۆر گەورە کراوەتەوە.

## عیراق ٤٧ ـ ١٩٤٦

١٥) عەمەلیاتی دژ بە مەلا مستەفا، کەوەك بەشێك لە کاری ڕێکخستنەوەی سەرلەنوێی ئازەربایجان، لەلایەن دەسەلاّتداریەتی ئێرانەوە بەڕێوەچوو، پێشتر بەکورتی باس کرا. سەرەڕای ترسێکی دایمی کە لە گەڕانەوەی بارزانییەکانو ئاژاوەنانەوەیان لە عیراقدا هەیە، وادیارە بارزانییەکان لە ئەزموونی ئێرانو ئەو زیانەی لە ئەرتەشی ئێرانیان دی، دەرسێکی باشیان وەرگرتبێ. بەشێکی بەرچاویان لە١٩٤٧دا دەستیان کرد بە گەڕانەوە بۆ عیراقو ئەو نموونەیەی کە بۆ گەڕانەوەی بێمەرجو

شـەرت دایانمەزراند، لەلایەن ئەو کەسانەشـەوە کـە دواتـر دەگەڕانـەوە ڕەچـاوکرا. دەسـەڵاتداریەتی عـیراق، بەرنامەیـەکی هوشـیارانەی بـۆ گەڕانـەوەی ئـەوان پێکهێنـا بـوو، کـە لێبـووردنی بـەدوادا هـاتو ئـەو لێبوردنەش، بەبێ ڕەخنەی ڕۆژنامەکانی بەغدا نەچوەسەر.

وازانرا کە ژمارەیەکی زۆری چەك، لەسـەر سـنوورو پـێش گەڕانـەوەی پەنابەرەکان بقاچاخ براون، یا لـەکارخراون. نزیکـەی شـەش هـەزار پیـاو، ژنو منـداڵ لـە گەڕانـەوەدا خۆیـان ناونووسـکرد. چـوار ئەفـسەرەکەی ئەرتەشی عیراقیش تەسلیم بوون، ئینجا دادگاییو لنۆهەمی مانگی جووندا ئیعدام کران.

## ١٩٤٨

١٦) بـە درێـژایی پاشمـاوەی سـاڵ [ی١٩٤٧]و هـەموو سـاڵی ١٩٤٨ بارودۆخی کوردستانی عیراق هێمن بوو. چاوەڕاو لەمەڕ گەڕانەوەی خێرای مەلا مستەفا، زیاتر لـە سـەرەتای ساڵدا دەبیـستراو شانسی ئـەوەی کـە ڕەنگە مەلا لە سەرقاڵبوونی ئەرتەش بە شەڕو هەرای فەلەستینەوە کـەڵك وەربگرێ، نیگەرانی حکوومەتی زیاتر دەکرد.

www.zheen.org

چەند ئاژاوەی یەکلەدوایەك کە لە مـانگی فـەبریوەریو سـپتەمبەردا بۆ ناڕەزایی دەربڕین لە "پـەیمانی پۆرتـسموس"و دامـەزرانی حکوومـەتی نیزامی نرانەوە، لەڕاستیدا تەواوکەری خۆپیشاندانەکانی سلێمانی بـوونو هیچ کامیان زەمینەیەکی ناسیۆنالیستی کوردییان تێدا بەدی نەدەکرا.

### ١٩٤٩

١٧) له ساڵی ١٩٤٩دا هیچ چالاکییەکی عەشیرەیی بەرچاونەکەوت. هەواڵی ئەو پەیامانەی وا لەنێوان مەلا مستەفاو ئاغا گەورەکان [ی کورد] لە عیراقدا بلاّودەبوەوە، شێوازێکی عادەتی هەبوو. بەلاّم بەشوێن ئەوانەدا، داستانێك لەمەڕ فێرکرانی چەترباز بۆ خرانە خوارەوە لە عیراق بلاّوبوەوەو تەنانەت گوترا شەش کەسیان هاتووشنەتە خوارەوە. وادەردەکەوێ خەبەردزو ئەوانەی ئیلهامدەریانن، خۆیان لە  چاوڕاوی دووپاتو چەند پاتکراوی گەڕانەوەی مەلا مستەفاو پێوەندیگرتنی لەگەڵ هەڤاڵە عیراقییەکانیدا، ماندوو بوو‌بێتن‌و هەستیان کردبێ کە پێویستە هەندێ باس‌وخواسی شیرینتر لە خەیاڵیاندا دروست بکەن. هەرچۆنێك بێت، حکوومەتی عیراق لە مانگی مایسدا بەشێوەیەکی ڕاستەقینە، لە چاوڕاوی گەڕانەوەی زۆر زووی مەلا مستەفا ئاگادار کرایەوە، بەلاّم وادیاربوو ئەوهەواڵەش زەمینەیەکی نەبووبێ‌و ساڵ بەبێ ترسی زیاتر کۆتایی هات.

### ١٩٥٠

١٨) لە نیوەی مانگی ئاپریل‌و جووندا، داستانی پێوەندیگرتنی مەلا مستەفا بە ژمارەیەکی زۆری سەرەك هۆزەکانەوە، هەروەها بەقاچاخ‌هاتنی چەك لەئێرانەوە بۆ عیراق بلاّوبوەوە. لە مانگی جولایدا، هەواڵی ئەو حیکایەتەش لەلایەن پۆلیسەوە گەیشت کە گوایە مەلامستەفا هەوڵی وەرگرتنی ئیجازەی داوە بۆ تێپەڕبوون بە خاکی ئێراندا. ڕاپۆرتەکە، ئەوەشی لێ زیاد کرابوو کە پێی گوتراوە، خۆی‌و

دەوروبەرەکەی دەبێ بەبێ چەك بچنە خاکی عیراقەوە، بەلاّم ئەو مەرجەکەی قبوڵ نەکردووە. گومانێکی کەم لەوەدا هەیە کە مەلامستەفا پێوەندییەکی دایمی لەگەڵ دۆستو کەسوکاری خۆی لە عیراقدا هەبێت، بەلاّم خەیالاّت لەمەڕ گەڕانەوەی بۆ عیراق، گرینگایەتییەکی زیاتری لە سالاّنی پێشوو نییە.

١٩) ئەمساڵ، شکانی نەزمو یاسا لە ئوستانەکانی مووسڵو هەولێرو سلێمانی، لەڕادەی عادەتی ناوچەکە زیاتر نەبوو، مەسەلەیەك نەبێ کە ئەویش کاری "خولەپیزە" بوو. چەتەیەك کە خۆی لە دەستبەسەرییەکی هەشت ساڵە ڕزگارکردبوو. هەڵسوکەوتی خولەپیزە لە سالاّنی ١٩٤٩و١٩٥٠دا، سەرنجی لەڕادەبەدەری خەڵکی بۆ لای خۆی ڕاکێشاو لە لیوای سلێمانی وەك چەشنە "ڕابین هوود"ێکی کورد چاوی لێدەکرا. دەگوترا کە لەلایەن شێخ باباعەلیو شێخ لەتیفی کوڕی شێخ مەحموودەوە پشتگیری دەکرێ. بەهۆی درێژەکێشانی کارەساتەکەو پارێزراو مانەوەی خولەپیزەوە، ئابڕووی حکوومەت زیانی پێگەیشت.

٢٠) بەهۆی سەردانی زۆری ئاتاشەکانی بالّوێزخانەی ولاّتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکاوە. کە زۆریش لە پەردەدا نەبوو، هیچ کاتێك ناسیۆنالیسمی کوردیی لە هەولێرو سلێمانی، ئەوەندە هان نەدرابوو. گرینگی پێدانی ڕۆژنامەکانی ئەمریکیو چوونی شێخ باباعەلی بۆ ئەمریکا کە بەشێك لە خوێندنەکەی لەوێ تەواوکرد، ئاماژەیان بۆ ئەو ڕاستییە دەکرد کە حکوومەتی ولاّتەیەکگرتوەکان نیازی وایە لە کاری لایەنگریکردنی کورداندا، دەستپێشخەری لە رووسەکان بکات.

ولاّتانی ڕۆژهەلاّتی نزیك (لیڤانت)[1]

---

[1] The Levant states

٢١) وەك لە ڕاپۆرتی دەورەی پێشوودا باس كرا، كۆمەڵگای كورد لە لوبنان بچووكەو خاوەنی گریگایەتییەكی كەمە. بەڵام شاری بەیرووت بەهۆی ئەو ڕاستییەوە كە نشیمەنگەی كامەران عەلی بەدرخانەو ئەویش وەك براكەی بە بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی كوردەوە خەریكە، جێگەی سەرنجە. هەرچۆنێك بێت ناوەندی سەرەكی بزووتنەوەكە، لە جزیرە كە لەوێ دكتۆر "ئەحمەد نافیز"ی خەڵكی ١٩٤٦ قامیشلی ـــ چاكترین نوێنەری ئاواتەكانی كوردە.

٢٢) ڕووداوەكانی ئێران، بەشێوەیەكی سروشتی هانی كوردی سووریای داوە، بەڵام بەدرێژایی ساڵی١٩٤٦، چالاكییەكان هەرچەندە لە چاوی سیاسەتكارانی حیرفەیی شاراوە نەمابێتەوە، بەڵام شوێنێكی زۆر كەمیشی لەسەر كۆمەڵگای سووریا داناوە. جگە لە بانگەوازێكی بێ‌وەڵام لەمەڕ كۆبوونەوەی كورد لە مەككە لەماوەی حەجدا (كە بەدرخان بەرپرس بوو)، ساڵ بەبێ ڕووداوێكی شایانی باس كۆتایی هات. واوێدەچێ هەستی گشتی خەڵك بریتی بێ لە هەستی دڵساردبوونەوە بەهۆی ڕووداوەكانی ئازەربایجانو دڵئێشان لە ڕووسەكان بۆ ئەوەی پشتی كوردیان بەردا.

لە مارچی ١٩٤٧دا، دكتۆر نافیز نامەیەكی بۆ میستەر بێڤین[١] نووسیو تێیدا سەرنجی بەرەو مێژووی كورد ڕاكێشا لەدوای شەڕی یەكەمی جیهانیو سەركوتكرانیان لەلایەن حكومەتی ئەو وڵاتانەوە واكوردیان لەناو دایە.

---

[١] Mr. Bevin كاربەدەستی باڵوێزخانەی ئەمریكا لە ئێران بووە.

نامەکەشی بەو پێشنیارە کۆتایی پێهێنا کە وەك ئاکامێکی ئەوچەشنە هەڵسوکەوتانە لەگەڵ کورد، جێی سەرسوڕمان یاخود سەرکۆنەکردن نابێ ئەگەر لاوانی کورد لەژێر شوێن تێکرانی "هەستی نێهێلیستی وبێ هیواییدا، ١٩٤٧ خوو بدەنە توندوتیژیو زەبروزەنگ نوندن"[٢].

٢٣) تەنیا گۆڕانکارییەکی سەرنجڕاکێشی دیکە لە ساڵی١٩٤٧دا، بزووتنەوەیەك بوو کە بەگوێرەی ڕاپۆرت بۆ هاوکاریکردنی نێوان کوردو ئاسۆری پێکهاتبوو. گەرچی واهەیە بزووتنەوەکە بەنهێنی لەلایەن خالید بەکتاش - ڕێبەری کۆمۆنیستەکانەوە هان درابێت کە لە ساڵی١٩٤٦ بەدواوە لەسەر شانۆی ناسیۆنالیسمی کوردی دەرکەوتووە، بەلاّم ئاشکرایە کە لە قۆناغی ئاواتخواستنێك نەچووبێتە دەرەوە.

٢٤) هەنگاوێکی حکوومەتی سووریا لەمەڕ ناونووسکردنی خۆبەخشی[٣] کورد بۆ شەڕکردن لە فەلەستین (کۆتایی ساڵی١٩٤٧) لەلایەن ڕێبەرانی کوردەوە پێشوازی لێنەکرا.

### ١٩٤٨

٢٥) لە سەرەتاکانی ١٩٤٨دا، دوکتور کامەران عەلی بەدرخان لەسویسەوە گەڕایەوە بەیرووت. بەگوێرەی ڕاپۆرت، گوتوویە دەڕوانێتە ئاسۆیەکی دوورتر لە کێشەی کوردی سووریاو چالاکییەکانی بۆ هەموو کوردانە.

---

[٢] ئەم عیبارەتە، لە نامەکەی دکتور نافیز هەڵگیراوە کە بە فەرەنسی نووسراوە:
"Une certaine notion de nihilisme et de desespoir"

[٣] Volunteers. (داوتەڵەب).

## ١٩٤٩

٢٦) لەپێوەندیی کۆنفرانسێکدا کە جەلادەت بەدرخان گوتوویەتی بڕیارە لە مایسی١٩٤٩دا لە بەیرووت بەڕێوەبچێ، ئاماژەی بە دوو ڕێکخراوە کردووە کە بەناوی "یەکیەتی حیزبە کوردەکان" و "حیزبی دیموکراتی کورد"ەوە ناسراون. ڕوون نییە ئایا ئەو دووانە، ناوی تازەی "وەفدی کورد" و "ئەنجومەنی سەلاحەدین"ن کە لە ڕاپۆرتەکانی پێشوودا باسمان لێوەکردوون یاخود دوو ڕێکخراوەی بەتەواوی تازەن. گەرچی وادەردەکەوێ کە جەلادەت بەدرخان، بەبێ‌وچان خەریکی چالاکی بێت، بەڵام ئەوەش دەبیندرێ کە نفووزێکی کەمتری لە حاجۆ ئاغاو دکتور نافیز و قەدری جەمیل پاشاو ڕێبەرانی دیکەی جزیرە لەناو ئاڵقەکانی کورددا هەبێت کە پێوەندییەکی نزیکتریان لەگەڵ هاووڵاتییانی خۆیان هەیە. وەك فاکتێك لە مانگی سپتەمبەری ١٩٤٩دا، ڕاپۆرتێکمان پێگەیشت کە دەڵێ: بەرەی گەنجتر، ڕەخنەیان لێگرتووە [واتە لە جەلادەت بەدرخان] کە ڕووی لە تورکیاو هێزەکانی ڕۆژئاواییە- ڕووتێکردنێك کەخۆی بەئاشکراو وەك ڕوانگەیەکی تازە دەریدەبڕێت.

بنکەی ژین
www.zheen.org

## ١٩٥٠

٢٧) گەرچی ئەندامانی حکوومەتی سووریا لەم دواییانەدا هەندێ نیگەرانییان لەمەڕ هەڕەشەی مەترسیداربوونی کەمایەسی کورد بۆدەوڵەتو وەرسووڕانیان بەرەو کومۆنیسم دەربڕیوە، چالاکییەکانی کورد لە ساڵی ١٩٥٠دا ئەوە دەرناخات کە ڕووی لەزیادی نابێت.

## توركيا

٢٨) له يادداشتی پێشوودا (نهێنـی، ژمـاره١٧٠٨١)، هەلومـەرجی كـوردی توركيا بەتەواوی باس كرا. لەماوەی چوار ساڵی ڕابـوردوودا، ئـاڵوگۆڕێكی كـەم لـە بارودۆخيانـدا هاتۆتـە دی. سـاڵی١٩٤٩، ڕۆژنامـە كوردييـەكان سـەرنجێكی كوتوپڕيان دايـە مەسـەلەی كـوردو، واديـاره لەڕاسـتيدا ژيانەوەيـەكی كـەمی هەسـتی نەتەوايـەتی كـورد لـە ئوسـتانە ڕۆژهەڵاتييـەكان بـەدی بكـرێ. دەسەڵاتداريەتی تورك ڕاگەياندنی ئـەو ڕوانگەيـەی درێـژە پێدا كـە مەسـەلەی كورد لەناوياندا چارەسەر كراوە، گەرچی دەزانرێ كە ئەوە زێدەڕەوييە. ئەگەر بێتو حكوومەتی عێـراق كـۆنترۆڵی ئوسـتانە كوردنـشينەكانی خـۆی لەدەسـت بچێ، ياخود هێرشێك لەلايەن سۆڤيەتەوە بكرێتە سەر توركيا، ئێستاش بتوانن ژانەسەر دروست بكەن.

٢٩) له هەڵبژاردنی گشتی ساڵی ١٩٥٠دا، ديموكراتەكان زۆربەی دەنگی ڕۆژهەڵاتی توركيايان هێنايەدەست، بەڵام نيشانەی ئەوە بـەدیناكرێ كـە نوێنەرێك بە ناسنامەی كوردييـەوە دەركـەوتبێت. بـەگوێرەی قـسەی ئـەو كەسـانەی وا لـەم دواييانـەدا سـەری ناوچـەكەيان داوە، ياسـاو نـەزمێكی ڕەزامەندانە لەلايەن حكوومەتـەوە دامـەزراوەو بەرنامـەی"بـەتوركردن"ی كورد تاڕادەيەكی زۆر خراوەتە پشت گوێ.

داواكاری له نەتەوه يەكگرتووەكانو.......شتی تر

٣٠) داواكارييـەك لەلايـەن "ڕۆشـنبيرانی كـورد"ەوە: محەمـەد حيلمـی بـەگ ـ دانيـشتووی ميسر، كـە خـۆی وەك "نوێنـەری حيزبـی ديمـۆكراتی

نەتەوەیی کورد" ناساندووە، شەریف پاشا- کە بۆ ساڵانێکی زۆر لە فەڕەنسەو ئیتالیا ژیاوەو لەماوەی سەردەمی ئاشتی دابینکردنی دوای شەڕی یەکەمی جیهانیدا، کەسایەتییەکی بەرچاو بوو، دوکتور نافیزی خەڵکی قامیشلی سووریا، کامەران عەلی بەدرخانو نوورەدین زازا، پێشکەشی "شۆڕای وەزیرانی دەرەوە" (١٩٤٧)و سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان (١٩٤٨) کراوە. ناوبراوان پێوەندییان بە وەفدی کوردیی پاریسەوە هەیە کە لەوێ گۆڤارێك بەناوی "بولتەنی ناوەندی توێژینەوەی کوردی"یەوە دەردەچێ. وەفدەکە، لە١٣ی سپتەمبەری ١٩٥٠دا، ناڕەزایی خۆی بەرامبەر بە عەمەلیاتی جوانڕۆ لەلایەن حکوومەتی ئێرانەوە، بە نەتەوە یەکگرتوەکانو یەك یەکی دەوڵەتانی ئەندام ڕاگەیاند.

### کۆمۆنیسمو کورد

### دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی نزیك (لیڤانت):

(٣١) مەزندەکردنێکی دڵنیا، لە ڕادەی تێکەڵاویەتی ڕێبەرانی کوردی دەوڵەتانی لیڤانت، بەهۆی دنەدانی ڕووسیای سۆڤیەتی لەماوەی ئەم سەردەمەدا (= نێوان ساڵانی١٩٤٦و١٩٥٠)، گەیشتووەتە دەستمانو هەرچەندە "بولتەن"ی پاریس دەنگو سەدای غەیرە کۆمۆنیستی هەیە، بەڵام لەم دواییانەدا چەند وتارێکی بڵاوکردۆتەوە کە تێیدا سەرنجدانی ڕووسەکانی لە زمانو مێژووی کورد خستووەتە بەرباسو بەشێوەیەکی لایەنگرانە لەگەڵ کەم مەیلی ڕۆژئاواییەکاندا بەراوردی کردووە. لەلایەکی دیکەوە گوتراوە کە جەلادەت بەدرخان دژە کۆمۆنیسمێکی توندوتیژەو

وادیاره زۆربەی ڕێبەرانی پیرترش هەمان شێوه بیرکردنەوەیان هەبێت. هەرچۆنێك بێت، گومانێکی کەم لەوەدا هەیە کە کوردە گەنجترەکانی جزیرەی سووریا وا لەلایەن سولەیمان حاجۆ ئاغاوە ڕێبەرایەتی دەکرێن، لایەنگری تەواوی کۆمۆنیستەکان بن.

ڕاپۆرتی هاوکاریکردنی ئەم تاقمەمان لەگەڵ ئەرمەنییە کۆمۆنیستەکانیش پێگەیشتووە. نیشانەگەلی وەك ژیانەوەی "خۆیبوون" وای دەردەخات کە یەکگرتنی کوردو ئەرمەنی تا ڕادەیەکی زۆر، شێوازی ڕەسمی هەبێت، بەلام [خۆیبوون] هەمیشە لە پێوەندی داشناکە ئەرمەنییەکاندا بووە، کە ئەوانیش بەشێوەیەکی سروشتی چەندە دژ بە تورکن، ئەوەندەش دژایەتی سۆڤیەت دەکەن.

٣٢) ڕابوودوو هەروەها بارودۆخی ئێستای کوردی سوریا لەگەڵ ولاتانی دیکەی وا کەمایەسی کوردیان تێدا دەژی، هاوسەنگ نییەو هەلسوکەوتی [کوردی سوریا] ئاکامی سروشتییانەی ئەم فاکتەرانەیە. جگە لە ڕێبەرانی بەسالاچوو، کوردی دیمەشقو شارەکانی دیکەی سوریای ڕۆژئاوا، سەرنجی کەمیان داوەتە ڕووداوەکانی کورد. ئەوان، کاربەدەستو ئەفسەری ئەرتەشو ئەندامی پارلمانیان لێ هەلکەوتووە، بەلام سەرەڕای هەندێ ڕاگەیاندنی هەڵە لەلایەن ڕێبەرانی عەرەبەوە، ڕەنگە بکرێ بە "تواوە" و وەك یاسایەکیش کەمتر لەژێر شوێن تێکرانی پڕوپاگەندەی ناسیۆنالیستیی کوردیدا چاویان لێبکرێ. لە جزیرەدا ـ بەو ژمارە نیسبەتەن زۆرەی پەنابەرانی ئەم دواییانەی تورکیاوە، هەستی

نەتەوایەتی لەهەژێندایە. لەهەمان کاتدا، جزیرە سەنگەرێکی قـایمی کـورد نییەو ناسك بوونەکەی دەیخاتە بیچمی کۆسـپێکی سـەر ڕێگـای ڕاپـەرینو زەمینە بۆ ڕێبەران خۆش دەکات تا لەسـەر یاسـاکانی حکوومـەتی سـوریا بمێننەوەو ئـەو ڕۆژەش کـە شـەڕ [ی نێـوان ڕووسو تورکیـا ؟] دەرفـەتی تۆڵەسـەندنەوە لـە تورکـانی پیَدەبەخـشیَو سـەرکەوتنی سـۆڤیەت سەربەخۆییان بۆ مسۆگەر دەکات، کاریان لەگەڵدا بکەن.

سروشـتە زاتییـەکان، پێویـستییەکی کـەمیان بـۆ دنـەدان لەلایـەن مەئموورانی سۆڤیەتەوە هێشتۆتەوە. نەبوونی ئەزموونی ڕاستەوخۆ لەمەڕ دەسـەلاَتداریەتی سـۆڤیەتیش وای لێکـردوون کـە ئامـادەی وەرگرتنـی بایـەخی بەڕواڵـەتی پرۆپاگەنـدەی سـۆڤیەتی بـن‌و، هـەروەها بـەهۆی هەڵکەوتنی شوێنەکەیان لەنزیك سـنووری تورکیـا، دوورنییـە بکەونـە ژێـر شوێن تێکرانی هەر ئاخاوتنێکی بەرئاوەژووی ئەوتۆوە کە نەتوانیَ لەسـەر حیسابی تـورك قـەرەبوویان بـۆ بکاتـەوە. کـوردی سـووریا، بـەبیَ بـوونی سنووری ئاشـکرای تـیرە و تایفـەیی و شـتی دیکـەی لـەو چەشـنە، تـەنیا دەتوانن چاوەنواڕییەکی کەمیان لـەبواری خودموختـاریی ناوچـەیی لـەناو حکوومەتی سووریادا هەبێت.

### عیراق

٣٣) ڕاپۆرتی ئەم دواییانە سەبارەت بە هەڵسوکەوتی هۆزە کوردەکانی عیراق، جێگای دڵخۆشییە: لایەنگرییەکی بەربلاو لە مـەلا مـستەفا نـاکریَ، ژمارەیەك لە سەرەك هـۆزە کوردەکـان کـە خـاوەنی گرینگایەتییـەکی زۆر

نـین، وەك لایـەنگری حكوومـەتو یـاخود لایـەنگری بریتانیـا لەبەرچـاو دەگـرێن. هـیچ نیـشانەیەكیش نییـە كـە پڕوپاگەنـدەی سـۆڤیەتی كاریـان تێبكات. لە ڕاپۆرتی ناوچە هۆزنشینەكانی عیراقدا، كەمبوونی نیـشانە بـۆ پڕوپاگەنـدەی ڕاسـتەوخۆی سـۆڤیەتی، سـەرنج ڕادەكێـشێو، ڕاپـۆرتی چـالاكییەكانی مەلامـستەفاو حـالآتی كـەمتر گـرینگ جێگـای ئـەویان گرتووەتـەوە. دەسـەلآتدارانی عـیراق، بەشـێوەیەكی ئاشـكرا، نیگـەرانی ئـەوەن كـە وا هەیـە كوردایـەتی زیـاتر لـە پروپاگەنـدەی كۆمۆنیـستیش، ڕووحی شۆڕشگێڕانەی [كورد] زیندوو ڕابگرێ.

هەوای شارەكان بەتایبەت سلێمانی كـەمتر سـلآمەتە. پـارتی (لقـی پـارتی دیموكراتی كوردستان)، لەوێو لە هەولێرو كەركوكو ڕەواندز زۆر چالاك بووە. حیزبی ڕزگاری "نەتـەوەیی" (حـزب الـوطنی التحـرري)یـش كـە پێوەنـدی بـە پارتی دیموكراتی كوردەوە هەیە، درێژەی بەكاری خۆی داوە.

كۆمۆنیستەكانی بەغدا، وادیارە نفوورێكی زۆریان لە هەردوولا كردبێت، لەبەر ئەوەی تەنانەت لە مێشكی ئەنداماندا جیاوازییـەك لـەنێوان ئامانجـە سـەرەكییەكانی خۆیـان - كـە بریتـی بـێ لـە ئـازادو دیمـوكراتیزەكردنی كوردسـتانو ئامانجـە كـەمتر دیاریكراوەكـانی كۆمۆنیـسم، ئاشـكرا نییـە. وەنەبێ هەر ئەوان كەوتبنە ژێر زەختی كۆمۆنیستەكانی بەغداوە، بـەڵكوو دێموكراتە كوردەكان یا پاشماوەكانیـان لـە بـاكووری ئێـرانیش بەئاشـكرا ئیلهام لە سۆڤیەت وەردەگرنو ماتریاڵیان لەلایەن ئەوانەوە بۆ دێت. بەلآم ئەندامانی ئەو گرووپانەش - وەك هی سـێ گرووپـی دیكـەی واكەوتوونەتـە

ژێر زەختی پۆلیسەوە، گرینگایەتییەکی ئەوتۆیان نییەو زیاتر مامۆستا، خوێندکار، دووکاندار، کاربەدەستی دەفتەریو کارمەندە گەنجەکانن.

نفووزی ئەو کەسانە، کەم وا هەیە لە شارەکان بچێتە دەرەوە، گەرچی ڕەنگە بتوانن ئاژاوەیان تێدا بنێنەوە - وەك پێشتریش ئەو کارەیان کردووە، یاخود لەنێو کرێکارانی کۆمپانیای نەوتی عیراقو وەزارەتخانەکانی دەوڵەتیدا، ئاسایش تێك بدەن. هەر هەنگاوێکی ئەوتۆ، با وەکوو بەناوی ناسیۆنالیسمی کوردەوە بێتە ئەنجام، بەلاّم لەڕاستیدا دیاردەیەکی بێخەوشی کۆمۆنیستییە. ئەوەش پێویستە بگوترێ کە ناتوانرێ چاوەڕوانی ئەوە بکرێ کە ئەم گرووپانە هەنگاوێکی جیدیو ئیجابی بۆ مەسەلەی ناسیۆنالیسمی کوردی هەڵێننەوە، بەلاّم لە هەموو کاتێکدا دەکرێ کۆمۆنیستەکان بەشێوەیەکی جیدی شوێنیان لەسەر دانێن.

## ئێران

٣٤) چالاکی ڕاستەوخۆی سۆڤیەت لەناو کوردانی ئێراندا جگە لە بلاّوەی ڕادیۆ"یەرەوان"و ئیستگەی ڕادیۆی دێموکراتەکانی ئازەربایجان ــ کە شۆێنەکەی بەباشی ڕوون نییە، جاربەجارو تەنیا بەگوێرەی هەڵکەوت بەڕێوە دەچێ. کۆنترۆڵی دەسەلاّتداریەتی ئێران بەسەر ناوچە شاخاوییەکانی کوردستاندا ئێستاش هەر کەم هێزە، بەلاّم خۆتێخزاندنی سیخوڕە سۆڤیەتیەکان بە مەبەستی بەردەوامبوونی بایەخدانی کوردەکان بە پێوەندییان لەگەڵ سۆڤیەتدا، ڕەنگە زۆریش دەگمەن نەبێ. لەوەتی هەرەسهێنانی بزووتنەوەکە، سۆڤیەتییەکان هیچ هەوڵێکی یارمەتی بە

کوردیـان تەنانـەت بەقـەدەر یارمەتییـەکانی سـاڵی ١٩٤٦یـش نـەداوە. جوانڕۆییـەکان، بەئاشـکرا هـیچ پـشتیوانییەکیان لەلایـەن سـۆڤیەتەوە لێنەکراو نیشانەی واش بەدەستەوە هەن کە ناوچـەکانی باشووری سنەو کرماشان، هیچ چەشـنە چـالاکییەکی کۆمۆنیـستییان تێـدا بـەدی نـاکرێ. هەروەها نیشانەی ئەوەش هەیە کە جگە لە شکاکو هەرکی، کە لـەماوەی شەڕو دوابەدوای ئەودا، بەهۆی دەست بەسـەرداگیرانی ناوچـەکە لەلایـەن سـۆڤیەتەوە لـەڕێگا چـووبوونە دەرەوە، پڕوپاگەنـدەی ئـەم دواییانـەی سۆڤیەت شۆێنی لەسەر پاشماوەی هـۆزە کوردەکـان دانـەناوە. نموونـەی سەمەرەی [هۆزی] فەیزوڵلاّ بەگی کە لەلایـەن کۆنـسوولی ئـەعلا حـەزرەتی شا [ی بریتانیا] لەتـەورێزەوە باسـی لێـوە کـراوەو سـەرەك هۆزەکـان لـە سـەردەمی ڕژێمـی دێمۆکراتـدا، زەوییـەکانی خۆیـان بەسـەر عەشـیرەتدا دابـەش کـردووە، لەلایـەن هـیچ هـۆزێکی دیکـەوە ڕەچـاونەکراو یـەکجار دووریش دەبیندرێ کە لە داهاتوودا ڕەچاوبکرێ.

٣٥) ئـەو زمانـە توندوتیـژو لەڕادەبـەدەرەی وا لـە بـڵاوەی [ڕادیـۆیی] کوردیـدا کـەڵکی لێـوەردەگیرێ، نیـشانەی درێـژەی مـەیلی سـۆڤیەتە بـە کوردسـتانو حاڵـەتی ئێـستای دەسـت ڕاگرتنـی سـۆڤیەت لـە دەسـت تێـوەردانی زیـاتری بەشـی [کوردسـتانی] ئێـران کـە قبـووڵو پەسـندێکی زۆریشی بۆ هەیە، نیشانەی ڕێزگرتنی سۆڤیەتەکانە لەو ڕاستییەی کە هەر کاتێك هێزی سۆڤیەتی بێتـە [ناوچـەکە]و چـەكو پـارە بەسـەر هۆزەکانـدا دابەش بکات، هۆزە کوردەکان دەخاتە بارێکی دڵخوازی خۆیەوە. توانـای

سۆڤیەتییەکان بۆ ڕاگرتنی کورد لەو بارودۆخەدا، تا ڕادەیەکی یەکجار زۆر بە توانای پاراستنی مەزنایەتی ناوچەیی خۆیانو درێژەدان بە ناردنی کەرەسەوە بەستراوە.

**بەشی توێژینەوە**

**وەزارەتی کاروباری دەرەوە**

**دووهەمی ئاپریلی ١٩٥١**

[تێبینی: ژمارەی بەڵگەنامەکان لەلایەن وەرگێڕەوە دانراون.]

بنکەی ژین
www.zheen.org

**FO371/91252/132969**
**بۆ وەزارەتی دەرەوە**
**٢٦ی جانیوەری ١٩٥١**

**کورد**

من ئەمڕۆ بە جەنابی پاڵمر[١] [کاربەدەستی باڵوێزخانەی ئەمریکی لە ئێران] م گوت کە پێم خۆشە یادداشتەکانم لەسەر بارودۆخ [ی وڵات] لە پێوەندی کەمایەسییە کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەگەڵ هی ئەودا بەراورد بکەم. پوختەکراوێکی کورتم لەمەڕ شوێن[ی کورد] لە وڵاتانی جۆربەجۆر . وەك چۆن لەو ڕاپۆرتانە دەردەکەوتن وا لە بنکەکانی پێوەندیدراوە بۆمان هاتبوو، پێدا. ئەوکارەم کرد، و ئەو پێکهاتنەم وەبیرهێنایەوە [E10213/17150] کە لە وتووێژکردن لەگەڵ جەنابی مەك گی[٢] لە سپتەمبەری ١٩٥٠ هاتبوە دەستو، بەگوێرەی ئەو دەبێ ئێمە خۆمان لەوە بپارێزین کە ئەوهەستە بە هۆزەکان نیشان بدەن کە بەشێوەیەکی تایبەت لەلایەن هێزەکانی دەرەوە پارێزگاری دەکرێن. من ئیشارەم بە گەشتەکەی پایزی ڕابردووی جەنابی جاستیس دۆگلاس[٣] بەناو ئێراندا کردو هەروەها ئاماژەم بە خواستی "ئەتاشەی خزمەتگوزاریی "ئەمریکی لە بەغدا کرد بۆ سەردانی زووبەزووی ناوچە کوردنشینەکانی عیراق.

---

١. Palmer
٢. Mcghee
٣. Justice Douglas

www.zheen.org

جەنابی پاڵمێر کە یادداشتی لەبەر قسەکانی من هەڵدەگرت، ئـەوەی سەلماند کە پێویستە بە کارمەندان ڕابگەێنرێ کە بەقەست یا بەهەڵکـەوت هیچ هەستی ئەوە لە خۆیان نیشان نەدەن کە ئێمە مـەیلێکی نابـەجێمان بەکوردان هەیە یا کورد دەتوانن وەك پارێزگارێکی تایبـەت بڕواننـە ئێمـە. ئێمـە لەسـەر ئـەوەش پێکهـاتین کـە مەسـەلەی کـورد پێویـستە لـەژێر تۆێژینەوەیەکی دایمـی ڕابگـیرێ‌و، لـە جـەنابی پـاڵمێرم داواکـرد کـە هـەر زانیارییەك وا ئەمەریکاییەکان بۆی هەیە سەبارەت بە ئاڵ‌وگۆڕەکـانی ئـەم دواییە هەیانبێ بیدەن بە ئێمە.

B× .3

**٢٦ی جانیوەری ١٩٥١**

بنکەی ژین
www.zheen.org

**FO371/91252/132969**
**٦ی ئەپریلی ١٩٥١**

**هەلومەرج لە کوردستان**

بارودۆخی کوردستان، وەك ئاکامێکی داخوازیی وەزیری کاروباری دەرەوە سەبارەت بە ڕاپۆرتی زیادبوونی نفووزی کۆمۆنیستەکان لەناو کوردی سووریا لە مانگی دیسەمبری ڕابردوودا خرایە بەر توێژینەوە. لەبەر ڕووناکی ئەم توێژینەوەیەدا، ئەم هەنگاوانەی خوارەوە پەسند کران:

ئـ) خاوکردنەوەی نواندنە بێسوودەکانی ئەمریکا لەناو کورداندا،

ب) هوشیارکردنەوەی حکوومەتی سووریا لە ئاکامی گونجاوی سیاسەتی ئێستایان بەرانبەر بە کوردو،

ج) ئەزموونکردنی بیرۆکەی بڵاوەی [رادێویی] بە زمانی کوردی.

ئەم هەنگاوە هەڵێنراوەتەوەو بە هاودەنگی لەگەڵ دەقی نووسراوەی ٢٩ی دیسەمبری جەنابی "بێوین"[١]دا، ئەوا پوختەکراوی ئاڵوگۆڕەکانی دوای ئەو تەئریخەتان بۆ دەنووسم:

بنکەی ژین
www.zheen.org

١) جەنابی بۆوکر[٢]، هەلومەرجی کوردستانی لەگەڵ جەنابی پالمێر[٣] لە باڵوێزخانەی وڵاتەیەکگرتوەکانی [ئەمریکا] خستە بەر باس و قسە.

---

Bevin.[١]
Bowker.[٢]
Palmer.[٣]

پێکهاتنێکیشیان لەنێواندا هاتە ئەنجام کە کاربەدەستانی هەردوولایەنی بریتانیاو ولاّتە یەکگرتوەکان پێویستە خۆ لە دەرخستنی ئەو هەستە بپارێزن کە هیچکام لەو دوو ولاّتە مەیلو خواستی نابەجێیان لەمەڕ کورد هەبێت، مەسەلەی کوردیش دەبێ لەبەر توێژینەوەی هەمیشەییدا بێت.

٢) باڵوێزی ئەعلا حەزرەت [ی شای بریتانیا] لە دیمەشق، سەبارەت بە مەترسی زەخت خستنەسەر مافی کەمایەسییەکان، لەگەڵ سەرۆك وەزیری سووریادا قسەی کردو ئاماژەی تایبەتیشی بە کورد کرد، هەروەها پێشنیاری ئەوەی خستە بەردەمی سەرەك وەزیر کە ئەگەر بگونجێت ڕۆژنامەیەك بە زمانی کوردی دەربچێت، بەلاّم سەرەك وەزیر ئەو باسەی پێ خۆش نەبوەو گوتوویەتی ئەگەر ئیجازەی دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردی بدرێت واهەیە کومۆنیستەکان بەڕێوەی ببەن. هەروەها دەست نیشانی ئەوەی کردووە کە لە هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ کەمایەسییەکان [ی دیکەی] سووریا تووشی تەنگوچەڵەمە دەبێت ئەگەر بەشێوەیەکی تایبەت حیساب بۆ کورد بکات. لێرەدا، جەنابی مونتاگو پوللوك[1] پێشنیاری کردەوە ئەم باسە بخرێتە لاوە.

بۆچوونەکانی ناوبراو بۆ حکومەتی سووریای ڕوون کردۆتەوە کە ئێمە، کورد وەك سەرچاوەیەکی ژانەسەر خولقاندن دەناسینو وێناچێ هیچ نواندنێکی دیکە بئاکامی بەسوود بگات، ئەوەش لە ڕوانگەی هەلومەرجی جێگەی گومانی ئێستای سووریادا، ڕاستە. ڕەشنووسی یادداشتی جەنابی مونتاگو پوللوك لەگەڵ ئەم نامەیەدایە.

---

[1] Montagu Pollock

بنکەی ژین www.zheen.org

٣) لەبەر هەندێ هۆی ڕامیاری، دەست پێکردنی بڵاوەی [ڕادیۆیی] کوردی بەباش نەزانراوە. واهەست دەکرێت کە بڵاوەیەکی ئەوتۆ ببێتە هۆی دڵڕەنجبوونی ئەو حکوومەتانەی واپێوەندیان [بەکێشەکەوە] هەیە، تورکو ئێرانیەکان بەتایبەت وەك هاندەری هەستی جیاوازیخوازی لەناو کوردانی دادەنێن. هەرچۆنێك بێت، بەگوێرەی ڕاپۆرت، وائێرانیەکان خەریکن دەست بکەن بە بڵاوەی [ڕادیۆیی] لە تارانو ئێزگەکانی تری ناوچە کوردنشینەکان. باڵوێزی ئەعلا حەزرەت [شای بریتانیا] لە تاران ئەو ڕوانگەیەی دەربڕیوە کە ئەگەر بێتو کارەکە ڕێك بکەوێت، بۆ وڵاتانی پێوەندیدار بە مەسەلەکە باشتر دەبێت کە ئێزگەکان خۆیان بەڕێوەی بەرن. باڵوێزخانەی ئەعلا حەزرەت لە بەغدا، بەم زوانە دەست دەکات بە بڵاوکردنەوەی بوڵتەنێکی مانگانە بە کوردیو بە ئامانجی بەربەرەکانی پڕوپاگەندەی سۆڤیەتی.

**جەیمز س. ووردرۆپ**[١]

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

[١] James C.Wordrop

FO371/91475/132972
**باڵوێزخانەی بریتانیا ـ تاران**
**بۆ وەزارەتی کاروباری دەرەوە، لەندن**
**نۆهەمی ئاپریلی١٩٥١**

جەناب،

کاتێ من لە پێنجەمی مانگی ئاپریلدا سەردانی سەرەک وەزیر [ی ئێران]م کرد، کۆنفەڕانسێك تازە کۆتایی هاتبوو کە یەکێ لە ئەندامەکانی، ئوستانداری کوردستان ئاغای "محەمەد دادپەروەر" بوو. وادیار بوو کە حکوومەتی ئێران نیگەرانی ئەو چاوڕاوەیە کە ڕووسەکان خەریکن ئاژاوە لە کوردستانی ئێران دەنێنەوە. دوای ئەوەی کۆنفەڕانسەکە تەواو بوو، ئاغای "عەلا" لێی پرسیم ئایا هیچ زانیارییەکم لەو باسە هەیەو منیش گوتم هیچم نەبیستووە. هەرچۆنێك بێت بە لەبەرچاو گرتنی سیاسەتی بەباشی ناسراوی رووس لەمەڕ ئاژاوەنانەوە لەوکاتەدا کە زیاترین سوودی بۆ ئەوان هەیە، شتێکی مەنیتقی بوو کە وابزانرێ ئەوان کەڵك لە بارودۆخی ئێستای ئێران وەردەگرن بۆ ئەوەی پڕوپاگەندەی خۆیان لە کوردستاندا بەتەوژمتر بکەن.

ئاغای عەلا لەگەڵ [ئەو بۆچوونەدا] بوو و، گوتی کە هیچ نیشانەیەکی ڕۆشنیان بۆ چالاکی ڕووس لە کوردستانی ئێران بەدەستەوە نییەو هەروەها هیچیشیان لە کوردستانی عێراق و تورکیاوە نەبیستووە.

www.zheen.org

ئەوا كۆپی ئەم نامەیە بۆ باڵوێزی ئەعلاحەزرەت لە واشەنتن، مۆسـكۆ، بەغدا، ئانكاراو، سـەرۆكی ئیـدارەی بریتانیـایی لـە ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت لەقاهیرەو كۆنسوولی ئەعلا حەزرەت لە تـەورێزو كۆنـسوولی گشتی ئـەعلا حەزرەت لە كرماشان دەنێرم.

بنكەی ژین
www.zheen.org

**FO371/104562/136470**
**باڵویزخانەی بریتانیا لە واشەنتن**
**بۆ دائیرەی ڕۆژهەڵات، وەزارەتی دەرەوە،**
**لەندەن**
**٣٠ی جانیوەری ١٩٥٣**

واکورتەی نامەیەکی کۆنسوولی ئەمریکا لە تەورێزتان بۆ دەنێرم سەبارەت بە سەفەری نقامبرو دیسامبری ساڵی پێشووی لە بەری ڕۆژئاوای گۆلی ورمێ. نامەکە، حیسابێکی گشتی لە بارودۆخی ئەو بەشەی کوردستان ئاڕاستە دەکاتو لام وایە بەسوودە. بەداخەوە یادداشتەکە لەسەر بابەتی گشتی نووسراوەو بەشێکی کەم لە ئەزموونی ڕاستەوخۆی شەخسی ڕاگەیێنراوە. ئەزموونێکی ئەوتۆ دەیتوانی گەلێك ڕوونکەرەوە بێت.

**ر. و. بەیلی**[١]

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

١ R. W. Baily

**FO371/109994/137547**
**باڵوێزخانەی بریتانیا لە تاران**
**٧ی ئۆگوستی ١٩٥٤**

لـەماوەی یەکـدوو مـانگی ڕابـوردوودا چـاووڕاوێکی زۆر سـەبارەت بـە گۆڕانکارییـەکانی ناوچـە کوردنـشینەکانی ئێـران لـە ڕۆژنامـەکانو بازنـە سیاسیەکاندا، هەبوە. مەسەلەکە سەرەتا بە سەردانی بـاڵوێزی ئـەمریکاو ئەنـدامانی پایەبـەرزی سـوپایی ئـەمریکا لێـرە، دەوروبـەری دوو مـانگ لەوەپێش دەستی پێکرد. لە کۆتاییەکانی مـانگی جوونـدا، دوو ڕۆژنامـەی سـەرەکی تـاران هـەواڵیان دا کـە لـە ئـەنجامی چـالاکیەکانی ئـەمریکا"و بریتانیا"لە ناوچەکەدا، ڕووسـەکان دەسـتیان کـردەوە بـە بڵاوکردنـەوەی ڕۆژنامەیەك کە حزبی (کومۆنیستی) کۆمەڵە دەری‌دەکاتو حزبەکەشـیان بەرەسمی ناسی.

٢) ئێمـە لـە هەنـدێ سـوپایی پایەبـەرزو کاربەدەسـتانی سـیویل کـە ناوچەکە بەباشی دەناسنو تاڕادەیەکیش جێگەی بڕوان، پرسیارمان کردو ئەم زانیاریانەمان گردوکۆ کرد.

٣) بەپێـچەوانەی ڕاپـۆرتی ڕۆژنامـەکان، وادەرناکـەوێت کـە لـەم دواییـەدا چـالاکیەکانی یەکیـەتی سـۆڤیەتی بەشـێوەیەکی بەرچـاو، لـەزیادییان دابێـت، بـەڵام ئـەوان لـە ناوچـەکەدا تاڕادەیـەك، هەمیـشە بـەهێزبوون. وەك واهەیـە چاوەڕوان بکرێت، نفووزی سۆڤیەت لەناو هۆزەکانی نزیك سنووری سۆڤیەتی،

بنکەی ژین
www.zheen.org

بەهێزترە. بەڵام تەنیا لەناو کوردانـدا وەهایـە.(بـەگوێرەی هەواڵدەرەکانمان، هۆزەکـانی شاهـسەوەنو ئەرەسـباران (بـە ڕەگـەز تـورك) کـە ناوچـەکەیان کەوتۆتە باکووری ڕۆژهەڵاتی تەورێزو تا ئەوپەڕی دەشتی"موغان" دەکشێت، بە هۆزی وەفادار [بە ڕژێمی ئێران] دەناسرێن.

بەراورد سەبارەت بە نفووزی سۆڤیەت واهەیە گەورە کرابێتەوە، بەڵام هەرچـۆنێك بێـت، جێگـەی ئاماژەکردنـە کـە هـۆزی جـەلالیو شـکاك (کـە ناوچەکەیان تا ئەوپەڕی بـاکووری ڕۆژئـاوا کـشاوە)، بـە زیـاتر لـە نیـوەی بەگزادەوە (سەرۆك هـۆزە روتبـە دووهەمـەکان)، لەگـەڵ مـەهاباد، شـاری سـەرەکی ئـەو ناوچـە عەشـیرەییە، وەك شـوێنی جێگـەی سـەرنجی تەنگوچەڵەمەی [بالقوە] سـەیر دەکرێت. لـە شـوێنەکانی دیکـەی ناوچـە لەسـەقزەوە بـەرەوخوار هـەتا بـاکوورو ڕۆژئـاوای ئوسـتانی کرماشـان، دەوروبەری نیوەی عەشیرەتەکانو ژمارەیەکی کەمی سەرەك هۆزو مەزنی هۆزە روتبە دووهەمەکان، دەگوترێ کە لەژێر نفووزی یەکیەتی سۆڤیەتیدا بن، بەڵام کە نزیك کرماشان دەبیەوە، ئەو حیسابە کەمتر دەبێتەوە.

٤) بـارودۆخی زۆربـەی هۆزەکـان وایـان لێ دەکـات پڕوپاگەنـدەی سـۆڤیەتی قـەبووڵ بکـەن. هـەروەها، بـەگزادەکان ئەوەنـدەی بتـوانن ئەنـدامانی عەشـیرەتەکەیان دەچەوسـێننەوە، ئەنـدامانی عەشـیرە لـە چەوساندنەوەی کاربەدەستانی ئێرانیش ڕەنج دەکێشن، کە هەموو هەلێك بـۆ رووتاندنـەوەیان دەقۆزنـەوە لەرێگـەی ئـەو پارەیـەوە کـە بـۆ کڕینـی تووتنو حاسڵاتی تر پێیان دەدەن.

www.zbeen.org

٥) کارمەندانی دیکەی دەوڵەتیش بەکرێگراوی سۆڤیەتن. کارمەندانی وەزارەتی فێرکردنو دادپەروەری، کە لە سەرانسەری ئێراندا زیاترین نفووزی حزبی توودەیان تێدا دەبینرێت، لە ناوچە کوردییەکان لای کەم نیوەیان لایەنگری حزبی توودەن.(نوێنەرێکی دائیرەی دادپەروەری بەناوی"سادق"بوو، کە ڕۆژنامەکانی تاران نووسییان دەورێکی گرنگی لە چالاکییە کومۆنیستیەکاندا بینیوە).

٦) لە کۆتاییەکانی مانگی جووندا، بەهۆی بڵاوبونەوەی ڕاگەیاندنێکەوە کە تێیدا هێرش کرابوە سەر شاو سەرەك وەزیر، سەرنج بەرەو ناوچەکە ڕاکێشرا. لە ڕاگەیاندنەکەدا هەڕەشەی ئەوە کرابوو کە ئەگەر تا١٠ی مانگی جوولای هەنگاوێك بۆ باشکردنی بارودۆخ هەڵنەهێنرێتەوە، خەبات [دژ بە ڕژێم] دەست پێدەکات.(حکوومەت وای بۆدەچێ کە ئیحتیماله دکتۆر سەنجابی لەپشت مەسەلەکەوە بێت. ناوبراو جێگری سەرۆكو مامۆستای پێشووی زانستگەی تاران، کە هاوڕێی گیانی گیانی"موسەددیق"، سکرتێری گشتی حزبی ئێران بووەو خۆی ئەندامی عەشیرەتی سەنجابی ئوستانی کرماشانە). دوو بەتالیۆنی سوپای ئێرانی، هەرکام بە٦٠٠ کەسەوە، نێرراونەتە ناوچەی "نەوسوود"و" یاوەیسی"تا ڕۆژئاوای سنە، ئەوشوێنەی کە چاوەڕوانی ئاژاوەی لێدەکرا. دوو بەتالێونەکە، یەکیان لەلای باکوورو یەکیان لەلای باشوورەوە چوونەتە ناوچەکەوە. هەروەها فڕۆکەی سوپایی بەسەر ناوچەکەدا فڕیون. دەوروبەری ١٢ بەگزادە، کە بۆ دەربڕینی ناڕەزاییو سەلماندنی بێگوناهی

خۆیان چووبوونە کرماشان، گیراون‌و لە دەستبەسەریدا ماونەتـەوە تـا لـە کێشەکە دەکۆڵرێتەوە. لەڕاستیدا، ڕۆژی١٠ی جوولای هیچ ڕووداوێـك ڕووی نەداو کاتێ کە شا لەماوەی سەردانی سەرکەوتوانەی خۆیدا بـۆ بـاکووری ڕۆژئـاوای ئێـران، سـەری لـە ناوچـە کوردنـشینە باکوورییـەکان دا، هـیچ کارێکی نابەجێ نەقەوما.

٧) وادەردەکەوێ کە حکوومەت بڕیاری دابێت ڕێگایەکی بەکەڵکهـاتـوو بۆ ترومبێلی قـورس لـەنێوان نەوسـوودو یاوەیـسی بکێـشێت، بـۆ ئـەوەی دەرەتانی جووڵانەوەی سوپا لە ناوچەکە زیاتر بکات.

٨) لەم دواییەدا "بادوەر"، وەك ئوستانداری نوێی ئوستانی کوردستان دەسـت نیـشان کـراوەو، بـەم زوانـە لـە سـنە دەسـت بـە ئـیش دەکـات (ئوسـتانی کوردسـتان، ناوچـەی کوردنـشین لەمـەهابادەوە تـا سـنووری سۆڤیەتی ناگرێتەبەر، ئەوانە بەشێکن لە ئازەربایجـان، بـەڵام قـسەوباسی ئەوە هەیە کە تا کۆتایی بەشی باشووری سنووری ئێران‌و تورکیـا پـەرەی پێبدرێت‌و حاڵەتی ئوسـتانێك بەخۆیـەوە بگرێـت [ڕوون کردنـەوەی وەرگێـڕ: وابزانم لەوسەردەمانەدا، کوردستانی ئەردەڵان بەشێك بوو لە ئوستانی پێنجەم، واتـە کرماشان‌و بیچمی "فەرمانداری کل"ی هەبوو و دواتر بوو بە ئوسـتانێکی سـەربەخۆ، بـەڵام ئـەو ناوچـانەی نەدرایـە دەم]. ئوسـتانداری نـوێ پێـشتر لـە کوردسـتان ئیشی کردووەو بە کەسێکی ڕاست‌و دروست دەناسرێت. واهەیـە نـاوبراو هەوڵی لابردنی دەستدرێژیی گەورە بدات ، بـەڵام وێناچـێ کـە بـارودۆخی بنەڕەتی کوردستان گۆڕانی زۆری بەسەر دابێت، مەگەر هەنگاوی بەبڕشت لەلایـەن حکوومـەتی ئێرانـەوە بنرێـت بـۆ پاککردنـەوەی دەوائـیری ئێـران

بەگشتیو هەندێ بەرنامەی گشتی بۆ ڕیفۆرمی ئابووریو کۆمەڵایەتی بەڕێوەببرێت.

٩) ئێمە هەندێ نەقشەی تازەی ناوچە کوردنشینەکانمان دەست کەوتووەو دواتر نوسخەیانتان بۆ دەنێرین.

## د . أ. هـ. رایت*

**نهێنی**

کۆنسوولی ئەمریکا لە تەورێز لە نامەی ڕۆژی ١١ی دیسەمبردا بۆ باڵوێزخانەی وڵاتە یەکگرتوەکان لە تاران ڕاپۆرتێکی لەسەر بارودۆخی کوردستان نووسیوە. ناوبراو لە نامەکەیدا باسی سەفەری سەرەتای مانگی دیسەمبری١٩٥٢ی خۆی بۆ ناوچە کوردنشینەکانی نزیک سنووری تورکیاو عیراق دەکات.

کۆنسوول لەتەورێزەوە چووە بۆ سەلماس، ورمێ، مەهاباد، سەردەشتو بۆکان. جیپێکی سوپای ئێرانی سەیارەی کۆنسوولخانەی هاوڕێیی کردووە کە ئەفسەرێك، گرووهبانێکی پۆلیسی عەسکەری، دوو سەربازی چەکدارو لێخوڕێکی تێدا بووە. بەڕواڵەت بۆ ڕێزگرتن لە کۆنسوول، بەڵام لەڕاستیدا بۆ ئەوەی بیخەنە ژێر چاودێرییەکی هەمیشەییو ئەو کەسانەش بترسێنن کە بیانەوێ پێوەندی پێوە بکەن.

---

D. A. H. Wright. *

٢) یەکـەم شـتێك کـە کۆنـسوول هەسـتی پێکـرد، کەمتەرخـەمی ئوستانداری ئوستانەکە بـوو. کوردسـتان لەڕاسـتیدا قـۆرغکراوی سـوپای ئێرانە کە تێیـدا سـەربازخانەی گـەورە گـەورە دروسـت کـراوە. سـوپا لـە کاروباری کوردستاندا دەستێکی باڵای هەیـەو کاربەدەسـتانی دائیرەکـانی تـر کەیفیـەتیان نزمـە. هەرچـۆنێك بێـت، چـەند ئیستسنائیـشی تێدایـەو لەوانە، فەرمانداری ورمیێ ـ عەلی ئەکبەر مەلیکی. لەتای دیکـەی تـرازووداء، بەخشداری ئێـستای سەردەشـت بـەناوی"موزەففـەری"یـە، کـە لەوپـەڕی ئیعتیاد بەتریاك کێشاندایە، بەهۆی عادەتەکەیەوە، تـەنیا دەتـوانێ خـۆی لە خۆی تێبگەیێنێتو بوونەوەرێکی جێگەی بەزەییە. بەم پێییە، جگە لە ناوچەی ورمێ، لە ناوچەکانی تر، دەسەڵات بەدەست سوپاوەیە. پێویستە ئەوەش بگیرێتە بەرچاو کە ناوچەی ورمێ لە بەشـەکانی تـری کوردسـتان جیـاوازەو دانیـشتوانی هەمەچەشـنەی ئەرمـەنی، ئاسـۆریو موسـڵمان سـوودێکی زۆریـان لـە نفـووزی مـوژدەدەرە کاتۆلیکـە فەرەنـسیەکانو موژدەدەری کلیسەی"مەشایەخی" ئەمریکا وەرگرتووە.

٣) بە هەندێ ئیستسنائەوە، ئاکامی ئەم کـارە بۆتـە هـۆی بێباوەڕییـەکی دوولایەنە لەنێوان کوردو حاکمە ئێرانیەکاندا. کورد نەفرەتی لـە سـوپا هەیـەو گاڵتە بە دەسەڵاتداریەکی سیویلیش دەکات، گوتراوە کە ئامانجی درێژخایەنی حکوومـەتی ئێـران ئەوەیـە وەفاداریـەتی هۆزەکـان بگـۆڕێو بـەرەو ئێرانیـان وەرچەرخێنێت. ئەم شتە، ڕەنگە وابگەیەنێت کـە حکوومـەتی ئێـران دەسـتی باڵای هەیە، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا حکوومەت [بەم کارەی]، ڕووی خەڵك لـە هەردوولا، واتە لە ڕێبەرانی خۆیانو لە ئێرانیش وەرناگێڕێت ؟

٤) ناڕەزاییە گشتیەکان بریتین لە:

أ. بێلیاقەتی کاربەدەستانی حکوومی،

ب. گەندەڵی و خراپی کاربەدەستانو وەك ئاکامێك، دۆشینی خەڵك،

ت. نەبوونی هیچ نوێنەرێکی ڕاستەقینەی کورد لە مەجلیس،

ج. سوپا، وەحشی و بێبەزەییەو لە هەستو نەستی کورد تێناگات،

د. جیاوازی دانانی حکوومەت لەنێوان هۆزەکان، بەشێوەیەك کە هەموو بوارێکی ژیانی کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە.

٥) گەرچی دانیشتوانی کوردستان، بەمەزندە، هەموو هەر نەخوێندەوارن، ڕادێو لەنزیکەی هەموو گوندێکدا هەیەو بەرەو نفووزی بیری نوێی ڕۆژئاواییان دەباتو باوکسالاریی سوننەتی لەوەدایە لەناوبچێت. بەم پێیە، لەبەر یەکچوونی بەشێنەیی شێوە- ژیانی کۆن بەرچاو دەکەوێت، بەڵام هیچ جێگرێکی پەسەندکراو سەری هەڵنەداوە.

٦) فاکتەرێکی تر، ئەو بیرو یادەیە وا لە ڕژێمی"دیموکرات" لە ئازەربایجان [کە سۆڤیەت پشتگیریی دەکردن] ماوەتەوە. تەنانەت ئەو خەڵکانەی ناوچەکە، وا لە دژایەتیکردنی کۆمۆنیسمدا توندڕەوی دەکەن، قەبووڵیانە کە ڕژێمی دیموکرات بۆ ئەوە پێك هاتبوو کە لەگەڵ غروورو ناسیۆنالیسمی کوردیدا یەك بگرێتەوە. هەر بۆیەش، زۆرێك لە کوردان لە ئاوڕدانەوەی ڕابردوودا، چاوی خۆشەویستی لێدەکەنو گەلێکیان هەست بەوە دەکەن کە وەزعو حاڵیان لەژێر دەسەڵاتی ئەماندا چ لەباری سیاسیو چ لەلایەنی ئوسووڵییەوە باشتر دەبوو.

٧) دەفتەری ئوستاندار لە وتوویژ لەگەڵ کۆنسوولی ئەمریکا لە تەوریزدا، بەشێوەی خسووسی ئەوەی سەلماند کە مەسەلەی دامەزراندنی شۆڕای گوندەکان بۆ یەکگرتنەوە لەگەڵ ریفۆرمی ئەم دواییانەی یاسای زەویوزاردا، تەنانەت ئەگەر بەڕێوەش ببرێت، شوێنێکی کەم دادەنێت. لە کوردستان، خاوەن زەوییەکان لەسەر مڵکەکانیان دەژینو بەگشتی، وەك ئەوەی لە ئازەربایجاندا دەبینرێت، بازرگان نین. لەوەش زیاتر، خاوەنزەوی کورد دیعایەی ئەوە دەکەن کە لە بەراورد لەگەڵ ٣٠٪، ٤٠٪ یا تەنانەت ٥٠٪ی شوێنەکانی تر، تەنیا٢٠٪یان لە بەرهەمی وەرزێران وەرگرتووەو زیادکردنی ٢٠٪ دیکە، باری سەرشانی رەعیەت قورستر دەکات. خاوەن زەوییە کوردەکان هەروەها دەڵێن لەوە دەترسن کە یاسا، دەرفەت بە هەڵخلاندنی کۆمۆنیستی بدات بۆ ئەوەی پاڵ بە سەرەك وەزیرانەوە بنێن بەرەو راپەڕینێکی ئاژاوەچیانە و بەدەستەوەگرتنی زەویوزاریان ببات. لەم دواییانەدا، سەرەك هۆزانی ناوچەی مەهاباد تێلگەڕافێکیان بۆ سەرەك وەزیر ناردووەو ویستی خۆیان بۆ بەڕێوەبردنی هەر ڕیفۆرمێك کە ئەو لە زەویوزارەکانی خۆیدا بەڕێوەی دەبات، دەرخستووە. لەڕاستیدا، خاوەنزەوییە کوردەکان دەڵێن:"دەزانم هیچ کەسێکی تر لەبەرامبەر ناوەڕۆکی ئەم یاسایەدا ناوەستێ، جا بۆچی من بوەستم ؟".

٨) زۆرجار لە کوردستان بینراوە، کە ئیجارەدار [وەزێر]، لایەنی ئاغای گرتووە، ئەویش بەهۆی ئەو ڕاستیەوە کە ئاغا کوردەکان بەشێوەی

هەمیشەیی لەناو ئەواندا دەژینو پێوەندیەکی نزیکی شەخسییان لەگەڵیاندا هەیە. خەڵکەکەی عەشیرەت لەڕێگەی سەرەك هۆزەکەیەوە، ئاگاداریی خەڵکانی پیرو نەخۆش دەکات. گەرچی هەیە. لەوەش زیاتر، وەرزێر، لەبەراورد لەگەڵ شوێنەکانی دیکەی ئێران، لێرە ئەمنیەتی زیاتری بەگوێرەی ستاندارده ڕۆژئاواییەکان، زۆربەی وەرزێرانی کورد خواردنی تەواویان نییە، گیرۆدەی مەلاریا، زگچوونی خوێنی، ئازارەباریکەو تەڕاخومن، لە دەوروبەری خۆیان، تەنیا ئازەربایجانیان هەیە کە دارایی خۆیانی لەگەڵ بەراورد بکەنو هەلومەرجیش لە کوردستان بێگومان لەوێ باشترە.

**مەسەلەی چەك**

٩) ڕاپۆرتێکی زۆر سەبارەت بە هاتنی روولەزیادبوونی چەك بۆ کوردستان گەیشتۆتە دەستمان. یەك لە هەنگاوە نێوبەنێوەکانی حکوومەت بۆ چەککردن، لە سەرەتاکانی مانگی ئوکتۆبری ١٩٥٢دا دەستی پێکرد. تا ڕۆژی ٢٢ی نۆڤامبر لە ناوچەی نێوان سەلّماسو"خۆی"دا، ٥٠٠ تفەنگ کۆکرایەوەو ئەوە بووە هۆی تووڕەیی زیاتر، بەتایبەت لەبەرئەوەی سوپا خۆی لە ناوچەکانی سەر سنووردا، هۆزەکان چەکدار دەکات. هەڵسەنگاندنی بەمەزندە زۆرە، بەلام وا دەزانرێ کە نزیکەی ٢٠٪ی چەکەکانی ناوچە، وەکو کرابێت. هەرچۆنێك بێت، وا دەردەکەوێ کە لە تەوریز چەك زۆربێت، لەبەر ئەوەی نرخی دەمانچەیەك کە ٥ هەزار ڕیاڵو تفەنگێك کە ١٠ هەزار ڕیاڵ بوو،

دابەزیوەتە نزیکەی ٢٥٠٠ بۆ دەمانچەو ٣٠٠٠ [ریالّ] بۆ تفەنگ. هەندێ سەرچاوە لایان وایە کە زوربەی ئەو چەکانە لەلایەن ئینگلیسەوە بە قاچاخ دەگەنێ، بەلاّم نزیك بە یەقین دەزانرێ کە ئەو قسەیە لە سەرچاوەی سۆڤیەتییەوە دێت.

گوێنەدان بە یاسا، لەزیادبووندایەو ژمارەیەك هەڵەو جەریمەو دەستدرێژی لە جادەی سەرەکی بۆکان– مەهاباد– تەروێز بینراوە. لەوەش زیاتر، ترسی کاربەدەستان لە هۆزەکان بەهۆی ئەو ڕاستییەوە باش دەرکەوت کە کاتێ ئەوان گوێبیس بوون کە، لقی عەلیار لە کوردی دێبوکری "وشتەپە" خەریکی هەڵبەز و دابەزن. سەرۆکی پۆلیسو فەرماندەی سوپای بۆکان وایان بەباش زانی کە خۆبشارنەوە. سەرەك هۆزەکانیش بەش بەحاڵی خۆیان هەوڵی ئەوە دەدەن کە شوێنی خۆیان بپارێزن، ئەوەش بەهۆی شوێندانانی سیاسەتی سوپاییو دەست پێکرانی هەڵخلاّندنی وەرزێراندا، لاواز بووە.

١٠) کۆنسوولی ئەمریکا گوتی زۆرجار باسی بەقسە "نفوزی بریتانیا" لەناو هۆزەکان کەوتۆتە بەرگوێی، بەلاّم سەرەڕای پرسیارکردن لەنزیکەوە، نەیتوانیوە نیشانەیەکی بەمتمانەی ئەو مەسەلەیە بدۆزێتەوە. لەوەش زیاتر، گەرچی ژمارەیەك لە کوردان بەشەوقو زەوقەوە باسی کوردستانی یەکگرتوو دەکەن، هیچ هەنگاوێکی ڕاستەقینە بۆ یەکخستنی کورد هەڵنەهێنراوەتەوە. ئاکام گرتنی کۆنسوول ئەوەیە کە چوارچێوەی فکیریی کوردان، نائارام، ناڕازیو هەبوونی دۆخێکی "نیوە شۆڕشی"یە.

ئەگەر هێزێکی لاوەکی ببوایە کە پێی بنایەتە کوردستانەوەو پارەو پشتگیریی ئەخلاقییان ئاڕاستە بکات، هەروەها ئەگەر ڕێبەرێکی نوێ بیتوانیایە بەیەکیانەوە جۆش بداتو بیانخاتە ڕێکخراوێکی یەکگرتووەوە، کوردان دەیانتوانی بەباشی دەست بدەنە ڕاپەڕینێك. بە هەرحاڵ، کوردستان ئێستا هیچ نییە جگە لە دڕکێك لە پەراسووی ئێراندا.

بنکەی ژین
www.zheen.org

**FO371/44809/137947**
**باڵوێزخانەی بریتانیا لە تاران**
**بۆ بەشی ڕۆژهەڵات لە وەزارەتی دەرەوە**
**١٨ی جانیوەری ١٩٥٥**

تکایە بگەڕێنەوە بۆ نامەی دێنیس رایت[١] بۆ " فرای"[٢] ژمارە١٨٢٠٢/٢/٥٤ تەئریخی ٧ی ئۆگوستی پارەکە سەبارەت بە کوردستان. هاوشانی خۆم لە باڵوێزخانەی ئەمریکا لێرە، لەم دواییەدا چەند نوسخەیەکی لە تەرجەمەی "کوردستان"، ڕۆژنامەی بەقسە حزبی دیموکراتی کوردستانی پێدام. باڵوێزخانەی ئەمریکی ماوەیەك دوای چاپ، نوسخەی ڕۆژنامەکەی لەرێگەی کۆنسوولیەتی تەورێزیانەوە دەگاتە دەست. ڕۆژنامەکە بۆ یەکەمجار دوای ساڵی ١٩٤٦، لە مانگی مەی ساڵی رابردوودا بینراوە و دوای ئەوە بەماوەی دەوروبەری مانگێك جارێ ژمارەیەکی لێ دەردەچێت.

٢) ڕۆژنامەکە لە قەبارەی هەواڵنامەیەکدایەو بە کوردی نووسراوە، بە قاچاخیش چاپ و بڵاوکراوەتەوە. ئەمریکیەکان دەزانن کە لە ناوچەی مەهاباد و سەقز بڵاودەبێتەوە. گومان دەکرێت کە لە شوێنی باکووریتریش دەست بکەوێت. ئەوان نازانن چەند نوسخەیەك لە هەر ژمارە دەردەچێت و ناشزانن تەئسیری ڕۆژنامەکە واهەیە تا چ رادەیەك بێت.

---

١ Denis Wrght.

٢ Fry.

٣) ژمـارەی پێـشووتری بـە بـەربڵاوی لەسـەر هێڵـی کۆمۆنیـستی ڕۆیـشتبوو، گەرچـی وای باسـی کوردسـتان کردبـوو، کـە دەڵێـی وڵاتێکـی جیاوازە بـە هـەمان شـێوازی ئێـران و ئازەربایجـان. دوایـین ژمـارەی کـە کەوتۆتـە دەسـت باڵوێزخانـەی ئـەمریکا، لـە مـانگی سـێپتامبری ١٩٥٤ دا دەرچووە، زۆر ئاشکراتر داوای سـەربەخۆیی کوردسـتانی کـردووە کـە لـە زوڵمی ئێران و تورکیو عێراق رزگـاریی بێـت. ڕۆژنامەکـە یـادی "کۆمـاری دیموکراتیـــک"ی کـــوردی ســـاڵی ١٩٤٦ی کردۆتـــەوە و شـــەهیدانی وەبیرهێناوەتەوە.

ئاماژە بە هەڤاڵانی ئازەربایجانیو ئێرانی کەمتر تێدا دەبینرێت، بـەلام دیارە خێروبێـری یـەکێتی شـۆڤیەتی لەبیرنەچـوە. ئەمریکیـەکان وادیـارە گرنگاییەك دەدەن بەم گۆڕانکارییە لە تەئکیدکردندا، بـەڵام زیـاتر واهەیـە بـەهۆی سـاڵوەگەڕی دامـەزرانی حزبـی دیمـوکراتی کوردسـتان لـە سـاڵی ١٩٥٤دا بێت.

گومـــانی تێـــدا نییـــە کـــە ئـــەم ژمارەیـــەی کوردســـتان و ڕو لـــە جیاوازیخوازیکردنی بەهۆی ڕاگەیاندنێکەوە و ڕەخنەی لـێگیراوە کـە دوو مانگێك پێش ئێستا گرووپێك ناردبوویان بۆ ڕۆژنامەی تاران کە خۆیان بـە "ریفۆرمخوازانی حزبی توودە" ناو بردبوو.

www.zheen.org

٤) هـاوڕێ ئەمریکیەکـەم هـەروەها پێـی گـوتم بەڵگـەی تارادەیـەك بەتەفـسیلیان هەیـە کـە چـەند نوێنـەرێکی مـەلا مـستەفای بـارزانی (لـە بڕوانامەی دائیرەی بەڵگەنامـەکانی بەغـدا ژمـارە ١٠١١٠/١٢/٥٤ هـی ڕۆژی

١ی جوونی ١٩٥٤ بۆ مۆسکۆ)، سێ یا چوار مانگ پێش ئێستا له یه‌کیه‌تی سۆڤیه‌ته‌وه هاتبوونه ئێران، ماوه‌یه‌ك له ناوچه‌ی باکووری کوردستانی ئێران مابوونه‌وه و پێوه‌ندیان به ڕێبه‌رانی عه‌شیره‌ته‌کانه‌وه گرتبوو، ئینجا چووبوون بۆ عیراق. ئێمه خۆمان له تاران هیچمان له‌م بابه‌ته نه‌بیستووه، به‌ڵام هیچ شتێك نییه که نیشان بدات کوردستان دوای ئه‌و ڕووداوه‌ی وا له نامه‌ی "دێنیس رایت"دا ئاماژه‌ی پێکرابوو و پێشتر ئاماژه‌مان به نامه‌که دا، گۆڕابێت.

**جی. ت. فیرنلێی**

**یادداشتی وه‌رگێڕی کوردی:**

[له‌گه‌ڵ به‌ڵگه‌نامه‌ی سه‌ره‌وه‌دا، ته‌رجه‌مه‌ی وتاره‌کانی دوو ژماره‌ی ڕۆژنامه‌ی کوردستان به ئینگلیزی هاتووه، که ١٣ لاپه‌ڕه‌ی گه‌وره (A3)یه. وه‌رگێڕانی دووباره‌ی بابه‌ته‌که بۆ سه‌ر زمانی کوردی به‌هۆی قه‌باره‌ی زۆر و هه‌روه‌ها شێوه‌ی ته‌رجه‌مه ئینگلیزییه‌که‌وه، بۆ من گونجاو نه‌بوو — وه‌رگێڕی کوردی ڕۆژنامه‌که بۆ سه‌ر ئینگلیزی زۆر ده‌ست ڕه‌نگین نه‌بوه و کاره‌که‌ی هه‌ڵه‌ی زۆری تێکه‌وتووه. له‌جیاتی ته‌رجه‌مه‌ی هه‌موو بابه‌ته‌که، من عینوانی وتاره‌کان لێره‌دا ڕاده‌گه‌یێنم]

١) کوردستان: ئۆرگانی حزبی دیموکرات: با حزبه‌که‌مان له‌سه‌ر بنه‌مای برایه‌تی به‌هێزبکه‌ین. بۆ پێشه‌وه بۆ دامه‌زرانی دیموکراسی و ده‌وڵه‌تی کوردستان، ژماره یه‌که‌م: ساڵی دووهه‌م یه‌کشه‌ممه ١٥ی ئوردیبه‌هیشتی ١٣٣٣ ( ٥ی مه‌ی ١٩٥٤) سه‌روتار، به‌ره‌و ڕووناکی، گه‌لانی ئێران هه‌میشه له‌پێناو مافی خۆیان بۆ میللیکردنی سه‌نعه‌تی نه‌وت خه‌بات ده‌که‌ن: دۆستایه‌تی نه‌پساوه‌ی نێوان گه‌لی کوردستان‌و ئازه‌ربایجان ڕۆژبه‌ڕۆژ

نزیکتر و خـوردتر دەبێـت: سـەرکەوتوو بێـت ڕۆژی یەکـەمی مـانگی مـەی (ئەیار)- جەژنی جیهانی گوندنشینان [؟]،

٢) کوردسـتان، ئۆرگـانی حزبـی دیمـوکراتی کوردسـتان. بـۆ پێـشەوە بەرەو دامـەزرادنی دیموکراسـیو حکوومـەتی ڕەگەزایـەتی [ نەتەوایـەتی]، دروشم: لەڕێگای برایەتیەوە سەربەخۆیی خۆتان دژ بە ئیمپریالیزم بـەهێز بکەن. ژمارە ٢- خولی دووهەم یەکشەممە ١٩ی خـوردادی ١٣٣٣ [ = ٩ی جـوونی ١٩٥٤]، مــەجلیس بــەهۆی دەنگــی بــڕوادان بــە حکوومــەتی (زاهیـدی)یـەوە سروشـتی خـۆی نیـشان دا. بـۆ پێـشەوە بـۆ گەیـشتن بـە خواستی گەلی ئێران، ژیانی ناتەواویەتی، بیرەوەری ڕۆژی پـڕ لـە شـانازی سەرکەوتن بەسەر فاشـیزمدا: دۆسـتایەتی بـەکگرتوو دژ بـە ئـەمپریالیزم: ڕێگای ئێمە بەرەو سەرفرازی، ڕەگەزی کورد شانازی بایەخداری بەجێماو لە شەهیدەکان دەپارێزێت: داهاتی ڕۆژێك: سروودی ڕەگەزی کورد:

**ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زبان**
**نایشـــــــکێنێ دانـــەیی تۆپی زەمـــان**
**لاوی کورد هەســتایە سەرپێ وەك دلێر**
**تا بەخوێن نەخشی بکا تاجی ژیان، هتد،**

هەواڵەکان: مەسرەفی مانەوەی شەوێکی کوڕی ڕەزاخان [ی پەهلەوی] لە مەهاباد زیاد لە ٣ هەزار تمەن بووە کە لە بودجەی فەرمانداری دراوە و ئەویش لە گیرفانی خەڵکی ئاسایی دەرهـاتوە: ڕۆژنامـەو رادیۆکـانی شـەو ڕۆژ خەریکی هەڵکوتنن بە باڵای کوڕی ڕەزاخان بۆ ئەو سەفەرەی واکردی بـۆ ئازەربایجـان و وای دادەنـێن کـە ئوسـتانەکەی زینـدوو کردۆتـەوەو بەختەوەری بۆ هێناوە.

**باڵوێزخانەی بریتانیا،**
**ئانکار، ١٢ی نۆڤامبری ١٩٥٥**
**بۆ بەشی رۆژهەڵاتی وەزارەتی دەرەوە،**
**لەندەن s.w.1**

دائیرەی بەڕێز،

تکایە بگەڕێنەوە سەر نامەی ١٠٣١٣/٥/٥٥ی ٩ی ئۆگوستی من، واتە EP.10344/4 سەبارەت بە وتووێژی تورکیا و ئێران سەبارەت بە سنوورەکانیان:

٢) ئێمە ئێستا نوسخەیەکی رەشنووسی پەیمانەکەمان بە زمانی تورکی دەست کەتووە کە رۆژی ١٢ی سپتەمبردا لە ورمێ ئیمزاکراوەو ئەو بڕیارانەی گرتۆتەبەر کە لەماوەی وتووێژەکاندا دراون. پەیمانەکە، ئەوەندی تورکیا بگرێتەوە، دوای پەسندکران لە شۆرای وەزیراندا بەڕێوە دەبرێت و وێناچێ پێش پەسەندکردن، ئاڵوگۆڕی تێدا بدرێت.

٣) ئەوانەی خوارەوە خاڵە سەرەکیەکانی [پەیمانەکە]ن،

I- بۆ بەهێزکردنی ئاسایشی سەر سنوور بەهۆی باشترکردنی پێوەند، چەککردنی سنوورنشینەکان و هاوکاریی نزیك لەنێوان هەردوولاوە، هەنگاو هەڵدەگیرێت،

II- کاری هاوبەش دەکرێت بۆ بەرگریکردن لە رووداوی سەرسنور، ئەویش لەرێگەی چاوەدێری نزیکتری شوان وگاڕان و... تاد، کە سنوورەکان دەبەزێنن. هەنگاوی هاوبەش دژ بە پروپاگەندەی زیانبەخش

بۆ حکوومەتی هەردوولا هەڵدەهێنرێتەوە، بەتایبەتی دژ بە هەنگاوی کۆمۆنیستی لە ناوچە سەرسنوورییەکان،

III– حکوومەتی تورکیا، خەڵکانی پەنابەر یا هەڵاتووی ئێرانی دەداتەوە بە ئێران.

٤) کورتەی ئاکامەکانی ئەم وتووێژە دوای گەڕانەوەی وەفدی تورک، لە ڕۆژنامەکانی تورکیادا بڵاوکرایەوە، بەڵام دەقی پەیمانەکە بڵاونەبوەوە. ئەگەر پێویست بێت، دەتوانین تەرجەمەی سەرجەمی پەیمانەکە ئامادە بکەین، بەڵام لامان وایە لەلایەن تارانەوە گەیشتبێتە دەستتان.

**بەشی سیاسی**

بنکەی ژین
www.zheen.org

**FO371/120749/377**

**١٨٢٢/٢/٥٦ نهێنی**

**باڵوێزخانەی بریتانیا ـ تاران**

**١٤ی ئاپریلی ١٩٥٦**

دیپارتمانی بەڕێز،

ئێمە لەلایەن ڕێکخراوەیەك بەناوی "وەفدی کورد"، لە ژمارە١٣ی شەقامی **Humblot**، پاریسی١٥، نوسخەی یادداشتێکمان پێگەیشتووە کە ڕووی لە سکرتێری نەتەوە یەکگرتووەکانەو تیایدا بەنیسبەت هەنگاوی ئەم دواییەی ئەرتەشی ئێران دژ بە هۆزەکانی جوانڕۆوە، ناڕەزایی دەربڕاوە. ئێمە کۆپی یادداشتەکایان بۆ دەنێرین. ئەو نامەیەی بۆتان دەنێردرێ لەلایەن کەسێکەوە ئیمزا کراوە کە وێدەچێ ناوی دکتور کەممان [کامەران] عالی بەدرخان بێت، مۆرێکیشی پێوە دراوە کە دەریدەخات ڕێکخراوەکە ساڵی١٩٤٨ لە پاریس دامەزرابێت.

٢) ئێمە هیچ شتێکی دیکە لەمەڕ ڕێکخراوەکە نازانین، بەڵام نیشانەیەکی کەم لە یاداشتەکەدا هەیە کە بکرێ وەك تاکتیکی"بەرەی کۆمۆنیستی" تەفسیر بکرێ. ئێمە سوپاستان دەکەین ئەگەر ئێوە یان باڵوێزخانەکانی پاریس، ئانکاراو بەغدا کە نوسخەی ئەم نامەیەو پاشکۆیەکەی بۆ ئەوانیش دەنێرین، هەرچەشنە زانیارییەکان لەمەڕ ڕێکخراوەکە هەبێت، لە داهاتوودا ئاگادارمان بکەن.

**دۆستی هەمیشەیتان**

**باڵوێزخانە**

**بۆ بەشی ڕۆژهەڵات، وەزارەتی دەرەوە، لە لەندەن S.W.I**

www.zheen.org

**FO371/120749/377**
**EP 1821/2**
**نهێنی**
**وەزارەتی دەرەوە**
**٢٥ی ئاپریلی ١٩٥٦**

١) باڵوێزخانەی بەڕێز، نامەی ژمارە ١٨٢٢/٢/٥٦ی ڕۆژی ١٤ی ئاپریلی ئێوە سەبارەت بە"وەفدی کورد" گەیشت.

٢) ئێمەش نوسخەیەکی یادداشتی ئەو ڕێکخراوەیە بۆ سکرتێری نەتەوە یەکگرتوەکانمان پێگەیشتووەو، من بۆم دەرکەوت لە ساڵی ١٩٤٩دا بۆ نوێنەرانمان لە شورای ئەوروپاو لە١٩٥٠دا، بۆ وەزیری ئەودەمی کاروباری دەرەوەو لە هەمان ساڵدا بۆ نوێنەرایەتیمان لە نیۆیۆرك هیچکام لەو نامانەش بە ئێمە ڕانەگەیێندراوە.

٣) ناوی تەواوی ئەو کەسەی وانامەکەی ئیمزا کردووە،"کاموران عالی بەدرخان"ـە. ئێمە سەبارەت بەو یان "نورالدین زوزور"ـ کە ئەویش نامەی نوێنەرایەتییەکەی ئیمزا کردووە یان"شەریف پاشا" ـ کە گومان دەکرێت یادداشتی ساڵی ١٩٤٨ی نووسیبێ، هیچ نازانین جگە لەوەی وەك "کوردێکی پیر لە شاری ڕۆما دەژی"و هەروا‌ش دەناسێندرێ.

٤) ڕاگەیاندنەکانی"وەفد"وا دیارە عادەتەن باسی ڕەفتاری ناشایستی حکومەتی تورکیا، عیراقو ئێرانو کردەوەی چەوتی بریتانیا ـ بە شێوازێکی دوور لە بێئیحترامیی دەکەن. بەڵام هیچ لایەنگرییەکی یەکێتی سۆڤیەتیان تێدا بەرچاو ناکەوێ.

٥) نوسخەی ئەم نامەیە بۆ باڵوێزخانەی پاریس، ئانکاراو بەغدا دەنێرین.

**دۆستداری هەمیشەییتان**

**دیپارتمانی ڕۆژهەڵات**

*[نورالدین زازا ـ وەرگێڕ]

www.zheen.org

**FO371/120749/377**
**۱۰۲٦/۷/٥٦ نهێنی**
**باڵوێزخانەی بریتانیا- ئانکارا**
**دووهەمی مەی ۱۹٥٦**

دیپارتمانی بەڕێز،

۱) تکایە بگەڕێنەوە سەر نامەی ژمارە ۱۸۲۲/۲/٥٦ی باڵوێزخانەی تاران - ڕۆژی چواردەهەمی ئاپڕیل سەبارەت بە یادداشتی"وەفدی کورد" بۆ نەتەوە یەکگرتوەکان.

۲) نووسەری ئەو نامەیەی لەگەڵیدا بوو و لە پاراگرافی ۱دا ئاماژەی پێکراوە (هەروەها بۆی هەیە نووسەری یادداشتەکەش بێت)، دەبێ دکتور کامەران عالی بەدرخان بێت، کە نەوەی بەدرخانی ناودارەو میری سەربەخۆی کوردستانی ژێر دەسەلاتی تورك لە سەدەی نۆزدەهەم بوە، هەروەها بەرپرسیارێتی گەلێك کوشتاری ئاشورییەکانی لەئەستۆ بووە. ناوبراو، سەربەخۆییەکەی لەلایەن حکوومەتی عوسمانییەوە بە ڕەسمی ناسراوە.

۳) دکتور کامەران، بۆ ساڵانێکی زۆر لە پاریس ژیاوەو لەوێوە"مەڵبەندی ڕۆشنبیریو نەتەوایەتی کورد"ی بەڕێوە بردووە. یەکێك لە ئامانجە سەرەکییەکانی ناوبراو، گۆڕینی پیتی کوردی بووە بۆ ئەلفوبێی ئەورووپیو چاپکردنی فۆلکلۆرو داستانی سوننەتیی کوردی بەو ئەلفوبێیە. براکەی - واتە جەلادەت عالی هەمان کاری لە دیمەشق دەکر

پێش ئەوەی لە ساڵی١٩٥٠دا بمرێ. لە سییەکانو سەرەتای چلەکاندا بۆ هەمان ئامانج گۆڤارێکیان بەناوی"هاوار"ەوە بڵاودەکردەوە. هەردوو برا، توانایی رۆشنبیرییان هەبوو بە سروشت فێڵباز بوون.

٤) ئێمە لامان وانییە پێویست بێت"وەفدی کورد"زۆر جیدی وەربگرین، بەڵام باش وایە نوسخەی ئەم نامەیە، هاوڕێ لەگەڵ نوسخەی نامەی باڵوێزخانەی تاران ـ بەبێ یادداشتەکە، بنێردرێ بۆ باڵوێزخانەی دیمەشق ـ کە دەبێ ئاگاداریی لەمەڕ بەدرخانییەکانو پێشینەیان هەبێت.

٥) نوسخەی ئەم نامەیە، دەنێرین بۆ باڵوێزخانەکانی پاریس، ئانکاراو تاران.

**دۆستداری هەمیشەییتان**

**باڵوێزخانە**

**بۆ: دیپارتمانی رۆژهەڵات،**

**وەزارتی دەرەوە، لەندەن.**

بنکەی ژین
www.zheen.org

**FO371/120749/377**
**1825/2/56 نهێنی**
**باڵوێزخانەی بریتانیا-دیمەشق**
**حەوتەمی مەی ١٩٥٦**

دیپارتمانی بەڕێز

جەلادەت بەدرخانی کۆچکردوو ــ کە نامەی ژمارە ٥٦ /١٠٢٦/٧ی دووهەمی مایسی [باڵوێزخانەی] بەغدا لەسەر یادداشتی وەفدی کورد بۆ سکرتێری نەتەوە یەکگرتوەکان، باسی ئەو دەکات، لەماوەی شەڕی دووهەمی جیهانیدا– ئەوکاتەی وا لەنزیکەوە هاوکاریی کۆلۆنیل " W. Eiphinstone"ی دەکرد کە لێرە لە[دیمەشق] دەفتەرێکی موخابەراتی لەژێر چاوەدێریی دەفتەری ناوەندیی قاهیرەدا بەڕێوەدەبرد و Lord Moyneی ئێستا، ئەندامێکی دەفتەرەکە بوو، بۆ ئێمە بەباشی ناسراوە، ئەو [لۆرد مۆین]، کامەران بەگ بەباشی دەناسێ.

بنەماڵەی بەدرخان ــ کە پشتاو پشت، سەرەك هۆزی کوردانی بۆتان لە"جزیرە" بوون، شوێنێکی هەمیشەییان لەسەر ژمارەیەکی زۆری دراوسێکانیان هەیەو جەلادەت بەگ، وەك ڕێبەرێکی کوردی سووریا هەمیشە بەرهەڵستی کوردی سووریا بووە لەوەیدا وەك کەمایەسی چاو لە خۆیان بکەن.

٢) ناوبراو، بۆچەندان ساڵ لەسەر فەرهەنگێکی کوردی ــ ئینگلیزی کاری کردووە*، کە نەیتوانی پێش مردنی کۆتایی پێبێنێ. خێزانی . نیگەران بوو نەتوانێ کتێبەکە چاپ بکات. دەستنووسی پێنج پیتی

یەکەمی فەرهەنگەکە، لەلایەن ئەفسەری موخابەراتی ئێمەوە نێردراوە بۆ "قوتابخانەی تۆژینەوە رۆژهەڵاتییەکان" بەڵام تائێستا بڕیاری چاپکردنیان نەداوە. فەرهەنگەکە، بەپیتی لاتینی پێکهاتووەو کورد لێرە، وەك سیستەمێکی ئەلفوبێ چاوی لێدەکەن، کە باشترە لەو سیستەمەی وا ئێستا لەلایەن رووسەکانەوە پێکهاتووەو دەزانین بۆ ئامانجی بەرفراونکردنی پڕوپاگەندەی خۆیان لە باکووری عیراقو ئازەربایجانی ئێران بە توندوتیژی کاری لەسەر دەکەن.

٣) گۆڤارە کوردییەکەی جەلادەت بەگ ـــ واتە "هاوار" ماوەیەك لەمەوپێش لەسووریا وەستێندرا. گۆڤارەکە، لایەنگری رۆژئاواو دژ بە کۆمۆنیستەکان بوو. ئەگەر براکەی ئێستاش گۆڤارێکی ئەوتۆ بڵاودەکاتەوە، ئێمە لامان وایە بایەخی پشتگرتنی هەبێت. گۆڤارەکە ئەگەر یارمەتی بدرێت، وا هەیە بکەوێتە خزمەتی بەرگریکردن لە پڕوپاگەندەی رووسەکان لەنێو کورددا.

ئێمە نوسخەی ئەم نامەیە بۆ باڵوێزخانەکانی بەغدا، ئانکارا، پاریسو تاران دەنێرین.

**دۆستداری هەمیشەیتان باڵوێزخانە**

بنکەی ژین
www.zheen.org

[* من دوای خوێندنەوەی ئەو هەواڵەی سەرەوە لە ساڵی١٩٩٩دا پێوەندم بە کتێبخانەی "مەدرەسەی تۆیژینەوە رۆژهەڵاتیو ئەفەریقیەکان"ی سەر بە زانستگەی لەندەن کردو، کاتێ راستەوخۆ شوێنی دەستنووسە قامووسەکەم بۆ هەڵنەگیرا، چەند نامەم لەگەڵ بەرپرسی کتێبخانەکە گۆڕییەوە، دوا وەڵامم ئەوەبوو کە ئەو

دەستنووسە یا نەگەیشتۆتە دەست ئێمە یاخود کاتی خۆی دراوە بـە کەسـایەتیەکی ئاکادێمی بۆ سەیرکردنو ئیتر نەگەڕاوەتەوە. بەم پێیە، دەبـێ چـاوەڕوانو هیـوادار بین، زەمانێك ئەو دەستنووسە لە شوێنێك سەرهەڵبدات، دەنا ئێستا هیچ هـەواڵێکی لـێ نازانرێت. وەرگێڕ.]

بنکەی ژین
www.zheen.org

**FO371/120749/373**
**1822/7/56 نهێنی**
**باڵوێزخانەی بریتانیا- ئانکارا**
**١٨ی مەی ١٩٥٦**

دیپارتمانی بەڕێز،

تکایە بگەڕێنەوە سەر نامەی باڵوێزخانەی تاران 1822/2/56 —١٤ی ئاپریلو ئەو نامانەی وا سەبارەت بە وەفدی کورد بەدوایدا هاتوون.

٢) ئێمە تەنیا دەتوانین شتێکی کەم لە تەفسیری ئێوەو ئەوانەی وا باڵوێزخانەی دیمەشقو بەغدا لەسەر مەسەلەیان نووسیوە، زیاد بکەین.

٣) لە ١٩٤٨تا ١٩٥٠، ئێمە نوسخەی راستەوخۆی Bulletin mensuel de Cantre des Etudes kurdes مان پێگەیشتووە. ناوەندەکە وادیارە لەژێر بەڕێوەبەرایەتی دکتۆر کامەران عالی بەدرخاندا بووبێت. بوڵتنەکە بەتوندی نەتەوەپەرستانە بوو، گەرچی بەشێوەیەکی بەرچاو لایەنگریی سۆڤیەتی نەدەکرد، بەڵام هەندێ لەو کەسانەی هاوکاری دەرچوونیان دەکرد، پێوەندییان بەباڵی چەپەوە هەبوو.

٤) ئێمە هەروەها زانیومانە دکتۆر کامەران عالی بەدرخان، لە ساڵی ١٩٥٣دا لە پاریس، پێوەندیی لەگەڵ "ئەسلان هومبەرچی" کۆمۆنیستی تورکدا هەبووبێتو ئەو راپۆرتێکی دابوویە کە گومان دەکرا لە کوردستانی تورکیاوە هاتبێو تیایدا دژایەتییەکی یەکجار توندوتیژی تورکان لە مەسەلەی بارودۆخی کوردو حکوومەتی کورددا دەکرا.

٥) ئێمە هیچ هەواڵێکی تازەمان لەسەر مەسەلەکە نییە.

٦) نوسخەیەکی دیکەی ئەم نامەیەتان بۆ دەنێرینو چەند نوسخەیەکیش بۆ باڵۆێزخانەی تارانو دیمەشقو بەغدا رەوانە دەکەین .

**دۆستداری هەمیشەییتان**

**باڵۆێزخانە**

**بۆ: دیپارتمانی رۆژهەڵات، وەزارەتی دەرەوە،**

**لەندەن S.W.I**

بنکەی ژین
www.zheen.org

**FO371/120749/377**

**بۆ بەشی رۆژهەڵات [لە وەزارەتی دەرەوە]**

**٢٢ی مەی ١٩٥٦**

تەحسین موحەممەد ئەمین، کوڕی سەرۆکی هـۆزی کـوردی هـەورامان، کـە ئەودەمـەی لـە بەغـدا بـووم دەهاتـە چاوپێکەوتنم، ئـەمڕۆ هاتـە لام. ناوبراو قوتابی زانکۆی ئابوورییە لە لەنـدەن‌و پـەیامێکی لەلایـەن تـەوفیق بەگ، باوکییەوە بۆ هێنام، کە ئێستا لـە چیاکانی کوردسـتانە لـە دیـوی ئێران‌و سەر سنوور، واتە رووبەڕووی هەڵەبجە. ئەوەش لەبەر ئـەو هۆیـەی کە لەم هەفتانەی دواییدا، دەسەڵاتدارێتی ئێران ناوچەی هۆزەکەی ئـەوی خستۆتە بەرترس‌و هەراس.

کوڕەکـەی دیکـەی، کـە ئەفـسەرێکی سـوپای عیراقـە، داوای لـە موتەسەریفی پارێزگای سلێمانی کردووە ئایا باوکی‌و پاشماوەی هۆزەکـە، دەتـوانن لـە عـیراق پـەنا بخـوازن. موتەسـەریف وەڵامـی داوەتـەوە لەبەرئـەوەی ئێـران‌و عـیراق هـەردوولا ئەنـدامی "پـەیمانی بەغـداد"ن، نابەجێیـە ئەگـەر یـەکیان پـەنای هـەڵاتووی لایەکـەی تـر بـدات. پیـاوانی هـەورامان‌و هـۆزی جـوانڕۆی دراوسـێیان ئێـستاماڵیـان بەجێهێـشتووەو چوونەتە شاخ.

بەڵام لەبەر ئەوەی هەردوولایان لەم دواییەدا لەلایـەن دەسـەڵاتداریەتی ئێرانەوە چەك کراون (هۆزی هەورامان ئەم کارەی بەشێوەی ئاشتیخوازانە کـردووە)، تـەنیا ٢٠٠ تفـەنگیان هـەبوە، تـەوفیق بـەگ هیـوادار بـووە کـە

حکوومەتی بریتانیا بتوانێ زەخت بخاتە سەر حکوومەتی ئێران بۆ ئەوەی ئـەو تـرس‌و هەڕەشـەیەیان لەسـەر لاببـات. تـەوفیق بـەگ داواکارییـەکی تەقدیمی "نەتەوە یەکگرتوەکان" کردووە (وا هەیە لیژنـەی مـافی مرۆڤـی مەنزوور بێت)، مەگەر بارودۆخ لە دادێی نزیکدا بەرەو باشتربوون بڕوات.

تەحسین موحەمەد ئەمین گوتی زەمینەی موشکیلەی ئێستا ئەوە بـوو کە هەورامانییەکان بەتوندی دژی رژێمی "موسـەددیق" بـوون. ژمارەیـەك لە ئەفسەرانی سوپای ئێران لە ناوچەکە لایەنگریی موسەددیقیان کردووەو ئێستاش ئەو دەرفەتە دەقۆزنەوە بۆ تۆڵەکردنـەوە، بەتایبـەت ئێـستا کـە عەشیرەتەکان چەك کراون.

مـن گـوتم کـە حکوومـەتی بریتانیـا لـە کێشەیەکی ئـەوتۆدا هەڵوێـست ناگرێـت‌و باشـتر وایـە خـەڵکی شـوێنەکە بڕیـاری لەسـەر بـدەن. بـۆ مـن وادەرکەوت کە ئەو سەخڵەتیەی تووشـی هـۆزی بـاوکی هـاتووە، وا هەیـە زیـاتر لـە بەرپرسـیایەتی هەنـدێ لـە کاربەدەسـتانی ناوچـەکە بێـت تـا حکوومەتی ناوەندی لە تاران.

**د.ج.د. مەیت لاند*.**

*D.G.D Maitland.

بنکەی ژین
www.zheen.org

**FO371/120749/377**

**باڵوێزخانەی بریتانیا لەتاران**

**بۆ بەشی ڕۆژهەڵات لە وەزارەتی دەرەوە**

**٢٣ی مەی ١٩٥٦**

دائیرەی بەڕێز،

تکایە بگەڕێنەوە سەر نامەی باڵوێزخانەی (بریتانیا) لە دیمەشق کە بەژمارەی 1825/2/56 لە حەوتەمی مەیدا بۆ خۆتانی ناردبوو و، تێیدا گوتبووی نرخی ئەوەی هەیە هانی دەرچوونی گۆڤارێکی کوردی لە پاریسو لەلایەن دکتۆر کامەران عالی بەدرخان ـــ برای جەلادەت بەدر خانی کۆچکردوو، ئەگەر تائێستا مابێت، بدرێت.

٢) بەهۆی ئەو ڕاستییەوە کە لە نامەی ژمارە EP182/2ی ١٥ی ئاپریلدا (کە کۆپیەکەی بۆ دیمەشق نەنێراوە)، بڵاوکراوەکانی "وەفدی کورد"ی دکتۆر کامەران عالی بەدرخان خەریکن حکوومەتی ئێرانو عیراقو تورکیا بەخراپ دادەنێنو، گریمانی ئێمەیە ئێوەش لەگەڵماندابن، کە سەرەڕای سروشتی دژ بە کۆمۆنیسمی ئەوان، بۆ کارێکی بەرێوجێ نابێت ئەگەر پشتیان بگرین.

٣) نوسخەی نامەکە بۆ باڵوێزخانەی [بریتانیا لە] پاریس، ئانکارا، بەغداو دیمەشق دەنێرین.

**باڵوێزخانە.**

**FO371/120749/377**

**تەنگوچەڵەمەی هەورامانو جوانڕۆ**

**٥ی جوونی ١٩٥٦**

[لەتارانەوە بۆ بەشی رۆژهەڵات لە وەزارەتی دەرەوە، لەندەن]

تکایە سەیری یادداشتی رۆژی ٢٢ی مەی من بکەن.

تەحسین موحەممەد ئەمین ئەم بەیانیە بە تەلەفۆن پێی گوتم هەر ئێستا نامەیەکی لەباوکییەوە گەیشتۆتە دەست کە تەئریخی ٢٦ی مەی بەسەرەوەیە. باوکی گوتوویە گەڕاوەتەوە سەر شوێنی سەرەکی خۆیو سێ یان چوار رۆژی تر بۆ وتووێژ لەگەڵ دەولەت، دەچێ بۆ تاران. دیارە بۆ ئەو، کارێکی بەرێوجێ نەبوو تەلەفۆن بۆ باڵوێزخانەی بریتانیا بکات، بەڵام ئەو هیوادار بوو کە باڵوێزخانە دەتوانێ بەشێوەی گونجاو یارمەتی ئەوەیان بدات کە بە پێکهاتنێکی رەزامەندانە بگەن.

تەحسین موحەممەد ئەمین هەروەها بیستبووی کە هەندێ بەگزادەی جوانڕۆش گەڕاونەتەوە ناو گوندەکانیانو خەریکن خۆ ئامادە دەکەن کە بۆ وتووێژ بچن بۆ کرماشان.

واهەیە ئێوە ئەو شتانەتان پێشتر بیستبێ.

**د.ج.د.مەیت لاند**

بنکەی ژین
www.zheen.org

**FO371/1207/377**
**باڵوێزخانەی بریتانیا، پاریس بۆ باڵوێزخانەی بریتانیا لە تاران**
**٢٥ی جولای ١٩٥٦**

باڵوێزخانەی بەرێز،

بەداخەوەین بۆ ئەوەی ماوەیەکی درێژی کێشا بۆ ئەوەی بۆچوونی خۆمان لەسەر نامەی ژمارە 1822/2/56–١٤ی ئاپریلی ئێوە سەبارەت بە "وەفدی کورد" لە پاریس بنووسین.

٢) واهەیە پێتان باش بێت چاوتان بەیادداشتی پاشکۆی ئەم نامەیە بکەوێت کە دەسەڵاتدارێتی ئاسایشی فەرەنسی نووسیویە.

٣) ئێمە خۆمان، زۆرکەم سەبارەت بە بەدرخان (کە مامۆستای قوتابخانەی زمانە رۆژهەڵاتییەکانە)، دەزانین تەنیا ئەوە نەبێت کە دوای ساڵی ١٩٥٤ پێوەندییەکی زۆری لەگەڵ سکرتێری باڵوێزخانەی بولغاریا لە پاریس هەبوە. هەرچۆنێك بێت، ئێمە گومانمان لەوەدایە خۆی یاتاقمەکەی ـ لەبنەڕەتدا کۆمۆنیست بن و لە ساڵی ١٩٥٠دا لایەنگرییەکی بێڕیای کۆمۆنیستەکانیان کردبێت، ئاواتی سەرەکییان بەئاشکرا ناسیۆلیسمی کوردییە.

٤) ئێمە نوسخەی ئەم نامەیەو پاشکۆکانی دەنێرین بۆ دیپارتمانی رۆژهەڵاتو باڵوێزخانەی بەغداو دیمەشق.

**باڵوێزخانە**

**FO371/120749/377**

**کوردستانی ئێران**

**سپتەمبری ١٩٥٦**

کوردستانی ئێران، بە واتا جوگرافییەکەی، لە چەند ناوچە پێك هاتووە: ناوچەی کرماشانو کەلهوڕو گۆران لە باشوور، بەشی ڕۆژهەڵاتو ناوەندی بە چیای پێچاوپێچەوە، کە سنووری لای ڕۆژهەڵاتی هەمەدانو بیجاڕەو قوروەو سنەو دیواندەرەو بۆکان دەگرێتە بەرو مێرگەڵانی چیایی گەڵباخیش، میاندواو لەلای باشووری ڕۆژهەڵاتی گۆلی ورمێ، مەهاباد لە بەشی باشووری گۆلی ورمێو سنووری ڕۆژئاواو باکووری ڕۆژئاوای بریتین لە یاکانی کوردستانی عیراقو تورکیا، ناوچەی نزمو دارستانیو چیایی سەردەشت، بانەو مەریوان، کە لێرەو لەوێ دۆڵی پڕ بەرەکەتیان هەتا باکووری ڕۆژئاوای سنە کشاوە، هەروەها ژاوەرۆو هەورامان بە چیای سەختو دۆڵی قووڵیانەوە تا باشووری مەریوان.

میاندواو، هەورامانو کرماشان لەم ڕاپۆرتە باسیان لێوە نەکراوە، مەگەر ئاماژەی تایبەتیان پێ کرابێت. لەبارەی بەڕێوەبەرایەتی ئیدارییەوە، وشەی کوردستان تەنیا ناوچەی سنە دەگرێتەوە. ئەو ناوچەیە"فەرماندارییەکی کل"ی سەربەخۆ پێك ـ دێنێت کە"سنندج" واجاران بە"سنە"ناوی دەبرا، پێتەختیەتی.

مەهابادو میاندواو لەژێر حوکمی ئوستانی ئازەربایجاندان. لەم ڕاپۆرتەدا، کوردستان بەواتای جوگرافیاییەکەی سەیر کراوە.

روخساری زۆر سەرنج راکێشی ناوچەکە هەمووی‌و، بەتایبەت بەشی رۆژهەلاتو ناوەندی، دواکەوتوویی ئاشکرایەتی دیمەکار، زۆرترین بەشی کشتوکاڵ پێك دەهێنێ. گەنمو دانەوێڵە لە هەموو شوێنێك دەچێنرێت‌و، هۆیەکی کەم هەیە بۆ ئەوەی کە بۆچی دەشتو بەرزاییەکان لە بەشی رۆژهەلاتو ناوەند، لەجیاتی پەڵەی بچووکی زەوی کە ئێستا لەنزیك شارو گوندەکان دەکێڵرێن، زەوی گەورەی بەربڵاو دانەوێڵە ناچێنرێت.

لە دۆڵەکان‌و ئەو شوێنانەی وا ئاویان لێ‌دەست دەکەوێت، تووتن (بەتایبەت لە مەریوان)، برنج (بەتایبەت لە ناوچەی میاندواو)، هەرزن، وێنجەو دانەوێڵە شین دەبن‌و، لە دەوروبەری میاندواو و بۆکانیش چەوەندەر دەچێنرێت. دار، بەشێوەیەکی بەرچاو کەمە، تەنانەت لەو شوێنانەش کە ئاوو هەندێك باخیش هەن، میاندواو لەم حیسابە جیاواز دەکرێتەوە، شارەکە، بە دارو باغ‌و رەز دەور دراوە. لە مەریوان سەرەڕای ئەوەی گۆلێکی سەرنج راکێش بە قامیشەلانی بەرفراوانەوە لەنزیك شار هەیە، ئاو بۆ ئاوداشتن کەمە. لە بەشی بێ‌دارو درەختی شیوو داوێنی کێوەکان، خەریکی بەخێوکردنی هەندێ دارمێوی دێمەکارن. سەروەتی سەرەکی ناوچەی بانەو مەریوان لە کشتوکاڵ پەیدا نابێت، بەڵکوو لە داری دارستانەکان، بەتایبەت هەموو چەشنە داربەڕوویەك کە نەوعێکی تایبەتیان واتە مازووج (مازوو) بۆ رەنگکردن کەڵکی لێ وەردەگیرێت.

شێوەی ئاسایی بریتیە لەوەی خاوەن زەوی بەشێك لە دارستان بە ئیجارە دەدات بۆ ئەوەی بەرهەمی مازوەکەی کۆبکرێتەوە، یاخود بۆ

بڕینی دار بدرێت به وەرزێران. بڕینی بێسەروبەری دار بۆتە هۆی رووتانەوەی دارستانەکان. چەند ساڵ پێش ئێستا، یاسایەك پەسند کرا، کە بەگوێرەی یاساکە، خاوەن زەویو وەرزێر مافی بڕینی دار یا کەڵك وەرگرتن لە دارو کۆکردنەوەی بنێشتەتاڵو بەرهەمی دیکەیان نییە، مەگەر لە ناوچەیەکی ١٥٠٠ مەتری دەوری ملکی خۆیان، لە دەرەوەی ئەم ناوچەیە دەبێ داوای ئیجارە پێشکەش بە"دائیرەی جەنگەڵبانی" بکەن. دائیرەی جەنگەڵبانی کارمەندێکی لە سنە هەیەو هیچ کەسی دیکەی لە دەرەوەی سنەدا نییە، یاساکەش تائێستا بەڕێوەنەبراوە. یەك لەو کۆسپانەی کە لەسەر رێگەی بەڕێوەبەرانی یاساکەن، ئەوەیە کە کاربەدەستانی دەوڵەت وەك خەڵکی تر، لەو کەڵك وەرگرتنە بێیاسایەی دارستان سوود دەبینن.

ناوچەکە، مەڕو بزنو یەکسمی زۆری هەیە. مەڕ لە زۆر حاڵەتدا، بەباشی رادەگیرێت، لە زستاندا بە گیای وشكو دانەوێڵە بەخێویان دەکەن (کە ئەو گیایانە زۆر واهەیە وێنجە نەبن). بنج (ی گیا) کەڵکی لێ وەرناگیرێت. لەو ناوچانەی واساردترن، مەڕ لە شوێنی قەرەباڵغی ژێر زەوی رادەگیرێن کە پێی دەگوترێ"زاغە"و لەنزیك ماڵی وەرزێرەکە هەڵدەکۆڵرێت. مەڕێکی زۆر لەناوچەکەوە دەنێردرێتە دەرەوە[ی ناوچە]، لە گەلێك شوێندا، مەڕ بۆئەوەی بگەیێنرێتە شوێنی فرۆشتن، ماوەیەکی زۆر بەرێگادا دەبرێت ـ ئەوەش کارێکی نائابوورییە.

هەوڵی کەم بۆ باشکردنی دۆخی مەڕومالات دەدرێتو دەکرێ بڵێین پزیشکی ئاژەڵ هەرنییە. جاروبارە لەلایەن دائیرەی"دامپزشکی"یەوە

حەیوان دەکوتن یا دەرمانیان دەدەنێ، بەڵام ئەوەندە درەنگ بەدرەنگ دەیکەن کە کەڵکی نییە. قسەی ئەوە دەکرێت کە دەرمانەکان کۆن بنو لەگەڵ سروشتی حەیوانەکەدا یەك نەگرنەوە. بەپێچەوانەی مەڕ، یەکسم لە دۆخێکی خراپدا رادەگیرێت. لە ناوچەی بۆکان ـ میاندواو ـ مەهاباد، کەڵو گامێش وەك حەیوانی بارکێشو هەروەها بۆ شیرەمەنی کەڵکیان لێ وەردەگیرێت.

گوندەکان لە زۆر جێگا بچووكو دوور لەیەکن. دانیشتوانی گوند ژمارەیان لە٣٠ تا١٠٠ خێزانەو بەگوێرەی هەڵسەنگاندنی خەڵکی خۆجێیی، دووسەد خێزان دێیەکی گەورە پێك دەهێنن. خانووبەرە لە زۆربەی گوندەکان بەشێوەی دیار، لە ناوچەی مەریوان بارودۆخی خراپیان هەیە. لە هەندێ گوندی نزیك بانە، وێدەچێ،ماڵەکان لە شوێنەکانی تر قایمتر بن. گوندێکی کەم هەن کە ئیمکاناتی وەك حەمامیان هەبێت. ئاوی خواردنەوە هەندێ جار ناخاوێنە. نزیك بە هەموو گوندێك مزگەوتێکی هەیەو زۆربەیان"قسن"ێکیان لەناو گوندەکە یا دەرەوەی هەیە. لە هەموو ئەو گوندانەدا کە من سەردانم کردن، لای کەم رادیۆیەك هەبوو.

بنکەی ژین
www.zheen.org

خزمەتگوزاری ساغیەتی هەر بەگشتی وجوودی نییە. لە مەریوان دەرمانگایەکی"سازمانی شاهەنشاهی" (خدمات اجتماعی) هەریەکە دوکتۆری سەربازخانەی شارەکە پێیدا رادەگات. سەرەڕای بوونی لقی وەزارەتی ساغیەتی، ئەوە تاقە خزمەتگوزارییەکی ساغیەتی ناوچەکەیە. هەرچۆنێك بێت، هەندێ هەنگاو دژ بە مالاریا لە مەریوان هەڵێنراوە، کە

پێشتر مالاریای زۆری هەبوەو ئێستا لەوەدەچێ چ مالاریای نەمابێت، لە هەندێ گوندیش (د. د. ت)یان لە ماڵەکان داوە.

لە شارۆچکەکان قوتابخانەی سەرەتاییو هەندێ جار قوتابخانەی ناوەندی لە پلەی سێو چواردا بنیات نراوە. لە زۆربەی گوندەکاندا، مەلای گوندەکە دەرس بە منداڵان دەڵێتەوە. بەرنامەی ئەوە دانرابوو کە ئەو ساڵەکە لە هەندێ گوندی ملکی بنەماڵەی "سەنەندەجی"دا قوتابخانەی سەرەتایی بکرێتەوەو کۆرسێکی بارهێنانی مامۆستا لە سنە کرابوەوە. مامۆستاکان لە ناوچە دوورەکانەوە دەهێنرانو دوای فێربوون، دەگەڕانەوە گوندەکانیان بۆ ئەوەی قوتابخانە بکەنەوە. خزمەتگوزارییەکانی ئەسڵی چواری [ئەمریکا] نەگەیشتونەتە کوردستان.

کورد، بەگشتی، سوننەنو مەزهەبی شافیعییان هەیە، کوردی کەلهوڕی دەوروبەری کرماشان نەبێت کە شیعەن. گەورەترین پلەی ئایینی ناوچەکە، شێخ الاسلامە، کە روتبەی خۆی لە شا وەردەگرێت. شێخ الاسلامی ئێستا، بەشێکی ساڵ لە سنەو بەشێکی تری لە تاران کە لەوێ لە زانکۆی "اللهیات" دەرس دەڵێتەوە. دانانی "ئیمام جومعە"و" قازی" هەر لەلایەن شاوەیەو ئەگەر ئەو دایان نەنێت، رەسمییەتیان نابێت. هەرچۆنێك بێت، لە مەهاباد دوای ئەوەی بزووتنەوەی سەربەخۆیی کوردستان بە رێبەرایەتی قازی محەمەد لە ساڵی ١٩٤٧دا تێك شکێنرا، هیچ قازییەك تەعیین نەکراوەو ئەو ئەرکانەی وا قازی بەڕێوەیان دەبات، وەستێنراون. تەعیین نەبوونی قازی لەناو دانیشتواندا ناڕەزایی پێك

هێناوەو نیشانەی بێباوەڕیی حکوومەتە بە خەڵکی ناوچەکە. هیچ ئیمام جومعەیەکیش لە ناوچەی مەهاباد دانەنراوە، بەڵام خەڵك خۆیان بەکردەوە لە گوندو شارەکان ئیمام جومعەیان بۆ خۆیان دیاری کردووە.

زۆر تەریقەتی دەروێشی لە ناوچەکە هەن، کە گرنگترینیان قادریو نەقشبەندین، کە خەڵکی زۆریان بەدەورەوەنو کۆبوونەوەی بەبەرنامەیان لە سنەو مەهاباد هەیە. ئەندامیەتی تەنیا تایبەت بە دەروێشی "حیرفەیی" نییەو ئەندامانی ناپاڵوێرن لە هەموو چینێکی کۆمەڵگا دەبن بە دەروێش.

لە ناوچەکە، بەتایبەت لە ناوچەی گۆرانەکاندا خەڵك هەن کە لەسەر ڕێبازێکن کە ناوەندی شارەزوری عیراقە. چالاکی فیرقەی جۆربەجۆر ، گەرچی خوڕافات بڵاودەکەنەوەو بەهۆی نەزانییەوە برەو بە کاری بێئەخلاقی دەدەنو ئەوەش بۆتە هۆی بەرپەرچدانەوەیان، بەڵام واهەیە هەستێك لەناو لایەنگرەکانیاندا دروست بکات کە "کۆمەڵگا"یەکن کە لە بارودۆخی ئێستادا ناتوانن لە شوێنی دیکە پێکی بهێنن. [دەبێ نیاز لە خوشك و برایانی کاکەیی (علی اللهی) بێت. ئەو تۆمەتانەش بەداخەوە دەدرێتە پاڵ ئەوان و هەر ڕێبازێ یا ئایینێك کە هی کورد خۆی بێت و بۆ نموونە، ئایینی کۆنی ئێزەدی. وەرگێڕ]

ڕێگاوبانەکان خراپن. زۆربەی گوندەکان تەنیا بەهۆی ڕێگایەکی باریکەوە پێوەندیان بە شارەکانی ناوچە یاخود ڕێگا سەرەکییەکانەوە هەیە. ڕێگای سنە - مەریوانو هەروەها سەقز ــ بانە تەنیا بە جیپ یا لۆری دەتوانی پێدا بڕۆی. ئەوانو ڕێگەی نەغەدە - خانێش لە چەند مانگی

زستاندا دەبەسترێن. دوای ساڵی ١٩٤٩، کە من دواجار پێدا ڕۆیشتم، لەڕێگای سنە ـ سەقز دوو پرد لێدراوە. هێڵێکی درێژی جادەی تەواونەکراوم بینی کە بەڕواڵەت ئیتر ئیشی لەسەر ناکەن، بۆ پارێزگاریو راگرتنی جادەکان، کە هەر خۆیان لە بارودۆخێکی خراپدان، کارێکی ئەوتۆ ناکرێت، گەرچی زۆر خراپتر لە ڕێگاوبانی شوێنەکانی دیکەی ئێرانیش نین. هەندێ کاری ڕێگا دروستکردن لە باکووری بۆکانو لە بەشێکی کەمی نزیک مەریوان بەرچاو دەکەوێت، بەڵام ئەوەش دەگوترا کە بودجەکەی لەلایەن وەزارەتی ڕێگاوبانو کۆنتراتچیەکانەوە خوراوە ــ چاوڕاوێك کە بارودۆخی خراپی ڕێگاکان ئیحتیمالی راستبوونی گونجاو دەکەن.

شێوازی کشتوکاڵ لە هەموو ناوچەکە، دواکەوتوانەیەو چۆنیەتی کاری وەرزێرەکان، کاتێ بەراورد لەگەڵ ناوچەی ئیسفەهانو یەزد دەکرێت، نزمە. نیرو ئاموورى دارین، گا دەیکێشن، یاخود لە ناوچەی بۆکان ـ میاندواو ــ مەهاباد، بە کەڵ رادەکێشرێن. خاوەن زەوییەکی کەم هەن کە تراکتۆریان بێتو ئەگەر بیانبێت، کاری چاکردنەوە یاخود کەلوپەلی پێویست لە ناوچەکەدا نییە. حاسڵ بەدەست دەدروێتەوەو لە زۆر شوێنی ناوچەکە بە گا دەکوترێت. لە بۆکانو لای شوێن، گەلێك زیاد لە یەك خاوەنی هەیە. لەچاو پاشماوەی ئێران، ژمارەی ئەو خاوەن ملکانەی واخۆیان لەوێ ناژین، کەمە. باکووری، "کەڵو عەرابە" دەبینرێت. شیاکەی حەیوانات وەك سووتەمەنیو هەندێ جاریش وەك "کوود" بەکاردەهێنرێت، هەندێ گوندی ناوچەی بانە ئەم کارە ناکەن. حەیوان،

کا، واتە لاسکی وشکی دانەوێڵە دەخواتو لەم ڕێگایەوە "کوود" دەگاتە زەویەکە. ڕێژەی زۆر نییەو ئەوەش واهەیە بەهۆی بنەتۆوی خراپەوە بێت.

لە ساڵی ١٩٥٦دا کەموزۆر هەموو حاسڵی گەنمی ناوچەی بانەو مەریوان بەهۆی ئافاتێکەوە کە پێی دەگوترێ "سەن" لەناوچووە. لەزۆر شوێنی تر"سیاهەك" زیانی بە حاسڵ گەیاندووە.

خاوەنیەتی زەوی، زۆرتر بەدەست زەوینداری گەورەوەیە. لە ناوچەی سنە، شتێکی نائاسایی نییە ئەگەر کەسێك پێنج یا شەش گوندی هەبێت. سەرۆکانی دوو بنەماڵەی گەورە، واتە "سەنەندەجی"و"ئاسەف" هەرکام زۆر لەوە زیاتریان هەیە. لە ناوچەی بۆکان، خاوەن زەویەتی لەڕادەیەکی بچووکتردایە. بنەماڵەی ئێلخانیزادە لە کوردانی دێوکری، بۆ نموونە، ژمارەیەکی زۆری گوندیان هەیە، بەڵام مەسەلەی میراتو هەندێ هۆی تر، ڕادەی زەوی تاقەکەسیان کەم کردۆتەوە.

لە ناوچەی مەهابادیش، بەتەواوەتی هەروەهایە. گەرچی هەندێ خاوەن زەوی گەورە سەرۆك هۆزی بەشی زۆریان هەیە. لە ناوچەی مەریوان ــ بانە، زەویی لەدەست خانە عەشیرەتیەکاندایە، لەزۆر شوێندا، زەوی تایبەت بەدەست یەك کەسەوە نییە. نەبوونی خاوەن زەوییەکان، جگەلە ناوچەی سنە و ژاوەرۆ، زیاتر نییە لەو ڕادەیەی وا لە پاشماوەی ئێراندا بەرچاو دەکەوێت.

لە میاندواو، هەندێ زەوی دەوڵەتی (خالیسە) هەیە کە بۆ ماوەی جۆربەجۆر بەئیجارە دراوە، خالیسە لە هەندێ ناوچەی سەر سنووریش

www.zheen.org

هەیە، دەوڵەت زۆربەی دارستانو لەوەڕگەی بناری چیاش بە خالیسە دەناسێت.

دەو دووی داهاتی دانەوێڵە ــ چ ئاوە تیا بێتو چ دێمەکار دەدرێتە خاوەن زەوی" لەکاتێکدا تووتنو حاسڵی هاوینەو چەوەندرو برنج نیوە بە نیوەن (نصفی)، واتە نیوەی هی ئاغاو نیوەی هی وەرزێرە، بەڵام هەندێ جار سێیەکی دەگاتە ئاغا. لە گوندەکانی بنەماڵەی سەنەندەجیو هەندێ شوێنی تر، رادەی دابەشکردنی حاسڵاتی هاوینە (صیفی)، وەك حاسڵی زستان (شتوی)یە واتە پێنج یەکی دەدرێتە ئاغا.

بنەتوو، جووتو ئەرك، هی رەعیەتەو کوود بۆ تووتنو چەوەندەری قەند بە عادەت ئاغا دەیدات. مەسرەفی خەڵەو خەرمانو راگواستنی حاسڵ بۆ عەمبار لەسەر شانی وەرزێرە.

باج، لە شێوەی"سەرجفتانە"واتە پارەی نەغدە یا هاوچەشنەکەیدا، بەتایبەت رۆن یاخود هەردووك پێکەوەو بەگوێرەی ژمارەی گاجووت، لە ناوچەکەدا، رەسمە. لە زۆر شوێن جووتبەندە دەبێ دار یا سووتەمەنی تر، هەروەها مریشكو شتی تر، بداتە ئاغا. لە زۆر گونددا باج بۆ کوێخای گوندیش بەگوێرەی بەرەجووت یا بەپێی سەری خێزان وەردەگیرێت. بەرات بە مەلای دێش دەدرێت، بەڵام وێدەچێ ئەوە بەگوێرەی پێکهاتنی خەڵکەکە خۆیان بێتو کاری بەسەر ئاغا یا نوێنەرەکەیەوە نەداوە.

بێگاری لە شێوەی چەند رۆژگاری بەلاش ساڵانە بۆ ئاغا، لە هەموو شوێنێك هەیە. ساڵانە، چەند رۆژ ئیشی بەلاشی ئێسترو گوێدرێژ بۆ

ئاغاش هەر هەیە. بێگاری بەگوێرەی بەرەجووت یاخود بە حیابی سەری خێزانە. لە زۆر شوێن بێگارییکردن بۆ کوێخاش هەر هەیە.

باجو بێگاری بەگوێرەی یاسای ١١ی ئۆکتۆبری ١٩٥٢، لەناوچووەو ئەوەش بە حیسابی "یاسای دەسەڵاتی تەواو"، تەئریخی ١١ی ئۆگوستی ١٩٥٢ لەلایەن موسەددیقەوە بەڕێوەچوو. وەك ئەنجامی یاساکەو بەهۆی لەبەریەکچوونی دەزگای ئیداری سەردەمی "موسەددیق "ەوە (لەبەر ئەوەی کە دەزگای ئیداری ئێران بە شێوەی سوننەتی، پارێزگاری مافی ئاغاوەتە دژ بە رەعیەت)، ئەو باجو بێگارییەی وا بۆ ماوەیەك هەڵگیرابوو، سەرلەنوێ لە هەندێ شوێن دامەزراوەتەوە. یاساکانی موسەددیق هەرچۆنێك بێت، رێگای خۆدۆزینەوە لە چۆنیەتی باج کۆکردنەوەو بێگاری هێشتنەوەو بە ئیجازەی وەرزێر خۆی، ئەم شتانەی گونجاو کردو بێگاری وەك شتێکی یاسایی مایەوە.

لە زۆر شوێن، "سەرانە"و بێکاری بە شێوەی پێش موسەددیق هەر بەڕێوە دەبرێت. ئەوە جێگەی باسو قسەیەو لەڕاستیشدا خاوەن موڵکەکان دژ بەوە وەستاون کە باجو بێگاری بەگوێرەی پێکهاتن وەربگیرێت، بەڵام من واهەست دەکەم کە بتوانن زەخت بخەنە سەر رەعیەت بۆ وەرگرتنی باجو سەرانەو بەبێ ئەوەی گوێ بدەنە یاسا، هەر واشیان کردووە. لە ناوچەی دیواندەرە، بێگاری لە ساڵی ١٩٥٥ـەوە دامەزراوەتەوە. لە بۆکان، لە گوندەکانی ئێلخانیزادەکان، باج وەرناگیرێت، بەڵام ــــ لەرادەیەکی زۆردا هەر هەیەو لە پەیمانی نێوان

ئاغاو رەعیەتدا گونجێنراوە. لە گوندەکانی دیکەی هەمان ناوچە، باجو بێگاری هەردوکیان هەن.

لە هەر شوێنێك کە ژیانی وەرزێر بەستراپێتەوە بە مەڕو ماڵاتەوە، لەبەر ئەوەی باجی لەوەڕگە وەرناگیرێت، واهەیە باج لە بیچمی"رۆنانەدا" وەربگیرێت. ترس لە زوڵمو زۆری بێسنوورو دەسەڵاتی بێبەربەستی ئاغاوات‌و نوێنەرەکانیان زیانی زیاتر دەبەخشێت تا پارەدانەکە خۆی، کە واهەیە کەم بێت. بە هەمان شێوە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی بێگاری لەلایەن گزیرو بەڕێوەبەرەکانی ترەوەیە کە مەسەلەکە ناخۆشتر دەکات لە سەرفکردنی کات و ئەو کارانەی واپێیان دەسپێررێت، کە زۆرێکیان بۆ خزمەتگوزاریەکان‌و باشترکردنی ڕێگاوبان‌و شتی ئەوتۆیە.

لە زۆر ناوچە، جگە لە بۆکان، زەوی ئاوەنیا دوای ماوەیەك لە کەسێك دەستێنرێتەوەو دەدرێتە کەسی تر، ئەوەش بە سوودی مەسەلەی بەرهەمهێنان نییە. کەموزۆر لە هەموو شوێنێك جگە لە هەورامان رەعیەت"ئەعیانی" زەوییەکەی نییە جا چ ماڵ بێت چ باغ، بە هەمان شێوە ئیجارەکەش زامن نەکراوە. خاوەن ملك دەتوانێ هەر کاتێ بیەوێت رەعیەت دەربکات‌و هیچ زەرەرو زیانی ئەوەشی بۆ نابژێرێت کە واهەیە بۆ باشترکردنی زەویەکە سەرفی کردبێت. بەکردەوە، کەمبوونی وەرزێر لە کوردستان دەریدەخات کە وەرزێر کەم دەردەکرێن. بەڵام لەعەینی کاتدا ترسی هەمیشەییان هەیە کە دەربکرێن یا باجیان لەسەر زیاد بکرێت. لە دوو شوێن کە ئاغاوات ئەو ئەزموونەیان بەکارهێناوە، وەرزێر

نەیانویستووە خاوەنایەتی ماڵەکەیان وەربگرن‌و یەك جاریش کە مەسەلەی ماڵ‌و باغ لەگۆڕێدا بووە، وەرزێر لەماوەی حەوت ساڵدا بە بەردەوامی ڕەفزی ئەوەی کردۆتەوە کە ماڵەکە بەناوی خۆیەوە تۆمار بکات.

بۆ ئەو دوودڵیەی وەرزێر دەبێ دوو هۆ هەبێت: یەکەم ئەوەی وەرزێر نایەوێ بەرپرس بێت بۆ چاککردنەوەی ماڵەکە، وا پێشتر ئاغا بەرپرس بووەو، دووهەم، کە واهەیە هۆی سەرەکیش بێت، ئەوەی نایانەوێ بەگوندەکەوە ببەسترێنەوە، ئەگەر ملکی "غیر منقول"یان نەبێت، لە هەلومەرجێکدا کدۆخی ژیان باش نەبێت یاخود لە شوێنێکی تر پێشنیاری باشتریان پێ‌بکرێت، ئیتر دەتوانن گوندەکە سووك‌و هاسان بەجێ‌بهێڵن. ئەم هۆیە، کە خۆی‌لەخۆیدا باش نییە، ڕەنگدانەوەی نەبوونی باوەڕە لەنێوان وەرزێرو خاوەن ملکدا.

لە هەموو شوێنی ناوچەکەدا ڕاگرتنی مەڕومالات تەواوکەری ژیانی ئابووری وەرزێرانە. لە ناوچەی دیواندەرەو زۆربەی دەوروبەری سنە، خەڵکەکە لەبنەڕەتدا بە حیسابی مەڕومالاتیان دەژین. دەگوترێ کە ئەوە خۆی هۆیەك بێت بۆ نزمبوونی پلەی بەرهەمی کشت‌وکاڵ، لەبەرئەوەی کە ئەو سوودەی وا لەرێگەی مالاتەوە دەگاتە وەرزێر، کەم تا زۆر زیاترە لە ئیش‌وکاری سەر زەوی‌وزار. هەرچۆنێك بێت، نرخی مەڕ لەوەدەچێ کەم بێت، لە دیدانواندەرە کە شوێنێکی باشە بۆ پەروەردەکردنی مەڕ، نرخی بەرانێکی باش لە۱,۲۰۰ تا٤,۰۰۰ ریالەو نرخی پەزێکی دوو ساڵە ۱,۰۰۰ تا۱,۲۰۰ ریاڵە. سوودی ساڵانەی مەڕێك (خوری‌و ڕۆنەکەی) لە هەمان ناوچە بە ۱,۰۰۰ ڕیال بەراورد کراوەو هەمان سوود بۆ گایەك ۲,۰۰۰ ریالە.

له زۆربەی ناوچەکان، وەرزێر ٣٠ تا ٥٠ سەر مەڕو بزنی هەیەو ئەوانەی وا زۆر دەسەڵاتداران ١٥٠ تا ٢٠٠ مـەڕو بزنیـان هەیـە. بـەگوێرەی نـەریت، رەعیــەت مــافی ئــەوەی هەیــە مــەڕومالاتی لــەنێو زەویــی گوندەکــەدا بلـەوەڕێنێت. خـەڵکانی لاوەکـی تـەنیا بـاجی لـەوەڕ دەدەن. بـەعادەت، حەیوانی گوندەکە دەکرێنە بەر مەڕ یا بەر گاڕان. هۆزی جـاف بـەعادەت، ساڵی سێ مانگ بۆ لەوەڕاندنی مـەڕومالاتیان دێنـە ناوچـەی بانـەو بـاجی لـەوەڕیش دەدەن کـە دەگـوترێ لـە سـاڵی ١٩٥٦دا ٦٥٠,٠٠٠ریـال بـووەو باجەکەش دەدرێتە دەوڵەتی ئێران.

له ناوچەی سنەو لێواری رۆژهەلات ( ی ناوچەکە)، گومانم هەیە لەوەی بارودۆخی ژیانی وەرزێران لەوەی ساڵی ١٩٤٩ باشتر بووبێـت، دەوڵەمەنـد نین. دۆخی ژیانی ئەوانـەی وا ژمـارەی زۆری مـەڕومالاتیان هەیـە، واهەیـە هەنـدێك باشـتر بێـت. لـە گونـدی لێـواری رۆژهـەلات کـە ملّکـی بنەماڵـەی سەنەندەجییە، خەڵکانێکی گەلێك زۆر ئەسپیان هەیەو ئەوە دەریدەخات کە تەواو هەژار نەبن. لـە ناوچـەی بۆکـان دەگـوترا وەرزێـر لەچـاو حـەوت ساڵ پێش ئێستا دەوڵەمەندتر بووبێتن، گەرچی لەچاو ساڵانی پێش شـەڕ [ی دووهەمی جیهانی] هەر باشتر نین.

کرێکار لەچاو جاران حەقدەستی زیاتری پێدەدرێت، بـەلام مەسـرەفی ژیانیش هەر چۆتە سەرەوە. لـە مـەریوان کـە وێدەچـێت هەژاریـەکی زۆر هــەبێت، زۆربــەی وەرزێــران جلوبــەرگی خراپیــان لەبــەردابوو و منــدالان ئەغلەب شرەپۆشن. خەڵکەکە بەشێوەیەکی بەرچاو، لاوازو رەنگ زەردن.

بنکەی ژین
www.zheen.org

ناوچەکە مالاریای زۆری هەیە، یاخود بوویەتی کە بۆی هەیە بەهۆی ئەو مەسەلەیەوە بێت کە گوترا.

لەوە زیاتریش، لە چەند ساڵی رابووردا [ئافەتی] "سەن" حاسڵی گەنمی لەناوبردووەو بەبێ هیچ گومانێك ئەو مەسەلەیەش شوێنی داناوەتە سەر هەژاریی خەڵك. دەگوترێ کە قەرزداری لە هەموو شوێنێك هەیە. پارەی پێشەکی، کە لە هەموو شوێنێکی ئێران ئاغاوات بە رەعیەتی دەدەن. لە کوردستان نییە. قەرز لە زۆر شوێن بازرگانەکان دەیدەن بە وەرزێر یاخود چەرچی یا وەرزێری دەوڵەمەندی خۆیی. لەلایەکی ترەوە دەگوترێ کە زیاد لە١٠٠ وەرزێر لە ناوچەی سنەوە ئەمساڵ چوون بۆ حەج لە مەدینە، کە نیشان دەدات هەموویان بێپارە نەبوون.

لەسەر سنوورەکانی عیراق، بازرگانیی قاچاخ گەرمە. جاروبار قاچاخچی یا تاقمێکی قاچاخچی دەگیرێنو سزا دەدرێن، بەڵام ئەو بازرگانییە بە بەرفراوانی درێژەی هەیە، سەرەڕای ئەوەی کە دۆزەرەوەی شتەکان ٤٠٪ی پێدەبرێت. بازرگانییەکە گەلێك پرسوودە لەبەر ئەوەی پاسەوانانی سەر سنوورو دەسەڵاتداریەتی سوپایی زۆر بەتوندی شەریکەبەشیانن. هۆی زۆر هەن بۆ ئەوەی باوەڕ بکەین ئەم قسانە بێبنەما نین.

www.zheen.org

دژایەتیو دوژمنایەتی خێزانی، روخسارێکی دیاری ژیانە لە کوردستان. ناوچەی سنە بەسەر دوو بەرەی جیاوازدا دابەش بووە، سەنەندەجیو ئاسەفی، بەڵام دوژمنایەتیەکەیان لەوەدەچێ وەك ساڵی ١٩٤٩ توند نەبێت. پێوەندی نێوان خاوەن زەویو وەرزێر بێباوەڕییەکی دوولایەنە

بەیەکترە. بۆچوونی خاوەن زەوی لەمەڕ وەرزێر گومانی ئەوەی بەسەردا زاڵە کە ئەگەر هەڵی بۆ هەڵبکەوێت، وەرزێر لێی راست دەبێتەوەو هەر چاکەیەکی لەگەڵ بکات، کەڵکی نابەجێی لێ وەردەگرێ یا ئەگەر بارودۆخی ژیانی باش بێت دەبێتە هۆی ئەوەی کشتوکاڵ بەباشی بەڕێوە نەبرێت.

روانگەی وەرزێریش ترسی ئەوەی بەسەردا زاڵە کە ئەگەر بەرهەمی زیاتر پێك بهێنێ، چاوەڕوانیو داواکاریی ئاغا زیاد دەبێت، یا تەنانەت واهەیە (لەسەر زەوییو ماڵەکە) دەربکرێت. لە گوندی سەنەندەجییەکان ناڕەزایی لەنێوان وەرزێرەکاندا بەرچاو نییە، فەزاکە، زیاتر بەرەو پێوەندی عەشیرەیی دەڕوات، بەڵام واهەیە خاوەن زەوی یا نوێنەرەکانی لەگەڵ وەرزێران لەیەکتر تێگەیشتنی دوولایەنەیان نەبێت. لە زۆر شوێن ناڕەزایی بە بەش لەناو وەرزێراندا هەیە، ئەوەش بەتایبەت لە ناوچەی مەریوان بەرچاو دەکەوێت، کە تێیدا دەگوترێ ئاغاوات زۆر زاڵم بن.

بێگومان رۆحی دڵئازاری، کینەو بێباوەڕی لە هەندێ لەو گوندانەدا وا من سەردانم کردن، دەبینرا. لە اوچەی سنە، شۆرای گوند لەژێر یاسای ٢١ی فەروەردینی ١٣٣٥دا لە زۆرێك لە گوندەکان پێك هاتووە. ئێستا گەلێك زووە بڵێین کاروبار چۆن بەڕێوە دەبەن، بەڵام بەتەواوەتی گەشبینانە دەبێت ئەگەر بیر لەوە بکەینەوە کە چالاکیەکانی ئەوان لە حکوومەتی ناوچەییدا دەوری هەبێت.

پێوەندی نێوان دانیشتوانی ناوچەو حکوومەت یا ئاسایشی گشتی، بەڕواڵەت لە جاران باشترە. بەڵام من باوەڕ ناکەم کاروبار، لەروانگەی

حکوومەتـەوە، ئەوەنـدە بـاش بێـت کـە لـە سـەرەتادا هەسـت دەکرێـت، گەرچی ئەوە زیاتر لە مەهاباد، مـەریوانو بانـە وەهایـە تـا سـنەو لێـواری ڕۆژهـەڵات. شـاری سـنە زۆر بـەئێرانی کـراوە، گەرچـی ئێـستاش هەسـتی پـشتگیریکردنی کـورد بەرانبـەر بـە ئێرانـی تێـدا بەدیـدەکرێت. بـەڵام، بەگـشتی شـێوازی بەڕێوەبەرایـەتی ئیـداری زۆر جیـاواز نییـە لـە هـی شارەکانی تری ئێران، جگە لەوەی کـە ژمارەیـەکی زیـاتر لـە کارمەنـدانی دەوائیر، خۆجێیین.

لـە ناوچـە گوندنـشینەکان، بەتایبـەت لەسـەر سـنوورو شـوێنی وەك مـەریوان، هەسـت بەرانبـەر بـە حکوومـەتو کاربەدەسـتانی حکـوومی، دوژمنایەتییەکی کەمێك شاراوەیە. هەموو ناوچـە سـنوورییەکان، ناوچـەی سوپایینو"ئیدارەی مەرزبانی" هەڵیان دەسووڕێنێت کە ئـەویش بەشـێکە لە وەزارەتی جەنگ. دۆخی ئاسایشی گشتی بەنیسبەت ماوەی چەند ساڵ پێـشترەوە تائێـستا، لـە هـەمووکاتێ باشـتر بـووە. لـە ١٩٤٢ مـەریوان گۆڕەپانی شەڕی نێوان هێـزی لەپاشەکشەی حکوومـەتو ناوچـەکە بـوو، لەماوەی حکوومەتی موسەددیقدا، حکوومەتی ناوەنـدی دەسـت ڕۆیـشتوو نەبوو و، لەسەردەمی زاهیدیشدا هەر شەڕ هەبوو.

تا ئەم دواییە، سەربازخانەی ناوچەکە لەژێر ترسی هەمیشەیی هێرشو شـەڕدا بـوو. لـەم کاتـەدا، ئاسایـشی گـشتی باشـە، بـەڵام سـوپاییو جەندرمەی پلـەنزم، کـە زۆربـەیان کـوردن، لـە سـەربازخانەو بنکـەکانیان لایان وایـە کـە خـەڵکی ناوچـەکە لـە یەکـەمین دەرفـەتی گونجـاودا دژ بـە

حکوومەت رادەپەڕن‌و تۆڵەی ئەو زۆڵم‌و هەڵس‌وکەوتە خراپە دەکەنەوە کە، وەك دەگوترێ زۆرێك لە کاربەدەستانی حکوومەت لەگەڵیان کردوون.

ناڕەزایی‌و کینە لە حکوومەت کە لێرەدا زیاتر نیاز لە سوپای حکوومی‌و جەندرمەیە، زۆر بەڕوونی دیارە. ئەو ناڕەزاییە لەنێو خاوەن زەوییەکاندا، کە زۆربەیان سەرەك عەشیرەتن، هەروەها لەنێو وەرزێرەکانیشدا هەیە. چەك لە خەڵکی ناوچەکە بەڕواڵەت وەرگیراوەتەوە، بەڵام سەرچاوە غەیرە سوپاییەکان دڵنیایان کردم کە کوردی سەرسنوور ئێستاش چەکی شاراوەیان هەیەو لە یەکەمین دەرەفەتدا دژ بە حکوومەت بەکاری دەهێنن. هەروەها پێیان گوتم کە وەرزێرانی ناوچەی مەهاباد لەوپەڕی ناڕەزاییدان. حکوومەت تائێستا ئەوەی توانیویەو پێی خۆش بووە کردوویەتی. خەڵکیش هیچ چارەیەکیان نەبوو جگە لە ئیتاعەت. بەڵام چاوەڕوانی دەرەفەتێکن بۆ ڕاپەرین.

حکوومەت، حزبی توودەی سەرکوت کردووە، بەڵام کارەکانی خۆی ئەوەندەی ناڕەزایی پێك هێناوە کە حزبی توودە خەریکی سەرهەڵدانەوەیە. ئەم قسانە واهەیە مەسەلەی ڕاپەرینی دژ بە حکوومەتی تێدا گەورە کرابێتەوە. دەسەڵاتی هێزەکانی حکوومەت ئێستا بەتەواوەتی زاڵە، بەڵام لام وانییە ئەوەی سەبارەت بە دڵئێشی‌و ناڕەزایی خەڵکی ناوچەکە گوترا، گەورە کرابێتەوە.

سەرچاوەی ئەو ناڕەزاییانە وا دەردەکەوێ کە زوڵم‌و گەندەڵی ئیداری دەسەڵاتداریەتی بێت، هاسان نییە رادەی گەندەڵی ئیداری‌و زوڵمی

www.zheen.org

حکوومەت ئەندازە بگیرێتو رادەی دیاری بکرێت. بەڵام، هەرچۆنێك بێت، ئەو باوەڕە بەگشتی لەناو خەڵکی ناوچەکەدا هەیە کە چینە [؟] حکوومیەکان، بە سوپاییو سیویلەوە، بە بیانووی جیاجیا خەڵکیان رووتاندۆتەوەو دەیڕووتێننەوەو تاوانی درۆ دەدەنە پاڵ خەڵك، هەروەها ئەو کارە بێعەدالەتیانەی واکاربەدەستانی حکوومی یا تاقەکەس لەگەڵ خەڵکیان کردووە، قەرەبوو ناکرێنەوە.

زۆر دەرەفەتی گەندەڵی و خراپەکاری بە"انحصارات"ی حکوومی دراوە، بەتایبەت نارەزایی لە چۆنیەتی بەرێوەبردنی "انحصار دخانیات"هەیەو لە مەریوان دەگوترا کە وەرزێرەکان نرخی عادلانەی توتنیان پێ نادرێت. هەندێك کەس راست بوونی ئەو شکایەتانەیان دەسەلماندو دەگوترا کە لە سنە هەنگاو بۆ ئەوە هەلگیراوە کە حاسڵی ساڵی ١٩٥٦ (کە لەکاتی سەردانی من لە مەریوان هێشتا هەڵنەگیرابوو)، بەشێوەیەکی ئوسووڵی بنرێت.

بەگشتی دەگوترا کە هیچ خاوەن زەوییەك نایەوێ لەترسی زیادبوونی رادەی باج زەویەکەی پەرەپێ بدات. ئەو قسەیە بۆ وەرزێرەکانیش راستە. ئەوان نەك هەر ترسی زوڵمی کاربەدەستانی حکوومییان هەیە، بەڵکوو لە تەماعی ئاغاش دەترسن. نیازی بنەڕەتی ئاسایشە بەواتای بەرینی خۆی: نەك هەر ئاسایش دژ بە دزیو هێرش، بەڵکوو ئاسایش بۆ خاوەن زەویو خەڵك لەدەستی رووتاندنەوەی کاربەدەستانی حکوومی، بۆ وەرزێرانیش لەدەست رووتانەوەی لەڕادەبەدەرو دەرکران لەلایەن ئاغاواتەوە.

وەدیهاتنی ئاسایش بەتەنیا، زامنی پێشکەوتنی زیاتری ناوچەکە ناکات، بەڵام مەرجی پێشکەوتن پێك دەهێنێت. بۆ ئەم کارە، پێویستە پێوەندییەکان [کۆمیونیکەیشن] باشتر بن، دەرەتانی زیاتر بۆ پێشکەوتی شێوازی کشتوکاڵ بخولقێت، خزمەتگوزاری ساغیەتی ئاژەڵ دابمەزرێتو خزمەتگوزاری خوێندنو ساغیەتی لە رادەیەکی بەرفراوانتردا ئامادەبکرێت.

بەکورتی تەنگوچەڵەمەی ژیانی گوندنشینی لە کوردستان، لەماوەی سالانی پێشوودا هەندێك گۆڕانیان بەسەرداهاتووە. بەڵام لەبنەڕەتدا جیاوازا نین لەو موشکیلاتەی وا لە گوندەکانی شوێنی دیکەی ئێراندا هەن. شتێك کە هەیە، سروشتی خاوەن هێزی کوردان وایان لێدەکات کە کەمتر ئامادەی وەرگرتنی زوڵمورۆر بنو بەتوندی لەگەڵ هۆی تەنگوچەڵەمەکاندا بجوولێنەوە.

**[ڕوونکردنەوەی وەرگێڕ:**

ئەم راپۆرتە، زانیارییەکی زۆری لەسەر بارودۆخی ئابووری ــ کۆمەلایەتیو ژیانی گوند لە سالانی پێش ١٩٤٧ی بەشێك لە رۆژهەلاتی کوردستان پێشکەش دەکات. بەلام روانگەی لایەنگریکردنی حکومەت کارێکی کردووە کە نووسەر نەتوانێ بابەتاکان بەشێوەیەکی هەمەلایەنی هەڵسەنگێنێت و ئەنجامیان لێ وەبگیرێت. ناتەواوییەکی دیکەی راپۆرتەکە، ئەوەیە هیچ باسێکی لە باکووری ناوچەکەــ واتە خانێو شنۆ، ورمێو سەلماسو خۆیو ماکۆ نەکردووەو لە باشووریش لە کامیارانو کرماشانو ئیلام نەدواوە.]

## FO371/120749/377
## مەسەلەی کورد ١٩٥٦-١٩٥٠

[ئەم یادداشتانە، وەك پاشكۆی نووسراوەیەكی سەرەكین كە ئیدارەی توێژینەوە لە ساڵی ١٩٤٦دا سەبارەت بە كورد ئامادەی كردووە (E 7580/19/93). پاشكۆیەكی دیكەش لەلایەن ئیدارەی توێژینەوە ئامادە كراوە (بەڵگەنامەی ژمارە: me.89/51، دووهەمی مانگی ئاپریلی ١٩٥١) كە باسەكەی تا كۆتایی ساڵی ١٩٥٠ هێناوەو تێیدا باسی ئاڵوگۆڕەكانی كوردستانی ئێرانی پاش رووخانی كۆماری خودموختاری كوردستان لە مەهاباد (ساڵی ١٩٤٧) كردووە. وەرگێڕ]

١) ساڵی١٩٥٠، هەواڵی راستەقینە لەسەر كورد كەمتر بووەو ئەوەش وادەگەیێنی كە یا" مەسەلەی كورد" فەوتاوە، یاخود لەناو كێشەی گرینگتری كۆمەڵایەتی- ئابووریو ئایدیۆلۆژیكی گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ون بووە. بە هەموو حیسابێك وادیارە كە ئەو دوو وڵاتەی واپێوەندییان بەمەسەلەكەوە هەیە، هەریەكە، بۆ ئەم كاتە، كێشەی كەمایەسیی كوردی ناوخۆیان بەشێوەی تایبەت بەخۆ چارەسەر كردبێ.

توركەكان، بەلێبڕاوییەكی تایبەتەوە، شوێنی ئەوەیان گرتووە كە سیاسەتی تواندنەوەی یەكجاریو كوێركردنەوەی هەموو شوێنەوارێكی جیاوازیی فەرهەنگیی كوردو سیاسەتی بەتوركردنی كورد، بە دیاردەیەكی بێبەزەییانە لەقەڵەم ئەدەن. لەو راپۆرتانەش وا دەگەنە دەست، دەردەكەوێ كە تائێستا بەچەشنە سەركەوتنێك گەیشتبن، بەڵام تێدا نییە كە بەئەنجام گەیاندنی ئەو كارە، چەندین نەوەی پێدەوێ.

پێگەی ژین
www.zheen.org

عیراقییـــەکان – دوای دەســت پێکرانێکــی خــراپ، ئێــستا وادیــارە سیاسەتێکی لیـبڕاڵ بەرانبـەر بـە کـورد رەچـاوکەن‌و ئیجـازە یـا تەنانـەت تاڕادەیەکیش هانی کورد بدەن فەرهەنگی جیاوازی نەتەوایەتی خۆیان لـە چوارچێوەی دەوڵەتی عیراقدا، پەرە پێبدەن. تا کاتێك کە حکوومـەتی عـیراق درێژە بـەم کـارە ژیرانەیـە دەدات، کوردانی رۆشـنبیرو چـالاك بەشـداریکردنی ژیـانی نەتەوایـەتی عـیراق لـە خواسـتو ئـارەزوی ناسیۆنالیـستی کـوردیی بەسوودمەندترو جێگای رەزامەندیی زیاتر دەبینن.

کوردی سوریا لەو رادەیە کەمترو بەربڵاوترن کە بتوانن دژ بە توانەوە لەناو خـەڵکی دەوروبـەری خۆیانـدا بوەسـتن ـــ ئـەوە پرۆسێـسێکە کـە رێـڕەوە کۆمەڵایەتی‌و ئابورییەکانی سەردەمیش، یارمەتی بەئەنجام گەیشتنی دەدەن. ئـەوی بمێنێتـەوە چەشـنە بزووتنەوەیـەکی لاوازی فەرهەنگییـە کـە لەلایـەن کۆڕێکی بچووك‌و هەڵبژاردەوە لە دیمەشق بەڕێوەدەچێ.

لـە ئێـران وادیـارە تـا ئێـستا دژ بـەو هـەنگاوە ناڕۆشـنەی کاربەدەسـتان وەستابن کە نەك لە نـاخی دڵـەوە، بـەڵکوو تـەنیا بـۆ خاوکردنـەوەی ئـەوانیان هەڵێناوەتــەوە. جــا، وەك کەمایەسیــسیەکی نــاڕازی‌و ســەربزوێن، دژ بــە حکوومەتی ناوەندی ماونەتەوەو بەم بۆنەیەوە یەکجار ئامـادەی پڕوپاگەنـدەی رووسەکانن.

www.zheen.org

**تورکیا**

٢) حکوومـەتی ئێستای تورکیـا، بـوونی کـورد وەك تـاقمێکی جیـاوازی نەژادی دەداتە دواوەو جەختی ئەوە دەکـات کـە ئوسـتانەکانی باشـووری

ڕۆژهەڵاتی تورکیا، زێدی ئەو تورکە چیاییانەن کە سەرەڕای جیاوازبوونی لەهجەو هەروەها ئەو نەریتە جوانانەی وا لە سەردەمی پێش کەمالیەوە بۆیان ماوەتەوە، لەبنەڕەتدا لە تورکی شوێنەکانی تر جیاوازن نین.

٣) سیاسەتی حکوومەتی تورکیا– دوای شۆڕش، بریتی بووە لە تواندنەوەی کەمایەسیی کورد: قوتابخانە داندراوە بۆ ئەوەی زمانی تورکی تێدا بگوترێتەوە، قسەکردن بە کوردیو لەبەرکردنی جلوبەرگی نەتەوایەتی کوردیی یاساخ کراوە. بەڵام ئەو هەوڵانە لەناو گەلێکدا کە شێوەی ژیانیان– لە بەشی زۆری خۆیدا عەشیرەییەو پێشکەوتنیان یەکجار کەم بووە، زەحمەتە بگەنە ئەنجام. ئەو کەسانەی وا لەم دواییانەدا چوونەتە ناوچەی کوردنشینەکان، هەواڵ دەدەن کە زۆرێك لە کوردان ئێستاش هەر بە بەرگی کوردییەوە دەگەڕێنو زمانی کوردی لەڕادەیەکی بەرزدا قسەی پێدەکرێ. ئەو خەڵکانەش کەم نین کە هەر ناتوانن بە تورکی بدوێن. یاساخبوونی چەك هەڵگرتن وادیارە بەگشتی کەوتبێتە ژێر چاوەدێریو کاروباری ئاسایش زۆر باش بەڕێوەدەچێ، بەڵام کارەکە بۆی هەیە هێشتا ژمارەیەکی لەڕادەبەدەر جەندرمەی پێویست بێت.

٤) نیشانەگەلێك بەدەستەوەن کە دوای هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٥٤، دەوڵەت سوور بێ لەسەر ئەوەی ستانداردەکانی ژیانو دەرسخوێندن لە ناوچە کوردنشینەکان– وەك مەڵبەندە دواکەوتوەکانی دیکە، بەرەوپێش بەرێو باشتری بکات. جادەی تازە دروست کراونو سیستمی ڕێگای ئاسن پەرەی پێدراوە. قوتابخانەو نەخۆشخانەی تازە بەدەست

بنکەی ژین
www.zheen.org

دروستکردنەوەن‌و پێشکەوتنێکی بەرچاو لە کاری میکانیزەکردنی کشتوکاڵدا هەست پێدەکرێ. پێویستە لە داهاتوودا سەیری ئەو هەنگاوانە بکرێ کە بۆ ئاشتکردنەوەی کوردان هەڵێنراون‌و ببیندرێ کە هاوڕێ لەگەڵ سیاسەتی دەوڵەت دەربارەی تواندنەوەی کورد، دەگەنە کوێ؟

ناسیۆنالیزم هێزێکی بەتواناو بێ‌مەنتیقەو کەم جاران نەبوە کە کەمایەسیی نەتەوایەتی، حکوومەتی خۆیی لە حوکمێکی باش بەچاکتر دابنێن. هەرچۆنێك بێ، حکوومەتی تورك، گەرچی هەوڵی تەنیا هێشتنەوەی کوردان دەدات، دیسانەوە، عەستەمە بتوانێ ئەو هیوایەی هەبێ پێوەندی زۆروکەمیان لەگەڵ کۆمەڵگای کوردیی ئێران‌و عیراق بپچڕێ، کە نەك هەر بیری نەتەوایەتی زیندوو رادەگرن، بەڵکو هەروەها دەوری رێگایەکی پێوەندی بۆ راگوایستنی ئەو پڕوپاگەندەیە دەبینن کە لە رووسیای سۆڤیەتەوە دێت.

٥) ناحەزەکانی حکوومەتی ئێستای حیزبی دێموکرات، بەوەی تاوانبار دەکەن کە وەك هەنگاوێك بۆ راکێشانیی پشتیوانی کورد، سیاسەتی تواندنەوەی خاوکردۆتەوە. راستە ناوچە کوردنشینەکان لە مەجلیسی گەورەی نیشتیمانیدا بەزۆری لەلایەن ئەندامانی حیزبی دێموکراتەوە نوێنەرایەتی دەکرێن، ئەوانیش– بەتایبەت دوای هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٥٤، زیاتریان خەڵکی ناوچەکەن‌و رەنگە زۆریشیان بە بنەچەك کورد بن. ئەم راستییە زیاتر واهەیە حکوومەت لەڕوانگەی کوردەوە، ناسکتر بکات هەتاکوو پێچەوانەکەی بێت.

**ئێران**

٦) دوای دامرکانـــەوەی ئـــەزموونی لـــە ســـۆڤیەت ئیلـــهامگرتـــووی خودموختـــاریی کـــورد لـــە مـــەهابادی ســـاڵی ١٩٤٦، حکوومەتـــە یەکلەدوایەکەکانی ئێران، لە دابینکردنی ئاشتی لەناو هۆزە کوردەکانی خۆیاندا سەرکەوتوون، گەرچی بەڵێنییەکی کەمیان لێ وەدەست هێناون. عەمەلیاتی عەسکەریی دژ بە هۆزەکانی هەورامانو جوانڕۆ لە بەهاری ساڵی ١٩٥٦دا، بە هاوکاریی دەسەڵاتداریێتی عیراق بەڕێوەچوو و "جڤاتی کورد"[١] لە پاریس، ناڕەزانامەیەکی پێشکەش بە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد.

تووڕەیی کورد لە خۆگرتنی حکوومەتی ناوەندی بۆ چارەسەرکردنی مەسەلە کۆمەڵایەتیو ئابوورییەکانی ناوچە–وەك یەکێك لە دواکەوتووترین مەڵبەندەکانی وڵات–ڕوو لەزیادبوونە. "ئەسڵی چوار"[٢] لە بابەت پەروەردەو کشتوکاڵەوە هێندێك کاری لە ورمێ[٣] کردووە. بەڵام لە شوێنەکانی تر، قوتابخانە یا خەستەخانەیەکی جێی کەڵك یاخود زانیاری لەمەڕ تێکنیکی کشتوکاڵ نابیندرێو ڕێگاوبانەکان هیچکاتێك ئەوەندە خراپ نەبوون.

ناڕەزایی زیاتر لە باکووری ڕۆژئاوا هەست پێدەکرێ کە بەنیسبەت ناوچەی باشوورتری"سنە"وە پێشکەوتووترو خاکی بەپیترە. گەرچی لەوەدەچێ کە ئامانجی سیاسەتی ئێران وەك تورك، تواندنەوەی کورد

---

[١] Delegation Kurd

[٢] pointIv

[٣] لە دەقی بەڵگەنامەکەدا بە "رضائیە" ناوبراوە.

بێــت، بــەڵام بەئاشــکراتر شــوێنی دەگــرن‌و بەنیــسبەت تورکــەکان، دەسکەوتێکی کەمتریشیان هەیە، باوەکوو لـە قوتابخانەکانـدا بـە کـوردی دەرس ناخوێندرێ. بەڵام زمانی پێوەنـدی گرتنـی ڕۆژانـە هـەر کوردییـەو ژمارەیــەکی زۆری خەڵکەکــەش بەتایبــەت لەناوچــەی نێــوان ورمــێ‌و کرماشاندا، بەرگی کوردی لەبەردەکەن.لەوە دەچێت ئێـستاش هەسـتێکی زۆری لایـەنگری کـردن لـەخودموختاریی کـورد هـەر مابـێ. بـەڵام دوای ئیعـدامی قـازی محەمــەدو کەسـانی دەوروبــەری، هــیچ ڕێبــەرێك نییــە کەمەرکەزی بزووتنەوەی نەتەوایـەتی بێـت. هەرچـۆنێك بـێ، پێوەنـدییان لەگەڵ حیزبی"کۆمەڵە"[1] لە سلێمانی هەیەو هەندێك ئـەدەبیاتی نەتـەوەیی ڕێگای ئەوە پەیدا دەکەن کـە سـنووری عـیراق بـبڕن، دوژمنایـەتی نێـوان هۆزەکــان‌و گومــان لەیــەکترکردنی عــادەتیی ئاغــاوەت، ئــەو فاکتــەرە سەرەکییانەن کە کۆسپی ڕێگای پێشکەوتنی بزووتنەوەی نەتەوایەتین.

٧) وەك هەموو شوێنێکی دیکە، کۆمۆنیستەکان بۆ کـەڵك وەرگـرتن لـە نــاڕەزایی قــانوونیی کــورد لــەبواری بەرژەوەندییــەکانی خۆیانــدا، زۆر بەخێرایی جووڵاونەتـەوە. زۆربـەی ئـەو ئەدەبیاتـەی وا بـەنهێنی لـەنێوان کوردی ئێراندا، دەستبەدەست دەگەڕێ، با هەسـتی کوردانـەش ببـزوێنن، بەئاشـکرا ئیلـهامی کۆمۆنیـستییان تێدایـەو پـڕن لـە هێرشـبردنە سـەر ئیمپریــالیزمی ئینگلــیس‌و ئــەمریکاو، پێداهــەڵگوتنی سـۆڤیەت‌و شـتی

---

[1] دیارە ئیشارە بە"کۆمەڵەی هیوا"یە.

ناسراوی لەو چەشنە. ئەوەش خۆی یارمەتی پارێزرانی ئەو ئەفسانەیە دەدات کە لە ڕۆژانی کۆماری مەهابادەوە تا ئێستاش هەرماوەو بریتییە لە دۆستایەتیی تایبەتی یەکیەتی سۆڤیەت لەگەڵ گەلی کورد.

**عیراق**

٨) وادەزانرێ کە کوردی عیراق ژمارەیان لە میلیۆنێك تێپەڕ بکات. کوردەکان ئێستا لە پەرەسەندنی ئابووریی نەتەوایەتی عیراقدا ــــ کە دوای پەیمانی نەوتیی ١٩٥٢ هاتۆتە ئەنجام، بەشداری دەکەن. ئەو شتەش لە چەند لایەنێکەوە بەروبووی بۆ کورد بووە: ڕاستەوخۆ بەشداریی ژمارەیەك پڕۆژەی ئاوەدانی دەکەن کە بە پارەو داهاتی نەوت، لە ناوچە کوردنشینەکاندا بەڕێوەدەچوون. نموونەی کارەکە، دوو بەنداوە کە یەکێکیان لە "دووکان"و سەرچۆمی "زێی بچووك"[١] و ئەوی دیکەشیان لە"دەربەندی خان"و لەسەر چۆمی "دیالە" هەڵ دەبەسترێن، یان کارخانەی چیمەنتۆی"سەرچنار" کە لەنزیك سلێمانی بەدەست دروستکردنەوەیە، هەروەها بڕیاری دامەزراندنی کارخانەیەکی پاڵاوتنی شەکر بە نرخێکی نزیك بە ٣ ملیۆن پاوەن لەنزیك شاری "مووسل" دراوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

تەنیا پڕۆژەکەی دووکان کە چاوەڕوان دەکرێ تا ساڵی ١٩٥٨ تەواوبێت، بەتەنیایی ئیش بۆ دووهەزار کەس پێکدێنێو دەوروبەری ٨٠٦ هەزار دۆنەم (= ٣٢٦٤٣٠ هەکتار) زەوی ئاودێری دەکاتو لە کۆتاییدا، هێزێکی هایدرۆ ئەلەکتریك بەدەستەوە دەدات کە بەمەزندە ٢٥٠هەزار

---

[١] Laser Zab river

هێـزی ئەسـپەو، لـە كـاری پەرەسـەندنی پیـشەسازیدا كـەڵكی لـێ وەردەگـیرێ. پڕۆژەكـەی دەربەنـدیخان لەگـەڵ ئـەوەدا كـە ئیش‌وكـار بـۆ كوردێكی زۆر دروست دەكات، لـە داهـاتوودا شـوێنێكی گرینگـی نابێـت، چون زۆربەی ئەو خاكەی وا ئـاودێری دەكـات، لـە دەرەوەی كوردسـتانە. كارخانـەی چـیمەنتۆی سەرچـناریش گەرچـی خۆی‌لەخۆیـدا تـەرحێكی خـەریككردن‌و كارپێدانـە، واهەیـە پەرەسـەندنی خزمەتگـەلی دیكـەش بەتەنیشت خۆیەوە زیاتر بكات‌و رەواج بە كاری بیناسـازی لـە ناوچـەكانی دەوروبەری خۆی بدات.

لە رێگەیەكی ناراستەوخۆوە، كـورد–وەك هـەموو دانیـشتوانی عـیراق، كەڵك لە خزمەتە كۆمەڵایەتییەكان وەردەگرن، كە ئاكـامێكی بـەكارهێنانی عاقڵانـەی داهـاتی نەوتـە لەلایـەن حكوومـەتی عیراقـەوە. كـورد رەنگـە بەوەش كە لەماوەی سێ سـاڵی رابـووردودا، وەزیـری نـاوخۆ كـورد بـووە بـەختیار بـووبێتن. "سـەعید قـەزاز" پیاوێكـە بـەتواناو لێهاتوویـیـەكی جیاوازەوە، بەهۆی دەسەڵاتی ئەو یا هەرشتێكی دیكـەوە بووبێـت، كـورد بەنیسبەت پێشوو، لەم ساڵانەی دواییـدا، زیـاتر لای حكوومـەتی ناوەنـدی كەوتوونەتە بەرچاوو بەشێكی تـەواویان لـە فێركـردن‌و ئـەو خێروبێرانـەی دیكە پێبڕاوە كە لە داهاتی نەوت پەیـدابوون. ئامـاری حكوومـەتی عـیراق بۆ نموونە، لە سـاڵی رابـووردودا، زیـادبوونی ژمـارەی قوتابیـان‌و لـەوەش گـرینگتر، ژمـارەی قوتابخانـەكانی لیـوای سـلێمانی‌و كـەركووك‌و هـەولێر، زیاتر لە بەشەكانی دیكەی وڵات نیشان دەدات.

٩) لەباری سیاسییەوە، ئەگەر پێوەندییەکانی ناو کوردستان، زیاد بکرێ، کورد گیروگرفتی کەمتر پێکدێنن. پەرەپێدانی ڕێگای ئاسن بۆ هەموو شارە گەورەکان ( ڕێگاوبانی کوردستان لە هەموو جادەکانی وڵات باشترن)، بەڕێوەبردنی دادگەری‌و بەکارهێنانی ئاسایشی گشتیی خێراتر کردووە.

## دەوڵەتانی ڕۆژهەڵات[1]

١٠) لەماوەی پێنج ساڵی رابردوودا، هێندێك پێشکەوتنی گرینگ لەناو کوردەکانی سووریادا ڕووی داوە، بەڵام حکوومەتەکەی درێژە دەدات بە سیاسەتی بەرگریکردن لە دەربڕینی لایەنگری لە نەتەوەپەرستی‌و هەروەها بەو سیاسەتەی کە "لاوەکییەکان" بە سوودوەرگرتن لە کەمایەسییەکان تاوانبار بکات.

١١) سیاسەتی نیشتەجێکردنی هۆزەکان لەلایەن حکوومەتە یەك‌لەدوای‌یەکەکانی سووریاوە، پێوەندی سوننەتی نێوان ئاغاو ئەندامانی عەشیرەتەکەی تێکداوە. لەکاتێکدا لە رابوردوو، عەشیرەت وەك ئاغا مافی لەوەڕاندن‌و کشت‌وکاڵیان لەسەر زەوییەکانی هۆز هەبوو، ئێستا وا ئاغا بوەتە خاوەنی زەوی‌و پایەی هەتا رادەی خاوەن ملّك بەرزبوەتەوە ، بەڵام لەلایەکی دیکەوە، ئەندامانی هۆز، هەتا رادەی وەرزێر هاتوونەتە خوارێ. لە هەندێك ناوچەدا، بەتایبەت لە جزیرە ـــ ئەو شوێنەی واپێشکەوتن لە کاری چاندنی لۆکە، بوەتە هۆی پەرەسەندنی سیستمی

[1] Levant States

سەرمایەداریی کشتوکاڵی، ئێستا عەشیرەتەکان شتێکی زیاتر لە کرێگرتە نین کە سوودیان لەزەویدایە، بەڵام خاوەنایەتیشیان جێگای متمانە نییە.

وەك ئاکامێکی کارەکە، زۆرێك لە گەنجو لاوانی عەشیرەت بەرەو شارەکان کۆچیان کردووە، یاخود کەوتوونەتە دوای ئیش پەیداکردن لە هێڵی لوولەی شەریکەی نەوتی عیراقیو، بەهۆی دوورکەوتنەوە لە پێشینەی هۆزایەتی، وردەوردە ناسنامەی خۆیان وەك کورد، لەدەست دەدەنو شێوەی کاراکتەرو ئەخلاقی سیاسی پرۆلێتاریی ئەو عەرەبانە دەگرن کە ژیانیان لەگەڵیاندا هاوبەشە. ئاغاکان– چ بەشێوەی خاوەن زەویو چ وەك شەریکی سەرمایەدارییە تازە کە گەیشتوونەتە ئەو ئاکامەی کە سوودی زیاترو زۆرتریان لەوەدا بۆ خۆیان لە تایبەتمەندییە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانی سووریادا بتوێننەوەو، بەم بۆنەیەوە دەچنە ناو سیاسەتو ئەرتەشو خزمەتی دەوڵەتییەوە–ئەو شوێنانەی والەوێدا حوکم لەسەر هەڵسوکەوتیان زیاتر بەهۆی سوودیان وەك ئەندامێکی ئەو چینانەوە دەدرێ کە تیایاندا بوونەتە ئەندام تا بەهۆی بنەچەکی نەژادیانەوە.

١٢) بە مردنی جەلادەت بەدرخان لە ساڵی ١٩٥٠دا، بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردی سووریا، لە رێبەرێکی زاناو پێشمەرگەیەکی گیانفیدا بێبەش بوو.(جەلادەت) گەرچی لایەنگری بەهێزی بەدیهاتنی دەوڵەتێکی خودموختاری کورد بوو، بەڵام پرۆپاگەندەی کۆمۆنیستی بەرەو خۆی نەکێشاو رۆژنامەکەی واتە (هاوار) کە بە ماوەیەکی کەم پێش مردنی خۆی راوەستا، رێبازی لایەنگریکردن لە رۆژئاواو دژ بە کۆمۆنیستەکانی

گرتبوەبەر. دوای مردنی ئەو، ڕێبەرایەتی جووڵانەوەکە لە سووریا کەوتوەتە دەستی تاقمێك کە لەژێر نفووزی "حاجۆ ئاغا"ی قامیشلی لە جزیرەو دکتۆر"ئەحمەد نافیز)دان. ئەوان گەرچی کۆمۆنیست نین، بەڵام وانیشان دەدەن کە بۆ شوێنگرتنی ئامانجە ناسیۆنالیستییە کوردییەکانیان زۆر زیاتر لە جەلادەت بەدرخان یارمەتی لە کۆمۆنیستەکان دەخوازن. هەرچۆنێك بێت، لەم دواییانەدا، نیشانەگەلێك بەدەستەوەن کە تەنانەت ئەو ڕێبەرایەتییەی کورد کە زیاترین ئامادەیی بۆ وەرگرتنی نفووزی کۆمۆنیزم هەیە، خەریکە گومان لەوە پەیدا بکات کە خۆبەستنەوەی بەحیزبێکەوە کە وێدەچێ هانی توندوتیژترین شێوەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی بدات، شتێکی ژیرانە نەبێت.

### کۆمۆنیزم و کورد

١٣) پرۆگرامی (رادیۆیی) سۆڤیەت بە زمانی کوردی لە مانگی ئوگوستی ١٩٥٣دا وەستێندرا. لەوکاتە بەدواوە، پڕوپاگەندەی کۆمۆنیستی بۆ کورد لەڕێگەی حیزبە کۆمۆنیستییەکانی ئەو وڵاتانەوە بەڕێوەچووە کە کوردیان تێدا دەژین. لە عیراق، حیزبێکی دیمۆکراتی کورد هەیە کە ئێستا هاوکارێکی زۆر نزیکی حیزبی شیوعیی یاساخکراوی عیراقە وا چەند لقێکی لە بەغداو کەرکوك‌و سلێمانی هەیە. هەروەها نیشانەگەلێك لە پێوەندی نێوان ICP (حیزبی شیوعی عیراق)و حیزبی دیمۆکراتی کوردی کۆمۆنیست لە ئازەربایجان (ی ئێران) هەیە. حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لەم دواییانەدا یارمەتی لە ICP ویستووەو زۆریشیان نابەدڵی نەکراوە، حیزبی ناوبراو لە ئازەربایجان کە

وێدەچێ پێوەندییەکی نزیکی لەگەڵ حیزبی توودەدا هەبێت، لە ساڵی ١٩٥٤ رۆژنامەیەکی نهێنی دەردەکرد کە لە چاپخانەی نەشریاتی حیزبی توودە لە تەبرێز چاپو بڵاوبوەتەوە.

١٤) هەڵسەنگاندنی نفووزکردنی باوەڕی کۆمۆنیستی لەناو کوردا ــــ وەك گرووپێك، ئاسان نییە. بێگومان هێندێك لە رێبەرانی کورد موخلیسانە بەرەو کۆمۆنیزم کشاون، بەڵام ئەوانیتر ــــ وەك دوکتۆر "ئەحمەد نافیز" تەنیا لە هەل دەگەڕێنو ئامادەن لەگەڵ ئەم یان ئەو تاقم کە ئامانجەکانیان بۆ دابین بکەن دۆستایەتی بنوێنن. گەلێك لە رۆشنبیرانی گەنجی کورد ــ وەك هاوتا عەرەبەکانیان، رەنگە وابیربکەنەوە کە کۆمۆنیزم دەرمانی هەموو دەردێکە، بەڵام رەنگە جێی باوەڕ نەبێت ئەگەر بگوترێ بیروباوەڕی مارکسو لێنین زیاتر لەلایەن سەرەك هۆزو شێخە ئایینییەکانەوە وەردەگیرێ کە تائێستاش دەسەڵاتی بەربڵاوی خۆیان لە ناوچە کوردنشینەکانی عێراقو ئێرانو تورکیادا پاراستووە. لە سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کەسایەتی خاوەنی گرینگاتییەکی زۆرە. ئەو راستییە کە رێبەری حیزبی کۆمۆنیستی سووریا ــــ خالید بەکتاش، خۆی کوردە، رەنگە لە باسی نفووزو دەسەڵات سەندنی حیزب لەناو کوردی جزیرەو بەشی کوردی دیمەشقدا، یارمەتیان بدات.

کۆمۆنیستەکان لە کاری کەڵك وەرگرتن لە ناڕەزایی خەڵکدا، مامۆستانو لە رابوردووشدا هەوڵی ئەوەیان داوە بەرتیل بە کوردە ناسیۆنالیستەکان بدەن بەوەی کە پشتگیری لە بیرۆکەی دەوڵەتی

خودموختاری کورد بکەن. سسیاسەتی ئێستایان لەوەدەچێ بریتی بێت لەوەی کە پشتی جیاوازیخوازانی کورد بەردەن و لایەنگری بەرنامەی ریفۆرمی کۆمەڵایەتی و ئەو سیاسەتە دەرەوەییەیان بن کە لەسەر ئوسووڵی (کۆنفەرانسی) باندۆنگ دانراوە ـ واتە رەتکردنەوەی بەسترانەوە بە هێزە ئیمپریالیستەکان و هاوکاریکردن لەگەڵ بەرەی سۆڤیەتیدا.

هەرچۆنێك بێت، ئەوە گرینگە کە حیزبی شیوعی عیراقی لە راگەیێندراوی سیاسی خۆیدا (سپتەمبەری ١٩٥٦) بەپێویستی بزانێت ئاماژەی تایبەتی بە کەمایەسیی کورد بکات، گەرچی بەهوشیارییەوە خۆی لە دەستنیشانکردنی مافەکانیان دەپارێزێ. پێویستە ئەوەش بگوترێ کە پەیمانی بەغدا ئەو سێ وڵاتەی کە گەورەترین کەمایەسیی کوردیان تێدا دەژین لەگەڵ وڵاتانی رۆژئاوایی پێکەوە دەبەستێتەوە و ئەوەش، دەتوانێ حەساسیەتی ناڕەزاییانی کورد بەهێزتر بکات و چاوەڕوانی پشتیوانیکردنی رووس لە ئاواتەکانیان بن.

**ئیدارەی توێژینەوە**

**٢٨ی نوامبەری ١٩٥٦**

بنکەی ژین
www.zheen.org

# پاشکۆ

[ئەم دوو بەڵگەنامەیە، روانگەی باڵوێزخانەکانی بریتانیا لە تارانو بەغدا سەبارەت بە توێژینەوەکە نیشان دەدەن — وەرگێڕ]

## FO371/130177/864
## باڵوێزخانەی بریتانیا ـــــ تاران
## ١٤ی فیبرەوەری ١٩٥٧

ئیدارەی بەڕێز [ئیدارەی توێژینەوە]،

سپاس بۆ ناردنی یادداشتی زۆر بەنرختان لەسەر مەسەلەی کورد (٥٦-١٩٥٠) هاوڕێ لەگەڵ نامەی جێگای رێزتان ژمارە EP1821/10 ی ٧ی جانیوەری.

٢) ئێمە پێمان خۆشە دوو بۆچوونی بچووکی خۆمانتان [لەسەر یادداشتەکە] پێشکەش بکەین: یەکەمیان سەبارەت بە سیفەتی"سەربزوێن"ـە لە دوا ڕستەی پاراگرافی ژمارە یەکدا. بە هەستی ئێمە، ئەو شتە، بە واتای بەرزکردنەوەی لەرادەبەدەری حاڵەتی نارەزاییە لە کوردستانی ئێران. ئێمە، کوردی ئێران زیاتر بە ناڕەزاییەکی هەمیشەیی لە چۆنیەتی هەڵسوکەوتی کاربەدەستانی ئێرانی دەبینین کە هەر لەبەر ئەو هۆیەش ئامادەی هەڵخلاندن دژ بە حکوومەتی ناوەندین.

٣) بۆچوونی دووەممان لەسەر دوارستەی پاراگرافی ١٤ یە کە وادەنوێنێ گوایە"پەیمانی بەغدا"حەساسیەتی نارازیانی کورد زیاتر دەکاتو بەرەو ئەوەیان دەبات کە چاوی پشتگیری ببڕنە سۆڤیەت. روانگەی ئێمە بەرانبەر بە مەسەلەکە ئەوەیە کە وەرزێرو عەشیرەتی کورد رەنگە نەشارەزا بنو گرینگایەتی بدەن بە پەیمانی بەغدا، لەکاتێکدا پەیمانەکە لەلایەن خاوەن ملکە (کوردە) بەئێرانیبوەکان (وەك سەناتۆر"سەنەندەجی")یەوە، لەگوێن پشتیوانێکی ناراستەوخۆ بۆ دەسەلاتی ناوچەییان پێشوازی لێوەکراوە. هەرچۆنێك بێت، هەڵبەت شتێکی بەکەڵك دەبێ ئەوە بگرینە بەرچاو کە رووسەکان لە پرۆپاگەندەیاندا بۆ کوردستان، رەنگە بتوانن دەنگو هەرای دژ بە پەیمان بەرزترکەنەوەو لەلایەن هەندێ مەلاو سەرەك هۆزیشەوە گوێیان بۆ رابگیرێ.

**دۆستی هەمیشەییتان**

**ئیدارەی سیاسی**

**بۆئیدارەی باشووری،**

**وەزارەتی دەرەوە، (لەندەن)،** S.W.1

بنکەی ژین
www.zheen.org

**FO371/127141/887**

**باڵوێزخانەی بەریتانیا ـ بەغدا**

**٢٩ی جانیوەری ١٩٥٧**

**نهێنی**

10110/5/57

EP 1821/1

ئیدارەی بەرێز،[ ئیدارەی توێژینەوە]،

لەگەڵ گەڕانەوە بەسەر نووسراوەکەتاندا لەمەڕ مەسەلەی کورد ٥٦ ـــ ریفڕەنسی EP 1821/10، من دوو فاکتەری بچووک بەڵام تازەم کەوتۆتە بەرچاو، کە لەماوەی چەند مانگی رابوردوودا شوێنیان داناوەتە سەر بۆچوونەکانی کورد لە عیراق. یەکەمیان رەوشتێکی دەمدەمیو دوولایەنیە لەمەڕ "پەیمانی بەغدا": دیارە کورد لەمەڕ کارو کردەوەی پەیمانەکە، شتێکی زۆر نازانن‌و لام وایە هەر بۆیەش بێت کە شارەزایی قەدری پەیمانێك نین کە دەتوانێ بەهۆی پرۆژەی هاوبەش لە ناوچەکانی سەر سنووری عیراق– ئێران‌و عیراق– تورکیاوە، یارمەتیان بدات– بۆ نموونە، بەدارستان کردنەوەی سەرلەنوێی خاکەکە.

ئەوان زیاتر لەوە دەترسن کە هاوکاریی نزیك لەنێوان عیراقی‌و تورك‌و ئێرانی‌یەکاندا، بگاتە فشاری هاوبەشی دەسەڵاتداریەتی هەرسێ حکوومەتەکە بۆ سەر نەتەوایەتی کوردی ئەوان. پێویستە ئەوەش بسەلمێنم کە هەرچۆنێك بێت، ئەو هەستە، وەك هەستی پێنج شەش ساڵ لەمەوبەر، نییە. چۆن بە لەبەرچاوگرتنی هەموو لایەنێکی مەسەلەکە،

ناوچە کوردنشینەکانی عیراق لەوەدان کە کەڵك لە بەرنامە ئاوەدانییەکان وەرگرن‌و زیاتر لە جاران یاسا رەچاوکەن. لە ئاکامدا سوودیان لەوەدا نەماوە کە رێگا بۆ ئێران (و بەڕادەیەکی کەمتر، بۆ تورکیا) خۆش بکەن.

٢) وەرچەرخانی سەرنج راکێشی دووهەم ئەوەیە کە رەنگدانەوەی ئیحساسی گەورەکراوی خەڵکانی عەرەب بەنیسبەت دابەزینی [هێزەکانی]، ئینگلیس‌و فەرەنسەوە لە"پورت سەعید" کەوتۆتە سەرووی هەموو هەست‌و نەستێکی بەتەوژمی عەرەبەوەو مەسەلەی فەلەستینیش جیاوازیی نێوان ئەوان [کورد]و دراوسێ عەرەبەکانیانی روونتر کردۆتەوەو وەك ئاکامێکی کارەکەش، هەستی نەتەوایەتی کوردی بزواندووە. هەم جێگری کۆنسوول لە"مووسڵ"و هەم ئێمە خۆمان، هەندێ نیشانەی ئەوەمان کەوتۆتە بەرچاو، کاتێ میوانە کوردەکانمان لەمەڕ لایەنگری خۆیان دڵنیا کرێن (..........) و هەندێ جار لەرووی شارەزاییەوە هەندێ جاریش بە گاڵتە دەلیلیان بۆ هێناوینەتەوە کە ئەگەر ئێمە[ی کورد] بمانتوانیایە لە کۆتایی شەڕی یەکەمدا کوردستانێکی یەکگرتوو پێك بێنین، ئێستا لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، حاڵ‌و وەزعمان باشتر دەبوو.

**ر.ئـ. بیومۆنت (١)**
**راوێژکاری رۆژهەلات**
R.A.BEAUMENT
**بۆ ئیدارەی باشووری،**
**وەزارەتی دەرەوە، (لەندەن)**،.S.W.I

بنکەی ژین www.zheen.org

FO371/130177/864

**له باڵویزخانەی بریتانیا لەئانکاراوە بۆ لەندەن**

**١٩٥٧**(؟)

**دۆخی ئێستای کورد**

**بارودۆخی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست**

**سووریا:**

ئەوە راستە کە خالید بەکتاش کوردەو کۆلۆنێل سەڕاجیش خوێنی کوردی لەلەشدایە، لە سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، گرنگایەتی زۆر بە کەسایەتی دەدرێت و ئەو راستیەی کە بەکتاش کوردە، حیسابی بۆ دەکرێت. وەك چاوەڕوان دەکرا (بڕوانە راپۆرتی بیل)، لە جزیرە کە کوردی زۆری لێیەو هەروەها لە بەشی کوردنشینی دیمەشق، حیساب بۆ حزبەکەشی دەکرێت.

م. کۆمۆنیستەکان لە رابوردوودا هەولێیان داوە بەرتیل بە ناسیۆنالیستە کوردەکان بدەن بەوەی کە پشتگیری حکومەتی خودموختاری بکەنو، سەرنجی سۆڤیەت بۆ سەر ئەو ئیحتیمالە (واتە ئیحتیمالی دامەزرانی حکوومەتی خودموختاری کورد) سەری هەڵداوەتەوە. بەڵام، هەرچۆنێك بێت، لەکاتی ئێستادا وێناچێ دامەزرانی خودموختاری کورد لە بەرژەوەندی سۆڤیەتدا بێت. لەڕستیدا، ئەوە جێگەی گومانە کە سەرنج راکێش بوونی کۆمۆنیسم بۆ کەسانی وەك خالید بەکتاشو سەڕاج، گەرچی کوردیشن، لەو باوەڕەوە سەری هەڵدابێت کە ئەوان بە یارمەتی سۆڤیەت، کورد"ئازاد دەکەن".

٣) ئەوەی پێوەندی بەتورکیاوە هەبێت، وێناچێت کە مەسەلەی کورد لەکاتی ئێستادا بۆیان گرنگ بێت. یەك لە روخسارەکانی سیاسەتی ناوخۆی دەوڵەتی تورکیا، کە لە ساڵی ١٩٥٠وە لەسەر کارە، تواندنەوەی عاقڵانەو سەرکەوتوانەی کوردە لەناو نەتەوەی تورکدا. لەڕاستیدا، تاقە نیشانەی بەردەست ئەوەیە کە زەختی ئەم دواییەی سۆڤیەت بۆ سەر تورکیا، تەنیا دەتوانێ—دانیشتوانی کورد لەگەڵ تورکان یەك بخات. گەرچی واهەیە دەسەڵاتداریەتی سۆڤیەتی کادیری کوردی ئەوتۆیان لە خزمەتدا بێت کە بتوانن بۆ چالاکی وێرانگەریی رایان بهێنن. خواستی راپەڕینی چەکدارانە لە تورکیا، ئەستەمە لەگەڵ کاراکتەری سیاسەتی نوێی سۆڤیەتیدا یەك بگرێتەوە. هیچ بەڵگەیەکی بەردەستی ئێمە، تەئییدی ئەو راپۆرتە ناکەن کە دەسەڵاتداریەتی سۆڤیەتی خەریکی راهێنانی چەتربازی کورد بێتو پێمان باشترە ئەو ئیحتیماله بدەینە دواوە.

٤) واهەیە ئەگەر دەسەڵاتداریەتی سۆڤیەت بێنە سەر ئەو باوەڕەی کە شانسێکی درێژخایەنیان لەلای حزبە لایەنگرەکانی رۆژئاوا لە عیراقو ئێرانو تورکیادا نییە، ئیتر وەربگەڕێنە سەر شێوازی توندوتیژترو هەر بەو شێوازە توندەش کەڵك لە کێشەی کورد ببینن. بەڵام گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ، بۆ ئێستا بەرچاو ناکرێتو هەوڵی ئێستای سۆڤیەت بەرەو هاندانی هێزە بێلایەنەکانی ناو ئەو وڵاتانەیە بەو هیوایەی کە دواى ماوەیەك ئەو وڵاتانە پێوەندی ئێستایان لەگەڵ رۆژئاوا بپچڕێنن.

هانـدانی جیـاوازیخوازیی کـوردی ئـەو تاکتیکانـە تێـك دەشـکێنێ کـە لـە شوێنی دیکەی ناوچە، سەرکەوتوو بوون‌و وێناچێت وەلابنرێن.

**هاوپەیمانیی تورکیا لەگەڵ رۆژئاوا**

٥) ئیحتیمالی ئـەوەی تورکیـا لـە هاوپەیمانـە رۆژئاواییـەکانی جیاببێتـەوە لەوپەڕی دووریدایە. لەوەتی چۆتە ناو پەیمانی ناتۆوە، تورکیا خـۆی وەك قەڵای باشـووری رۆژهـەڵاتی ئـەو هاوپەیمانانـەی خـۆی (نـاتۆ) دەزانێـت‌و بەپێخۆشییەوە باوەش بۆ ئامانجە رۆژئاواییەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کردۆتەوە. بەهەمان شێوە، تورکیا لایەنگری پەیمانی بەغدایە‌و سـەرەڕای هـەموو تەنگوچـەڵەمەی ئـەم دواییانـە هەمیـشە پـشتگیری پەیمانەکـەی کردووە. ئـەوە گومـانێکی گـەلێك زۆری لـێ دەکرێت کـە تـورك بـێن‌و ئـەو بەرژەوەندییە بەرچاوەی واهەردوو پەیمانەکە بۆیان پێك دێنن لەبـەر چـاو نـەگرن‌و بیـدەن بـە بێلایەنییـەکی رووت‌وقـووت بـە حیـسابی مەترسـی سۆڤیەت. تورکیا هەتا ئێستا بەئازادییـەوە هـەموو هانـدان‌و هەڕەشـەیەکی لەمەڕ پچڕاندنی پێوەندی لەگـەڵ رۆژئـاوا داوەتـە دواوە‌و هـیچ هۆیـەکیش نییە باوەڕ بەوە بکەین کە رێبەرانی سیاسی تورك، جێگـری بێلایـەنی بـۆ پێوەندەکانیان هەڵبژێرن.

www.zheen.org

**تورکیا و"چەپ"ی سووریا**

هیچ هەواڵێکمان لەمـەڕ ئـەو پێشنیارە پـێ نەگەیـشتووە کـە راپـۆرت درابوو تورکان ساڵی پار هەوڵیان دابێت"چەپ"ی سووریا لەناوببەن.